
قوتووی عەتار

ستیڤان شەمزینی

# قوتووی عەتار

مشتێک لە خەرواری وتارە رۆژنامەوانییەکانم
٢٠٠٤–٢٠١٧

بەرگی دووەم
٢٠١٨




نووسینی: ستیڤان شەمزینی
تایپ: نووسەر
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ساڵی چاپ: ٢٠١٨
نرخ: ١٠,٠٠٠

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ٩٤) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە

## پێشەکی

وەک لە پێشەکی بەرگی یەکەمیشدا ئاماژەم بۆ کردووە، ئەم کتێبە بریتییە لە کۆکراوەی بەشێکی زۆری وتارە رۆژنامەوانییەکانم، ئەوانەی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ بڵاوکراونەتەوە. بایەخی ئەمەش لەوەدایە ئاوێنەیەکی بچووکە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە رەوشی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەو ماوە مێژووییە، بۆ وێنا لە کاتی پاکنووسکردندا، هەندێک وتارم پێش چاو کەوت بەلانیکەمەوە دە بۆ یانزە ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەیاندا تێپەڕیوە، بەڵام پێشبینییەکانی نێوی لە ئەمڕۆدا بووەتە بەشێک لە واقیعی سیاسیی یان ئابووری یان فەرهەنگیی، بە داخیشەوە زۆربەی ئەو واقیعانە تاڵ و تفتن بۆ گەلی کوردستان، یان وتاری وەهام تێدا بینییەوە باس لە شکاندنی هەندێک چوارچێوەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی تێدا کراوە، ئەمڕۆ دەبینین تێکشکێنراون، ئەمەش مانای کاریگەریی ئەو وتارانە دەگەیەنێت لەسەر رای گشتیی، هەڵبەتە ئەمەش لە پەنای وتاری زۆرێکی تر لە هاوڕێ رۆژنامەنووسەکانی ترمدا.

خاڵێکی تریش بە پێویستی بزانم سەرنجی خوێنەری بۆ رابکێشم، هەموو ئەوانەی لە توێی ئەم بەرگە و بەرگی یەکەمیشدا چاپکراون، دەچنە خانەی وتاری رۆژنامەوانییەوە، نەک لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی، بەو پێیەی وتاری رۆژنامەوانی و توێژینەوەی ئەکادیمیی دوو شتی جیاوازن. زمانی قسەکردن لەم وتارانەشدا زمانێکی بێ گرێ و گۆڵ و تا ئەندازەیەکی زۆریش سادەیە، بەو پێیەی خوێنەری رۆژنامە لە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان پێکدێت و دەبێت حیساب بۆ ئاستی رۆشنبیریی و باکگراوەندی خوێنەر بکەیت، بە تایبەت بۆ ئەو کاتانەی دوای رووخانی رژێمی سەدام، کە نەوەیەکی نوێ لە سەرەتای خۆ پێگەیاندندا بوو، ئەو نەوەیەش نەسلێکی ناڕازی بوو لە ئەدای سیاسەتی کوردیی و

چوارچێوە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵی کوردەوارییی، ئێمە دەمانویست ئاستی رۆشنبیریی ئەو نەوەیە بەرزتر بکەینەوە، کە بۆ خۆیشم هەر لەسەر ئەو نەوەیە حیساب دەکرێم.

جیا لەمەش دەمەوێت ئەوەش بڵێم هەندێک وتار بە فاکتۆری سیاسیی یان تەکنیکی دوای برین و لێ قرتاندن بە هۆکاری بۆ ئەو دۆخە ئەو باسانە قورس بوون، بڵاوبوونەتەوە، بەڵام من لێرەدا وتارەکەم بە تەواوەتی وەک خۆی بڵاوکردۆتەوە. ئەمە جیا لەوەی ئەگەر ئێستا هەمان ئەو وتارانە بنووسمەوە، بەشێوەیەکی پاراوتر و وردتر دەیاننووسمەوە، بەڵام لە چاپکردنی ئەم کتێبەدا ئەمانەتم پاراست و هەموو وتارەکانم بەو شێوەیەی چاپ بوون لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا لە دوو توێی ئەم کتێبەدا جێگە کردۆتەوە. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە خوێنەر رەنگە بەر هەندێک بۆچوونی پێچەوانە و پێشبینی بەزیو بکەوێت!!، سەبارەت بەوەش ئەو پێچەوانەییە نیشانەی گەشەکردنی خەیاڵی نووسین و کرانەوەی زیاتر و دیقەتدانی وردترە لە دنیا و چەمک و پێداوەکان، لە هەمان کاتدا بەشێکیان کەموکوڕیین و شایانی رەخنەی خودی خۆمن پێش هەر کەسی تر. بۆ ئەو بەشەی هەندێک لە پێشبینی و شیکارییەکان وەک خۆیان دەرنەچوون، دەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە هەشتا دەر سەدی ئەوەی من پێشبینیم کردبوو وەک خۆیان هاتوونەتە دی یان دێنە دی!!، بۆ لە سەددا بیستەکەی تریش ئێمە وەک فاڵچی و جادووگەر پێشبینیمان نەنوسیووە، بەڵکو وەک رۆژنامەوان بە پشت بەستن بە زانیاریی و بەڵگەنامە و داتا و خوێندنەوەی وردی دیاردەکان لە بارەیانەوە نوسیومانە، بۆیە ئاساییە ئەگەر هەندێکیان وا دەرنەچووبن.

**ستیڤان شەمزینی**
**سوێد – ستۆکهۆڵم / یانیوەری ٢٠١٨**




# بەشی یەکەم
# دۆزی کورد

# لە چاوەڕوانیی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا

سەرباری ئەو بارە ناجێگیرەی ئاسایشی عێراق بە تایبەت لە نێوەڕاست و باشوور، هەنگاوەکان بەرەو ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژادنە سەرتاسەرییەکان لە عێراق بەرەوپێش دەڕوات، وەلێ گەلێک لە هێزە سیاسییەکانی عێراق هەوڵدەدەن وادەی هەڵبژاردنەکان دوا بخەن، کەچی لایەنی ئەمەریکیی پێداگریی دەکەن لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکە لە کاتی خۆیدا کە ڕۆژی ٣١ یانیوەری ٢٠٠٥ی بۆ دانراوە. لەم چوارچێوەیەشدا هێزە سیاسیی و گروپە جۆرا و جۆرەکان و نەتەوەکانی ناو عێراق بەبایەخەوە لەم هەڵبژاردنە دەڕوانن و هەوڵدەدەن لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی ژمارەیەکی فراوانی دەنگ جڵەوی سیاسیی داهاتووی عێراق بە دەستەوە بگرن، هەرچی لایەنی کوردییشە لەم سەروبەندەدا خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەو هەڵبژادنە، بەڵام میکانیزم و چۆنێتی ئەو خۆ ئامادەکردنە شیاوی هەڵوەستە لەسەرکردنە، هەر بۆیە لێرەوە هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر چەند تەوەرێک کە ڕاستەوخۆ پابەندن بەو هەڵبژاردنانەوە.

## خودی پرۆسەکە

ئەمەریکا زۆر گرنگی دەدا بە هەڵبژاردن و سووریشە لە کاتی خۆیدا بە ئەنجام بگەیەنرێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە لەسەر ئاستی عێراق و هێزە جۆر بە جۆرەکان جیاواز کەوتۆتەوە: لایەنی شیعە کە لە ماوەی ٨٣ ساڵی ڕابردوودا لە ژێر دەسەڵاتی عەرەبە سووننە ڕووبەڕووی ستەمی مەزهەبیی بووەتەوە ئێستا دەیەوێ لە زوورتین کاتدا پرۆسەکە ئەنجام بدرێت، چوونکە ڕێژەی ئەوان لە نیوەی دانیشتوانی عێراق زیاترە، هەرچەندە ئامارێکی ڕاست و دروست لە بەردەستدا نییە، بەڵام شیعەکان ٥٠-٥٥٪ دانیشتوانی عێراق پێکدێنن. بەم جۆرە شیعەکان دەیانەوێ لە ڕێگەیەکی شەرعیی

و دەنگدانێکی دیموکراسیانەدا بنەماکانی دەوڵەتێکی تیۆکراتی لە چەشنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراقدا دابمەزرێنن، وەلێ شیعەکانیش هەموویان لایەنگری کۆماری ئیسلامی نین و ئەمەریکاش ڕێگرە لە کارێکی لەو جۆرە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی ئەمە تێڕوانینی زۆرینەی شیعەکانە.

بەپێچەوانەوە لایەنی سوونە کە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە بە پلەی سێهەم دێت لە دوای شیعە و کوردەوە، ئامادە نین بۆ بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەو بارودۆخەشی ئەمڕۆ لە سێگۆشەی سوونی دەگوزەرێت  چیتر نییە جگە لە بایکۆتێکی ڕاستەوخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، چوونکە زۆرینەی دانیشتوانی سێگۆشەی سوونەنشین لە لایەنگرانی ڕژێمی پێشوو و حزبی بەعسی داڕووخاون! هەروەها ئاسان نییە دەستبەرداری ئەو هەموو جیاوک و بەرژەوەندییانە بن لە سەردەمی ڕژێمی سەدام لێی بەهرەمەند بوون، جگە لەوەش ئەوان لە ماوەی ٨٣ ساڵدا تاکە فەرمانڕەوا و حاکمی موتڵەقی عێراق بوون، بۆیە ئەوە بۆ ئەوان کردەیەکی نۆرماڵ نابێت ئەو هەموو دەسەڵاتە بخەنە زەمیلەی شیعەکانەوە، بە تایبەت ترسێکی گەورەشیان هەیە لە تۆڵەسەندنەوە لەسەر دەستی شیعەکان، لەگەڵ ئەمەدا هیچ هۆیەک نابینرێت بۆ ئەو پەرۆشییەی کورد بۆ هەڵبژاردنەکان هەیەتی، چوونکە کورد لە ڕێگەی ئەو پرۆسەیەوە ناتوانێت چیتر بکات جگە لە جارێکی تر بنیادنانەوەی دەوڵەتێکی عەرەبیی کە هێشتا دیار نییە دەوڵەتی داهاتوو چۆن مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات. عەرەبەکان مافی خۆیانە دڵشاد بن بەو هەڵبژاردنانە! چوونکە سەرلەنوێ گێڕانەوەی دەسەڵاتی عەرەبە بەسەر عێراقدا!، بەڵام بۆ کورد دیسان دامەزراندنەوەی هەمان دەوڵەتی ناوەندیی عێراقی عەرەبییە.

## دواخستنی هەڵبژاردن

زۆر جار دەنگۆی ئەوە بڵاو دەبێتەوە لایەنێکی دیاریکراو دەیەوێت هەڵبژاردنەکان دوا بکەوێت، هەر لایەنێک پاساوێکی هەیە بۆ ئەم دواخستنە، لە نێویشیاندا گەلەک جار پارتی و یەکێتی داوای دواخستنی هەڵبژاردنەکان دەکەن و دەڵێن هۆکارەکەمان سیاسیی نییە بەڵکو فاکتۆرێکی تەکنیکیی و ناتۆراڵییە و پەیوەندیی بە کەش و سروشتی کوردستان و وەرزی زستان و سارد و سەرماوە هەیە!!. بە ڕاستی ئەم پاساوە گەلەک سەیر بوو، بەڵام وەڵامەکەی (فەرید ئایار)ی وتەبێژی کۆمیسیۆنی

باڵای هەڵبژاردن زۆر لە جێگەی خۆی بوو کاتێک وتی ئەگەر بە قسەی کوردەکان بێت دەبێ هەرگیز لە ئەوروپا بە هۆی سارد و سەرماوە هەڵبژاردن نەکرێت. دەبوایە پاساوی پارتی و یەکێتی لە بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکان ئەوە بوایە: تا کەرکوک نەگەڕێتەوە سەر کوردستان و مافی نەتەوەیی و دیموکراتیکی کورد لە عێراق بە فەرمی واژۆ نەکرێت، ئەوا بەشداریی هەڵبژاردن ناکەین، نەک ئەم پاساوە کە تا دوا سنوور جێگەی سەرسوڕمان تەنانەت پێکەنینە!!.

## لیستی هاوبەش

لە درێژەی خۆ ئامادەکردنی هێزە کوردستانییەکان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن، ئەوە راگەیەندرا پارتی و یەکێتی و هەموو پارتەکانی تری سەر گۆڕەپانی کوردستان بە یەک لیستی هاوبەش لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەشداریی دەکەن ئەمەش بۆ بەهێزکردنی پێگەی کورد لە ئایندەی عێراقدا، ئەم هەوڵێستە لە ئاستی میللیی و ئینتجلنسیا و کۆمەڵ پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و بووە مایەی رەوینەوەی ترس و نیگەرانییەکانی شەقامی کوردستان، چوونکە یەکگرتوویی کورد پێویستییەکی هەنووکەیی و چارەنووسساز بوو لەم بارودۆخە نوێیەی عێراقدا، هەر وەک دەوترێت شەڕێکی دەستووریی و یاسایی گەورە لە پێش کوردە لە ناوەند بۆ چەسپاندنی مافەکانی.

کەچی بەداخەوە ئەم یەک لیستییە بە جۆرێک کەوتەوە پارتەکان لەسەر ئاستی کوردستانیش تێکڕا بە هاوبەشی دابەزن و وەزارەتەکان و کورسییەکانی پەرلەمان بە تەوافق لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن. ئەمەیان هیچیتر نەبوو جگە لە لەکەدارکردنی پرۆسەی دیموکراتی و سەربڕینێکی تری ممارەسەی دیموکراتییەت لە کوردستان، ئەم یەک لیستییە بە جۆرێک لە جۆرێک لە هەمان ترسەوە سەرچاوەی گرتووە شەڕی ناوخۆی قەوماند، ئەو ترسەش سلکردنەوەیە لە دۆڕان و قبووڵنەکردنی دۆڕانە، هەروەک کاک (ریبین هەردی)ش وتی: ئێمە نەماندەویست پارتی و یەکێتی ئەوەندە جیاوازبن شەڕی ناوخۆ بکەن نە ئەوەندەش یەکگرتوو بن بە یەک لیست دابەزن. بەڵکو ئێمە دەمانویست ئەم هەڵبژاردنە کە لە ژێر چاودێریی ئەمەریکا و کۆمیسیۆنێکی بێلایەن بەڕێوە دەچێت، سەرەتای لە دایکبوون و نەشونماکردنی دیموکراسی بێت تا لەم پرۆسەیەوە کولتووری قبووڵکردنی دۆڕان چەکەرە بکات،

کە دیسان، ئەم خەونەش لەبار برا.

## هێڵی سێهەم

بە درێژایی زیاتر لە ١٣ ساڵی رابردوودا پارتی و یەکێتی وەک دوو هێزی میلیتاریست، جڵەوی سیاسیی و ئابووری کوردستانیان بەدەستەوە گرتووە، هەر ئەو دوو حزبەش بڕیاریان لە پرسە چارەنووسساز و هەستەوەرەکانی کۆمەڵگە داوە و توانیویانە لە رێگەی داسەپاندنی دەسەڵات و زەبری ئابووری خۆیان رێڕەوی سیاسیی کوردستان بەو جۆرە ئاڕاستە بکەن ئەوان ویستیان لەسەریەتی. هەر لە ساڵی ١٩٩٢ەوە بینیمان کە دەسەڵات و کۆی کایە ئیدارییەکان لە نێوان ئەو دوو هێزەدا دابەشکرا و هەتا ئەم دەقیقەیەش ئەم دابەشکردنە بەردەوامیی هەیە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بە داخڵبوونی کۆمەڵە لایەن و پارتی سیاسیی تر لە عەلمانییەوە بۆ ئیسلامی، لە راستەوە بۆ چەپ، دەتوانێ ببێتە بەردی بناغەی پێکهێنانی هێڵی سێهەم لە دەرەوەی رووئیای ئەو دووهێزە؟ ئەز تا راددەیەکی زۆر رەشبینم لەوەی هێزێک یان چەند هێزێکی تر هەبن بتوانن وەک هێزی سێهەم رۆڵ بگێڕن، چوونکێ کۆی ئەو پارتانەی دیکە بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وابەستە و پاشکۆی دوو پارتەکەی ترن، هەر هیچ نەبێ لە رووی ئابوورییەوە پاشکۆی ئەوانن. حاڵی حازریش پارتی زەحمەتکێشان و بێلایەنەکان لە دەرەوەی ئەو هاوپەیمانییە بنکە فراوانەی پارتە کوردستانییەکان لە خۆ سازداندان بۆ ئەوەی بە لیستێکی سەربەخۆ و جیاواز بەشداریی بکەن، بەڵام ئایا ئەوان دەتوانن بەپێی پێویستی دەنگ بەدەست بهێنن؟ ئایا راستە هێڵی سێهەم هەیە؟ ئایا ئەگەر ئەوانیش چوونە ناو پەرلەمانەوە دیسانەوە بەشێک نابن لەو حاڵەتە و لەو بێدەنگییە دەستە جەمعییەی سەرجەم حزب و رێکخراو و تاکەکانی ئەم وڵاتەی داگرتووە؟ چاوەڕوانی رۆژانی داهاتووین.

## کەرکوک

هیچ گومانی تێدا نییە بە درێژایی چل ساڵی رابردوو حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە هەوڵێکی چڕوپڕ و پلان بۆدانراودا بوون لە پێناوی شێواندنی باری دیموگرافیای شاری کەرکوک، هاوکات بۆ تەعریبکردنی شارەکە، هەنووکەش پرسی کەرکوک یەکێکە لە کێشە بنەڕەتی و هەستیارەکانی عێراق، ماددەی (٥٨)

یش کە بڕگەیەکە بۆ ئاساییکردنەوەی باری ناهەمواری کەرکوک، بە بڕوای من ئەم ماددەیە چونکێ کۆمەڵێک لوغز و پێچاوپێچکردنی تێدایە ناتوانێت چارەسەری ئەو کێشانە بکات بە درێژایی چل ساڵ دەوڵەتی عێراق دروستی کردووە، لە بۆ نموونە بە پێی هەواڵێکی سایتی دەنگوباسی ئەلیکترۆنیی (پەیامنێر) ژمارەی ئەو عەرەبانەی لە کەرکوک مافی دەنگدانیان هەیە دەگاتە (٤٤٠) هەزار! بەڵام کوردە بەشداربووەکان (٣٧٠) هەزارە، لەم حاڵەتەشدا ئەگەر لە کەرکوک هەڵبژاردن بکرێت، بێگومان کورد شارێکی مێژوویی و نەتەوەیی خۆی دەدۆڕێنێ، گەر ئەمەش روو بدات زۆر ئەستەمە کورد بتوانێ لە داهاتوودا کەرکوک بگەڕێنێتەوە بۆ نێو سنووری جوگرافیای کوردستان!. ئەم خاڵەش ئەوەمان لەلا ئاشکرا دەکات کورد ناتوانێت بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکات لە کەرکوک تا باری دیموگرافی نەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش پرۆسەی تەعریبکردن، هەقوایە کورد بەشداریی هەڵبژاردنەکان نەکات تا عەرەبەکان کوردستانیبوونی کەرکوک نەسەلمێنن، یان کەرکوک بکرێتە مەرجی سەرەکی و یەکەمی کورد بۆ بەشدارییکردن لەو هەڵبژاردنانەدا.

هەوارنامەی کتێب

*ئەم وتارە لە ژمارە (٩)ی رۆژنامەی (خەڵک) لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

# تەنگژەی رژێم لە سوریا و ئاسۆکانی گەلی کورد

دوا بە دوای کردەوەی تیرۆرکردنی سەرکردەی سیاسیی سووننی لوبنانی (رەفیق حەریری) دەرگایەکی نوێ بۆ چەند گۆڕانێکی نوێ لە بارودۆخی سیاسیی هەر یەک لە وڵاتی سوریا و لوبنان کرانەوە. ئەم گۆڕانکارییە نوێیانە کە هێزە دەرەکییەکان چاودێرن بەسەرییەوە و دەستیان تێیدا هەیە تەنگژەیەکی گەورەی بۆ رژێمی ئەسەد لە سوریا دروست کردووە، دووریش نییە لە درێ ژماوە و لە ئەنجامدا ببێتە فاکتەرێکی سەرەکیی گۆڕانی سیستمی دەسەڵات و فۆرمی دەوڵەت لە سوریادا. حکومەتی سوریا کە مۆتیڤەکەی حزبی بەعسی عەرەبییە و خاوەنی روانگەیەکی شۆڤێنی و فاناتیزمە بە یەکێک لەو دەسەڵاتدارێتییانە دێتە هەژماردن نەیاری سەرسەختی پڕۆژەی دیموکراتی و وەرچەرخاندنی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بە ئاقاری ئازادیی و چەسپاندنی ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ و هتد.. زۆر بە روونیش دژایەتی سیاسەتی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی دەکات لە عێراقدا بەڵکو بووەتە مایەی کۆسپ و نارەحەتیی لە بەردەم پڕۆژەکانیاندا، لەلای منیش وایە ئەو پڕۆژانە ئەو ستراتیژە نیمچە دیموکراتییەیە ئەمەریکا دەیەوێت رەنگی ناوچەکەی پێ بڕێژێت، هاوکات دەسەڵات و نفوزی مەیلە توندڕۆ و تۆلیتارییەکان بەرتەسک بکاتەوە.

بێجگە لەوەی دەوڵەتەکە لە ناوخۆی وڵاتی سوریادا، چەسپێنەری دەمارگیریی عەرەبی و حوکمی پۆلیسیی و تۆڕی هەواڵگریی نهێنییە، تۆمارێکی رەشی هەیە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەرکوتکردنی ئازادییەکان و تیرۆرکردنی نەیارانی سیاسیی (شێخ مەعشوق خەزنەوی نموونەیەکی زۆر نزیک و نوێیە). بەدەر لە هەموو ئەمانەش گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا نەک بە هاووڵاتی و

خاوەن ناسنامە حیساب ناکرێن، بێبەشن لە گشت مافێکی نەتەوەیی و سیاسیی و فەرهەنگیی، بەڵکو لەگەڵ سیاسەتی توندوتیژانە و ئاپارتایدی رەگەزیی و ئیتنیکیی بەرەو روون!. هەموو لە بیرمانە چۆن ئەو رژێمە لە سەرەتایساڵی ٢٠٠٤ گۆمی خوێنی لە شاری قامیشلۆ هەستان، چۆن و بە چ جۆر و فۆرمێک کەوتە وێزەی دانیشتوانی کورد؟ بە چ رێگا و شێوەیەکی نامرۆڤانە پەلاماری هاووڵاتیانی کوردیان دا و راپێچی زیندان و هۆڵەکانی ئەشکەنجەدانیان دەکردن؟. بە کورتی هەڵوێستی دەوڵەت لە سوریا لە دڕندایەتی کەمالیزم لە تورکیا و سەدامیزم لە عێراق کەمتر نەبووە و نییە. ئێستاش رژێمی بەعس لە سوریا لەلایەن ئەمەریکا و کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە سەرکۆنە دەکرێت و هانی هانییەکی زۆری لەسەرە، بەدەر لە هەموو تەنگوچەڵەمەکانی ئەو رژێمە، بەڵام دوو حاڵەتی تایبەتی مەلەفی سوریای زەق کردۆتەوە و وای کردووە ببێتە میحوەری هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەریدا.

یەکەم: دزەکردن یان راستتر وایە بڵێین رێگە خۆشکردن بۆ شانە تیرۆریستییە ئیسلامییەکان تاکو بە ئاسانیی سنوور ببەزێنن و بێنە قوڵایی خاکی عێراقەوە بۆ بەرەنگاریی یەکە سەربازییەکانی هاوپەیمانان. دەسەڵاتدارانی سیاسیی و سەربازیی ئەمەریکا چەند جارێک بە شێوەی فەرمی ئاگاداری دەسەڵاتی سوریایان کردەوە تا رێگە بگرن لە دزەکردنی تیرۆریستان و خاڵە سنوورییەکانی خۆیان لەگەڵ عێراق قایم بگرن، بەڵام ئەم داواکارییە نەک هەر پشتگوێ خراوە و دەخرێت لەلایەن سوریاوە، بەڵکو رۆژ لە دوای رۆژ تیرۆریستان بە لێشاو دێنە عێراق و کردەوەی تیرۆریستی بەرامبەر بە عێراقییەکان و هێزەکانی ئەمەریکا ئەنجام دەدەن. ئەوەی گرنگە لێرە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە ئەمەریکا لەسەر زاری جۆرج بوشەوە لە رۆژی کردەوەی تیرۆریستی هەر دوو تاوەری بازرگانی جیهانیی جەنگێکی گەردوونی لە دژی تیرۆر راگەیاندووە، ئەمەریکا تیرۆر لە کوێ ببینێ «بەپێی پێناسەی خۆی بۆ تیرۆر» لەوێ ئامادەیە نەبەردی بنوێنێت و رووبەڕووی ببێتەوە، هەنووکە سوریا خەریکە تێوە بگلێت لەو شەڕەی ئەمەریکا دژی تیرۆر ئەنجامی دەدا!!، ئەمیش بەهۆی ئاشکرابوونی هاوکاریی سوریا بۆ تیرۆریستان بە تایبەتی ئەوانەی لە عێراقدا مانۆڕی خۆ تەقاندنەوە بەڕێوە دەبەن.

دووەم: تیرۆرکردنی رەفیق حەریری قومبەلەیەک بوو بە جەستەی دەسەڵاتی سیاسیی سوریادا تەقییەوە، هەر لە یەکەمین ساتەکانی تیرۆرکردنی حەریریدا

هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە چوون دەوڵەتی سوریا و دەزگای هەواڵگریی ئەو وڵاتە بەرپرسیار و ئەنجامدەری ئەو کردەیەن. مەسەلەی تیرۆرکردنی حەریری ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی سوپای سوریی لە لوبنان پاشەکشێی پێ بکرێت، هەرواش کەوتەوە دواتر بڕیاری ١٥٥٩ دەرچوو کە پەیوەست بوو بە پاشەکشە و گەڕانەوەی یەکە سەربازیی و مخابەراتییەکانی سوریا لە لوبنان، سەرەنجام سوریا نەیتوانی بەرەنگاریی بکات بە ناچاریی ملی بۆ ئەو بڕیارە کەچ کرد و لە وڵاتی لوبنان پاشەکشەی بە هێزەکانی کرد. دوای لێکۆڵینەوە و گەڕان بە دوای سەرە داوەکانی کردەوەی تیرۆرکردنی حەریری و ئاشکرابوونی ڕۆڵی ژێر بە ژێری سوریا لەو کردەوەیەدا، ئەم جارە بڕیاری ١٥٥٩ی تایبەت بە کوشتنی حەریری و بڕیاری ١٦٣٦ پەیوەست بە هاوکاریی تەواوی ڕژێمی سوریا لەگەڵ لیژنە و تیمەکانی لێکۆڵینەوەی کوشتنی حەریری دەرچوو. ئەم بڕیارە سوریای ناچارکرد کارئاسانیی بۆ ئەو لیژنە و گروپە نێونەتەوەییانە بکات بە دوای وردەکارییەکانی ئەو کوشتنەوە بوون، بەڵام سەرجەم تیم و لیژنەکان تەئکیدیان لەسەرئەوە کردەوە سوریا پابەندی ئەو بڕیارە نییە و هاوکاریی وەک پێویستیان لەگەڵدا ناکات، ئەمەش نەتەوە یەکگرتووەکانی ناچار کرد بڕیاری ١٦٤٤ دەر بکات. ئەم بڕیارە هۆشداریی دەدات بە دەوڵەتی سوریا خۆی لە کاری تیمەکان نەدزێتەوە و هەماهەنگییەکی پێویست و جیددییان لەگەڵدا بکات. دەبینین سوریا سنووری پێوانەیی شکاند لە دەرچوونی چەندین بڕیار لە ماوەی تاکە ساڵێکدا.

بە هەرحاڵ ئەم دوو فاکتۆرەی لە پێشەوە باسم کردن دوو هۆکاری سەرەکین لە نابووتبوونی ڕژێمی سوریادا و ڕەنگبێ لە ئاکامدا چارەنووسی ڕژێم بە مەرگ بگەیەنێ کە ئاواتی هەموو گەلانی سوریایە. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ڕاکردنی (عەبدولحەلیم خەدام)ی جێگری پێشووی سەرۆک کۆمار بووا!. خەدام هەر لە ساڵی ١٩٧٠ تاکو کاتی هەڵهاتنی لە سوریا بەشێک بووە لە دەسەڵات و قەراراتی سیاسیی لەو وڵاتە و دۆستێکی هەرە نزیک و متمانەپێکراوی (حافز ئەسەد) بووا، ڕەنگیشە بەشێک لە تاوانەکانی ڕژێم لە ئەستۆی وی بێت و هەر بەم دانپێداهێنانە ڕووی تاوانەکانی سپی نەبێتەوە. گرنگتر لە ڕاکردنەکەشی ئەو دانپێدانانە بوو لە ڕێی شاشەی کەناڵی (العربیە)وە درکاندی و ئاماژەی کرد بە سەرجەم تاوانەکانی ڕژێم و ئەوانەشی گومانیان لەسەر بوو پشتڕاستی کردنەوە، هەروەها لە نێوانیاندا ئاماژەی

بەوە کرد خودی دەوڵەت و بەشار ئەسەد دەستیان هەبووە لە تیرۆرکردنی سەرۆک رەفیق حەریری، جیا لەمەش کۆی ئەوەی لە راپۆرتەکەی (میلیس)دا هاتبوو پشتڕاستی کردەوە، ئەمەش جارێکی تر میسداقییەتی ئۆپۆزیسیۆنی سوریای سەلماند بە تایبەتی ئۆپۆزسیۆنی کورد کە دەمێک ساڵە لە بارەی جینایەتەکانی رژێمی سوریاوە دەرهەق بە گەلی کورد، تەنانەت عەرەبیش هۆشداریی دەدات بە کۆمەڵی نێودەوڵەتی.

هەموو ئەم پێشهات و ئاڵوگۆڕە سیاسیانە لەسەر گۆڕەپانی سوریادا بوونەتە هۆکارێک رۆژ لە دوای رۆژ هەیکەلی ئەم دەسەڵاتە فشۆڵتر دەکات و بەرەو لاوازییەکی وای دەبات لە داهاتوودا چیتر ناتوانێ خۆی رابگرێت یان ئەوەتا دەبێت دەستبەرداری خولیا سەرشێتەکانی ببێت. ئەم بارودۆخە نوێیە ئاسۆیەکی روون و گەشاوە لە بەردەم بزووتنەوەی رزگاریخواز و دۆزی گەلی کوردستان لە سوریا دەکاتەوە و پێموایە دوور بێ یان نزیک لەو بەشەدا خۆری ئازادیی هەڵدێت. ئەوەتا لەو کۆنفرانسەی رۆژی ٢٠٠٥/١٢/١ لە تەلاری پەرلەمانی فەرەنسا لە پاریسی پایتەخت لە بارەی مەسەلەی کورد سازدرا، لە ژێر رۆشنایی ئاڵوگۆڕە تازەکانی سوریا تیشکیش خرایە سەر بارودۆخ و ژیانی کۆمەڵی کوردستانی لەو بەشە داگیرکراوەدا!!، ئەمەش یەکێک لەو کۆنگرە نێودەوڵەتییە دەگمەنانەیە باسی کوردی رۆژئاوای تێدا دێتە باسکردن. شتێکی بەڵگە نەویستە لاوازبوون و فشۆڵبوونی هەر رژێمێکی داگیرکەری کوردستان زیانی بۆ هەر کەس هەبێت بە خێر و شادیی و ئازادیی بۆ گەلی کورد دەگەڕێتەوە، بۆیە من پێموایە ئەم تەنگژەیەی ئەمڕۆ رووی لە دەسەڵاتی سوریا کردووە ئاسۆی کوردی لێوە هەڵدێت، ئەو ئاگرەی ئەوانی پێدەسووتێن رووناکییە بۆ رێگای سەربەستیمان.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢٤)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٨ بڵاوبووەتەوە.

# چارەنووسی کوردستان لە نێوان ویستی فیدراڵیخواز و سەربەخۆییخوازەکاندا

پرسی فیدراڵیەت و سەربەخۆیی وەک دوو خەیاری سیاسیی پێشنیارکراو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە گشتیی و کوردی باشوور بە تایبەتی دوو چەمکن زۆر لە بارەیانەوە وتراوە و نوسراوە، لەم نێوەندەشدا دوو گروپی سیاسیی لە کۆمەڵگەدا دروستبوون، یەکەمیان لایەنگری فیدراڵیەتە بۆ عێراق و تیایدا هەرێمی کرودستانی عێراق (باشووری کوردستان) بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەچێتە نێو ئەو حکومەتە فیدراڵییەوە و بەم پێیەش کۆتایی بە مێژووی چەوساندنەوەی میلليی و نەتەوەیی کورد دێت. ئەم گروپە لە سەرکردایەتی سیاسیی کورد و پارتە کوردستانییەکان پێکهاتووە و بە دوایدا ئەو نووسەر و قەڵەم بەدەستانەی پاشکۆی حزبە سیاسییەکانن. هەرچی گروپی دووەمیشە لایەنگری سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییە، ئەم گروپە بە چاوکردنی لە هەڵە و ئەزموونەکانی رابـردووی کـوردی باشـوور، رەشبینە بە مـانـەوەی کـورد و کێشەی کـورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی نوێدا. وەک دەبینرێت ئەم دوو گروپە دیالۆگێکی ساردوسڕ لە نێوانیاندایە یان هەر نیانە، بەڵکو مەودایەکی بەرین لە یەکدی دوورن، هەرچی گرووپی یەکەمە (لایەنگرانی فیدراڵی) بەهۆی ئەوەی شەریحەی دەسەڵاتن، توانیوویانە هەژموونی خۆیان و ئەجێندای پێشنیارکراوی خۆیان بکەنە ئەمری واقیع و لە بەرامبەر گرووپی دووەمدا بیانووی هەبوونی مەترسی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دەکاتە پاساو و پاکانە بۆ هەڵبژاردنی خەیاری فیدراڵی!، بەبێ ئەوەی ئەو بەڕێزانە پێمان بڵێن ئاخۆ کەی رەوش و بارودۆخی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەبار دەبێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان؟ یان ئایا بیریان لەوە کردۆتەوە دوژمنانی کورد کە زیاتر لەهەر سێ دەوڵەتی (تورکیا- سوریا- ئێران) چڕ دەبنەوە

لە چ کاتێکدا و کەی دەستبەرداری دوژمنایەتی گەلی کورد دەبن؟ کەنگێ لێ دەگەڕێن و مەودا و بوار لە بەردەم بە دەوڵەتبوونی کورددا دەکەنەوە؟ تۆ بڵێی ئەوان هەروا بە سانایی لێ بگەڕێن کورد ماڵی خۆی گورج و رێک بخاتەوە لە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی؟.

گروپی فیدراڵیخواز هەمیشە پاساوی ئەوە دەهێنێتە لە ژێر گووشاری ئەمەریکا و عەرەبەکانی عێراقدایە و زەحمەتە رێگەی ئەوەی پێبدرێت دروشمی سەربەخۆیی بەرز بکاتەوە، بەڵام بێ ئەوەی دڵنیامان بکەنەوە لەو عەرەبانەی دوژمنی سەرسەختی سەربەخۆیی کوردستانن، تا متمانەیان پێ بکەین و بڕیار بدەین دەگەڵیان بژین لە چوارچێوەی عێراقێکدا ناسنامەیەکی عەرەبی هەیە و بە بەشێک لەدنیای عەرەبی حیسابی بۆ دەکرێت. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ئایا سەرکردایەتی سیاسیی کورد کاریان چییە ئەگەر نەتوانن بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا زاڵ بن عەرەب دەیخاتە بەردەم هەنگاوی سەربەخۆیی؟ ئەگەر (لینین) وتەنی سیاسەت هونەری مومکینات بێت، ئاخۆ سەرکردایەتی کورد چۆن مامەڵە لەگەڵ مومکین و بارودۆخە قورس و پڕ تەگەرەکاندا دەکات و چلۆن بە قازانجی نەتەوەیی خۆی دەیانشکێنێتەوە؟. ئایا ستەملێکراوەکان بۆ شکاندنی کۆت و بەندی دەست و پێیان پێویستیان بە رابوون و خۆ راپسکان نییە؟ ئایا ئازادیی دەبەخشرێت یان دەسێندرێت؟ با ئەو پرسیارەش لە سەرکردایەتییە سیاسییەکەمان بکەین: لە کام شوێنی دنیادا گەلێک بە عەریزەیەک لە بندەستیی رزگاری بووە؟ مەگەر هەر یەکێک لە ئێمە یەک دوو کتێبانی لە بارەی خەباتی گەلی ڤێتنام و کوبا و نیکاراگوا و ئەرژەنتین نەخوێندۆتەوە؟. مەگەر ئێمە رابوونی گەلانی ئەمەریکای لاتینمان نەدی بۆ رزگاربوون لە دەست دەسەڵاتی داگیرکەر؟. گروپی فیدراڵیخواز بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە نەیارانی گەلی کورد و دەوڵەتە هەرێمییەکان جگە لە چارەسەری فیدراڵی، نەیاریی لەگەڵ هەر شتێکی لەوە پتر دەکەن و پێی رازی نابن، لە راستیدا ئەم جۆرە تێگەیشتن و پاساو هێنانەوەیە هێندە کۆمیدیی و سەرسوڕهێنەرە تەنیا لە سەرکردایەتی کورد روویداوە، لە کوێی ئەم دنیایە و لە چ زەمەنێکدا هەبووە دوژمنانی گەلێکی دیاریکراو ماف و سەروەریێتی بۆ ئەو گەلە دیاری بکەن و نەخشە بۆ سنووری مافە نەتەوەییەکانی بکێشن؟ یان ئەگەر بە دیوێکی تردا لێی بڕوانین بۆچی نەیاران تەنیا بە فیدراڵییەت رەزامەندن و لەوە پترنا؟.

هۆکەی وەک مانگی چواردە دیار و درەوشاوەیە! چونکی کورد لە دوانزە سالّی رابردوودا ئەم داواکارییەی کردۆتە ئەمری واقیع و سەپاندوویەتی بەسەر بارودۆخەکان و دۆست و دوژمندا، بەلاّم ئەی ئەگەر کورد داوای سەربەخۆیی بکات چی روودەدات؟ ئەمەش حاشاهەلّنەگر و ئاشکرایە بڕیارێکی قورس و پڕ زەحمەتییە، بەلاّم دەتوانرێت بە چەند رێگایەکی جۆراوجۆر بسەپێنرێت بەسەر واقیعدا و بەلّکو بکرێتە دیفاکتۆ، بۆ نموونە سالّی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا هەرێمی باشوور یەکەیەکی ئیداریی فیدرالّیی بێت، هەر ئەوسا دوژمنانی کورد کەوتنە دژایەتیکردنی ئەو کەنتۆنە فیدرالّییە، بەلاّم خۆڕاگریی و سووربوونی کورد لەسەر ئەم داوایە نەیارانی ناچار کرد ملی بۆ بدەن و زۆرجار بە رەسمی بیناسن و دانی پێدا بهێنن و پەیوەندیی لەگەلّ ببەستن. ئەمڕۆکە بارودۆخەکە گۆڕاوە و کەشێکی سیاسیی نوێ هاتۆتە ئاراوە، دوانزە سالّیش بەسەر بڕیاری پەرلەمان لەمەڕ فیدرالّیەت تێپەڕیوە، جێی خۆیەتی سەرکردایەتی کورد و ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بیر لە پرۆژەیەکی ستراتیژیی نەتەوەیی بکەنەوە بە ئاقاری دامەزراندنی دەولّەتێکی دیموکراتیکی کوردیدا، ئەمەش تەنیا خۆڕاگریی و سووربوون لەسەری پێویستە و دواتر دەبێتە پرۆژەیەکی چەسپیوو و سەرکەوتوو، بەلاّم گرووپی فیدرالّیخواز مەترسیی خۆی نیشان دەدات لە بەرامبەر روودانی کارەساتی گەورە و تراژیدیی کە پێدەچێت زیانێکی زۆری گیانیی و ماددیی لێ بکەوێتەوە، دیسان ئەمەشیان پاساوێکی لاواز و عوزرێکی ناشەرعییە، پرسیار دەکەین کام کارەسات هەیە گەورەتر لە ئەنفال؟ کام تراژیدیا مەزنترە لە هەلّەبجە؟ کام زیانی گیانیی لە گۆڕی بە کۆمەلّ و بە پۆل لە سێدارەدان و ئازار و ئەشکەنجەی کورد لەسەر دەستی بەعسییەکان گورجکبڕترە؟ کورد هەموو ئەو تالّی و سوێریی و کارەساتانەی تێپەڕاندووە یان با بلّێین چەشتوویەتی، ئەم پاساوە کاتێک دەتوانرا باوەڕی پێ بکرێ کورد هیچ زیانێکی ماددیی و گیانی لە رابردوودا لێنەکەوتبایە، هەر ئەمەش پێماندەلّێت ئەو پاساوە سەفسەقەیەکی بەتالّ و فریودەرانەیە. با لە حالّەتێکی ئیستسنائیدا وای دابنێین کورد بۆ گەشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی پێویستە قوربانی بدات، بەلاّم کێ دەتوانێت گرەنتی ئەوە بکات لە داهاتوودا دەسەلاّت و حکومەتی عێراقی فیدرالّی نابێتە ئەژدیهای ئەم میللەتە؟ کێ دەتوانێت گرەنتی ئەوە بکات سەدام بە ئارایشتێکی نوێوە جارێکی تر ناگەڕێتەوە سەر شانۆیی سیاسیی؟.

ئەگەر گریمانەیەکی تر بخەینە روو: لە حاڵەتێکدا ئێمەی کورد داوای سەربەخۆییمان کرد و تووشی رووبەڕووبوونەوەی عەرەب و فارس و تورک بووینەوە چی بکەین؟ لەو باوەڕەدام لەم حاڵەتەدا ژمارەی قوربانییەکانمان ناگاتە چارەگێکی قوربانیانی جەنگی نێوخۆیی دوای راپەڕین؟ ئیتر ئەم ترسە بۆ؟ ئەمە ئەوەم وەبیر دەخاتەوە ساڵی ١٩٩٢ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان بەرپرسێکی باڵای یەکێک لە دوو حزبە سەرەکییەکە لە شاری لەندەن کاتێک رەوەندی کوردی ئەوێ پێشنیاریان کردبوو دوو حزبە سەرەکییەکە هێزەکانیان یەکبخەن بۆ ئازادکردنی شاری کەرکوک، کاکی بەرپرس بەوپەڕی هەڵچوون و شپرزەییەوە وتبووی ئەوە ژمارەیەکی بێشومار قوربانی لێدەکەوێتەوە و پێویستە لەسەرو پێنج هەزار شەهیدەوە بدەین، بەڵام کاکی بەرپرس ئێستا چی وەڵامی ئەو رەوەندە دەداتەوە؟ کە لە شەڕی گەرمی خوێناویی ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٨ی ناوخۆ چوار بەرابەر بەو ژمارەیەی ئەو مەزەندەی کردبوو بۆ گرتنی کەرکوک قوربانی تێدا درا و لە پای هیچیشدا، نە کەرکوک رزگارکرا و نە بستێک خاکی پێ گەڕایەوە سەر وڵاتەکەمان. رەنگبێ زۆر کەس وا هەست بکات لایەنگرانی سەربەخۆیی کوردستان هەواداری کوشتاری خەڵک بن لە پێناوی ئامانجی ناوبراودا، ئەمە هەڵە تێگەیشتنێکی ئێجگار سلبییە و بۆشایی نێوان خەڵک و گرووپی سەربەخۆیخواز فراوانتر دەکات، نەخێر بە پێچەوانەوە لایەنگرانی سەربەخۆیی وای دەبینین دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان قوربانی گیانیی پێویست نییە یان ئەگەر پێویستیشی بێت بۆ ئەوەیە کۆتایی بهێنێت بە مێژووی قوربانیبوون و لەناوبردنی کورد کە ئەگەرێکی دوور نییە لە عێراقی داهاتوودا!، هەر بۆ وێنە رووداوەکانی ئەم دواییانە و گۆڕانی هەڵوێستی بەرهەڵستکارە عەرەبەکانی دوێنێ، تەنیا تەلیسکۆبێک بوو بۆ بینینی عێراقی داهاتوو کە چارەنووسەکەی مەحکومە بە جەنگی ئەهلیی و مەزهەبیی و نەتەوەیی.

گرووپی فیدراڵیخواز تەنیا دەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە سەربەخۆیی دەبێت بە حوکمی تفەنگ و جەنگی بەرامبەر بەدەست بهێنرێت، لەبەر ئەم فاکتەرەش سەربەخۆیی دوور دەخاتەوە بۆ ئایندەیەکی دوور کە ئاشکرا نییە کەی دەبێت و چۆن دەبێت؟ بەڵام مەرج نییە هەموو جارێک سەربەخۆیی بە جەنگ و کاولکاریی بەدەستبهێنرێت، بە تایبەتی لە دنیای هاوچەرخی ئەمڕۆماندا خەباتی ئاشتیخوازیی و مەدەنیی و خرۆشانی جەماوەریی کاریگەریی و سەنگی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە ئەگەر

بزووتنەوەی ریفراندۆم فراوانتر و گەورەتر بکرایە و بەردەوامی هەبوایە و لە هەمان کاتدا دەسەڵات و دوو حزبە سەرەکییەکە وەک پێویست پشتیوانیان لێ بکردایە تا دوا وێستگەی خۆی چوبا، ئەوسا دەمانتوانی شیکارییەک بۆ بارودۆخەکە بکەین ئاخۆ دەتوانین بەم ڕێگایە هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بنێین یان نا. بەڵام شتێک نەکراوە و ڕوونەداوە کەمتر دەتواندرێت شیکاریی بۆ بکرێت، چوونکە واقیع دەیسەلمێنێت بە کوێ دەگات ئەمە بە تایبەتی لە عەمەلییەی سیاسیدا!. گرووپی فیدراڵیخواز جار بە جار منگەمنگی ئەوە دەکات گەر کورد و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی داوای سەربەخۆیی بکاتە دروشمی ئەم قۆناغە ئەوا تورکیا و سوریا و ئێران و وڵاتانی تری عەرەبی دەبنە دوژمنی و ناچاری دەکەن دەست لەو داوایە هەڵبگرێت!! بەڵام بۆ هەر کەسێک ئەگەر کوردیش نەبێت و تەنیا جارێکیش بۆ بازرگانی یان گەشتوگوزار ڕێی کەوتبێتە ئەم وڵاتە زۆر بە شەفافی ئەوە دەبینێت: تورک و عەرەب و فارس دوژمنی هەمیشەیی و کۆنکرێتی گەلی کورد و جووڵانەوە سیاسییەکانی کوردن، ئیتر ئەمە شتێکی براوەیە و ڕێژەی نەگۆڕە، هیچ پێویستی بە رامان نییە، هەر بۆیە ئەم بەهانەیەی فیدراڵیەتخوازەکان بە رادەیەک بێ مانا و گاڵتەجارە تەنیا لە سەرکردایەتی ئەمڕۆکەی کورد دەوەشێتەوە، سەرکردایەتییەک وا دەزانێ تەنیا ئەو کاتە تورک و عەرەب و فارس دەبنە دوژمنی داوای سەربەخۆیی بکات، ئەگەرنا لە هەر حاڵەتێکی تردا دەبنە برای گیانی بە گیانی کورد و دەستی میهرەبانی بەسەریدا دەهێنن. جێگە و کاتی خۆیەتی ئەمڕۆ کورد و هێزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەشێوەیەکی یەکگرتوو لەسەر خاڵی سەربەخۆیی کوردستان بگەنە سیاغەیەکی هاوبەش و تێبکۆشن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. کورد بە بێ دەوڵەت مەحکومە بە کۆیلەبوون و درێژبوونەوەی مێژووی قوربانیبوون لە بەردەم جەلادەکانی فارس و عەرەب و تورکدا، هەر ئەم فاکتەرەش دەوڵەتی کوردیی کردۆتە ئەرکێکی گرنگ و پێویست و هەنووکەیی، ئەمڕۆش هەلی زێڕینێتی و بارودۆخی گونجاو و بابەتیی بۆ دروست بووە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٦)ی ڕۆژنامەی (نیوەند) لە ڕۆژی ٢٠٠٤\١٠\١١ بڵاوبووەتەوە.

# مەغزاکانی ئەودیو کەرنەڤاڵەکانی نەورۆزی ئەم ساڵ

نەورۆز وەک نەریت و جەژنێکی نەتەوەیی لە دیرۆکی کورددا، هێشتا لە نێوان میتۆلۆژیا و واقیعدا ساغ و یەکلایی نەبۆتەوە، بەڵام بەردەوام نەورۆز بەدەر لە هەرشتێکی تر رۆژی خەبات و تێکۆشان و نیشاندانی هێزی کورد و هەستی نەتەوەیی کورد بووە. میتینگی دەیان هەزار کەس لە دەوری گڕ و تیشکی بەتینی ئاگر بێجگە لە هەر مانا و مەغزایەکی تر کۆبوونەوەیە لە دەوری ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی کوردیی. (پیرەمێرد)ی شاعیر یەکێک لەو کەسانە بوو لە پڕۆژە نەتەوەسازییەکەیدا، جگە لەوەی نەورۆزی زیندوو کردەوە و مۆرکێکی تەواو کوردەوارییانەی پێبەخشی، هەمیشە لەودیو گڕی پیرۆزەوە کۆمەڵێک پەیڤ و مانای رەمزیی جۆراوجۆری پێ بوو و وەک حیکایەتخوان لە دەوری ئاگر بەرەو رووی خەڵکی کردۆتەوە و هانیداون بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا. داگیرکەرانی کوردستان بە تایبەتی عێراق و تورکیا و سوریا (لە ئێران نەورۆز جێگەی بایەخ پێدانە، چوونکە فارس بە جەژنی خۆی دەزانێ) لە ماهیەت و کرۆکی ئەم بۆنەیە تێگەیشتبوون، بۆیە لەلای ئەوان هێڵی سوور و بڤە بوو، چونکێ دەیانزانی دەشێ لە بڵێسەی ئاگری نەورۆزەوە مەشخەڵ و بڵێسەی شۆڕشێک کڵپە بسێنێت. دەیانزانی ئاگری نەورۆز پرشنگێکە لە رووناکی ئاهورامەزدای زەردەشتییەت و تیشکێکە لە پەلکەزێڕینەی شۆڕشی بەگژاچوونەوەی ستەم و نادادپەروەریی.

نەورۆز لە کاروانی مێژووی کورد و خەبات و تێکۆشانیدا دژی داگیرکەران پلە و جێگەیەکی تایبەتی و رۆڵێکی گرنگ و بایەخمەندی هەبووە و هەیە، هەر لەبەرئەوەشە کورد ساڵانە خۆی ئامادە دەکات بۆ یادکردنەوەی ئەم جەژنە نەتەوەییە. لەم رووەوە تەنانەت دڕندایەتی بەعس نەیتوانی رێگر و بەربەست بێت لە

بەردەم ئەم جەژنە، بەڵکو ناچار بوو ناوی جەژنی نەورۆز بگۆڕێت بۆ (عید الربیع) و (عید الازهار) و رۆژی داروودرەخت و پشکوتن و سەوزایی، بەڵام لە تێگەیشتن و خەیاڵدانی کورددا وێرای ئەم مانایانە، زۆر مانای تری لە خۆگرتووە، زیاد لە هەموو مانایەکیش جەژنی نەتەوەیی و رۆژی بەگژاچوونەوەی ستەمە. ئەم ساڵ (٢٠٠٥) نەورۆز لە کەش و هەوا و زەمینەیەکی زۆر جیاوازتردا یاد کرایەوە، ئەمە بە تایبەتی لە باکووری کوردستان. ئەگەر تۆزێک ورد بینەوە لە ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی (جۆرج بوش)ی کوڕ سەرۆکی (U. S. A) بەب ۆنەی جەژنی  نەورۆزەوە ئاڕاستەی گەلانی ئەم ناوچەیەی کرد کە نەورۆز بە جەژنی خۆیان دەزانن، دەگەینە ئەو راستییەی دان پێداهێنان و پیرۆز راگرتنی ئەو جەژنە لەلایەن کەسێکی وەک (بوش)ەوە ئاماژەیەکی گرنگ و هەستەوەرە و جێکەوتەیی و تایبەتمەندێتی ئەم بۆنەیە دەردەخات. ئەمە بۆ یەکەمین جاریشە سەرۆکی وڵاتێکی رۆژئاوایی بەو جۆرە و بە تەلەگراف بەشداریی لە پیرۆز راگرتن و یادکردنەوەی ئەو جەژنە بکات، ئەمەش لە مانا و رەهەندێکییەوە ئەوەیە جەژنی نەورۆز توانیوێتی سنووری سڕینەوە و لە ناوچوون تێپەڕێنێت و وەک یەکێک لە جەژنە چەسپیوەکان خۆی بسەلمێنێت لەناو هەموو گەلانی ناوچەکەدا کە تایبەتتر ئەم بۆنەیە جەژنی نیشتمانی کوردە.

نەورۆزی ئەم ساڵ هەر بریتی نەبوو لە شایی و هەڵپەڕکێ و یاکردنەوە، بەڵکو رۆژی بەرزکردنەوەی پلاتفۆرمی نەتەوەیی و داخوازییە رەواکانی کورد بوو کە وا خەریکە بەرەو قۆناغێکی هەڵکشاوتر هەنگاو دەنێت. بۆ نموونە لە باکووری کوردستان کۆمەڵانی خەڵک لە رۆژی نەورۆزدا داوای چارەسەری دۆزی نەتەوەییان دەکرد لەو بەشەدا، دروشمی چارەسەری کۆنفیدراڵی و یەکێتی ئارەزوومەندانە تاکە دروشمی نەورۆزی ئەم ساڵ بوو لەوێ، هاوکات لەگەڵ داواکردنی ئاشتی و پێکەوە ژیان، بەشێوەیەکی گشتیش کەرنەڤاڵەکان لە سەرتاسەری باکووردا بە ئاشتی و هێمنانە بەڕێوە بران. نەورۆزی ئەم ساڵ لە رەهەندێکەوە نیشانیدا دۆزی کورد لەو بەشەشدا بەرەو ئاسۆیەکی روونتر ملێی ڕێی گرتووە و خەریکە دەبێتە کێشەیەکی فەرمی و دەسەڵاتدارانی تورکیاش ناچارماون لە ژێر فشار و پاڵپەستۆی کۆمەڵانی خەڵکدا، هەندێک لە مافە کولتووریی و فەرهەنگییەکانی کورد لەو بەشەدا بسەلمێنن. بە تایبەتی لەم کاتەدا تورکیا لەسەر لێوار و دەرگای یەکێتی ئەورووپادایە.

ئەم پێشکەوتنە لە کێشەی کورددا ئەگەر بگاتە دوا ئامانجی خۆی و چارەسەرێکی

پڕاوپڕ و تەواوەتی، دەبێتە دەروازە و کلیلی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا، دیارە ئەمەش خواستێکی لە مێژینەی وڵاتی تورکیایە. لە رەهەندێکی ترەوە نەورۆزی ئەم ساڵ لە باکوور ئەوەی نیشانیدا هەرچەندە دەماری رق و ستەم توند و ئەستوور بێت، بەڵام سڕینەوەی گەلێک بەو ژمارە زۆرەی خۆی جگە لە خەیاڵپڵاویی هیچ شتێکی تر نییە، نەورۆزی ئەم ساڵ ئەوەی دەرخست هەموو هەوڵەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا لە ئەتاتورکەوە تا ئەردۆغان لە راستای سڕینەوەی گەلی کورد ناکام و بێ ئەنجام و بێ کەڵک بوون، دوای ئەو هەموو سڕینەوەیەش ئەوەی لەلای کورد ماوەتەوە ئیرادەیە بۆ ئازادیی و رزگاربوون لە دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی دەوڵەتی تورکیا. خاڵێکی تر بە گرنگی دەزانم هەڵوەستەی لەسەر بکەم مەسەلەی یەک گووتاریی کورد بوو لەمەڕ چارەنووسی ئەو بەشە و یەکگرتوویی و هاودەنگی بوو لە بەرزکردنەوەی دروشمێک، ئەو دروشمەش داخوازیی کۆنفیدراڵی و ئاشتی و پێکەوە ژیان بوو، جگە لەمانەش مەغرایەکی تری ئەودیوی کەرنەڤاڵەکانی نەورۆزی ئەم ساڵ ئەو ئیرادە بەهێزەی جەماوەری گەلی کوردستانە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی خۆی، وێڕای گیروگرفتی چاوسوورکردنەوە و ئاستەنگ و لەمپەرەکان هێشتا جەماوەر بە حەماس و جۆش و خرۆشەوە لەو کەرنەڤاڵانە ئامادە بوون.

بەمەش توانرا هەندێک ویست و داخوازیی بکرێتە دیفاکتۆ و رێگە خۆشکرا لە بەردەم سازدان و ئامادەکردنی کەرنەڤاڵ و میتینگی هاوشێوە و جۆراو جۆری تر، بۆ نموونە بەشدارییکردنی سترانبێژێکی وەک (تاتلیساز) لەو بۆنەیەدا و بە دەنگی بڵند هاوارکردنی بژی پێشمەرگە و چڕینی گۆرانی بە زمانی کوردیی سەرەتای تێکشاندنی ئەو هێڵە سوورانەیە کەمالیزمی لەسەر بینا کرابوو و بەڵگەی پێشکەوتنیشە لە مەسەلەی کورد لە باکووردا. لە باشوور و رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی کوردستانیش بە فۆرمی جیاجیا پێشوازیی لەم بۆنەیە کرا، وێڕای ئەوەی لە باشوور کورد لەم سەروبەندەدا توانی سەرکەوتنی بێ وێنە لە ئاستی عێراقدا بە دەست بهێنێت «هیوادارین ئەم سەرکەوتنانەی بخرێنە راژەی سەربەخۆیییەوە»، رۆژی نەورۆزیش چرکەساتی دووپاتکردنەوەی متمانەی جەماوەری کوردستان بوو بۆ سەرکردایەتی سیاسیی کورد و پشتگیرییکردن لەو دەستکەوتانەی تا هەنووکە لە باشوور بەدەستهاتوون و داکۆکیکردن لە کوردستانێتی کەرکوک و ناوچە تازە

ئازادکراوەکانی تر و مانەوەی هێزی پێشمەرگە وەک هێزی پاراستنی کوردستان.

لە رۆژهەڵات بزووتنەوەیەکی سیاسیی و نەتەوەیی بەهێز سەری دەرهێناوە و دەتوانین بە سەرەتای هەستانەوەیەکی گەورەی نەتەوەیی دابنێین لە مێژووی ئەو بەشەدا، ئەم ساڵیش نەورۆز لەوێ بێجگە لەوەی بە تۆبزی تێکەڵ بە شەقڵ و مۆرکی نەتەوەی سەردەست کرا. بەڵام لە زۆر بوار و ماوەدا خۆی لێ جیا کردەوە و بەرگێکی نەتەوەیی کوردیی بە بەردا کرایەوە. بزووتنەوەی نەتەوەیش لە رۆژهەڵات بە جۆرێکە سەرکوتکردنی کارێکی ئەستەم و مەحاڵە و بگرە لەوانەیە سبەینێ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد یەکێک لەو هێزە ئەکتیڤانە بێ دوا بزمار بدات لە تابووتی مەرگی رژێمی کۆماری ئیسلامی. لە رۆئاواش رۆژ بە رۆژ هەست و خرۆشی کورد کڵپە دەستێنێ و مونسەجیمتر و رێکخراوتر دەبێ، نەورۆزیش وەک رۆژێکی نەتەوەیی یەکێکە لەو میکانیزمانەی خەڵکی کورد لەو بەشە بەدەستییەوە گرتووە و بۆ خەباتکردن بەکاریدەهێنێ، نەورۆزی ئەم ساڵ لەوێ و لە ژێر سانسۆر و چاودێریی بەعسی سوریدا شتێکی هەروا کەم نەبوو، بە نیسبەت ئەم قۆناغە سیاسییەی ئەو بەشەی کوردستانەوە رۆڵی کارا و تایبەتی هەبووە و دەبێت. ئەم ساڵیش وەک هەر ساڵێکی تر ئاهەنگ و کەرنەڤاڵەکانی نەورۆز لە هەر چوار لای کوردستانەوە بەشێوەیەکی بەربلاو بەڕێوە چوون، بەڵام ئەوەی نەورۆزی ئەم ساڵی جیا کردەوە لە ساڵەکانی تر ئەو پەرەسەندن و ئاڵۆگۆڕەیە بەسەر تەواوی دنیادا هاتووە، هاوکاتیش رۆژهەڵات و کوردستانی گرتۆتەوە، بۆیە نەورۆزی ئەم ساڵ و ساڵانی ئایندە رۆڵی کاریگەر و گرنگ دەگێڕن لە کەناڵیزەکردن و تاودانی خەباتی گەلی کوردستان لە هەر چوار پارچە داگیرکراوەکەدا.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣)ی رۆژنامەی (میدیای کورد) لە رۆژی ٢٠٠٥\٤\١٨ بڵاوبووەتەوە.

# هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان

سەرەنجام سوپای تورک چەند هێرشێکی ئاسمانیی لە ڕێگەی چەند باڵەفڕێکەوە کردە سەر باشووری کوردستان بە مەبەستی لێدان و هەڵتەکاندنی بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە چیاکانی کوردستان بە تایبەت لە چیای قەندیل. هێشتاش هێرشەکان بەردەوامن بۆ سەر باشووری کوردستان و لە چەند ناوچەیەکی سنووریی و سێگۆشەی ئێران- تورکیا- عێراق، سوپای تورک هاتوونەتە ناوەوەی کوردستان و سنووریان بەزاندووە. ئەم هێرشە سەربازییە ئاسمانییە تا رادەیەک چاوەڕوانکراو بوو، هەر لە سەرەتای هەڕەشەکانی ئەم دواییەی تورکیاوە بەشێکی زۆر لە چاودێرانی سیاسیی و پسپۆڕانی کاروباری تورکیا پێشبینی لێدانی بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیان کردبوو، هەندێکیان رایانگەیاند: تەنانەت پرۆسە و ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ نێو قووڵایی خاکی باشووری کوردستان بە بیانووی لێدانی پەکەکە ئەگەرێکی دوور نییە و پێ دەچێت لە نێزیکترین ماوەدا ببێتە واقیع. هەندێکی تر وەها بۆ بارودۆخەکە چوون پێشهاتەکانی دادێ لە بەرژەوەندیی سیاسیی کوردەکانی باشوور نین!. بۆ نموونە پرۆفیسۆر (ئاڕ رانسۆم کلارک)ی ئەندامی پایەبەرزی پێشووی دەزگای ناوەندیی هەواڵگریی ئەمەریکا (CIA) لەسەر ئەو بڕوایە بوو (بارودۆخەکە بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ خودی کوردستان باش نییە).

سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لە سەرەتاوە رایاندەگەیاند ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لەلایەن تورکیاوە بۆ سەر کوردستان ئەگەرێکی دوورە و ئەمەریکاش چرای سەوز بۆ ئەو دەوڵەتە داناگیرسێنێت بۆ کردەیەکی لەو چەشنە، بەڵام بەداخەوە ئەم پێشبینیانە بە پێچەوانەوە دەرچوون!!، چوونکە هەموو ئاماژە

و دیکۆمێنتەکان جەخت لەسەر ئەو راستییە رەهایە دەکەنەوە ئەمەریکا هەماهەنگی لەگەڵ ولاتی تورکیادا دەکات لە پرۆسەی لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەو رووەوە هەندێک سەرچاوەی ئاگادار پێداگیریی لەسەر ئەوە دەکەن دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا (سیا) هاوکاریی ئەرتەشی تورکیایان کردووە لە رووی پێدانی زانیاریی مخابەراتی دەربارەی پەکەکە و شێوازی کاری پەکەکە و هەندێک زانیاریی تر کە زۆر پێویستن بۆ سوپای تورک لە کاتی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ نێو کوردستان.

کاربەدەستانی باڵای ئەمەریکا بە تایبەتی (کۆندالیزا رایس)ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئەوەی نەشاردەوە هاوکاریی سوپای تورکیایان کردووە، بەڵکو رایگەیاند ئەمەریکا خوازیاری لەناوبردنی پارتی کرێکارانە چوونکە وڵاتەکەی ئەو رێکخراوە سیاسییە کارایەی کورد بە بزووتنەوەیەکی تیرۆریستی دەزانێت و لە لیستی رەشی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی جیهان ناوی تۆمار کردووە!! بە کردەوەش ئەمەریکا بێدەنگی هەڵبژاردووە دەربارەی ئەو هێرشە هەواییانەی تورکیا لە رێی فڕۆکە سەربازییەکانەوە دەیکاتە سەر کوردستان کە بێگومان ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ئەمەریکا نەک نارازیی نییە، بەڵکو هەست دەکرێت ئەو چرا سەوزەی کورد ئومێدی بە داگیرساندنی نەبوو بۆ تورکیا هەڵبکرێت، ئەمڕۆ بە روونی دەرکەوتووە بۆ یەکەکانی سوپا و هێزی ئاسمانی تورکیا داگیرساوە.

هەندێکی تر لە چاودێران هێما دەکەن بۆوەی دەوڵەتی ئیسرائیل هاوکاریی تورکیا دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسە سەربازییە، لە باری واقیعییەوە فڕۆکە و پسپۆری ئیسرائیلی بەشدارن لەو هێرشە ئاسمانیانەی دەکرێتە سەر باشووری کوردستان، فرۆشتنی پێنج فڕۆکەی سەربازیی تەکنۆلۆژیی نوێ بە تورکیا لەلایەن ئیسرائیلەوە دیسان کۆمەکی روونکردنەوەی ئەو راستییە دەکات ئیسرائیل بە شێوازێکی زەق و جیددی هاوکاری تورکیایە لە دژی کوردستان. سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان لە بری هەر کاردانەوەیەک تەنیا ناڕەزایی دەردەبڕن!!. مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەر کوردستان مەحکوم دەکەین!، پاشان لە بەردەم ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی زیانلێکەوتووی ئەو ناوچانەی بەر هێرشی ئاسمانیی تورکیا کەوتوون، وتی: ئێوە هیچ تاوانێک و گوناهێکتان نییە تەنیا ئەوە نەبێت کوردن، دواتر رایگەیاند: رێگە

نادەین هێرش بکرێتە سەر کوردستان.

لەلایەکی ترەوە (جەلال تاڵەبانی) سەرۆک کۆمارە کوردەکەی عێراق هەمان رای بارزانی هەبوو، بەڵام ئەدای تاڵەبانی زیاتر نەرمیی و خاویی پێوە دیار بوو، لەلای هەندێک چاودێر ئەو نەرمییەی تاڵەبانی هەوڵێکە بۆ ساردکردنەوەی تورک بە تایبەتی تاڵەبانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا رایگەیاند: پەکەکە خوازیاری ئاگربڕ و چارەسەری ئاشتییانەیە. بە درێژایی ئەم دە رۆژ و شەوە تورکیا بەردەوامە لە بۆردومانی چڕی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان، جگە لە زیانە گیانی و ماددیی و لۆجیستەکانی پەکەکە، زەرەر و زیانێکی گیانی و ماددیی زۆریش بەر هاووڵاتیانی ئەو گوندە نێزیکانە کەوتن کە لە نزیک ئەو چیایانەوە بوون بۆردومان کران، هەرچەندە (رەجەب تەیب ئەردۆگان) سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاند: ئەوان لە ماڵ و حاڵی هاووڵاتیانی کوردیان نەداوە و هیچ کەسێکی مەدەنی لەو هێرشانەدا نەکوژراون، بەڵام راستییە رووتەکە ئەوەیە چەند هاووڵاتییەکی کوردی سڤیل لە چەند گوندێکی سنووریی لە میانەی ئەو بۆردومانانەدا کوژراون کە لەنێویاندایە ژنێکی پیر هەیە کە لە ژێر داروپەردووی ماڵە داڕووخاوەکەیدا تەرمەکەی دۆزرایەوە.

بەشێک لە چاودێرانی سیاسیی و بە ئاگا لە کاروبار و کێشەی نێوان تورکیا\ کوردستان رایدەگەیەنن پێشتر رێکەوتنێکی چەند قۆڵی هەبووە لەنێوان عێراق- تورکیا- ئەمەریکا بە مەبەستی لێدانی بنکە و بارەگاکانی گەریلاکانی پەکەکە لە نێو باشووری کوردستان. (تاریق هاشمی) سەرۆکی حزبی ئیسلامی عێراق و جێگری سەرۆک کۆمار ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە و ئاشکرای دەکات پێشوەخت رێکەوتن لەنێوان تورکیا\ عێراق هەبووە بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان و لێدانی بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچە سنووریی و چیاییەکانی باشووری کوردستاندا. هەندێک ئاماژەی تر هەن دەریدەخەن مەبەستەکانی سوپای تورکیا بە تەنیا لێدان نییە لە پارتی کرێکاران و بنکەکانی گەریلا، بەڵکو ئەم هێرشانە لە هەمان کاتدا بۆ سەر قەوارە و کیانی باشووری کوردستانە، بەڵام رۆژنامەی (ئاسۆ) ئەوە روون دەکاتەوە ئامانجی هێرشە هەواییەکانی سوپای تورکیا کوشتنی رێبەر و سەرکردەی ناسراوی پارتی کرێکاران (موراد قەرەیڵان) بووە! ئەمەش لەسەر زاری بەرپرسێکی باڵای سەربازیی پەکەکەوە تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە کاتێک بە رۆژنامەکەی راگەیاندووە «بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سوپای تورکیاوە

دزەیان کردووە ئاشکرا بووە ئامانجی سەرەکی فڕۆکەکانی تورکیا لە بۆردومانەکەی بناری قەندیل کوشتنی (موراد قەرەیلان)ی سەرۆکی گشتیی پەکەکە بووە، بەڵام نەیانتوانیوە ئامانجەکەیان بپێکن».

لە هەمان کاتدا سەرەڕای ئەوەی پەکەکە سووربوونی خۆی نیشانداوە لە بۆ ئەوەی بەرپەچی هەر هێرشێکی سوپای تورک بداتەوە، بەڵام ئامادەی گفتوگۆکردنیشە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی لە مێژینەی کورد لە باکووری کوردستان. بەڵام سەرچاوە ئاگادارەکانی نێزیک لە سوپا و حکومەتی تورکیا ئەو راستییە دووپات دەکەنەوە ئامانجی سەرەکی تورکیا لاوازکردنی پێگەی پەکەکەیە و هیچی تر، تەنانەت تورکەکان هەوڵیانداوە دوو پارتە سەرەکییەکەی باشوور ناچار بەو کارە بکەن گوشاری زۆر بخەنە سەر پەکەکە! چوونکە بە بڕوای رۆژنامەنووسێکی تورکی وەک (محەمەد عەلی بیراند) ئەگەر (تورکیا نەتوانێت بە تەواوی پەکەکە لەناوببات و لاوازی نەکات، بەیانی دەبێتە بەڵایەکی گەورە بۆ سەر کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال). چوونکە بە باوەڕی ئەو ئەگەر (پەکەکە) لاواز نەکرێت و هەست بە گوشاری تورکیا نەکات لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەست دەگرێت بەسەر کوردستانی عێراقدا و لە ژێر چنگی ئەو دوو حزبە دەیهێنێتە دەرەوە.

لەگەڵ ئەوەی بۆردومانە هەواییەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان بەردەوامە، بەڵام لە ئاستی حزب و دەسەڵاتی باشووردا هیچ کاردانەوەیەکی شایانی باس نابینین!، هەرچی شەقامی کوردیشە وێڕای ناڕازیبوون و پرۆتستۆکردنی ئەو هێرشانەی تورک هیچ هەڵوێستێکیان بە کردەوە لەو بارەوە لەخۆ نیشان نەداوە تەنیا هەر ئەوە نەبێت (پرۆژەی پەمەیی) لە شاری سلێمانی بە توندیی ئیدانەی ئەو هێرشانەی کردووە و لە دووەمین راگەیەنراوی گروپەکەدا داوا لە جەماوەر کراوە هەڵوێست وەربگرن و هەموو بەشداریی چالاکییەکانی پرۆتستۆکردنی هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا بکەن. وا چاوەڕوان دەکرێت هەر لەم هەفتەیەدا گروپی پەمەیی لە ناو شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی جەماوەریی فراوان بە ئامادەبوونی جەماوەری شارەکە بۆ هەمان مەبەست ساز بکات.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣٣)ی رۆژنامەی (ئاڵا) لە رۆژی ٢٠٠٨\١\١١ بڵاوبووەتەوە.

# کورد کەرکوکی لە دەست چوو
# وەک چۆن عەرەب ئەندەلوسی لە دەستدا

ئـەوەی لە رۆژی ٢٢ تەمموزی رابـردوو لە نێو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا روویدا دەربارەی پرسی کەرکوک و دەرچوواندنی ماددەی ٢٤ کردەیەکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، بەڵکو لە دەمێکەوەیە پێشبینی کردەوەیەکی لەم جۆرە کراوە، بێگومان ئەم هەوڵەی لایەنی عەرەبیی (بە شیعە و سوونەوە) نە یەکەمین هەوڵە و بێگومانیش دواهەمین هەوڵ نابێت، بەڵکو هەروەک (فریاد رەوانـدزی) ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەڵێ (پیدەچێت موئامەرەی ٢٢ تەمموز زۆر جاری تریش دووبارە ببێتەوە). هەرچەندە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبەردەم کۆمەڵە پەرلەمانتارێکی کورد لە پەرلەمانی عێراق ئەوەی راگەیاند پێشبینی نەکردووە، لەنێو پەرلەمان و دەسەڵات و حکومەتی نوێی عێراقدا کەسانێک هەبن بەعسییانە بیر بکەنەوە و بەعسییانە لەگەڵ دۆزی کورد رەفتار بکەن، بەڵام هەر لە سەرەتای رووخانی رژێمی عێراقەوە دیار بوو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دوێنێ هەمان رەفتاری بەعسییەکان بەرامبەر دۆزی کورد و پرسی شاری کەرکوک دەنوێنن. تەنانەت هەندێکیان لە ساتەوەختی ئۆپۆزیسیۆنیدا هەمان دیدگا و تێڕوانینی خۆیانیان نەشاردۆتەوە، ئیدی رەنگە ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە سەرکردایەتی کورد جێگەی واق ورمان و شۆک بێت، ئەگینا لە دەرەوەی بازنەی حزبەکان ئەم هەڵوێستە هەمیشە چاوەڕوانکراو بووە، تەنانەت دەزانرا پرسی کەرکوک نەک سنوورێکی مەحەلی و ناوخۆیی بەڵکو سنوورێکی هەرێمییش دەبڕێت و دەبێتە پرسێک لەسەر ئاستی جیهان و دەوڵەتانی تر خۆی تێهەڵدەقورتێنن و دەست دەخەنە کاورباری ناوخۆی ئەو شارەوە بە هەر نرخ و

بەهایەک بووە.

ئەم روانینە کۆنە تازە بە تازە لای سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بووەتە جێگەی باوەڕ، تازە هەندێک سیاسیی پەیدابوون باسی کاریگەریی سیاسیی دەوڵەتی تورکیا دەکەن لەمەڕ دۆزی کەرکوک و هەندێ پرسی هاوشێوەی تر لە عێراقدا. بەهرۆز گەلاڵی نوێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ئەنقەرە، لەو بارەوە رایگەیاندووە (رێککەوتنێکی ژێر بە ژێر لە نێوان تورکیا و حکومەتی عێراقیدا هەیە، تا داواکارییەکانی کورد جێبەجێ نەکرێت، بە تایبەت لە مەسەلەی کەرکوکدا). لەلایەکی ترەوە ئەوە رادەگەیەنرێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گووشاری زۆریان خستۆتە سەر لایەنی کوردیی بۆ ئەوەی دەستبەرداری بەشێک لە دەستکەوتەکانی کورد بێت لە ناو شاری کەرکوکدا، بەڵام هەرچی بەرپرسە کوردەکانن تائێستا بە روونی دانیان بەوەدا نەناوە ئەمەریکا گووشاری خستبنە سەر، بەڵام ئەوەی لە تابلۆ سیاسییەکەی ئەم دواییەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە ئەمەریکا جۆرێک لە گووشاری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کورد بۆ سازشکردن لەمەڕ پرسی شاری کەرکوک. هەڵبەت ئەم سیاسەتەی ئەمەریکییەکان نە تەنیا لەسەر ئاستی ناوەندی سیاسیی بەڵکو لەسەر ئاستی رۆژنامەوانی و میدیاییش رەنگدانەوەی خۆی هەیە و هەبووە.

بۆ وێنە، لە سەروەختی رووداوە خوێناوییەکەی رۆژی ٢٨ تەممووزی رابردووی ناو شاری کەرکوک، رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) لە یەکێک لە سەروتارەکانی خۆیدا داوای کردووە کەرکوک (کە رۆژنامەکە بە بەرمیلە باروت وەسفی کردووە) نەدرێت بە کوردەکان و لەم بارەوە نوسیوویەتی (پێویستە رێگە بە کوردەکان نەدرێت کەرکوک بخەنە سەر هەرێمەکەیان!! چوونکە ئەو شارە، شاری عەرەب و تورکمانیشە، بە تایبەت کە ئێستا کوردەکان هەرێمێکی نیمچە ئۆتۆنۆمی بەڕێوە دەبەن و شاری کەرکوکیش بە هی خۆیان دەزانن). لەسەر ئاستی ناوخۆش ئەو (کودەتا)یەی رۆژی ٢٢ تەممووزی رابردوو لە پەرلەمانی عێراقدا بە هەماهەنگی کۆی لایەنەکانی عەرەبی عێراقی و تورکمانەکان روویدا، ئەوەی سەلماند تەنیا کاریگەرییە دەرەکییەکان نین پرۆسەی کەرکوک دوا دەخەن و ماددی ١٤٠یان بە مەرگ گەیاندووە، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوخۆش پیلانەکان لە نێو جەکمەجەی عەرەبی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی عێراقدا هەمیشە ئامادەیە. لایەنی کوردیی لە بەرامبەر ئەو پێشێلکاریی و کودەتایەی

بەسەر کورددا کراوە، جگە لە چەند خۆپیشاندانێک لە هەندێک شاری کوردستان، هیچ کاردانەوەیەکی وەها کاریگەریی نەبووە، کار بکاتە سەر ئاڕاستەی بڕیار و کودەتای ٢٢ی تەمووزی رابردوو، بە پێچەوانەوە کورد لەم ساتەوەختەشدا هەر خەریکی بالۆرەی پابەندبوون بە دەستوور و سەروەریی یاسایە، ئەو دەستوورەی جگە لە کورد هیچ لایەنێکی بەهێز و لاوازی عێراق نییە پێوەی پابەند بێت، ئەوەتانێ (فریاد رەواندزی) ئەندامی کوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە وتارێکدا بەم جۆرە جەخت لەسەر پابەندبوونی لایەنی کوردیی بە دەستوورەوە دەکاتەوە (کورد قوربانییان بە سێ شۆڕش داوە لە پێناوی کەرکوک، بەڵام هیچ کات ئامادە نین قوربانی بەو یاسا و دەستوورە بدەن کە وا نەخشە رێگای بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک داناوە).

ئەوەش جەخت لێدەکاتەوە کورد جارێکی تر پەنا ناباتەوە بۆ چیا بەڵکو تەنیا پەنا دەباتە بەر ئەو دەستوورەی ئەمڕۆ لە عێراقدا هەیە. بەڵام لەنێو یاساییترین و دەستووریترین ئۆرگانی حکومەتی عێراقدا، دەستوور پێشێل دەکرێت، ئیتر کورد هانا دەبات بۆ کوێ؟ ئایا هانا دەبات بۆ دادگای باڵای فیدراڵی؟ ئەی بۆ ئەو پرسیارە لە خۆی ناکات پێکهاتەی ئەو دادگایە چییە و لە کێ پێکهاتووە؟ هەروەک (محەمەدی حاجی مەحموود) سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان وتی: خۆ ئەو دادگایەش دیسان هەر لە عەرەب پێکهاتووە و هەر ئەوان دەیبەنە رێوە. بەڵام پرسیارێکی جەوهەریی خۆی قووت دەکاتەوە؟ ئایا بۆچی ئەم رووداوە (رووداوی ٢٢ تەمووزی رابردوو) بەسەر کورددا تێپەڕی؟ ئایا ئەم رووداوە لە ناکاو بوو؟ ئایا لایەنی کوردیی خۆی ئامادە کردبوو بۆ ئەگەرێکی لەم چەشنە؟. بە بڕوای بەشێکی زۆر لە توێژەران، سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە پرۆسەکانی عێراقی نوێ بە گشتیی و لە دۆزی کەرکوک بە تایبەتی دووربین نەبوون. (فەرید ئەسەسەرد)ی بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان باس لەوە دەکات، لە مێژووی کورددا سەرکردەکانی کوردستان خوێندنەوەی وردیان بۆ چوار هەلی مێژوویی نەبووە و ئەم ئەزموونەی ئەم چەند ساڵەی دوایی عێراقیشی بە هەلی پێنجەم ناوبرد و لەو بارەیەوە دەڵێت (سەرکردایەتی کورد هیچ خوێندنەوەیەکی بۆ ئایندە نەبووە و ئەمە یەکەم جار نییە کورد خوێندنەوەی بۆ ئایندە نەبێت).

هەندێک لە نووسەران و پسپۆرانی بواری کەرکوک پێداگریی لەسەر ئەوە

دەکەن، هەر لە بنەماوە خستنە گرەوی کەرکوک بۆ ناو ماددەیەکی دەستووریی هەڵەیەکی کوشندە بوو، تەنانەت هەندێکیان رایدەگەیەنن نەدەبوو کورد لە ماددەی ٥٨ بەو لاوە چاوەڕێی دەستووری کردبا بۆ گێڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان، چوونکە دەبوو لە دوای دەستی دەستیکردنی عەرەب لە میانەی ئەو ماددەیەوە، کورد هەڵوێستێکی ئاشکرای وەرگرتبا، ئەم بۆچوونە تازە بووەتە بەشێک لە قەناعەتی هەندێ کاربەدەست و بڕیار بەدەستی پارتی و یەکێتی، (ئەدهەم بارزانی) پەرلەمانتاری لیستی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا دەربارەی ماددەی ٢٤، گەیشتە ئەو بڕوایەی داخڵکردنی کەرکوک بۆ ناو شەڕێکی دەستووریی و گرەوی ریفراندۆم هەڵە بووە. ئەوەشی کە دوای بڕیاری ٢٤ی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە کۆی دەنگ بڕیاری گەڕانەوەی کەرکوکیدا بۆ سەر کوردستان، سەرباری ئەوەی لای بەشی هەرە زۆرینەی چاودێران بڕیارێکی ئێجگار درەنگوەختە لە هەمان کاتدا ئەم بڕیارە بە تاکتیکێکی سیاسیی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان تێدەگەن لە بەرامبەر لایەنی عەرەبی تاکو وەک کارتێکی گووشار بەکاریبهێنن لە کاتی هەر پرۆسەیەکی دانوستان و لێک نزیکبوونەوەدا.

دیارە ئەمەش بە بڕوای هەندێک سیاسەتمەدار دەتوانێ تیماری برینەکە بکات بەشێوەیەکی کاتیی نەک لە بنەوە چارەی بکات، بۆیە رەشبینییەکی ترسناک لای زۆرێک لە سیاسەتمەداران لە ئارادایە دەربارەی دۆڕاندنی پرسی کەرکوک. هەرچەندە بەشێک لە بەرپرسانی پارتی و یەکێتی رایدەگەیەنن رێگە نادەن بە هیچ کەسێک لەمەوبەپاش کاری لەو جۆرە بکەن لە دژی بەرژەوەندییەکانی کورد، هەروەک ئەم بۆچوونە لە وتەی (د.محەمەد ئیحسان)ی وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم جەختی لێکراوەتەوە کە ناهێڵن چیدی تەوافقات لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی کورد و پێشێلکاریی مافەکانی کورد لە عێراقدا روودات، بەڵام راستی واقیع و ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراقدا دەگوزەرێت پاڵپشتی لەم دەربڕینانە ناکات یان پشتڕاستی ئەم بۆچوونانە ناکاتەوە. بە کورتی دەرچوواندنی ماددەی ٢٤ ئەگەرچی سەرەنجام بە فەشەلیش بگات سەرەتایەکی ترسناکە لە دەرهێنانی کەرکوک لە ژێر دەستی کورد، هەر ئەوەی رۆژی ٢٢ی تەمووزی رابردوو وانەیەک بوو کە عەرەبی عێراقی ناهێڵن و نایانەوێ کەرکوک بگەڕێتەوە بۆ سەر کوردستان. ئێستاکە چارەنووسی کەرکوک ونە و بەپێی هەموو پێوەرە سیاسییەکان تاکو هەنووکە کورد لە مەسەلەی

کەرکوکدا هەر دۆڕاو بووە و ڕەنگیشە بۆ هەمیشە بدۆڕێت، واقیعەکان ئەوە نیشان دەدەن کەرکوک بۆ کورد وەک ئەندەلوسی لێدێت بۆ عەرەب، بەڵام کورد کەرکوک دەدۆڕێنێت بە ئاشتی و بە ناوی دەستوورەوە، لە کاتێکدا عەرەب دوای جەنگێکی خوێناویی ئەندەلوسی لە دەستدا.

ئەم وتارە لە ژمارە (٥٤)ی گۆڤاری (نێوەند) لە مانگی ئابی ٢٠٠٨ بڵاوبووەتەوە.

# لە پەراوێزی ململانێی پارتی و پەکەکەدا شەڕی عوسمانلی و سەفەوی بە وەکالەت

پارتی و پەکەکە هێندەی جیاوازییەکانیان خاڵی ناوکۆیی و لێکچووی زۆر لە نێوانیاندا هەیە. هەردوولا خاوەنی کاریزمای تەوتەمئاسان و مەیلی سەرکردەپەرستی تیایاندا زاڵە، هەردوولا گووتارێکی ستالینیستانەیان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆی هێزە سیاسییەکانی تر، ئەویش ئەوەیە: پاکتاوکردن یان رادەستبوون. وەک یەک دوو هێزی تۆتالیتێر و تاکڕەهەندن، سەرچاوەی ئایدیا و بیرکردنەوەیان بیروڕای سەرکردە یان رابەرێکە نەک هزرێکی سیاسیی دیاریکراو. وەک یەک مەیلی پاوانخوازیی بووە بە هەموو ئەجیندایان، لە کن هەردوو هێزەکە ئەوەی حسابی لەسەر ناکرێت ویست و رای تاکەکەسە، چوونکە هەموو شت لە قووچەکەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ خوارەوە. هەردوولا کۆمەڵێک پاساو و بەهانەی نیشتمانی و نەتەوەیی دەکەنە سترۆکتۆری رەواییدان بە سیاسەتی داپڵۆسین. وەک یەک مامەڵەی توند دەکەن لە هەمبەر رەخنە و دەنگی نارەزایەتی ناوخۆیی و دەرەکی.

ساڵانێکی زۆر یەکێتی نیشتمانی ئەو مەیلە پاوانخوازییەی هەبوو بە تایبەت لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بۆ مۆنۆپۆڵی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان. لەم سۆنگەوە یەکێتی چەندین شەڕی گەورەی لەگەڵ کۆی حزبەکانی تری ناو مەیدانەکە هەڵگیرساند و توانی بەشێوەیەکی رێژەییش سەرکەوتنی بەرچاو بەدەستبهێنێت. دوای راپەڕین تاکە هێزێکی گەورە کە ئاستەنگی بەردەم خەونە پاوانخوازییەکانی یەکێتی بووبێت لە باشووری کوردستان، تەنیا پارتی بوو، ئەمیش هێزێکی هاوشێوەی یەکێتی پاوانخواز بوو و دەیویست بەهەر نرخێک بووە کوردستان بکاتە وڵاتێکی

دیکتاتۆریی یەک حزبی و یەکڕەنگی، هەروەک ئەمە هەمان ئەجێندای یەکێتیش بوو، بەڵام دوای ڕووداوەکانی ٣١ی ئاب، هاوکێشەکە بە تەواوەتی گۆڕا، یەکێتی لە هێزێکی هێرشبەری پاوانخوازەوە بوو بە هێزێک کە بەرگریی لە قەوارەی خۆی بکات و واز لە هەر خەونێکی پاوانخوازیی بهێنێت.

لەگەڵ پرۆسەی ئازادیی عێراق و چوونی مام جەلال بۆ بەغداد، دەرفەتێکی تر بە رووی ناکۆکییەکانی ناو یەکێتیدا کرایەوە، ئیدی دابڕان و باڵباڵێنی یەکێتی هەموو خەونە پاوانخوازییەکانی ئەو حزبەی خستە تابوتەوە، پاشتر بە جیابوونەوەی گۆڕان، بە تەواوەتی خەونی پاوانخوازیی یەکێتی لە گۆڕنرا. ئێستا یەکێتی هێزێکە هێندەی لە سەنگەری بەرگرییدایە تاکو بەم قەبارەیەی ئێستای خۆیەوە بمێنێتەوە، هیچ کات لە هەوڵی ئەوەدا نییە هیچ نەبێت لەم قۆناغەدا مۆنۆپۆڵی هەموو باشووری کوردستان بکات، بەڵکو هەموو هەوڵێکی لەوەدا چڕ کردۆتەوە زۆنی سەوزی پێشووی لە دەستدا بمێنێتەوە، بۆیە رۆڵی یەکێتی لە شەڕی جەمسەرەکان و ئەنگێزەی پاوانخوازییدا رۆڵێکە لە پەڕاوێزدا، یان ئەکتەرێکی کۆمبارسی ئەو شانۆگەرییەیە عوسمانییە نوێیەکان و سەفەوییە تازەکان لەسەر سەحنی کوردستان وازی دەکەن.

هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانیشە هێزێکی پۆپۆلۆیست و بێ ناسنامەیە، ئەو قورساییەی نییە ببێتە تەرەفێک لە شەڕی جەمسەرەکاندا و بەشدارییەکی ئەکتیڤی تێدا بکا، هەڵبەتە لەم قۆناغەدا لە بەرانبەر پاوانخوازیی پارتیدا لە یەکێتی ئەکتیڤترە، بەڵام یەکێتی و گۆڕان وەک هامشی پەکەکە لە بەرانبەر پارتیدا دەردەکەون نەک وەک دوو هێزی خاوەن پلاتفۆرمی سیاسیی سەربەخۆ، بزووتنەوەی گۆڕان حزبێکی بێ چارەنووسە لە هاوکێشەکانی داهاتوودا، دوور نییە وەک حزبی ئایندە و ئاڵای شۆڕش و پارتی کار، لە زەمەنێکدا خۆی حەل نەکات بە گەڕانەوە یان یەکگرتنەوە لەگەڵ یەکێتی، یان دوای نەوشیروان مستەفا دووچاری لێکترازانی گەورە دەبێتەوە بە هۆی ئەوەی یەک روانگەی سیاسیی هاوبەش نییە ئەو هەموو ناکۆکیی و فرە ئایدیالییەی نێو گۆڕان کۆ بکاتەوە.

ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانەکەدا کێشمەکێش دەکەن وەک دوو کارەکتەری سەرەکیی، پارتی و پەکەکەن. ئەم دوو هێزە وەک وتم دوو هێزی پاوانخوازی مەترسیدارن، کە جگە لە رەنگی خۆیان هیچ دەنگ و رەنگێکی دیکە قبوڵ ناکەن. بۆ وێنە لە رۆژئاوای کوردستان باڵی پارتی «ئەنەکەسە» قەدەغە کراون و زیندانەکانی

یەپەگە پڕکراون لە کادرە چالاکەکانی ئەو ئەنجوومە، کەناڵی رووداو قەدەغە کراوە، بەڵام دوای ٤٠٠ شەهید یەپەگە «مەنبەج»یان رادەستی رژێمی سوریا کردەوە، تا ئێستاش پەیکەرەکانی حافز ئەسەد لە ژێر قەڵەمڕەوی یەپەگە وەک خۆیان بێ دەستکاریی ماونەتەوە، بەڵام لە شاری عامودا هەڵمەتی سووتاندنی ئاڵای کوردستانیان دەستپێکرد!، لەلای پارتیشەوە بارەگاکانی پەکەکە داخراون لە زووەوە، هەڵسوڕاوانی پەکەکە و تەڤگەری ئازادیی رۆژانە دووچاری زیندانیکردن دەبنەوە، پەیامنێری تەلەفزیۆنێکی پەکەکە بەناوی «ویدات» بەشێوەیەکی سیستماتیکراو لە ژێر قەڵەمڕەوی پارتیدا شەهید کرا، رێگە لە میتینگ و ئاکسیۆنی ئاپۆچییەکان گیرا لە شاری هەولێر، بەڵام لە بەرانبەردا چەندین بارەگای ئەرتەشی تورک و میت بە ئازادانە کاری سیخوڕیی خۆیان دەکەن.

لە هەمووی تراجیدییتر ئەوەیە، ئەم دوو هێزە «پارتی و پەکەکە» لە گەمە ناوچەییەکەدا دابەشبوون بەسەر هەردوو جەمسەری ئێرانی و تورکیدا. یان راستتر بڵێم گەڕانەوەیەک هەیە لەلایەن ئەو دوو هێزەوە بۆ زەمەنی ناکۆکیی میرنشینە کوردییەکان و ساتەوەختی پەیماننامەی چاڵدێران کە تێیدا کوردستان بەسەر سەفەوی و عوسمانلیدا دابەشکرا. ئاشکرایە پارتی رێکەوتنی لەگەڵ تورکیا واژۆ کردووە بۆ فرۆشتنی نەوت بەو دەوڵەتە تاکو ماوەی پەنجا ساڵ، هەرچی پەکەکەشە لەوەتی رێککەوتنی لەگەڵ ئێران نوێ کردۆتەوە چالاکی «پژاک»ی سڕ کردووە! جێی پرسیارە لەوەتی شەڕی سوریا هەیە هێزێکی چەکداری رێکخراوی وەک پژاک تەنیا یەک فیشەکیشی نەناوە بە ئێرانەوە! هەر هەڵبژاردنی جەمیل بایک وەک سەرۆکی کۆما جڤاکین کە کوردێکی عەلەویی شیعە مەزهەبە مەدلولاتی سیاسیی خۆی هەیە، رەنگە یەکێک لە مەغزاکانی دڵنیایدان بێت بە ئێران.

ناکۆکی پارتی و پەکەکە، هیچ پەیوەندییەکی نییە بە پرسی نەتەوەخوازییەوە، شەڕی ساردیان کە هیوادارم نەگاتە پێکداهەڵپڕژان و پێکدادانی سەربازیی، پەیوەندیی هەیە بە شەڕی عوسمانلی و سەفەوییەوە، پەیوەندیی هەیە بە نەزعەی پاوانخوازیی ئەو دوو هێزە کە دوو هێزی کۆنسەرڤاتیستی کوردستانن. لێرەدا دەتوانین هێما بکەین بۆ رۆژئاوای کوردستان، کە پارتی دەیەوێ بۆ دڵڕاگرتنی تورکیا لە ژێر دەستی یەپەگە دەریبهێنێت، تاکو لە ئەگەری دابەشبوونی ناوچەکە ئەو بەشەی کوردستان نەبێتە جێگەیەک بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکانی تورکیا، هەرچی یەپەگەشە «وەک

باڵی سوریای پەکەکە» دەیانەوێ بە ئەجیندای ئێرانی ڕێگە بگرن لە دابەشبوونی سوریا، هەربۆیە شتێک لە ڕۆژئاوا نەماوە بە ناوی «کوردستان» بەڵکو زاراوەی «کەنتۆن» جێی ناوی کوردستانی گرتۆتەوە، لە ئەدەبیاتی سیاسیی یەپەگەشدا باس لە هیچ قەوارەیەکی کوردیی نەکراوە، ئەگەر پارتی بیەوێ بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە سوریا بپارێزێ، ئەوە پەکەکەش خواستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێرانی لە سوریادا هەیە.

سەبارەت بە شەنگالیش کە پەکەکە دەیویست بیکاتە کەنتۆنێک، دیسان ئەمەش هەر هەوڵێکی تری ئێران بوو، تاکو بگەنە بن لووتی تورکیا، لەو ڕێگەیەشەوە دەروازەیەکی نزیکتر بۆ گەیاندنی یارمەتی بۆ ڕژێمی سوریا دەستەبەر بکەن. دواجاریش بۆ تەواوکردنی نیوە مانگی شیعە «هلال الشیعی»!! دژایەتیکردنی پارتیش لەو دیدگایەوە بوو تورکیا نەیدەویست لە نزیک سنوورەکانییەوە کەنتۆنێکی سەر پەکەکە وەک پایەگایەکی ئێرانی لە ئارادا بێ، بۆیە ناکۆکیی پارتی و پەکەکە لەسەر کەنتۆنی شەنگال لە سترۆکتۆرەوە ناکۆکیی ئێرانی- تورکی بوو، بەڵام رووپۆشکرابوو بە پرسە نەتەوەییەکان لەلایەن هەردوو لاوە.

ماوەتەوە بڵێم پاساوی پارتی و پەکەکە بۆ ناکۆکی و شەڕکردن لەگەڵ یەکتر، بارۆمەترێک نییە راددەی نەتەوەییبوون و خەمخۆریی هیچکامیان نیشان بدات بۆ دۆزی نیشتمانی، بە پێچەوانەوە وەک لە سەرەتاشەوە چەند جار ئاماژەم بۆ کرد هەر ناکۆکی و شەڕێک لە نێوان ئەو دوو هێزە زیاتر فاکتۆری دەرەکی و خەونی پاوانخوازیی رۆڵی تێدا دەگێڕێ، ئەگەرنا لە دیتنی مندا نە پەکەکە لە پارتی نەتەوەییترە نە پارتیش لە پەکەکە پەرۆشترە بۆ دۆزی کورد. لە ئەگەری هەر شەڕێکدا ناتوانین بڕوا بە هیچ پاساوێک بکەین، چوونکە لە ئێستاوە بەرچاومان روونە داگیرکەرانی کوردستان چ سەفەوی و چ عوسمانی، دەیانەوێ شەڕی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە دەرەوەی وڵاتەکانیان و لەسەر خاکی کوردستان بکەن، وەک روونە جارێکی تر نەخشەی ناوچەکە لەلایەن زلهێزە جیهانییەکانەوە دادەڕێژرێتەوە، چ ئێران، چ تورکیا دەخوازن بە کەمترین زیان لەو پرۆسەیە دەربچن لەسەر حسابی کورد، ئەو دوو هێزەش «پارتی و پەکەکە» وەک دوو مقاش بۆ بەرژەوەندییەکانیان بەکاردەهێنن، بەڵام هەر کات ئەو دوو دەوڵەتە «تورکیا و ئێران» هەر چەشنە ڕێکەوتننامەیەک بهێنە ئاراوە لە نێوانیان، هەردوو لایەنی پەکەکە و پارتی، ئەگەر تووشی ئاشبەتاڵ

نەبن دەبێت بچنە قۆناغی متبوونێکی دوور و درێژەوە، بەمەش تاکە زیانمەند بە پلەی یەکەم دۆزی نەتەوەیی کورد و هاوولاتیانی کوردستان دەبن.

٣-٣-٢٠١٧

نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

ئەڵمانیا - بیلەفێلد

# کاکە حەمە کورد قەرزار دەکات!!!

بەڕێز (محەمەدی حاجی مەحمود) سکرتێری پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لە وتەیەکیدا لە بەردەم جەماوەری دەڤەری سۆران، بە تێر و تەسەلی تیشکی خستەسەر پرسی هەڵبژاردن لە عێراق و کوردستاندا. بەڕێزیان لە بەشی کۆتایی وتەکەیاندا ئاماژەیان بەوە کرد (پێویستە کورد ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئەمەریکییەکان ببەستێت و بەروبوومی پەنجا ساڵی داهاتووی کوردستان بدرێت بە ئەمەریکییەکان لەبری پارێزگاریی کردنمان)*. هەر گوێم بەر ئەم پەیڤانە کەوت تووشی شۆکێکی گەورە بووم! پێم سەیر بوو ئەمە لۆژیکی سیاسییەکی کورد و سکرتێری پارتییەک بێت!!!. ئەم لۆژیکەی کاکە حەمە بە هیچ کلۆجێک لەناو پانتاییە سیاسییەکاندا جێی نابێتەوە، ئەم لۆژیکە ڕەواییدانە بە داگیرکاریی و بزووتنەوەی بوژانەوەی نیو کۆلۆنیالیزم.

من پرسیار لە کاکە حەمە دەکەم بۆچی و بە چ مەبەستێک بەروبوومی پەنجا ساڵی ئەم وڵاتە بدرێت بە ئەمەریکییەکان؟ ئایا هەر ئەوان نەبوون حاشایان لە هەموو ئەو تاوانانە کرد لەلایەن عێراق و ئێران و تورکیاوە بەرامبەرمان ئەنجام دەدرا؟ ئایا ئەوان نەبوون لەسەر مێزی سەدام و شای گۆڕ بە گۆڕ ڕێکەوتننامەیان لە دژ مۆر کردین و کردیانین بە پەندی زەمانە؟! هەر ئەمەریکا و کۆشکی سپی نەبوو هاوکار و پشتیوانی یەکەم و کۆتایی سەدام حسێن و بەعس و ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی ڕۆژهەڵات بوو؟!. ئایا ژەنەراڵەکانی ئەمەریکا نەبوون ئوسامە و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانیان دروستکرد دژی پڕۆژەی سیکۆلاریزم لە ناوچەکەدا؟، ئەی ئیتر کاکە حەمە بۆ دەیەوێ کورد قەرزار بکات بەوەی ئەمەریکییەکان هاتوون بۆ پاراستنی سەر و گیانی ئێمە و ڕزگاریان کردووین لە دیکتاتۆرییەت؟!. باشە ئەگەر ئەمەریکا دۆستی گەلی کورد و گەلانی دی عێراق بوو، سەدام و ڕژێمەکەی

لە ساڵی ١٩٩١ لە غەرغەرەی مەرگدا بوون و نوقمی رق و تووڕەیی هەموو گەلانی عێراق ببوون، ئەدی ئەمەیکا بۆچی کۆتایی بە پرۆسەی گەردەلوولی بیابان هێنا و رەواییدا بە بەعس بۆ سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی مەشخەڵی راپەڕین لە کوردستان و لە باشووری عێراق؟ ئاکامی ئەوەش کوژرانی دەیان هەزار کەس و کۆڕەوی ملیۆنیی کورد و وشککردنی زۆنگاوەکانی باشووری لێکەوتەوە.

ئەگەر ئەمەریکا دۆستی ئێمەیە و ئامانجی بڵاوکردنەوەی ماف و دادپەروەرییە؟ ئەی بۆچی بەرامبەر کۆمەڵی نێودەوڵەتی پاکانەیان بۆ سەدام کرد و خنکاندنی پێنج هەزار هەڵەبجەییان بە گازی خەردەل و سیانید پەردەپۆش کرد؟ ئەی ئەگەر ئەمەریکا پارێزەری مافی گەلانی ستەملێکراوە بۆچی بێدەنگی هەڵبژاردووە لە بەرامبەر کوشتن و سووتاندن و سەربڕینی کورد لە حەویجە و موسڵ و ناوچە عەرەبییەکانی تر؟!! خۆ ئەنفال هۆلۆکۆستی کۆتایی سەدەی بیستەم بوو، ئەی زومی کامێرای میدیای ئەمەریکیی و ویژدانی هەڵۆکان و هەڵوێستی سیناتۆرەکانی کۆنگرێس لە کوێ بوو؟ ئەی ئەگەر ئەمەریکا فریشتەیە و مەهدی چاوەڕوانکراوە بۆچی دەیان ساڵە چاوپۆشیی دەکات لە چەندین گروپی توندڕەو و تیرۆریست و دژی گەلەکانیان هانیان دەدات؟ من لە کاکە حەمە دەپرسم ئایا بەروبوومی پەنجا ساڵی ئەم وڵاتە بدرێ بە هێنری کیسنجەر یان پۆڵ هارڤی؟ بدرێت بە تیرۆر و سەرکوتکردنی مافەکانی کورد لە سایەی عێراقدا؟ بدرێت بەو ئەمەریکایەی لەسەر حیسابی کورد تەنازولی کردووە و بەردەوام دەیکات بۆ مەلا عەلی سیستانی و موقتەدا؟.

بدرێت بەو وڵاتەی چەپڵەی شادیی بۆ رێکەوتنە شوومەکەی جەزائیر لێدا و وەک نەبەردیی لە قەڵەمی دا؟. بدرێت بەو بەناو دۆستە دڵڕەقانەی لەنیوە شەودا پشکۆبارانمان دەکەن و خەوی شیرینی سەربەخۆیی وڵاتمان لێ دەزڕێنن؟!!. بدرێت بە مافیا و چەتەکانی پێترۆڵ و میتاڵ؟ سامانی کورد بدرێت بەو ئەمەریکایەی بە خواستی نەتەوەیی کورد دەڵێت نیمچە ئۆتۆنۆمی و بە قسەی سیناتۆر (لۆگەر)یش دەبێت سیستانی و هاوەڵەکانیشی پێی رازی بن؟!! کەواتە کامەیە مانای هاوپەیمانێتی ئەگەر مافەکانمان رەوانەی ئەشکەوتی تاریکی عەقڵی سیستانی و مەرجەعەکان بکەن؟ ئایا ئەو بەروبوومە بدرێت بەو پیاوماقووڵانەی بە بێ هیچ بەهانەیەک لە بەشی ناوخۆیی قوتابیان دەدەن و هاوپەیمانێتی ئەتک دەکەن؟. ئایا بدرێت بەو ئەمەریکایەی کەرکوکی کردووەتە قۆچی قوربانیی و تورکیای دڵنیا کردووەتەوە

لەوەی کوردەکان خەیاڵپڵاویی دەکەن لە مەسەلەی کەرکوکدا؟ ئایا بدرێت بەو مارێنزە گەجەر و گوجەرانەی بە رۆژی رووناک ئاڵای پیرۆزی کوردستان ئەتک دەکەن و دایدەگرنە خواریێ؟ ئایا بدرێت بەو سیاسەتەی تاکو عێراق لەسەر دەستی کورد دروست دەبێتەوە ئیمزای (سیڤەر)مان بۆ دەکەن، بەڵام هەر عێراق هاتەوە سەرخۆی بە (لۆزان)ێکی تر مێژوومان بەسەردا دووبارە دەکەنەوە؟.

من بە کاکە حەمە دەڵێم ئەوە ئەمەریکایە قەرزاری گەلانی ناوچەکەیە بە گشتیی و کورد بە تایبەتی، ئەوە ئەمەریکایە دەبێت داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات و قەرەبووی زیانەکانی بۆ بکاتەوە و دان بە تاوانەکانیدا بنێت لە رێکەوتنی شوومی جەزائیر و چاونوقاندنی لە نەهامەتی و کارەساتەکانمان، ئەوە ئەمەریکایە قەرزاری بێدەنگییەتی لە تاوانی دیکتاتۆرەکان، ئەو دەبێت بتپارێزێت و داهاتی تایبەتی خۆیت بۆ خەرج بکات نەک سەروەتی وڵاتەکەت بکەیتە دۆلار و بیخەیتە باخەڵی بوش و پاوڵ و رایس و رامسفێڵدەوە. ئەم سیاسەتکردنەی کورد لەسەر عاتیفە و بەشێوەی عاشقانە یەکێکە لە فاکتۆرە هەرە گرنگەکانی بە «با»چوونی کۆی شۆڕش و راپەڕینە نیشتمانیی و نەتەوەییەکانی کورد، هەر ئەمەش هۆکارێک بوو چل ملیۆن کورد بە درێژایی مێژوو بێ دەوڵەت بمێننەوە. ئاخر کورد تاکو ئێستا دوو سیاسەتمەداری پراگماتیکی تێدا هەڵنەکەوتووە، بۆیە ئاکامی تێکڕای شۆڕشەکانمان شکست و ئاشبەتاڵ بووە.

دووبارە لە کاکە حەمە دەپرسم کامە بوو دەستکەوتەکانی هاوپەیمانی کورد-ئەمەریکا؟ کامە بوو ویژدان و هەستی لێپرسراوییان؟ ئایا ئەوەبوو ناچارمان دەکەن فیدراڵیەتی پارێزگاکان قبوڵ بکەین؟ یان ئەوەی فشارمان دەخەنە سەر تاکو لە چوارچێوەی عێراقی سیستانی و سەدر و زەرقاوی و هەزارەها جرۆجانەوەری تردا بمێنینەوە؟ هەموو ئاماژە و پێشهاتەکان پێمان دەڵێن ئەمەریکا ئەو دۆستە نەبوو لێمان دەڕوانی، بەڵکو ئەو درێژە دەدات بە جۆرێکی تر لە ئیمپریالیزم و گوشینی ئابووری وڵاتان و دروستکردنی بازاڕ بۆ کاڵاکانی خۆی، ئەو هاتووە خام بدزێت و بیکاتە چاکەی هەمیشەیی بەسەرمانەوە. من کاکە حەمە لەوە دڵنیا دەکەمەوە نیوەی ئەو سەروەتە نەک بۆ پەنجا ساڵ بەڵکو بۆ بیست و پێنج ساڵ «واتە بەنیوە قیمەت» بدە بەم دەسەڵاتە نوێیەی عێراق یان هەر دەوڵەتێکی تر نەک پارێزگارییت دەکات بەڵکو دوای ئەوە مافی دەوڵەتت دەداتێ بە کەرکوکیشەوە! لە کۆتایشدا هەر ئەوەندە

دەڵێم کاکە حەمە گیان، ئەوە تۆ و هاوڕێ پێشمەرگەکانت بوون لە پارتەکانی تر بە بەرخودان و خەباتی خۆتان کوردستانتان رزگار کرد نەک مارینزی ئەمەریکی، کەواتە شەرمی بۆچییە ئەمەریکا قەرزاری کوردە نەک بەپێچەوانەوە؟.

*رۆژی ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ محەمەدی حاجی مەحمود لە شاری سۆران ئەم وتەیەی پێشکەش کرد.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢٢)ی رۆژنامەی (هاوبیر) لە رۆژی ٢٠٠٥\١\٢٧ بڵاوبووەتەوە.

# ئێمەی کورد و برا عەرەبەکانمان!!

لە دوای نۆی نیسانەوە پرسی کورد وەک یەکێک لە گرنگترین پرسەکانی ئەمڕۆی عێراق بووەتە جێگەی مشتومڕ و ناکۆکیی و مقۆمقۆی سەرجەم هێزە عەرەبەکان و لەمسەری راستیانەوە بۆ ئەوسەری چەپیان بە چاوێکی شۆڤێنیانە دەڕواننە ئەم پرسە. بە راشکاویی دەیڵێین ئەگەر لە بوونی ئەمەریکییەکان نەترسابان ئەوە هەر ئێستا ئاگری شەڕی تائیفی و نەتەوەییان لە عێراقدا هەڵدەگیرساند، ئەو بەرهەڵستکارانەی تاکو رۆژی (٢٠٠٣\٤\١٨) لەسەر خاکی کوردستان دەژیان و سوودیان لە فەزای ئازادیی دوای راپەڕین وەرگرتبوو، کوردستانیش تاکە رۆشنایی و تروسکاییەک بوو ئەو (برا) عەرەبانە هەیانبوو. کەچی ئێستا لێمان بوونەتە باتمان و تەڕەزان دەبێت بە زۆر مافەکانمان لە ژێر چنگیان دەربێنین، هەتا چوونە ئەودیوی مێزی فەرمانڕەواییەوە نەک فیدراڵی هەیانبوو تەنیا سەربەخۆیی بە حەقی کورد دەزانی و چاوەڕێمان دەکرد ببێتە پاسۆک!، بەڵام ئێستا پێیوایە کوردەکان جیاخوازن و وانەی پاراستنی یەکێتی خاکی عێراقمان پێدەڵێتەوە،! من لێرەوە هەوڵدەدەم پانۆرامای ئەم دوو هەفتەیەی رابردوو بەم شێوەیە دابەش بکەم.

یەکەم– فەلوجە: میدیای شەریفی عەرەبیی و زۆرێک لە عەرەبەکانی ئەمدیو و ئەودیوی ئەنجوومەنی حوکم و بەشێک لە تەشی ڕێسانی بیری شۆڤێنیزمی عەرەبیی بە زۆری زۆردارەکی ویستیان کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بئاڵێننە شەڕی فەلوجەوە، گوایە کوردەکانیش هاوشانی ئەمەریکاییەکان فەلوجەیان رووی نەبێت لە ئاستیاندا کردووە بە گوندی گۆپتە و عەسکەر و هەڵەبجە و هاوولاتیان دەکوژن، ئەمەش دەرخەری نیاز خراپی (برا) عەرەبەکانی عێراق و دراوسێ رەزا قورسەکانمانە، هەر لە ئێستاوە زەمینە سازدەدەن بۆ تێوەگلاندنی کورد لە شەڕێکی ناڕەوا و نابەرامبەرەوە و لەگەڵیدا بۆ ناشیرینکردنی ناوبانگ و سومعەی گەلی

کورد، دواجار بۆ بەردەوامبوونی رەوشی پشێویی و درێژەدان بە داگیرکاریی خاکی کوردستان.

دووەم– سوپا نوێیەکە: گومانی تێدا نییە هەشتا و ئەوەندە ساڵ بوو سوپای گۆڕ بە گۆڕی عێراق جگە لە سەرکوتکردنی کورد هیچ کارێکی تری نەبوو، تا ئەو کاتەی ئەمەریکا لە پرۆسەی ئازادیی عێراقدا ئەو سوپایەی هەڵوەشاندەوە، کورد لە ژیان و چارەنووسی خۆی دڵنیا نەبوو. بەڵام لە سەروبەندی دانەوەی دەسەڵات بە خودی عێراقییەکان خەریکە سوپای نوێی عێراق دروست دەکرێتەوە، کوردیش بە رێژەیەک بەشداریی دەکات لە دامەزراندنەوەی ئەم سوپایەدا، بەڵام قسەکە لەسەر ئەوەیە ئێمە هەشتا ساڵە خەبات دەکەین بۆ ئەوەی لە فەلوجە و سەماوە و بەسرە و فاو و ئومقەسر خزمەتی سەربازیی نەکەین، کەچی کاکی ئەمەریکی و عەرەبە رەشتاڵەکانی ئەنجوومەنی حکوم دەمانکەنەوە بە سەرباز لەو شوێنانە لە پاڵ تیرۆریستەکانی فەلوجە و پیاوەکانی حەوزە و حەوزەکاریی و سوپای مەهدیدا!!. جا کورد بە چ سیقەیەکەوە لەگەڵ ئەمانە سەربازیی بکات و چۆن دڵنیا بێت لە ژیانی خۆی؟ یان ئێمە و ئەوان چی هاوبەشمان هەیە تاکو بە یەکەوە سەربازیی بۆ بکەین؟ کێ ناڵێت ئەو عەرەبەی بە رۆژ سەرباز و پۆلیسە و بە شەو تیرۆریست هەر خۆی نامانکوژێت؟ دەی کەواتە برای کوردی بەڕێزم یاتاغەکەت بپێچەرەوە بۆ سەربازگەی رەشید و (ملازم محسین و رائید تەها) لەوێن و دەست دەکەینەوە بە یەس\ یەمە حەیاتەکە و لەسەر خێر.

سێیەم– ئەنجوومەنی کەرکوک: ئەم شێر و رێوییەی پێ ناوێت کەرکوک خاکی کوردستانە و ناسنامەی نەتەوەیی کوردە، بێجگە لە کورد ئەوی لەوێیە تەعریبکار و داگیرکەرە و هیچ پەیوەندییەکی بە کەرکوکەوە نییە. ئەو مەجلیسەی ئەمڕۆ لە کەرکوک دروستیانکردووە پڕیەتی لە عەرەب و تورانی، کە هەردوولایان خزمەت بە تەعریب و شێواندنی دیمۆگرافی ئەو شارە کوردییە دەکەن. کەچی ئەو برا بەڕێزانە کوفری نیعمەتیان کرد و بە بەشی خۆیان رازی نەبوون و بە خێریش گەڕایەوە بۆیان، چوونکە خاڵە مارێنز بە بەرچاوی بێدەنگی گروپی کوردەوە پیاوەتی کرد بەسەر ئاوی حەمامەوە و رێژەی عەرەب و تورکمانەکانی زیاد کرد!!، کورد تەنیا تەماشای ئەم شانۆگەرییە تراژیدییەی دەکرد و ئەم ناهەقییەش وەک بەفرەکەی پار گوزەشت و هیچ کوردێکی نەهەژاند.

چوارەم– رۆژنامەنووسان: هەرچی کۆنە بەعسی و کۆنە مەعسی دنیا هەیە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەمدرێژانی راگەیاندنی عەرەبیی گەلەکۆمەکیان لە رۆژنامەنووسانی کوردستان کردووە تاکو نەبنە ئەندام لە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانی و سەندیکای سەربەخۆی خۆیان نەبێت لە چوارچێوەی وڵاتەکەیاندا کە کوردستانە، ئاخر ئەگەر ئەمە وەزعی رۆشنبیر و قەڵەم بەدەستەکانیان بێت قوڕ بەسەرمان بۆ شێخ ئەلعەشیرە و نێرگەلەکێشە نەخوێندەوارەکانیان! بە خوا باشە هەر بەچەقۆ زگمان هەڵنادڕن. ئەی ئەمە سەرەتایەکی نوێی عەرەباندن نەبێت چیترە؟ وا بزانم ئەو مافەی ئەوان بە ئێمەی دەبەخشن لای ئێمە زۆرە و بە دەستکەوتی دادەنێین، بەڵام لای ئەوان هەر ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکی شێخ جەعفەرە و تەواو، هەر بۆیە ئەمڕۆ وایانکرد بە رۆژنامەنووسانی کورد سبەینێ نۆرەی حزبەکانە و کار وابڕوات پارتی و یەکێتی سەرلەنوێ دەبێت ناویان بگۆڕن بۆ پارتی دیموکراتی عێراق و یەکێتی نیشتمانی عێراق!!!.

پێنجەم– ئاڵا: ئاڵا نوێیەکەی عێراقمان بینی، تەنیا لە ئاڵای سەردەمی خەلیفەکان و حەبەشەی دێرین نەبێت لە هیچی تر ناچێت، هەرچی بڵێی هێمای کوردە لەو ئاڵایەدا بەدیمان نەکرد، ئەگەر دەڵێن رەنگە زەردەکە هێمای کوردە، ئەی بۆچی تا ئێستا کەس نەیزانیوە هێمای کورد رەنگی زەردە؟ هەر بۆیە داوا دەکەین لە هەر کوردێکی دڵسۆز ئەو ئاڵایە بە بەیداخی خۆیان نەزانن، بەڵکو ئێمە ئاڵای خۆمان هەیە، ئەو ئاڵایەی قازی محەمەدی نەمر گیانی لە پێناودا بەخشی و بە ئەمانەت بە رۆڵەکانی گەلەکەی خۆی بەخشی. هەڵکردنی ئاڵای عێراق لەلایەن هەر کوردێکەوە و لە هەر قۆناغێکدا بێت فۆرمێکی ترە لە جاشێتی و نۆکەرایەتی ئەعرابی غەزەواتچی.

دواخاڵ: ئەگەر ئەمە وەزعی کورد بێت لەگەڵ عەرەبەکانی عێراقدا ئەوە بێگومان لە ئایندەدا زۆر لەوە خراپتر دەبێت، کەواتە تا زووە با فریای خۆمان بکەوین و هەنگاو بنێین بۆ جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراسی لە کوردستان بکەینە ئامانجی ئەم قۆناغەی خەباتمان.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١٦)ی رۆژنامەی (زادگە) لە رۆژی ٢٠٠٤\٥\١٠ بڵاوبووەتەوە.

# دیسان یاریی مار و پەیژەکەی کورد

**کورد میللەتێکە نابێ لێ بگەڕێین لەسەر پێ بوەستێت**
**وینستۆن چەرچڵ**

لە منداڵیدا هۆگری یارییەکی لەعنەتی ببووم، یارییەک لە یادم نییە بۆ تاکە جارێکیش گەیشتبێتمە خاڵی کۆتاییەکەی، ئەو یاریی مار و پەیژەیەیی ساڵانێکی زۆر هاوڕێی ژیانی منداڵیم بوو، مەراقێکی سەر گۆی دڵم بوو، بە درێژیی ئەو ماوەیە کۆشام و فێڵ و تەڵەکەم لە «زار» دەکرد بەشێوەیەکی کۆنکرێتی لە خانەی (٩٧) ی سێ خاڵ پێش کۆتایی، مارە گەورەکە دەیخواردم و سنوورداشی خاڵی نۆی یارییەکەی دەکردمەوە. بە هەمەحاڵ ئەو یارییە پێش ئەوەی سەرکەوتنی تێدا بە دەستبهێنم کۆڵی پێدام، هەنووکە کە دەتوانم زاڵ بم بەسەر نارەحەتترین یارییەکانی پلەی ستەیشندا، ئەو یارییە هەر زەلاتەیە، بەڵام لەوەتی من بیر دەکەمەوە و مێژووی دێرین و هاوچەرخی کورد دەخوێنمەوە، ئەو مارەی پێش خاڵی کۆتایی هەموو شۆڕش و قوربانی و دەستکەوتەکان قووت دەدات و لە خاڵی نۆ و زۆر جاریش لە خاڵی سفر دەیتفێتەوە و فڕێی دەدا. ئەوەندەی لە خۆم رادەبینم تاقەت و ئارەزوویەکی بێ راددەم هەیە بۆ خوێندنەوە و قووڵبوونەوە لە مێژوو، لەوەتی کوردیش نێوی لە مێژوودا تۆمار کراوە، جارێک نییە توانیبێتی لە بازگەی ئەو مارە زەبەلاحە قوتار بووبێت یان غافڵگیری بکات و لەمەرزی مەترسیی وەپەڕێتەوە.

هەرچەند ئەوە زۆر گرنگ نییە جارێک ئەم مارە عوسمانی و جارێکی تر سەفەوی یان ئینگلیز یاخۆ عەرەب بوو بێت، ئەمە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، بەڵام گرنگ کاریگەریی قووتدان و پێوەدانەکە بووە. لەو رۆژەوەی راپۆرتە هاوبەشەکەی جیمس بیکەر- لی هاملتۆن بڵاوبۆتەوە و نووسەرانی کورد لەم پەڕاوێزەدا لێکدانەوەی هەڵە

و نابابەتی بۆ دەکەن، ئەو شعورەم لەلا دروست بووە رەنگە دیسان کورد لە یاریی مار و پەیژەکەدا گەیشتبێتە خانەی ٩٧ و لای مارە زەبەلاحەکە. خەڵکانێکی ساویلکە هاتن وتیان نا، بیکەر- هاملتۆن سەد پرۆژەی وەهاش پێشکەش بکەن سەرۆک بوش بە قسەیان ناکات! بۆ نا، بۆچی خۆ ئەیمەن زەواهیری پرۆژەی پێشکەش بە بوش نەکردووە، بەڵکو بیکەری نووسەری کتێبی (سیاسەتی دیپلۆماتی) و پلاندانەری هەرە وریا و زیتەڵەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پێشنیار دەکات! عەجەبا چی بووە، بوش بە قسەی نەکات؟ لەوانەیە ئەو برادەرانە وا بزانن بوش، وەک سیاسییەکانی ئێرە بە گوێی کەس ناکات، جا ئەو کەسە سیاسییەکی هۆشمەند یان نووسەرێکی بە ئاگا یان هاوولاتییەکی ئاسایی بێت. با ئێمە خراپترین ئەگەر و لەوانە هەڵبژێرین، گریمان بوش لە ئەلفەوە تا یێ پرۆژەکەی بیکەر- هاملتۆنی پەسەند کرد، کەواتە کورد لەم حاڵەتی کار لە کارترازانە دەستی لە بنی هەمبانەکەوە دەردەچێت و ئەزموونەکەشمان سیاسییە بازرگانەکانی ولات خۆش.

بە قەناعەتی من پرۆژەکەی بیکەر- هاملتۆن لە یەکێک لە رەهەندەکانیدا بە مانای کورتکردنەوەی دەست و سنووردارکردنی پێگەی کوردە، ئەگەر جێبەجێش نەکرێت هەمووان دەگەیەنێتە ئەو بڕوایەی ئیتر باوی ئەو بالۆرەیە نەما: ئەمەریکا دۆستی جاویدانی و کۆنکرێتی کوردە، دەشێ سبەینێ کاتێک لە خەو رابووین ئەمەریکا بە دەبابەوە بێتە سەرمان و تورەکە لەسەری بەرپرسەکانمان بنێت. هیچ شتێک لەم جیهانە ئاڵۆزاوەدا موستەحیل نییە بە خودی موستەحیل خۆیشییەوە!. لە هەمان کاتدا ئەوە وەک مانگی چوارەدە لە ئاسمانی سیاسەتی دەولیدا بە دیار کەوت، سووننە و پاشماوەکانی سەدام و ئەلقاعیدە و ئێران و سوریا هەڕەشەیەکی بچووک نین بەڵکو دەتوانن زۆر کارا پێشڕەوییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا پەک بخەن. ئەوەشی جێگەی سەرسوڕمانە! دەسەڵاتی کوردیی تازە بە تازە دەهۆڵ و زوڕنای گەڕانەوە بۆ لای جەماوەر دەکوتێت، ئەو جەماوەرەی گووللەی پێوەنرا لە وەختی خۆپیشاندانەکاندا، ئەو جەماوەرەی لەبەر بێ کارەبایی وەک قازی کوێر رۆژ دەکاتەوە، ئەو جەماوەرەی نە ئاو، نە سووتەمەنی، نە زەمانەت، نە هیچ مافێکی هەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە.

نازانم دەسەڵاتی کوردیی بە چ حەیایەکەوە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ جەماوەر دەکات تاکو بتوانێت هێز و وزەیان لێوەربگرێت لەم تەنگەبەرییەدا کە ئەمەریکا

بۆی دروستکردوون؟ بەڵام زیاتر لە جارێک لەلای خۆمەوە دەهزرێم و ئەو خەیاڵە قانگم دەدات، دەسەڵاتی کوردیی لە رووی سایکۆلۆژییەوە لە پیاوێکی سایکۆپات دەچێت، چون بە پێی لێکدانەوەی دەروونیی کەسێتی سایکۆپاتی لە کاتێکدا رووبەڕووی مەترسیی و سزا و زیندان دەبێتەوە لە بە هۆکاری خووە ناباوەکان و لادانە کۆمەڵایەتییەکانی، بڕیار دەدات واز لە هەموو ئەو نەریتانە بهێنێت و بە جیددیش بڕیار دەدات، بەڵام هەر هەوری مەترسییەکان رەوینەوە لەسەر پرنسیپی پەندە عەرەبییەکە (عاده الحليمه الى عادتها القديمه) هەراشانەتر لە جاران بۆ خووە نامۆکانی دەگەڕێتەوە وەک ئەوەی نە «با»ی دیبێت نە بۆران.

ئەم دەسەڵاتەش هەر تێیدەگیرێ فەرهاد سەنگاوی دەهێنێت فوو بە شەیپوورەکەدا دەکات و هەر کە دنیاش بووەوە بە ساماڵ و مەترسیی لەسەر نەما، نە بای دیووە و نە زریان، بەڵکو لە میللەت فلیقانەوەدا شارەزایی و پسپۆریی زیاتر وەردەگرێت. هەنووکەش دوای راپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆن دەسەڵات هەمان ئەو یارییە دەبارە کراوەیە دەکات!. دواجار ئەوەی دەکرێت لە کۆتاییدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەمەیە، لە راستیدا ئەگەر ئەو راپۆرتە بووە بڕیار و ئەجیندای سیاسەتی دەرەوەی یەکەم کەس و گروپ کە لێی زیانبار دەبێ بێگومان کوردە و رەنگبێ رەوڕەوەی مێژوو بگێڕێتەوە بۆ ساڵانی پێش بەیاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠. ئاخۆ تۆ بڵێی ئەو وتەیەی چەرچڵ وەک لە سەرەتاشەوە هێمامان بۆ کردووە دوای هەشتا و ئەوەندە ساڵ هێشتا مەفعولی مابێت و نەیەڵن کورد ببێت بە هیچ؟ یان بە زمانە میللییەکە ئایا ئەم جارەش ئەمەریکا بە شوویداین؟.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣٤)ی رۆژنامەی (نیوەند) لە رۆژی ٢٠٠٦\١٢\١٩ بڵاوبووەتەوە.

# هەڵەبجە برینێکی قووڵ لە مێژووماندا

بە بێ ئەوەی بێمە سەر چۆنێتی کیمیایی بارانکردنی شاری هەڵەبجە و مەحکومکردنی ئەو تاوانە گەورەیە!. دەخوازم لەو گۆشەنیگایەکی جیاوازترەوە لە هەڵەبجە بدوێم، ئاخۆ هەڵەبجە چ شتێکی بە کورد و بڕافە رزگاریخوازەکەی بەخشی؟ بە پێچەوانەشەوە بڕاڤی کورد چی بۆ هەڵەبجە کرد؟. بە داخەوە! هەڵەبجە بەو تراژیدیا گەورەیەی بووە ناسنامەی کوردستان، هەر ئێستا لە دنیا یەکێک لەو شتانەی کوردی پێ دەناسرێتەوە هەڵەبجەیە. هەڵەبجە سنووری دۆزی کوردی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک و ناوخۆیی تەنانەت هەرێمایەتیدا تێپەڕاند بۆ دۆزێکی نێونەتەوەیی و جیهانیی. هەڵەبجە ئەو پەڵە شەرمەزارییە بوو بەنێو چەوانی سەرانی بەعسەوە کە بووە یەکێک لە پاساوە سەرەکییەکانی هێرشی سەربازیی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق!، دەتوانم بڵێم ئەگەر هەڵەبجە نەبوبا هێرشی سەربازیی بۆسەر عێراق ئەنجام نەدەدرا یان بۆ ماوەیەکی درێژتر دوا دەکەوت، تراژیدیای هەڵەبجە بەڵگەی هەبوونی چەکی کۆکوژی حکومەتی عێراق بوو.

هەڵەبجە و چۆنێتی تراژیدیاکەی بە هەندێ جیاوازییەوە پرۆسەیەکە لە چەشنی هۆلۆکۆست کە ئەویش بۆتە سیمبولی نەتەوەیی لە لای جولەکە. هەڵەبجە بە حوکمی مەرگەساتە بێوێنەکەی توانی گۆڕانێکی سترۆکتۆریی بەسەر دۆخی نەتەوەیی کورددا بهێنێت، کورد دەتوانێت بە چەکی هەڵەبجە هەموو شتێک بکات! هەڵەبجە بووە هێمای ستەملێکراویی و چەوساوەیی کورد لە بەردەم چاو و ویژدانی هەموو دنیادا. بەڵام با بپرسین داخۆ کارکردن لەسەر هەڵەبجە و بۆ هەڵەبجە تەنیا بریتییە لە سازدانی ڤیستیڤاڵی ساردوسڕ لە رۆژی ٣/١٦ دا؟ ئایا یادکردنەوەی هەڵەبجە بە دەرکردنی رۆژنامەیەکی تایبەت و هەڵواسینی پەڕۆی رەش دەبێت لەو رۆژەدا؟ ئایا کارکردن لەسەر هەڵەبجە تەنیا تازیباریی و وتارە حەماسییەکانی تەلەفزیۆنەکانە؟

نەخێر! بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ هەڵەبجە بەردەوام لە یادەوەریی کوردیدا ئامادەگی هەبێت، هەڵەبجە هەوێنی هەنگاوە سیاسییەکانی هەنووکە و داهاتوو بێت.

هەڵەبجە دەبێت سیمبولێکی بەرز و پەیکەرێکی نەمر بێت لە دڵ و هەستی تاک تاکی کورددا. هەڵەبجە دەبێت سەرمایەیەکی رەمزیی گەورە بێ و بکرێتە خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو کورددان. دەبێ بەو ئاراستەیەدا کار بۆ هەڵەبجە بکرێ تاکو نەوەکانی داهاتوو بزانن لە دوێنێدا بە نوکی رم و شمشێری عروبە جەستەی شارێکیان هەپرون بە هەپرون کراوە. دەبێ هەڵەبجە بکرێتە یادەوەرییەک بە درێژایی مێژووی کورد ئامادەگی هەبێت و جۆرێکیش بێت لە حەزەرکردنی بەردەوام لە دوژمنان. بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین حزبەکان هەڵەبجەیان کردووە بە پرۆژەیەکی بازرگانی رووت و لە پێناوی ئامانجی حزبیی خۆیاندا بەکاری دەهێنن. ئەوان لە جیاتی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی هەڵەبجە چەند ساڵ لەسەر جەستەی زامداریی ئەو شارە خەریکی شەڕی ناوخۆ بوون! ئەوان لەبری قەرەبووکردنەوەی پاشماوەی قوربانیان بە کاتیۆشا و راجیمەی جەنگی براکوژیی ئەوەندەی تر هەڵەبجەیان وێرانتر کرد و خەڵکەکەیان بەدبەختتر کرد. حزبە کوردییەکان لەبری ئەوەی لە هەموو روویەکەوە هەڵەبجە بکەنە شارێکی نموونەیی، وەلێ ئەفسوس لە بەرداشی سیاسەتی ئەواندا جارێکی تر هەڵەبجە بۆتەوە بە قوربانی.

سەرکردایەتی سیاسیی کوردیش لە بری ئەوەی لەناوەندا هەڵەبجە بکاتە پەڵەی رەشی نێوچەوانی عروبە و داوای قەرەبووی خەڵکی ئەو شارە بکاتەوە، هەر چاویان لە پڕکردنی کیسە و باخەڵی خۆیانە. گووتاری کوردیی ئەوەندە لاوازە لە جێی ئەوەی بەغدا بهێنێ بۆ هەڵەبجە تا شەرمەزارییەکانی خۆی ببینێ و داوای لێبوردن بکات، کەچی ئەو هەڵەبجە دەنێرێ بۆ بەغداد (بۆ نموونە شیعرەکەی شێرکۆ بێکەس بە ناوی هەڵەبجە دەچێ بۆ بەغا) لە کاتێکدا دەبێ ستەمکار بچێ بۆ لای ستەملێکراو و پۆزشی بۆ بهێنێتەوە. هەڵەبجە تا ئێستاش لەلای خەڵکی کورد و ماسمیدیا و دەسەڵات ئەوەندەی رۆژی سروودە رەقەکان و تەعزێ و خەم و پەژارە و کولاندنەوەی برینی کەسوکاری قوربانیان بووە، نیو هێندە رۆژێکی نیشتمانی نەبووە، بۆ خۆسازدان و خۆ ئامادەکردن لە پێناوی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بە هەڵەبجەشەوە. هەڵەبجە کە خۆی وەرچەرخانێکی تر بوو لە مێژووی کورددا، بەڵام کورد نەیتوانی ئەو وەرچەرخانە ببینێ و کاری لەسەر بکات، دەبوو چۆن

هۆلۆکۆست کۆمەکی کرد بە کامڵبوونی هەستی ناسیۆنالیستی و سەربەخۆیخوازیی لەلای یەهودییەکان، ئاوهاش هەڵەبجە ئەو خاڵە بوایە هەستی سەربەخۆیخوازیی کوردی بەهێزتر بکردبایە و گووتاری ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیخوازیی تێپەڕنابا و بەڵکو بیدایەتەوە بە چڕوچاوی بەربەرییە کیمیایی وەشێنەکاندا.

بە هەر جۆرێک بێت هەڵەبجە برینێکی سارێژنەکراو و قووڵی مێژوومانە، بەڵام هێدی هێدی ئەم زامە خەریکە کاڵ دەبێتەوە لەلامان و بە دووریشی نازانم لە چەند ساڵی داهاتووتردا خەڵک نەزانن مەرگەساتی هەڵەبجە چییە! تەنانەت ئاهەنگی بۆ ساز بدەن!! ماسمیدیا و دەسەڵاتی کوردیی بەهۆی خۆ خەریکردنیان بە پڕۆژەی کڕینەوەی ئەندامانی یەکتر و شەڕی کورسی و دەسەڵات و دەست بەسەراگرتن و قۆرخکردنی ئابووری وڵات، گەورەترین کارەسات لە یاد دەکەن و خەریکن نەوەیەکی وەها دروست دەکەن هەر نازانێ هەڵەبجە چییە هەروەک نازانێ شۆڕشی ئاگریداخ چییە و بەدرخانییەکان کێ بوون و قازی و سمکۆ چییان بۆ کورد کرد؟. دواجار هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین هەڵەبجە بە تراژیدیا گەورەکەی هەموو شتێکی بە کورد بەخشی، بەڵام ئێمە تەنانەت نەمتوانی لە یادەوەریشیماندا بیهێڵینەوە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١٥)ی ڕۆژنامەی (نیوەند) لە ڕۆژی ٢٠٠٥\٣\١٧ بڵاوبووەتەوە.

# دیسان رسەکەمان بووەوە بە خوری

دواجار مەجلیسی حوکم و سوپای هاوپەیمانان و ئەخزەر ئیبراهیمی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان (un) هەموو تێکڕا رەزامەندییان نیشاندا بۆ هەڵبژاردنی (غازی عەجیل یاوەر) وەک سەرۆک کۆماری عێراق تا کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥، کە دیار نییە ئەو کات کورسی حوکم چۆڵ دەکات یان نا؟ چوونکە پێشبینی دەکرێت رەوشی ئەمنیی عێراق زەمینەی بۆ هەڵبژاردن تێدا نەبێت، بەمەش وەک هەمیشە ئەمجارەشیان رسەکەی کورد بووەوە بە خوری و پۆستی هیچ کام لە سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی پێ نەبڕا. بەڵکو لە هەمووی سەیرتر سەرۆک هۆزێکی چادرنشین بووە بە سەرۆک کۆماری عێراق کە چاوە بزەکانی و دشداشە و عەگالەکەی لە وێنەیەکی بچووککراوەی سەدام دەچێت!.

هەر لە ساتی دەستنیشانکردنیدا بە پێکەنینە پڕ غرووورەکەی و رۆیشتنە بە فیزەکەیەوە هیچی بە بیردا نەهێنام جگە لەو ساتەی بە هەمان شێوە (سەدام)مان بینی لە کاتی بوون بە سەرۆکی عێراقدا، ئەویش سەرەتا بە دشداشە و عەگالەوە دەرکەوت و بە هەمان شێوەی یاوەر لەنێو خێڵەکەی خۆیدا سەما و زەماوەندی بۆ گیرا، جا چ سەمایەک؟ ئەگەر عەرەب بیکات لەوەش خراپتر ئەگەر بۆ ماستاوکردن و خۆبردنە پێشەوە بیکات!!. سەدام و هاوڕێ پۆخەڵەکانی تری لە پارتی بەعسی داڕوخاو خۆیان وتەنی (بە شەمەندەفەری ئینگلیزیی) چوونە سەر کورسی حوکمڕانی نەک بە سواری پشتی ئەسپەکەی قەعقاعەوە، ئەوان وەختێک هاتن شمشێری ژەنگاویی عروبەیان لە کێلان دەرهێنا و بیاباکانە و کوێرانە بە هەر چوار لای خۆیاندا رایانوەشاند، بەڵام ئەم جارەیان (غازی) بە فڕۆکەی ئەمەریکیی و شەمەندەفەری un (ئەخزەر ئیبراهیمی) جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست.

کاکە (غازی) کە پارتی و یەکێتی بە گونجاوترین سەرکردەی دەزانن بۆ واقیعی

ئەمڕۆی عێراق، هەگبەکەی تژیەتی لە نەتەوەچێتی و سبەینێ دەبێتە سەدام، سەدامێک ئەگەر هار و خراپتر و دڕندەتر نەبێت ئەوە بێگومان هیچ باشتر نییە و نابێت. ئاخر منی کورد بە چیدا باوەڕ بکەم عەگال لە سەرێکی سەرۆک خێڵ دیموکراسی بۆ عێراق دەهێنێت؟ بە کام شتدا بزانم شنەبای دیموکراسی و مەدەنیەت ئەمجارە لە خێوەتگەکانی عەشیرەتی شەمەرەوە هەڵدەکات؟ بە کام بەڵگە بیسەلمێنم ئەویش وەک عەفلەق و علوج (محەمەد سەعید سەحجاف) بیر ناکاتەوە؟ لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە بەر لە هەر کەسێک کورد دەهۆڵی بۆ دەکوتێت و بە شان و باڵیدا هەڵدەدات کە زۆرێکی وەهای نەماوە بیگەیەننە شەئنی (قائد الضرورە)کەی رابردوو.

ئاخر بۆچی کورد ئەوەندە بە پەلەیە لە وەسف و پیاهەڵدان بە کەسێکدا هێشتا ئەجیندا و ناسنامەکەی ئاشکرا نییە و نازانرێت چ ڕەشمارێکی دەم و ددان ژەهراوییە؟ خوا دەزانێت چەند جار بە گەلی کوردەوە دەدات و کەڵبە ژاراوییەکانی لە جەستەی برینداری کورد گیر دەکات؟ بۆچی کورد هەردەم وا فێر بووە زۆر دڵپاک و خۆشباوەڕانە بە قسەی جادووگەران و شعبەزەبازانی سیاسەت تێبکەوێت؟ ئاخر کێ ناڵێت ئەم سیحرە دوای چەند ساتێکی کەم بە تاڵ نابێتەوە؟ هەروەک کۆترەکەی مامە دایڤید (دایڤیدی جادووگەری ناسراوی جیهانی) ناگەڕێتەوە بۆ سروشتی راستەقینەی خۆی کە پارچە پەڕۆیەکە. کێ ناڵێت غازی و عەلاوی سبەینێ نابنە ئەسەد و سەدام و نموونە دڕندەکانی تری عەرەب؟ ئێ خۆ هیچ چاکەیەکمان لێنەدیوون و نە پیاوەتییەکیشیان کردووە شایەنی سوپاس بێت، ئیتر بۆچی لە خۆڕا بیانگەیەنینە سەر بورجی عاج؟ هیچ نەبێت با بەشی دوارۆژی تێدا بمێنێتەوە کە دەبێت وەک دیکتاتۆر و داگیرکەر و شۆڤێنی ناویان بەرین!!.

ئیتر تا ئێرە بەسە و دەبێت کورد لە خەو بێدار بێتەوە، چوونکە هەر لە یەکەم ساتەوە مافی پێشێلکراوە و دیسان عەرەب خۆی کردووەتەوە بە برا گەورە و دڵڕەقەکەی جاران و ئێمەشیان بە برا بچووک بگرە بە موالی و خزمەتکاری بەر دەستیان حیساب کردووە، لەسەر هەمان لۆژیکە کۆنەکەی (سید- عبد) مامەڵە لەگەڵ گەلی کورد دەکەن. بە بڕوای من کورد لە بەردەم مەترسییەکەی گەورەدایە چوونکە ئەگەر هەر لە ئێستاوە پۆستە گرنگ و خاوەن بڕیارەکانی عێراق لەلایەن عەرەبەکانەوە داگیر بکرێت ئەوە سبەی رۆژ بە هەمان شێوەی جاران بۆ بریندارکردن و رووشاندن و هەتککردنی هەست و بوونی نەتەوایەتیمان نەک هەر عەرەبی عێراقی

بەڵكو عەرەبی سودانی و یەمەنی و ئەریتری و مۆریتانیمان بۆ دەنێرن، دەیانكەنە بەڕێوەبەر و پارێزگار و كاربەدەستی شارەكانی هەرێمی كوردستان. هەر بۆیە كورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی كورد ئەرك و فەرزێكی سەر شانێتی فشار بخاتە سەر دەسەڵاتی هاوپەیمانان و عەرەبە تازە بە دەسەڵات گەیشتووەكان بۆ ئەوەی بە رەوانی و بێ گرێ و گۆڵ دان بە مافی كورددا بنێن بەشێوەیەكی یەكسان و هاوبەش دەسەڵات و حكومەتی عێراقی لەلایەن هەردوو لاوە بەڕێوە ببرێت، ئەگەرنا بێ لەم رێگە چارەسەرە هەر رێگا و حەلێكی دیكە كاریكاتۆریی و كارتۆنییە و جێگەی ئومێد و دڵخۆشیی گەلی كوردستان نییە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١٨)ی رۆژنامەی (زادگە) لە رۆژی ٢٠٠٤\٦\١٥ بڵاوبووەتەوە.

# کێ غەدر لە کورد دەکات، بێگانە یان کورد خۆی؟

هەر لە سەرەتاوە دیار بوو رەوتەکە بەرەوە ئەو ئاقارەدا دەڕوات ماددەی ١٤٠ دەستووری هەمیشەیی عێراقی پابەند بە ناوچەکانی کێشە لەسەربوو نەک هەر لە وادەی دیاریکراویدا جێبەجێ نابێت، بگرە نزیکترین ئەگەر ئەوەیە ئەم ماددە دەستوورییە بەم خەمساردییەی کورد و خۆ خافڵاندنی لایەنەکانی عەرەبی عێراقی هەرگیز جێبەجێ نابێت، کاتێک وادەی دیاریکراوی پراکتیزەی ئەو ماددەیە لە دوا رۆژیساڵی رابردوو کۆتایی پێهات، لایەنی کوردیی لە بری گوشار خستنە سەر حکومەتی ناوەند و بایکۆتکردنی کابینەکەی نوری مالیکی کە بە خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە هیچ شەرعیەتێکی نەمابوو سەبارەت بە کورد، بەڵکو گرێکوێرەکەی زیاتر ئاڵۆزکاند بەوەی لە رێی کۆدەنگیی نێو پەرلەمانی کوردستانەوە رەزامەندیی نیشاندا تاکو ماوەی جێبەجێکردنی ماددەکە بۆ شەش مانگی دیکە درێژ بکرێتەوە و ئەو دۆزە بسپێردرێت بە گێرمە و کێشەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئاخر دەزگایەکی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان لە مێژووی ٦٠ساڵەی خۆیدا چ کێشەیەکی مێژوویی و مرۆیی لە کام گۆشەی دنیا چارەسەر کردووە، تا کورد ریشی خۆی بداتە دەست ئەو دەزگا بیرۆکراتی و گەندەڵە؟ لەوەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە بەردەوام حیسابی بۆ پارسەنگی هێز و ویست و بەرژەوەندیی زلهێزەکان کردووە، یان بە مانایەکی تر تا چرای سەوزی لەلایەن جەمسەری هەرە بەهێزی دنیاوە بۆ هەڵنەکرابێت، تەنانەت نەیتوانیوە دوو منداڵی بەشەڕ هاتوو ئاشت بکاتەوە، ئیدی کورد لە ژێر رۆشنایی کام لۆژیکی سیاسیی،

نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە بە ریش سپی چارەسەرکردنی کێشەیەکی قووڵ و مێژوویی وەک ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان؟ نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەرینی مێژووی خۆی هیچ هەڵوێستێکی نەبووە سەبارەت بە نەهامەتی و تراژیدیاکانی گەلی کوردستان، ئەگەر لە کالفامیی سیاسییەوە نەبێت چۆن پەزی خۆمان بەو چەقەڵانە دەسپێرین؟ ڕێکخراوێک دەیان سکەندالی گەورەی هەبێت و کارنامەکەی بریتی بێت لە خۆگونجاندن لەگەڵ ویست و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی زلهێز، چی پاڵمان پێوە دەنێت ئەو کوێخاییە بدەینە ئەو دەستگەیە؟ ڕێکخراوێکی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان کە پرۆفسیۆر (مایکڵ گەنتەر) لە بارەیەوە دەڵێت (ڕێکخراوی دەوڵەتە ئەندامەکانە و هاوسۆز نییە لەگەڵ ئەو گەلانەی خاوەن دەوڵەت نین، وەک کوردەکان).

ئیدی چی وەهای لە پیاوە سیاسییەکانی کورد کردووە کلیلی چارەسەری ئەو پرسە ئاڵۆز و مێژووییە لە گیرفانی پاڵتوکەی (بانکی مۆن و دی میستۆرا) دا ببیننەوە؟ ئەگەر کەچەڵ تیمارکەر و حەکیم بووایە لە پێشدا فریای قژی خۆی دەکەوت، ئەگەر ئەو ڕێکخراوەش کارێکی لە دەست بهاتبایە دەیتوانی هیچ نەبێت سنوورێک بۆ گەندەڵیی نێو خۆی دابنێت!! ئەگەر ئەو ناتوانێت لە گۆمێکدا مەلەوانی بکات، پێم ناڵێی چۆن دەتوانێ خۆی بدات بە دەم شەپۆلەکانی دەریاوە؟. ئەوەندەی من بیر لە کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکانی باشووری کوردستان دەکەمەوە، ناگەمە هیچ دەرەنجامێک جگە لە دەستەپاچەیی کورد لە هەمبەریان، هەست بە هیچ ناکەم جگە لە گاگۆڵکێی سیاسیی ئەوانەی هەمیشە لافی حەکیمی و دیپلۆماسییەت بەسەر ڕەشۆکی گەلەکەیاندا لێدەدەن، ئەز لە دیرۆکی هیچکام لە نەتەوەکاندا نەمدیتووە گرووپێکی سیاسیی پەیدا ببن خاکی وڵاتەکەیان بخەنە گرەوی گشتپرسییەوە، لە بەرەبەیانی مێژووەوە تاکو هەنووکە، لە کۆمۆنەی سەرەتاییەوە تا سەردەمی دیجیتاڵ و تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ، نەمبیستووە و نەمخوێندۆتەوە، هیچ سەرکردە و میرێک چارەنووسی خاکەکەی بداتە دەستی دەستگە و ڕێکخراو و دەستەیەک نەتوانن مێش لە دەموچاوی خۆیان دەربکەن، جا نەخاسمە بڕیارێکی گرنگ بەسەر دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێکدا بسەپێنن، کە یەکێکیان پێنجەمین سوپای هەیە لە سەرتاپای گێتیدا (تورکیا).

ئەم کارە تەنیا لە سەرکردەکانی کورد وەشاوەتەوە و دەوشێتەوە. کەچی لەگەڵ ئەم هەموو هەڵە سیاسیی و هەنگاوە خوار و خێچەدا سووچی نەهامەتیی

و لێسەندنەوەی دەستکەوتی بە خوێن بەدەستهاتووی گەلێک دەخەنە ئەستۆی (نیازپیسی) و (خیانەت و فرت و فێڵ) و (غەدر)ی دەوڵەتە بێگانەکان و هەرگیز بۆ جارێکیش بە زاریدا نەهاتووە، رەخنەیەک لە خودی خۆیشی بگرێت، ئەو سوژنەی لە چاوی داگیرکەر و نەیارەکانیدا دەیبینێ وەهای لێنەکردووە گاسنەکەی نێو چاوانی خۆیشی دەرک بکات. من لەو قەناعەتەدام دی میستۆرای نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ماددەی ١٤٠ غەدری لە کورد نەکردووە، غەدری راستەقینە ئەوەیە کورد خۆی لە خۆی دەکات!! هەروەک مێژوومان پڕیەتی لەم جۆرە لە غەدری خۆکرد.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە (٥٢)ی گۆڤاری (نێوەند)ە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٨.

# کورد لە هاوکێشەی نوێی جیهانیدا

بێگومان ئەلف و بای سیاسەت ئەوەیە، هەموو قۆناغێکی سیاسیی دیاریکراو پێویستیی بە گووتارێکی سیاسیی دیاریکراو و فۆرمە هاوپەیمانێتییەکی جیاواز هەیە، بەڵام هەمیشە قەدەری کورد وا بووە بێ هیچ دۆست و هاوپەیمانێک بە تەنیا و پشتیوانیی چیاکان درێژەی بە خەباتی رزگاریخوازیی داوە لە هەر بەشێکی بندەستی وڵاتەکەیدا. لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیی و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناڤین لەسەر جەستەی پارچە پارچەبووی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، چوونکە کورد بێ دۆست و هاوپەیمان بوو لە رێگەی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتییەوە خاکەکەی بەسەر چوار دەوڵەتی کۆن و تازە دروستبوودا دابەشکرا. بڕواناکەم هیچ کام لە رامیارانی سعوودیە یان سوریا یان ..هتد، هێندەی شێخ مەحموود لێبڕاوانە خەباتیان بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکانیان کردبێت، ئەو دەیەویست لەمسەری رۆژهەڵاتی سۆسیالیستییەوە بۆ ئەوسەری دنیای کاپیتالیستیی خۆرئاوا دۆست و پاڵپشت بۆ دۆزەکەی پەیدا بکات، کەچی هەوڵەکەی جگە لە چنینەوەی سەراب شتێکی تری لێ شین نەبوو.

شێخ دوای بێ هومێدبوونی لە ئینگلیز ناچار پەنا دەباتە بەر شورەوی و لە نامەیەکدا بۆ «لینین»ی سەرۆکی شورەوی دەنووسێت (تەواوی گەلی کوردستان پەرۆشی دۆستایەتی و هاوکاریی حکومەتی روسی مەزنن و لە پێناوی ئەم دۆستایەتییەدا ئامادەن قوربانیی بدەن). لێ بەداخەوە «لینین»ی هەڵگری دروشمی «کرێکاران و گەلانی چەوساوەی جیهان یەکگرن» هیچ وەڵامێکی ئەوتۆی نەبوو بۆ داخوازییینامەکەی شێخ! ئیدی چوونکە ئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانی هیچ کام لە دەوڵەتانی زلهێز لەگەڵ ئاڕاستەی بەرژەوەندیی کورددا نەدەهاتەوە، هەموو هەوڵەکان بە ناکامی مانەوە و بە هەدەر چوون. خۆ کۆماری کوردستان لە مەهاباد

توانی دەوڵەتێکیش رابگەیەنێت بە پاڵپشتی سۆڤێت، چوونکە دیسان بەرژەوەندیی ئەوسای دنیای دوو جەمسەریی دەیخواست کورد هەر ژێردەستە بمێنێتەوە، ئەویش بەهەمان دەردی دەوڵەتەکەی شێخی نەمر چوو. ئیدی ئەم سیاسەتی پشتکردنە کورد، درێژەی هەبوو بە درێژایی بوونی کورد و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە فۆرمی جیاجیا هەر بەردەوامە. بەڵام بە رووکەش وەها دەبینرا لەم چەند ساڵەی دواییدا و بە تایبەت لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی رووخاندنی رژێمی بەعس لە عێراقدا، پەیوەندیی و پێگەی کورد هەر هیچ نەبێت لە باشووری کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، بەوەی ئەمەریکا دەیەوێت کورد وەک هاوپەیمانێکی سیاسیی ستراتیژیی چاو لێبکات، ئەمەش لە وتارێکی (جۆرج بوش) لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٣ جەختی لێکراوەتەوە کە رایگەیاند «ئێمە لەگەڵ کوردەکان پێکەوە کار دەکەین، ئەوان هاوپەیمانی ئێمەن».

لەوانەیە کارکردنی ئەوان لەگەڵ کورد تەنێ بۆ سەقامگیرکردنی عێراق بووبێت!! چون لە دوای هێوربوونەوەی رەوشی ئەمنیی عێراقەوە بارودۆخەکە تەواو گۆڕاوە و لەسەر هەموو ئاستێک پشتێکردنی ئەمەریکا لە کورد بە رۆژی رووناک دەبینرێت. جیاواز لەوەی سیاسەتی ئەمەریکا رەنگبێ دوای هاتنی ئۆباما سەد و هەشتا پلە بگۆڕێت وەک لەوەی ئێستا هەیە، بەڵام ئەو هاوکێشە سیاسییە نوێیەی لە ناوچەکەدا هەیە نیشانی دەدەن ئەمەریکا چیدی پێویستیی بە کورد نەماوە، ئەو دەزووە باریکەی هیوای کوردیشی پێوە بەستراوەتەوە بە تەواویی رزیوە و لەوانەیە لە زووترین کاتدا بپچڕێت. ئەوەتا پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە کە یەکێک بوو لە ستراتیژییەتەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، بووە بە ژێر لێوەوە و هەر لە گۆڕێدا نەماوە. هەندێک چاودێری سیاسیی و بە ئاگاش پێیانوایە، مانگی هەنگوینی ئەمەریکیی و دنیای تاک جەمسەریی ئیدی کۆتاییان پێهاتووە.

لەلایەکی تریشەوە تورکیا گرنگی خۆی پەیدا کردۆتەوە بە حکومی ئێران، هەر بۆ ئەمەشە تورکیا دەیەوێ بە ئاشتکردنەوەی سوریا و ئیسرائیل خزمەتێکی نایاب بە ئەمەریکا بکات لە دژی ئێران. ئیدی هەموو ئەم رووداو و پێشهاتە نوێیانە دەیسەلمێنن ئەمەریکا پێویستیی بە ئاوڕلێدانەوە لە دۆستە دێرینەکانی هەیە لە نموونەی تورکیا یان هەندێک لە دەوڵەتە عەرەبییە سوونییەکان لە دژی ئێران. ئیدی کورد چۆن لەم گۆڕانانە تێدەگات، ئەوە کێشەی خۆیەتی. ئەمەریکاش وەک (محەمەد حەسەنین هەیکەل) لە کتێبی «من نیویورک الی کابول» ئاماژەی پێدەکات، وەک

کۆمپانیایەکی هاوبەش دروستبووە و هەر بەو شێوەیەش بیر دەکاتەوە. هەروەک «دۆناڵد رامسفێلد» دەڵێت «ئەرکەکانمان هاوپەیمانێتییەکانمان دیاریدەکات». لای خۆمەوە وا تێدەگەم ئەرکی ئەوان لەگەڵ کورد تەواو بووە. ئیدی لە ئاوها حاڵێکدا قسەکردن لە هاوپەیمانێتی لە خۆخەڵەتاندن بەولاوە شتێکی تر نییە. جیا لەمەش دەهرزێم کورد لە هاوکێشەی نوێی جیهانیدا قاچی دەخزێت و رەنگیشە خراپ بیدات لە زەوی! تاوانەکە هی کێیە؟ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە کاری من نییە.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە (٥٥)ی گۆڤاری «نێوەند»ە، لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٨.

# کەرکوک لە ئەجیندای «هانی خەللاف»دا

دوای ئەوەی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبیی، سیاسەتمەداری میسریی «هانی خەللاف»یان دەستنیشانکرد بۆ پۆستی باڵیۆزی کۆمکارەکە لە بەغدا. خەللاف لە میانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا ئەوەی ئاشکرا کرد، تەوەری سەرەکیی ئەجینداکەی خۆی لە پێنج لایەنی جۆر بە جۆردا دەبینێتەوە کە بریتین لە»مەسەلەی کەرکوک، فەلەستینییەکانی ناو عێراق، ئەو پەناهەندە عێراقییانەی لە وڵاتانی عەرەبیدان، بنیاتنانەوەی عێراق و ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی». بەڵام ئەوەی نادیارییەکی زۆری لەسەرە، وردەکارییەکانی ئەجینداکەی باڵیۆزی ناوبراوە لەمەڕ کەرکوک. بێگومان هەموو ئەوە دەزانین هەڵوێستی فەرمیی پێشوو و ئێستای کۆمکاری وڵاتانی عەرەبیی جیا لەوەی هەڵوێستێکی دووفاقییە، هەڵوێستێکە بە هەموو جۆرێک دژی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی کوردە لە چوارچێوەی عێراقدا.

هەر لە ژێر کڵاورۆژنەی ئەو هەڵوێستانەی پێشووی کۆمکارەکەدا بەو بڕوایە دەگەین، ئەم ئەجیندایەشیان لەمەڕ کەرکوک بە زیانی لایەنی کوردیی دەشکێتەوە. ئەم هەڵوێستەی «خەللاف»یش دوا بە دوای ئەوە دێت بارودۆخی کەرکوک و ململانێ لەسەر چارەنووسی ئەو شارە سەختیی و گرژییەکی زۆر بەخۆوە دەبینێت، لایەنی کوردیی لە ئۆرگانە جیاجیاکانی دەسەڵاتی سیاسیی لە بەغدا شەڕی ئەوە دەکات چارەنووسی شاری کەرکوک بەپێی بڕگەکان و ناوەڕۆکی ماددەی سەد و چلی دەستووری هەمیشەیی عێراق یەکلا ببێتەوە. هەر لەو نێوەندەدا تا رادەیەک قایلبوو بە پڕۆژەی دووەمی «ستێفان دیمستۆرا». چوونکە دووەم پڕۆژەی ناوبراو نزیکایەتی زۆری هەبوو لەگەڵ ناوەڕۆکی بڕگەکانی ماددە دەستوورییەکەدا. لە بەرامبەردا لایەنی عەرەبیی دەیانەوێت بە تەرحکردنی پڕۆژە و ئەجیندای جیا لە ماددەی سەد و چل کوردەکان بهێننە ژێر باری قەناعەتەوە. هەر بۆیە ئاسانە بڕیاری

ئەوە لەسەر پڕۆژەکەی «خەللاف» بدەین، دیسان هەوڵێکی تری مامناوەندییە بۆ بەر تەسککردنەوەی ئەو پانتاییە زۆرەی لە ڕێی ماددەی سەد و چلەوە دروست دەبێت بە مەبەستی گێڕانەوەی شاری کەرکوک بۆ سەر هەرێمی باشووری کوردستان.

هەروەها خەللاف کەم تا زۆر نەچووە ناو وردەکاریی ئەجینداکەیەوە دەربارەی کەرکوک، هەر ئەوەندە نەبێت رایگەیاند کەرکوک دەبێتە یەکێک لە میحوەرەکانی کارکردنی لەو ماوەیەی ئەو باڵیۆزی کۆمکارەکە دەبێت. ئەوەی گومان زیاد دەکات دەربارەی ئەجینداکەی ئەم باڵیۆزە، خۆی لە دوو خاڵی گرنگدا دەبینێتەوە: یەکەمیان: ئاشکرانەکردنی چییەتی و چۆنێتی ئەجینداکە دەربارەی چارەنووسی شاری کەرکوک. دووەمیان: خۆدزینەوە لە ناوهێنان و هێنانە باسی ماددەی سەد و چل کە بە بڕوای زۆربەی کارناسانی سیاسیی کلیلی چارەسەری کێشەی زۆربەی ئەو ناوچانەیە ماددەکە بە ناوچەکانی کێشە لەسەربوو ناوزەدیان دەکات. راستە کۆمکاری عەرەبیی هێشتا ئۆرگانێکی هێندە کاریگەر نییە بتوانێت نەخشەی سیاسیی لە عێراقدا بگۆڕێت یان بتوانێت ئەجینداکەی خۆی بەسەر ویستی سیاسیی گەلی کوردستاندا بسەپێنێت، بەڵام پێشکەشکردن و فۆرمۆڵەکردنی ئەم ئەجیندایەش دیسان بەربەستێکی بەردەم هێزی کوردیی دەبێت.

ئەمەش وا دەکات لایەنی کورد لە عێراقدا هەڵوێست وەربگرێت، بەڵام بە بڕوای من باشترین هەڵوێست وەرگرتن ئەوە نییە، سەرکردە کوردییەکان لەسەری راهاتوون کە بڵێن تەنیا بە ماددەی سەد و چل و ناوەڕۆکەکەی رازی دەبین، هەڵوێستی هەرە دروست و واقیعی پشتگیرییکردنی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکە، کە بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریاندا شارەکەیان بخرێتە سەر هەرێمی باشووری کوردستان، ئەم وەرەقەیە بەهێزترین و کاریگەرترین کارتی دەستی هێزە کوردستانییەکانە، ئەگەرنا لایەنی عەرەبیی بە خۆدزینەوەی زیاتر و مەشغولکردنی کورد بە پڕۆژەی عەنتیکەوە بارەکە زیاتر بەرەو ناهەمواریی دەبەن، بە جۆرێک دۆخێک بێتە پێشەوە کورد خۆیشی پەلە نەکات لە داواکردنەوەی کەرکوک!!. هەروەک ئەوەی ئێستا مالیکی هەمان سیاسەت پەیڕەو دەکات، لە بری جێبەجێکردنی ماددەی سەد و چل، سوپا گەمارۆی خانەقین و قەرەتەپە دەدات، لەبری ئاساییکردنەوەی کەرکوک، سوپا بەهێز دەکرێتەوە و کوردی پێ دەترسێنرێت، لەبری قەرەبووکردنەوەی ئاوارەکانی کەرکوک، فەوجی ئیسناد دروست دەکات!!.

کاتی ئەوە هاتووە و زۆریش درەنگە کورد بڕیارە سەختە چارەنووسازەکە بدات، بڕیاری تاکلایەنەی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لێ ئەم بڕیارە گەلێک قورس و ناڕەحەتە، بەڵام تاکە چارەسەرە، چوونکە ئەگەر کورد دەیەوێت کەرکوک بۆ سەر کوردستان بگێڕێتەوە، ئەزموون سەلماندی عەرەب تا قیامەت ئامادە نییە ملکەچی بێت و ئەو عەرەبەی بیەوێ ئەو کارە بکات پێش هەر شتێک دەبێت خۆی لە بەرگی عەرەب داڕنیبێت. ئەگەرنا پێشکەشکردنی دەیان پرۆژەی تری هاوشێوەی ئەجینداکەی خەللاف هیچی بۆ کورد تیا نییە، جگە لە هێشتنەوەی چارەنووسی کەرکوک بەم شێوە هەڵواسراو و نادیارە.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە (٥٧)ی گۆڤاری (نێوەند)ە، لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨.

# تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان و بێدەنگیی شەقامی کوردیی

لە پار ساڵەوە بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیای کەمالی، تۆپباران و موشەکبارانی ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان و دەڤەری قەندیل و هەندێک ناوچەی سنووریی تر دەکەن، ئەم هێرشە ئاسمانییانە بێجگە لەوەی پێشێلکردنی سەروەریی خاکی کوردستانە، هاوزەمان بووەتە هۆکاری زیانێکی گیانی و ماددیی زۆر لە دانیشتووانی ئەو دەڤەرانە. هەتاوەکو نووکە حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسیی باشووری کوردستان بێدەنگن لە بەرامبەر ئەو دەستدرێژییانە و هیچ کاردانەوەیەکی فەرمییان نەبووە جگە لەو بانگەوازەی بەم دواییانە «عارف تەیفور»ی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق بڵاوی کردەوە و داوای لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی کردووە پێشگیریی بکەن لەو هێرشانەی هەردوو کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیای ئیخوانیی- عەلمانی دەیکەنە سەر کوردستان.

لە ئاستی شەقامی کوردیش بێدەنگییەکی ترسناک لە ئارادایە کە زیاد لە هەموو مانایەک ئەوە دەگەیەنێت هەستی نەتەوەیی تاکی کورد چووەتە ژێر خاڵی سفرەوە. ئەگینا ئەو دەستدرێژییانەی دەکرێتە سەر باشووری کوردستان بکرابایەتە سەر هەر وڵات و دەوڵەتێکی دیکە بەدەر لەوەی کاربەدەستانی رامیاریی توندترین کاردانەوەیان دەبوو، لە هەمان کاتدا شەپۆلی نارەزایەتی و تووڕەیی جەماوەریی هەموو دنیای دەهەژاند. نموونەی ئەم دواییەی کەرتی غەززەی حکومەتی فەلەستین باشترین و نێزیکترین بەڵگەیە بۆ راست و دروستی ئەو بۆچوونەوەی ئێمە. ئاخر

هاوولاتیانی فەلەستینی نەک هەر بێدەنگ نەبوون لەمەڕ هێرش و دەستدرێژییەکانی حکومەتی ئیسرائیل بۆ سەر خاک و خەڵکی ولاتەکەیان، بەڵکو بە چالاکیی و ناڕەزایی بەردەوام هەر لە ناوخۆی ولاتەوە تا دەگات بەپایتەختی ولاتانی خۆرئاوا ویژدانی هەموو مرۆڤایەتییان هەژاند و کێشەی خۆیان کردە رۆژەڤ و سەردێری هەواڵی هەموو میدیاکان هەر لە خۆرهەلاتەوە تا دەگاتە خۆرئاوا.

لە کوردستان هاوکێشەکە تەواوێ بە پێچەوانەوەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە شاری سلێمانی لێپێچنەوەی توندی لەگەڵ هەموو ئەو هاوولاتی و رۆشنبیرانەدا کرد بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی ئەو هەموو دەستدرێژییانەی تورک و فارس خۆپیشاندانیان سازکردبوو!. ئاخر ئەگەر ئاسایشی کوردستان ئەو دەنگانە کپ بکاتەوە کە دەنگی ناڕەزایی هەڵدەبڕن دژی دەستدرێژیی داگیرکەرانی کوردستان، ئیتر چۆن داگیرکەران بەردەوام نابن لەسەر جینایەت و هێرشە دڕندانەکانیان بۆ سەر سەروەریی باشووری کوردستان؟. تەنانەت حزبە ئیسلامییەکانیش کە خاوەنی نفوزی خۆیانن و دەتوانن هەزاران کەس بۆ هاوسۆزیی و پشتیوانیی خەڵکی فەلەستین و کەرتی غەززە بهەژێنن و بهێننە سەر شەقام، نقەیان لە خۆیان بڕیوە.

کەس ناڵێت مافی ئیسلامییەکان نییە هاوپشتیوانیی بۆ خەباتی فەلەستینییەکان نیشان بدەن، بەلام قسە لەسەر ئەوەیە ئەوان کە جەرگیان بۆ خوێنی رژاوی برا موسڵمانەکانیان لە غەززە دەبرژێت، عەجەبا چی بووە ئاوەها بێدەنگ و بێ فزەن لە هەمبەر دەستدرێژیی تورک و فارس لە دژی هاوولاتیانی نەتەوەکەی خۆیان کە هەم لە نەژادی خۆیانن و هەم موسڵمانیشن؟، بە پێچەوانەوە هەندێک لەو برا موسڵمانە کوردانە بوونەتە دەمسپی عەداله و تەنمیە و لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکانیان پاساو بۆ جینایەت ودڕندایەتییەکانیان دەهێننەوە! یان هەندێکی تر بوونەتە نوێنەری ویلایەتی فەقیە و دڵیان نایەت لە گوڵ کاڵتر بە سەران و ئاخوندەکانی ئێران بڵێن.

لەمانەش سەیرتر یادکردنەوەی سی ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بوو لە شاری سلێمانی کە ریزێک بەرپرسی هەموو پارتە کوردییەکانی تێدا کۆبووەوە، پەرۆشیی و وتارە پڕ رێز و ستایشەکانی بەرپرس و میوانە کوردەکانی ئەو یادکردنەوەیە بە جۆرێک بوو دەتگووت یادی سەرکەوتنێکی نەتەوەیی کورد دەکەنەوە نەک یادی سەرکەوتنی کودەتایەکی ئاخوندەکان کە جگە لە زیان بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هیچ سوودێکی تری نەبووە، بە راددەیەک پەرۆشیی

سەرکردایەتی کوردیان نیشانی برادەرانی قەرارگەری رەمەزانی سلێمانی دا، هەر لەوە نەدەچوو بۆ ئەو ئێرانە بێت هاوزەمان تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان دەکات!.

ئەگەر کار وا بڕوات دوور نییە هەر ئەم ساڵ لە چوارچێوەی دۆستایەتی سەرکردەکانی کورد لەگەڵ فڕۆکە جەنگییەکانی تورک یادی رووخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و دامەزراندنی تورکیای نوێ لەسەر دەستی کەمال ئەتاتورکیش نەکرێتەوە، من وەک خۆم بە دووری نازانم چوونکە ئێمە چارەنووسمان کەوتووەتە وڵاتێکەوە، هەر لە خەڵکە رەشۆکەکەیەوە تا دەگات بە سەرکردە رامیارییەکانی هەتا ئەورۆ نەیانتوانیووە دۆست و دوژمن لە یەکتر جیا بکەنەوە، ئاخر ئەگەر کورد ئاوەزێکی لەو چەشنەی هەبووبا و دۆست و دوژمنی بناسیبایە، ئەوە زۆر دەمێک بوو دەوڵەتی کوردستان دامەزرابوو، ئێستاش لە بری ئەوەی ئاڵای کوردستان بدرێتە بەر تۆپی ئێرانی و لاپاڵمی تورکی، لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان وەک هێمای نەتەوە و دەوڵەتێک دەشەکایەوە.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە (٦٠)ی گۆڤاری (نێوەند)ە، لە مانگی شوباتی ٢٠٠٩.

# پێویستە سوود لە هەڵەکانمان وەربگرین

کورد لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو لە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی لە بەغداد و عەرەبە عێراقییەکان، کۆمەڵێک هەڵەی سیاسیی گەورە و میتۆدیی ئەنجامداون کە لە ئاکامدا بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی گەورە لەنێوان هەردوو لایەندا. هەر لە دەرئەنجامی ئەم هەڵە سیاسییانەدا بوون عەرەبە عێراقییەکان توانیوویانە کۆمەڵێک کێشە و گرفتی سەرەکیی بۆ ئیدارەی هەرێمی کوردستان بخوڵقێنن. دەکرێ لێرەدا ئێمە ئاماژە بۆ هەندێک لەو هەڵانە بکەین، بۆئەوەی لە چوار ساڵی داهاتووتردا دیسان و بۆ جارێکی تریش خۆیان دووبارە نەکەنەوە.

*فۆرمی هاوپەیمانێتی کورد لەگەڵ پێکهاتە و لایەنە عەرەبییەکانی عێراقدا: وەک دەزانین لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا، لایەنی کوردستانی کۆمەڵێک هاوپەیمانیی ئەنجامداوە لەگەڵ هێزە سیاسییە عەرەبییەکاندا، بەڵام بە ئەزموون دەرکەوتووە، فۆرمی ئەو تەرزە لە هاوپەیمانێتی لەسەر بنەمایەکی فشەڵ دامەزراوە و لە چەندین لاوە شایانی رەخنە لێگرتنە، چوونکە لەو هاوپەیمانییەدا پارتی و یەکێتی لەبری هەموو نەتەوەی کورد مامەڵە و وتووێژیان کردووە و بڕیاریان داوە و هیچ لایەنێکی تری سیاسیی رایان وەرنەگیراوە و بەشدارییان پێنەکراوە. لەلایەکی تریشەوە هەموو ئەو هاوپەیمانێتییانە بەشێوەیەکی شەفەیی بوون و هیچ گرێبەند و کۆنتراکتێکی واژۆکراو لەنێوان لایەنەکاندا نییە تا ناچاریان بکات پابەندبن بە ناوەڕۆکی ئەو هاوپەیمانێتییانەوە. پاشان ئەو هاوپەیمانێتییانە زۆرجار وەک هاوپەیمانییەکی حزبیی لەنێوان لایەنەکاندا بەڕێوە چووە، نەک وەک هاوپەیمانیی نەتەوەیەک لەگەڵ پێکهاتە یان حزبێکی سیاسیی دیاریکراودا. بۆ قۆناغی داهاتوو پێویستە کورد بیرێکی جیددی لە فۆرمی هاوپەیمانییەکانی لەگەڵ هێز و لایەنە عێراقییەکاندا بکاتەوە، تاوەکوو هەر پێکهاتن و هاوپەیمانییەک کۆمەڵێک دەستکەوتی سیاسیی بۆ کورد تێدا بێت و لایەنی

کوردیی لە ڕێگەیەوە بتوانێت بەشێک لە داخوازییە سیاسیی و نەتەوەییەکانی خۆی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بباتە پێشەوە.

*پێوەرەکانی کاندیدکردنی پەرلەمانتاران و کاربەدەستانی کورد لە حکومەتی عێراقدا: هەتا ئێستا حزبایەتی و مەحسووبییەت و مەنسووبییەت، تاکە پێوانەی کاندیدکردنی ژمارەیەکی زۆری پەرلەمانتاران و وەزیر و کاربەدەستانی کورد بوون لە چوارچێوەی پەرلەمان و حکومەتی عێراقیدا. ئەو پێوەرانەش لە دواجاردا دەرگەی ئاوەڵا کردووە بۆ ئەوەی دەستەیەک لە کەسانی بێ ئەزموون و بێتوانا بواریان بۆ بڕەخسێت لەو پۆست و جێگە هەستیارانەدا کار بکەن، ئەمەش لە دوا ئاکامدا بە زیانی کورد تەواو بووە. چوونکە تێپەڕاندنی کۆمەڵێک یاسا و تەنانەت ئەنجامدانی کودێتای سپی بەسەر پەرلەمانتارانی کورد لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراقدا، ئەگەر بەڵگەیەک نەبێت بۆ خراپیی پێوەرەکانی کاندیدکردنی لانی زۆری ئەو پەرلەمانتارانە، ئاخۆ دەبێت بەڵگەی چی بێت؟. بۆیە لەسەر هێزە سیاسییە کوردستانییەکان و هەر سێ لایەنی سەرەکیی کوردستان «یەکێتی، پارتی، گۆڕان» پێویستە لەسەر بنەمای دڵسۆزیی و زرنگیی سیاسیی و خاوەن ئەزموونیی، نوێنەرانی خۆیان دەستنیشان بکەن بۆ پۆستە سیاسیی و دەستووریی و یاساییەکان لەسەر ئاستی عێراق، چوون لە ماوەی رابردوودا کورد باجێکی زۆری هەڵەکانی دەستەیەک لە کەسانی نادڵسۆز و ناسیاسیی دا کە لە حکومەت و پەرلەمانی عێراقیدا جێگەیان گرتبوو.

*سەرقاڵبوون بە کێشە لاوەکییەکانەوە: راستییەکی ئاشکرایە کورد لە چوار ساڵی رابردوودا زیاتر سەرقاڵی کاری لاوەکیی و پرسی پەراوێزیی بووە لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەمەش دەرفەتێکی زێڕینی داوە بە حکومەتی عێراقی و تەوژمی شۆڤێنی ناو ئەو حکومەتە تا کۆمەڵێک کێشەی گەورە بۆ کورد بخووڵقێنن، هەر لە کێشەی هێزی پێشمەرگەوە تا دەگاتە ماددەی سەد و چل و مەسەلەی بودجە و گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێم و کۆمەڵێک کێشەی تری هاوشێوە. ئێستاش زیاتر لە هەشت کێشەی گەورە هەیە کە لەنێوان کورد و حکومەتی عێراقیدا بە هەڵپەسێردراویی ماونەتەوە و هیچ چارەسەرێکیان بۆ نەدۆزراوەتە. بۆ ئەوەی جارێکی تری ئەم کێشانە لە چوار ساڵی داهاتوو دووبارە نەبنەوە و کێشەی زیاتر وەپێش کورد نەیەت، لەسەر کورد پێویستە بەردەوام فۆکوس بکاتە سەر کێشە جەوهەرییەکان و بە وردی هەموو پێدراو و ئاماژە سیاسییەکانی داهاتوو

بخوێنێتەوە، تاکو ئەو کێشانەشی هەیە لە ماوەیەکی کەم و بە سوودی نەتەوەیی و سیاسیی گەلی کوردستان چارەسەر بکرێن.

جیا لەمانەش کۆمەڵێک لایەن و بواری دیکە هەیە، پێویستە ئەم جارە، کورد بە جیددی وەریبگرێت و ئامادەسازیی باش بکات بۆئەوەی هەم هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەکاتەوە، هەم بۆئەوەی هەروەک چەند ساڵی پێشووتر وەک یاریزانێکی سەرەکیی نێو گۆڕەپانی سیاسیی و ئیداریی عێراق بمێنێتەوە. بەبێ ئەنجامدانی ئەم کارە هیچ گرەنتییەک نییە کە کورد نەخرێتەوە قاوغەکەی خۆی و لە بان مقان بەولاوە هیچ دەسەڵاتێکی نەمێنێت.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە «٧١»ی گۆڤاری «نێوەند»ە لە مانگی یانیوەری ٢٠١٠.

# کورد لە چوار ساڵی داهاتوودا چی دەکات؟

کورد لە هەڵبژاردنی ئەم جارەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، بە تێکڕا توانی ٥٧ کورسی بەدەستبهێنێت کە دابەشبووە بەسەر چوار لیستدا، ئەمەش بە بەراوورد بە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ جۆرێکە لە پاشەکشە، چوونکە سەرباری ئەوەی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق بووە بە٣٢٥ کورسی، کە لانیکەم پێویست بوو لەو دۆخەدا کورد شەش بۆ حەوت کورسی زۆرتری لە هەڵبژاردنی پێشوو بهێنایە، کەچی دەبینین رێژەکە وەک خۆیەتی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو هۆکاری، لیستی کراوە و فرەلیستیی هێزە کوردستانییەکان.

بە هەرحاڵ کورد لەم هەڵبژاردنەدا وەک چوارەم قەوارەی بەهێز سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام ئەوەی گرنگە و توانای زیاتر بە کورد دەبەخشێت، یەکڕیزیی و هاوهاهەڵوێستیی کۆی لایەنە کوردستانییەکانە لە هەمبەر پرسە بایەخدار و چارەنووسسازەکان، ئەوەش تاکە گرەنتی بەهێز مانەوە و سەرکەوتنی کورد مسۆگەر دەکات. بە مانایەکی تر ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ناکۆکییەکانی نێو ماڵی کوردیی، لە ئاستی ناوەنددا واز لێبهێنرێت، بەڵکو هەموو وەک یەک تیپ و گرووپی یەکگرتوو و خاوەن یەک گووتاری سیاسیی یەکگرتوو بەرەو رووی تەحەدی و ئاستەنگەکانی داهاتوو ببنەوە. دۆخی کورد ئەوە لە لیستە کوردییەکان دەخوازێت هەرچی زیاتر لە یەکدی نزیک ببنەوە لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی هەرێمی کوردستان و کۆتاییهێنان پێیان بە قازانجی کورد، دۆخی کوردستان داوا لە سەرجەم لیستەکان دەکات لە ئاست مەترسییەکانی رەوتی شۆڤێنیزمی عەرەبیی و هەوڵەکانی سوونننە بۆ تێکشکاندنی سیستەمی فیدراڵی و هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق، بە یەک سیاسەتی هاوبەش و نەتەوەییانەوە مامەڵە بکەن و رووبەڕووی سەختییەکانی ناوەند ببنەوە.

لەگەڵ ئەوەی کورد لە هاوکێشە سیاسییە نوێیەکانی عێراقدا، ڕۆڵی هەوێن دەبینێت و بە هیچ شێوەیەک ناتوانن دووری بخەنەوە لە بڕیار و دەسەڵاتەکانی عێراق، بەڵام پێویستە وریاریی ئەوەشمان هەبێت ژمارە و دەنگی کورد نەکرێتە میکانیزمی پێکهێنانی حکومەت بە تەنیا، بەڵکوو دەبێت بەشداریی و هاوبەشێتی کورد، بە پێی ڕێککەوتن و سەپاندنی کۆمەڵێکی مەرج بێت بەسەر لایەنی بەرامبەردا، بەبێ ئەنجامدانی ئەم کارە، بەدڵنیاییەوە دیسان لەگەڵ هەمان ئەو کێشانە بەرەو ڕوو دەبینەوە لە ماوەی چوار ساڵی پێشوودا بەرەو ڕووی ببووینەوە.

بۆیەکا چوار ساڵی داهاتوو بۆ نوێنەرانی کورد لە بەغدا، بە ئاڵۆزیی و سەختییەکی زۆردا تێدەپەڕێت، چوار ساڵی داهاتوو مەیدانی شەڕی دەستووریی و قانوونی لە نێوان کورد و عەرەبدا «بە شیعە و سوونەوە» مەیدانێکی گەرم و گوڕ دەبێت، لە چوار ساڵی داهاتوودا ئەجیندای نوێ و هەرێمی زۆر هەیە لە ڕێی بەشێک لە عەرەبە سوونەکانەوە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم و پووچەڵکردنەوەی ناوەڕۆکی دەستوور و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی فیدراڵی عێراق، کە پێویستە نوێنەرانی کورد و تەواوی لایەنە کوردستانییەکان بە هۆشیاریی و یەکدەستییەوە وەڵامی ئەو ڕامیارییە شۆڤێنیی و ڕەگەزپەرستانەیە بدەنەوە و هاوکێشەکە بە فۆرمێک هاوسەنگ بکەنەوە، کورد بتوانێت وەک یاریکەرێکی سەرەکیی ناو گۆڕەپانەکە بمێنێتەوە تا لە بەدەستهێنانی مافی زیاتر و بەرەو پێشبردنی پتری دۆزی نەتەوەیی گەلی کوردستاندا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو بگێڕێت.

کورد لەسەریەتی لە چوار ساڵی داهاتوودا لە ڕێگای نوێنەرەکانییەوە لە پەرلەمانی عێراق، هەموو ئەو کێشە یەکلا نەکراوە و هەڵپەسێردراوانە چارەسەر بکات لەنێوان هەرێم و ناوەندا ماونەتەوە، کورد دەبێت لە چوار ساڵی داهاتوو، هەوڵی جیدی و کاریگەر بدات بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بە تایبەتی کەرکوک کە دڵی ئابووری داهاتووی کوردستانە، نابێت کورد هیچ سازشێک لەسەر ناوچە دابڕاوەکان بکات و یەکێکیش بێت لە مەرجەکانی هاوپەیمانێتی دروستکردن لەگەڵ هەر لایەنێکی عێراقیدا، چوونکە ئێستا کورد دەتوانێت لەنێوان لیستی مالیکی و عەلاوی دا، کە دوو بەهێزترین لیستن گەمەیەکی زیرەکانە بکات بە دانانی چەندین مەرجی نەتەوەیی و کوردستانی لەسەریان لە پێناو دروستکردنی هاوپەیمانێتی بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت.

کورد نابێت چیتر پرسی ماددەی سەد و چل دوا بخات، نابێت قبوڵی بکات ناوەندی عێراق کێشەی پتری بۆ بخولقێنێ کە ئێستا دەبینین حەوت بۆ هەشت کێشەی گەورەی لەگەڵ ناوەند هەیە هەر لە مەسەلەی پێشمەرگەوە بیگرە تا دەگاتە بودجە و دەرهێنانی نەوت و سوود وەرگرتن لە سامانە سروشتییەکان و...هتد. نوێنەرانی لیستە کوردستانییەکان نابێت بهێڵن کودێتایان بەسەردا بکرێت وەک لە ساڵی ٢٠٠٨ نوێنەرانی لیستە عەرەبییەکان کردیان، نابێت هیچ مساوەمەیەک لەسەر پرسە هەستیار و دۆزە نەتەوەییەکان بکەن، دەبێت دوای چوار ساڵی تر پێمان بڵێنەوە ئایا لە ئاست متمانەی دەنگدەران و جەماوەری کوردستان بوون یاخۆ نا؟. کاتێکیش دەتوانن بڵێن لە ئاستی ئەو متمانەیەدا بووین، بە بەڵگەی ئاشکرا بۆمانی بسەلمێنن دۆزی کورد و پێگەی سیاسیی کوردستانیان بردۆتە پێشەوە و هەموو کۆسپ و ئاستەنگەکانیشیان بە قازانجی کورد بڕیوە.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە «٧٣»ی گۆڤاری «نیوەند»ە لە مانگی مارسی ٢٠١٠.

# ئەنفال کارەساتێک تەنیا بۆ یادکردنەوە

کارەساتی ئەنفال تەنیا هەوڵێکی هەمەجی و عەفەویی رژێمی رووخاوی عێراق نەبوو بۆ لەناوبردنی رەگەزی کورد، ئەنفال تەنیا کردەوەیەکی تۆڵەسێنەرانەی خۆڕسک نەبوو بەرامبەر بە گەلی کوردستان، بەڵکوو ئەنفال پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دارێژاو و ئەجێندایەکی دیراسەکراوی رەوتی شۆڤێنیزمی عەرەبی و پارتی بەعس بوو لە پێناو قڕکردنی گەلی کورد لە عێراقدا. وێڕای کوشتن و لەناوبردنی ١٨٢ هەزار کەس لە هەموو رەگەز و تەمەنەکان، ئاسەوارە نەرێنییەکانی ئەو هەڵمەتە لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە نەک تا ئێستا کۆتایی پێنەهاتووە، بگرە بۆ دوو دەیەی تریش قورسایی و کاریگەرییەکانی ئەو پرۆسێسە هەر دەمێنێتەوە. خولاسە ئێمە هەرچی لە وەسپی ئەنفال و وەحشیگەرایی رژێمی لەناوچووی بەعس و لێکەوتە نێگەتیڤەکانی ئەو شاڵاوەدا بنووسین، هێشتا ناتوانن مافی خۆی بدەینێ و هەر لە لایەنەکەوە کەلێن و قسەی ترمان بۆ وتن بەجێهێشتووە. بەڵام ئێمە لێرەدا دەمانەوێت لەسەر شێوازی کارکردنی دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان قسە بکەین لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنفال و بە جینۆساید ناساندنی ئەو پرۆسەیە لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە.

بە داخەوە ئەنفال تاکو ئێستا لە خەیاڵدانی سیاسیی هێز و لایەنە کوردییەکان و حکومەتی هەرێمدا، تەنیا کارەساتێکە بۆ یادکردنەوە و ئەو یادکردنەوەیەش لە رۆژێکی دیاریکراودا قەتیس کراوە، لەوە بترازێت ئەنفال نەکراوەتە پرۆژەیەکی سیاسیی، تەنانەت لە بەرامبەر سزادانی تاوانبارانی ئەو پرۆسەیەشدا کەمتەرخەم و خەمسارد بووین، ئەمەش بە پێچەوانەوەی جووەکانەوە کە لە هیچ یەکێک لەو «نازی»یە ناسراوانە خۆش نەبوون کە دەستیان لە بەکۆمەڵ کوشتنی جووەکان و هۆلۆکۆستدا هەبوو، ئەم مامەڵەیەش تەنیا بریتی نییە لە کۆمەڵێک کردەوەی

تۆڵەسێنەرانەی کوێرانە، ئەوەندەی لە رووە سیاسییەکەوە بۆ نەتەوەیەکی قڕکراو مەغزا و مانای جۆراوجۆری هەیە. دەکرا کورد هیچ نەبووایە لە ئەزموونی جووەکان سوودی وەربگرتبایە و سۆزی هەموو دنیای لە رێی ئەنفالەوە بۆ لای دۆزەکەی رابکێشایە.

ئەنفال بۆتە یادێکی ساڵانەی بێ لـەززەت، هەموو ساڵێک لە رۆژی ١٤-٤دا هێندەی تر برینی کەسوکار و پاشماوەی ئەنفالکراوان دەکولێنرێتەوە. کارکردن بۆ ئەنفال و پاشماوەکانیان، سرروودی حەزین و نیشتمانیی و چەند مەراسیمێکی شین و گریان نییە، کارکردن بۆ ئەنفال پێویستیی بە هۆشیاریی و بەرنامەیەکی درێژخایەنی هەمەلایەنە هەیە، ئێمە تا ئێستا سەنتەرێکی «ئەنفال»مان نییە بۆ خوێندنەوە و دۆکۆمێنتکردنی کۆی رووداو و کارەساتەکە و توێژینەوە لەسەر رەهەندە جۆراوجۆرەکانی و خستنە رووی بیرۆکەی نوێ لە پێناوی کارکردنێکی جیهانیی و سەرتاسەریی بۆ بە جیهان ناساندنی ئەو کۆمەڵکوژییە، ئیدی چۆن دەکرێت داوا لە دەوڵەتانی دونیا بکەین لە کەیسی ئەنفالدا هەڵوێست وەربگرن و وەک جینۆساید لە قەڵەمی بدەن؟. لەوە کارەستبارتریش لەوەدایە هەندێک لە سەرانی کورد تا راددەی پاڕانەوە و شەفاعەتکردن بۆ ئەنجامدەرانی تاوانی ئیبادەکردنی بە کۆمەڵی هاووڵاتیانی کوردستان، بێ رێزیی بەرامبەر بەو هـەزاران ونبووە و کەسوکاری ئەنفال و میللەتەکەیان دەکەن، جا نەخاسمە کاری جیددی بۆ بکەن و قوڵی ماندوو نەناسانەی لێ هەڵبکەن.

ئەنفال لە روانگەی دەسەڵاتی کوردستانەوە تەنیا وەک سیمبولی ستەملێکراویی و بەدبەختی کورد بەردەوام نیشانی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو دەدرێتەوە، بەڵام گێڕانەوەی حکایەتەکان و نیشاندانی دیمەنی کارەساتاویی کەسوکاری ئەنفالکراوان چی مانایەک بە ئێستامان دەبەخشن؟. ئێمە ناڵێین نابێت تیڤییەکان وێنای ستەملێکراویی کورد و راستیی حکایەتەکانی ئەنفال بە بیری نەوەکانی ئەمێستا بهێنرێتەوە، بەڵام تەنیا بیرهێنانەوە بەس نییە، کارکردن لە راستای کردنی ئەنفال بە پرۆژەی نیشتمانیی لە پێناوی کۆکردنەوەی کوردان لە دەوری یەکتر و بنیاتنانەوەی کوردستان و پێشخستنی دۆزی نەتەوەیی کورد یەکێکە لە کارە هەرە گرنگ و پێشنۆرەکان، پاشان قەرەبووکردنەوەی راستەقینەی کەسوکاری ئەنفالکراوان و باشترکردنی دۆخ و هەلومەرجی ژیانیان دەبێتە تەواوکەری ئەو پرۆژە نیشتمانییە.

دوای بیست و دوو ساڵ تێپەڕین بەسەر کارەساتی مەرگباری ئەنفالدا، ئیدی پێویستە ئەو شالاوە گەلکوژییە بکەینە کەرەستەی خەباتێکی نێونەتەوەیی، وەک چۆن جووەکان توانیان وەها لە هەندێک لە دەوڵەتانی ئەوروپا بکەن، بە رەسمی هۆلۆکۆست بە جینۆساید بناسێنن و رێگریی لە بیری راسیستی بکەن، ئاوهاش پێویستە کورد هەمان رێگا بگرێتە بەر، لە پاش ئەوە یەکە بە یەکەی تاوانباران بکەونە بەر سزای یاسایی، وەک لە پێشتریشدا وتمان سزادان تەنیا یەک مانای نییە و تەنیا کردارێکی تۆڵەسێنەرانە نییە، بەڵکوو ئەوە گەواهییەکی مێژووییە و دوای عەلی حەسەن مەجید ناشێت ئەو رەوتە بوەستێت و دەبێت تا دوا تاوانبار بکەونە بەر رەحمەتی سزای دادگا. ئەگەنا تەنیا یادکردنەوەی رەق و وشکمان بۆ چییە ئەگەر ئەنفال نەبێتە ئەولەویەتی کار و وەک خۆی هەقی پێنەدرێت؟.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە «٧٤»ی گۆڤاری «نێوەند»ە لە مانگی ئاپریلی ٢٠١٠.

# هێرشی پەکەکە.. تەنیا بیانووە

دروست لەو کاتەدا کە حکومەتی داد و گەشەپێدان بۆ قوربانیانی کەرتی غـەززەی فەلەستین شیوەن دەکـات، هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا قووڵایی خاکی باشووری کوردستان بە چەکی قورس و بۆمبای دوورهاوێژ بۆردومان دەکەن!، زۆرینەی قوربانییەکانی ئەو بۆردومانانەش تەنیا ژن و منداڵ و هاووڵاتیانی سڤیلی ئەو دەڤەرانەن. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی تورکیا و خودی ئەردۆگان نەک هیچ شەرمێک لەم پارادۆکسە سەیرەی لێدوان و هاتوهاواری خۆیان ناکەن، بەڵکو لەگەڵ زیاتر بۆردومانکردنی هەرێمی کوردستاندا، شیوەن و واوەیلایان بۆ کوژراوانی فەلەستین خەستتر دەکەنەوە. ئەمە لەلایەک و لەلاکەی ترەوە، حکومەتەکەی ئەکەپە لە بەرامبەر کوشتنی چەند هاووڵاتییەکی تورکیا لەسەر ئەو کەشتییەی یارمەتی بۆ ئاوارە و لێقەوماوانی غەززە دەگواستەوە لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە، سەری دنیایان هێنایەوە یەک و لە بەرامبەریشدا کوشتنی هاووڵاتیانی کوردی سڤیل لە شوێنی ژیان و ماڵ و حاڵی خۆیاندا بە کردەوەیەکی ئاسایی و بەرەو رووبوونەوەی شانە و گەریلا (تیرۆریستەکان) دەزانن، کە نەک چاوەڕێی نەفرەت ناکەن لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە، بەڵکو دەیانەوێت دەستخۆشیی و ئافەرینشیان لێ بکرێت.

بە باشیی لـەوە تێگەیشتووم و ئـەو تێزەی تورکەکانم بە تـەواویی دەرخ کردووە، کە دەڵێت، ئەگەر قەوارەیەکی کوردیی لە ئەفەریکاش دروست بێت ئێمە دژی دەوەستین. لەم سۆنگەوە ئەگەر کەرەڤانەیەکی بچووکیش لە ناوەڕاستی ئەفەریکادا، بە ناوی دەوڵەتی کوردیی و کیانی سەربەخۆی کوردیی شک ببەن، سڵ لە پەلاماردان و هێرشی ناڕەوا بۆ سەری ناکەنەوە، تەنانەت بە ئەزموون دەرکەوت ئەگەر داد و گەشەپێدان لە هەموو شتێکدا لە کەمالیی و هێزە راستڕەوەکانی تورکیا

جیاواز بێت، ئەوە لە مامەڵەکردنی توندوتیژ و بێ بەزەییانە بەرامبەر بە کورد و شۆڕشەکانی ئەو گەلە، هەمان بیرکردنەوەی کەمالیزم و گورگە بۆرەکانی هەیە. لە سادەترین گوزارشتدا لە هەمبەر پەلاماردانی مافەکانی کورد هەموو لە یەک جۆگە ئاو دەخۆنەوە و لەسەر یەک ئاواز و ریتم هەڵدەپەڕن. تەنانەت ئەوەی پێیدەوترا سیاسەتی (کرانەوەی دیموکراتی)، هیچی تر نییە جگە لە رازیکردن و ئیحیتواکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان. بۆیە رەنگە بۆ منێکی کورد کە لە نزیکەوە ئاشنام بە سیاسەتی راسیستانە و نەتەوەپەرستانەی تورک، جێگەی شۆک و سەرسوڕمان نەبێت، ئەو ئەردۆگانەی بۆ منداڵی فەلەستین دەگریێ و فرمێسکی تیمساحییان بۆ دەڕژێت، لە هەمان کاتدا بە لاپاڵم و تانک و فڕۆکە هەزارەها سەبرا و شاتێلا و بگرە تراژیدیتر لەوان بقەومێنێت و چاوەڕوانی دەستخۆشی دەوڵەتانی جیهانیش بێت لە راستای پرۆسەی کێومالّی بزووتنەوەی (تیرۆریستی) کورد «پەکەکە» لە تورکیا!!.

بە بڕوای من کارەساتەکە هەمووی لەو پرۆسەی تۆپباران و پەلاماردانەی ئەرتەشی تورکیادا تەواو نابێت، بەڵکو ئەو کاتە دەگاتە دوا وێستگە و برینەکان بە سوێتر دەبن، مەرجەعێکی سیاسیی و نەتەوەیی وەکوو سەرۆکایەتی هەرێم لە بری ئیدانەکردن و هەڕەشەکردن لەو دەستدرێژییانەی تورک، سیاسەت و وەڵامی گەریلاکان ئیدانە و مەحکوم دەکات، وەک ئەوەی گەریلاکان خاکی (تورک)یان داگیر کردبێت و زمان و ممارەسەی کولتووری نەتەوەیی خۆیانیان لێ قەدەغە کردبن، وەک ئەوەی پەکەکە چووبێتە سەر شارە تورکییەکان و وەک ئەلقاعیدە لافاوی لە خوێنی هاووڵاتیانی بێتاوان و سڤیلدا هەستاندبێت. لە راستیدا روونکردنەوەکەی سەرۆکایەتی هەرێم پرۆسە تراژیدییەکەی تەواو کرد و لە هەمان کاتدا ئەو دەستدرێژییە بێ شەرمانەی حکومەتی تورکیای پاساو دایەوە و لە بەردەم رای گشتیی جیهانیدا پەردەپۆشی کرد، کە نەدەبوو سەرۆکایەتی هەرێم کارێکی لەم چەشنە بکات و ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییەی لەسەریەتی بە هەڵە بەکاربهێنێت، چوونکە تەنانەت هێرشی یەکلایەنەی پەکەکەش هیچ پاساوێکی نادات بە حکومەتی تورکیا قووڵایی باشووری کوردستان بۆردومان بکات، هەروەک چۆن شەڕی حەماس لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل رەوایی نادات بە حکومەتی تەلئەبیب کە بۆردومانی شوێنی ژیان و ماڵ و حاڵی هاووڵاتیانی مەدەنی ناو شارەکان بکات.

پێویستە هەم سەرۆکایەتی هەرێم و هەم تێکڕای خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستییە ساکارە بزانن، بوونی پەکەکە و هێرشی گەریلاکان تەنیا پاساوێکی بێ بنەما و بیمانای دەوڵەتی تورکە بۆ لێدان لە باشووری کوردستان، ئەی ئەوکاتەی پەکەکە ئاگربەستی یەکلایەنەی ڕاگەیاندبوو، بۆچی تورک هەڕەشەی لە باشووری کوردستان دەکرد؟. ئایا هیچ کاتێک هەبووە باشووری کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نابێت لە چوارچێوەی عێراقدا و تورکیا نەهاتبێتە سەر خەت و هەڕەشەی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی و بەزاندنی خاکی باشووری نەکردبێت؟. ئایا هیچ کات بووە لەگەڵ ناوهێنانی کەرکوک و پێداگریی کورد لەسەر ناوچە دابڕاوەکان لەولاوە تورک کێشە و گیروگرفتی جۆراوجۆری بۆ قەوارەی سیاسیی باشووری کوردستان دروست نەکردبێت؟. بە وەڵامدانەوەی ئەم چەند پرسیارە، دەگەینە ڕاستیی ئەوەی تۆپباران و هەوڵەکانی سنووربەزاندنی ئەرتەشی تورک نەک پەیوەندیی بە پەلاماری پەکەکەوە نییە بۆ سەر جەندرمە، بەڵکو ئەو هەڵمەتانەی گەریلا تەنیا پاساوی بێ بنەما و ناماقوڵی تورکەکانن بۆ بەزاندنی سەروەریی خاکی باشووری کوردستان. من لە کۆتایی ئەم ستوونە هەر دەتوانم بەوە ڕابگەم بڵێم تورکەکان دوژمنی مێژوویی پێشکەوتنە سیاسییەکانی دۆزی کوردن، پێویست ناکات ئەم ڕاستییە لە بیر بکەین، پەکەکە هەبێت یان نا، هیچ فاکتەرێک نییە تورکەکان ڕابوەستێنێت لە دژایەتی و دوژمنایەتی تا هەتایی ئەوان لەگەڵ کێشەی نەتەوەیی گەلی کورددا. ئەمە ڕاستییە ڕووتەکەیە و لەوە بەولاوە هەر پاساو و هۆ داتاشینێکی تر، تێزی پووچ و قسەی ناماقوڵ و دیماگۆگییە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٦»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی یونی ٢٠١٠ بڵاوبۆتەوە.

# ئەمجارەیان سروودی ئەی رەقیب بۆتە ئامانج

وەک ئەوەی هیچ کێشەیەکمان نەما بێت، وەک ئەوەی ماددەی سەد و چلی دەستووری عێراقی بە پێی خواست و حەزی کورد جێبەجێ کرابێت، وەک ئەوەی کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆی لە مێژینەی هەبێت، وەک ئەوەی هەموو کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانمان چارەسەر بووبن، وەک ئەوەی هەموو خزمەتگوزارییەک بە هەموو شار و گوند و شارۆچکەکانی کوردستان گەیشتبن و لە هیچمان کەم نەبێت و لە بێ ئیشیی و بێ کێشەییدا، وەنەوز بمانباتەوە، جەنابی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کە هێشتا لە دە وشە، حەوتی عەرەبی بەکاردەهێنێت، گەڕی ئالاندۆتە سروودی ئەی رەقیب و تازە بە تازە بیری کەوتۆتەوە ئەم سرووده لەگەڵ عەقیدە وشکهەڵاتووەکەی ئەو گونجاو نییە، بۆیە بە بیانووی ئەوەی کوفری تیایە و بێمنەتیی تێدا دەبینرێت بەرانبەر بە پەروەردگار دەبێ بگۆڕێت و شایانی ئەوە نییە لە بەری هەڵبسیت و رێزی لێ بگریت.

جەنابی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، بیری چووە ئەم سروودە شەرعیەتێکی سیاسیی و شۆڕشگێڕیی و تەنانەت میللیشی هەیە، هیچ حزب و لایەنێک، هیچ دەستە و گرووپێکی سیاسیی، بە بڕیار ئەو سروودەیان نەکردۆتە مارشی نەتەوەیی کورد، بەڵکوو بە خۆڕسک و بەدەم هوتافکێشانی چەندان شەهید و لە میانەی دەیان خۆپیشاندانی سەردەمی دەسەڵاتی داگیرکارییەوە شەرعییەتی وەرگرتووە. ئەی رەقیب پێویستی بە پاڵپشت و پەسندانی هیچ یاسا و رێکخراو و پەرلەمان و حکومەتێک نییە، بۆ ئەوەی بە فەرمی وەک مارشی نەتەوەیی بناسێنرێت، چوونکە ئەو لەبۆتەی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا ئەم شەرعییەتەی وەرگرتووە و بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ئەدەبیاتی ئەو بزووتنەوەیە بە درێژایی تەمەنی خۆی. ئەی رەقیب لە سەردەمێکدا نووسراوە، کە بوونی کورد لە ژێر

هەڕەشەی توانەوە و پارچە پارچەکردن و ژێردەستەییدا بوو، ئەو شیعرە بەرز و پڕ لە بەرگرییەی «یونس دڵدار» بۆ ئەوێ رۆژێ و هەتا ئێستاش پەیامی کۆڵنەدان و خۆ بە دەستەوەنەدان و بەرگریی نەتەوەی کورد بوو لە خاک و زمان و رەگەزی خۆی، تەنانەت ئەم سرووده وێردی سەر زمانی چەندان مەلا و پیاوی ئاینیی و فەقێ و شێخی ئەم کوردستانە بووە، ئەوانە نەک هەر کوفرێکیان لەم سروودەدا نەبینیوە، بەڵکو هاشاکردن و بە سووک سەرنجدانی ئەو سروودەیان بە کوفر زانیوە و لە کەسیان قبوڵ نەکردووە بە چاوێکی سووک و بێ رێزییەوە تەماشای بکات.

سروودی ئەی رەقیب لە کاتێکدا نووسراوە، کە زۆرینەی شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بە زەبری ئاگر و ئاسن دامرکێنرابوونەوە، بۆ کاتێک نووسراوە بێهیوایی باڵی بەسەر تێکڕای تاکی کورددا کێشابوو، ئەو سرووده لەو رۆژگارانەدا پەیام و تروسکایی ئومێد بوو، بەشێکی گرنگ بوو لەو ئەدەبە بەرگرییەی بە هەموو شێوەیەک داکۆکیی لە بست بە بستی خاکی ئەم وڵاتە دەکرد، پاشان لە قۆناغی شۆڕش و راپەڕینەکانی چەند دەیەی پێشووتردا، ئەم سرووده جیا لەوەی بووە مارشێکی حەماسیی بۆ رۆڵەکانی گەلی کورد لەهەر شوێنێکی کوردستاندا بووبن، لە هەمان کاتدا نەعرەتەیەک بوو جەستەی دوژمن و داگیرکەرانی کوردستانی سەرتاپا دەهێنایە لەرزین، ئەی رەقیب بۆ خۆی لەشکرێک بوو کە هیچ دوژمنێک نەیدەتوانی خۆی لە بەردەم بگرێت، ئەی رەقیب بە خوێن و ئازار و فرمێسک و گریان و قریشکەی دایکی شەهید و هاواری ئەنفال و ناڵینی پێنج هەزار شەهیدی هەڵەبجە، شەرعییەتی وەرگرتووە، بۆیە ئەوانەی دژی دەوەستن و سووکایەتی پێدەکەن، وەک ئەوە وایە سووکایەتی بەو مێژووە پڕ ئازار و خەبات و قوربانیدانە بکەن، سروودی ئەی رەقیب وەک پێشمەرگەیەک تێیدا بە بەردەوامیی ئامادەیی هەبووە.

ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی و تێکڕای ئەو ئیسلامییە پەڕگیرانەی ئەی رەقیب بە کوفر دەزانن، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، کوفری نەتەوەییان کردووە و سووکایەتییان بە خەباتی نەتەوەیی گەلی کوردستان کردووە، چوونکە ئەی رەقیب نەک پێشمەرگەیەکی ناو ئەو خەباتەیە، بەڵکو یەکێکە لەو سیمبولە نەمرانەی هەتا کورد بمێنێت ئەویش وەک سەدای بوون و مانەوەی کورد هەر دەمێنێتەوە. بەبڕوای من ئەو پەیامەی ئەی رەقیب هەیەتی، هێشتا تەواو نەبووە، چوونکە تا

بە ئێستاش دەگات، بوونی کورد و کیانی سیاسیی کوردستان لە بن هەڕەشەیە، ئەگەر لە باشوور قەوارەیەکی نیمچە ئازادمان هەبێت، ئەوە هێشتا لە بەشەکانی تری کوردستان، خەباتی رزگاریخوازیی لە گەرمەی خۆیدایە، هەر دوێنێ بوو پێنج گوڵاڵەی سوورەی کوردستان لە زیندانەکانی کۆماری تیرۆریستی ئێراندا ژاکێنران و گەردنی بەرزیان برایە بەردەم سێدارەی ئاخوندە عەقڵ تاریکەکانی هاوبیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، ئەی رەقیب لەوێ نەک بەسەرچوو نییە، بەڵکو سروودێکە هەنووکە کاتێتی و پەیامێکە ئێستا دەبێت بگاتە گوێی داگیرکەرانی کوردستان.

دەزانم داگیرکەرانی کوردستان لە سەرووی هەموویانەوە، بەعسی لەناوچوو، ئەو سروودەیان بە کوفر دەزانی، کوفر بەو مانایە نا بێڕێزیی بەرامبەر بە خودا تێدایە، بەڵکو بەو واتایەی کە بۆ کورد جا هەر کوردێک بوویێت کوفر بووە پەیامی مانەوە و بەرگریی بە گوێی داگیرکەرانی کوردستاندا بچرپێنێت، ئێستا مەلا عەلی باپیر هەمان ئەجیندا درێژە پێدەدات و بەو سروودەی کە بە خوێن و ئازار جێگەی لە دڵی نەوەکانی کورددا کردۆتەوە دەڵێت کوفر، کەچی لە بەرانبەردا بێ هیچ سڵەمینەوەیەک رێز لە سروودی «مەوتنی» مارشی عێراقی عروبە دەگرێت و بەڵکو بە بەرزە پێ لە بەری هەڵدەستێتەوە. ئەم دوو هەڵوێستەش بۆ مێژوو دەمێننەوە و وەک لاپەڕەیەکی رەش دەخرێنە ناو دیرۆکی مەلا عەلی باپیر و کۆمەڵە ئیسلامییەکەیەوە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٧»ی گۆڤاری «نیوەند» لە مانگی تەمووزی ٢٠١٠ بڵاوبۆتەوە.

# کورد لە نێوان مالیکی و عەلاوی دا

قەیرانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق لە پێنج مانگ لایداوە، سەرەڕای خراپیی ڕەوشی ئەمنیی بەشە عەرەبییەکەی عێراق و گووشارێکی هەرێمی و نێودەوڵەتیی لەسەر هەردوو لیستی «ئەلعێراقیە» و «دەوڵەتی یاسا»، هێشتا ناکۆکیی لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، بۆتە فاکتەری سەرەکیی درێژبوونەوەی قەیرانەکە، لە ڕاستیشدا ئێمە ئەگەر سەیری دۆخەکە و جیاوازیی و ململانێی هەردوو لیستی بەهێزی عەرەبیی بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی شەڕەکە لەسەر پلاتفۆرم و پێشکەشکردنی پڕۆژە و بەرنامەی جیاواز نییە، هێندەی ئەوەی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت بۆتە جۆشدەری زیاتری ئەو ناکۆکییانە. یان بە دەربڕینێکی تر هەست و مەیلی دەسەڵاتخوازیی قەیرانەکەی بۆ کاتێکی نادیار درێژ کردۆتەوە، ئەگەریش کار وا بڕواتە پێشەوە، ڕەنگە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان لە سەرتاسەری عێراق، ببێتە ئەگەرێکی بەهێز و نزیک. تەنانەت بارەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، بەشی زۆری عێراقییەکان داوای دەستوەردانی دەوڵەتانی تری وەکوو ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن بۆ کۆتایهێنان بەم ڕەوش و قەیرانەی ئێستا عێراقی پێدا گوزەر دەکات.

کورد وەک نەتەوەی دووەمی عێراق و لیستی چوارەم بە پێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن، کەوتۆتە بەرداشی شەڕی هەردوو لیستە سەرەکییەکەی عێراقەوە، لە هەمان کاتیشدا هەردوو لیست چوونکە ناتوانن بگەنە یەک بۆ پێکهێنانی حکومەتی دادێ، پەنایان هێناوەتەوە بۆ کورد، دروستتر وایە بڵێین مێژوو جارێکی تر خۆی چەند بارە دەکاتەوە، چوونکە بە ئاوڕدانەوە بۆ ڕابردووی دوور یان نزیک، دەبینین هەمیشە لایەنێک یان چەند لایەنێکی عێراقی لە کاتی قەیران و ئاڵۆزییەکاندا پەنایان وەبەر کورد هێناوە، تەنانەت کورد لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دەرفەتی

بە حزبی بەعسیش داوە بێتە سەر حکوم، هەمووش سەرئەنجامەکەی دەزانین کە چی بووە؟. هەنووکە مالیکی تەشریفی دێنێتە هەولێر و عەلاوی بانگەشەی بۆ ئەوە دەکات بە هەموو داخوازییەکانی کورد رازییە! ئەمە لە کاتێکدا ئێمەی کورد گومان لە راستگۆیی و نیەتی پاکیی هەر لایەکیان دەکەین و پێمانوایە نەک بە لانی زۆر داواکانمان رازی نین، بەڵکو ئەوان دەیانەوێ پاشەکشە بە لانی کەمی خواستە سیاسییەکانمان بکەن لە چوارچێوەی عێراقدا.

گوومان لە راستگۆیی عەلاوی دەکەین، چوون ئەو لەو ماوەیەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو، هیچ ئامادەباشیی و نیازێکی نیشان نەدا، کە دەیەوێت دان بەداخوازییەکانی کورددا بنێت، تەنانەت لە پرسی کەرکوک و ماددەی ٥٨ی ئەو کاتەدا، هەمان هەڵوێستی عەرەبە شۆڤێنییەکانی تری هەبوو، یان با بڵێین عەلاوی ئامادە نەبوو پشت لە بیرۆکەی پان ناسیۆنالیزمی عەرەبیی بکات و رێگە بدات بە دەستوور کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان چارەسەر ببێت. لە حاڵی حازریشدا بە شەفەیی و قسە ئامادەیە گوێ لە داخوازییەکانی کورد بگرێت، بەڵام پێ ناچێت لە داهاتوودا نموونەیەکی جیاواز بێت لە هەموو ئەو هێزە عەرەبییانەی تری تا هەنووکە حکومی عێراقیان کردووە، بە دەلیلی ئەوەی لیستی ئەلعێراقییە چیتر نییە جگە لە گردبوونەوەی هێزە عەرەبییە سوننە دەمارگیر و کۆنە بەعسییەکانی پێشوو، تەنانەت ئەوەی هێزی داوە بەو لیستە، کارایی سیاسیی و گرنگیی پڕۆژەکانی نییە، هێندەی بریتییە لەوەی گردبوونەوەیەکە گوزارشت لە بزووتنەوەی پان ناسیۆنالیستی عەرەبیی دەکات، کە پاش هاتنی ئەمەریکا و رووخانی بەعس ئەو تەوژمە نەتەوەپەرستییە رۆژگارە هەرە تاڵەکانی خۆی دەگوزەرێنێت. لەبەر رۆشنایی ئەم راستییەشدا، دەتوانین بڵێین کورد هیچ چاوەڕوانییەکی وەهای لە عەلاوی و لیستەکەی نییە، تەنانەت زۆر لەو بیرکردنەوە سیاسییە دەسڵەمێتەوە، ئەو لیستە نوێنەرایەتی دەکات.

هەرچی لیستی دەوڵەتی یاسا و خودی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراقە، لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو بە ئەزموون تاقیکراونەتەوە. بە تایبەت لە هەمبەر ماددەی سەد و چلی دەستووری هەمیشەیی عێراق و کێشە دروستکردن بۆ بودجە و گرێبەستە نەوتییەکان و دەرهێنانی ئەو شلەیە لە هەرێم، مالیکی و کابینەکەی بە توندترین و شێلگیرانەترین شێوە دژایەتی خواستەکانی کوردیان

کردووە. مرۆ ئەگەر وەبیری بێتەوە، مالیکی چوار ساڵێک پێش ئێستا، وەختێک بەرنامەی خۆی وەک سەرۆک وەزیران لە بەردەم پەرلەمانی عێراقیدا خوێندەوە، سیاسییە ساویلکەکانی کوردی وەها لێکردبوو پێیانوابوو لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا ماددەی سەد و چل جێبەجێ دەکات، کەچی بینیمان سێ ساڵ بەسەر وادەی یاسایی ئەو ماددەیە تێپەڕیوە و هێشتا نەک وەزعی کەرکوک وەکوو خۆیەتی، بەڵکو لە شارەدێ و گوندەکانی دەوروبەری ئەو شارە کوردییە، پرۆسەی تەعریب درێژەی هەیە. ئێستاش دووبارە مالیکی دەیەوێت لە ڕێی بەڵێنی جێبەجێکردنی ماددەی سەد و چلەوە سۆزی کورد بە لای خۆیدا رابکێشێت، ئەمەش یەکێکە لە چرکەساتە کۆمیدییەکانی مێژووی سیاسیی عێراق. تۆ بڵێی کورد هێندە کاڵفام و سادە بێت، هێشتا بەم دروشمانەی مالیکی عەقڵی خۆی بداتە دەستی ئەو سیاسییە رەفتار ماکیافیللییە؟.

بەهەرحاڵ کورد، ئەگەرچی زۆر شانسی هەیە و کۆمەڵێک فاکتەری سیاسیی و ئەمنیی، هێز و قورسایی سیاسیی ئەو وەک خۆی دەهێڵننەوە، بەڵام هێشتا هەروەک تەماشاکارێک لە دەرەوەی گۆڕەپانەکە سەیری ئەو گەمە زۆر سەخت و دژوارەی دوو لیستەکەی عێراق دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا لەنێوان دوودڵی و رارایییەکی گەورەدا توانای بڕیاردانی نەماوە، چوونکە ئەو کەوتۆتە بەرداشی دوو لیستی عەرەبیی عێراقییەوە، کە لە باشترین حاڵدا ئەوەی ئەوان لە سەدام جیا دەکاتەوە یان نەیهێشتووە وەک سەدام پەلاماری ماف و دەستکەوتەکانی کورد بدەن، تەنیا بوونی ئەمەریکییەکان بووە. بۆیە من پێم سەیرە خەڵکانێک پەیدابوون دەڵێن نا مالیکی لە عەلاوی باشترە یان بە پێچەوانەوە، چوونکە ئەو دووانە هەردووکیان یەک ستراتیجیان لە هەمبەر کورد هەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە رەنگە ئالیەت و فۆرمی کارکردنیان بۆ چەسپاندنی ئەو ستراتیجە جیاواز بێت.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە «٧٨»ی گۆڤاری «نێوەند»ە لە مانگی ئۆگەستی ٢٠١٠.

# پەیکەرێک بۆ بەڕێز مالیکی

**بۆ هەر سیاسەتمەدارێک تەندروستی و رەوشتبەرزیی لە زیرەکی زۆر باشترە**

**گۆستاڤ لۆبۆن**

نوری مالیکی پێش هەر شتێک سیاسەت دەکات، نوێنەرایەتی جیهانبینییەکی سیاسیی عەرەبی شیعیی نەتەوەپەرستانە دەکات، ئەمە ئەو راستییە ساکارەیە لای هەمووومان ئاشکرایە. مالیکی بزانێت یان نا، زۆر پابەندە بە پرنسیپ و دیدی «مەکیافیللی»یەوە لە ممارەسەکردنی کاری سیاسییدا. ئەمەش رەنگە بە دڵی ملیۆنان عەرەب و شیعە بێت لە تەواوی ئەم جیهانە بەرینەدا. بەڵام بۆ کورد مالیکی جگە لە کوێخایەکی نوێی پانعەرەبیزم چیتر نییە و نەبووە، چوونکە مالیکی نەک تەنێ پێشگیریی لە هەنگاوەکانی کورد دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەی لە عێراقدا بەدەستی نەهێناون، بەڵکو هەموو هەوڵێکی لە گەڕدایە بۆ پاشەکشەپێکردنی ئەوەشی بە درێژایی دەیەکان لە باشووری کوردستان بەدەستهاتووە. ئەمەش ترسناکیی ئەو ئەجیندایە دەخاتەڕوو هەر لە ئێستاوە بە سیاسەت و پێشڕەوییەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە دیارە.

لەوانەیە هەموومان، بینەری ئەو دیدارەی «ئێن ئاڕ تی» بووبین لەگەڵ بەڕێز «مالیکی». شێوازی پرسیارکردن و ئامانجەکانی ئەو کەناڵە قسە زۆر هەڵدەگرێت، لە هەمان کاتدا گەرچی را و بۆچوونەکانی «مالیکی»ش، شیاوی هەڵوێستە لەسەرکردنە. بەڵام من دەمەوێ لەو زاویەیەوە، قسە لەسەر چاوپێکەوتنەکە بکەم، کە جەنابی مالیکی وتی «من زۆر لە سەرکردە کوردەکان پتر دڵسۆزی گەلی کوردم».

هەرچەندە ئەم قسەیە جێگەی بڕوا نییە لەلایەن هیچ کوردێکەوە، لە هەمان وەختدا ڕوو قایمییەکی زۆری دەوێت، شۆڤێنیستێکی وەک مالیکی لە تیڤییەکی کوردیی بەو ڕاشکاوییە، لە ژێر ناوی دڵسۆزیی بۆ گەلی کورد، خۆی مەبان بکات لەو هەڵمەتە فراوانەی دژ بە گەلی کورد بەڕێوەی دەبات، لەوە ترسناکتر ئەوەیە نە ئامادەکاری چاوپێکەوتنەکە کۆمێنتی هەبوو لەسەر ئەو قسەیە، نە ئەم قسەیەی مالیکی بووە هۆی بە گیرهێنانی کە چۆن و لە کوێدا و بەپێی کام بەڵگە دڵسۆزە بۆ گەلی کورد؟.

بە بڕوای من ئامانجی کەناڵەکە هەرچییەک بووبێت، یان هەر شەڕێکی سیاسیی لە پشتی ئینتەرڤیوی مالیکی هەبێت لە تەلەفزیۆنێکی کوردیدا، نابێت ڕێگە بەوە بدرێت، کەسێکی وەک مالیکی لە ژێر ناوی دڵسۆزیی بۆ گەلی کورد، سۆزی جەماوەری کوردستان بە لای خۆیدا ڕابکێشێت، نابێت ڕێگە بدرێت بە سیاسییەکی وەک مالیکی بە ناوی دڵسۆزیی و دڵسووتان بۆ گەلی کورد، لە بری بەرەو ڕووبوونەوەی لە هەموو ئاستێکدا، لەسەر شاشەیەکی کوردیی سنگ دەرپەڕێنێت، لەولاشەوە هەمان شاشە ڕێگە نەدات خەڵکانێک بێنە قسە و پەیامی خۆیان بگەیەنن کە دەتوانن تاوان و سکەنداڵەکانی مالیکی دژ بە کورد و دژ بە مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و عێراق ئاشکرا بکەن. ئەمە نەهامەتییەکی گەورەیە بۆ دۆزی سیاسیی و نەتەوەیی کورد، ئەمە تاوانێکی گەورەیە بە هەقی نەتەوەیەکی بندەستی وەک گەلی کورد.

وتەیەکی باو هەیە دەڵێت کەسی بێدەنگ لە بەرامبەر ڕاستیدا، شەیتانێکی لاڵە. من نەمویست شەیتانێکی لاڵ بم، لە بەرامبەر ئەو خەوشەی «ئێن ئاڕ تی» هاتمە دەنگ، ئاخر ناکرێت دیمانەیەکی لەو چەشنەی وەک مالیکی بێ کۆمێنتی ڕەخنەگران و نەیارە کوردەکانی مالیکی تێپەڕێت، کارەساتەکە لەوێدا چەند قات گەورەتر دەبێت ئامانجی هێنانە سەر شاشەی مالیکی بۆ لێدانی ئەو نەیارە سیاسییە کوردانە بێت، ڕەخنە لە هەڵوێست و ڕەوتاری شۆڤێنییانەی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەگرن. لە باری واقیعیشەوە مالیکی یەکێکە لەو سیاسەتمەدارە کوشندانەی پابەندی هیچ ئەخلاقێکی سیاسیی و هاوپەیمانیی نییە، ئیدی لە بری ئەوەی کورد ڕیسوای بکات، تاوانێکی مەزنە وەک قوربانی و شەڕ پێفرۆشراو نیشانی هاونیشمانیانی بدات.

با واز لە چڕینی ئاوازە باوەکە بهێنین، بێینە سەر کاکڵەی مەبەست، من دەڵێم مادام مالیکی ئەوەندە دڵسۆزە بۆ کورد، مادام هیچ کەس لەم شارە گەورەیەدا

«سلێمانی» دەنگی لێ بەرز نابێتەوە دژی ئەو زێدەگۆییانەی نوری مالیکی، مادام هیچ کۆمێنتێک نییە لەسەر ئەو هەموو سنگ دەرپەڕاندن و چنینی درۆ و بوختانە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە دژی کوردستان، مادام نوری مالیکی ئەو فریادڕەسە مەزنەی کوردە و نایەوێت گەلی بندەستی کورد لە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵێک سەرکردەی «گەندەڵ» بژین، هەقوایە پەیکەرێکی برۆنز بۆ ئەو پیاوە مەزنە بکرێت، ئاخر جەواهیری بە دوو دێڕ شیعر خۆی کردە خاوەنی ئەو پەیکەرە برۆنزییە و قاچی لەسەر سنگی سلێمانی گیر کردووە، تۆ بڵێی مالیکی بەو هەموو شان و شەوکەتەوە پەیکەرێکی وەهای قابیل نەبێت؟. من دەڵێم تا زووە فریا بکەون پەیکەرێک بۆ بەڕێز «مالیکی» دروست بکەن، نەکا لە قسە و دڵسۆزیی خۆی پەشیمان بێتەوە، ئەگەر بە دەست من بێت هەر ئێستا بڕیاری دروستکردنی پەیکەرەکەی بەڕێز مالیکی دەدەم، ئێ خۆ گۆڕەپانی «برای سەرکردە موعەمەر قەزافی» لە عەیب و شوورەیدا بێ ناو ماوەتەوە، دەڵێن چی قیروسیای لێ بکەین و گۆڕەپانەکەشی بە ناوەوە بکەین؟.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٥٣٢»ی رۆژنامەی «میدیا» لە رۆژی ٢٢-٥-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

# پشت لە عێراق.. روو لە کوردستان

لەوەتی دەخوێنمەوە، دەیان جار، بگرە زیاتریش، لە بارەی وڵاتی میزۆپۆتامیای کۆن و عێراقی هەنووکە، پەرتووکی نایابم خوێندۆتەوە. ئەوەی تێگەیشتم لە کۆی ئەو کتێبانەی لە بارەی عێراق خوێندوومەتەوە، ئەوەیە: وەک ئەوەی ئەم سەرزەمینە شووم و نەفرەتلێکراو بێت، هەمیشە گۆڕەپانێکی گەرمی کێشە و ئاشووب و شەڕ و کۆمەڵکوژیی و وێرانکاریی بووە!. هیچ ساتەوەختێک نییە لە مێژووی ئەم وڵاتەدا بە ساتەوەختی هێوریی و ئاشتیی تۆماری بکەین. تەنانەت شەڕ و توندوتیژیی ئەو هێما و نۆرمانەن کۆمەڵگە و تاکی عێراقیی پێ دەناسرێتەوە. هاشا لەوە ناکرێ وڵاتی میزۆپۆتامیا چاوگی رۆشنبیریی و داهێنانی گەورە بووە لە دێرۆکدا. هەر لە دۆزینەوەی پیت و رێنووس تا ئەو گەشەسەندنەی لە سەردەمی عەبباسییەکاندا بەغدادی کردە سەنتەری زانست لە هەموو جیهاندا، بەڵام لە پەنا ئەمەدا لاپەڕەکانی مێژووی ئەم وڵاتە بە خوێن نووسراونەتەوە.

باقر یاسین، نووسەری کتێبی «مێژووی خوێناویی عێراق» بە وردیی تیشکی خستۆتە سەر مێژووی ئەم وڵاتە هەر لە سۆمەرییەکانەوە تا عێراقی کۆماریی. ئەو پێیوایە کێشە و توندوتیژیی تێما و هێڵێکە لە هەزاران ساڵەوە تا ئێستا لە عێراقدا درێژ بۆتەوە. ئەو نووسەرە لە کتێبەکەیدا گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا هەنووکە، هیچ فەرمانڕەوا و پادشا و پێشەوایەکی سیاسیی و ئایینیی نەبووە لە عێراقدا لە رێگەی زەبروزەنگ و خوێنرێژییەوە لەناو نەچووبێت، ئەم هێڵەش لە «لۆکاڵ زاکیزی» پادشای سۆمەرییەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە عەبدولسەلام عارف و دواتریش. کەواتە ئەم مێژووە «لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینەوە تا ئێستا، کە بە پێنج هەزار ساڵ دەخەمڵێنرێت»، مێژوویەکە نیشانی دەدات عێراق هەمیشە نغرۆی ئاشووب و توندوتیژیی بووە. باقر یاسین باس لەوە دەکات لە ماوەی پێنج هەزار ساڵدا زانا و شاعیر و قازی و رۆشنفکر و فەیلەسووفان بە دەستی ئەنقەست لە عێراقدا کوژراون.

پێویست ناکات لێرە نموونە بخەینە پێش چاو، بەو پێیەی ئێمەی کوردی بە زۆر بە عێراقیکراو، لە هەموو کەس پتر گەواهیدەری ئەو راستییەن. چوونکە عێراقی نوێ لەسەر هەڕەشکردن لە ناسنامەی کورد و چەوساندنەوەی ئەم گەلە پێکهاتووە. عێراقی نوێ کە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، دروست لە ساڵی ۱۹۲۱ پێکهات، بە ناسروشتیی و لە ئەنجامی بڕیارێکی تۆپزانەی حکومەتی بەریتانیاوە پێکهات. تەنانەت وەک مێژوونووسان باسی لێدەکەن، فۆرمی دروستکردنی دەوڵەتەکە و هێنانی «فەیسەڵ» لە عەرەبستانی سعودیەوە تا ببێتە شای عێراق، تەنیا لە شانۆگەرییەکی کۆمیدیی دەچێت. هەردوو نووسەر «لیام ئەندەرسن- گاریس ستانسفیلد» لە کتێبە هاوبەشەکەیاندا «ئایندەی عێراق» زۆر جوان داستانی ئەم شانۆگەرییە گاڵتەجاڕییە دەگێڕنەوە و دەنووسن: لە ئابی ۱۹۲۱دا ئەو پیاوەی لە ژیانیدا بە سەردانیش ڕێی نەکەوتبووە عێراق «فەیسەڵ» بە یەکەمین سەرۆکی نەتەوەی عێراق دامەزرێنرا. لە ئاهەنگێکی سوریالیی بێوێنەدا بۆ وەرگرتنی پلە و پایەکەی، ئاڵای نوێی عێراق بە شانازییەوە بەرز کرایەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی سروودی نیشتمانی، تیپی مۆسیقای سەربازیی، سروودی «خودا پادشا بپارێزێ»یان ژەنی.

کورد لەم نێوەندەدا و لە چوارچێوەی گەمەی دەوڵەتانی زلهێزی ئەوسای پاش بڕانەوەی جەنگی جیهانیی یەکەم، دابەشکرا بەسەر چوار دەوڵەتدا، کە ئەودەم لە باری کردارییەوە و بە تایبەت دوای چاڵدێران «١٥١٤» دابەش ببوو بەسەر هەردوو ئیمپراتۆریای سەفەوی و عوسمانلی. لەم میانەیەدا ویلایەتی موسڵ کە پێشتر لە ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانلی بوو، خرایە سەر ئەو دەوڵەتە نوێیەی بە «عێراق» ناوزەد دەکرێت. لێرەوە بەشێک لە کورد بە دیفکاتۆی وڵاتانی زلهێز، بووە بەشێک لە عێراقی پڕ کێشە و ئاشووبی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبیی. لە ۹۰ ساڵی رابردووشدا داستانی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا داستانێکی تراژیدیی و خوێناوییە، چوونکە هەمیشە خوێنی کورد و کۆمەڵکوژیی کورد و تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد، گرەنتی داوە بە مانەوەی چوارچێوەی دەستکردی عێراق و ئەو چەمکە سواوەی پێی دەوترێت یەکپارچەیی خاکی عێراق.

حاڵی حازر هەروەک ۹۰ ساڵی رابردوو، کورد لە عێراق هاتۆتەوە سەر خوێندنەوەی ئاوازی یەکەم، کە ئەویش هەوڵدانە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی خۆی لە بەغداد. بە دیتنی من و پاش وانەکانی ۹۰ ساڵی رابردوو، بە پشت بەستن

بە سەدان دانوستانی شکستخواردوو، کێشەی کورد لە هەولێر چارەسەر دەبێت نەک لە بەغدا. باسی ئەوە ناکەین کاتی هاتووە، چون ئەگەر قسە لەسەر کات بکەین، وەختمان زۆر دواخستووە بۆ دەستبەردان لە عێراق، لەبەرئەوە ئێستا کاتی شتی ترە. بەڵکو باسی ئیرادەیەکی سیاسیی وەها دەکەین، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بە هەماهەنگیی لەگەڵ کۆی هێزە کوردستانییەکان «نەک تەنیا هێزە کوردییەکان» ئیرادە نیشان بدات بەوەی چیتر کورد نایەوێ لەو چوارچێوە دەستکردەدا بمێنێتەوە و باجی سنووریکی وەهمی بکات کە ناوی عێراقە. بەڵکو دەیەوێ ڕێگەی خۆی بگرێتە بەر، چوونکە کاتژمێری ئەوەیە کورد بە یەکجاریی پشت لە عێراق بکات و روو بکاتەوە کوردستان. هەنجەتی زۆریشمان هەیە بۆ ئەم کارە، ئەوەتا عێراقی دوای سەدام، عێراقی فیدراڵی و یەکێتی بە ناو ئارەزوومەندانە، چاوەڕێی باڵەفڕی ئێف شانزە دەکات، ئەوەتا سیناریۆیەکە سەر لەنوێ دەست پێبکاتەوە، ئەو سیناریۆیەی کورد قوربانییە سەرەکییەکەتی.

با بگەڕێینەوە سەر فاکتۆری کات. بە بڕوای من هیچ سەردەمێک هێندەی ئێستا کات بۆ دەوڵەتی کوردیی لەبار نەبووە. دوای ئەوەش چاوەڕوانی ئەوەی هەموو دنیا ڕەزامەند بێت کورد دەوڵەتی هەبێت، وەهمێکی کوشندەیە، قورسییەکەش تا ئێستا ڕازیکردنی وڵاتان نەبووە، بەڵکو قورسییەکە ئەوە بووە کورد نەیتوانیوە ببێتە دیفاکتۆ، چوونکە ئەگەر ببێتە دیفاکتۆ، وەک پیتەر گالبریس ئاماژەی پێداوە تەنانەت ئەمەریکاش ناچارە ملی پێبدات. بۆیە گرنگ ئەوەیە چیتر کات بە فیڕۆ نەدرێت. «لیلیان ئەلوەی» دەڵێت: هایدگەر پێیوایە لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەدا دیدێکی ناڕەسەنمان لەمەڕ کات و شیمانەکانی هەیە. وا دەزانین ئەوەی ئەمڕۆ ناتوانین ئەنجامی بدەین سبەینێ کاتمان هەیە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەین. ئەمە هیچی دی نییە جێگە لە پاشگەزبوونەوەیەکی ڕەسەنانە بۆ کات. ئەمڕۆ ئەگەر هەموو کاتی خۆمان بدەینە چارەسەری قەیرانەکانی عێراق، لە یادی بکەین کاتژمێری ئێمە هاتووە بۆ ئەوەی ببینە دەوڵەت، هایدگەر وتەنی با دەست لەوە بشۆین سبەینێ کاتمان هەبێت یان کاتمان بێت بۆ دروستکردنی ئەو دەوڵەتەی لە کۆنەستی هەمووماندا جێگەیەکی گەورەی داگیر کردووە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٥٣٤»ی رۆژنامەی «میدیا» لە رۆژی ٥-٦-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

# عێراق و تیۆری فەوزای دروستکەر

تیۆری فەوزای دروستکەر، تیۆرێکی سیاسیی، فەلسەفیی دێرینە، بۆ یەکەمین جار ئەم چەمکە لەلایەن «ئەفلاتۆن» گوزارشتی لێکراوە، بەڵام لە هەنووکەدا ئەو بیرۆکەیە سترۆکتۆری ستراتیجی ئەمەریکایە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. «مایکڵ لیدن» لە پەیمانگای «ئەمەریکا ئەنتەرپرایز» و کەسایەتی ناسراوی ناو گروپی نیو کۆنسەرڤاتیزم. یەکەم کەس بوو هەستا بە فۆرمۆڵە و سیاغەکردنەوەی ئەو تیۆرە. ناوەڕۆکی ئەم بیرۆکەیەش بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو جێگە و جوگرافیایەک کە بەشێوەیەک لە شێوەکان مایەی مەترسی بێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، کە بەپێی ئەم تیۆرە دەبێت لە رێگەی پرۆسەی «هەڵوەشاندنەوە» پاشان «دروستکردنەوە» ئەو مەترسییانە لاببرێن.

گومانی تیا نییە ئەمەریکا دەیەوێ ئەم ناوچەیە بەپێی بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکانی خۆی دیزاین بکاتەوە. دەیەوێت ئەو دیزاینە بگۆڕێ کە زادەی قۆناغی ئیمپریالیستیی دوای جەنگی جیهانی یەکەمە. چوونکە وەک جارێکی دیکەش لە شوێنێکی تردا ئاماژەم پێداوە، ئەمەریکا هیچ کاریگەرییەکی نەبووە لە رەنگرێژکردنی ئەم نەخشەیەی بۆ سەد ساڵ دەچێت لەم ناوچەیەدا جێگیر بووە. ئەمەریکا لە دوای یانزەی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دەرفەتێکی گونجاوی بۆ رەخسا، پیادەی ئەو ستراتیجە دێرینەی خۆی بکات، لەم نێوەندەدا «تیۆری فەوزای دروستکەر» بایەخێکی گرنگی پەیدا کرد بە تایبەت لەلای ئەو دەستەیەی بە پارێزگارە نوێیەکان ناسراون.

ئەو شانۆگەرییەی ئەمڕۆ لە عێراقدا دەگوزەرێت و لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر بێدەنگیی ئەمەریکا، لە هەمبەر ئەو رووداوانەی لە عێراقی هەنووکەدا دەگوزەرێن، جێی رامانێکی زۆرە و پرسیاری سیاسیی گرنگ بە دوای خۆیدا دەهێنێت. ئایا بۆچی

ئەمەریکا لەو فەوزا مەترسیدارەی ناوخۆی عێراق بێدەنگە؟ ئایا ئەمەریکا رژێمی بەعسی رووخاند، بۆ ئەوەی گۆڕەپانی عێراق ببێتە جێگەی شەڕێکی مەزهەبی کە ریشەیەکی چواردە سەدەیی هەیە؟. ئایا بۆچی هەمیشە ئەمەریکا کە پێشتر لە هەر رووداو و پێشهاتێکی ناوخۆیی عێراق یان پەیوەست بە عێراق قسەی هەبووە، ئێستا هیچ هەڵوێستێکی نییە؟. ئەم پرسیارانە، دەمانخەنە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی بڵێین رەنگە ئەوەی لە عێراق دەگوزەرێت، لە سیناریۆیەکی ئەمەریکی شتێکی زیاتر نەبێت.

پێ دەچێت، ئەم فەوزایەی هەنووکە لە عێراق بوونی هەیە و رۆژ لە دوای رۆژ تاو دەسەنێت، بەشێک بێت لە پیادەی ئەو تیۆرەی ئێمە ئاماژەمان پێداوە «فەوزای دروستکەر»، چوونکە بە پێی ئەم تیۆرە دەبێت نەخشە و قەوارەیەک هەڵبوەشێتەوە، تا نەخشە و قەوارەی دیکە لەسەر جەستەی ئەوی پێشوو دروست بکرێت. چوونکە ناوەڕۆکی ئەو تیۆرە تەنیا بریتی نییە لە گۆڕینی نەخشەی سیاسیی، بەڵکو نەخشەی جوگرافیش دەگرێتەوە، ئەمەش لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ و دوای رووخانی رژێمی بەعس بە گەرمی لە میدیاکانی جیهانیدا باسی لێ دەکرا و ببووە مایەی مشتومڕێکی زۆر، بە تایبەت کە ئەو گۆڕانکارییە بە «رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە» ناوزەد دەکرا.

بێدەنگیی ئەمەریکا، هیچ تەفسیر و خوێندنەوەیەکی تری نییە، جگە لەوەی خودی عێراقییەکان بوونەتە ئەکتەرێکی سەرەکیی ئەو سیناریۆیەی بیریارانی ستراتیجی ئەمەریکی بۆ گۆڕینی ناوچەکە دایانڕشتووە وەک بنەمایەکی ستراتیجی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئەمە گەڕانەوەیەکە بۆ پێشنیاری پێش دە ساڵ بەر لە ئێستای «هێنری کسینگەر» کە باسی لە دابەشبوونی عێراق دەکرد بۆ سێ هەرێم یان سێ دەوڵەتی جیاواز. هەنووکەش «جۆ بایدن» تەمسیلی هەمان سیاسەت و بیرکردنەوە دەکات، چوونکە بایدن هەرگیز نایشارێتەوە لایەنگری دابەشکردنی عێراقە بۆ سێ هەرێمی شیعە و سوننە و کورد.

بە تێگەیشتنی من، مالیکی بە ئاگایی بێت یان نا، ئەو نەخشەیە پیادە دەکات، لە مێشکی «جۆ بایدن»دایە. چوونکە ئەو بارودۆخی عێراق لە هەموو روویەکەوە ئامادە دەکات بۆ دابەشکردن، زەمینەی پێکەوە ژیان و لە یەکتر گەیشتن لە ناو دەبات، کار لەسەر سڕینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان پێکهاتەکانی عێراق دەکات، دەوڵەتی کردۆتە دامەزراوەیەکی سەرکوتکار دژی دوو پێکهاتەی گرنگی وەک سوننە و

کورد، هەوڵی خۆ بەهێزکردن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێز دەدات، ئەمانە هەمووی سترۆکتۆرەکانی پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە ژیان هەڵدەتەکێنن، بێ متمانەیی دروست دەکەن، بۆیە هیچ ڕێگە چارەیەک لەبەردەمدا نامێنێت، جگە لەوەی هەر کەس بیر لە خۆی وماڵی خۆی بکاتەوە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیش ئەمە هەنگاوی دابەشکردنی عێراقە لانیکەم بۆ سێ هەرێم، بەمەش ئامانجی ستراتیجی ئەمەریکا دێتەدی.

بەدەر لەوانە، هەندێک کەس گوومانی ئەوە دەوروژێنن، ئەمەریکا هێشتا لایەنگری دابەشبوونی عێراق نییە، بەڵام لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پاڵپشتێکی عەقڵانییان بۆ بۆچوونەکەیان پێ نییە، تەنیا بڕیار لەسەر ڕووکەش و دیوی دەرەوەی نمایشەکە دەدەن، من پێموایە ئەمەریکا بە پیادەکردنی «تیۆری فەوزای خەلاق» عێراق ئامادە دەکات بۆ دابەشکردن، خولەک لە دوای خولەکیش لەو ڕاستییە نزیکتر دەبینەوە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٢١»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە ڕۆژی ٥-٥-٢٠١٣ بڵاوبۆتەوە.

# دیسانەوە سروودی ئەی رەقیب

چەند ساڵ پێش ئێستا، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی بۆ سروودی ئەی رەقیب هەڵنەستایە سەرپێ، بەڵام لە پەرلەمانی عێراق بە شانازییەوە بۆ مارشی عێراق لەسەر پێیەکانی وەستا. ئەو رووداوە هێشتا لە ناو چینی یاوەدەریی زۆربەماندا بە زیندوویی مابووەوە، کاتێک پەرلەمانتارانی کۆمەڵی ئیسلامی لە یەکەم دانیشتنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، بە لاساییکردنەوەی ئەمیرەکەیان، بێڕێزیان بەرانبەر بە سرووی نەتەوەیی گەلی کورد کرد و ئامادە نەبوون کەمتر لە خولەکێک بۆ سروودێک بە پێوە بوەستن، سەدان شەهید لە کاتی شەهیدبوونیاندا وەک دوا هوتافی نەتەوەیی بە رووی داگیرکەرانی کوردستان وتوویانەتەوە، ئامادە نەبوون رێز لە سروودێک بگرن چەندین دەیەیە بۆتە مارشی شۆڕشگێڕیی و بەرخوادانی رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە هەر چوار پارچەی کوردستانی داگیرکراو.

کاتی خۆی و لە ساڵی ٢٠١٠ لە بەرانبەر، هەڵوێستی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، لە وتارێکدا نووسیبووم «جەنابی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، بیری چووە ئەم سرووده شەرعیەتێکی سیاسیی و شۆڕشگێڕیی و تەنانەت میللیشی هەیە، هیچ حزب و لایەنێک، هیچ دەستە و گرووپێکی سیاسیی، بە بڕیار ئەو سروودەیان نەکردۆتە مارشی نەتەوەیی کورد، بەڵکوو بە خۆڕسک و بە دەم هوتافکێشانی چەندان شەهید و لە میانەی دەیان خۆپیشاندانی سەردەمی دەسەڵاتی داگیرکارییەوە شەرعییەتی وەرگرتووە. ئەی رەقیب پێویستی بە پاڵپشت و پەسندانی هیچ یاسا و رێکخراو و پەرلەمان و حکومەتێک نییە، بۆ ئەوەی بە فەرمی وەک مارشی نەتەوەیی بناسێنرێت، چوونکە ئەو لە بۆتەی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا ئەم شەرعییەتەی وەرگرتووە و بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ئەدەبیاتی ئەو بزووتنەوەیە بە درێژایی تەمەنی خۆی».

هەر لەو وتارەدا نوسیبووم (ئەی رەقیب لە سەردەمێکدا نووسراوە، کە بوونی کورد لە ژێر هەڕەشەی توانەوە و پارچە پارچەکردن و ژێردەستەییدا بوو، ئەو شیعرە بەرز و پڕ لە بەرگرییەی «یونس دڵدار» بۆ ئەوێ رۆژێ و هەتا ئێستاش پەیامی کۆڵنەدان و خۆ بەدەستەوەنەدان و بەرگریی نەتەوەی کورد بوو لە خاک و زمان و رەگەزی خۆی، تەنانەت ئەم سرووده وێردی سەر زمانی چەندان مەلا و پیاوی ئاینیی و فەقێ و شێخی ئەم کوردستانە بووە، ئەوانە نەک هەر کوفرێکیان لەم سروودەدا نەبینیوە، بەڵکو هاشاکردن و بە سووک سەرنجدانی ئەو سروودەیان بە کوفر زانیوە و لە کەسیان قبوڵ نەکردووە بە چاوێکی سووک و بێ رێزییەوە تەماشای بکات).

ئێستاش دوای سێ ساڵ، دیسانەوە ناچارم ئەم چەند پەرەگرافە ئاڕاستەی کۆمەڵی ئیسلامیی بکەمەوە، چوونکە زۆر دەمێکە گەڕیان لەم سرووده ئاڵاندووە. من وام دەزانی ئەو فراکسیۆنە یەکەم ئیش و پڕۆژەیان بریتییە لە پێشکەشکردنی پڕۆژەیەکی ستراتیجی بۆ خێراکردن لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، لەو بڕوایەدا بووم بۆ دەرهێنانی بەڕەکە لە ژێر پێی لایەنەکانی دەسەڵات، کۆمەڵی ئیسلامی جاڕی تەبایی و یەکڕیزیی کورد رادەگەیەنێت لە هەر چوار بەشی داگیرکراوی کوردستان، وا تێدەگەیشتم، کۆمەڵی ئیسلامی یەکەم لایەن دەبێ بۆ سەرنجڕاکێشانی کۆمەڵانی خەڵک، پڕۆژەیەکی قانوونی بۆ گەڕانەوەی دەستبەجێی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم پێشکەش دەکات، وەلێ ئەفسوس دەبینین بە هەمان شێوەی عەرەب و فارس و تورکە توندئاژۆ و شۆڤێنییەکان رقی خۆیان بەسەر سروودێکدا باراندووە کە کۆدەنگیی هەموو کوردێکی لەسەرە. تەنانەت کەم شت هەیە هێندەی ئەم سرووده کۆدەنگیی کوردستانیانی لەسەر بێت.

هەرچەند من بیر لە هەڵوێستی ئەو برایانە دەکەمەوە، هیچ پاساوێکی قەناعەتپێکەر نابینمەوە بۆ ئەو هەڵوێست و رقبەرایەتییە لەگەڵ ئەی رەقیب، ئەگەر مەسەلەکەش وابەستەیە بە ئاین، هیچ کات هیچ کەسێک بەوە لە ئاین دەرناچێت، پەسنی نیشتمانەکەی بکات و بیهێنێتە ئاستی دین و ئیمان. دەبوو ئەم بەشە لە سروودەکە جێگەی رەخنەی ئاتەئیستەکان بووایە، چوونکە بۆ ئەوان دەستەواژەی «دین و ئیمان»، رەنگە بایەخی نەبێت، کەچی بە پێچەوانەوە دەبینین، لایەنێکی ئیسلامی کە بانگەشەی چاکسازیی و دیموکراسی و کرانەوەی کۆمەڵگە دەکات،

لە بری هەر پڕۆژەیەک لەو بوارانەی بانگەشەی بۆ دەکات، تەنیا کێشەی خۆی لە سروودێکدا چڕ کردۆتەوە و بە هەڵوێستێکی لەو چەشنە لە سەرەتاوە یەکڕیزیی نێو هۆڵی پەرلەمانیان تێکدا و دڵساردییان لەنێوان لیستەکاندا دروستکرد.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوەش بڵێم، بەداخەوە بۆ ئیسلامی سیاسیی بە تایبەت کۆمەڵی ئیسلامی، رۆژ و شەوانە دەیان سروودی ئیسلامیی عەرەبی و زنجیرەی ئێرانی و وەعزی بانگخوازە عەرەبە سەلەفی و وەهابییەکان لە ڕێی شاشەی تیڤییەکانیانەوە نیشانی بینەران دەدەن، کەچی وەختێک کار دەگاتە سەر سروودی نەتەوەیی گەلی خۆیان دەماری ملیان هەڵدەستێت و دەیدەنە بەر نەفرەت و لە خانەی کوفر و بێ باوەڕیدا پێناسەی دەکەن. ئەم سیاسەتە هەر ناوێکی هەبێت، جگە لە دوژمنایەتی لەگەڵ رای گشتیی گەلی کوردستان ناونیشانێکی تری نییە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٣١»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ١١-١١-٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

# هەڵبژاردن لە عێراق و پاشەڕۆژی دۆزی کورد

بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی دادێ، هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و پارێزگاکانی عێراق هاوکات ئەنجام بدرێت. لەسەر ئاستی عێراق، دوو جەمسەری زۆر بەهێز «شیعە و سووننە»، لە خۆ ئامادەکردندان بە مەبەستی بەشداریی لەو هەڵبژاردنەدا. شیعەکان ئەگەرچی هاوپەیمانییەکانیان درزی تێکەوتووە و یەکڕیزیی جارانیان لە کیس چووە، بەڵام بەو هۆیەی لە نیوە زۆرتری دانیشتووانی وڵات پێکدەهێنن، دەتوانن لە دەوڵەتی عێراقدا سەری قووچەکەکە داگیر بکەن. سوونەکانیش پاش باجێکی زۆری سیاسەتی جارانیان لە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان، بە گوڕ و تینێکەوە لە خۆسازداندان بۆ هەڵبژاردن. وا مەزندە دەکرێت ئەمجارە سێگۆشەی سوونەنشین گەرموگوڕترین جێگەی عێراق بێت لە مانۆڕی هەڵبژاردندا، ئەوەی دەمێنێتەوە کوردە.

کورد لە دەورەی پێشوودا سوودێکی زۆری لە بایکۆتی سوونەکان وەرگرت و بەو هۆیەوە توانی ژمارەیەکی زۆری پۆستە باڵاکانی حکومەتی عێراقی چنگ بخات، بەڵام سەرباری خۆ ئامادەکردنی گەرموگوڕی سوونە، کورد بێ چانسییەکی تریشی هەیە، ئەویش لێکترازانە لە ریزی هاوپەیمانیی کوردستاندا، ئەم ترازانەش کۆمەڵێک فاکتەری سەرەکیی هەیە، گرنگترینیان رامیاریی پارتی و یەکێتییە، کە هەمیشە ویستوویانە لە رێی ورووژاندنی دۆزە نەتەوەییەکانەوە ئامانجی سەرداریێتی خۆیان مسۆگەر بکەن. چوون بە درێژایی چەندین هەڵبژاردن پارتی و یەکێتی بوونەتە چەتری کۆکردنەوەی هەموو هێزە رامیارییەکانی کوردستان بۆ ئەوەی کورد بە «یەکگرتوویی» بچێتە بەغداد، بە پێچەوانەوە چرکەساتێک کورد بە یەکگرتووی چووە بۆ بەغدا، هەمیشە بە لێکترازاویی هاتۆتەوە. ئەوەش بە حوکمی ئەوەی پارتی و یەکێتی ئیستغلالی دۆزی نەتەوەییان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کردووە.

بڕوا دەکەم فره لیستیی هیچ زیانێک بە کورد نەگەیەنێت، بە پێچەوانەوە ڕەنگە وەک ٢٥-٧-٢٠٠٩ گەرموگوڕیی زۆرتر بە دەنگدەرانی کورد ببەخشێت، بەڵام ترسەکە لەوەدایە: ساتێک هێز و قەوارە کوردییەکان دەگەنە بەغدادی پایتەخت، بە هۆی ناکۆکیی سیاسیی و شەڕی کۆنە قینەوە، بکەونە دژایەتی یەکتری و مافەکانی کوردیش لەم بەرداشەدا  بە تەواویی بهاڕدرێت!!. ئەوەش نموونەیەکی نوێ نییە لە مێژووی ئێمەی کورددا، چوونکە بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو، لەبری جارێک هەزاران جار نموونەی هاوشێوەمان بەرچاو دەکەوێت. مەترسییەکی تر لەوەدایە، سوونەکان لە ماراسۆنەکەدا پێش کورد بکەون و هەموو ئەو پۆست و جێگە و ڕێگەیەی کورد لە عێراقدا هەیەتی، ئۆتۆماتیکی بۆ لای سوونە بچێت. لە دەستدانی هەر پۆستێکی باڵا لە دەستی کورد، کەمبوونەوەی دەسەڵاتی کورد لە هەر دامەزراوەیەکی سیاسیی و قانوونیدا، مانای هەنگاوێک بۆ دواوەی کورد و خەباتەکەیەتی.

ئەم هەڵبژاردنە بۆ کورد و سوونە، زۆر چارەنووسسازە، چوونکە ئەم دوو پێکهاتەیە پێشبڕکێ لەسەر هێزی دووەمی عێراق دەکەن، بۆ ئەو مەبەستە سوونەکان بەخۆ ڕێکخستنەوەی ناوخۆیی و هاوکاریی دەرەکیی، تا ئەندازەیەکی زۆر بە ڕیزێکی تۆکمە و بە گەشبینییەکی زۆرەوە بەرەو ڕووی هەڵبژاردن دەبنەوە. هەرچی لایەنی کوردییە، شیرازە بچڕاوە، ڕیزەکانی تووشی سارد و سڕیی و لێکترازانێکی ترسناک بووەتەوە، هیچ دەوڵەتێکی هەرێمیی یان جیهانیی نییە لە هەر هەنگاوێکدا پشتگیریی لێ بکات، لەم حاڵەتەشدا مەترسییەکی گەورە لەسەر کورد هەیە، تەنانەت ڕەنگە هەندێک بزووتنەوە و هێزی شۆڤێنیستیی، شکستی کورد لەم هەڵبژاردندا بکەنە سەرەتایەک بۆ پاشەکشەپێکردن بە مافەکانی گەلی کورد و گێڕانەوەی شەمەندەفەری خەباتی گەلی کورد بۆ سەرەتای ڕێگا و وێستگەی یەکەم.

هەڵبژاردنی ئەم جارە بۆ کورد و سوونە، مانای ژیانێکی سیاسیی نوێ دەگەیەنێت و سەرکەوتنی هەر کامیان واتای درێژبوونەوەی سووڕێکی تری تەمەنیان دەبەخشێت. بەڵام وەک خۆم وەها تێدەگەم سەرکەوتن بۆ کورد پێویستترە، سەرکەوتنی کوردیش لانیکەم بریتییە لە مانەوەی ئەو دەسەڵات و هێزەی ئێستاکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا هەیەتی، بەپێچەوانەوە سەرکەوتنی سوونەکان وەک تاکە ئاڵتەرناتیڤی کورد، لەدوو ڕەهەندەوە شکستی کورد دەسەلمێنێت. لە سەرێکەوە

کورد لە ئاستی ناوخۆیی، بەرەو رووی فشار و پاڵەپەستۆیەکی زیاتری عەرەب دەبێتەوە و لە سەرەکەی دیکەشەوە لە ئاستی دەرەوەدا کەمتر لە گۆڕەپانەکە وەک یاریزانێکی سەرەکیی دەردەکەوێت و سنووری پەیوەندیی، تەنانەت ماف و دەستکەوتەکانیشی بەرتەسکتر دەبنەوە لە جاران.

وای بە باش دەزانم لە بری یەک تاکە لیستی کوردیی بۆ هەڵبژاردنی عێراق، چەندین لیست هەبن، بۆئەوەی گەرم و گوڕیی زیاتر بە هەڵبژاردن بدەن و دیموکراتی پتر قووڵ بکەنەوە، بەڵام لەمە باشتر لەوەدا دەبینمەوە، وەختێک کورد دەڕواتە بەغداد وەک یەک تیمی یەکگرتوو، هەروەک تیمی فتبۆڵ بڕوات، ئەگەرنا هیچ بەربەست و ویژدانێک نییە لای زۆرینەی عەرەبی فەرمانڕەوا، بۆ بەرتەسککردنەوەی ماف و دەستکەوتەکانی کورد وەک نەتەوەیەک. کەوابوو ئەرک و بەرپرسیارییەکی مێژوویی و ئاکاریی دەکەوێتە سەر هەموو قەوارە سیاسییەکانی کوردستان، بەوەی دەبێت مرونەت لە ئاستی یەکتر بنوێنن و ناکۆکییە ناوخۆییەکان نەبەنە دەرەوەی ماڵی کوردیی و بە یەک گووتار و بە یەک حەماسەتی نەتەوەیی یەکگرتووەوە کار بۆ دۆزی سیاسیی گەلی کوردستان بکەن، دەنا لە بەرامبەر نەتەوە و مێژوو بەرپرسیار دەبن و دەبێت خۆیان بۆ باج و سزای هاووڵاتیانیش ئامادە بکەن.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٦٧)ی گۆڤاری (نێوەند) لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٩ بڵاوبووەتەوە.

# هەڵوێستی سێ لایەنەکەی ئۆپۆزیسیۆن شەرمنانەیە

## ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان بە دڵی ئێران رەفتار دەکات

هەڵوێستی هەر سێ لایەنەکەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان سەبارەت بەو قەیرانەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، روونتر بڵێم بەرامبەر بە مالیکی و سیاسەتە شۆڤێنییەکانی حکومەتی عێراق، روون نییە و زۆربەی جار مجامەلە و شەرم و لێڵی زۆری پێوە دیارە، لە کاتێکدا ئەم سێ لایەنە لە هەمبەر پرسە ناوخۆییەکانی کوردستان سیاسەتیان روونە و پێداگریی شێلگیرانە لە شەفافییەت دەکەن وەک پرنسیپێک لە راپەڕاندنی ئەرکە سیاسیی و ئیدارییەکاندا. کەچی لە قەیرانی عێراقدا ئۆپۆزیسیۆن سیاسەتێکی نەرم و ناڕوونی هەیە، کە ناتوانین حسابی لەسەر بکەین. وەختێکیش سەیری قسەی هەندێک لە سەرکردەکانیان و راگەیاندنەکانیان دەکەیت، دیسانەوە هەر هیچ، چوونکە بانێکە و دوو هەوا. بەهەمەحاڵ بە بڕوای من لاوازترین گووتار لەم تەنگژە زۆر سەختەی ئێستای عێراقدا، گووتاری سێ لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکەی کوردستانە.

### ئۆپۆزیسیۆن بە دڵی ئێران رەفتار دەکات

ئێران هەموو هەوڵێکی سیاسیی و هەواڵگریی تەنانەت دیپلۆماتی خۆی وەگەڕ خستووە لە پێناوی هێشتنەوەی مالیکی لەسەر تەختی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق. ئەمەش سەرباری ئەوەی دەستتێوەردانە لە کاروباری ناوخۆی عێراق، لە هەمان کاتدا دژ بە ئیرادەی زۆرینەی عێراقییەکانە، کە دەیانەوێت مالیکی وەک کوێخایەکی

نوێی دیکتاتۆرییەت لە عێراقدا لە دەسەڵات بخەن. ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان کە لە سێ لایەنی سەرەکیی پێکهاتووە «گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ» بیانەوێت یان نا، لە هەنووکەدا و لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی عێراقدا بە دڵی ئێران رەفتار دەکەن، چوونکە ئەو سیاسەتەی ئەوان گرتوویانەتە بەر لە بەرژەوەندیی مالیکی تەواو دەبێت کە ئەمەش هێنانەدی بەرژەوەندیی ئێرانییەکانە.

پێویست بوو هەر سێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان هەڵوێستی روونیان هەبووایە، تاکو ئەوەی بنکەی جەماوەریی و هەوادارانیان بیانزانیبا لە قەیرانی عێراقدا، دیدی ئۆپۆزیسیۆن لە دیدی تێکڕای هێزە کوردیی و کوردستانییەکان جودا نییە، بەڵکو تەواوکەری هەمان سیاسەتە. چوونکە ئێمە لە سەرەتاوە گوێمان لەوە دەبوو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەیانووت، بۆ ئەوەی گەمەی دیموکراسی و پەڕاوێزی ئازادیی لە کوردستان هەبێ، بۆ ئەوەی دیموکراسی لە کوردستان تەنیا قەباغێکی بۆش و حوکمی زۆرینە نەبێت بەسەر کەمینەدا، ئێمە بە گووتارێکی جودا لە رێگەی هەڵبژاردنی بەرەی بەرهەڵستکارییەوە مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتی کوردستان دەکەین، بەڵام لە پرسە ستراتیجی و نەتەوەییەکاندا و لە ئاست شۆڤێنیزمی عەرەبی، هەموو یەک مەچەک و یەک هێزین. بەڵام بەداخەوە ئەوەی لە ئەرزی واقیعدا دەیبینین ئەوە نەبوو پێشتر باسیان لێوە دەکرد، لەمەش تراژیدیتر پێیانوایە لاوازکردنی دەسەڵاتی هەرێم بریتییە لە لاوازکردنی پارتی و یەکێتی، ئەگەرچی لە رەهەندێکەوە ئەمە وایە، بەڵام لە دەیان رەهەندی ترەوە واتای لاوازکردنی ئیرادەی گەلی کورد و ئەزموونی سیاسیی کوردستان دەگەیەنێت.

من چاوەڕوانم دەکرد، سەرکردەی یەکەمی هەر کام لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، لەم دۆخە زۆر ئاڵۆز و پڕ کێشە و تەحەدییەدا، بەلاغی فەرمیی بڵاوبکەنەوە و بە ئاشکرا رایبگەیەنن، ئۆپۆزیسیۆن تەنیا ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆی کوردستانە، ئەگەرنا لە ئاست عێراق، هەمووومان یەک ناسنامەمان هەیە، ئەویش کوردبوونە. هەروەک چەند جاری پێشوو بۆ زۆر رووداوی گرنگ هەر یەک لە سەرکردە باڵاکانی ئۆپۆزیسیۆن هاتوونەتە سەر شاشە و بە بەیاننامەی فەرمی هەڵوێستی خۆیان روونکردۆتەوە، ئاوهاش چاوەڕوان بووین لە حاست ئەم پرسەدا بە هەمان شێوە بێنە سەر شاشە و هەڵوێستی کوردانە بنوێنن، بەڵام وەختێک ئەمە نابینین دەبێت بمانبوورن بڵێین هەڵوێستیان لاوازە و جۆگەلەیەکە و دەڕژێتە لیتاوی داگیرکەرانی کوردستانەوە.

## دۆزی نەتەوەیی دەستمایەی ئیعلامی نییە

راگەیاندنی فەرمی هەر حزب و رێکخراوێکی سیاسیی یان غەیرە سیاسیی، زمانی فەرمی ئەو رێکخراو و حزبەیە. بە وردبوونەوە لە میدیای لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەست بەوە دەکەین، کێشەی کورد لەگەڵ ناوەند، کراوەتە دەستمایەیەکی باشی ئیعلامی بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتێکی فراوان لە دژی هەردوو حزبی سەرەکیی، ئەگەرچی من زیاد لە ئەوان رەخنەم لە ئەدای کورد هەیە لە عێراق، رەخنەم لە سەرکردایەتی کورد هەیە کە بوونە هەوێنی دروستکردنەوەی عێراقی دوای سەدام، رەخنەم هەیە لە رازیبوون بە ماددەی سەد و چل، رەخنەم هەیە لە نەرمونیانی و مجامەلەکردنی لایەنە عەرەبییەکان، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەم رەخنانە دەکەمە سەرمایە و خەرمانێکی پڕ بەرەکەت بۆ دژایەتیکردنی سەرکردایەتی سیاسیی کورد، هەروەک میدیای ئۆپۆزیسیۆن لەم سەروەختەدا دەیکات.

هەڵەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کورد، کەمتەرخەمییەکان، دەبێت جێگەی رەخنەی جیددی بن، بەڵام ناکرێت بکرێنە هەوێنی گۆڕینی روئیای بەشێکی خەڵکی کوردستان تاکو باکیان بەم قەیرانە نەبێت. ئەوەی لە میدیای ئۆپۆزیسیۆندا بە پارتی و یەکێتی دەوترێت راستە، بەڵام شێوازی تەرحکردنی نەگونجاوە و بە جۆرێکە لە بری قازانج، نائومێدیی و بێبڕوایی بەرهەم دەهێنێت لە ناو ریزەکانی گەلی کورددا. زۆرجار ئەو دەستەواژەیە لەلایەن میدیای ئۆپۆزیسیۆنە بەکاردەهێنرێت «مالیکی کورد دروستی کردووە، ئێستاش رەخنەی لێدەگرن». هەرچەندە مالیکی کورد دروستی نەکردووە، خۆی سەرکردایەتی هێزێکی گەورە دەکات بە پاڵپشتی دەوڵەتێکی گەورە، بەڵام ئەو دیدەی میدیای ئۆپۆزیسیۆن لە هەمان ئەو دیدە دەچێت، لە کاتی رووداني کارەساتێکی ئۆتۆمبیلدا، لە بری چارەسەری ئەو شۆفێرەی بەهۆی رووداوەکەوە گیانی لە مەترسیدایە، بیر لەوە دەکاتەوە بیباتە پۆلیسی هاتوچۆ و غەرامەی بکات!.

ئەو دیدە نامەنتیقییە کە لە میدیای ئۆپۆزیسیۆندا بوونی هەیە سەبارەت بە قەیرانی عێراق، چوونکە ئەگەر کورد مالیکی دروست کردووە، ئەی باشە بۆچی ئێستا بە کورد ناڕوخێت، خۆ کورد دەستی لێ بەرداوە؟. پاشان ئەی ئەوان بۆچی نایانەوێ لەم هەرەوەزە بۆ لادانی مالیکی بەشدار بن؟ پاساوەکانی ئەوان چین؟ ئایا مالیکی دۆستی کوردە وەک خۆی لە نالیا تیڤی ئەمەی راگەیاند؟. من تەنیا ئەوەندە دەتوانم

بڵێم زۆر شادومانم وەختێک میدیای ئۆپۆزیسیۆن دەبینم کەموکوڕییەکانی ناوخۆی کوردستان هەر لە سیاسەتەوە تاوەکو خزمەتگوزاریی نیشانی دەسەڵات دەدات، بەڵام مەسجێکی ترسناک دەبینم، ئەو کاتەی دۆزە نەتەوەییەکان وەک دەستمایەیەکی گرنگی ئیعلامی بەکار دەبات، ئەو ئیمەیجە زۆر خەتەرە، ژ بەرئەوەی ناکرێت لە ژێر هیچ بیانوویەکدا پاساو بۆ مالیکی بهێنرێتەوە، چوونکە پاساو هێنانەوە بۆ مالیکی هیچی کەمتر نییە لە پاساو هێنانەوە بۆ ئەسەد یان ئەو عەرەبە شۆڤێنینانەی چاوەڕێی ئێف شانزە دەکەن تا قۆناغی نوێیەمی ئەنفال لەسەر دەستی ژەنەراڵ مالیکی بەڕێوە ببەن. تکایە وریا بن.

*ئەم وتارە لە ژمارە «١٠»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ١-٦-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

# ئایا دەوڵەتمان دەوێت؟!!

مشتومڕی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، یەکێکە لە تراژیدیترین مشتومڕەکانی نێو ڕاگەیاندنی کوردیی، چوونکە وا دەبینرا خەونبینین بە دەوڵەتی کوردییەوە هیچ مشتومڕێک هەڵنەگرێت، پێشبینی دەکرا لە هەمبەر پرسی دەوڵەت، هەموومان جیاوازییەکان بخەینە ئەولاوە بە یەک باسک و بازوو هەوڵی جیددی لە پێناودا بدەین. بە پێچەوانەوە بەر مشتومڕێکی بێ مانا و ترسناک دەکەوین لە بارەی دەوڵەتی کوردستانەوە، بێ مانا چوونکە ناکرێت هیچ کوردێک لە ژێر هیچ بیانوویەکدا دژی دەوڵەتی کوردیی بێت، ترسناک بەو مانایەی، جیاوازیی ناوخۆیی و حزبایەتی گەیشتۆتە ڕاددەیەک پرسە ستراتیجییەکانیشی دەخرێتە پێناو و قوربانی.

من لەم نووسینە کورتەدا دەمەوێ لەسەر ئەو دیدە هەڵوێستە بکەم، بە بیانووی سەیر سەیر دژایەتی خۆیان لە هەمبەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی ڕادەگەیەنن. خاڵی ناوکۆیی خاوەنانی ئەو دیدە ئەوەیە: دەوڵەت بێ دیموکراسی مانای نییە و ناکرێت پێی بوترێت دەوڵەت. ئەم ڕوانگەیە مایەی پێکەنین و بەزەیی پێداهاتنەوەیە. ڕاستە ئێمە خوازیاری دەوڵەتێکی دیموکراسین لە کوردستان، بەڵام هیچ کات دیموکراسی پێشمەرجی بوون بە دەوڵەت نییە. با واز لە تیۆر بهێنین و بۆ واقیع بگەڕێینەوە. ئەگەر سەیر بکەین دەوڵەتێکی گەورەی وەک چین کە دەسەڵاتی بەسەر چوار یەکی هاووڵاتیانی هەموو گێتیدا هەیە، نەک دیموکراسی نییە، بەڵکو دەوڵەتێکی تاکڕەو و دیکتاتۆریی و پۆلیسییە، پەڕاوێزەکانی ئازادیی لە چین بە قەد گەورەیی وڵاتەکە بەرتەسکە، بەڵام کێ دەتوانێ بە ئێمە بڵێت، مادام دیموکراسی لە چین نییە، ئیدی نە دەوڵەت هەیە و نە سەروەریی نیشتمانیی؟. خۆ ئەگەر دیموکراسی پێوەر و بنەما بێت بۆ بە دەوڵەتبوون ئەوا پێویست بوو ژمارەی دەوڵەتانی جیهان لە ٣٠-٤٠ دەوڵەت تێنەپەڕیبا، کەچی لە هەنووکەدا شاهیدی زیاتر لە ٢٠٠ دەوڵەتین

لە تەواوی دونیادا. بە میزانی ئەو هاوڕێیانە بێت، پێویستە ژمارەی دەوڵەتانی جیهان کەم بکرێتەوە بۆ ٣٠ دەوڵەتێک.

با لەوە بگەڕێین، ئەو جوگرافیایەی پێی دەوترێت نیشتمانیی عەرەبیی، ٢٢ دەوڵەتی جۆراوجۆری لەسەر قووت کراوەتەوە، کە هەندێکیان لە فیدراسیۆنی چەند خێڵێک زیاتر نین، کەچی بە هەموویان دەوترێت دەوڵەت، کەس لە نێو ٣٠٠ ملیۆن عەرەبدا راست نەبۆتەوە، هاوار بکات، ئەوانە دەوڵەت نین، بەو پاساوەی دیموکراسی نین. کەس ناتوانێت بە روسیای ئێستا بڵێت دەوڵەتی تیا نییە، کە دیموکراسی لەو وڵاتە نەک دیاردەیەکی نوێیە، بەڵکو لە رووکەشێک بەولاوە چیتر نییە. ئەگەر بە پێی وتەی ئەو هەڤاڵانەمان بێت ئێران مزگەوتێکی گەورەیە، نەک دەوڵەتێکی بەهێزی ناوچەکە کە دەستی باڵای هەیە لە رووداوەکانی هەموو جیهاندا.

پاشان سەیرترین دید لای من ئەوەیانە پێیوایە رازیبوون بەدەوڵەتی کوردستان واتە رازیبوون بە دیکتاتۆرییەتی کوردیی! بۆیە مانەوە لە چوارچێوەی عێراق بە باشتر لە قەڵەم دەدەن، وەک ئەوەی عێراق شامی شەریف بێت و مالیکی بووبێتە ئۆڵف پاڵمێ. ئەسڵەن یەکێک لە پاڵنەرەکانی کورد بۆ بوون بە دەوڵەت، ترسانە لە ئەجێندای لایەنە عەرەبییەکانی عێراق کە هەمیشە بە عەقڵێکی شۆڤێنینانەوە سەیری پرسی کورد دەکەن. ئێمەش دەزانین لە چەرخی جیهانگیرییدا دەوڵەتێکی خاوەن ئابووری بەهێز فرە باشترە لە دەوڵەتێکی خاوەن سیادەی بەهێز، بەڵام ئێمە کوردستانێکی هەژارمان لە عێراقێکی دەوڵەمەندی شۆڤێنی پێ باشترە. هەرچەندە ئەمە گەڕانەوە نییە بۆ تێزەکەی بێشکچی «خراپترین دەسەڵاتی کورد بۆ کورد باشترە لە باشترین دەسەڵاتی داگیرکەر بۆ کورد»، بەڵام بە سەیرکردنی رەوتارەکانی عەرەبیی شۆڤێنی نێو عێراق، ئەو تێزە زیاتر لە ناخماندا دەچەسپێت.

بیانوویەکی تر ئەوەیە گوایە زەمینە بۆ دەوڵەتی کوردستان نەڕەخساوە، ئەمەش خۆ لە گێلییدانە نەک لۆجیک، چوونکە ئەوەتا هەموو وڵاتانی عەرەبی کە لەمپەری بەردەم دەوڵەتی کوردیی بوون، سەرقاڵن بە کێشە و هەرِەشە ناوخۆییەکانی نێو وڵاتەکانیانەوە. میسر و تونس و یەمەن و بەشێکی تریان بواری سەر خوراندنی خۆیشیان بۆ نەماوەتەوە، ئێران و سوریا هەموو تەرکیز و هۆشیان لەسەر راپەڕینی گەلانی ناو سوریایە، عێراق بە تەنگژەدا تێدەپەڕێت، تورکیا سوودی ئابووری پێش هەر شتێک دەخات، رۆژئاواییەکان نەیاریی توندیان نیشان نەداوە، ئەی لەم زەمینەیە

لەبارتر کامەیە؟. پاشان ئەگەر چاوەڕوانی ئەوە بین دونیا ببێت بە ماستی مەیو و کەس نەیاریی نەکات لە خەونی بوون بە دەوڵەتی کوردستان، ئەوە ڕۆژێکی وا لەم دونیایە دەست ناکەوێت و گرەنتی دەکەم تا هەزار ساڵی تریش شتێک بە ناوی دەوڵەتی کوردستانەوە نەهاتۆتە بوون. لەوە دڵنیام پاساوی ئەو برادەرانە لاوازە و دژی خەونی کوردە، بەڵام با یەک پرسیاریان ئاڕاستە بکەم: ئایا ئێمە دەوڵەتمان دەوێت یان نا؟ ئەگەر وەڵامە بە «بەڵێ»یە، پێویست بە هیچ ترس و پاساوێک ناکات، چوونکە ڕۆژ ڕۆژی هەوڵدانە بۆ هێنانەدی ئەو خەونە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٥٣١»ی ڕۆژنامەی «میدیا» لە ڕۆژی ١٥-٥-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

# با بەردەرکی سەرا نەبێتە کەپکی حەمەد ئاغا

زۆربەمان دوێنێی تاڵی شەڕی ناوخۆی نەوەدەکانی سەدەی رابردووی کوردستانمان لە یادە، مێژووەکە زۆری بەسەردا تێنەپەڕیوە، بەڵکو هێشتا سوێ و ئازار و لێکەوتەکانی ئەو شەڕە ناوخۆییە جەستەی زامداری تاکی کورد ئەشکەنجە دەدات و شوێنەوارەکانیشی بوونەتە دوومەڵێکی شێرپەنجەیی و بە تەوێڵ و جەستەی حکومڕانی و سەر لەبەری کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسیی و ئابووری و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی کوردییەوە نوساوە و وەک ئەختەبووتێک پڕی پێدا کردووە و بە هیچ کلۆجێک توانای هەڵاتنمان نییە لێی. بەهەرحاڵ هەر چەند بنووسین لە بارەی ئەو رووداوە خوێناوییانەی لە ١٩٩٤-١٩٩٨ لە نێوان هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستاندا روویاندا، هێشتا کەمە و ئەو فیلمە تراژیدییەی شەڕی ناوخۆ هێندە ئازار و فرمێسکی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، کارێکی باش ناکەین جارێکی دیکە ئەو لاپەڕە رەشانە بۆ نەوەی نوێ هەڵبدەینەوە.

من دەمەوێ لێرەدا سەرنجتان بۆ یەکێک لە ساتەوەختە هەستیارەکانی شەڕی ناوخۆی ئەوسای کوردستان رابکێشم، چرکەساتێک هەموو هەوڵێکی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار ببووەوە شەڕکردن و قوربانیدان بۆ لوتکەی چیا و کەپێکێکی وەک حەمەد ئاغا، کە ئێستا چۆڵەوانییەکی ترسناک و شاخێکی رووتەنی بێکەسە و لەسەر دڵی کوردستان فڕێدراوە، هەموو لە بیرمانە چۆن ماکینەیەکی میدیایی گەورە کاری ببووە هاندان و تەحریزی پێشمەرگە و لایەنگرانی حزب بۆ سەندنەوەی کەپکی حەمەد ئاغا، ئاخر ئەوکاتە ئەو تەپۆڵکەیە لە کەرکوک و لە تێکڕای شوێنە داگیرکراوەکانی تری کوردستان بەهای زیاتر بوو، پیرۆزتر بوو، رەمزی شەرەفی هێزە شەڕکەرەکان بوو، کەپکی حەمەد ئاغا ببووە جوگرافیایەکی ئەفسانەیی، ئەو جێگەیەی لە نێو حکایەتەکانی داپیرەماندا بە گەنجینەی گەوهەر و زێڕ و زیوی دونیا

پێناسە دەکرا، بۆیەکا ئەو بەرزاییە بووە رەمزی سەرکەوتن و رەمزی پێشڕەویی هەر حزبێکی شەڕکەر.

سەیر بکە، چەندان قوربانی درا و چەند شەڕی خەست و خوێناویی بەرپاکرا، بۆ سەندنەوە و کۆنترۆڵکردنی ئەو بەرزاییە، کەچی ئێستاکە نەک هەر بایەخێکی نییە، بەڵکو لایەنە شەڕکەرەکان لە خەونیشدا بیریان ناکەوێتەوە، تەنانەت هەیانە هەر نازانن ئەو کەپکە لەسەر نەخشەی کوردستان بدۆزنەوە، لەوە تراجیدتریش ئەوەبوو ژمارەیەک نووسەر و رۆشنبیری ناو حزبەکان کە توانای مانەوەیان لەو زنجیرە چیایەدا نییە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بە چەشنی کەواسووری بەر لەشکر، شیعر و ئینشا و پەخشانیان بۆ سەندنەوە و کۆنترۆڵی ئەو بەرزاییە دەهۆنییەوە، ئەگەر ئێستاکە لێیان بپرسی ئایا کەپکی حەمەد ئاغات دیتوە؟ بێگوومانم وەڵامەکەی نەخێرە. من پێموایە بەردەرکی سەرای سلێمانی وەک کەپکی حەمەد ئاغای لێ هاتووە و کۆی هێزە سیاسییەکان لە پێشبڕکێدان بۆ سەندنەوە و کۆنترۆڵکردنی ئەو گۆڕەپانە، ئەوەتا هەر لە ئێستاوە ژمارەیەک رێکخراو و حزبی سیاسیی بانگەشەی «ئازادکردنی» بەر دەرکی سەرا دەکەن لە رۆژی یەکی ئایاردا، هەروا‌ش دەسەڵات سوورە لەسەر کۆتاییهێنان بە پرۆسەی خۆپیشاندان لەو گۆڕەپانەدا. ئێستاکە مەترسییەکی ترسناک دەبینرێت لەمەڕ خاوەندارێتی هێزەکان لەسەر ئەو گۆڕەپانە و پێشبینی ئەوە دەکرێت سەراش ببێتە کەپکی حەمەد ئاغا و قوربانی زۆری بۆ بدرێت و گەنجی زۆری بۆ بە قوربان بکرێت، ئەمەش کارێکە نابێت رێگەی پێ بدرێت.

گوومان لەوەدا نییە هیچ جێگەیەک پیرۆز نییە، بەو جێگایانەشی لایەنگرانی ئاین و مەزهەبە جیاوازەکان وەک جوگرافیای پیرۆز بەرگریی لێدەکەن، بەر دەرکی سەرا جێگەیەکی پیرۆز نییە و چەند سەد مەترێک زەوی ئاساییە و هێزە رەمزییەکەشی لەوەدا بەرجەستە دەبێت: شوێنێکی مێژوویی شارە و مەیدانی کێشمەکێش و ناڕەزایی سیاسیی جۆراوجۆر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێندە گرنگ و پیرۆز نییە لە سەرووی گیانی مرۆڤەکانەوە بێت، لەبەر ئەم هۆکارە ساکارە پێویستە خۆپیشاندەران لە روانگەیەکی ترەوە سەیری پرسە بکەن و نابێت بە هەمان ئەو عەقڵییەتە پیاوسالارییە مامەڵە بکەن و وا بزانن سەرا شەرەفیانە و دەبێت بیسەننەوە ئەگەر بۆ سەندنەوەی ئەو شەرەفەش قوربانیدانی زۆر پێویست بێت!، بە پێچەوانەوە چاوەڕوان دەکرێت خۆپیشاندەران جێگە و ئامرازی تری خۆپیشاندان و ناڕەزایی

بدۆزنەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە شەڕ لەسەر چەند سەد مەترێک زەوی نەکرێت و وێنایەکی خەیاڵاویی بۆ نەکێشرێت، چوون ئەمە دەبێتە سەرەتای کۆتاییەکی تراجیدیی.

هەر ئەوەندە دەڵێم سەرا ئەگەر لە ئێستادا لە رووی رەمزییەوە پێگەیەکی بەرزتریشی پەیدا کردبێت، بەڵام ئەم پێگە بەرزە لەوە زیاتر نییە کاتی خۆی کەپکی حەمەد ئاغا هەیبوو، لەم سۆنگەوە چاوەڕوانیم لە هەموو لایەک هەیە بۆ سەرا و سەندنەوەی ئەو گۆڕەپانە قوربانی بە ژیانی مرۆڤەکان نەدەن، چاوەڕوانیم هەیە لە هێزەکان کەپکی حەمەد ئاغا وەک چرکەساتێکی کارەساتئامێز لە مێژووی نوێی کوردستاندا بووبێتە پەند بۆیان و نەهێڵن جارێکی دیکە هیچ جێگەیەکی تر ببێتە ئەو بەرزاییە و لافاوێک خوێنی لە پێناودا بڕێژرێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە «١٩»ی گۆڤاری «ململانێ» لە کۆتایی نیسانی ٢٠١١ بڵاوبۆتەوە.

# با ئاشتی کۆمەڵایەتی لەناو نەبەین

خۆپیشاندان و داواکردنی ماف و ئازادیی و چاکسازیی، نەک کارێکی بەد و نێگەتیڤ نییە، بەڵکو لە بنچینەوە یەکێک لە مافە هەرە سروشتیی و دیموکراتییەکانی هەر تاک و گروپێکی کۆمەڵایەتی. خۆپیشاندان و نارەزایی دەربرین و گوزارشتکردن لە خەون و ویست و داخوازییەکان لەلایەن تاکە کەس یان گروپەوە یەکێکە لەو زمانە شارستانی و مودێرنانەی کە یەکێکە لە جومگە و پایە سەرەکییەکانی سیستمی دیموکراتی هاوچەرخ، بۆیە بە بروای من مافی خۆپیشاندان و داواکردنی خواست و مافەکان یەکێکە لە پیرۆزترین مافە تاکە کەسیی و زۆر سادە و بەراییەکانی هەر مرۆڤێک. هیچ حکومەت یان دەسەڵاتێک ناتوانێت لە ژێر هیچ ناو و ناونیشانێکدا ئەم مافە لە تاک زەوت بکات، هەر دەسەڵاتێکیش ئەم مافەی زەوتکرد هەرچییەک بێت ناتوانێت دەسەڵاتێکی لیبرال و کراوە و دیموکراتی بێت، بۆیەکا دەبێت هەموومان «چ دەسەڵات، چ خەڵک» لەو فاکتە حاڵی ببین خۆپیشاندان و مافی دەربرینی نارەزایی، ئەلف و بای دیموکراسی و کۆمەڵگەی کراوەیە و بەبێ ممارەسەکردنی ئەم مافە لەلایەن تاک و گروپەوە هیچ کاتێک ناتوانین بانگەشە بۆ دیموکراتییەت و ئازادیی و دەستەبەری مافە سروشتی و ئاساییەکانی هاووڵاتیان بکەین.

ئەگەرچی لە کوردستان تاکو ئێستا کولتووری خۆپیشاندان بەو شێوە بەربڵاوەی لە وڵاتانی تری دونیا هەیە، جێکەوتە نەبووە، بەپێچەوانەوە راپەرین و شۆرش هەمیشە لە بری خۆپیشاندان ئامادەیی جیدی هەبووە، بەڵام لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا وا خەریکە کولتووری نارەزایی دەربرین و خۆپیشاندان وەک یەکێک لە دیاردە سیاسییە نوێیەکانی کۆمەڵگە جێی خۆی دەکاتەوە و دەبێتە بەشێکی گرنگ لە پرۆسە و ژیانی سیاسیی لە وڵاتدا، بەڵام بەداخەوە هێشتا رۆشنبیری خۆپیشاندان چ لەلای دەسەڵات چ لەلای خۆپیشاندەران گەشەی نەکردووە و وەک پێویست

جێگیر نەبووە، هەرچی خۆپیشاندەرانە زێدەتر کەشێکی شۆڕشگێڕیی و ڕاپەڕینئاسا زاڵ دەکەن بەسەر پرۆسەی خۆپیشاندانەکاندا و لەوێوە جێگە چۆڵ دەکەن بۆ دەرکەوتنی قارەمان و پاڵەوان و شۆڕشگێڕی کاریزمی کە ئەمانە هەمیشە بەڵای گەورەی ئایندەن. لایەنی دەسەڵاتیش وەها لە خۆپیشاندان تێگەیشتووە پرۆسەیەکە بۆ نابووتکردن و لەناوبردنی دەسەڵات، تەنانەت زۆرجار وەک کودەتای سەربازیی لێی دەڕوانێت. ئەم دوو بیرکردنەوەیە هێشتا بەسەر کولتوور و جیهانبینی سیاسیی دەسەڵات و خۆپیشاندەراندا سایەی کردووە، هەر بۆیە هەمیشە هەردوولا لە کاتی خۆپیشاندادا پەنا وەبەر توندوتیژیی و زەبروزەنگ دەبەن.

ئەوەتا ماوەی هەفتەیەکی تەواوە لە شاری سلێمانی و دەوروبەری پرۆسەی خۆپیشاندان بەڕێوە دەچێت و سەر دەقی ئەم خۆپیشاندانانەش بە پرۆسەیەکی پڕ لە توندوتیژیی لە بەردەم بارەگایەکی حزبیی دەستیپێکرد و ئێستاشی لەسەر بێت هەمان ڕۆحییەت زاڵە بەسەر کەشەکە و باری شاری سلێمانی گەیشتۆتەوە ئەو ڕاددەیەی مەترسیی گەورەی لەسەرە و ئەگەر کار وا بڕواتە پێشەوە ئەگەری تەقینەوەیەکی زۆر گەورەتری لێ دەکرێت، ئەمەش هەم زیانی گەورە بە پرۆسەی ئابووری و بژێویی هاوولاتیان دەگەیەنێت، هەم ڕێگا خۆشکەرەوە بۆ سەر لەنوێ هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوخۆ و لەناوبردنی ئەو ئاشتییە کۆمەڵایەتییەی ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەواریی، کە بە لە ناوچوونی ئەو ئاشتییە کۆمەڵایەتییە، نەک هیچ کەس و هێز و حزبێکی سیاسیی قازانج ناکات، بەڵکو وڵات دەبێتە کاولستان و دۆزەخێک هیچ هەناسەیەکی بۆ ژیان تێدا نامێنێتەوە. لەم ڕوانگەوە هەستکردنی لایەنەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و خۆپیشاندەران بە مەترسییەکانی لەناوبردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و کارکردنیان بۆ ئەوەی پرۆسەی خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین بە شێوەی دیموکراتی و ناتوندوتیژانە بەڕێوە بچێت، ئەرکێکی بە پەلەی سەرشانیانە و گرنگە هەموو لایەکیان لە پێناوی سەقامگیریی و ئاشتیدا سەرباری هەر جیاوازییەک هاوکاری یەکتر بن.

من ناڵێم با خۆپیشاندانەکان بوەستن، چوونکە ئەوە خۆپیشاندەرانن ئەو بڕیارە دەدەن، کەنگێ دەوەستن یان ناوەستن، هەرواش نەموتووە خۆپیشاندان بۆ چاکسازیی و ئاوەدانی وڵات کارێکی پیرۆز و شارستانی نییە، بەڵکو قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە پێویستە میکانیزمی کارکردن و داواکردن بەشێوەیەکی دیموکراتییانە و دوور لە

ڕەفتاری ناشارستانییانە بێت، تەنانەت پێویست ناکات پاساو بدرێتە دەسەڵات بۆ بەکارهێنانی توندوتیژیی لە دژی خۆپیشاندەران، هەر لەم سۆنگەوە بانگەشەی ئەوە دەکەین خۆپیشاندەران پێویستە بە فۆرمە یاسایی و دیموکراتییەکەی ئەو پرۆسەیە بەرنە پێشەوە و کارێک نەکەن لە بری ئەوەی ڕەوشەکە چاک بکەن، دە هێندەی تر بەرەو خراپتری ببەن، لینین وتەنی با لە بری هەنگاوێک بۆپێشەوە، دوو هەنگاو بۆ دواوە نەیەینەوە.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە «٨٤»ی گۆڤاری «نێوەند»ە لە مانگی فێریوەی ٢٠١١.

# چەند تێبینییەک لە بارەی نەوتی کوردستانەوە

من لەو بڕوایەدام، سەرباری هەر کەموکوڕیی و ناتەواوییەک لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، بەڵام هێشتا ئەو دەستوورە زۆر دەستکەوتی بۆ کورد تێدایە و ڕەوایی بە زۆر شت داوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی و ئابووری کوردستان رۆڵی بەرچاو دەگێڕن، ئەمەش لە ئینسافی «برا» عەرەبەکانی عێراقەوە نەهاتووە، هێندەی بەندە بەو سیاقە مێژووییەی دەستووری عێراقی تێدا نوسرایەوە و خرایە ڕاپرسییەوە، چوون ئەو دەمە عەرەبەکانی عێراق لەوپەڕی لاوازییدا بوون، تیرۆر و تۆقاندن سەرتاپای بەشەی عەرەبییەکەی عێراقی داپۆشیبوو، سوونە بایکۆتی کردەی سیاسیی وڵاتی کردبوو. هەموو ئەمانە بوونە فاکتۆرێکی گرنگ تاکو ئەو دەستوورە بە زۆر داخوازیی کوردەوە تێپەڕێت، یەکێک لە گرنگترین ئەو ماددانەی لە دەستووری عێراقیدا بەرجەستە بووە و سوودی زۆری بۆ لایەنی کوردیی تێدایە، ڕەواییدانە بە هەرێمەکان «کە لەعێراقدا تەنیا یەک هەرێمی جیا هەیە لە ناوەند، ئەویش هەرێمی کوردستانە»، سوود لە سامانی سروشتیی ناوچەکانی خۆیان وەربگرن بە سامانی نەوتیشەوە، ئەوەش مافێکی قانوونی و دەستووریی بە کورد بەخشی، بیر لە دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت بکاتەوە، هەروەک بینیمان ئەو پرۆسەیە لە چەند ساڵی رابردووەوە دەستیپێکردووە و ئێستا قۆناغێکی زۆر باشی بڕیوە و خەریکە کوردستان لە ڕێی هێڵی گازی نابۆکۆوە بە ئەورووپاوە دەبەسترێتەوە.

ئەوەی بۆ من گرنگە، خودی پرۆسەی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتە، ڕەنگە بەشی خۆی تێبینی و سەرنجمان لەسەر شێوەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان هەبێت، یان ڕەنگە بۆچوونی جیاوازمان هەبێت لەسەر ئەو مامەڵەیەی دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستاندا بەرامبەر پرسی نەوت دەیکات، بەڵام بوونی ئەو سەرنج و بۆچوون و تێبینییانەی هەمانە، بەو مانایە نییە، دژی پرۆسەی دەرهێنان و

هەناردەکردنی نەوت بین، چوون بە پێویستی نازانین زەجەیەکی میدیایی گەورە دروست بکەین و سەرئەنجام دەوڵەتی عێراق وەکوو کارتێکی گووشار لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تێکڕای هاووڵاتیانی کورد بەکاریبهێنێتەوە، ئەمە کارێکە نەک ڕەوایی نییە، بەڵکوو جۆرێکە لە دەستپێکردنی گەمەیەکی ترسناک، یان گەمەکردن بە ئاگر. چوون ئێمە هیچ کات نابێت بە پاساوی ڕەخنەگرتن لە پارتی و یەکێتی و هەبوونی گەندەڵیی، بیانوو بدەینە دەستی نەیارانی سیاسیی گەل و ئەزموونی کوردستان، وەک ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لەم دواییەدا کردی و پاساوێکی باشی دایە وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ ئەوەی بڕە سووتەمەنی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە. یان بە مانایەکی تر ڕەخنەگرتنی ئێمە لە دەسەڵاتی کوردیی لەو شوێنە کۆتایی پێدێت، ببێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان.

مافی خۆمانە وەکوو هاووڵاتیانی کوردستان، داوا لە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەین، چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی نەوت دەکەن؟، یان دەیانەوێت چۆن نەوت بکەنە کەرەستەیەکی گرنگی پێشخستنی ژیانی ئابووری لە کوردستاندا؟. بۆمان هەیە داوای شەفافییەت بکەین لە هەناردەکردن و شێوازی ئەو بۆند و گرێبەستانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان واژۆیان دەکات، بەڵام لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی ئەمەشدا، پێویستە بە وریاییەکی سیاسیی و هۆشیارییەوە ئەم پرسە بورووژێنین، لەبەرئەوەی ناکرێت لەبەر هەبوونی گەندەڵیی یان ناشەفافییەت لە پرسی نەوتی هەرێمدا، دۆ و دۆشاو تێکەڵاو بکەین و هەرایەک بنێینەوە سەرئەنجام گەلی کوردستان تێیدا زیانمەند بێت، تەنانەت من ئەوەم پێ باشترە لە گەندەڵییەکانی ئەو بوارە بێدەنگ بین، نەک هاوار بکەین و دەنگ هەڵبڕین و لە ئاکامدا ئەو کارەی ئێمە، بە سوودی عەرەبە توندڕۆ و شۆڤێنییەکان تەواو ببێت. بە لای منەوە نەدەبوو، بزووتنەوەی گۆڕان پرسی بە «قاچاغ»بردنی نەوتی کوردستان بەو شێوەیە گەورە بکات، شەهرستانی و هەندێک بەرپرسی شۆڤێنی و باڵای حکومەتی عێراقی بێنە سەر خەت و بەو بیانووەوە سزای خەڵکی کوردستان بدەن. من خوازیارم ئەو پرسیارەش بکەم، ئایا هاتوهاواری گۆڕان چی لێ هاتە بەرهەم، جگە لە زیان بۆ هاووڵاتیانی باشووری کوردستان؟.

دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییە بە باشی دەرک بکەین، نەوت سامانێکی نەتەوەیی

و نیشتمانییە و ئەمڕۆش نەبێت، خۆ سبەی دەتوانرێت لە پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت یان قەوارەیەکی بەهێزتری کوردستانیدا بەکاربهێنرێت، نەوت موڵکی پارتی و یەکێتی و زەید و عەمر نییە، بەڵکوو خاوەندارێتی ئەو سامانە سروشتییە دەگەڕێتەوە بۆ گەل، با لێگەڕێین لەم هەلەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆرترین کێڵگەی نەوتی بدۆزێتەوە و دەست بکات بە دەرهێنانی ئەو شلەیە تێیاندا و پاشان هەناردەی بکات، تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆ دەسەڵات لەو بوارەدا گەندەڵیی بکات و داهاتەکەی لە خەڵک بشارێتەوە، ئەوە نە تا سەر ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت و نە دەسەڵاتی سیاسیی و حکومەت تاپۆی پارتی و یەکێتییە «رەنگە سبەینێ گۆڕان یان هێزێکی تر دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت»، کە تا قیامەت ئەو سەرچاوەیە لە ژێر دەستی ئەواندا بمێنێتەوە، دەسەڵات و کورسی حکومەت شتی کاتین، بەڵام گەل و خاک دوو وجودی جێگیرن. کەواتە ئەگەر ئەمڕۆش ئەو سەروەتەی گەل مۆنۆپۆڵ کرابێت و گەندەڵیی تێدا بکرێت، ئەوا سبەینێ، دەگەڕێتەوە بۆ دەستی گەل. کەواتە با لێگەڕێین پارتی و یەکێتی یان با بڵێین دەسەڵاتی ئێستای کوردستان لە دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت بەردەوام بێت، چوونکە ئەمە رێگەکە کورت دەکاتەوە و لە داهاتوودا لە بری سەرقاڵبوون بە دەرهێنانی نەوت، بەداهاتی نەوت سەرقاڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی دەبین.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٩»ی گۆڤاری «نیوەند» لە مانگی ئەیلوولی ٢٠١٠ بڵاوبۆتەوە.

# قانعی فەرد و شتی تریش

نامەوێ بۆچوونی نووسەرانی تر دووبارە بکەمەوە و بێژم عیرفان قانعی فەرد بە دەستی ئیتلاعات یان بە دنەدانی فلانە دەزگای هەواڵگریی بە کردەی چەواشەکردنی مێژووی نزیکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان هەڵدەستێت و رەمزە سیاسییەکانی دەشکێنێت. ئەگەرچی من بڕوام وایە قانعی فەرد بە خۆڕایی ئەم کارە ناکات، بەڵام کاتی ئەوەش هاتووە پرسیار بکەین، بۆچی قانعی فەرد هێندە گەورە کراوە؟. بۆچی قانعی فەرد لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە زەمینەی بۆ رەخسێنراوە بگاتە بەرزترین جێگە و باڵاترین سەرۆکەکانی کورد ببینێت و دوایش بەو ویژدان و ئینسافەوە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان هەڵبسەنگێنێت؟. تەنانەت پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لەناو ئەو هەموو مێژوونووس و توێژەرە ناسراوانەی باشووری کوردستاندا کەسی تر دەست نەدەکەوت، وا جەنابی تاڵەبانی ئەرکی نووسینەوەی یادداشت و بیۆگرافیای خۆی بەم ئاغایە سپاردووە؟ ئایا بۆچی بڕیار دەدرێت حەفتا هەزار دۆلار بدرێتە ئەو بابایە و ئەوەش راددەی هەستکردن بە لێپرسراوێتییەتی لە بواری نووسینەوەی مێژووی نەتەوەکەی خۆیدا؟.

سەیر لەوەدایە، جەنابی تاڵەبانی کە دۆستی نزیکی قانعی فەرد بووە و هێندە متمانەی پێی هەبووە، ئەرکی نووسینەوەی ژیاننامەی خۆی پێ سپاردووە، ئێستا وا نیشانی دەدات ئەو تەنێ یەکجار ئەو پیاوەی بینیوە، ئەویش بە مەبەستی نووسینەوەی ژیاننامەکەی!!، کەچی لەولاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت قانعی فەرد لە گەشتی حەڤدە وڵاتی جیاوازدا یاوەری تاڵەبانی بووە و لە شاشەی تیڤییەکانیشەوە نیشان دراوە!!!. تەنانەت ئەوە جێگەی قبوڵ و بڕوا نییە، تاڵەبانی، بەو هەموو وریایی و زرنگییە سیاسییەوە، نووسەری ژیاننامەکەی یەکجار بینیبێت. بۆیە بە بڕوای من سەرچاوەی زانیارییەکانی قانعی فەرد پێش ئەوەی هیچ دەزگایەکی ئەمنیی و هەواڵگریی بێت،

خودی جەلال تاڵەبانییە. چوونکە ئەوەی قانعی فەرد لە چاوپێکەوتن لەگەڵ «لڤین» وتوویەتی، بە بەراوورد بەوەی لە ژیاننامەکەی تاڵەبانیدا هێمای بۆ کردووە، نەک مشتی خەروارێک نییە، بەڵکو خاترگرتنی زۆری تێدایە. کەوابوو راگەیاندنی پارتی پێش ئەوەی هێرش بکاتە سەر لڤین و خودی قانعی فەرد، پێویستە پرسیار لە خۆی بکات، سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەو بابایە لە کوێوە پەیدابوون؟. ئایا بۆچی نووسەری ژیاننامەی تاڵەبانی ئاوها نێگەتیڤ و بێ ئینسافانە لە بەشی زۆری سەرکردە سیاسییە ناسراوەکانی کورد دەڕوانێت بە تایبەت بەرامبەر بە رەوانشاد مەلا مستەفا بارزانی؟.

من پێموایە، لوغزێک لەم پرسەدا هەیە. هەر کاتێک بمانەوێت لەم لوغزە تێبگەین و بزانین قانعی فەرد بۆ وا دەکات؟. هەرگیز ناتوانین بیر لەوە نەکەینەوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان، تاڵەبانی و یەکێتی پشکیان تێیدا نییە، تەنانەت کۆنگرە رۆژنامەنووسییە ناوەختەکەی تاڵەبانی لە چواردەی ئاب کە بێ هیچ هۆیەک سازیدا، جۆرێک لە پاکانەکردن بوو لەوەی یەکێتی و خودی خۆی هیچ پەیوەندییەکی دوور و نزیکیان بەسەر بیرکردنەوە و لێدوان و رەفتارەکانی قانعی فەردەوە نییە، تەنانەت پێ دەچێت لە ژێر فشاری پارتی و بۆ راگرتنی پارسەنگی هێز، یەکێتی و خودی تاڵەبانی ناچار بووبن، پاکانە بکەن و خۆیان لەو مێژوونووسە گومانلێکراوە بە دوور بگرن.

بە کورتی ئەوەی من مەبەستمە بیڵێم، ئەوەیە، سەرباری ئەوەی لڤین ساویلکانە و بە ئامانجی فرۆشی زیاتر و تۆڵەکردنەوە لە پارتی، قانعی فەردیان هێناوەتە گۆ، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت ئەوە نادیدە بگرین، ئەو پیاوە کە خۆی بە «شەیتانی سیاسەت» دەناسێنێت، لە ژێر کاریگەریی را و بۆچوونەکانی تاڵەبانیدایە و دووریش نییە هەر خودی یەکێتی و تاڵەبانی دنەیان دابێت، بە تایبەت لەم سەروەختەدا یەکێتی دەیەوێت وەک هێزێکی لاواز بوو، لە رێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە بابەتانەوە پارتی لاواز بکات!!، هەروەک چۆن ئەجیندایەکی هاوشێوەشی هەیە بۆ بچووککردنەوەی بزووتنەوەی گۆڕان. وەکوو خۆم ماوەیەکە تێبینیم کردووە، یەکێتی بە تایبەت لە رێگای «د.بەرهەم ساڵح»ەوە دەیەوێت، پارتی بخزێنێتە ناو مەعمەعەیەکی سیاسیی قورسەوە کە سەرئەنجام بە قازانجی یەکێتی و زیانی کۆی هێزەکانی تری کوردستان بە دیاریکراویی پارتی تەواو ببێت. بە دووری نازانم، پەیدابوونی قانعی فەرد لەم ساتەوەختەدا و بڵاوکردنەوەی ئەو درۆ و دەلەسانە بە ناوی راستیی مێژوویەوە،

بەشێک بێت لەو ستراتیجە و سەرەنجام بڕژێتە ناو هەمان ئاوەڕۆی سیاسەتی یەکێتییەوە بۆ تەهمیشکردنی پارتی لە گۆڕەپانەکەدا.

خولاسە مەبەستی من زیاتر لەوەدا چڕ دەبێتەوە، ئەگەرچی هیچ گومانم لەوە نییە، قانعی فەرد کوردێکی دڵسۆز و راستگۆ نییە، ئەگەرچی دڵنیام لەوەی قانعی فەرد هیچ شارەزایی و پسپۆرییەکی لە زانستی مێژوودا نییە و وەک یەکێک لە ئامادەبووانی کۆڕێکی ناوبراو لە تاران وتبووی، ئەگەر من مامۆستای وانەی مێژوو بم ئەوە سفر بۆ قانعی فەرد دادەنێم، ئەگەرچی پێموایە قانعی فەرد لە دەزگا جاسوسی و هەواڵگرییەکانی ئێرانەوە نزیکە، بەڵام بەدەر لەوە، بۆچی ئەو ژیاننامەی جەلال تاڵەبانی هەڵدەبژێرێت، هەم بۆ لێدان و ناوزڕاندنی پارتی و خودی مستەفا بارزانی و هەم بۆ لێدان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان لە ماوەی پەنجا شەستساڵی رابردوودا؟ پرسیارە جیددییەکە لێرەدا و وەڵامدانەوەش بەم پرسیارە دەرگایەکی گرنگ و فراوانترمان بۆ دەکاتەوە، تا لەوە تێبگەین ئەم هەوڵەی قانعی فەرد نەک شتێکی عەفەوی نییە، نەک هەر ئەجێندای دەرەکیی و هەواڵگریی لە پشت ئەو چەواشەکارییانەوە بوونی هەیە، بەڵکو بەداخەوە لە ئاستی ناوخۆیی و بزووتنەوەی کوردیشدا دۆست و هەوادار و لایەنگری قانعی فەرد زۆرن بۆ ئەو کەمپینەی وی بۆ ناشرینکردن و دزێوکردنی خەباتی گەلی کوردستان لە باشوور دەستی داوەتێ.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٨»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی ئابی ٢٠١٠ بڵاوبۆتەوە.

# کێ دەکەینە سەرۆک کۆماری عێراق؟

کەمتر لە سێ مانگ بەدەستەوە ماوە بۆ وادەی دیاریکراوی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. هەر لە ئێستاوە زۆرینەی هێز و قەوارە جیاوازەکان و پێکهاتە جۆر بە جۆرەکان لە ئامادەکارییدان بە مەبەستی بەشداریی کاریگەرانە لەو پرۆسەیە، ئەوەش بە ئامانجی دەستخستنی دەسەڵاتی زیاتر و هێنانەدی خواستی زۆرتر. کورد پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراقە. لە رووی نەتەوەییەوە، دووەم نەتەوەیە، لە رووی مەزهەبییەوە دووەم پێکهاتەی گەورەیە، واتا لە هەموو بارەکاندا کورد هێزی دووەم یان پێکهاتەی دووەمی عێراقە. بۆیە پێویستە راددەی بەشداریی ئەو لە حکومەت و دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا بەلانیکەمەوە بە رێژەی دووەم بێت لە دوای شیعەکانەوە. کورد بۆ ئەم هەڵبژاردنە بە چەند لیستێکی جیاواز بەشداریی دەکات، ئەمە مافێکی سەرەتایی لیستەکانە و هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە، ئەم لیست و قەوارە کوردییانە بە هۆی ناکۆکیی لەسەر ئاستی کوردستان، دۆزی کورد لە ناوەند بدۆڕێنن، ئەمەش بیرکردنەوەیەک نییە زادەی خەیاڵ بێت، بەڵکو بە کەمێک وردبوونەوە لە گووتاری هێز و قەوارە کوردییەکان ئەو راستییەت لا ئاشکرا دەبێت: کورد لە حاڵی پەرتەوازەیی و لێکترازانێکی گەورەدایە کە رەنگە بۆ داهاتووی سیاسیی کورد زۆر مەترسیدار بێت.

عەرەبە عێراقییەکان کۆمەڵێک سیناریۆی گەورەیان بۆ تێکشکاندنی کورد ئامادە کردووە، خۆ ئەگەر جیاوازیی کورد بگاتە ئەندازەیەک یارمەتی سیناریۆ ترسناکەکانی هێزە عەرەبییەکان بدات، بێگوومان لینین وتەنی لەبری هەنگاوێک بۆ پێشەوە دوو هەنگاو بگرە زیاتریش بۆ پاشەوە دێین. لە بارێکی ئاوهاشدا بێگوومان کورد بەشێکی بەرچاو لە پۆستە گرنگ و باڵاکانی عێراق لە دەست دەدات. یەکەم ئامانجی عەرەبە

سوونتەکانیش دەرهێنانی پۆستی سەرۆک کۆمارە لە بندەستی کورد و داگیرکردنێتی بۆ هەتاهەتایە بۆ عەرەبی سوونە، ئەمەش ئەگەرێکی دوور نییە بە تایبەت بەو هۆیەی ئەگەر کورد هەروا بە نایەکگرتوویی و ناتەبایی بمێنێتەوە.

پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ کورد پێویستییەکی گرنگە و بایەخێکی لە رادەبەدەری بۆ دۆزەکەی هەیە، من کارم بەوە نییە ئایا مام جەلال دەبێتەوە بە سەرۆک کۆمار یان یەکێکی دیکە، کارم بەوەیە ئەو پۆستە لە دەستی کورد دەرنەچێت، خۆ ئەگەر هەر مام جەلالیش بێت چ خراپییەکی تێدایە؟. ئایا بە راست وا دەزانین کارێکی چاک دەکەین ئەگەر پۆستی سەرۆک کۆماریی لە مام جەلال بسەنینەوە و بیدەینە دەستی ساڵح موتڵەگ یان ئەحمەد ئەبوریشە یان کێ و کێی تری کۆنە بەعسی و تازە شۆڤێنیست؟. هیچ لۆژیکێکی سیاسیی نییە پشتگیریی لەو هەنگاوە بکات، هێز و قەوارە کوردییە ناتەباکان لەگەڵ پارتی و یەکێتی، بە هۆی بارگرژیی لەسەر ئاستی کوردستان، بەرژەوەندیی و دۆزی نەتەوەیی کورد لە ناوەند بکەنە قۆچی قوربانی!، هیچ ویژدانێکی زیندوو رێگە بە گۆڕان یان یەکگرتوو نادات بۆ کەمکردنەوەی هێزی پارتی و یەکێتی یاریی بە دۆزە هەستیارەکان بکات و پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و هەندێک پۆستی تری هاوشێوە کە ئێستا کورد تیایاندا باڵادەستە بباتە ناو مەعمەعەی هەڵبژاردن و کێبڕکێی سیاسییەوە، چوونکە کارێکی ئاسان نییە یاری بە چارەنووسی نەتەوەیەکی بندەستەوە بکرێت بە خاتری بەرژەوەندیی حزبیی و تاکەکەسیی و..هتد.

گرنگە هێز و قەوارە کوردییەکان لە ناوەندا لەسەر هەندێک لە بنەما جێگیرەکان «سەوابیت»، کۆدەنگیی و یەک بڕیارییان هەبێت و هەرکەسەو لە ئاشێک نەکات، چوونکە نابێت نادیدەی بگرین عەرەبە عێراقییەکان ئەمجارە لە شەڕێکی قورس و چارەنووسسازدان لەگەڵ کورد، بەشی زۆرینەی عەرەبەکان دەیانەوێت ئەوی کورد لە چەند خولی پێشووی هەڵبژاردنەکاندا، بە دەنگ و ئیستحقاقی هەڵبژاردن بەدەستی هێناوە، بە هەمان رێگا و میکانیزم لە دەستی بدات و لێی وەربگرنەوە، بە تایبەت ئەوان سوود لەو فرە لیستییەی کورد وەردەگرن، وەک وتم ئەگەر هێز و لیستە کوردییەکان هەروا بە ناتەبایی بمێننەوە و لەبری هاوکارییکردنی یەکتر لە ناوەند، هەر شیر و تیر لە یەکتر بسوون و هیوا و دەنگی هاووڵاتیانیش لەو بەرداشەدا بهاڕدرێت. ئەمە کارێکە لێخۆشبوونی تێدا نییە و هیچ هێز و لایەنێک ناتوانێت شانی خۆی تێدا خاڵی بکاتەوە.

دەمەوێت بپرسم: ئایا کورد دەیەوێت کێ بکاتە سەرۆک کۆمار؟، من دەڵێم گرنگ نییە ئێمە کێ و کام کەسایەتی دەستنیشان دەکەین بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پلە و پایەیە، گرنگ لەوەدایە ئەو پۆستە بایەخدارە لە دەستی کورددا بهێڵینەوە، بەڵام ئەگەر بێتە سەر ئەوەی بڵێین مام جەلال یان سالّح موتڵەگ؟ مام جەلال یان تاریق ئەلهاشمی؟، لە بری جارێک هەزاران جار دەڵێم بەڵێ بۆ مام جەلال. ئەوەشی ناتوانێت لەم هەڵوێستە تێبگات با بیر لەسالّح موتڵەگ بکاتەوە کاتێک دەبێتە سەرۆک کۆمار، با بیر لە کۆنە بەعسییەک بکاتەوە دیسانەوە لە هەرەمی دەسەڵاتدایە، ئەوسا بە باشی تێدەگات بۆچی ئێمە دەڵێین، با پۆستی سەرۆک کۆمار لە دەستی کورددا بمێنێتەوە، ئەگەر لە مام جەلالیش رازی نین، بەڵام بە بەراوورد بەو ناوانەی سەرەوە بێگوومان هەزار جار و زیاتریش مام جەلال شیاوترە بۆ ئەو پلەیە.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە «٦٨»ی گۆڤاری «نێوەند»ە لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩.

# گەراکان سەر دەردەهێنن..
# جاش زیندوو دەبێتەوە

بە پێی ئەو هەواڵانەی لە ناو شاری کەرکوکەوە دەگەن، ژمارەیەک کۆنە بەعسیی و کۆنە سەرەک جاش لەو شارە جارێکی دیسان سەرقاڵی زیندووکردنەوەی جاشێتین. رەنگبێ بۆ هەندێکمان جێگەی شۆک بێت، دوای ئەو هەموو ناوبانگە خراپەی جاش خەڵکانێکی تر هەبن دەستی بۆ بەرن. کەچی لە کن ئەز ئەم پرسە نە جێگەی شۆک و نە جێگەی سەرسوڕمانە، چوونکە ئەوە دەزانم زەمینەی کولتووریی جاشێتی یان ژینگەی سەر دەرهێنانی گەرا نوێکانی جاش هێشتا زەمینەیەکی شێدار و لەبارە و هەردەم یارمەتی تروکان و گەشەکردنیان دەدات. ئەوەی لە واقیعی ئێمەدا لێی دراوە رووە فیزیکییەکەی جاش بووە، ئەگەرنا کێڵگەی کولتووریی ئێمە هێشتاش خاکێکی بە پیتە بۆ سەوزبوون و ژیانەوەی چڵە وشکبووەکانی جاشێتی، ئەو چڵانەی لە سەرەوە هەست بە سیسبوونیان دەکەین و لە راستیشدا رەگێکی قایم و مەحکەم و پتەویان هەیە. بەڵام پرسیاری هەرە جیدی لێرە ئەوەیە: بۆچی و لەبەر چی زەمینەی جاشێتی هەر زەمینەیەکی لەبار و جێگیرە؟.

لەوانەیە سەدان وەڵام بەم پرسیارە زۆر ساکارە هەبێت، بەڵام رەوانترین وەڵام خۆی لەوەدا دەبینێتەوە: واقیعی دوای راپەڕین، واقیعێک بوو ئەگەرچی بە رووکەش وەهای نیشاندا کۆتایی هێناوە بە جاشێتی، لێ بەداخەوە لە ناوەڕۆکدا پێچەوانەکەی راستە. لە واقیعی دوای راپەڕین و لە ساتەوەختی دەسەڵاتی خۆماڵیی کوردییدا، جاشەکان نەک هەر کەوتنە بەر بارانی لێ خۆشبوون، بەڵکو دیسان وەک پێشان بە هۆی بارودۆخی نەخوازراوی کوردستان و شەڕی ناوخۆوە بوونەوە بە ئەکتەرێکی

بایەخپێدراوی شانۆی سیاسەت و شەڕکردن، جاشەکان لە واقیعی دوای راپەڕیندا لەبری ئەوەی لە هەر پۆست و دەسەڵاتێکی حزبیی و کارگێڕیی دوور بخرێنەوە، بە پێچەوانەوە ململانێی حزبایەتی تەسک رۆڵێکی کاراتر و بایەخدارتری پێدان. لە واقیعی دوای راپەڕیندا لەبری راکێشانی دەستەیەک لە سەرەک جاشە ئەنفالچی و کوردکوژەکان بۆ بەردەم دادگا، بەپێچەوانەوە هەر یەکەیان لەلایەن حزبێکی سیاسیی سەرەکییەوە مووچە و دیوەخانانە و کۆمەڵایەتیانەیان بۆ بڕاوەتەوە. لەوە زیاتریش پرۆسەی راپەڕین زیاتر لە فەتحی مەککە دەچێت لەلایەن عەرەبە موسڵمانەکانەوە، ئاخر لە فەتحی مەککەدا، هەر کەس خۆی لە ماڵی ئەبوسوفیانی ئەریستۆکراتی قورەیش پەنادا بەخشرا.

لە واقیعی دوای راپەڕینی کوردستانیشدا، سەرۆک جاشەکان نەک هەر پەراوێز نەخران بەڵکو ماڵ و دیوەخانەکانیان بوونە جێگەی بەخشین و شەفاعەت. لەمانەش زیاتر لە کاتی بانگهێشتی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بۆ رادەستکردنی هەندێ مستەشار و سەرەک جاش کە دەستیان لە جینۆساید و ئەنفالی کورددا هەبووە، زۆرێک لەو داواکراوانە خۆیان لە پەنا حزبەکانی کوردستاندا مەڵاس دا و بە هیچ شێوەیەک رادەستی دادگا نەکران بە مەبەستی لێپرسینەوەیان. ئەمە لەلایەک و لە سەرەکەی تریشەوە، ئەوەی لە ماوەی ئەم حەڤدە ساڵەی رابردوودا لە سایەی دەسەڵاتی سیاسیی کورد خۆیدا روویداوە، نەک هەر نەبووەتە فاکتەر و هاندەر بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و بەهێزکردنی ئینتمای نەوەکان بە زادگەوە، بەپێچەوانەوە هەموو پێشهات و بارودۆخەکان بەشێوەی جیا جیا هاندەرێک بوون بۆ تێکشکاندنی ئینتما و لاوازکردنی راددەی متمانەی خەڵک بە نیشتمان و نەتەوەکەی.

ئیدی ئەم بارودۆخە دیدگایەکی چەسپاندووە، نە جاشێتی عەیبە و نە کوردفرۆشیی تاوانە و نە هیچ کام لە ئەکتەری جاشێتی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت و نە کورد گەیشتۆتە ئەو هۆشیارییەی جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان نیشتمانفرۆش و نیشتمانپارێزدا بکات، ئیدی لە ئاوها حاڵەتێکدا جاشێتی نە سڵەمینەوەی دەوێت و نە پێویست بە ترس و رارایی دەکات، هەر بۆیە بەردەوام گەراکان لە هەر ژینگەیەکی لەباردا دەتروکێن و نەشونما دەکەن و گەرای نوێ دادەنێن تا ئەوانیش لە بارودۆخێکی لەباری وەکی ئەوەی خۆیاندا سەر دەربهێنن. ئەوەی ئەمڕۆش سەرچاوەکانی هەواڵ لە شاری کەرکوکەوە رایدەگەیەنن کە نزیکەی حەوت کۆنە سەرەک جاش و کۆنە

بەعسیی سەرقاڵی زیندووکردنەوەی جاشێتین. ڕووداوێکی دانسقە و سەیر نییە، ئەگەر ویژدان بەکاربهێنین و بێ ڕتووش سەیری زەمینەی سیاسیی و کولتووریی کۆمەڵگەکەمان بکەین، جاشێتی نەک دارێکی زڕ و وشکەوەبوو نییە، بەڵکو جاشێتی ڕەگێکی قووڵی داکوتیوە و دەستێکی پۆڵاینیش بۆ ریشەکێشکردنی شک نابەین.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە (٥٦)ی گۆڤاری «نێوەند»ە، لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨.

# ئایا کەرکوک بۆتە ئەندەلوس؟

لە یەکێک لە وتارەکانیدا کاک مەسعود بارزانی هاتە سەر باسی کێشەی کەرکوک و هێمای کرد بۆ دانوستانەکانی لایەنی کوردیی لەگەڵ رژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٩١. لە درێژەی قسەکانیدا وتی: «لایەنی بەرامبەر (بەعس) پێیان وتین هەر لە بنەڕەتەوە ئامادە نین لەسەر کەرکوک دیالۆگتان لەگەڵ بکەین، بەڵکو بڕۆن بۆ کەرکوک بگرین هەر وەک چۆن عەرەب بۆ ئەندەلوس گریا»!. سەرکردایەتی و دەسەڵاتداریێتی بەعس بە ئاشکرا و بێ چەند و چوون کەرکوکیان بە بەشێک لە دنیای عەرەبی لە قەڵەم دەدا و تەنانەت ئامادەی گفتوگۆ لەسەرکردنیشی نەبوون. پێکهاتە سیاسییە جۆر بەجۆرەکانی ئەمڕۆی سەر گۆڕەپانی عێراقیش بە شیعە و سوونەوە لە هەمبەر پرسی کورد و کەرکوک لە بەعس تێپەڕیان نەکردووە. وەلێ لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی چڕوپڕ و فشارێکی زۆر و کێشمە کێشێکی سەخت و دژوار ناچاربوون تا ماددەی (٥٨)ی تایبەت بەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە هەموار بکرێ، بەڵام بە کردەوە بە هەموو رێگاکان پراکتیزەکردنی بەندەکانی یاساکەیان پەکخستووە.

حکومەتی دکتۆر جەعفەری لە ماوەی یەک ساڵی تەمەنیدا بە خراپترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ پرسی کەرکوک کردووە و هەوڵی زۆریدا لە پێناوی راگرتنی دۆخەکە وەک خۆی کە دۆخێکە سیمای راستەقینەی کەرکوکی تیا ون کراوە. هەروەها بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆی بەغدا لەمەڕ خانەنشینکردن و گواستنەوە و دژایەتیکردنی ئەفسەرە کوردەکانی شاری کەرکوک بەڵگەیەکی تری هەوڵە ترسناکەکانی کابینەی دکتۆر جەعفەری بوو. هەر چەند دەبێت تاکو کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ رەوشی کەرکوک و ناوچەکانی تازە ئازادکراو ئاسایی بکرێنەوە و ریفراندۆمیان تیا ئەنجام بدرێت، بەڵام هیچ هەنگاوێک بەو ئاڕاستەیەدا نابینین، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئاڵۆزییەکان زیاتر پەرەدەستێنن و دۆخی کەرکوک زیاتر بەرەو خراپی

دەڕوات، بۆنموونە لە هەفتەی رابردوودا چەکدارەکانی سەر بە تەیاری سەدریی هەوڵیاندا بێنە ناو سەنتەری شاری کەرکوک و دواتریش ئەوە زانرا چەند تیپێکی ئەو چەکدارانە لە گەڕەکە شیعەنشینەکان جێگیربوون و لە هەوڵی جێگیربوونی بەردەوامدان لە شارەکەدا.

بێگومان هاتنی ئەم چەکدارانە جارێکی تر رەوشەکە بەرەو ئاڵۆزییەکی توند دەبات و لەوانەیە بگاتە ئاستی پێکهەڵپڕژان و بەرامبەرکێی چەکدارانە لەگەڵ لایەنەکانی تری وەک کورد. روودانی هەر کارێکی لەو جۆرەش بە زیانی کێشەی کەرکوک و پراکتیزەکردنی ماددەی (١٤٠) تەواو دەبێت، بە لای منەوە گەر رەوشەکە بەو ئاقارەدا بڕوات و عەرەبەکان بە شیعە و سوونەوە بەردەوام بن لەسەر هەمان بیرکردنەوە و مامەڵە دەرهەق بە کەرکوک تا ساڵی دوو هەزار و حەفتاش رەوشی کەرکوک ئاسایی نابێتەوە، بگرە نالەبارتر و سەختتر دەبێت. وەها تێدەگەم هەموومان لە رێی هۆیەکانی راگەیاندنەوە تابلۆکە دەبینین و هاوکێشەکە لە پێش چاومانە، بەڵام سەرەکیترین پرسیار ئەمەیە: ئایا عەرەبەکانی عێراق سوورن لەسەر ئەوەی چۆن خۆیان بۆ ئەندەلوس گریاون ئاواش ئێمە بۆ کەرکوک بگرین؟!.

لێ جیاوازییەکی زۆر لە نێوان کەرکوک و ئەندەلووس هەیە، چون عەرەبەکان ئەو وڵاتەیان لە میانەی هەڵمەتەکانی فتوحاتی ئیسلامیدا داگیر کرد و زەوی خۆیان نەبوو، کاتێ (تاریقی کوڕی زیاد) چۆیە سەریان هاواری لێکردن (دواتان دەریا و پێشتان دوژمنە) خۆ بە دەستەوەدان چاکترین حەلە. بەڵام کەرکوک بە پێی سەرچاوەکانی مێژوویی و بەڵگەنامە فەرمییەکان بەشێکە لە خاکی کوردستان، بۆیە رەنگە وازلێهێنانی لەلایەن کوردەوە هەروا ئاسان نەبێت وەک وازهێنانی عەرەب لە زەوییەکانی ئەندەلوس. زۆر جاریش بیر دەکەمەوە خۆ ئەگەر فراکسیۆنی کوردیی و پارتەکان و دەسەڵاتداریی کارگێڕیی کەرکوک بەو سستی و کەمتەرخەمییەی ئەمێستاوە هەوڵی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان بدەن بێگومان ناتوانن سەرکەوتوو بن بەڵکو یارییە سیاسییەکە زۆر بە ئاسانیی دەدۆڕێنن. دواجار لە بەر خۆمەوە دەپەیڤم و دەپرسم: ئایا بارودۆخ گەیشتۆتە ئەو راددەیەی بڵێین کەرکوک بۆتە ئەندەلوس؟!.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢٧)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە رۆژی ٢٠٠٦\٥\١٧ بڵاوبووەتەوە.




# بەشی دووەم
# کولتوور

# دیموکراسی و واقیعی ئەمڕۆی کوردستان

## نمایشێکی مەیدانی

دوای کۆتایی هاتن بە جەنگی سارد و لە ئاکامدا سەرکەوتنی ئەمەریکا و کامپی کاپیتالیزمی خۆرئاوا بەسەر یەکێتی سۆڤێت و ئۆردوگای سۆشیالیستی رۆژهەڵاتدا، هیچ چەمک و دەستەواژە و مەقولەیەکی سیاسیی نییە هێندەی دیموکراسییەت قسەی لەبارەوە کرابێ و بووبێتە جێگەی مشتومڕ و توێژینەوە و شیتەڵکاریی لەلایەن ناوەندە فیکریی و ئەکادیمییەکانەوە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی دنیای تاک جەمسەریی خۆرئاوایی «ئەمەریکیی». بەڵام بیرمەندی ناسراوی ئەمەریکیی بە رەگەز ژاپۆنی (فرانسیس فۆکۆیاما) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (کۆتایی مێژوو و دواین مرۆڤ- النهایە التاریخ و خاتم البشر) زیاد لە هەمووان پێداگریی لەسەر دیموکراتییەت کرد تا ئەو رادەیەی مژدەی ئەزەلیبوونی دیموکراسییەتی دا و وای تێبینی کرد بە رووخانی کۆمۆنیزم مێژوو پێ دەنێتە خاڵی پایان و کۆتایی خۆی و دیموکراتییەت و لیبرالیزمی خۆرئاواش تاکە سیستمی سیاسییە یاخۆ دواهەمینیانە کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە.

دیموکراسییەت چ وەک چەمک وەک زەمینەیەکی کولتووریی و کۆمەڵایەتی هێشتا قسەی جیددی لەبارەوە دەکرێ و چەندین فەیلەسوف و بیرمەندی جیا جیا بە تێڕوانین و ئایدۆلۆژیای جیا جیاوە کاریان لەسەر دیموکراسییەت کردووە و شیتەڵکاریی و راڤەی جیاوازیان بۆ کردووە، بەڵام هیچکامیان نەگەیشتونەتە پێناسەیەکی رەها و تەواو بۆ ئەم چەمکە چوونکە بە تێپەڕبوونی زەمەن گۆڕانی بەسەردا دێت و لە یەک چوارچێوە و قاڵبی دیاریکراو قەتیس ناکرێت. ئەمڕۆش لە کوردستان یەکێک لەو چەمکانەی تەواوی هێزە سیاسیی و پارتە کوردییەکان ئیدعای

بۆ دەکەن دیموکراسییە. زۆربەی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان دیموکراسییان کردۆتە دروشمی خۆیان لە پاڵ دروشمەکانی تری وەک مافی مرۆڤ و دادپەروەریی و ئازادیی کە دەکرێ هەموو ئەوانی دوایی لەنێو دیموکراسییەتدا کۆ بکرێنەوە. ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی کورد زیاد لە هەموو شتێک بە دیموکراسییەتدا هەڵدەدەن و ئەم ئەزموونە پڕ کەموکورتییەی باشووری کوردستان بە ئەزموونێکی نوێی دیموکراسی نەک هەر لە عێراقدا بەڵکو لە هەموو ناوچەکە ئەژمار دەکەن! هەر ئێستاش کورد خۆی بە دۆست و تەواوکار و هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەزانێت کە نموونەیترین جۆری دیموکراسییەت لەلای ئەوان گەشەی سەندووە.

بۆیە بەشێک لە چاودێرانی سیاسیی وای دەبینن کاریگەریی دیموکراسییەتی ئەمەریکا دەگاتە کوردستان و تیشک و شەبەنگی ئەم دیموکراسییەتە عێراقێکی نوێ دروست دەکات کە عێراقێکی جیاوازە لە رابردوو و دەبێتە نموونەی دیموکراسییەت لە رۆژهەڵاتی نێویندا. بەڵام هێشتا نازانرێت ئایا جەمسەری دیموکراتی بە خاتری بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراقدا دیموکراسی پشتگوێ دەخات یان نا؟، ئەوەی ئێستا هەستی پێ دەکەین ئەوەیە ئەمەریکا مساوەمە و سازش دەکات لەگەڵ مەرجەعە ئاینییەکان و سەرەک خێڵ و کۆنە بەعسییەکان، بێ شک ئەم سێ گروپە دوژمنی پاشەڕۆژی دیموکراسین لە عێراقدا. رەنگە لەم حاڵەتەدا کورد نەتوانێت سوودمەند بێ لە و پڕۆژە دیموکراسییەی ئەمەریکا بەناوییەوە هاتۆتە ناوچەکەوە. ئەویش پڕۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەیە. جارێکی تر ئەمە وانەیەکمان فێرمان دەکات کە پێویستە لە نێوخۆ بەرەو دیموکراسی هەنگاو بنێین نەک چاوەڕوانی هێزێکی دەرەکی بین کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی چاو لە هەموو جۆرە دیکتاتۆریەتێک دەپۆشێت.

### دیموکراسی چییە؟

لە حەقیقەتدا هەر هەوڵێک بۆ پێناسەکردنی شتێک یان چەمکێک هەوڵێکە بۆ لە قاڵبدان و لە چوارچێوەنانی ئەو چەمکە لە یەک رەهەند و سیاقی دیاریکراودا، ئەگەر پێناسەمان بۆ هەموو شتێک هەبێت ئەوا هەڵەیەکی کوشندەیە ئەگەر بمانەوێت دیموکراسییەت لە پێناسەیەکی دیاریکراودا لە قاڵب بدەین، چوونکە لە بنەماوە یەکێک لە ماناکان و کارکردەکانی دیموکراسییەت بریتییە لە تێکشکاندنی قاڵب و

چوارچێوە دروستکراوەکان. بەڵام ئەگەر بمانەوێت لە چەند گۆشەنیگا و رەهەندێکەوە لە دیموکراسییەت بڕوانین و تا رادەیەکیش پێی ئاشنا بین ئەوا:

ا- لە رووی زاراوەوە دیموکراسییەت وشەیەکی لێکدراوە و لە دوو بڕگەی سەرەکی پێکهاتووە: (Kratia) +(Demos) کە بە مانا گریکییەکەی بە دەسەڵاتی گەل هاتووە. لەم بارەیەوە (د.ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام) دەڵێت» دیموکراسییەت لە لای یۆنانییەکان دەستی پێکردووە و وشەکە لە رووی زمانەوە بنەچەکەی خۆی لە دەستنەداوە (Demos) واتە گەل و (Kratia) واتە فەرمانڕەواییە، وشەکە بە مانای فەرمانڕەوایی هەموو گەل نەک فەرمانڕەوایی توێژێک یان چینێک یان کەرتێک دێت»، بەڵام ئەو جۆرە دیموکراسییەتەی لە ئەسینای بەر لە زاین سەری هەڵداوە بێ خەوش و کەموکورتی نەبووە و بە پێی پێوانە دیموکراسییەکانی ئەمڕۆ جێگەی رەخنە و لەسەر وەستان و هەڵوێستەکردنە، (د.ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام) کەموکوڕییەکانی دیموکراسیەتی کۆمەڵگای ئەسینا لەم خاڵانەدا دەستنیشان دەکات.

١-چەمکی گەل بەشێوەیەکی راست دیارینەکراوە، بەڵکو مەبەست لە گەل تەنیا ئەسینایییەکان بووە و بیانییەکان و کۆیلەکان و ژنانی لێ هەڵاوێر کراوە، دواتر دەبینین مرۆڤایەتی پێویستی بە چەند سەدە هەبووە بۆ راستکردنەوەی ئەم هەڵە تێگەیشتنە.

٢-ئازادیی کەسایەتی (ئازادیی هاتوچۆ- مافی ئاسایش) دەستەبەر نەکراوە، پێشتریش باسمان لەوە کرد چۆن هاوولاتی دوور خراوە لەبەر ئەوەی خزمەتی باشی پێشکەش بە گەل کردووە و خەڵکیش هۆگریی خۆیان بۆ نیشان داوە تەنیا لەبەر ئەگەری زۆرداربوونی لە کاتی گرتنە دەستی فەرمانڕەوایدا.

٣-ئازادیی تاک بە مانای وردی (ئازادیی بیروڕا- خاوەنداریێتی) بوونی نەبووە، چوونکە دەوڵەت بە تەواوەتی دەسەڵاتی بەسەر تاکەکاندا سەپاندبوو، دەبوایە تاک بڕوا بە ئاینی دەوڵەت بێنێت، هەروەها دەبوایە موڵکەکان و سامانی تاک لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا بووایە.

بۆیە دەبینین دوای تێپەڕبوونی چەند سەدەیک لە گەشەکردنی فەلسەفە و ژیار، کۆمەڵی مرۆڤایەتی هەنگاوی نا بەرەو راستکردنەوەی هەڵەکانی ئەو جۆرە دیموکراسیەتە و توانی بەرەو تێپەڕاندنی کەموکوڕییەکانی پێشڕەویی بکات. زۆرێک لە توێژەران و بیرمەندان لەو بڕوایەدان ئەو شێوە کرانەوە و دیموکراسییەی لە

کۆمەڵگای یۆنانی ئەو کات هەبووە بە پێودانگە دیموکراسییەکانی ئەمڕۆ جۆرێک نەبووە لە دیموکراسییەت. لەلایەکی تریش زاراوە و چەمکی دیموکراسی ڕەگوڕیشاڵی بۆ مێژووییەکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین دیموکراسی هەڵقوڵاو و لە دایکبووی منداڵدانی مۆدێرنێتەیە. هەروەک بیرمەندی ناسراوی عەرەبی (جۆرج تەرابیشی) دەڵێت «دیموکراسیەت وەک چەمک چەمکێکی کۆنە، بەڵام وەک فیکرە، فیکرێکی نوێیە کە مۆدێرنێتی خولقاندوویەتی و دەبێت بە رۆشنبیرێتی سیاسیی مۆدێرنێتی لە قەڵەمی بدەین». فۆکۆیاماش لەو قەناعەتەدایە تا ساڵی ١٧٧٦ دیموکراسیەت لە هیچ شوێنێکی دنیادا بوونی نەبووە.

هەروەها نابێت ڕۆڵ و کاریگەریی شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕەنسامان لە بیر بچێت کە کاریگەریی و قورسایی ئەم شۆڕشە سنوورەکانی فەڕەنسای تێپەڕاند و بووە سەرەتایەکی نوێ بۆ تورهەڵدانی سیستمی چەوسێنەر و ئیستبدادیی دەرەبەگایەتی و کردنەوەی دەرگا لە بەردەم دیموکراسی و هاووڵاتیبوون و مافەکانی مرۆڤدا. (د.سەعد بەشیر ئەسکەندەر) دەربارەی شۆڕشی فەڕەنسی دەڵێت «شۆڕش بۆ یەکەمین جار لە وڵاتێکی پان و بەرینی پڕ دانیشتواندا –نزیکەی ٢٣ ملیۆن فەڕەنسی– بناغەی ڕژێمێکی کۆماریی دامەزراند و پرۆسەی دیموکراتیزەکردن بەخێرایی بەڕێوە چوو، بەشێکی بەرچاوی دانیشتوان بە جۆرێکی وا لە توانا و مافە سیاسییەکان بەهرەمەند بوون لە مێژوودا وێنەی نەبینرا بوو».! هەرچەند شۆڕشی فەڕەنساش بێ خەوش و بێگەرد نەبوو، بەڵکو تژی بوو لە توندوتیژیی و تیرۆر، یاکۆبییەکان وەک گروپێکی توندوتیژ و توندڕۆ بەها جوانەکان و دەسکەوتە دیموکراسییەکانی شۆڕشەکەیان لەکەدار کرد، بە ڕاددەیەک زۆرێک لە کوڕە چالاک و پێشەنگەکانی شۆڕش برانە بەردەم میقسەڵەکەی شۆڕش!!، لە کاتێکدا هەر بەو میقسەڵەیە سەری لویس و ماری ئەنتوانێت پەڕێندرابوو، هەر لێرەوە تێزی شۆڕش کوڕەکانی خۆی دەخوات سەر دەردەهێنێت و دەردەکەوێت.

خودی (ڕۆبسپێر) یەکێک بووە لە شۆڕشگێڕەکان و سەرکردەکانی شۆڕش، لە هەمان کاتدا سەدان کەسی لە شۆڕشگێڕان بەناوی بەرگریکردن لە بەهاکانی شۆڕش خستە بەردەم میقسەڵەکەی شۆڕش کەچی هەر خۆی بە هەمان میقسەڵە سەری لە لاشەی جوێ کرایەوە. سەرباری هەموو ئەم کەموکورتییانە کەچی شۆڕشی فەڕەنسا دەروازەیەکی گرنگی گەشەکردن و پەخشبوون و جێکەوتەبوونی دیموکراسی و

هاووڵاتیبوون بوو. لێرەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی  دیموکراسی بە تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر و گەشەکردنی شارستانێتی و لایەنە جۆرا و جۆرەکانی مەعریفە گۆڕانی بنەڕەتی و ریشەیی بەسەردا هاتووە و رەهەندی فراوانتری وەرگرتووە لەو سیاقە بەرتەسکەدا نەماوەتەوە سەرەتا هەیبووە. «جارێکی تر بڕوانن بۆ کاروانی گەشەکردن و گۆڕانکارییەکانی دیموکراسی لە شۆڕشی فەڕەنساوە هەتاوەکو ئێستا».

ب- دیموکراسییەت زەمینەیەکە بۆ قسەکردن و خۆ تەرحکردنی هەموو ئاڕاستە جیاوازەکان و سیستمێکە هەموو دید و بۆچوونە هاودژەکان بەشێوەیەکی ئاشتەواییانە لە کۆمەڵگەدا کاردەکەن و پڕۆژە و ئەجیندا و پلاتفۆرمی سیاسیی و فیکریی خۆیان پێشکەش دەکەن. لێرەدا هەر کەس و گروپ و ئاڕاستەیەک بەبێ ئەوەی هیچ دامەزراوە و دەزگایەک هەڕەشەیان لێ بکات یان چاویان لێ سوور بکاتەوە کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن و لە زەمینەی دیموکراسیەتدا درێژە بە بوون و پڕۆژەکانیان دەدەن، بە مانایەکی تر کۆمەڵگەی دیموکراسی، کۆمەڵگەی جیاوازییە و لە کۆمەڵگەیەک جیاوازیی و فرە ئاڕاستەیی بوونی نەبێ ئەوا بێ سێ و دوو لێکردن کۆمەڵێکە لە ئۆقیانووسی دیکتاتۆریەتدا غەرق بووە. جیاوازبوونیش بەشێوەیەک ئازادیی هەبێت بۆ تەعبیرکردن لە خۆ و لە بۆچوونەکانی خۆ، بەو جۆرەی ڤۆڵتێری فەیلەسوفی مەزنی فەڕەنسا دەڵێت «رەنگە من جیاواز بم بە را و بۆچوونەکەت، بەڵام ئامادەم گیانم بەخت بکەم لە پێناوی دەربڕینی راکەت». ئەمەیە رۆحی دیموکراسیەتی راستەقینە کە لە دەرەوەی شێوە بیرکردنەوەی خۆت مەودا و پانتایی بکەیتەوە یان بە رەوای بینینی لەبەردەم هەموو ئەوانی تردا خۆیان تەرح بکەن و ئازادانە گوزارشت لە بیر و بۆچوون و راکانیان بکەن و لە هەناوی کۆمەڵگەدا کار بۆ ئامانجەکانیان بکەن.

ج- دیموکراسییەت زەمینەیەکە ئازادیی و ماف بۆ کۆی شەریحە و چینە کۆمەڵایەتییەکان دابین دەکات ئەمەش لە رێگەی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە، لە واقیعیشدا بەبێ بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دیموکراتی بەتاڵا دەبێتەوە لە مانا رەسەنەکەی خۆی و دەبێتە دیکتاتۆریەتی زۆرینە بەسەر کەمینەدا. لە کۆمەڵگەیەکدا رێکخراوە مەدەنی و دیموکراتییەکان رۆڵ و ئەرکیان نەبێ یان رێیان لێ بگیرێ کار بکەن و ببنە گروپی فشار و نەواتی کۆمەڵی مەدەنی ئەوا کۆمەڵگەیەکە

لە دەریای دیکتاتۆریەتدا مەلە دەکات و هەموو پەنجەرەکانی ئازادیی تێیدا داخراون. لە کوردستانیش هەرچەندە رێکخراوەکان بوونیان هەیە، بەڵام لە باری رۆڵ و کاریگەرییان لە کۆمەڵگەدا هیچیان پێ نەکراوە و گرێدراوی دەستی حزبەکانن و لە قەیرانی پاشکۆبوون دەرنەچوون، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ وەهمیبوونی دیموکراسیەت لە کوردستاندا.

## بۆچی دیموکراسی؟

پرسیارێکی گرنگ دەکرێ لێمان بکرێ ئەوەیە بۆچی دیموکراسی؟ ئایا بۆ دەبێت دیموکراسیەت بکەینە ئامانج؟ لەبەرئەوەی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە؟ یانژی لەبەر ئەوەی سیستمێکە دەتوانین لە سایەیدا زۆرترین ماف و ئازادیی بەدەستبهێنین؟ بەڵام ئێمەی کورد بۆ دیموکراسیەت قبوڵ دەکەین یان تا چ ئەندازەیەک دەرەنجامی ئەرێنی لە ژیانی ئێمەی کورددا هەیە؟.

ا- دیموکراسی توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت بەسەر هەموو مۆدێلە کۆماریی و سۆسیالیستی و ئاینیی و تۆتالیتارییەکانی تردا ئەمەش لە رێگەی ئەو ئازادییە بەربڵاوەی لەم سیستمەدا بۆ مرۆڤ دەستەبەر کراوە و بواری لەبەر دەم دەکاتەوە ئازادانە گوزارشت لە مرۆڤبوون و ممارەسەی ئارەزوو و مافەکانی خۆی بکات. هەروەک (فۆکۆیاما) دەڵێت «بەڵام سەرکەوتنی دیموکراسیەت و بڵاوبوونەوەی بەخێرایی پێشبینی ئەوە دەکات بنەماکانی ئازادیی و یەکسانی کە لەسەری دروست دەبێت رووداوی هەڕەمەکی یان بەرهەمی لاسەنگی و توندڕەویی نییە، بەڵکو لە واقیعدا ئاشکراکردنی سروشتی مرۆڤە وەک مرۆڤ کە تێکڕای راستگۆیی و یەکڕوویی لەگەڵا خۆیدا زیاتر دەبێت بە هاووڵاتییەکی جیهانی...». دیموکراسیەت توانی زۆرترین ماف و دەستکەوت بۆ مرۆڤ دەست بخات و ئەو ئازادییە بەرچاوەی خولقاندوویەتی هۆکارێکی بنەڕەتی و گرنگی مانەوە و سەرکەوتنەکانییەتی.

عەبدوڵلا ئۆجەلان لە کتێبی (مانیفێستۆی چارەسەری دیموکراتییانە بۆ کێشەی کورد) ئاماژە بۆ ئەمە دەکات و دەنووسێت (سەرکەوتنی سیستمی دیموکراتی لەگەڵا کۆتایی هاتن بە سەدەی بیستەم، بە تایبەتی لەو سەردەمەی تەکنۆلۆژیا و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرز، ئەمەش هەر لە خۆڕا نەبوو، بەڵکو وابەستەیە بە میکانیزمی دیموکراتییەوە چوونکە هیچ سیستمێک نەبووە

کۆمەڵگە و تاکە کەس بە گوێرەی سروشتیان ئاوها بخاتە گەڕ و خولقکارییان تێدا دروست بکات، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت سەرچاوەی دیموکراسیەت ئازادییە، ئەمە وەکو شتێکی سادە خۆی نیشانە دەدات، بەڵام بە زەحمەت پێش دەکەوێت و لەم رۆژانەدا ئەوە بە ئاشکرا دەرکەوتووە ئەم سیستمە خێراتر و بەهێزتر پێش دەکەوێت).

ب- لەبەرئەوەی کێشەی کورد لە عێراقدا و لە هەموو پارچەکانی تریش سەرباری ئەوەی کێشەیەکی مێژوویی و نەتەوەییە، لە هەمان کاتدا کێشەیەکی دیموکراسیشە، بۆ نموونە ئەگەر کورد بەسەر دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێکی دیموکراسیدا دابەش بکرایە ئەوسا دەیتوانی بە سانایی و بە رێگا دیموکراتییەکان بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، لە ئاوها حاڵەتێکدا نە پێویستی بە خوێنڕشتن هەبوو، نە پێویستی بە خەباتی شاخ و چەکداریی هەبوو، بەڵکو ئەمە تەنیا رژانە سەر شەقامی هاووڵاتیانی پێویست بوو، ئەویش بەشێوەیەکی هێمن و ئاشتیخوازانە، یان ئەگەر کورد لەنێو چەند دەوڵەتێکی دیموکراسیدا بژیایە نە دەچەوسایەوە و نە تووشی ئازار دەبوو نە ئەنفال و جینۆساید دەکرا. ئەمە لەلایەک و لە لایەکی تریشەوە لە هەلومەرجی ئێستا سیاسەتی نێونەتەوەیی و هاوپەیمانان لە عێراقدا ئەوەیە کوردی باشوور لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بمێنێتەوە، بۆیە بە دیموکراسیکردنی عێراق (بە باوەڕی من ئەگەرێکی دوورە) بۆ کورد دەبێتە سەرکەوتنێکی گەورە و بەشێکە لە خەبات و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانمان.

بەپێچەوانەشەوە ئەگەر عێراق هەمان عێراقی دیکتاتۆریی پێشوو بێت یان ئەگەر چەند گۆڕانێکی رواڵەتی تیادا بکرێت، کێشەی کوردستان لە بازنە بۆشەکەدا دەخولێتەوە و مێژووش دووبارە دەبێتەوە، هەروەها بە واقیعی بینیمان کورد لە رێگای کەمترین و بچووکترین ممارەسەرکردنی دیموکراسییەوە زۆرترین سوودی وەرگرتووە و بگرە بەهێزترین چەکی دەستێتی لە خەباتی ئەمڕۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا، بۆ نموونە خەبات و هەوڵدانی دیپلۆماتی کە رەگەزێکی گرنگی دیموکراسیەتە بۆ ئەم قۆناغە زۆر بەهێزتر و کاریگەرترە لە خەباتی چەکداریی. لێرەوە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوو بەو شێوەیەیە: ئێمە بۆیە خوازیاری دیموکراسین چوونکە سیستمێکی گونجاوە بۆ واقیعی ئەمڕۆی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و سوودی گەورەش دەگەیەنێت بە بەرزکردنەوەی دۆزی نەتەوەیی

کورد لە روو بە چارەسەربووندا.

## پۆلێنی دیموکراسی

دیموکراسیەتی خۆرئاوا و خۆرهەڵات. زۆر جار گوێمان لەو جۆرە جیاکارییە دەبێت فۆرمی دیموکراسی لە خۆرئاوا جیاوازترە لە فۆرمی دیموکراسی رۆژهەڵات و بە پێی ئەم تێڕوانینە هەر کۆمەڵگایە و جۆرە دیموکراسیەتێکی تایبەت بە خۆی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام لە راستیدا دیموکراسی بەرهەمی کولتوور و گەشەسەندنی ژیاری کۆمەڵگە خۆرئاواییەکانە، وەک (جۆرج کەنان) دەڵێت «دیموکراسی بریتییە لە شێوازێکی دەسەڵات لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا لە ئەورووپای باکوور واتە سەرەتا لەناو وڵاتانی کەناری دەریای مانس و دەریای باکووردا بەرجەستە بوو، دواتریش بەرەو ئەورووپای ناوەند کشا و پاشان لەو شوێنانەی خەڵکی ئەورووپا زۆر جار لە وێنەی داگیرکەر پێکهێنەری سەرەکی دانیشتوانی ئەو وڵاتە بوون، کۆمەڵێک نموونەی سەرتاپاگیرمان لە حکومەتی مەدەنیدا جێگیر کرد»، بەڵام:

ا-بێجگە لەوەی دیموکراسی سیستمێکی یونیڤێرساڵە، بەڵام بەپێی تایبەتمەندیی هەر کۆمەڵگایەک جیاوازە، بۆ نموونە ئەورووپا مۆدێرنە و رۆشنگەریی و رێنسانس و شۆڕشی فەڕەنسای بەخۆوە دیوە و بۆ ماوەی ٢٥ سەدە زیاتر لە خۆ خوێندنەوەی بەردەوامدایە، هەر خودی چەمکی دیموکراسی چەندین سەدە بەر لە زایین مشتومڕ و توێژینەوەی لەمەڕ کراوە، هەروەها کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان بە درێژایی هەزاران ساڵ خاوەنی ژمارەیەک فەیلەسوف و بیرمەند بووە کە خوێندنەوەیان هەبووە و هەیە بۆ هەموو چەمک و لایەنە جۆراوجۆرەکانی هەبوون بە بەرجەستە و نابەرجەستەشەوە، خۆرئاوا چەندان فەیلەسوفی وەک (کانت و هیگل و رۆسۆ و لۆک و مارکس و نیتچە و فویرباخ و هایدگەر و فوکۆ و درێدا و لیوتار هتد..) لە هەناویدا سەریان دەرهێناوە و تێزەکانی خۆیان ئاڕاستە کردووە، بەڵام جێگەی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ئەمە بەو مانایە نییە نموونەی دیموکراسی خۆرئاوا رەت بکەینەوە بە پاساوی ئەوەی نامۆ و نەگونجاوە لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان.

هەروەک (د. فالح عبدالجبار) لە وەڵامی پرسیارێکدا کە دیموکراسیەت پارادایمێکی خۆرئاواییە و بۆ خۆرهەڵات نابێت، بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە (ئەوە گووتارێکی زۆر

کۆنە، زۆر دەمێکە دیکتاتۆرەکان بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن، راستییەکەشی ئەوەیە ئەوان بۆ دیموکراسی نابن نەک دیموکراسی بۆ خۆرهەڵات نابێت. دیموکراسی راستە لە رووی بابەتی و سەرهەڵدانەوە هەڵقوڵاوی خۆرئاوایە، بەڵام جیهانییە و چەمکێکە هەموو مرۆڤایەتی دەتوانێت سوودمەند بێت لێی). لە دەرەنجامدا دەگەینە ئەو بڕوایەی دیموکراسی چەمکێکی یونیڤێرساڵە هەر چەندە لە پراکتیزەکردنیدا لە کۆمەڵگەکاندا جیاواز دەکەوێتەوە، ئەویش پابەندە بە سروشتی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی ژیاریی و ئەپستمۆلۆژیی و تەکنۆلۆژیی و پیشەسازیی، لە واقیعدا تەکنۆلۆژیا و پیشەسازیی دوو فاکتەری گرنگی دیموکراسیبوونن، تەنانەت ئەمە وای لە (فۆکۆیاما) کردووە، بڵێ (دیموکراسیبوون بەستراوە بە پیشەسازییبوونەوە).

ب-فۆتۆکۆپیکردن و وەرگرتنی رواڵەتیی دیموکراسی لەگەڵێک جێگەدا دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان و لە زۆر شوێنیشدا بە زیانی کێشەی نەتەوەیی تەواو دەبێ یان لە قازانجی ئابووری و سیاسیی نەتەوەیەک نییە لە کاتێکدا دیموکراسی بە فۆرمە رواڵەتییەکەی نەک خۆرئاواییەکەی لە نێویدا پراکتیزە بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر لە رێگەی پرۆسێسی دەنگدانەوە کە یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دیموکراسی هەموو عێراقییەکان بچنە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کێشەی کورد لە عێراق یان بۆ دیاریکردنی شێوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی لە وڵاتەکەدا زۆر سلبیی دەشکێتەوە بە تایبەتی بۆ گەلی کورد، چوونکە زۆرینە بە پێچەوانەی خواستی نەتەوەی کوردەوە دەنگ دەدەن بە عێراقی یەکگرتووی ناوەندیی دیکتاتۆریی. بۆیە دەبێت دیموکراسی بەهەموو تان و پۆیەکەوە پیادە بکرێت نەک بەپێی هەلومەرج و ژینگە کۆمەڵایەتییەکان و حاڵەتە ئیستسنائییەکان گۆڕانی بەسەردا بێت.

ج-ئەو دیموکراسیەتەی لە خۆرئاوادا سەریهەڵداوە و هەیە بەشێوەیەکی هارمۆنی ئاوێتە بووە لەگەڵ کەسێتی و ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرجەم تاکە رۆژئاواییەکان، لەم روانگەیەوە پێویستە لە خۆرهەڵاتیش جۆر و مۆدیلێک لە دیموکراسی بەرهەم بهێنرێت و گەشە بکات سەرەڕای سوود وەرگرتن لەبنەما ستانداردەکانی دیموکراسی رەچاوی سروشتی کۆمەڵگە و تاکەکانی ناوی بکات و بەشێوەیەکی هاوگونجاو لەگەڵا ئەو ستایلە لە دیموکراسی بە یەکیان بگەیەنێت، ئێمە لە کوردستان بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی دیموکراسیمان هەبێت بۆ کۆمەڵگە پێویستە

تەنیا بنەما و هێڵە گشتییەکانی دیموکراسی خۆرئاوایی وەربگرین نەک نموونە پراکتیککراوەکەی.

## رەخنەگرتن و دیموکراسی

هەمیشە وا فێربووین بە دیوە نێگەتیڤەکەدا لە رەخنەگرتن بڕوانین و وا سەیری بکەین کاتێک رەخنەگرێک راڤەیەکی رەخنەییانە بۆ تێکستێک دەکات مەبەستی تەنیا دەرخستنی کەموکورتی و رووە لاوازەکانی کارەکەیە، رەنگە ئەمەش پەیوەندییەکی سایکۆلۆژیی بەو حاڵەتە کوردییەوە هەبێت هەردەم رەخنە بەو دیوەدا کاری کردووە، بەڵام لە بیرمان چووە رەخنە چەکێکی دووسەرە و بێجگە لەوەش هەوڵێکە بۆ درێژەدان بە ئاخاوتن و جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەپستمۆلۆژیا (مەعریفە). هەروەها من باوەڕم وایە رەخنەگرتن ژانر و عونسورێکی زۆر گرنگی دیموکراسییە و لە هەر جێگەیەک دیموکراسی هەبێت لە پاڵیدا رەخنە وەک چەکێکی راڤەکارانە بە مەبەستی بەردەوامیدان بە ئاخاوتن و پڕۆژەکان ئامادەیی هەیە، بەڵام دیارە مەبەستمان لەو جۆرە رەخنەکارییە کلاسیکیی و نازانستییانە نییە بە تایبەتی لە ناوەندی رۆشنبیریی و سیاسیی ئێستادا بوونی هەیە. بەڵام هەروەک وتمان رەخنە چەکێکی دووسەرە و بەسەر ئەم دوو جۆردا دابەشبووە:

أ-رەخنەی بونیادنەر و گەشەپێدەر: ئەم جۆرە لە رەخنە لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی و بە شێوەیەکی بابەتییانە و زانستیانە فۆرمۆڵە کراوە و ئاڕاستە دەکرێت، ئەم جۆرە لە رەخنە نەک هەر زیان ناگەیەنێت بەڵکو پێویستییەکی بەردەوام و زیندوویێتی کۆمەڵگا و رەوڕەوەی پێشکەوتنی پڕۆژەکانە. بنەمای ئەم رەخنەیە وەک باسمان کرد بنەمایەکی مەعریفی و عەقڵانییە و تیایدا رەچاوی سترۆکتۆرە دیموکراسییەکان کراوە.

ب- رەخنەی رووخێنەر و رووشێنەر: ئەم جۆرە لە رەخنە، رەخنەیەکی نابابەتی و نائەکادیمییە و دوورە لە عورف و بنەماکانی رەخنە و ژێربێژیی دیموکراسییەوە. ئەم شێوەیە لە رەخنەگرتن ئیفرازاتێکی خراپ بەکارهێنان و خراپ تێگەیشتنە لە چەمکی دیموکراسی و ئازادیی بیروڕا، رۆڵە نێگەتیڤەکەی کار دەکاتە سەر دیموکراسی بە ئاقاری شێواندنیدا، ئەمەش بەو مانایەی لە فەزا و زەمینەیەکی دیموکراتیکدا بیری نامۆ و دژە سیستم سەر دەردەهێنێت کە دوور نییە ئایندەی دیموکراسی بخاتە

بەردەم هەڕەشە و مەترسییەوە.

ڕۆشنبیران پشکی شێری ڕەخنەگرانیان بەردەکەوێت یان بە مانایەکی تر داینەمۆی بەرهەمهێنانی ترادیسیۆنی ڕەخنەن، بەڵام ئەوانیش لە ڕەخنەکانیاندا بەدەر نەبوون لە کەموکورتی و بەزاندنی سنورەکانی دیموکراسییدا، بۆیە دەشێت بڵێین پێویستە ڕەخنەی ڕۆشنبیر لەسەر دوو میحوەر بێت یان بە دوو جۆر بێت کە هەر جۆرێکیان شێوازێکی جیاواز لە ڕەخنەیان گەرەکە :

ا-ئاستی نەتەوەیی: پێویستە ڕەخنەکانی ڕۆشنبیر بە جۆرێک نەبێت بە زیان بشکێتەوە بۆ کێشەی نەتەوەیی یاخۆ ببێتە مەترسیی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، بە تایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی کوردستاندا بارودۆخەکە بە حاڵەتێکی هەستیار و ناسکدا گوزەر دەکات، نابێ ڕۆشنبیر یان ڕەخنەگر بەو ئاڕاستەدا کار بکات یان ڕەخنە بگرێت کاریگەریی خراپی هەبێت لەسەر بارودۆخی سیاسیی کوردستان، ئەمە بەو مانایە نییە ئەزموونە عەرەبییەکە لە کوردستاندا دووبارە بکرێتەوە چوونکە ئەوەی ناویان ناوە نیشتمانی عەرەبیی و سنوورەکەی لە کەنداوەوە بۆ ئۆقیانووس درێژ بۆتەوە و کۆی دەوڵەتەکانیشی (٢٢) دەوڵەتە، هەر جۆرە دیموکراسی و پرۆسەیەکی دیموکراسییانەیان دواخستووە بۆ دوای ڕزگاربوونی قودس و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی فەلەستین. ئەمڕۆ نەخوێندەواریی و بێکاریی و هەژاریی و تۆڕ و گروپی توندڕەویی سەرتاپای کۆمەڵگە عەرەبییەکانی بەرەو پاش گەڕاندۆتەوە یان لە خراپترین بارودۆخدا ڕایگرتووە، کاتێکیش پێیان دەوترێت بۆ هەوڵا نادەن بۆ دیموکراتیزەی کۆمەڵگاکانتان؟ لە وەڵامدا دەڵێن با قودس ڕزگار بکرێت!!. بۆیە نابێت کورد بە ناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییەوە زمانی ڕەخنە بدورێ و بیسپێرێت بۆ دوای ڕزگاربوونی تەواوەتی کوردستان.

ب-ئاستی دیموکراسی: لێرەدا دەبێت ڕۆشنبیر هەوڵ بدات و کار بکات تاکو ڕەخنەکانی خۆی شەفاف و ئاشکرا بەیان بکات لە بەرامبەر هەر پێشێلکردنێکی پرنسیپەکانی دیموکراسی، ئەمە هەم بەبێ زیان گەیاندن بە ئاسایشی نەتەوەیی و هەم دوورکەوتنەوە لە هەمان ئیشکالییەت کە لە دنیای عەرەبیدا هەیە. ڕۆشنبیریش وەکو ئەرکێکی ئەخلاقیی لەسەر شانییەتی داکۆکیی بکات لە کێشەکانی کۆمەڵگە و تاکەکان. بە تایبەتی دوای ئەوەی سەدەیەک و چوار ساڵ لەمەوبەر (ئەمیل زۆلا) وتاری (من تاوانبار دەکەم)ی نووسی بۆ بەرگریکردن لە ئەفسەری جوو (درایفۆس)

و ئەرکێکی قورسی ئەخلاقیی خستە ئەستۆی ڕۆشنبیر. ئیدی چیتر ڕۆشنبیر کەسێک نییە لە دنیای یۆتۆپیا و بورجی عاجدا بژی بەڵکو ڕۆشنبیر کەسێکە بەرگریی دەکات لە مافی هەموو هاوولاتیان بێ لە بەرچاوگرتنی هەر جیاوازییەک، ئەمەش بە پێچەوانەی تێڕوانینە نەریتییەکەوە کە وای دەبینێ ڕۆشنبیر کەسێکی نائاسایی و دابڕاوە لە کۆمەڵەکەی و لە شوێنێکی تایبەت و بالاتردا ژیان دەباتە سەر. بە کورتی ڕۆشنبیر بێجگە لەوەی لە کۆمەڵگەدا مەعریفە بەرهەم دەهێنێت، بەڵام بەرپرسیاریشە لە بەردەم پێشێلکاریی و تاوان و جینایەت لە کۆمەڵدا، دەبێت بە توندترین شێوە دەنگ هەڵببڕێ و بەشداریی بکات لە پەرچەکردارەکاندا دژی ئەو تاوانانە.

## دیموکراسی چۆن گەشە دەکات؟

دیموکراسی چەمک و هەبووەیەکە گەشە دەکات و بەرەو هەڵکشان و داکشان دەچێت، دەشێ لە زەمینە و جێگایەکەوە بگوازرێتەوە بۆ زەمینە و شوێنێکی تر، بەڵام کۆمەڵێک فاکتۆر هەن لە ڕێگەیانەوە دیموکراسی گەشە دەکات، من لێرەدا ئاماژە بۆ سیانیان دەکەم:

ا-دەسەڵاتی سیاسیی: دەسەڵاتی سیاسیی وەک ئەرکێکی سەرشانی دەبێت کۆمەڵێک بنەما دابمەزرێنێ تا لەسەر ئەو بنەمایانە دیموکراسی گەشە بکات و شۆڕبێتەوە بۆ ئاستی جەماوەریی و میلیی، ئەمەش بەو مانایە دەسەڵاتی سیاسیی خۆی پـڕۆژەی عەقلانی و پـلان بۆ داڕێـژراوی سەربەخۆی هەبێت بە ئاقاری دیموکراتیزەی وڵاتدا. هەرچەند دیموکراسی شتێکی فەوقی نییە و لە خوارەوە لە شانە بچوکەکان دەست پێدەکات بۆ سەرەوە تا دەگات بە سیستمی سیاسیی، بەڵام ئەمە شەرعییەت نادات بە دەسەڵات خۆی بدزێتەوە لە پرۆژەیەکی سەربەخۆ بۆ دیموکراتیزەی کۆمەڵگە.

ب-ڕۆشنبیر: یەکێک لە ئەرکەکانی ڕۆشنبیر بەرهەمهێنانی مەعریفەیە، بەدڵنیاییەوە ئەم مەعریفەیە تەنیا لە خەیاڵدانی تیۆریسۆن و خودی ڕۆشنبیردا قەتیس نابێت، بەڵکو پێچەوانە دەبێتەوە بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی، ئەمە هەروەک (ڕیژێ دۆبرێ) دەڵێ (ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە لە ژوورەکەی خۆیدا دانیشتووە و سەرقاڵی بەرهەمهێنانی مەعریفەیە). بۆیە ڕۆڵ و پێگەی ڕۆشنبیر لە پەخشکردن و وەشانی کولتووری دیموکراتیدا گرنگی خۆی هەیە و بەهەند وەردەگیرێت.

ج-جیهانگیریی: شۆڕشی زانیاریی و پەیوەندیی گرتن و بچووکبوونەوەی جیهان بۆ ئاستی گوندێکی بچووک رۆڵی هەیە لەسەر رێگای بە جیهانیبوون و گەشەکردنی دیموکراسیدا. ئەمەش بەهۆی بەر یەک کەوتن و لێک نزیکبوونەوەی ژیارەکان لەگەڵا یەکتری، بێگومان نزیکبوونەوە و بەر یەک کەوتنی شارستانی رۆژهەڵاتی پەڕاوێز لەگەڵ شارستانی رۆژئاوایی سێنتەر دەبێتە هۆکاری گەشەکردنی دیموکراسی لە خۆرهەڵاتدا! ئەمە لە کاتێکدا ناسنامەی سیستمی سیاسیی و ئاینیی رۆژهەڵات لە توانایدا نییە کێبڕکێ لەگەڵا شارستانێتی خۆرئاوا بکات.

## شۆڕشی چەکداریی کورد و دیموکراسی

بە درێژایی سەدەی بیستەم کورد بەردەوام بووە لە خەبات و بەرپاکردنی شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکان کە هەر یەکێکیان دوای کۆتای پێهێنان و لەناوبردنی بە سیاسەتی ئاگر و ئاسن و تیرۆر زەمینەیان بۆ شۆڕشێکی نوێ خۆش کردووە، لەو باوەڕەدام لە سەدەی رابردوودا هیچ نەتەوە و گروپێکی ئێتنی نەبووە هێندەی کورد خەبات و شۆڕشی کردبێت، بەڵام تاکە نەتەوەیەک ئێستاشی لەسەر بێت خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی نییە دیسان ئەویش هەر کوردە. بە سروشتی خۆیشی شۆڕش بە تایبەتی شۆڕشی چەکداریی خەسڵەتێکی توندوتیژ و ئەنتی دیموکراسیانەی هەیە، هەر لەو گۆشەنیگایەوە شۆڕشەکانی کورد بەم جۆرە هەڵدەسەنگێنین:

أ -خودی خەبات و شۆڕشەکان دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان بووە لەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، پێشتر وا بیرم دەکردەوە دەشێ و گونجاوە لە پەنا شۆڕشی نەتەوەییدا بە شۆڕشێکی دیموکراتخوازانە حیسابیان بۆ بکەین، ئەگەر نمونەی عێراق وەربگرین ئەم دەوڵەتە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە (ساڵی ١٩٩٢) تا ئێستا هیچ رژێمێکی فەرمانڕەوا، دیموکراسی نەبوون، بەڵکو لە خراپترین و توندوتیژترین و کۆنەپەرسترین دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕشکردن دژی دیکتاتۆریی مەرج نییە بە شۆڕشی دیموکراتی حیساب بکرێت.

ب-کورد نەتەوەیەک بووە بە بەردەوامی جینۆساید و پاکتاو و قڕ کراوە و هەموو دەرگاکانی دیالۆگی لەبەردەم داخراوە، تاکە کەناڵێک دیفاعی پێکردوە لە بوونی خۆی بریتی بووە لە خەباتی چەکداریی و هەڵگیرساندنی شۆڕش، هەرچەندە

توندوتیژیی لەم خەباتەدا بەرجەستە بووە و هەبووە، بەڵام دیسان ئەمیش لە ژێر باری ناچاریدا بووە، بە پێچەوانەشەوە کورد ویستویەتی بە ڕێگای ئاشتی و لێک تێگەیشتن مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، هەرگیزیش خوازیاری جەنگ و کاولکاریی نەبووە. بۆ وێنە ژەنەراڵ بارزانی بە تەواویی لە نیەتەکانی دەوڵەتی ناوەندی تێدەگەیشت و کۆتایی یارییەکانی لا ئاشکرا بوو، نەک هەرگیز ڕێی ئاشتی و مفاوەزاتی ڕەت نەکردۆتەوە بەڵکو دەستپێشخەربووە بۆ دیالۆگ و ڕێگاچارەی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانن بۆ چوار ئاگربەست و دانوستان لە کۆی چواردە ساڵی شۆڕشی ئەیلول.

ج-کورد لە گەرمە و هەناوی خەبات و شۆڕشی چەکداریدا کۆمەڵکوژیی و کوشتنی دیل و لە ناوبردنی خەڵکی سڤیلی ئەنجام نەداوە، ئەگەریش حاڵەتێکی وا ڕوویدا بێت زۆر شاز بووە و پەیوەندیی هەبووە بە هەستی تۆڵەسەندنەوەی کەسەکانەوە نەک بە ستراتیژ و مەبدەئەکانی شۆڕشەوە، دەبینین خەباتکارانی کورد هیچ کات تیرۆر و کاری کوێرانەی  کوشتنیان بە ئەنجام نەگەیاندووە، تەنانەت لە بەرامبەر گەورەترین تاوانبار و داگیرکەردا کە هیچ درێغییەکی نەکردووە لە لەناوبردنی هاووڵاتیانی کورد. هەر بۆ نموونە لە دوای  پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە کورد لە قوربانییەوە نەبوو بە جەلاد و دەستی تۆڵە و تیرۆری درێژ نەکردووە بۆ هیچ کەسێک ئەم سیاسەتەش ئەوەندە نەرمونیانی تیایە زۆرێک لە تاوانبارانی ئەنفالچی و کوردکوژ لە دادگا دەربازیان بوو و کەوتنە بەر بارانی غوفران، ڕەوشی ئەمڕۆی کەرکوک نموونەیەکی تری زیندووە کە کورد لەسەر خاکی خۆی زیاد لە هەموو ئەوانی تر پەرۆشی برایەتی گەلەکانی ناویەتی کە لە ڕاستیدا ئەم هەڵوێستەی کورد زۆر خراپ بەکاردەهێنرێ، تەنانەت مافی کوردی پێ زەوت دەکرێت.

## ئەزمونی دیموکراسی لە کوردستان

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە مایسی (١٩٩٢)دا بانگەشەکردن بۆ دیموکراسی و کۆمڵگەی مەدەنی بۆتە وێردی سەر زمانی دەسەڵاتداران و هێزە کوردییەکان بێجگە لە چەند گروپێکی ڕادیکاڵی چەپ و ئیسلامی. بەڵام ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین تا چەند ئەزموونی کوردستان نزیکایەتی هەیە لەگەڵ دیموکراسی و هاوتەریبە لەگەڵا بنەماکانی دیموکراسی؟ ئاخۆ

دیموکراسی تا چەند لە دیکۆر یان بە مانایەکی تر لە دروشمەوە گواستراوەتەوە بۆ واقیع و گۆڕەپانی جێبەجێکردن؟ تا چەند توانیومانە بەشێوەیەکی تەندروست و ئەقڵانی ئەم مەفهومە وەربگرین و هەر بەو شێوە عەقڵانییە زەمینەسازیی بکەین بۆ خستنە بواری جێبەجێکردنییەوە، بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر ئەم پرسیارانە ئەم خاڵانە دەوروژێنین:

أ-شەڕی ناوخۆ: شەڕی ناوخۆ یان ئەوەی بە مانا میللی و باوەکەی کە پێی دەوترێت شەڕی براکوژیی، ریشە و باکگراوندێکی مێژوویی هەیە لە نێو کورددا، ئەوی سەدان ساڵ لەمەوبەر ئەمارەت و دەوڵەتۆچکە کوردییەکان لە یەکتر کوشتندا تۆماریان کرد ئەوا لە سەردەمی نوێدا پارتەکانی کوردایەتی رەشتر و توندتر دووبارەیان کردەوە. بۆیە ئەم شەرە تا چەند ململانێ و ناکۆکی سیاسیی بووە بە قەد ئەوەش ریشەیەکی کولتووریی هەیە، بە تایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی بیست بە دواوە نەوەیەک هاتۆتە بوون و بە شێوەیەک پەروەردە بووە بوونی خۆی دەبەستێتەوە بە سڕینەوەی هەموو ئەوانیتری دەرەوەی بیرکردنەوە و روئیا و دنیابینی خۆی. نەوەیەک تەنیا لە توانایدا بوو لە ڕێی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە کەناڵیزەی ململانی و جیاوازییەکانی خۆی بکات، ئەمەش راستەوخۆ دەمانباتەوە سەر ئەو هەقیقەتەی دیموکراسی و کولتووری دیموکراسی کە تیایدا یەکتر قبوڵکردن و یەکترناسین هەیە لەلای پارتە کوردییەکان و تاکی کوردی شتێکی نامۆ و نەناسراوە.

ب-هەڵبژاردن: یەکێک لە فینۆمینەکانی کۆمەڵگە دیموکراسییەکان هەڵبژاردنە، ئەمەش بەوەی هەر چین و توێژێک تا دەگات بە کۆی جەماوەری گەل بەشێوەیەکی ئازادانە و دوور لە سانسۆر لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە نوێنەری خۆیان لە سەندیکا یان پەرلەمان هەڵدەبژێرن. ئێمە لە کوردستان چەندان نموونەی هەڵبژاردنمان هەیە لە نێوانیاندا هەڵبژاردنی پەرلەمان، بەڵام هیچکام لەو هەڵبژاردنانە دوور لە سانسۆر و چاوسوورکردنەوە نەبوون و هاوکات بە شێوەیەکی ناپاکژ و پڕ لە خورافات و پێشێلکردن و لادان لە پرنسیپە دیموکراتییەکان بەڕێوە چوون. هەڵبژاردنی شارەوانییەکان کە چوار ساڵا لەمەوبەر ئەنجامدرا نموونەیەکە، ئەو هەڵبژاردنە بەدەر لەوەی چەندین تەزویراتی جۆراوجۆری تێدا کرا، جۆرێکیش لە فشاری مەعنەویی خرایە سەر هاووڵاتیان و ئەمەش بووە هۆی دروستکردنی دڵەڕاوکێ بۆ تاکەکان. هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی قوتابیان و خوێندکاران کە لە

سەرەتای ئەمساڵدا ئەنجامدرا ئەوەی بۆ سەلماندین هێشتا تارمایی دیکتاتۆریی ئاسمانی ئێمەی بەر نەداوە و هێشتاش رگارمان نەبووە لە تەڵزگەکانی تۆتالیتاریزم.

بەڕێز (مام جلال) لە راپۆرتی گشتیی بۆ کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەنووسێت (بۆ دابینکردنی دیموکراسی راستەقینە کە لە ناوەڕۆکیدا مانای حوکمی خەڵکە، پێویستە ئازادیی و سەربەستی هەڵبژاردن دابین بکەین هەر لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گوندەوە بیگرە تا ئەنجوومەنی شارەوانی و ئینجا ئەنجوومەنی نیشتمانی، چوونکە ئەمانەنە بنەمای دیموکراسی راستەقینە و سەربەستی دیموکراتییەکانن کە باسمان کردن، هەم بەشێکن لەو دیموکراسییە هەم وەسیلە و هۆی بەکارهێنانی مافی دیموکراتیکن، بۆ خەڵک لە حوکمڕانی خۆیدا لە هەموو پلەکانی ژیانیدا و لە دیاریکردنی چارەنووس و ژیانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خەڵک خۆیدا). بەڵام دەپرسین تاچەند ئەم رایانە پێچەوانە کراونەتەوە ناو واقیع و تا چەند هێزە کوردییەکان مافی هەڵبژاردنیان پێشێل نەکردووە و نایکەن؟ جا نەخاسمە گەڕانەوە بۆ رای خەڵک و بەهەند وەرگرتنی بۆچوونەکانیان لەمەڕ چارەنووسی خۆیان و وڵاتەکەیان.

ج-فرە پارتی و ئازادیی بیروڕا: دیموکراسی تەنیا بریتی نییە لە هەڵبژاردن و پرۆسەی دەستا و دەستکردنی دەسەڵاتی سیاسیی لە نێوان پارتە سیاسییەکاندا بەڵکو ئەمە تەنیا لایەنێک و روویەکی دیموکراسییە، بەڵکو دیموکراسی بەشێوە گشتییەکەی بریتییە لە زەمینە و فەزایەکی ئازاد و کراوە و دوور لە سانسۆری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و چوارچێوەکانی حزب و خێڵ و بنەماڵە و قوتابخانە و خێزان. لە دیموکراسیدا هەر مرۆڤێک ئازادە چۆن و بە چ شێوەیەک ممارەسەی ژیان دەکات و خاوەنی چ بیروباوەڕێکی سیاسیی و چ ئاینێکە، کەسیش مافی ئەوەی نییە رێگریی لە بەردەم بیر و باوەڕەکانی کەسانی تردا دروست بکات، هەروەک (جۆن ستیوارت میل) لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی (ئازادیی) دەڵێت (تەواوی مرۆڤایەتیش مافی ئەوەی نییە دەمی کەسێکی ناڕەزامەند و نەیار ببەستێت و رێگەی دەربڕینی بیروباوەڕەکانی لێ بگرن) هەر چەندە ئەم ئازادییە بەرفراوانە فاکتۆرێکی بەهێزە بۆ سەرهەڵدانی چەندان نەریت و تێڕوانینی مەترسیدار و کوشندە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت سنوورەکانی ئازادیی بەر تەسک بکرێتەوە و دیموکراسی لە بنەما سەرەکییەکانی خۆی ئازادیی و سەربەخۆییە دابماڵرێت.

ئەگەر کۆمەڵگەیەکی وەک سوێد بە نموونە بهێنمەوە، سوێد کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی فرە کولتوورە و هەر کەسێک ئازادە بە شێوەی ئاسایی و بێ گیروگرفت بە پێی نەریت و کولتووری خۆی ممارەسەی ژیان بکات کە ڕەنگە ئەم سیاسەتی فرە کولتوورییە ڕەنگدانەوەی خراپی هەبێت لە لای پەنابەران! چوونکە لەوانەیە پەنابەرێک سەرپێچی یاسا بکات و چوارچێوە دیموکراسییەکان ببەزێنێت بە پاساوی جیاوازیی کولتوورەوە. بۆ نموونە چەندان ئافرەت لە ناو جەرگەی ئەورووپادا بە بیانووی ناموسپەرستییەوە دەکوژرێن و جیاوازیی کولتووریی و سیاسەتی هەر کەسەو بە پێی کولتووری خۆی کراوەتە پاساو و بەهانە بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانانە. بەڵام هێشتا ئەمە بە مانای ئەوە نییە ئازادیی بۆ خەڵک دەستەبەر نەکرێت، ئەگەر لە ڕووی دیموکراسیشەوە کوردستان بەراورد بکەین بە ئەورووپا دەبینین، نموونەیەکی خراپ بەرجەستە بووە و هەردەم مافی را دەربڕین و ئازادیی بیر و بۆچوون یاساغ کراوە و هەر کەسێک هێڵی سووری دەسەڵاتی شکاندبێت یان سەرکوتکراوە یان ئاوارەی هەندەران بووە.

هەر ئەو نموونە فرە پارتییەی لە ئارادایە بەهۆی هەلومەرجێکی تایبەت و ئەمری واقیع هاتبووە بوون، هەمووان لە بیرمان نەچووە لە سەرەتای ڕاپەڕیندا دوو پارتە سەرەکییەکە بە چ شێوازێک هەوڵیاندا پارتەکانی دیکە ئەوانەی لە ڕووی نفوسی جەماوەریی و توانای سەربازیی و ماددییەوە لەوان بچووکتر بوون، قووت بدەن و شەڕەکانی یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی و پارتی و سۆسیالیست سەرەتای ئەو ئۆپەراسیۆنانە بوون بۆ ئەو ئامانجە، بەڵام کاتێک ئەم کارە دەبێتە کارێکی قورس و زەحمەت، سیاسەتی تواندنەوە و لەناوبردن دەگۆڕن بە سیاسەتی بە پاشکۆکردن، ئەمەش لە بەر ئەوەی هەموو ژێدەرە ئابوورییەکانی کوردستان لەلای ئەوان بوو، ئەو پارتانەیان ناچار کرد لە حاڵەتی ئۆپۆزسیۆنبوونەوە بچنە حاڵەتی پاشکۆبوون، هەروەک لە کاتی شەڕی ناوخۆدا بینیمان چۆن پارتە بچووکەکان بێجگە لە یەکگرتووی ئیسلامی بوونە پاشکۆی سیاسەتەکانی پارتی و یەکێتی.

د-مافە سەرەتایی و مەدەنییەکان: هەر مرۆڤێک لە ژیاندا ئازادە چۆن و بە چ شێوەیەک دەیەوێت، بەو شێوەیە لە ژیاندا درێژە بە بوونی خۆی بدات و هیچ کەس و دەسەڵات و دامەزراوەیەک مافی ئەوەی پێ نەدراوە دەست بهێنێتە ڕێی ئەو شێوە ئازادانەیەی مرۆڤێک خۆی باوەڕی پێ هێناوە لە ممارەسەکردنی

ژیان و ممارەسەکردنی ئازادییە سەرەتایی و مەدەنییەکانی. هەر مرۆڤێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز و تەمەن و رەنگ و پلە و پایە و ئۆتۆریتی سەربەستە لەوەی چی دەپۆشێت و چی دەخوات و چۆن ژیانی خۆی دابەش دەکات، لەو کاتەی سەرمایەداریی گەشە دەکات مرۆڤ دەرباز دەبێت لە تابۆکانی کڵێسە و کۆت و پێوەندەکانی سیستمی فیوداڵی و بەشێوەیەکی ئازادانەتر لە جاران ژیان دەباتە سەر و ئازادییەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت و سەرمایەگوزاریی دەکات، هەر بۆیە بوونی دیموکراسی بەستراوەتەوە بە سەرمایەدارییەوە، هەر لەم رووەوەیە کۆمۆنیزم لەگەڵا دیکتاتۆرییدا ئاوێتە دەبێت، چوونکە کۆمۆنیزم جەخت دەکاتەوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەت کە رەگەزێکی گرنگی دیموکراسییە.

دیسان لەم رووەوە لە کوردستان ئەزمونێکی تاڵمان هەیە و هێشتا تاکی کورد وابەستەی کولتووری کۆنەپەرستانەی مەزهەب و خێڵە، دەسەڵاتی سیاسیش زیاتر قورەکەی خەست کردۆتەوە و نایەوێت خەڵک بە مافەکانی ئاشنا بێ و فێری داواکردنی مافەکانی خۆی بێت! چوونکە ئەمانە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی کوردیی نین کە دەسەڵاتێکی حزبییە و بەم پێیەش زیانی دەبێت بۆ ستراتیژی گەوجکردن. هەردەم دەسەڵاتداران نەیانویستووە جەماوەر فێری نەریتی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین و کاری دەستەجەمعی سەربەخۆ بێت لە دەرەوەی بازنەی حزب تەنیا لە کاتێکدا نەبێت خۆی پێویستی پێیەتی، ئێمە کۆمەڵگا و سیستمێکی سیاسیمان هەیە بە هاوبەشی تاکەکانی ناو کۆمەڵ دەچەوسێننەوە و ئازادییەکانی سەرکوت دەکەن و غەریزەکانی دەچەپێنن. زیادەڕۆیش نییە ئەگەر بڵێین کۆمەڵگەی کوردیی کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتووی چەپێنراوە و تیایدا مرۆڤ تەجرید کراوە لە هەموو مافە سەرەتایی و مەدەنییەکانی خۆی، بۆ بەدبەختیش تاکەکانی هەستیان بە چەوساندنەوە و سەرکوتی خۆی نەکردووە و ئاشنا نین بە مافەکانی خۆیان چ وەک مرۆڤ چ وەک هاووڵاتییەک لە وڵاتدا.

بەو پێیەی مرۆڤی کورد هەڵهێنجراوی کولتووره چەپێنەرەکەی بووە و چەوساندنەوەی ژنان و منداڵان باشترین نموونەی ئەم سەرکوتکردنەیە بە تایبەتی کە کۆمەڵی کوردیی بەردەوامە لە تیرۆر و هەتکردنی ژنان و بە کۆیلەکردنیان لە چوار دیواری ماڵدا، لەم کاتەدا ئەوەم بەبیر دێتەوە لەم ماوەیەی رابردوودا رۆژنامەی (سلێمانی نوێ) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ مامۆستایەکی بەریتانیدا بە ناوی (ستیڤ

هارڤی) کە مامۆستای زمانە لە شاری سلێمانی سازداوە و پرسیاری دەربارەی ئافرەتی کورد لێکراوە ئەو لە وەڵامدا دەڵێ «ژنی کورد پابەندی نەریتی کوردەوارییە، بۆ نموونە ئەگەر دوای کاتژمێر هەشتی شەو کوڕێک بۆ شیعر خوێندنەوە ساز بدەم بە دەگمەن ژنان تیایدا ئامادە دەبن» ئەمە چەپاندن و سوکایەتیکردن بە لاوان و کپکردنی هیوا و خواستەکانیان لەو لاوە وەستابێ، کە من ڕێگە بە خۆم دەدەم بێژم مرۆڤی کورد مرۆڤێکی داڕنراوە لە هەموو جۆرە مافێکی سەرەتایی و مرۆڤانەی خۆی.

ە-نموونەی کوردستان: زۆرجار ئەوەمان بەر گوێ دەکەوێت ئەزمونی سیانزە ساڵی ڕابردووی باشووری کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتووی دەسەڵاتی دیموکراتییانە بووە و تەنانەت زۆرێک لە ناوەندە سیاسییەکان پێشنیاری گواستنەوەی ئەم نموونەیە دەکەن بۆ هەرێمی عەرەبستانی عیراق، دەسەڵاتدارانی کوردستانیش شانازیی بەمەوە دەکەن و بەردەوام لەبەردەم زومی کامێرای تیڤییەکانەوە شانی پێوە با دەدەن و پێیانوایە لە کوردستان وەرچەرخان ڕوویداوە بەرەو دیموکراتی و نموونەکەیان تاقانەترین نموونەی دیموکراسییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەدا. بۆ سەلماندنی ئەمەش دنیای عەرەبی بە نموونە دەهێننەوە و دەڵێن جیاوازیگەلێکی زۆر هەیە لەنێوان کوردستان و دەوڵەتە عەرەبییەکان، لەوی چەوساندنەوەی کەمایەتییەکانی وەک ئەمازیخی و بەربەر و قیبتی و دارفوورییەکان هەیە، شێوەی دەسەڵات پشتاوپشت و شاهنشاهی دیکتاتۆرییە و لە کۆی ٢٥٠ ملیۆن عەرەب ٧٠ ملیۆن نەخوێندەوار هەیە و دەیان تۆڕی ئیسلامی ئسوڵی سەریان دەرهێناوە و ئوسامە و زەرقاوی و زەواهیری بەرهەمی کولتووری عەرەبین، بەڵام ئەگەر لە دنیای عەرەبیدا نەتەوە و ئیتنیکە غەیرە عەرەبییەکانی چەشنی ئەمازیغی و کوردەکان بچەوسێنەوە ئەوا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی کوردیدا، خودی هاووڵاتی کورد دەچەوسێتەوە و مافەکانی زەوت دەکرێ و تەنانەت ژیانیشی دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی مەرگەوە.

لەلایەکی تریشەوە دەسەڵات لەلای ئێمە بەهەمان شێوەی نموونە عەرەبییەکەیە، جۆرێکە لە دیکتاتۆرییەتی ڕەها و سکرتێری حزبەکانی لای خۆمان لەوەتەی بوونەتە سکرتێر و سەرۆکی حزب ئەو پۆستەیان بەرنەداوە و هەر یەکێکیشیان شازادەیەکی بچووکی بۆ سبەینێ ئامادە کردووە تا دەسەڵاتی حزب بەو بسپێرێ، یان بۆ تەنیا

جارێک پەرلەمان هەڵبژێردرا و دەنگ درا بە لیستی کەسک و زەرد، کەچی پارتی و یەکێتی بەشێوەیەکی ناشەرعی دەسەڵاتی خۆیان درێژ کردۆتەوە بۆ ماوەی زیاتر لە دوانزە ساڵ. هاوکاتیش لێرە نەخوێندەواریی هەیە و ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی نەخوێندەوارن و لەنێو کوردیشدا ئەنساروئیسلام و تۆڕی هاوچەشن سەریان دەرهێنا و لە هێلکەکانیان تروکان، مەلا کرێکار و چەندان مەلای تری هاوشێوەی ئەو لە گوند و شارەکانی کوردستانەوە و بە کورتەک و شەرواڵی کوردییە ئامادەییان هەیە. من نامەوێ پاکانە بۆ عەرەب بکەم، بەڵام ناشکرێ خۆمان لەو راستییە لابدەین ئەگەر وەزعی دیموکراسی لە کوردستان خراپتر نەبێت لە وەزعی دیموکراسی لە دنیای عەرەبیدا بێ شک هیچ باشتر نییە.

ئەگەر ئێمە بمانەوێت سەنگ و قورسایی دیموکراتی لای خۆمان بکێشین، پێویستە دیموکراتی بە بارۆمەتری خودی دیموکراتیەت بپێوین، چوونکە دیموکراتی لەگەڵ دیموکراتیەت بەراوورد دەکرێت و عەرەب وتەنی پێچەوانەکەشی هەر راستە (والعکس الصحیح). ئەگەر دەمانەوێت ئەزموونی کوردستان بە دیموکراسی پێناسە بکەین بەڵام، دەسکەوتەکانی بەراوورد بکەین بە دیکتاتۆرییەتی سەدام لە راستیدا دەکەوینە هەڵەیەکی کوشندە و خنکێنەرەوە. ئەوەش راستە کۆمەڵگە دیموکراتییە رۆژئاواییەکان خاوەنی خەلفیەت و مێژوویەکی درێژن لە تێپەڕبوون بە چەندین جۆر و ئەزموونی لێک جیاوازی دیموکراسیدا، بەڵام ناشێ بە بیانووی کەم ئەزموونی و نەبوونی ئەو مێژووەوە لە تێپەڕین بە ناو دیموکراسیدا هەموو مافە دیموکراتییەکان پێشێل بکەین، هەروەک چۆن ناشێ بە جەستە لە چاخی بیست و یەک و سەردەمی ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیای نوێدا بین و بە رۆح لە زەمەنی فیودالیی و چاخەکانی ناوەڕاستدا. بە کورتی و بە کوردیی ئێمە پێویستمان بە پرۆسەیەکی مێژوویی هەیە تا دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا جێکەوت دەبێت بەبێ ئەوەی تا دەگەینە ئەو ساتە مێژووی خۆمان پڕ بکەین لە تاوان و پێشێل و زەوتکردنی مافەکانی تاک.

### دواسەرنج

لە زەمەنێکدا هەموو هەبووەکانی دەوروبەرمان بەشێوەیەکی دینامیکی و تیژپەڕ لە گۆڕاندان هێشتا کۆمەڵگەی کوردیی کۆمەڵێکی چەقبەستوو و وەستاوە، لە زەمەنێکدا (سۆزان سۆنتاگ) لە بەرامبەر وێنەیەک دەوەستێت و دەڵێت هەموو

ئەوانەی لە نێو ئەو وێنەیەدان مردوون، ئەمە لە کاتێکدا خۆی یەکێکیانە!! چوونکە ئەو بڕوای وایە لەو لەحزەیەی ئەوان وەستاون بۆ گرتنی وێنەکە زەمەن لە دەرەوەی ئەوان لە جووڵە و بەرەو پێشڤەچوونی خۆیدا بووە. لە سەردەمێکدا لە خۆرئاوا و کۆمەڵگە مودێرنەکاندا هەموو شتە کۆنەکان بەرەو خاڵی پایانی خۆیان دەچن و لە جێگایاندا چەمک و شتگەلێکی تر جێیان دەگرنەوە، لە سەردەمێکدا گۆڕانکارییەکان لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا بە شێوەیەکی تیژپەڕ بەڕێوە دەچن، لە ئاوها ساتێکدا کۆمەڵی کوردەوارییی بە جێماوە لە هەموو ئەو گۆڕان و شتانەی ئەم جیهانە گۆڕاوە، یەکێک لەو شتانەشی هێشتا پێی نەگەیشتووە و هەنگاوی جیددیشی بۆ نەهاویشتووە دیموکراسییە.

٢٤-٨-٢٠٠٤

هەولێر- عەینکاوە

*ئەم وتارە بە دوو بەش لە ژمارەکانی (٣٣-٣٤)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە. لێ ئەم وتارە لە بنەڕەتدا هاوینی ساڵی ٢٠٠٤ نوسراوە، بەڵام بڵاوکردنەوەی زۆر دواکەوت.

# سزادانی شاری سلێمانی
# لە عوسمانییەکانەوە بۆ یەکێتی

شاری سلێمانی بە بەراوورد بە هەریەک لەشارەکانی کەرکوک و هەولێر و زۆرینەی شارەکانی دیکەی کوردستان شارێکی نوێیە لە رووی بیناکردن و مێژووی دروستکردنەوە، لە هەمان کاتدا نوێیە لە رووی بیرکردنەوە و بینینی دنیا و مامەڵەکردندا. سلێمانی کۆمەڵێک خاسێت و ئەدگاری تایبەتیی هەیە جیای دەکاتەوە لە هەموو شارەکانی تری کوردستان و خەڵکەکەشی بە هەموو پێودانگێک جیاوازن لە خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستان و یەکێک لە خاسێتە هەرە گرنگەکانی ئەم شارە بریتییە لە بەرەنگاریی و سەرسەختی و خێرا رادەست نەبوون. بۆیە ئەگەر کەمێک سەیری دیرۆک بکەین سلێمانی سەرسەختترین شار بووە سەبارەت بە هەموو داگیرکەران هەر لە عوسمانیی و ئینگلیزەوە بیگرە تا دەگاتە عەرەبە عێراقییەکانی چەشنی بەعس.

## مێژووی سلێمانی

زۆر فاکتۆر هەن کاریان کردە سەر «ئیبراهیم پاشا»ی بابان* بیر لە دروستکردنی شاری سلێمانی بکاتەوە و بگرە پایتەختەکەشی لە قەلاچوالانەوە بۆ شارە نوێیەکە بگوازێتەوە. یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆیانە بریتی بووە لە بەرتەسکیی قەلاچوالان چوونکە بە هۆی شاخ و داخ و هەڵکەوتەی جوگرافییەوە بواری فراوانبوونی زۆرتری نەبووە و لە هەمان کاتدا نزیک بووە لە سنوورەکانی سەفەوییەوە کە بەردەوام میرنشینەکە لەبن هەڕەشەیدا بووە. دواجار ئیبراهیم پاشا لە ساڵی ١٧٨٤ دەستیکرد بە بینای شارە نوێیەکە لە نزیک گوندی مەڵکەندی کە ئێستا بە هەمان ناوەوە بووەتە گەڕەکێک لە چەقی شارەکەدا. لە رووی جوگرافییەوە

سلێمانی دەکەوێتە سەر ٥-٣٥ پلەی هێڵی پانی زەوی و ١٦ پلەی هێڵی درێژیی و بەرزییەکەشی لە ئاستی رووی دەریاوە دەگاتە ٨٥٣م «١».

محەمەد ئەمین زەکی بەگ دەنووسێت: ئیبراهیم پاشا لەلایەکەوە لەگەڵ رێکخستنی ئیش و کاری ئیمارەت و نەشری عەدالەت خەریک بوو، لەلایەکی تریشەوە هەر لە نزیک سەراکەی مەحمود پاشای مامی کە لە١١٩٦ هیجریدا لە نزیک گوندی «مەڵکەندی»یەوە دروستکرابوو دەسی کرد بە بینای شارێک. لە دەوری سەراکەدا بەعزێ خانو و مزگەوت و حەمام و بازاڕ و خانی دروستکرد و لە ساڵی ١١٩٩ هیجری «١٧٨٤ میلادی»دا ئەم شارە تازەیەی تەواو کرد و مەرکەزی ئیمارەتی لە»قەلاچۆلان»ەوە بردە ئەوێ و بە ناوی سلێمان پاشای والی بەغدادەوە ناوی نا «سلێمانی»، مەعلوم نییە کە لە دوای تەوابوونی چەند ماڵ بووە، بەڵام مستەر «هارت HUART» لە ئەسەرەکەی خۆیدا دەڵێ: لە١٨٢٠ میلادیدا یەعنی لە دوای تەوابوونی بە سی و شەش ساڵ نفوسی دە هەزار کەسێک بووە و عەدەدی ماڵیشی ٣١٤٤ بووە کە لەمە ١٣٠ ماڵی جولەکە و ٩ ماڵی کلدانی و پێنج ماڵێکیشی ئەرمەنی بووە و پێنج مزگەوتیشی بووە «٢».

دەربارەی ناونانی شارەکەش بە سلێمانی زۆر بیروڕای جیاواز هەیە و یەکێک لەوانە ئەو بۆچوونەیە محەمەد ئەمین زەکی بەگ باسی لێوە کردووە، بەڵام بەشێکی مێژووناسان بەرپەچی ئەم رایە دەدەنەوە و پێیانوایە ناکرێت ئیبراهیم پاشا بە ناوی والی بەغداوە شارەکەی ناو بنێت، چوونکە لەنێوان ئەو دوو کەسەدا پەیوەندییەکی دۆستانەی سەرزارەکی و دوژمنایەتییەکی قووڵی ژێراوژێر هەبووە. هەندێک پێیانوایە ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ «سلێمان بەبە»ی میری بابان، رای تریش هەیە دەڵێت لە کاتی هەڵکەندنی بینای شارەکە ئەنگوستیلەیەک دۆزراوەتـەوە و ناوی سلێمانی لەسەر بووە و وا دانراوە ئەوە سلێمان پێغەمبەرە، بەو هۆیەوە ناوی شارە تازە دروستکراوەکە بە ناوی ئەو پێغەمبەرەوە ناونراوە کە لای میری بابان زۆر جێگەی رێز و خۆشەویستی بووە. لە سەرێکی تریشەوە محەمەدئەمین زەکی بەگ پێیوایە ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی: سلێمانی لە شوێنی شاری «سێلوونا»ی کۆن دروستکراوە. گوایە: ئەو شارە لە سەردەمی فرمانڕەوایی «لۆلۆ»و «گۆتی»یەکاندا دروستکراوە و بە باپیرە گەورەی دانیشتووانی ناوچەکە دادەنرێن «٣». بەهەرحاڵ هێشتاش روون نییە و هیچ بەڵگەیەکی کۆنکرێت بە دەستەوە نییە بۆچی میری

بابان شارەکەی ناونا سلێمانی؟، بەڵام میری بابان هیچ کات بیری لەوە نەدەکردەوە شارەکەی لە دەیە و سەدەکانی داهاتوودا رۆڵێکی گرنگ سەبارەت بە چارەنووسی وڵات دەگێڕێت و دەبێتە چاوگی شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد بە نەپساوەیی بۆ ماوەیەکی ئێجگار دوور و درێژ.

هەر لە سەرەتاوە سلێمانی وەک پایتەختی میرنشینی بابان سەرباری ئەوەی بەردەوام سەنگەری جەنگەکان بووە، بووە مەڵبەندێکی سەرەکیی گەشەکردنی بزووتنەوە کوردییەکان، جیا لەمەش ئەگەرچی شارەکە بە دیمەن جوان و رازاوە نەبووە وەک شارەکانی وڵاتانی دەوروبەر، بەڵام پاکژیی و سەربەستیی تاکەکانی بە تایبەت ئافرەت تێیدا سەرنجی زۆربەی مسیۆنێر و گەڕیدەکانی راکێشاوە. کلۆدیۆس ریچ کە ساڵی ١٨٢٠ واتە سی و شەش ساڵ دوای بینای سلێمانی رێی کەوتۆتە شارەکە، لە یادداشتەکانیدا نەیتوانیوە ئەو هەستەی خۆی دەربارەی شارەکە بۆی دروستببوو بشارێتەوە. بۆیە دەنووسێت: شارەکە هەمووی لە گوندێکی گەورەی عەرەبیی دەچوو، کە ناو ماڵەکان بە دەرەوەن، لەوەش دەچوو خەڵکەکە خۆیان دەربەستی ئەمە نەبن، چوونکە ئافرەتەکانیانمان دەدی بە بێ پەچە و رووپۆش، بێباکانە لەگەڵ پیاواندا دەچوون بۆ بازاڕ بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ناو ماڵیان، سەرەڕای ئەوەش ئەم شارە دیمەن ناشرینە، پێنج خان و دوو مزگەوتی رێک و پێک و جوان و حەمامێکی زۆر پۆشتەی تیایە، باشترین شارەزاش لە کوردەکان خۆیان ئاماری دانیشتوانی شاری سلێمانی بە ١٠٠٠٠ دە هەزار کەسێک داناوە «٤».

بێگومان بوونی گەرماو «حمام» لە شارێکی وا بچووکدا نیشانەیەکە بۆ ئاستی پێشکەوتن و پاکژیی لە شارەکەدا. ئەمەش فاکتێکی مێژوویی زۆر گرنگە و پێماندەڵێت سلێمانی لە چاویلکەی بیانییەکانەوە جێگەی رێز بووە و خاسێتە جیاوازەکانی بە روونی بینراوە هەر لە پاکژیی و هەستی سیاسیی خەڵکەکەیەوە تا ئازادیی رەگەزی مێ. لە رووی سیاسیشەوە شارەکە نزیکەی ٦٥ ساڵ پایتەختی میرنشینی بابان بووە و دەسەڵاتێکی نیمچە ئۆتۆنۆمی کوردیی لە ژێر سەرپەرشتی والی عوسمانییەکان دەسەڵاتی شار و ئیدارەی بە دەستەوە بووە، تا ئەو کاتەی ساڵی ١٨٥٠ دەسەڵاتی بابان بە تەواویی هەڵوەشایەوە و رووخێنرا، لەو بەروارەدا میری بابان «عەبدوڵڵا پاشا» هەموو دەسەڵاتێکی وەک میر لێسەندرایەوە و وەک قائیمقامی سلێمانی دامەزرێنرا، ئەوەش زۆری نەخایاند «ئیسماعیل پاشا»ی بە رەگەز تورک وەک

قائیمقام هێنرایە شارەکەوە.

لەم ڕێکەوتە مێژووییە بە دواوە بۆ ماوەی زیاتر لە سێ چارەگە سەدە سلێمانی وەک ناوەندێکی دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی هیچ ڕۆڵێکی نەما، چوونکە لێرە بە دواوە هێدی هێدی سەرکردە رامیارییەکان مەیدان چۆڵ دەکەن و لە جێگەیدا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی لەسەر دەستی نەوەیەکی منەوەر سەرهەڵدەدات، ئامانجی ئەم بزووتنەوەیە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و پێگەیاندنی تاکی کورد و رزگارکردنی کوردستانە لە بندەستی، بەڵام لەگەڵ بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهانیی و دامەزراندنی ماوەی یەکەمی حکومداریێتی شێخ مەحموودی حەفید، سلێمانی دەبێتەوە بە ناوەندێکی سیاسیی بەتین سەبارەت بە هەموو کوردستان.

(ئەم ڕۆژانە سلێمانی وەک مەڵبەندێکی چالاکیی کوردستان بەدەرکەوتبوو بە حوکمی ئەو جموجۆڵ و هەڵوێستانەی لە کۆتایی ساڵانی دەسەڵاتی عوسمانییەوە ئەم شارە بەخۆیەوە بینیبوون، بۆیە وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد، کۆمەڵێک سەرۆک هۆز و پیاوانی ناوداری کوردستانی ئێران ڕوویان کردبووە سلێمانی و بە نیازی ئەوەبوون کە نێوچەکانی ئەوانیش بچێتە ژێر قەڵەمڕەوی حکومەتەکەی شێخ مەحموودەوە) «٥». لێرە بە دواوە سلێمانی دەبێتە ناوەندی شۆڕشگێڕیی و سیاسەت و مەکۆی خەباتی جەماوەریی و ڕۆشنبیریی، هەر بۆیە مێژووی سلێمانی ئەوەندەی مێژوویەکە تێکەڵاوە بە سیاسەت و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرانی کوردستان بە چارەگی ئەوە مێژووی شارێکی ئاسایی نییە. لەبەرئەوە سلێمانی جیاوازیی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

## سلێمانی شارە سەختەکە

سلێمانی ئەگەرچی تاکو ئەم چەند دەیەیەی دوایی شارێکی گەورە نەبووە لە ڕووی ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانەوە، کەچی سەبارەت بە شۆڕشگێڕانی کورد و نەیارانی سیاسیی کوردستان جێگەی تایبەتی هەبووە و هەمیشە حسابی لەسەر کراوە، چوونکە هەر وەک بەعس بە ڕاشکاوانە دەیووت سلێمانی شارێکی سەختە، ژ بەرئەوەی هەروا بە ئاسانیی ڕادەستی ویستی داگیرکەران نابێت و لەوە بەولاوە هەمیشە ژیلەمۆکان لە گەڕەکە تەسکەکانی ئەم شارەوە دەگەشێنەوە. ڕەشەبای

سلێمانی تەنیا دیاردەیەکی ناتورالیی رووت نییە بەڵکو لە هەمان کاتدا بەشێکە لە خەسڵەت و تایبەتمەندیی شارەکە و هەمیشە هەر لە سلێمانییەوە رەشەبای گۆڕان و باهۆزی رەتکردنەوەی دەسەڵاتی بێگانە هەڵی کردووە، لەبەرئەوە رەشەبای سلێمانی خۆی لە خۆیدا مانایەکی سیاسیی هەیە و جۆرێکە لە گوزارشتکردن لە سیفاتی سەرەکیی سلێمانییەکان کە هەمیشە دەجووڵێن و دژی هەر جۆرە چەقبەستنێک دەجەنگێن.

عوسمانییەکان هەمیشە لەو جموجۆڵە دەترسان لە سلێمانییەوە رێچکەی دەبەست و بە سنووری کوردستاندا درێژ دەبووەوە، بۆیە لای ئەوان سلێمانی پێویستی بە کۆنترۆڵکردنێکی تایبەتی بوو. وەختێک ئینگلیزەکان هاتنە عێراقی ئێستا، رەنگە هێندەی لە سلێمانییەوە گیروگرفتیان بۆ دروست کرابێت لە هیچ جێگەیەی تری عێراق رووبەڕووی تەنگوچەڵەمەیەکی سەختی وەک شێخ مەحموود نەبووبنەوە، حکومەتی نوێی عێراقیش هەروا. لە ئایاری ١٩٢١ لە عێراقدا ریفراندۆمێک سەبارەت بە دانانی فەیسەڵی یەکەم بە مەلیکی عێراق کرا، مەرجی مافی دەنگدان ئەوە بوو: دەنگدەر دەبێ خانوویەکی هەبێ نرخەکەی لە»١٥٠» پاوەنی ئیستەرلینی « کە بەرامبەر ٢٠٠٠ روپییە» کەمتر نەبێ. لە شاری سلێمانیدا، دوو هەزار موڵکدار هەبوون، کە نرخی خانووی هەریەکەیان لە ١٥٠ پاوەن کەمتر نەبوو، لەم دوو هەزار کەسە تەنیا ١٩٠ کەسیان لە دەنگدانەکەدا بەشدارییان کرد، لەمانە ٣٢ کەس دەنگی بۆ ئەوەدا کوردستان بە عێراقەوە بلکێنرێت و ١٥٨ کەس دەنگیان دژی دا. «٦». ئەم فاکتە مێژووییە راستییەکی تێدا روون بۆتەوە: زۆرینەی خەڵکی شارەکە بایکۆتی عێراق و پادشاکەیان کردووە و بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوون بچنە پای دەنگدانەوە و ئەوانەشی چوونەتە دەنگدانەوە بە زۆرینەی رەها دەنگیان لە دژی عێراق و شاکەی داوە. هەروەک وتم ئەمە یەکێکە لە سادەترین بەڵگەکان کە هەر لە سەرەتاوە سلێمانی بە گژ عێراق و لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە راوەستاوە و سەختییەکی لە راددە بەدەری نواندووە.

نموونەیەکی تری زیندوو لەسەردەمی فەرمانڕەوایی پادشاییدا، رەنگبێ راپەڕینی جەماوەری سلێمانی بێت لە رۆژی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠، کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردییدا بە رۆژە رەشەکەی بەردەرکی سەرا ناسراوە.

(زۆر فاکتۆر هەبوون لە سەرهەڵدانی راپەڕینی جەماوەریی لە شاری سلێمانی

لە دژی حکومەتی عێراقی و ئینگلیز، یەکێک لەو هۆکارانە ڕێکەوتننامەی نێوان عێراق و ئینگلتەرە بوو لە ساڵی ١٩٣٠ کە هیچ بڕگەیەکی ئەو پەیماننامەیە باسی کورد و دۆزی نەتەوەیی گەلی کوردی تێدا نەکرابوو) «٧». ئەوەبوو سلێمانی دژی ئەم پەیماننامەیە وەستاو (ڕۆژی ٦-٩-١٩٣٠ بە هەزاران کەس لە شاری سلێمانی کەوتنە سەر شەقامەکان و داوای مافە ڕەواکانی کوردیان دەکرد، هێرشیان دەبردە سەر پەیمانەکە. لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردپەروەر و شاعیر و زانایانی وەک پیرەمێرد، فائق بێکەس و گۆران و حەمدی، بە شیعر و وتاری شۆڕشگێڕیی هانی جەماوەر دەدرا، کە خۆڕاگربن، هەڵمەت بەرن، دوژمن ریسوا بکەن و سووربن لەسەر درێژەدان بە خەباتیان) «٨».

لە قۆناغ و ساڵەکانی دواتردا سلێمانی نەک هەر بێ ڕۆڵ نەبووە بەڵکو زۆتر و کاریگەرتر سەختگیریی نواندووە بەرامبەر بە حکومەتی عێراق و لە سەردەمی هەڵگەڕانەوەکەی «ڕەشید عالی گەیلانی» و تا دوا ساڵەکانی روخانی ڕژێمی پاشایەتی هەمیشە باری سیاسیی شارەکە هەڵبەز و دابەزی کردووە و مایەی دڵنیایی نەبووە بۆ حکومەت. لە سەرەتای ڕژێمی کۆماریی لە عێراقدا لە١٩٥٨ەوە تا بە ئێستا دەگات لای هەمووان ئاشکرایە، سلێمانی چەندە بۆ ڕژێمی عێراقی جێگەیەکی سەخت و ناهەموار بووە، هەموو ئەوە دەزانین سلێمانی دایکی شۆڕش و ڕاپەڕین و هەموو ئەو خۆپیشاندانانە بوو کە بەشێوەیەک لە شێوەکان بۆ ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەران بوون لەم بەشەی کوردستان. بۆیەکا پێموایە باشووری کوردستان بەبێ بوونی سلێمانی وەک شارێکی هەمیشە زیندوو و ئامادە لوقمێکی شیرین دەبوو بۆ دەسەڵاتی عەرەبیی عێراقی نەک پێکێکی تاڵ و زەقنەبووت ئاسا.

## سلێمانی وەک ناوەندی سیاسەت

مافی ئەوەمان هەیە بڵێین سلێمانی چاوگی سیاسیی لانیکەم باشووری کوردستان بووە بە درێژایی زۆرتر لە سەدەیەک هەتا دەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆ. بۆ یەکەمین جار خەباتی سیاسیی و شۆڕشگێڕیی کورد لە شاری سلێمانی ڕێچکەیەکی ڕێکخراو و ئۆرگانیکی وەرگرت و دوورخرایە لەو تەرزە خێڵەکییەی کە لە پێشاندا لەسەری ڕاهاتبوو. جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی پێیوایە بۆ یەکەم جار لە میانەی ڕاپەڕینی ئەیلوولی ١٩٣٠ خەباتی سیاسیی کورد لە شاخەوە گوێزرایەوە

بۆ شار و لە یاخیبوونی سەرەک خێڵەکانەوە بوو بە پرۆژەی رۆشنبیران. جەلال تاڵەبانی لەم رووەوە دەنووسێت (راپەڕینی بەردەرکی سەرا لە ریکەوتی ٦ ئەیلوولی ١٩٣٠دا، لە مێژووی چالاکییە سیاسیی و نیشتیمانییەکانی باشووری کوردستاندا خاڵی وەرچەرخان بوو، چوونکە لەم خۆپیشاندانەوە بۆ یەکەم جار قورسایی کاری سیاسیی و کوردایەتی کەوتە ئەستۆی خوێندەواران و خەڵکی شارەکان، واتە لە لادێ و لە نێو هۆزەکانەوە گوێزرایەوە بۆ نێو شارەکان، بەمەش قۆناغێکی نوێ لە خەباتی سیاسیی دەستپێدەکات) «٩».

نەک هەر بە بۆچوونی مێژوونووس و توێژەرە کوردەکان، تەنانەت بە دیتنی چاودێر و سیاسییە غەیرە کورد و ئەوروپییەکانیش سلێمانی ناوەندی شۆڕشگێڕیی و فۆرمۆڵەکردنی خەباتی سیاسیی و بزافی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بووە، بۆ یەکەمجار لەم شارەدا بەهێزترین پارتی و رێکخراوە سیاسییەکان هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە نەشونما دەکەن و ئاڵای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی بە دەستەوە دەگرن و تەکان دەدەن بە تێکۆشانی گەلی کورد. کریس کۆچێرای کوردناس و رۆژنامەوانی فەرەنسیی باسی قۆناغی سەرهەڵدانی گروپە سیاسییە کوردییەکان دەکات و دەنووسێت (سلێمانی مەڵبەندی سەرەکیی کوردایەتییە، لێرەدا و لە قۆناغی پێش یەکەم جەنگی جیهاندا، زۆر گروپی نەتەوەیی دێنە ئاراوە، کە چوونە بنج و بناوان و دۆزینەوەی رەگوریشەیان زۆر ئەستەمە، بە تایبەتی هەندێکیان لە چەند کەسێک تێناپەڕن و زۆر جار یەک کەس لە هەمان کاتدا ئەندامی چەند رێکخراوێکی جیاوازە) «١٠». لە باری کردارییشەوە ناسیۆنالیزمی کورد لە شاری سلێمانی بەهۆی دەستەبژێرە سیاسیی و رۆشنبیرییەکەوە گەیی و خەملی. دواتر توانی لە رێکخراوی جۆر بەجۆری سیاسیدا خۆی رێکبخات و نوێنەرایەتی داواکانی گەلی کورد بکات لەسەر هەموو ئاستەکانی جیهانیی و هەرێمی و نێوخۆیی.

ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان بکەینە نموونەی ئەم باسە، ئەوا ئەو پارتییە لە شاری سلێمانی و لەسەر دەستی ئیلیتییە سیاسییە خوێنەوار و شارییەکە توانی ببێتە رێکخراوێکی سیاسیی پێشکەوتووخواز، هیچ کات بەهێزبوون و گەشەی پارتی وەک رێکخراوێکی ئۆرگانیزەکراو و پارتییێکی رامیاریی خاوەن بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ ناگەڕێتەوە بۆ مەلا مستەفا بە تەنها، چوونکە مەلا مستەفا یاخیبوونەکانی شێوەیەکی خێڵەکیی و نارێکخراوی هەبووە و ئامانجەکانی بەو پێوەرە ناسیۆنالیستی

نەبوون وەک ئەوەی نوخبە سیاسییە تازە پێگەیشتووەکەی شاری سلێمانی بیریان لێ دەکردەوە.

تەنانەت یاخیبوونی بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣ بەدواوە بۆ ئۆتۆنۆمی و داواکارییەکی نەتەوەیی گشتگیر نەبوو هێندەی غەمێکی ناوچەیی و خێڵەکی پاڵنەری بوون. بۆ وێنە داواکارییەکانی مەلا مستەفا لە دەوڵەتی پادشایی دانانی نوێنەرێکی بەرزی کورد لە بەغداد و نوێکردنەوەی ئیدارەی قەزا کوردییەکانی پارێزگای موسڵ بوو. بۆیە (وا دێتە بەرچاو کە ئەوە مەلا مستەفا نەبوو ناسیۆنالیزمی کوردی هەڵبژارد، بەڵکو ئەوە ناسیۆنالیستەکانی کورد بوون ئەویان هەڵبژارد، هەڵبژاردنی ئەو لەلایەن ناسیۆنالیستەکان بەهۆی شارەزاییە تاکتیکییەکانی و ئەو دژوارییانەوە بوو بۆ حکومەتەکانی دەخوڵقان) «١١». واتە ناسیۆنالیستە کوردەکان بە دوای کاریزما و رەمزێکدا دەگەڕان بۆئەوەی بیکەنە گاندی، هەروەک چۆن ژێکاف لە دیوی ئێران بە هەڵبژاردنی قازی محەمەد هەمان کاری کرد. لەبەرئەوە بەهۆی ئەو بەرەنگارییانەی بارزانی بە تایبەت لەکۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد نواندی پاڵینا بە ناسیۆنالیستە کوردەکانەوە زیاتر پابەندبن بە بارزانییەوە وەک کاریزمایەک.

لە قۆناغەکانی دوای دروستبوونی پارتی و سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوول تا دەگات بە دامەزراندنی یەکێتی و راپەڕینی بەهاری ١٩٩١، رۆڵی سلێمانی رۆڵێکی پێشڕەوانە و ئێجگار گرنگ بووە و دەتوانرێت بە درێژایی ئەو چەند دەیەیە بە دڵی سیاسیی کوردستان دابنرێت. دەرکێشانی ئەو شارە لە مێژووی هاوچەرخی کورد وەک دەرکێشانی رۆح وایە لە جەستەدا، چوونکە وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا هەموو ژیلەمۆکان لەبری ئەوەی خامۆش ببن لێرەوە جارێکی دیکە بوونەتەوە بە پشکۆ و تاویان سەندووە. وا بزانم پێویستیش بە هیچ بەڵگە هێناوەیەکی تر ناکات، پانۆرامای سەردەمی بەعس و شۆڕشی نوێ هێندە دوور نییە تا لە بیرمان کردبێت کە سلێمانی هەموو رۆژێک ئاگری دەگرت و دەبووە جەهەنمی داگیرکەرانی کوردستان.

## سلێمانی شاری منەوەران

سلێمانی نە تەنیا لە رووی سیاسیی و شۆڕشگێڕییەوە پێشڕەو بووە، بەڵکو لە بواری رۆشنبیریی و فەرهەنگیشەوە پێشەنگ بووە، تا ئەوەی نازناوی پایتەختی

رۆشنبیریی کوردستانی پێ بڕاوە. ئەگەرچی تا ماوەیەکی دوور و درێژ شارەکە جگە لە حوجرە ئاینییەکان خاوەنی هیچ قوتابخانەیەک نەبووە، بەڵام زۆر شاعیر و منەوەر و زانای گەورە گەورەی تێدا هەڵکەوتووە کە لە سەردەمی خۆیاندا رۆڵێکی ئێجگار گرنگیان لە کۆمەڵدا ئەدا کردووە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ململانێ و کێبڕکێی هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی لە شارەکەدا بەشێک بووە لە ململانێیەکی سیاسیی و رۆشنبیریی ئەوجا ئاینیی، چوونکە مەولانا خالید و شێخ مارفی نۆدێ وەک دوو عارف و سیمبولی ئەو دوو تەریقەتە، خاوەنی دوو دنیابینی جودا بوون، وەلێ کۆتایی ململانێکە زۆر تراژیدیکە بە راونانی مەولانا لە شارەکەدا دەگاتە خاڵی پایان، بەڵام ئەو ململانێیە دواجار کەم تا زۆر کاریگەریی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی لەسەر بیرکردنەوەی گشتیی دروستکرد. «هەوڵدەدەم لە دەرفەتێکی تر لەسەر ئەم باسە بە تێر و تەسەلی بنووسم».

لە سەردەمی عوسمانییەکان و بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی یەکە کارگێڕییەکان، لە شاری سلێمانی قوتابخانەی فەرمی کرایەوە و ئەو قوتابخانەیەش زۆرتر ئەفسەری پێدەگەیاند، بەڵام ئەو ئەو ئەفسەرانە لە ساڵانی داهاتوودا سەبارەت بە دۆزی گەلەکەیان نەک رۆڵێکی گرنگ بەڵکو چارەنووسسازیش دەگێڕن و جێگەیان لە خەباتی سیاسیی ئەو قۆناغەدا بە دیاریکراویی ماوەتەوە. (شان بەشانی حوجرەکان، کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی لە سلێمانیدا، قوتابخانەی روشدییەی سەربازیی سێ پۆلییان کردەوە، هەموو جۆرە زانیارییەکی ئەوسای تێدا دەوترایەوە، کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ باسەکانی حوجرەدا هەبوو. ئەوانەی لێرەدا دەردەچوون یان دەبوونە مووچەخۆر و کاری دەوڵەتیان وەدەستەوە دەگرت، یان بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچوونە ئەستەمبۆڵ، زۆربەیان خوێندنی سەربازییان تەواو دەکرد و دەبوونە ئەفسەری سوپای عوسمانییەکان) «١٢».

دواتر قوتابخانەکان لە شارەکەدا گەشە دەکەن، بەمەش رەوشی رۆشنبیریی بەرەوپێشەوە هەنگاوەکانی خێراتر دەبن، تا ئەوەی لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا نەوەیەک لە منەوەرانی شاریی سەرهەڵدەدەن دۆزی نەتەوەیی گەلی کورد دەخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە و بۆ ماوەیەکی درێژ لە خەباتی رزگاریخوازیی کورددا رۆڵێکی سەرەکیی دەبینن. ئەو سەردەمانەش بە حوکمی داخرانی سنووری کوردستاندا بەسەر خۆیدا و داگیرکردنی وڵاتەکە لەلایەن عوسمانی و سەفەوییەکانەوە،

ڕۆشنبیریی شارەکە پتر لە ژێر کاریگەریی ڕۆشنبیریی ئەو دوو نەتەوە سەردەستە بووە. مێجەر سۆن وەختێک هاتۆتە شاری سلێمانی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەوە بووە زمانی فارسی سەبارەت بە خەڵکی شار زمانێکی نامۆ نییە بەڵکو زۆرینە دەتوانن قسەی پێ بکەن و لێی تێبگەن، ئەو لە راپۆرتێکی تایبەتی خۆیدا دەنووسێت «لە سلێمانیدا فارسی زۆر گرنگە، زۆربەی خەڵک دەتوانێ قسەی پێ بکات و لێی تێبگات.. زمانی نووسین لە هەموو ئەم ناوچەیەدا لە سلێمانییەوە بۆ قەرەداغ و رانیە بۆ باکووری رۆژهەڵات تەنیا فارسییە و هەموو پەیوەندییەکی ئیشوکار بەم زمانەیە. قوتابیان دەبێ لە هەردوو قوتابخانەی ئاینیی و ئەکادیمی سەربازیدا فێری ببن و دوکاندارەکانیش تەنانەت دەبێ بتوانن نامەی پێ بنێرن»، «١٣».

دوای کۆتایی عەهدی عوسمانییەکان و دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق و بڵاوبوونەوەی بیری مارکسیستی لە شارەکەدا، دەستەیەکی تر لە رووناکبیری کورد سەرهەڵدەدەن بە درێژایی چوار پێنج دەیە کۆنترۆڵی گۆڕەپانەکە دەکەن و لە هەمان کاتدا دەورێکی ئێجگار گرنگ دەگێڕن لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و رێکخستیان لە گروپە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە جۆر بە جۆرەکاندا، لەمەشیاندا سلێمانی خاوەنی زۆرترین ئەو ئیلێتییە رۆشنبیریی و سیاسییەیە کە بێگومان لەگەڵ رەوشی شۆڕشگێڕیی و رۆحی یاخی خەڵکی شارەکەشدا تەبایە. هەر لەبەرئەمە نهێنییەکمان ئاشکرا نەکردووە لە رووی رۆشنبیرییەوە سلێمانی بە شارێکی پێشەنگ و یەکەمین هەژمار بکەین، چوونکە سیمایەکی زۆر گرنگ، هەم شارەکە و هەم دانیشتووانەکەی پێ بناسرێتەوە بەرزیی ئاستی رۆشنبیریی و هۆشیاریی سیاسیی و فەرهەنگیی بووە. بەم بۆنەیەوە وەختێک دەڵێین سلێمانی شاری منەوەرانە ئەوە بێگومان هیچ زیادەڕەوییەکمان نەکردووە.

## سزادانی سلێمانی لە عوسمانییەکانەوە بۆ یەکێتی

بە حوکمی ئەوەی سلێمانی هەمیشە لە دەسەڵاتەکان و داگیرکەرانی کوردستان یاخی بووە، بەشێوەی جۆراوجۆر سزا دراوە چ لە شێوەی لەناوبردنی فیزیکیی و چ لە شێوەی زیانگەیاندنی ماددیی و رۆحی بە خەڵکەکەی. فارسە ئێرانییەکان لە ساڵەکانی ١٨٤١-١٨٤٤ دوو هێرشی بەرفراوانیان کردە سەر شارەکە و کوشتارێکی زۆریان لە خەڵکەکەی کرد بە ئەندازەیەک تا چەندین دەیە ئەو کارەساتە لە یادی

نەوەکاندا مابووەوە. پێش رووخانی میرنشینی بابان دیسان سلێمانی وەک پایتەخت مەیدانی کێشمەکێش و ئاژاوەی ناوخۆیی میرینشینەکە بوو کە بێگومان هەزاران لە رۆڵەکانی لە شەڕی نەگریسی ناوخۆییدا بوونە کۆیزوخاڵ، بەڵام رەنگە تاریکترین رۆژانی شارەکە کەوتبێتە دوای هەرەسی میرنشین و زاڵبوونی دەسەڵاتی تاکلایەنەی تورکەکان بەسەریدا، چوونکە جگە لەوەی هاووڵاتیانی شارەکە لە رووی فیزیکییەوە سزا دەدران، لە هەمان کاتدا باج و خەراجی زۆر و گرانی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ترسناک جۆرێکی تر بوون لە سزادانی خەڵکی شار لەلایەن تورکە عوسمانییەکانەوە.

کاتێک، جەنگی یەکەمی جیهان هەڵگیرسا، تورکەکان جاڕی «سەفەر بەلک»یان داوە. ساتێ شەڕ دەستیپێکرد، هەرچی پیاو و لاوەکان هەبووە، چەکیان دراوەتێ و بۆ بەرەکانی جەنگ رەوانە کراون. تەنیا هەر منداڵ، ژن، پیر و پەککەوتەیان ماونەتەوە. لەبەرئەوە باری ئابووری زۆر خراپ تێکشکاوە، بەروبوومی کشتوکاڵ کزبووە، بەرهەمی پیشەسازیی نێوخۆ لاوازبـووە، بێکاریی، گرانیی، برسێتی، دزیی، جەردەیی، راووڕووت، بەشێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەی کردووە. هیچ کارێ، بێ بەرتیل وەرگرتن، جێبەجێ نەکراوە. جەندرمەی تورک بە ئاشکرا جەردەییان کردووە، دەسیان بۆ ئابڕووی خەڵکی بردووە، خەڵکێکی زۆر لە برساندا مردوون!!، بە ئەندازەیەک فریای شاردنەوەی لاشەی مردووەکان نەکەوتوون، لە تاوا گۆشتی وڵاخیان خواردووە، داوێنپیسیی و لەشفرۆشییەکی زۆر بڵاوبۆتەوە. لە ئەنجامدا ژمارەی دانیشتووانی شارەکە زۆر کەم بۆتەوە. بۆیە «ماسۆن کینیز» نووسیویێتی: ژمارەی دانیشتووانی سلێمانی لە چل هەزار کەسەوە هاتە سەر نۆ هەزار کەس «١٤».

وەنەبێ دوای شکستی عوسمانییەکان لە جەنگدا و هاتنی ئینگلیزەکان بەختی سلێمانی لە جاران باشتر بووبێ، بە پێچەوانەوە لە سەروەختی حکومداریی شێخ مەحمودی حەفیددا باڵەفڕەکانی ئینگلیز زیاد لە جارێک شاریان بۆردومان کرد کە لە ئەنجامدا جگە لە دارمانی سەدان خانوبەرەی هاووڵاتیان، بە سەدان کەسیش بوونە قوربانی. تەنانەت لە دوا رۆژەکانی حکومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود و لە رۆژی ٢٥-٤-١٩٢٤ وەختێک فڕۆکەکانی ئینگلیز بۆردومانی شارەکەیان کرد لە کۆی زیاتر لە بیست هـەزار کەسی دانیشتووانی شار تەنێ حەوت سەد کەسێک لە شاردا مانەوە، ئەمەش بەهۆی چڕیی و بەربڵاویی قەسفی

هێزە هەواییەکانی ئینگلیزەکان. جیا لەمەش ئینگلیزەکان ئیدارەیەکی خراپیان بەسەر خەڵکی شارەکەدا سەپاند ئەمەش وەک جۆرێک لە سزای خەڵکی شارەکە کە چاویان لە دەوڵەتێکی کوردیی بە سەرۆکایەتی مەلیک مەحمود بڕیبوو بۆیە لە پەنا مەلیکدا بەرگرییان لە کوردستان دەکرد.

رەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیدا دەورانی دوای رۆیشتنی «مەیجەر نوئێل»ی ئەفسەری ئینگلیز بۆ تورکیا دەگێڕێتەوە و دەڵێ (ئینگلیزەکان دەستە و دائیرەیەکی هەموو جۆرەیان رژاندە سلێمانی، ئەمانە عەجەم و هندی و عەرەب و ئەفغانی، گاور و جولەکە و ئەرمەنی، بە کورتی رەگەز و تیرە نەمابوو تیایانا نەبێ. دایەرەکان چە هی حاکمی سیاسی، چە هی عەسکەری وماڵی و گومرگ وئەوانی تر هەریەکە معاون یان مشاورێکی ئینگلیزی چووە سەر. هندی مێزەر سپی، هندۆکی ریش هەڵبەسراو و لولدراو، سیکی رەش و قاچ باریک بە هەموو ژوورەکاندا بڵاوبوونەوە، چاپی دەس «تایپڕایتەر» بە تەق و هوڕەوە کەوتە کار. ئنجا لەلایەکەوە دەستە و دائیرەی تاقمی شێخان و خزمەکارانی خەنجەر و دەمانچە لە پشت، لەولای ترەوە لە»سەیز»ەوە بگرە تا فەڕاش و چێشتکەر، دەستە و دائیرەی ئینگلیزەکان و تەنانەت هی هندۆکە سمێڵ بابڕ و ریش لوولەکان، ئەوان بە چەک و سیلاحی نەفامی و عەشایەری، ئەمان بە زمانی بەد و دووڕوویی و لە پاشملە چاڵ بۆ هەڵکەندن کەوتنە وێزەی خەڵقی سلێمانییەوە «١٥».

پاشان حکومەتە عەرەبییە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هەرچی پێیانکرا بەرامبەر بە خەڵکی سلێمانی و بە مەبەستی سزادانی نەوە شۆڕشگێڕ و بزێوەکانی ئەم شارە کردیان، ئەگەر ئێمە بمانەوێت جینایەت و سزا قورس و سووکەکانی حکومەتی عێراق هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا بەرامبەر بە سلێمانی یادداشت بکەین ئەوە نەک لەم وتارەدا جێی نابێتەوە بەڵکو پێویستمان بە دنیایەک کاغەز و بە ئۆقیانووسێک مرەکەب هەیە، چوونکە لە چاوی حکومەتەکانی عێراقدا هەر لە پاشایەتییەوە تاوەکو بەعس سلێمانی سەری مارەکە بوو کە هەمیشە یەکەم چەخماخەی مەشخەڵی شۆڕش لەم شارەوە سەرتاپای کوردستانی رووناک دەکردەوە و دەلەرزاند. هەتا ئێرە رەنگە ئاسایی بێت داگیرکەرانی کوردستان و نەیارانی سەربەخۆیی کوردستان بەو دڕندایەتییەوە پەلاماری سلێمانی بدەن و دانیشتووانەکەی سزا بدەن.

کاتێک نائاساییە هێزێکی سیاسیی وەک یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە کوڕی

منداڵدانی شارەکەیە و لە هەناوی ئەودا و لە کوچە و کۆڵانەکانی ئەودا گەشەی کرد و بووە هێزێکی کارای گۆڕەپانی سیاسیی، لەبری قەرەبووکردنەوە و پێشخستنی، سزای بدات! ئەوەتا یەکێتی نەک هەر خەڵکی شارەکە لە هەرەمی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی شارەکە بەشدار ناکات، بەڵکو شار لە بێ خزمەتی و لە فەرامۆشکردندا سزا دەدات، ئەوەتانێ سلێمانی لە شارێکی پێشکەوتوو و راقییەوە بووە بە گوندێکی وێران و خەرابستان. خۆ سزادان هەر تەنیا کوشتن و لەناوبردنی فیزیکیی نییە، دارنینی رۆحی سەرچڵیی و لەناوبردنی کولتووورە جوانەکان و وێرانکردنی ژیانی نەوە نوێکان و فەرامۆشکردنی جوانیی شارەکە و نەگەیاندنی دەستی خزمەتگوزاریی بە شارێکی وەک سلێمانی ئەگەر سزادان نەبێت چیترە؟. لەو سۆنگەوە دەتوانین ئەوە بێژین لەوەتی سلێمانی هەیە بەردەوام لەسەر رۆحە یاخییەکەی و چاو بڕینە پاشەڕۆژێکی رووناک سزا دەدرێت، تاکە جیاوازییەکەش لەوێدایە جاران بێگانە سزای دەدا، بەڵام ئێستا ئەوانەن رۆژانێک بوو بە شارەکەیان دەگووت (شارە حەیاتەکە).

### سلێمانی سزای یەکێتی دەدات

تێزێک هەیە و تا راددەیەکیش نزیکە لە راستییەوە، ئەو تێزە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو هێزە سیاسییەی سلێمانی بە دەستەوە بوو ئەوە لانیکەم باشووری کوردستانی بە دەستەوەیە. بەهێزیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە رابردوودا وەک رێکخراوێکی شۆڕشگێڕ و هێزێکی سیاسیی بەشێکی پەیوەندیی هەبووە بەوەی سلێمانی کۆنترۆڵ کردبوو، بە دەربڕینێکی تر سلێمانی ببووە چاوگی هێز و قەڵای یەکێتی بۆ زیاتر لە سی ساڵێک. ئەو کارەسات و نەهامەتییانەی لە سی ساڵی رابردوو بەسەر یەکێتیدا هاتن هەر لە شەڕی حکومەتەکانەوە تا پیلانگێڕییە هەرێمی و نێوخۆییەکان بۆ لەناوبردنی، ئەگەر بەسەر هەر پارتییێکی تردا هاتبان ئەوە دەمێکە بوو ناوی لە ژیاندا رەش ببووەوە، بەڵام یەکێتی بە پشتیوانی شاری سلێمانی و بە وەرگرتنی نەفەسی ژیان لەو شارەوە بەسەر هەموو کۆسپ و هەوراز و کەندەڵانەکاندا بە سەرکەوتوویی تێپەڕی تا ئەوەی مام جەلالی لە وێستگەی سەرۆک کۆماریی عێراق دانا. بە کورتییەکی یەکێتی بە هەموو شێوەیەک قەرزاری سلێمانی و خۆبەختکاریی نەوەکانی ئەم شارەیە و بەبێ سلێمانی و نەوە یەک لە دوای یەکەکانی

نەدەکرا هێزێک بە ناوی یەکێتییەوە لە بووندا هەبووایە.

هەروەک پێشتریش پەنجەم بۆ راکێشا یەکێتی لە دوای وەرگرتنی دەسەڵات «١٩٩٢» هەتا ئێستا نەک هیچ پاداشتێکی سلێمانی نەداوەتەوە، بگرە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە تەواوەتی فەرامۆشیکرد و بە هەموو شێوەیەک سزای دەدا، ئەمەش دووجار مایەی نارەزایی خەڵکی شارەکە بوو: یەکەم وەک هاووڵاتییەکی دانیشتووی کوردستان خزمەت ناکرێن. دووەم: وەک سلێمانی کە ئەجری زۆریان لەسەر یەکێتییە لە بری پاداشتدانەوە سزا دەدرێن. ئەم جارە سلێمانی لە ٢٥-٧-٢٠٠٩ جامی توورەییەکانی چووە حاڵی رژانەوە و بە رێگایەکی دیموکراتی، یەکێتی سزا دا و دەنگی خۆی لەهەڵبژاردندا بە لیستی گۆڕان دا. من پێشتر ویستم بنووسم سلێمانی تۆڵەی لە یەکێتی کردەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کولتووری تۆڵە ریشەیەکی خێڵەکیی هەیە و فینۆمینێکی سەردەمی رەوەندییە، نەمویست بڵێم «تۆڵە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە»، چوونکە لە دیتنی خێڵەکیدا هۆز و خێڵەکان بەرپرسن لە تۆڵەکردنەوە نەک یاسا و رێگەی شارستانییەکان، بەڵام دەنگ نەدانی سلێمانی بە یەکێتی بە رێگەیەکی ئاشتیی و شارستانی و دیموکراتی بوو. من ناڵێم پرۆسەکە دیموکراتی بوو بەڵکو دەڵێم ئامرازەکە کە هەڵبژاردنە ئامرازێکی دیموکراتی و سەردەمانەیە. بۆیە سلێمانی ئەم جارەش رەشەبایەکی تری هەڵکرد و ئاوێزانی زریانی گۆڕان بوو. من لەوە دڵنیام سلێمانی هەتا سەر لەگەڵ ئەو هێزەشدا نامێنێتەوە کە ئێستا ناوی «گۆڕان»ە، ئەگەر ئەو هێزە بەردەوام خۆی نوێ نەکاتەوە و پێ بە پێی قۆناغەکان نەڕوات و لەگەڵ رۆحی سەردەم خۆی نەگونجێنێت.

دوای هەژدە ساڵ لە راپەڕینی ئازاری ١٩٩١، بۆ جاری دووەم سلێمانی بەشێوەیەکی ئاشتییانە و هاوچەرخانە راپەڕی، جاری یەکەم راپەڕی بۆ وەدەرنانی بێگانە و لە رەگەوە دەرکێشانی ستەمی نەتەوایەتی، جاری دووەمیش بۆ بنبڕکردنی گەندەڵیی و مافیایی دەسەڵات و چێکردنی دادی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی یاسا و یەکسانی تاک وەک هاووڵاتییەکی رەسەنی وڵات. سلێمانی لە٢٥-٧-٢٠٠٩ مەسجێکی نوێی دا بە گوێی سەرجەم بزووتنەوە و هێزە سیاسییەکاندا کە جارێکی گەڕاوەتەوە بۆ ماکی رەسەنی خۆی و هەروا بەردەوامە لە سەرمەشقبوونی هەموو ئاڵوگۆڕێکی خێرا و نوێ. دواجار پێی وتین سلێمانی دێوێکی نوستووە لەگەڵ هەر بە خەبەرهاتنەوەیەک بێگومان پەرچوویەک دەخوڵقێنێت.

## وتەیەک لە کۆتاییدا

ئەگەر چەند کاتژمێرێک کات بە دیار خوێندنەوەی دیرۆکی سلێمانییەوە بسووتێنین، ڕاستییەک هەیە هەرگیز ناتوانین خۆمانی لێ ببوویرێن: سلێمانی شارێکی پڕ جموجۆڵ و یاخیگەرە و هەمیشە دەرگاکانی واڵایە بۆ وەرگرتنی بیر و ڕوانگەی نوێ و بەردەوامیش ئامادەیە بۆ خۆ تازەکردنەوە و بیناکردنەوەیەکی نوێی خودی خۆی. (ئەوەتەی شاری سلێمانی دروستکراوە، لە نێو گۆمی خوێن و فرمێسکدا نقووم بووە، بەڵام هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوی ڕۆڵەکانی نەنوستووە، ئەگەر نووستبێتیش، دڵی بەخەبەر بووە، بۆیە سەری سنەوبەری سەوزی، باڵای بەرزی شار نەچەمیوەتەوە، جەستەی لە خوێن هەڵکێشراوی نەمردووە و ناشمرێ، مەگەر وەک درەخت بیبڕنەوە و بە پێوە بمرێ) «١٦». سلێمانی لە٢٥-٧ جارێکی تر ئیسپاتی کرد هەرگیز نانوێ و چاو داناخات لە حاست تەراتێنی گەندەڵکاران و ئەوانەی کوردستان لە باخی جەننەتەوە دەکەن بەشیوی وەیلی دۆزەخ.

پەڕاوێز:

١- جەمال بابان «سلێمانی شارە گەشاوەکەم»، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغداد ١٩٩٢، ل ١٢-٢٤.

٢-محەمەد ئەمین زەکی بەگ «تاریخی سلێمانی وە وڵاتی»، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، سلێمانی ٢٠٠٦، بنکەی ژین، لاپەڕە ٦٦.

٣-د.حوسێن محەمەد عەزیز «شەکرە شارەکەم سولەیمانی»، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣، لاپەڕە ١١٩.

٤- کلودیۆس جیمس ریچ «گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠»، و:محەمەد حەمەباقی، چاپی یەکەم، تەورێز ١٩٩٢، لاپەڕە ١٠٥.

٥-ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی «شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە»، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٢، لاپەڕە ٩٧.

٦-مامۆستا جەعفەر «شاری سلێمانی ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠-١٩٢٠»، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٠٥.

٧-عبدالرزاق الحسنی «تاريخ الوزارات العراقية»، الجزء الثالث، الطبعة السابعة، بغداد ١٩٨٨، ص ١٥.

٨-فاتح رەسوڵ «بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لەکوردستان»، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٥، لاپەڕە ٢٨٢.

٩-د.ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی «شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی– سیاسییە»، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٨، لاپەڕە ٨٥.

١٠-کریس کۆچێرا «کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا»، و:حەمەکەریم عارف، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٤، لاپەڕە ١٦٩.

١١-دیڤید ماکداول «مێژووی هاوچەرخی کورد»، و:ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣، لاپەڕە ٦٠٥.

١٢- عەلی خالید حەمید «کاکەمەم بۆتانی» (لە دووتویێی یادداشتی شاردا)، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٣، لاپەڕە ١١٦.

١٣-مەیجەر سۆن «سلێمانی ناوچەیەک لە کوردستان»، و:مینە، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧، لاپەڕە ٤٠.

١٤-د.حوسێن محەمەد عەزیز «شەکرە شارەکەم سولەیمانی»، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣، لاپەڕە ١٢٥.

١٥-رەفیق حیلمی «یادداشت» چاپی سێیەم، سلێمانی ٢٠٠٣، لاپەڕە ٥٧.

١٦-حوسێن محەمەد عەزیز «برایەتی درۆزنانە»، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٥، لاپەڕە ٢١٧.

*ئیبراهیم پاشا کوڕی ئەحمەد کوڕی خالید پاشای بابانە و ساڵی ١٨٧٣ لە جێگەی مامی بە میری بابان دانراوە و تا ساڵی ١٨٠٠ واتە بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ میری بابان بووە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٦٦)ی گۆڤاری (نێوەند) لە مانگی ئابی ٢٠٠٩ بڵاوبووەتەوە.

# جولەکە لە روئیای عەرەبی و کوردییدا

لەم دواییانەدا و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی (سایمۆر هێرش) لە (نیۆرکەر) لەمەڕ تەواجودی ئیسرائیلییەکان لە کوردستان، میدیا عەرەبییەکان ئەم هەواڵەیان قۆستەوە و بووە ئەرتیکلێکی گرنگ بۆیان تا دوژمنایەتی گەلی کوردستانی پێ بکەن و شەقامی عەرەبیی هان بدەن بۆ دژایەتیکردنی کورد، سەرکردایەتی سیاسیی کورد و میدیا حزبیی و سەربەخۆکانیش بێدەنگیان لە بەرامبەر ئەم حەملەی راگەیاندنە هەڵبژارد و هیچ دەنگیان لێوە نەهات، جگە لەو دەنگە نوزەڵەیەی سەرکردایەتی کورد کە جاروبار بۆ پاکانەکردن بەرز دەبێتەوە. من کارم بەسەر ئەوەوە نییە هەواڵەکەی ئەو رۆژنامەنووسە راستە یان نا، من دەپرسم بۆچی کورد هێندە سڵ لە جولەکە دەکاتەوە؟ بۆچی ئەوەندە پاکانە بکەین لە بەرامبەر عەرەب؟ ئاخۆ ئێمە مافمان هەیە چاودێریی عەرەب بکەین دۆستی کێن و دۆستی کێ نین یان دەتوانین فشاریان بخەینە سەر چۆن دیپلۆماسیەتی خۆیان دادەرێژن؟ ئەی کەواتە ئەوان چۆن ئەو مافەیان هەیە؟ لێرەوە هەوڵ دەدەین رۆشنایی بخەینە سەر روئیای عەرەبی و کوردیی لە بەرامبەر جولەکە و کاریگەریی سیاسیی و فەرهەنگی عەرەب لەسەر کورد دەربارەی روانین لە جولەکە.

## روانگەی پان ناسیۆنالیزمی عەرەبیی

لە دیدی ناسیۆنالیزمی پەڕگیرانەی عەرەبەوە جولەکە یەکەمین مەترسییە بۆ سەر قەوارەی عەرەب، چوونکە بە بڕوای ئەوان جولەکە لە کەمیندایە بۆیان و دەیەوێ کار لە دەسەڵاتەکانیان بکات و یەکێتی وەهمیانەی عەرەب بەرەو لاوازیی و لەناوبردن ببات. هەروەها کێشەی فەلەستین کە لە راستیدا بووە بە کێشەی هەموو عەرەب ئەو رقەی ئەستوورتر کردووە کە لە بەرامبەر جولەکە هەیانە،

بەڵام دەبێ بگوترێ ململانێ و شەڕی جولەکە- عەرەب شەڕێک نییە سەرەتاکانی بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم و کاتی بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسرائیل، بەڵکو رەگ و ریشاڵێکی سەدان ساڵە و بگرە هەزار و چوار سەد ساڵەی هەیە، رەنگە لەو ساتەوەختەوە دەست پێ بکات پێغەمبەری عەرەب (محەمەد) جووەکانی (یەسریب) بە نەفرەت دەکات و بە تۆمەتی ناپاکی و پیلانگێڕیی هەر سێ هۆزە جووەکەی ئەو شارە لە زێدی دێرینی خۆیان وەدەر دەنێ، دیارە ئەمەش لە رێگەی توندوتیژییەوە بووە، هەر بەپێی ژێدەرە مێژووییە ئیسلامییەکانی خۆیان لەو هەڵمەتانەدا سەدان جولەکە»بەنی قورەیزە» زیندە بە چاڵ کراون و ژن و سامانیان بە غەنیمە گیراوە و تاڵان کراوە، دواتریش پێغەمبەر (محەمەد) وەک سەرلەشکری سوپایەکی بەدەوی دڵڕەق چۆتە سەر تاراوگەکەیان لە قەڵای خەیبەر، لەوێش کوشت و بڕی لێکردوون و بە ناچاریی ئەوە جێگایەشی پێ بەجێهێشتوون.

ئەمە دەریدەخات ئەو ململانێیە ریشە و باکگراوندێکی مێژوویی هەزار و چوارسەد ساڵەی هەیە و هەنووکەش هەمان شت بە ناوی کێشە و دۆزی فەلەستینەوە درێژەی پێدەدرێت، لێ بە تێگەیشتنی من دەوڵەتانی عەرەبی هەر خۆیان رێگرن لە بەردەم چارەسەربوونی قەیرانی عەرەب- ئیسرائیل بە رێگەی ئاشتی، چوونکە مانەوە و رەوایی سیاسیی دەوڵەتەکانیان بەندە بە مانەوەی ئەو کێشەیەوە. ئەوان (واتە دەوڵەتە عەرەبییەکان) دەوڵەتگەلێکن بە ناوی پاراستنی خاکی عەرەب و بەرگرییکردن لە ناسنامەی عەرەبیی فەلەستین کۆنترۆڵی دەوڵەتیان کردووە بەشێوەیەکی دیکتاتۆریی و پادشایی رەها، لەسەرێکی ترەوە لەگەڵ چارەسەربوونی کێشەی فەلەستیندا کە دەبێتە هۆی کرانەوەی دەروازەی دیموکراتی لە ناوچەکەدا، فاکتۆرێکی بەهێز دروست دەبێ بۆ لە بەریەک هەڵوەشان و پووچەڵبوونەوەی ئەو بنەما و پاساوانەی رەوایی داوە بە دەسەڵاتی درێژخایەن و دیکتاتۆرییانەی دەوڵەتانی عەرەب.

ئەوساش شەڕەکە دەچێتەوە نێو ماڵی عەرەب خۆی، واتە شەڕی دیموکراتیزەکردنی ناوخۆ و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە جیاجیاکانی کۆمەڵانی خەڵک و هەوڵدان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێکی مەدەنی و ئاسایی کە تیایدا هاووڵاتیان ماف و ئازادییەکانیان دەستەبەر بکرێ و بە یاساش زامن بکرێ، ئەو کات تاکی عەرەبیی ئامادە نییە ئازادیی و مافە سەرەکییەکانی دوا بخات، چوونکێ هیچ هۆکارێکی ماقوڵ

و بابەتی بەدیناکات بۆ ئەو دواخستنە. بە هیچ پاساوێکیش ملکەچ نابێ تا دەوڵەت خەمساردانە بە دیار مافە خوراوەکانییەوە بوەستێ، لەم حاڵەتەدا تاکی عەرەبی خۆی رادەپسکێنێ لە ستەمکاریی دەسەڵات و داوای ماف و ئازادییە کەسییەکانی خۆی دەکات، دەوڵەتانی عەرەبیش بۆ خۆدزینەوە لەمە و خەفەکردنی دەنگە ناڕازییەکان هەمیشە تاکەکانی گەل بە دوژمنێکی هەمیشەیی و داتاشراو دەترسێنن و زوو زووش وەبیریان دەخەنەوە، لەم نێوەندەشدا چاکترین و نزیکترین دوژمنیشیان هەڵبژاردووە بۆ ئەم کارە، ئەویش گەلی جولەکە و دەوڵەتی ئیسرائیلە.

## روانگەی پان ئیسلامیزم

ئیسلامگەراکان کە توخمێکی بنەڕەتیی و بەهێزی جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبن، بە دید و شێوەی تر لە دیدی ناسیۆنالیزم کاریگەرییان هەیە لە قووڵکردنەوە و وێناندنی شەیتانیانەی جولەکە، ئیسلامگەراکان کە نوێنەرایەتی جەمسەری کۆنسەرڤاتیزمی کۆمەڵ دەکەن و بەرگریی لە عادات و نەریتی کلاسیکی و باوی عەرەبی دەکەن و وەک نەریتی ئیسلام دەیبیننەوە، بەردەوام لەسەر ئەم وەتەرانە کار دەکەن و ئیحساساتی تاکی عەرەبی بۆ دوژمنایەتی جولەکە دەورووژێنن. روونتر بڵێین، بۆ نموونە ئیسلامگەراکان دەزانن کۆمەڵی عەرەبی بە توندیی پابەندە بە چەمکی ئەخلاقەوە، دیارە ئەخلاقیش لە روئیای تاکی عەرەبیدا بەستراوەتەوە بە جەستەی مرۆڤ و ممارەسەی سێکسەوە، ئیسلامگەراکان دێن پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاو دەکەنەوە جولەکە و زایۆنیزم لە پیلانی بەردەوامدان بۆ دروستکردنی فەسادێکی ئەخلاقیی لە کۆمەڵگە ئیسلامیی و عەرەبییەکاندا.

جگە لەوەش ئیسلامگەراکان بەو پاساوەش رۆشنبیریی و شارستانی رۆژئاوا رەت دەکەنەوە کە سترۆکتۆری ئەو رۆشنبیرییە جولەکەی لە پشتەوە وەستاوە! ئەمەش مانای وایە رۆشنبیرییەکی لە خشتەبەرە، (د.فەرەج عەلی فۆدە) نموونەیەکی جوان لەم بارەیەوە دەهێنێتەوە کە چۆن ئیسلامگەراکان دەیانووت جولەکەکان دەڵێن مارکس و داروین و فرۆید هەرسێکیان لە خۆمانن و بۆ بەلاداریێبردنی خەڵکانی تر دروستمان کردوون!. ئیسلامگەراکان بەرگ و پۆشاکی ئاینیی دەکەن بە بەری کێشەی نەتەوەیی و جوگرافیی نێوان عەرەب- جولەکە، ئەوانەی لە ئۆرشەلیم خۆیان بە کاروانی سوپا و هاووڵاتیانی سڤیلدا دەتەقێننەوە بە هاواری (الله اکبر) کارەکە

ئەنجام دەدەن و بە ئەرکێکی ئەخلاقی و ئایینی دەزانن و وەک شەهیدبوونیش چاو لەو وەحشیگەرییە دەکەن.

ئیسلامگەراکان تەگەرەی یەکەم و سەرەکی و دیاری شکستپێهێنانی هەوڵ و هەنگاوەکانی ئاشتین، ئەوان لە هەر چوار لای دنیای عەرەب و ئیسلامییەوە بە ناوی فەلەستین و دوژمنایەتی جولەکەوە هاریکاریی ماددیی و لۆجیستی دەکرێن. هەر لە بەرئەوەشی ئیسلامگەراکان بە چەشنی دەوڵەتە عەرەبییەکان رەوایی و شەرعیەتیان لەو کێشەیەوە وەرگرتووە، مانەوە و بوونیان بەستراوەتەوە بە بوون و مانەوەی کێشەی عەرەب- ئیسرائیلەوە. راستییەکی حاشا هەڵنەگریش هەیە ئەگەر دوژمنایەتی جولەکە و رۆژئاوا (کە بە لای ئەوانەوە داینەمۆکەی جولەکەیە) نەمێنێ ئیسلامگەراکان ناتوانن بۆ تەنیا یەک خولەکیش لە ژیاندا هەناسە بدەن، کەواتە ئیسلامگەراکان شەڕی مان و نەمانی خۆیان دەکەن.

## بیردۆزی موئامەرە و عەقڵی کلاسیکی عەرەبیی

بەشێک لە رۆشنبیرانی عەرەب، ئەوانەی ناسیۆنالیزمی پەڕگیرانە بەرچاوی لێڵ نەکردوون دەرکیان بەوە کردووە یەکێک لە ئیشکالییەتە ناوەکی و سایکۆلۆژییەکانی گەلی عەرەب وێنەکێشانی دوژمنێکی یۆتۆپی و وەهمییە، ئەمە جۆرە ترسێکە و بۆتە بەشێک لە ئەقڵ و ئایدیا و بیرکردنەوەی گشتیی عەرەب، هەر ئەم ئیکشالییەت و عەقڵییەتە کلاسیکییە وای لێکردوون بە چاوێکی دوژمنکارانەوە سەیری هەموو ئەوانی تری غەیرە عەرەب بکەن و بە مەترسیی لەسەر خۆیان لە قەڵەمی بدەن، ئەم ئیشکالییەت و فۆبیایە زیاتر بەرامبەر بە ئیسرائیل و رۆژئاوا و لۆبی جولەکە لەوێ دورست کراوە، هەر وەک بە بەرجەستەیی دەیبینین عەرەب لە خەیاڵدانی خۆیدا جگە لە وێنایەکی ئەهریمەنانە ناتوانێ تابلۆیەکی تری جولەکە و رۆژئاوا ببینێت، ئەم گرێ دەروونییە ئاڵۆزە لە هەموو چێوەکانی ژیانی سەرجەم ئەندامانی گەلی عەرەب رەنگی داوەتەوە و رەگی داکوتیوە.

بە پێی تێگەیشتنی هەندێک لە رۆشنبیرانی عەرەب بە تایبەتی ئیسلامییەکانی چەشنی (سەید قوتب و محەمەد قوتب و فەتحی یەکون و عەفیف عەبدولفەتاح تەبارە و تاد..) جولەکە لە هەوڵی بەردەوامدایە و داوی بەردەوام دادەنێ بۆ لەناوبردنی عەرەب و ناشیرینکردنی رووی ئایینی ئیسلام. لە راستیشدا زۆر پێم سەیر بوو

کاتێک ئەوەم خوێندمەوە عەرەبەکان نەسرانییەت (بەپێی وتەی ئەوان) بە بەشێک لەماسۆنییەت حسێب دەکەن و ماسۆنییەتیش بە لقێکی کارای زایۆنیزم لە قەڵەم دەدەن!!، چوونکێ ئەمە شتێکە ناچێ بە عەقڵی هیچ کەسێکدا کە دوو ملیار مەسیحی لە جیهاندا داردەست و شاگردی ٨-٩ ملیۆن جولەکە بن، ئەمە هەر وەک ئەوە وایە بڵێین فلانە کوڕ حەوت ساڵ لە باوکی بە تەمەنترە.

ئەم بیردۆزی موئامەرەیە کە لەوانەیە کەمترین حەقیقەتی تێدا بێت لە واقیعدا دەوڵەتە عەرەبییەکان و ئیسلامگەراکان بە مەبەستی درێژکردنەوەی بوونیان لە بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامیدان، ئەوان ناتوانن بەبێ داتاشینی دوژمن بژین، چوونکە دوژمن دروستی کردوون و شەرعییەتی بەبوونیان داوە. لەوانەیە هەندێک ڕەوایی هەبێت لەو ڕقە ئەستوورەی عەرەب بەرامبەر جولەکە هەیەتی، بەڵام دیسان دەبێت هێما بۆ ئەوە بکرێ ئەوە دەوڵەتانی عەرەبن نان بەم مەسەلەیەوە دەخۆن و خەڵکی بێ ماف و بێبەش لە سەرەتاییترین ممارەسەی ئازادیی، سەرقاڵی ئازادیی فەلەستین دەکەن و بە تلیاکی هەبوونی موئامەرەی دەرەکی نەشە و سەوداسەرییان دەکەن تاکو نەزانن چی دەگوزەرێت لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ملهوڕ و تۆتالیتاریی سەرانی عەرەبدا، تا ئاگادار نەبن چۆن سەروەت و سامانی وڵاتەکانیان لە خزمەتی سەرانی دەسەڵاتدا تەخشان و پەخشان دەکرێت.

سەدام حسێن یەکێک لەو سەرکردانە بوو دەیویست لە ڕێگەی بەکارهێنانی کێشەی فەلەستین و سەفسەتەی هەبوونی پیلانی بەردەوامی جولەکە لە دژی عەرەب ببێتە سیمبولێکی نەتەوەیی و گشتگیری عەرەب، هەر بە ناوی پاراستنی یەکێتی عەرەب و موئامەرەی ئیمپریالیزمی کوڕی شەرعی زایۆنیزم شەرعیەتی دابوو بە دەسەڵاتی سەرکوتکارانەی خۆی، هەر ئەمەش وای لێکرد بەو هەموو ستەمکارییەی خۆیەوە زۆرترین هـەوادار و لایەنگری هەبێت لە هەر چوار لای عەرەبییەوە و ئێستاش بەشێک لەوانە بە ناوی (موقاوەمە)وە لە عێراق دژ بە هاوپەیمانان دەجەنگن. ئەرکی ڕۆشنبیرانی عەرەبە هەوڵبدەن بۆ گۆڕینی ئەو خەیاڵدانە عەرەبییەی بە وەهمی دوژمن و بیرۆکەی موئامەرە ئاخنراوە، وەلێ ئەمە پێویستی بە زەمەن و شۆڕشێکی سەرتاپاگیر هەیە، بەڵام کاری نەکردە نییە، ڕۆشنبیرانی عەرەب لەسەر شانیانە کۆمەڵی عەرەبیی بەو ئاقارەدا بەرن بە چاوی لۆژیک تەماشای دەوروبەری بکات نەک بە چاوی گومان و ڕق و گرێی دەروونییەوە.

## جولەکە لە بەردەم چاویلکەی کوردییدا

ئەگەر بە چاویلکەی کوردیش لە جولەکە بڕوانین ڕەنگبێ لای ئێمەش هەمان ئیشکالییەت هەبێ لەلای عەرەبەکان هەیە، چوونکێ باکگراوندی ئەقڵییەت و ڕۆشنبیریمان عەرەبییە «هیچ نەبێت لە باشوور»، یان بە مانایەکی تر هزر و ڕۆشنبیریی و خەیاڵدانمان گەمەکردنە لە بازنە و خولگەی عەقڵییەتی عەرەبی و درێژکراوەی ئەوە. لە دیدگای تاکی کوردیشەوە جولەکە هەردەم وێنایەکی قێزەون و ناشیرینی هەبووە و هەرچی خوو و ڕەوشت و ئەدگاری ناشیرینی وەک ترسنۆکیی و بەدفەساڵیی و خۆپەرستیی و بێ ئابڕوویی هەیە دراوەتە پاڵیان. ئەگەر سەیری هەندێ ڕستە بکەین خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریدەهێنێ ئەو ڕاستییەمان لەلا ئاشکراتر دەکات، لە کوردەواریدا دەوترێت (خۆ من جولەکە نیم!!!) ئەم ڕستەیە لە کاتێکدا بەکار دەبرێت قسەکەر تاوانێک یان ناهەقییەکی بەرامبەر ئەنجام بدرێت، عەرەب وتەنیش (والعکس الصحیح) واتە ئەگەر جولەکە بوومایە شایستەی ئەوە بووم ئەو تاوانەم بەرامبەر بکرێت!!، ئەمەش ڕەواییدانە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێکی نێگەتیڤ بەرامبەر بە جولەکە، بێگوومانیش ئەمە زادە و هەڵقووڵاوی عەقڵی کلاسیکیی و داخراوی کوردییە هەروەک وتمان بارگاوییە بە پان ئیسلامیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەبی. ئەمە هەمان ئەو ڕاسیزمەیە هۆلۆکۆستی دروست کرد و هیتلەری بەرهەم هێنا لە ئەوروپادا.

نەزعەیەکی تری بێ مانای ئارییاییەکان و نەتەوە هیندۆ ئەوروپییەکان هەیە ناوی ئەنتی سامیزمە، بە شێوەیەکی هەمەجی و عەفەویی لەلای تاکی کوردیش بوونی هەیە. بەڵام کاتی پرسیارە دژە باوەکەیە، ئەویش ئەوەیە بۆچی ئێمە وەک کورد پابەندین بە ڕاددەی پەیوەندیی عەرەب بە جولەکەوە؟ ئەوان ئەگەر شەڕێکی مێژوویی و خوێناویی لە نێوانیاندا هەیە ئەی ئێمە چیمان هەیە؟ ئەگەر جولەکە بەوە تاوانبار دەکەین بەوەی دەستی هەبووە لە پیلانی نەگریسانەی ساڵی ١٩٧٥ی جەزائیر بۆ هەرەس پێهێنانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، ئەی بە چی پاساوی ئەو تاوانە بدەینەوە، کورد و سەلاحودینی ئەیوبی سەرکردەی کورد لە میانەی جەنگی دژی «خاچپەرستەکان»دا، ژمارەیەکی زۆری جولەکەشیان لەناو بردووە و لە زادگەی ڕەسەنیان لە فەلەستین دەریانپەڕاندوون.؟. کاتی ئەوەش هاتووە کورد لەلای خۆیەوە چاو بخشێنێتەوە بە ڕوئیای کلاسیکی خۆیدا لە بەرامبەر جولەکە،

چوونکێ ئیمڕۆکە چانسێکی باش لەبەردەم هەردوولادا هەیە زیاتر لێک نزیک ببنەوە و پەیوەندیی هاوبەش دروست بکەن.

## لێکچوون

زۆر کارەسات و رووداوی تراژیدیی هاوبەش لە نێوان کورد و جولەکەدا هەیە. هەردوولا «دوو کەمینە» بوون لە ژێر دەسەڵاتی عەرەبدا ستەمیان لێکراوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگیی لێکردووە، ئەوانیش هەروەک کورد تا سەرەتای سەدەی بیستەم بێ دۆست و پشت و پەنا بوون و تەنانەت بێ چیاش بوون، هۆلۆکۆست پرۆسەیەکە هەر لە ئەنفال دەچێت، ئەو دوو پرۆسەیە هەر ناوەکانیان جیاوازە ئەگەرنا لە واقیعدا یەک شتن، ئەویش قڕکردن و جینۆسایدکردنە، جولەکە بە عەقڵ و بیر و توانای ئابوورییان توانییان سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە کاتێکدا تا سەرەتای سەدەی بیستەم بێ پشت و پەنا بوون، تەنانەت خەونەکەی «هێرتزل» وەک یۆتۆپیا دەبینرا. کوردیش تەنیا بە بازووی خۆی هەوڵیداوە، بەڵام لە دۆستایەتی و پشتگیرییدا دەیان ساڵ دوای جولەکە ئاوڕی لێدرایەوە هەرچەندە ئەو ئاوڕدانەوەیە بەو شێوەیەی جولەکەکان نەبوو. جولەکەکان قوربانیانی دەمارگیریی و راسیزم و ستەمی نەتەوە سەر دەستەکان بوون، کوردەکانیش قوربانی هەمان شتن، جولەکەکان هەموو رێگاکانی لە ناوبردنیان لەسەر تاقیکرایەوە، کوردیش هەر بەو جۆرە هەوڵی لەناوبردنی درا (ئەنفال و کیمیاباران شاهیدە) کەواتە بەبێ ویستی هیچ لایەک کۆمەڵێک رووداوی مێژوویی وێکچوو هەیە لەنێوان کورد و جولەکەدا.

## بەرژەوەندیی هاوبەش

کورد ئێستا لە قۆناغی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی قەوارەی خۆیدایە و پێویستی زۆری بە دۆستایەتی و گرێبەندی هاوبەشە لەگەڵ دەوڵەت و گەلانی تردا، بە حوکمی ئەوەی هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان کەوتۆتە نێوان چەندین دەوڵەتی نەیار و داگیرکەر کە ئامادە نین مافی کورد لە چوارچێوەی وڵاتەکەیدا بە رەسمی بناسن چجای ئەوەی لەسەر ئاستێکی باڵا گرێبەند و پرۆژەی هاوبەشیان هەبێت، پێویستە کورد بە دوای دۆست و دەوڵەتی تردا بگەڕێت، یەکێکیش لە دەوڵەتە هەرە نزیکەکان لە کوردستانەوە ئیسرائیلە. بە بەراوورد بە دەوڵەتانی تری رۆژهەڵاتی

نێوین ئیسرائیل تاکە دەوڵەتی دیموکراتی و پێشکەوتووە لە ناوچەکەدا و دواڕۆژێکی ڕۆشن و ئاسۆیەکی گەشیش هەیە لە بەردەمیدا.

هەردوولا دەتوانن پێکەوە گرێبەندی بازرگانی و ئابووری ببەستن و پەیوەندیی نزیک و دۆستانەیان لەگەڵ یەکتر هەبێت!، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆ دادەنێت لەسەر باری سیاسیی و ئابووری کوردستان بە تایبەتی کە جولەکەکان خاوەنی سێ لەسەر چواری سەرمایەی هەموو جیهانن و خاوەنی بەهێزترین عەقڵییەتی بازرگانی و ئابووری بازاڕن. لە بواری زانست و تەکنۆلۆژیادا جولەکە یەکێکن لە نەتەوە پێشەنگەکان، لە بواری سیاسیشدا لۆبی جولەکە بە تایبەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاوەنی دەسەڵاتێکی بەرفراوانە و کاریگەریی و قورسایی خۆیانیان هەیە. دوای ئەوەش مەرج نییە کورد بە تەنێ لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندیی دۆستانەی هەبێت و گرێبەندی لەگەڵ ببەستێت، بەڵکو پێویستە لەگەڵ چەندین وڵاتی تر پەیوەندیی دۆستایەتی و بازرگانی و کۆنتراکتی ئابووری و سیاسیی هەبێت، نەک کورد پەیوەندیی لەگەڵ جولەکە بکاتە قوربانی ویستی عەرەب و ئاوەزی کۆنسەرڤاتیزمی کوردەواریی.

## دۆسێی فەلەستین و ئەدەبی بەرگریی کوردیی

ئەو دیمەنە توندوتیژانەی لە ڕێی شاشەی (تی ڤی)یەکانەوە دەیبینین گەلێک ڕاستن کە سەربازانی جولەکە بە چ جۆرێکی هۆڤانە سەرکوتی خەڵکی فەلەستین دەکەن، وەلێ ئەم حاڵەتانە پەرچەکرداره نەک کردار، بەڵام هێشتا ئەمە مانای شەرعیەتدان نییە بەو دڵڕەقییەی ئەرتەشی ئیسرائیل. ئەدەبی بەرگریی کوردیی پایە و ڕەگەزێکی هەره سەرەکی پێکهاتووە لە ئەدەبی دیفاعکردن لە فەلەستین جا لە شیعر و چیرۆکەوە بیگرە تاکو دەگات بە نۆڤلێت و ڕۆمان. هەروەها چەندان شۆڕشگێڕی کورد لە کوردستانەوە چوونەتە فەلەستین و دیفاعیان لەو وڵاتە کردووە، دروست بەپێچەوانەوە هەر فەلەستینییەکان بە تایبەتی ئەوانەی لە عێراق بوون دوژمنی سەرسەختی کورد بوون،. بڕوانن کاتێک مامەڕیشە چۆتە فەلەستین، سلێمانی لە ژێر حوکمی «ملازم محسین»ی فەلەستینیدا تاریکترین و ڕەشترین ڕۆژانی چەوساندنەوەی تێدا گوزەراوە. یان ئەو کاتەی شێرکۆ بێکەس قەسیدەی بۆ ئەریحا و کەرتی غەززە دەنووسی چەشنی غەسان کەنفانی، شاعیرە فەلەستینییەکان

بە شکۆی دیکاتۆرێکی وەک سەدامدا هەڵیاندەدا.

لە ئاستی رۆشنبیرانیشیاندا ئەوەتا (ئیدوارد سەعید) وەک لیبرالترین رۆشنبیری فەلەستینی، نکۆڵی لەوە دەکرد عێراق بە چەکی کیمیایی و قەدەغەکراو لە هەڵەبجەی دا بێت. لەلایەکی ترەوە ئەو مەرگەساتانەی بەسەر کورد هاتووە لە عێراق و ئێران و سوریا و تورکیا چەند جار زیاترە لەوەی فەلەستین، کەسێک نەبوو دیمەنی تراژیدیاکانی کورد بخاتە بەردەم ویژدانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، لوتکە و یەکێتی عەرەب بێدەنگی دایگرت، سەرانی وڵاتانی ئیسلامی دەمی خۆیان دووری، بگرە نەک هەر داکۆکییان لێنەکردین، بەڵکو وەک دوژمنی خوا و ئیسلام چەپڵەیان بۆ مەرگی هەزارانمان لێدا و لەسەر ئێسک و پروسکی ئەنفال زەماندەویان سەدامی قەعقاع دەگێڕا.

## کۆمەڵەی دۆستایەتی و هاریکاریی

یەکێک لەو کەناڵە گرنگانەی پەیوەندیی نێوان گەلان و نەتەوە ژێر دەستەکان دامەزراندنی کۆمەڵە و یانەی دۆستایەتی و هاریکاریی و یەکترناسینە، ئەمەش بۆ دروستکردنی فیدراسیۆنێکی فراوان لەنێوان ئەو گەلانەدا بۆ بەگژاچوونەوەی ستەم و توندوتیژیی لەسەر هەریەکێکیان، هەروەها دەبێتە رایەڵێکی بەهێز بۆ تێگەیشتن لە دۆخ و باری سیاسیی و ئابووری و کولتووریی هەر یەکێک لەو نەتەوە و کۆمەڵگانە، بۆ زیاتر سوود وەرگرتنیش لە ئەزموونی سیاسیی و فەرهەنگی یەکتر و لێک نزیکبوونەوەی زیاتر لە پێناوی ئامانجی هەر لایەکدا. ئەمڕۆش لە کوردستان هەلومەرجی دروستکردنی کۆمەڵە و یانەی لەم جۆرە هاتۆتە پێشەوە یان بە مانایەکی زەرورەتی ئەو یانە و کۆمەڵانە هاتۆتە پێشەوە.

یەکێکیش لەو گەلانەی دەبێت لە لیستی یەکەمدا بێت بۆ هەڵبژاردنی لەلایەن کوردەوە گەلی جولەکەیە، جگە لە جولەکەش هەقوایە ئەم هەنگاوە پەل بهاوێت بۆ لای گەلانی تری وەک ئەرمەن و ئاسوری و ئازەر و بەلوج و ئەمازیغی تاد.. هەموو ئەمانەش کارتێکردنیان هەیە لە گۆڕینەوەی دید و بۆچوونەکان و سوودوەرگرتن لە شارستانێتی و کەلەپوور و مێژووی یەکتر، لەم چوارچێوەیەشدا کورد دەتوانێت سوودێکی زۆر وەربگرێت لە ئەزموونی جولەکە لە پێناو دروستکردنی دەوڵەت و پرۆژەی نەتەوەسازییدا، دەتوانێت هەموو ئەو ئالییەتانە بناسێ بوونە مایەی رابوونی

گەلی یەهودیی و سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی لەلایانۆ.

## دانپیانانێکی شەخسیی

لەم چاپتەرەدا دەمەوێ دانپیانانێکی شەخسی خۆم بخەمەڕوو ئەویش ئەوەیە: من وەک تاکێکی کورد جولەکەم خۆشدەوێت (هەرچەندە ئەم وشەیە زۆر میللی و کلاسیکییە چوونکە لە سیاسەتی هاوچەرخدا دوو شت بوونی نییە: خۆشەویستی و مۆراڵ)، بەڵام من جولەکەم خۆشدەوێ وەک ئەوەی ئەوان پێشەنگی زانست و فەلسەفە و مەعریفە بوون، ئەوان توانییان بە ژیریی و دانایی خۆیان هاوڕەگەزەکانیان لە هەر چوار لای گێتی لە ژێر چەتری نیشتمانێکی نەتەوەییدا کۆبکەنەوە، من (هێرتزل)م خۆشدەوێت و حەزم دەکرد ئەو سەرکردەی من بوایە لە بری ئەو هەموو سەرکردە زۆرانەی کە هەر یەکەی چەند رۆژێکی ساڵ بۆ یادکردنەوەیان کراوەتە پشووی فەرمی و هیچیشیان بۆ کورد نەکردووە، حەزم دەکرد (مەناحیم بێگن) سەرۆکی وڵاتەکەم بوایە نەک ئەوانەی دەستیان سوورە لە خوێنی یەکتردا. مرۆڤایەتی قەرزاری جولەکەیە و چاکەیان هەیە بەسەر هەر یەکێکمانەوە، لەوە زیاتریش رەنگبێ جولەکە و هێزی جولەکە وای کردبێت ئێمە لەم بەشە نیشتمانەی خۆماندا وەها بە ئارامی و سەربەستی بژین، نازانم وایە یان نا؟ بەڵام زۆر گومانم هەیە جگە لە جولەکە بەرگریکارێکی ترمان هەبێت.

*ئەم وتارە بە دووبەش لە ژمارەکانی (١-٢)ی رۆژنامەی (میدیای کورد) لە رۆژانی ١١و٢٧ی مانگی ئازاری ٢٠٠٥ بڵاوبووەتەوە.

# هێشتا بۆنی خیانەت لە رۆحمان دێت لە پەراوێزی جاشیزمدا

رەسوڵ هەمزاتۆڤ لە کتێبە نایابەکەیدا (داغستانی من) دەنووسێت (زۆر جار لە دایکم دەپرسی: داغستان لە کوێیە؟ ئەو دایکە ژیرەم وەڵامی دەدایەوە: لە بێشکەکەتدایە!، لە پیاوێکی خەڵکی ئاندیایشیان پرسی: داغستان کەوتۆتە کوێوە؟ کابراش بە سەرسامییەوە بە دەوری خۆیدا روانی: ئەو گردە داغستانە، ئەو گیایە داغستانە، ئەو رووبارە، ئەو بەفرانەی بەو کێوەوەن، ئەوانە هەموو هەر داغستانن، ئەو هەورەیش بەسەر سەرمانەوەیە، ئایا ئەویش هەر داغستان نییە؟ کەواتە ئەی خۆریش بەو ئاسمانە بەرزەوە داغستان نییە؟ کابرای خەڵکی ئاندیا وەڵامی دایەوە و وتی: داغستانی من لە هەموو جێگایەکدایە!). ئەگەر بە چڕوپڕی لەو کتێبەی هەمزاتۆڤ وردبینەوە و رابمێنین، تێدەگەین داغستانییەکان وەها تێکەڵاوی خاکەکەیان بوون بە ئاستەم دەتوانن لێی جودا ببنەوە، داغستان بۆتە بەشێک لە بوونیان.

من بۆ یەکەم جار دوانزە ساڵ بەر لە ئێستا ئەو کتێبەم خوێندەوە، لەو ئانەوە هەردەم خەونم دیتوە بە لە دایکبوونی نەوەیەک یان نەسلێک لە مرۆڤی کوردستانی بەو رەنگە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتەکەیدا گرێ بدات کە هەمزاتۆڤ لەو پەرەگرافەدا هێمای بۆ کردووە، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان بەردەوام ژمارەی جاش و نیشتمانفرۆشان زۆر زێدەتر بووە لە ژمارەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستە رەسەن و راستەقینەکان. لە بەرەبەیانی دەرکەوتنی کوردیشەوە جاشێتی لەگەڵیدا دەرکەوتووە و هیچ ماوەیەکی مێژوویی نییە نەریتی جاشێتی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردیی جیا کردبێتەوە و لێی دابڕابێت. هەمیشە جاش میکانیزم و ماددەی خاوی دەستی نەیارانی ستراتیژیی و ئەبەدیی کورد بووە دژ بە خەونە نەتەوەییەکانی ئەم

گەلە، هەر بۆیە لە هەموو قۆناغەکاندا هەوڵی چڕوپڕی دەوڵەتانی ئەنتی کوردستانی بەدی دەکەین بۆ پەرەپێدان بە جاشیزم و ڕەواجدان بە جاش لە هەموو ڕوویەکەوە.

ئەگەر ئەو نموونانە باس بکەین کە لە بەردەستی ئێمەدان و بە مستەشار دەناسرێن، ئەمانە هەمووی جاشی مودێرنن، بەڵام بە ئاوڕدانەوە لە دوێنێ و مێژوو چەندانی وەک مەلای خەتێ و مەلا ئیدریسی بەتلیسی بەدی دەکەین کە وێنای کۆمەڵێک جاشی دێرینن یاخۆ باوکی ڕۆحی جاشەکانن. سەرلەنوێ قووتبوونەوەی جاش، هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە، چوونکە ئینتیمای نەتەوەیی لە حاڵێکی شڕ و پلەی سفردایە، لە دوای ئەو قۆناغەشی پێی دەوترێت ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ حزبۆکراتی و دەستەگەریی جێگەی چەمکەکانی کوردایەتی و نیشتمانپەروەرییان گرتەوە، هەست بەوەش دەکەین ئەم دوو زاراوەیەی دوایی بەرەو ئێکسپایەربوون و فەنابوون دەچن و چەمکەکانی کۆمپانیاگەریی و گەندەڵیی دەبنە باوترین دەستەواژەی کارپێکراو لە واقیعی ئێستای کوردستاندا.

بێگومان وەختێک بەها نیشتمانی و نەتەوەییەکان هەرەس دەهێنن خیانەتکردن دەبێتە ئاسانترین کار. جیا لەوەش وەک هێمام بۆ کرد جاشیزم لە دیرۆکی کوردیدا تازە نییە بەڵکو باکگراوندێکی قووڵی هەیە، بەڵام لێنەپێچینەوە لە هەموو ئەو سەرەک جاشانە (سەری مارەکە)ی دەستیان بە خوێنی هاونیشتمانیان سوورە و بەشداربوون لە کۆمەڵکوژیی و ئۆپەراسیۆنی ئەنفال و تاڵانکردنی وڵاتدا و بە درێژایی قۆناغەکان لە بەرەی داگیرکەراندا بوون، کارێکی وەهای کردووە جاشێتی جا بۆ هەر دەوڵەتێکی نەیار بێ نەک مەترسیی لەسەر نابێ بەڵکو بە کردەیەکی تەواو ئاسایی لێی بڕوانرێت. کێڵگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی کوردستان هێندە بە پیت و بەرەکەتە، هەر زۆر زوو بە تەرزە و بارانێکی خیانەت هەزارەها جاش لە شوێنی خۆیانەوە سەوز دەبن و وەک قارچک هەڵدەتۆقێن، لەگەڵ دەنگی هەر دووزەلەیەکی نەیاراندا بە هەزاران ڕەشماری جاش لە کون دێنە دەرێ، لەگەڵ هەر دەهۆڵ کوتینێکی حکومەتە دوژمنەکانی کورد سەدان سەرۆک جاش موچڕکە بە گیانیاندا دێ و دەکەونە شان هەڵتەکاندن و سەرچۆپی گرتن و هەڵپەڕکێ.

کاتێک حزب جێی بە نەتەوە لێژ دەکات ئەوە نەتەوە نەک هەر بەهای نامێنێت، بەڵکو خیانەتکردنیش لێی هیچ سزا و لێپرسینەوەیەکی لەسەر نییە، هەر لە سترۆکتۆر و دێرینەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات کوردایەتی تەنیا دروشم و قسەی باق و بریق بووە

دەنا کوردایەتی وەک عەقڵیەت و ستراتیژیەتێکی ناسیۆنالیستی نەخەملیوە، ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حزبەکان ئەوە بوو پەرە بدەن بە دیدی نەتەوەیی و پاکژی بکەنەوە لە ژەنگ و خڵتەی حزبگەریی و دەستەگەریی و بنەماڵەگەریی، بەو مانایەی بە پێی ریزبەندیی، نەتەوە لە پێش حزب و دەستە و هەموو بەرژەوەندییەکی تاکە کەسییەوە بێت، بەبێ ئەنجامدانی ئەم کارە مەترەح نییە جاشیزم کۆتایی پێبێت، بەڵکو لە هەر چرکەیەکدا ئامادەیە بۆ سەرهەڵدانەوە، من جاشیزم دەچووێنم بە ئیسپرینگێک تا چەند لە ژێر فشاردا بچەمێتەوە لەگەڵ نەمان و لاچوونی پاڵەپەستۆی سەری زۆر بە توندیی و خێرایی دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی پێشووی.

بە دیدی من جاشێتی لە مێژووی کورددا قۆناغ قۆناغ و پچڕ پچڕ نییە، تا دابڕان لە نێو ئەو قۆناغانەدا هەبێت، بەڵکو وەک مار لە وەرزی کرێوە و نەهاتدا دەچێتە قۆناغی متبوونەوە و لە سەرەتای هەموو وەرزێکی خۆیدا کاژەکەی فڕێدەدا و بە دەمە تەژی لە ژارەکەیەوە ئامادەیە بۆ پێوەدان. بۆیە نابێت وا بزانین ئەو سەرچاوەیەی جاشیزم ئاوی لێ دەخواتەوە کوێر بۆتەوە، بەڵکو ئەزموونی خراپی دەسەڵاتی کوردیی بە درێژایی پانزە ساڵ ئەوەندەی تر ژیاندوویەتییەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە دوایین پلینۆمی (ی.ن.ک) بوو کە لەبری هەنگاونان بۆ ریفۆرم و نوێبوونەوە و بەهێزکردنی ئینتیمای نەتەوەیی لای کۆمەڵانی خەڵک بە گشتیی و نەوەی نوێ بە تایبەتی، هەموو قورسایی کاری خۆی خستە سەر پاککردنەوە و سپیکردنەوەی فایلی رەشی بەرپرسە خیانەتکار و فایلدارەکان!. دەشێ بڵێم ئەم پلینۆمە شامپۆ و دەرمانێکی موعەقەم (پاکژکەرەوە) بوو چڵک و پۆخەڵیی فایلدارەکانی لە نێو ئاپۆرە و شۆڕ و شەوقی چەپڵەرێزاندا شووشتەوە.

هەنووکە بەگوێرەی هەواڵی رۆژنامەکان (١) کۆنە جاشەکان لە هەوڵی خۆ رێکخستنەوەدان و ئامادەش بۆ ئەوە دەکەن لە هەوڵدان بۆ دروستکردنەوەی جاش لە بەرگ و پۆشاکێکی نوێدا (لەژێر ناو و چەتری حزبدا) (٢) ئەمە مایەی ئەوە نییە مشتومڕ لەسەر نیەتەکانی بکەین و بە سارد و سڕییەوە سەیری بکەین، دەبێت بە توندوتیژترین رێگە وەڵامی پێ بدرێتەوە، بۆئەوەی هیچ نەبێ ئەگەر تا ئەمڕۆش مێژوومان پڕ پڕ بووبێ لە خیانەت و نیشتمان بووبێتە مەنزڵگەی تەراتێنی جاشەکان، ئیدی نهۆ کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی پێبێت و ئەو نەریتە دزێو و قێزەونە لە رەگوڕیشەوە هەڵبکێشرێت. مەبەستی من لە رەگەوە هەڵکێشان توندوتیژیی نواندن

نییە بە قەدەر ئەوەی هێماکردنە بۆ کارکردن بۆ سەر لەنوێ بنیادنانەوەی کەسێتی نەتەوەیی کورد کە خیانەت ببێتە مەحاڵترین کار لەلای، هەر وەک ئەمە لەلای زۆرێک لە گەلانی تر بەرجەستە بووە، لێ لە ئاستی تاک و تەرادا جاشێتی و خیانەت کۆتایی نایەت، بەڵام زۆر گرنگە نەبێتە نەریتێکی بەربڵاو و گشتیی.

وەلێ ئەفسوس جاشەکانی ناو مێژووی کورد نەزۆک نەبوون و وەچەکانیان هەر لە ژماردن نایەن، ئەوەی بواری رەخساندووە بۆ ئەم وەچاخزادییەی ئەوان هەمیشە هەڵەی میر و حوکمڕانە کوردەکان لە دوێنێدا و حزبەکان لە ئەمڕۆدا بووە، کە هەردەم دەسەڵاتەکانیان ئاوێتەی خیانەت بووە، چوونکە هەر دوێنێ بوو ئەمارەتە کوردییەکان پێشی سوپای عوسمانلی و سەفەوی دەکەوتن بۆ لەناوبردنی یەکتر، ئەم مێژووە تاڵەش لە ئەمڕۆدا دە بارە بۆتەوە، لە نزیکەوە بینیمان لە شەڕی پارتی و یەکێتی دا جاشەکان ژێلەمۆ و داینەمۆی شەڕەکان بوون و حزبەکانیش هەمان ئەزموونی میرەکانیان دووبارە کردەوە لە راکێشانی دەستی دوژمن بۆ نێو خاکی وڵات. خیانەتی ٣١ی ئابی پارتی و هێنانی سوپای پاسداران لەلایەن یەکێتییەوە دوو نموونەی نزیک و زیندوون و دیوە کۆمیدییەکی دیرۆکی ئێمەن. هەروەک کارل مارکس لە پێشەکی «هەژدەی برۆمیری لویس پۆناپارت» دەڵێت: هیگل وتوویەتی کەسایەتی و رووداوەکان لە مێژوودا دووجار دووبارە دەبنەوە، بەڵام هیگل بیری چووە بڵێت جاری یەکەم بە شێوەی تراژیدیی و دووەم جار وەک کۆمیدیا. بۆیە ئەگەر شەڕی میرنشینە کوردییەکان لە رابرووردا بەدەست لە پشتدانی سەفەوی و عوسمانلی لەحزەی تراژیدیکی دیرۆکی کورد بێت ئەوە شەڕی بە وەکالەتی حزبەکانی باشوور بۆ ئێران و تورکیا دیوە کۆمیدییەکەی مێژووی کورد و جاشێتییە.

جاشەکان پشت ئەستوورن بە شێداریی و لە باریی زەمینەی سیاسیی و فەرهەنگی کۆمەڵگە و لێنەپرسینەوەیان چ لەسەر ئاستی تاک یان کۆمەڵ، بۆیە بێ سڵەمینەوە و راڕایی درێژەیان بە جاشێتی و خیانەتکردن داوە، رۆژێک قیبلەیان بەغداد بووە و رۆژێکی تر تاران، ئەمڕۆش خەریکە دەبێتە ئەنکەرا. لێرەوە پێویستی ئەوە دێتە پێشەوە، جاشێتی وەک دیاردە و ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی کوردیی سەیر بکرێ و ناوەندی لێکۆڵینەوەی جاشیزم دابمەزرێت بۆ شیکاریی و توێژینەوە لەمەڕ رەگوڕیشە سایکۆلۆژیی و سیاسیی و سۆسیۆلۆجییەکانی لە قووڵایی دیرۆکی نەتەوەییماندا. جاشیزم هەڵە و خیانەتێکی عەفەویی نییە لەنێو کورداندا بەڵکو وەک

پێشتر وتم ئایدۆلۆژیایەکە و هەمیشە شوێنکەوتووان و موریدی زۆری هەبووە. کاری ئەو ناوەندەیە پەنجە بخاتە سەر ئەو برینە سەرەتانی و نەخۆشییە کوشندەیە کە بۆچی لە هیچ بەشێکی مێژوویدا دیاردەی جاشێتی چۆڕبڕ نەبووە و نابێ؟ بۆچی جاشە کوردەکان بە فیکەی هەموو داگیرکەرێکی کوردستان دەکەونە سەما؟ بۆچی جاشێتی بەشێوەی بۆماوەیی و لە ڕێگەی جیناتەوە نەوە بۆ نەوە دەگوازرێتەوە؟.

دەبێت ئەوە دەستنیشان بکرێت فۆرمەکانی جاشێتی دەگۆڕێن، بەڵام ئەوی بە جێگیریی و ڕەهایی دەمێنێتەوە ناوەڕۆکە کۆنەکەی جاشێتییە کە بریتییە لە دژایەتیکردنی سەربەستیی کوردستان و لەباربردنی دەستکەوتە نەتەوەییەکانی. دەبێت بە دووی وەڵامی ئەو پرسیارەدا بچێت ئایا هۆی چییە جاشێتی لەنێو کورداندا زیاد لە هەموو گروپ و گەلێکی دیکە هەڕمێنی هەیە و تەشەنە دەکات؟. هەموو ئەم پرسیارانە پێویستیان بە وەڵامی ڕاست و دروست هەیە، بەبێ تێگەیشتن لە مانا و دەلەلات و فاکتۆرەکانی بە جاشبوون هەرگیز ناتوانین سەرەتای هەنگاو دەست پێبکەین بۆ کۆتایی پێهێنانی، بە بێ ناسینی خودی حاڵەتەکە چارەسەرکردن گەلێک زەحمەت و ئەستەمە.

لە بەرامبەر ئەوەشدا کاری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پارتە سیاسییەکانە پەرە بدەن بەدیدی نەتەوەیی بەپێی تێڕوانینە هاوچەرخەکان، هەروەها هەوڵدان بۆ ئاشتکردنەوەی گەنجان لەگەڵ مانا و دەلالەتە ناسیۆنالیستییەکان یان ئاشتکردنەوەی هاووڵاتیان لەگەڵ نیشتمان، کارکردن بۆ پێناسەکردنەوەیەکی نوێی چەمکەکانی نەتەوە و نیشتمان و کوردایەتی، کارکردن بۆ پەیمان نوێکردنەوەی بەردەوام لەگەڵ نەتەوە و نیشتمان، هەروەک ئارنست رینان دەڵێت (بوونی نەتەوە پابەندی پەیمان تازەکردنەوەیەکی ڕۆژانەیە). بێجگە لەمانە بەندی دەستووریی هەبێ لە دەستووری کوردستاندا بۆ سزادانی هەموو ئەوانەی دەبنە جاش یان دەیانەوێ لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت خیانەت لە وڵات و نەتەوەکەیان بکەن.

مەترسییەکی تریش کە لە دوور مەودادا دەیبینم، ئەوەیە ململانێ و ناکۆکییە حزبییەکانی پارتە کوردستانییەکان، دەگاتەوە بەوەی هەر حزبێک بابداتەوە بە لای دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستاندا، ناکۆکی پارتی و پەکەکە وا دەبینم سەرئەنجامەکەی مێزی گفتوگۆ نەبێت، بەڵکو سەنگەرگرتن بێت لە یەکتر بە پاڵپشتی ئەنکەرا و تاران. جیاواز لەمە یەکێتی زیاتر ڕووی لە عێراقە، یان بە مانایەکی تر

یەکێتی خۆی یەکلاکردۆتەوە بۆ عێراقچێتی و هیچ پرۆژەیەکی نوێی نەتەوەیی پێ نییە بۆ داهاتوو، باڵی نارازیش کە نەوشیروان سەرکردایەتی دەکات هەم خوازیاری عێراقن و هەم نزیکبوونەوە لە پارتی بە کارێکی خۆکوژانە لە قەڵەم دەدەن. ئەم ناکۆکیانە ئەگەر بەرووی یەکتردا بتەقنەوە کە ئەگەرێکی دوور نییە، ئەجیندای کوردیی دابەش دەکاتەوە بەسەر بەغداد- تاران لەلایەک و ئەنکەرا لەلایەکی تر. لەو بەستێنە سیاسییەشدا حزبەکان بیانەوێ و نەیانەوێ دەبنەوە جاشی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و زەمینەیەکی شێداریش بۆ نەزعەی جاشیزم کە ڕەگوریشەیەکی قووڵی هەیە دێتە ئارا.

بە کورت و کرمانجی مەترسییەک هەیە لە سەرهەڵدانەوەی جاش، لانیکەم پێویستە لە پەرلەمانی یاسایەکی نوێ دەربچێت بۆ تەحریمکردنی جاشێتی و قانوونەکەش تەنیا نەفرەت نەبێت لە جاشێتی بەڵکو سزادانیشی تیا بێت، هەروەک پەندە یۆنانییەکە دەڵێت (ئەو وشترەی ئارەزووی سەر شاخ بکات، ملی خۆی بە بڕین دەدات). تا ئەوەی ئێمەش وەک پەندێک و وتەزایەکی باوی لێبکەین ئەو کەسەی ئارەزووی جاشێتی و خیانەت بکات سەری خۆی بە بڕین دەدات (بێگومان مەبەستم لەسەر بڕین لە رووە مەعنەوییەکەوەیە، هەرچەندە سزای فیزیکیش بە هەڵە نابینم).

پەراوێز:

١- رۆژنامەی (میدیا) ژمارە (٢٧٢) رۆژی ٩-١-٢٠٠٧.

٢- بەپێی هەواڵی رۆژنامەی میدیا، هەریەک لە (ئەرشەد زێباری- جەوهەر هەرکی- زیرەک سورچی- سەباح ئاکرەیی) کە لە سەرەک جاشەکانی سەردەمی رژێمی بەعسن، بە پاڵپشتی و هاریکاریی تورکیا حزبێکیان دروستکردووە بە ناوی (پارتی راستیی و دادپەروەریی کورد) کە ئامانجی هەرە سەرەکییان هاندانی کوردەکانی شاری کەرکوکە تا دەنگ نەدەن بە کوردستانییەتی شاری کەرکوک.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١٤٣)ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژی ١-٢-٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

# ئای میللەتێکی چەندە سەیرین!

*سەرهەنگ (موعەمەر قەزافی) لە هەندێ وڕێنەدا دەڵێت: کوردەکان مافی دەوڵەتیان هەیە، بەبێ ئەوەی بە کردەوە هیچ نیشان بدات، لە دەسپێکدا کتێبە بێ سەرو بەرەکەیمان کرد بە کوردیی (کتێبی سەوز)، گۆڕەپانێکی گەورەش لە شارەکەماندا (سلێمانی) ناو دەنێیین (گۆڕەپانی برای سەرکردە موعەمەر قەزافی)، هەندێک کوردی بێ ئاوەزیش دەمێک دەیکەنە سوارچاکی هۆزی هەمەوەند و دەمێکی تر پیاوماقووڵی جافی میکایەڵی. کەچی تاکە گەنجێکی بیستساڵانی شاری سلێمانی نییە ژەنەراڵ شەریف پاشای کوڕی شارەکەی خۆی بناسێ!، چون ناوی ئەم زاتە و بنەماڵەکەی (خەندان) لە کولەکەی تەڕیشدا نییە، کەناڵەکانی تەلەفزیۆنیش لەبەر بەرنامەی بێ لەزەت ماوەیان نییە بۆ یادکردنەوەی ئەم سەرکردە و دیپلۆماتکارە گەورەیەی کورد.

*خەڵکانێکی خڵەفاو هاتوون بەشان و شکۆی (مێجەرسۆن)دا هەڵدەدەن و پێیانوایە سۆن بە خاتری کورددۆستی رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) دەرکردووە، هەندێکی تر دەڵێن پایەدار (مێجەر نوئێل) خەمخۆری کوردان بوو، بەعزێکی تر (ئەدمۆنز) لە قازی محەمەد بە کوردپەروەرتر دادەنێن. ئاخر ئەمانە کە ئەفسەری داگیرکەری بەریتانیی بووبن ئیدی هەر کارێکیان کردبێ لەبەر خاتری چاوی کاڵی کورد نەبووە، بەڵکو بۆ خۆڵکردنە چاو بووە. مادام سۆن و نوئێل و سێر کۆکس بە کورد و مامۆستای کوردایەتی دەرچوون، دوور نییە دوای سەدەیەکی تر نەوەکانمان پەیکەر بۆ عەلی کیمیای و کاکل ئاغا و نزار خەزرەجی و عەبدوڵڵا عەباس دروست نەکەن.

*هەندێک گومڕا دەڵێن شێخ مەحمودی حەفید لە کاتی تەوقەکردن لەگەڵ ئەفەسەرە ئینگلیزەکاندا فەقیانەکەی لە دەستییەوە ئاڵاندووە تا گڵاو نەبێ، چوونکە ئەوان کریستیان بوون. من پێرێ لە پاسێکدا گوێم لەم قسەیە بوو کە پێموایە زۆر

دەمێکە باوی نەماوە، بەڵام سەیر لەوەدا بوو برادەرێکی نووسەر دوای نۆشینی نیو قاپ شەراب هەمان شتی وت، ئێستا کاتی خۆیەتی بپرسین ئەگەر شێخی نەمر ئینگلیزی ئەهلی کیتابی بە گلاو لە قەڵەم دابێت، ئەی چیداوە لەوەی نامە بۆ شوورەوی بێ ئاین و (لینین)ی کۆمۆنیست بنووسێ؟ ئایا ئەو هەڤاڵانە ناوی تەواوەتی سەرجەم شالیارەکانی دەوڵەتەکەی شێخ دەزانن؟ ئەگەر بیزانن یان نا کێشە نییە، بەڵام با تۆزێک خۆیان ماندوو بکەن و شتێک لە بارەی وەزیری خەزنە و دارایی زانیاریی پەیدا بکەن و بزانن کێ بوو؟ کەریمی عەلەکەی کریستیانی خەڵکی سلێمانی بوو. ئایا دەکرێ شێخ لەلایەک مەسیحی بە گلاو بزانێت و لەلایەکی تر مەسیحی بکاتە وەزیری خۆی؟ ئەمە ئەگەر عەقڵی سەیری کوردیی نەبێ کێ سەر لەم گێژەنە دەردەکات؟.

*جاران و ئێستاشی لەسەر بێت هەندێ حزب، یەکێک بە بیانووی چەپ و پێشکەوتووخوازیی و ئەویتریان بە پاساوی مرۆڤدۆستی و ئاینیی، لە خاڵە هەرە سەرەتاییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتەکانیاندا دەیانووسی: بەڵێ بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین، نا بۆ داگیرکەری سەهیۆنی و ئیمپریالیزم!. کەچی هەر دەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان داوای ئۆتۆنۆمییان دەکرد، سەیری ئەم قوڕمساخییە تۆ ئازادیی بە خۆت ڕەوا نابینی کەچی بۆ خەڵکی تری داوا بکەیت! دەی تو خوا ئەمەش سەیرییەکی تری میللەتی ئێمە نییە؟. بۆیە زۆر جار ئەم ڕستەیەی خۆم دووبارە دەکەمەوە: کورد پێویستی بە دەوڵەت نییە!!، ئاخر کورد خۆی پێ بچووکە بیکە بە خاوەنی ئیمپراتۆریایەکی مەزنی وەک ئەو ئیمپراتۆریایانەی مێژوو ناتوانێت لە یادیان بکات، دەیکاتە قوربانی خەونی بچووکی خۆی، خەونێک قاچێکی لە ناو گرێی دەروونیی و خۆ بەکەمزانین و قاچەکەی تری لە زەلکاوی خەیاڵدانە قەزەمەکەی ناوچەگەرییدایە.

*جەواهیری لە شیعرێکیدا دەڵێت: دڵم بۆ کوردستان .... لەسەر کڵاوەکەشی نوسیبوو کوردستان. بەبڕوای من ئەمە هەڵوێستێکی جوامێرانەی ئەو شاعیرە بوو، بۆیە نەنگی نییە ئەگەر ئێمەش ئەومان خۆش بوێ، هەنووکە لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر دوو پەیکەری برۆنزی بە حیمایەوە بۆ دانراوە، سەیر بکە کەم چیرۆکنووس و شاعیری نەوەی پێشوو هەیە، شیعرێک یان چیرۆکێکیان بۆ فەلەستین نەنووسیبێ و پشکدار نەبووبن لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی مقاوەمەدا.

ئەم نووسەرانەی ئێمە نەک لە فەلەستین پەیکەریان بۆ دروست نەکراوە، بەڵکو عەرەب هەر بێزیشی نەهاتووە بەرهەمەکانیان بۆ سەر زمانی عەرەبی وەربگێڕێ، هێشتاش ئێمە خۆمان بە قەرزاری عەرەب و هەڵوێستی هەندێک لە رۆشنبیرەکانیان دەزانین. ناهەقمە ئەگەر رووی دەمم بکەمە هەموو کوردێک و بڵێم ئایا بە راستی ئێمە میللەتێکی سەیر نین؟.

*سەرەتای شەستەکان و شۆڕشی ئەیلول، ژەنەراڵ مستەفا بارزانی کاتێک بڕیاری دا ئاگربەست رابگەیەنێت بۆ دانوستان لەگەڵ رژێمی ئەوکاتی عێراق، باڵی مەکتەبی سیاسیی (جەلالی) کردیانە دەنگە دەنگ و هاتوهاوار لێی، گوایە ئەمە پلانی ژێر بە ژێری زایۆنیزمە و مەلا مستەفا کوردی فرۆشتووە بە سێو و پرتەقاڵ. کەچی ماوەیەکی زۆری نەبرد، خۆیان بوونە جاشی هەمان ئەو رژێمە و بە چەک و تانک و تۆپی بەعس نیشتمانی خۆیان کردە سوتماک، شاخ و چەم و دۆڵی کوردستانیان وەک دەندوکی کەو سوور دەکردەوە، هێشتا پێیان عەیب نەبوو. زۆر جاریش گوێم لەوە دەبێت، دەڵێن نابێ بوترێ جەلالی یان باڵی مەکتەب سیاسیی دەبێ بوترێ باڵی مۆدێرنی دژ بە باڵی پارێزگار. ئای میللەتێکی چەندە سەیرین، بە تێپەڕبوونی مێژوو خیانەتەکان نەک هەر کاڵ دەبنەوە، بەڵکو دەگۆڕێن بۆ خزمەت و وڵاتپارێزیی، لەوانەیە سەدەیەکی تر شێخ چۆپی و تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج و ئەرشەد زێباریش بە خەباتگێڕ لە کتێبی مێژووی خوێندنگەکاندا ناویان تۆمار بکرێت!.

*لارییم لە خەباتی رێبەری مەزن مەلا مستەفا بارزانی نییە، کەچی ئەو سەرەڕای ئەوەی لە وڵاتەکەی خۆیدا ئەسپەردە کرابوو (شاری شنۆ)، بەڵام سەرکردایەتی پارتی بڕیاری دا تەرمەکەی لە پاڵ تەرمی (ئیدریس بارزانی)دا بگەڕێنێتەوە بۆ زێدی لە دایکبوون (گوندی بارزان). لە کاتی ئەم هاتنەوەیەشدا جەماوەر خرۆشا و بە تاسەوە پێشوازیی لە تەرمەکانیان کرا، بەلای منەوە ئەمە شتێکی ئاسایی بوو خۆ ئەگەر تەرمەکەشی لە شنۆ بمایاتەوە هەر ئاسایی بوو، چوونکە شارێکی کوردییە و مەلا مستەفاش بە گشتیی شۆڕشگێڕی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بووە، بەشدارییکردنی ئەو لە کۆماری دیموکراتی کوردستاندا بە رێبەریی قازی محەمەد بەڵگەیەکە بۆ ئەو قسەیە. بەڵام ئایا سەرکردایەتی کورد بۆ ئەقڵی بەوە ناشکێ چنگێ خۆڵ و لم لە بیابانەکانی سعودیەوە هەڵبگرێ و ناوی لێبنێ رۆفاتی پیرۆزی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری «شەمزینی» و بیگەڕێنێتەوە بۆ وڵات و لە یەکێک لە چیاکانی

کوردستان وەک هێمایەکی خەبات دابنێت؟ ئایا کامیان گرنگە ئێسک و پروسکی سەرکردەیەک لە خاکی عەرەب رزگار بکەین یان تەرمی سەرکردەیەک لە شارێکەوە بۆ شارێکی دی کوردستان وەگوێزینەوە؟ ئایا ئێمە میللەتێکی سەیرو غەریب نین، ئەوەندە دڵرەقین لەگەڵ دڵسۆزانی وڵاتەکەماندا؟.

*مام جەلال پیاوێکی سیاسیی و سەرکردەیەکی ناسراوە، کە هەڵیانبژارد بۆ سەرکۆماریی عێراق نەک کورد، بەڵکو زۆرێک لە بیانییەکانیش بە لایەقترین و شایستەترین کەسیان زانی بۆ ئەو پۆستە. بەڵام ئەگەر مام جەلال دە ئەوەندەی تر شایستە تر بوایە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پۆستە، بە دەنگ و سەنگی میللەتی کورد نەبوایە پێی نەدەخستە کۆشکی کۆمارییەوە. ساتێک مام جەلال بووە سەرکۆمار شایی و لۆغانی لە سلێمانییەوە بۆ بنی دنیا درێژ بۆیەوە و وەک رۆژی ٧-٣-١٩٩١ زەماوەندمان گێڕا، کاتێک کەناڵێکی عەرەبی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سازدا و پێیان وت دەیانەوێ وەک کابرایەکی خۆش مەشرەب و نوکتەباز، چەند نوکتەیەکیان بۆ بگێڕێتەوە، کەچی ئەو دە پانزە نوکتەی لەسەر کورد گێڕایەوە و هەموو جارێکیش دەیووت (جاء الكردي....) جا مام جەلال لەو ئاستە بەرزەدا و بە دەنگی کورد چوو بێتە ئەو پلەو پایەیەوە، ئاوها گاڵتە بە گەل و نەتەوەکەی بکات، بۆچی دەبێ دوودڵ بین لەوەی بڵێین ئێمە میللەتێکی سەیرین، هەر ئەم سەیرێتییە وایکردووە لە مێژوودا نەبینە هیچ.

*رۆژی ٢٤-١٢-٢٠٠٦ لە فێستیڤاڵی پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی شێخ مەحموددا (د.ئەفراسیاو هەورامی) کۆڕێکی نایابی بەڵگەنامەیی لەسەر پەیوەندیی شێخ مەحمود و تورکەکان و روس پێشکەش کرد بە تایبەتی لە رێی ئەو بەڵگەنامانەی لە سۆڤێت دەستی وی کەوتبوون. د.ئەفراسیاو باسی ئەوەیکرد دروشمی کرێکاران و گەلانی بندەستی دنیا یەکگرنی لینین و یارمەتیدانی گەلانی ژێر دەستی جیهان لەلایەن شورەوی تەنیا قسەی رووت بوون و لە بواری کرداریدا خێرێکی بۆ کورد تیا نەبووە. کەچی خوێنەوارێکی چەپی مارکسی کە بە شەخسیی زۆرم خۆشدەوێ زۆر بە توندیی لە جێی خۆی بەرزبووەوە و بەدحاڵیانە وتی: هاوڕێ لینین (وەک ئەوەی نان و پیازی لەگەڵ خواردبێت) قەت پشتی لە چەوساوەکان نەکردووە و شورەوی بێ بەڵێن نەبووە، بەڵکو هەلومەرجی زاتی و عەینیی لەبار نەبووە تا یارمەتی راستەوخۆی خەباتی گەلی کورد بدەن. بیر دەکەمەوە، ئەم هاوڕێیە نە باڵیۆزی

روسیایە و نە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەڵشەویک و نە نوێنەری (هاوڕێ لینین) یان (هاوڕێ ستالین)!، ئیتر ئەم داکۆکییە کوێرانەیە چییە لە سۆڤیەتی گۆڕ بە گۆڕ؟ لینین زیندوو بکەرەوە دان بەوەدا دەنێ کەمتەرخەم بووە لەو رووەوە. کەچی کوردە کۆمۆنیستەکان هێشتا مکوڕن لەسەر ئەوەی داکۆکی لەو هەڵە و بێباکییە گەورەیە بکەن سۆڤێت دژی گەلەکەیان هەیبووە، ئایا لەمەشیاندا قسەکەی من راست نەبوو کە دەڵێم ئێمە میللەتێکی سەیرین؟!.

*ئێمەیلێکم بۆ هاتبوو، لەبەر پاشگری (شەمزینی) دوای ناوەکەم لەبری خۆم یەک ملیۆن جنێوی ناشیرینی بە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (شەمزینی) دابوو، ئەوی بە خائین و فیودالێکی بێ عەقڵ لە قەڵەم دابوو، پێم سەیر نییە کەسێکی ئاسایی بە تاوانی یەک تاکە کەسی شەمزینی هەموو شەمزینییەکان بە تایبەتی ناسراوترینیان دەسوتێنێ، چوونکە تازە بە تازە هەردوو مێژوونووسە زیتەڵەکەمان (د.کەمال مەزهەر- د.فوئاد حەمە خورشید) دەڵێن: داوای لێبوردن لە هۆزی سەربەرزی هەمەوەند دەکەین کە بە خائین لە قەڵەممان دابوون!! ئاخۆ کێ بە ئێوەی وتووە بە تاوانێک (موشیری حەمەی سلێمان) بەر لە هەشتا و ئەوەندە ساڵ کردوویەتی یەک هۆزی گەورە تۆمەتبار و گوناهبار بکەن بە منداڵی سەر بێشکەشیانەوە؟!. جا ئەگەر مێژوونووسەکانمان بەم تەسکبینی و بێ ئەقڵییەوە مامەڵە لە تەک رووداوە مێژووییەکاندا بکەن و بیری لێبکەنەوە، لێم مەگرن لە جیاتی یەک تاکە جار یەک ملیۆن دەفعە بڵێم ئای چەندە میللەتێکی سەیر و سەرسوڕهێنەرین!.

*مێژوونووسێکی ئەکادیمیی (د.فوئاد حەمە خورشید) لە دۆزینەوەیەکی نوێدا و لە تاقیگەی مێشکیدا تازە بە تازە بۆی دەرکەوتووە (موشیری حەمەی سلێمان) خائین نەبووە!! بە دەلیلی ئەوەی لە جەنگێکدا بە باشی رێنوێنی هێزەکانی بەریتانیای نەکردووە، بەڵام وی لە بیری چووە (موشیر) چاوساغ و جاشی سوپای ئینگلیز بووە و چۆتە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کورد و دەستی گرتوون بۆ قوڵایی شاخەکان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خەباتگێڕانی کورد. ئەگەر تازەترین دیکۆمێنت و لێکۆڵینەوە ئەوەمان بۆ بسەلمێنێ (موشیر) خائین نییە، کەواتە دەبێ چاوێک بە بیرکاریشدا بخشێنینەوە، چوونکە دەبێ گومان لەوەش بکەین یەک زائید یەک یەکسان بێت بە دوو، دەبێ لەولاشەوە جێگەیەک بۆ شێخ مەحمود بکەینەوە و پێناسەی بکەین چییە؟. ئایا ئەگەر (موشیر) خائین نەبووبێ کەواتە شێخ مەحمود چی بووە؟ بێ شک

شێخ یان موشیر یەکێکیان خائینن، گەر بە قسەی ئەو دکتۆرە بەڕێزە بێ شێخ خائینە نەک موشیر!. مادام هێڵەکانی نەتەوایەتی و وڵاتپارێزیی لەگەڵ خیانەت تێکەڵاو بوون و بە ئاستەم دەتوانین لێکیان جودا بکەینەوە، کەواتە ئێمە میللەتێکی لاژک و گەمژەین و ناهەقم مەگرن ئەم کەڕەتەش بڵێم ئێمە میللەتێکی زۆر سەیرین!!.

*میللەتی کورد میللەتێکی مەرگدۆستە و تا دوا ئەندازە رقی لە هەموو ژیاندۆستییەکە، میللەتێکە جەنگی هەرە گەورەی لەگەڵ ژیانە، ئێوە سەیری بکەن ئەم میللەتە بەرگەی سەدان ساڵی شەڕ و کوشتن و ماڵوێرانیی و خوێنڕشتن دەگرێت، بەڵام بەرگەی بینینی دیمەنی ماچێک ناگرێت لە شوێنێکی گشتیی یان لەسەر شاشەی تیڤی، ئەگەر مێژووی سیاسیی کورد تاریکترین لاپەڕە بێت لە شەڕ و جەنگەکانی یەکتر سڕینەوە، ئەوا مێژووی کۆمەڵایەتیمان پڕیەتی لەو جەنگانەی جوانی و هونەری ژیاندۆستیی سەرکوت دەکەن، لەم سۆنگەوە دەتوانم بڵێم مێژ ووی کۆمەڵایەتی ئێمە بریتییە لە مێژووی چەپاندنی سێکسیی و قەمعی جوانی و ئیرۆتیک و هەرەس پێهێنانی هەر تامەزرۆییەک بۆ بیناکردنی ژیان. بۆیە ناهەقم مەگرن وەختێک دەڵێم بە راستی میللەتێکی زۆر سەیرین!.

*سۆفۆکلیس، وتوویەتی (سەیرەکانی دنیا زۆرن، بەڵام لە هەموویان سەیرتر ئادەمیزادە)، بەڵام ئەگەر سۆفۆکلیس نوکە لە ژیاندا بمابایە و لە نزیکەوە و تا سەر مۆخ کوردی بناسیبا، رستەکەی بەم جۆرە تەواو دەکرد «سەیرەکانی دنیا زۆرن، بەڵام لە هەموویان سەیرتر ئادەمیزادە، سەیرترین ئادەمیزادیش مرۆڤی کوردە».

تێبینی: ئەو پەرەگرافەی پێش کۆتایی لە کاتی بڵاوکردنەوەدا لابرابوو بەهۆی ئەوەی وتارەکە جێگەی زۆری لە لاپەڕەی رۆژنامەکە داگیر کردبوو.

* ئەم وتارە لە ژمارە (٣٥)ی رۆژنامەی (نیوەند) لە رۆژی ١٨-١-٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

# بۆ ئەوەی کوردسات دەنگی هەمووان بێت

## چەند سەرنجێک لە پێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنی کەناڵی کوردساتدا

لە دایکبوونی کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردسات وەک سێیەمین رایەڵی راگەیاندنی ئاسمانی هەنگاوێکی گەورە و پڕ بایەخ بوو، بەم هەنگاوەش کە چووە سەر خەرمانی راگەیاندنی پەیامی کورد دەروازەیەکی تر بە رەنگ و فۆرمی تایبەت بە خۆیەوە لەسەر دۆزی گەلەکەمان کرایەوە. کوردسات با زمانحاڵ و ئۆرگانی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێت، بەڵام نابێ ئەم کەناڵە ئۆرگانێکی حزبیی بێت، بەڵکو پێویستە کەناڵێکی ئاڕاستەکار بێ بۆ هەموو کورد، نابێت کوردسات وەک رایەڵێکی لۆکاڵیی و ناوچەیی بمێنێتەوە، چونکێ ئەرکی گواستنەوەی وێنەی گەلی کوردستانی لەسەر شانە بۆ بەرچاوی جیهانی دەرەوە. زومی کوردسات دەبێت زومی کوردستان بێت و پێویستە بتوانێت سنووری چەند شارێک یان باشووری کوردستان تێپەڕێنێت بۆ کەناڵی ناوەندی دەنگی هەموو کورد لە هەر چوار لای دنیادا. کوردسات بەوە دەتوانێت دەنگی هەمووان بێت هەروەک خۆی خوازیاریەتی کە بتوانێت وێنەی واقیعی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کورد بە هەموو توێژ و چینەکانییەوە بگوازێتەوە بێ هیچ دڵەڕاوکێ و سڵەمینەوە و شەرمێک.

### هەواڵ لە کەناڵی کوردساتدا

کەناڵی کوردسات کەناڵێکی هەواڵیی نییە یان بە دیوێکی تردا خاوەنی سبقی هەواڵ نییە بە تایبەتی هەواڵی هەژێنەر و سەرنجڕاکێش، ئەوەی هەیە چەند هەواڵێکی دووبارەکراوەی ئامادەکراو و چەقبەستوی تەشریفاتییە و خۆی لە هەواڵی سەردانی

بەرپرسەکان بۆ لای یەکتر و چالاکییەکانی حزبدا دەبینێتەوە، ئەمەشیان ئەوەندە وتراوەتەوە هەموو کەس لەبەریەتی. کوردسات وەک هەر کەناڵێکی تری کوردی کەمتر دەتوانێ لە جەرگەی رووداوە تیژ تێپەڕەکان و پرسە گەرما و گەرمەکاندا هەواڵ بگوازێتەوە بۆ جەماوەرەکەی، ئێمەی گوێگر دەبێ چاوەڕوانی جەزیرە و هەندێ کەناڵی تری بیانیی بین هەواڵمان بۆ بگوازنەوە دەربارەی خۆمان، بۆ نموونە کارەساتی یەکی شوباتی پار ساڵ، کەناڵی کوردسات دوا کەناڵ بوو باسی ئەو کارەساتە و قوربانییەکانی کرد، تەنانەت خەڵکی رەشۆک و ئاسایی تەواوی وردەکارییەکانیان لە بارەی ئەو رووداوەوە دەزانی، کوردسات هێشتا هەر لەژێر لێوەوە باسی شەهیدبوونی پۆلێک سەرکردە و کادیر و پێشمەرگەی دەکرد. کوردسات بۆئەوەی بتوانێت کەناڵێکی گرنگ بێت و بینەرانێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکات و سەرنجی کوردان بۆلای خۆی رابکێشێ پێویستە ببێتە ژێدەرێکی هەواڵ و لە هەمان کاتیشدا هەواڵەکان وەک خۆی بگوازرێتەوە.

## بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان

کوردسات هەندێک تێکەڵاویی لە بەرنامەکانیدا هەیە و پرۆگرامەکانیش جۆراوجۆرن و هەندێ جار دوو بەرنامە بە دوای یەکتردا دێن هیچ پەیوەندیی و پێکەوە بەستراوییەکیان نییە و بە باریکترین دەزوولەش پێکەوە گرێ نادرێن، بەڵام لایەن و بوارە کۆمەڵایەتییەکان فەرامۆشکراوترین جانبی کوردساتن و زۆر جاریش کەناڵەکە بە دەستی ئەنقەست خۆی لێ دەدزێتەوە و ناچێتە سەری، لە گەلێک حاڵەتدا مەبەست لێی خەفەکردن و داپۆشینی هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتییە لە کاتێکدا ئەمە ئەگەر لە بەرامبەر دیاردەیەکی دزێو و نێگەتیڤدا بێت ئەو بێدەنگی لێکردنە بە جۆرێک لە جۆرەکان رەواج پێدان و زیادکردنێتی. لە ساڵی نوێی تەمەنی کەناڵی کوردساتدا هەقوایە دەستەی سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی کوردسات پلانێکی گونجاویان لە بەردەستدا بێت بۆ گرنگیدان بە کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییە جۆر بە جۆرەکان، لە نێوانیاندا بایەخدان بە کێشەی ژنان و توێژینەوە لەمەڕ هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی چەوساندنەوە و نزم سەیرکردن و کەم بایەخکردنی کەسێتی ژن و هۆشیارکردنەوەی خەڵک (زیاتر رەگەزی نێرینە) بۆ رێزگرتن لە مافی ئافرەت و سەیرکردنی بە چاوێکی یەکسان و مرۆڤانەوە. هەروەها بەهەند وەرگرتنی کێشەی

منداڵان و هەرزەکاران و لاوان و دانانی پرۆگرامی پەروەردەیی ئەوتۆ کە منداڵان بەلای خۆیدا رابکێشێت و دووریان بخاتەوە لە رەوشت و ئەدگاری دزێو و لادانە کۆمەڵایەتییەکان. بە پەروەردەیەکی دروست چاو و گوێیان بکاتەوە بە رووی دنیادا.

لە هەمان کاتدا دروستکردنی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکارەکانی بەلادارێچوونی هەرزەکاران کە زۆرجار تووشی هەندێ لادانی کۆمەڵایەتی وەک دزیکردن و لادانی سێکسیی دەبن، هاوشان لەگەڵ بەرنامەی هۆشیاریی یاسایی و کۆمەڵایەتی بۆ گەورەکان تا چیتر بچووکەکان نەبنە قوربانی عەقڵیەتی گەورەسالاریی، ئەوجا دانانی بەرنامەی تایبەت بە لاوان و دووبارە قسەکردن لەمەڕ کێشەکانی لاوانیش بە هەموو شێوە و جۆرەکانییەوە. ئەرکی سەرشانی بەرنامە کۆمەڵایەتییەکانە راپرسیی لە ناو توێژاڵە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا ئەنجام بدات و تێبینی را و بۆچوونیان لەمەڕ کێشەکانیان وەربگرێت و بیخاتە پێش چاوی بەرپرسە باڵاکانی وڵات. ئەم جۆرە بەرنامانە دەتوانێ دۆسێکانی دادگا وەربگرێت و لیژنەیەکی پسپۆر و شارەزا لە دادوەر و توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونزان بانگهێشت بکات بۆ شیکاریی خەلفیەتی روودانی ئەم جۆرە تاوانانە کە لە دۆسێکانی پۆلیس و دادگا تۆمار کراون بۆ روونکردنەوەیان لە پێش چاوی خەڵک. سێکس یەکێکە لەو بوارانەی دەبێ مافی خۆی بدرێتێ، وەلێ بەردەوام کۆمەڵی کوردەواری هێڵی سوور بە دەوری سێکسدا دەکێشێ و بەرتەسکی دەکاتەوە بۆ ئاستێکی نهێنی، بەڵام کوردسات پێویستە پێشڕەو بێت و ئەم تەوقە بشکێنێت و پلانێکی بۆ هۆشیاریی سێکسیی هەبێ تا لەو بوارەدا خەڵک هۆشیار بکرێتەوە تاکو هەم خاوەنی هۆشیاریی سێکسی بن و هەم وێنەی قێزەونی سێکس و تابۆکردن لە مێشک و زهنیەتی خەڵکدا کاڵ بکرێنەوە، ئەمە ئەرکی نوێی کوردساتە لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا و پێویستە بێ هیچ شەرم و ترسێک هەنگاوی لە بارەوە بنێت.

## لایەنی بەزمەسات و تەرفیهیی

زۆر گرنگە هەر مرۆڤێک لە دەرەوەی لەحزە جیددییەکانی چەند ساتێک بۆ خەندە و پشووی عەقڵ و مێشکی تەرخان بکات، جاران پێش داهێنانی تەلەفزیۆن و هۆکارەکانی تری راگەیاندنی بیستراو و بینراو خەڵک بە دیار سەرگوزشتە و نوکتە و قسەی نەستەق و خۆشەوە کە پێیان دەوترا شەوانی گوێ ئاگردان کاتە بەتاڵەکانی

خۆیان بەسەر بردووە، ئەمە جۆرێکیش بووە لە پشوودان و بەرنامەی تەرفیهی. بەڵام ئەڤرۆ تەلەفزیۆن وەک گرنگترین رەگەزی میدیای بینراو دەتوانێ ئەو بۆشاییە بۆ مرۆڤەکان پڕ بکاتەوە و لە وڵاتانی دنیادا پڕیشی کردۆتەوە. خەڵکی کورد کاروانی ژیان و مێژووەکەی تژیەتی لە وێنەی تراژیدیی و گریان و فرمێسک و دڵشکان و ئازاری نەبڕاوە بۆیە زیاد لە هەموو کەس مرۆڤی کورد پێویستی بەوە هەیە خەندە بۆ سەرلێوەکانی بگەڕێتەوە و بە زەردەخەنە رووی ئازارەکانی بگەشێنێتەوە، بەڵام هێشتا کەناڵەکانی راگەیاندن جگە لە بەرهەمهێنانی چەند دیمەنێکی بێزارکەر و ناشیرین کە بەناوی کۆمیدیاوە بە خەڵک دەفرۆشرێتەوە هیچی تریان نەکردووە، مەرج نییە لایەنی بەزمەسات تەنیا خۆی لە تەنزدا ببینێتەوە، دکارێ زۆر بەرنامە و پرۆگرامی تر لە پەنا پرۆگرامی تەنزدا پێکڕا ئەم کارە ئەنجام بدەن. بەزمەسات و پرۆگرامە تەرفیهییەکانی کوردسات زۆر لاوازن! چاوەڕێین بزانین لە ساڵی نوێی کارکردنیدا تاکو چەند ئاوڕ لەم لایەنە گرنگ و فەرامۆشکراوە دەداتەوە، هەرچەند کەناڵی کوردسات لەم لایەنەدا پێش هەموو کەناڵەکانی تر کەوتووە، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە بە فراوانتر و چڕوپڕتر و نەفەسێکی نوێتر و شایستە تر کاری بۆ بکات، خەندەکان بە بەردەوامی لەسەر لێوەکانمان بهێڵێتەوە.

### پرۆگرامی دیالۆگ

کوردسات چەند بەرنامەیەکی هەیە بە شێوەی دیالۆگ، زیاتر دیالۆگەکانیش وەستانە لەسەر کێشە سیاسیی و رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵ، ئەم بوارە زۆر گرنگە بۆ کوردسات ئەگەر بیەوێ ببێتە کەناڵێکی جەماوەریی و نوێنەری خواستی ئەوان. لەم راستایەشدا دەبێت پرۆگرامە تایبەتەکانی دیالۆگ فراوانتر بکرێت چ لە رووی ژمارەی بەرنامەکانەوە چ لە رووی چۆنێتی و چەندێتی بەشداربووانی پرۆگرامەکە ئەمەش بۆ خولقاندنی دیالۆگێکی هەمەلایەنە و بە ئاکام، چونکێ هەتا نهۆ کوردسات ئەم دیالۆگەی قەتیس کردووە لە نێوان رۆشنبیران و نووسەران و پیاوانی سیاسەتدا، کەمتر خەڵکی ئاسایی و رەشۆک و توێژەکانی تر شانسی ئەوەیان هەبووە بچنە سەر شاشەی کوردسات و پەیامی خۆیان بگەیەنن. گرنگترین شت بە لای منەوە ئەوەیە هەر لە ئێستاوە کەناڵی کوردسات بەرنامە دیالۆگییەکانی بە جەماوەریی بکاتەوە و خەڵک لە هەر چین و توێژێک بێت مادام خاوەنی را و بۆچوونی سەربەخۆ

و جیاواز بێت بۆی هەبێت لە مایک و مینبەری کوردساتەوە قسان بکات و تەعبیر و داکۆکی لە بۆچوونەکانی بکات و موناقەشەی باوەڕەکانی لەگەڵ خەڵکانی تردا بکات.

بۆ وێنە با نانەواکان بێن بە زمانی خۆیان باسی موعانات و کێشەکانیان بکەن باسی گرانی ئارد و کەمیی نەوت و زۆریی باج بکەن و کەموکورتییەکانی خۆیان بۆ رای گشتیی باس بکەن. لە بەرامبەردا با مامۆستاش بێت کێشە و گرفتەکانی خۆی بخاتە روو، لەگەڵ بەرپرسەکاندا راستەوخۆ لەبەرامبەر یەکتر دانیشن و گفتوگۆی کراوەی لەسەر بکەن. با خەڵکی دژی دەسەڵات و دژی یەکێتی زێتر لەوەی ئێستا هەیە بێنە سەر شاشەی کوردسات تەنانەت قسە بە یەکێتی بڵێن و رەخنەی لێ بگرن، نە دنیا بە قسەیەک کاول دەبێ نە یەکێتی ئەوەندە لاوازە بە دوو رستە بڕوخێ، گرنگ ئەوەیە خەڵک سەرباری هەر جیاوازییەکی بتوانێ لەو مینبەرەوە قسان بکات. هێڤی خوازم کوردسات لە کۆی ئەم نووسینە ئەگەر هیچ شتێکم لێ وەرناگرێت بە تەنێ ئەم سەرنجانە بە هەند وەربگرێ و قبوڵی بکات.

## لایەنی نەتەوەیی

پەروەردەکردنی تاکی کوردیی بە پەروەردەیەکی نەتەوەیی یەکێکی ترە لە ئەرکە بنچینەییەکانی کەناڵی کوردسات، چونکێ کەمتر ئەم کەناڵە توانیوێتی خەڵک بەو ئاقارەدا ببات و کۆیان بکاتەوە لە دەوری ستراتیژە نەتەوەییەکان، کارکردنی کوردسات لە هەمبەر بەرهەمهێنانی شەخسەیەتێکی نەتەوەیی کارێکی بێ بەرنامە و پەرش و بڵاوە. بە لایەنی کەمەوە هەقی خۆیەتی کوردسات بتوانێ ئەو رۆڵە بنوێنێت کەناڵی جەزیرە بۆ عەرەب دەیبینێت، مادام کوردسات وەک دەنگێکی کوردیی دەگاتە دوا کونج و کەلەبەری سەر زەوی و کوردانیش لە هەر کوێیەک بن دەتوانن بۆ شاشەکەی بنواڕن، پێویست دەکات بڵندگۆیەکی ئازادی کورد بێت و پەیامی کوردانەی خۆی ئاڕاستە بکات، یەکێک لەو خاڵانەی بەلامەوە گرنگە کوردسات چۆن دەتوانێ هۆشداریی نەتەوەیی لای ئەو نەوەیە دروست بکات نە ئەنفالی دیتوە و نە مەرگەساتی هەڵەبجە و نە ترسناکیی دەسەڵاتی بەعس؟ کوردسات چۆن دەتوانێت غەم و ژان و پەژارەکانی کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان گوزارشت لێ بکات و ببێتە ئاوێنەی خواستی ئەوان؟ کوردسات چۆن دەتوانێت لەو منداڵە کوردانەی هەر لەسەرەتای ژیانیانەوە لە تاراوگەن کەسێتییەکی نەتەوەیی دروست

بکات؟ کوردسات چۆن دەتوانێت یەکەیەکی راگەیاندنی بەهێز بێت تا نەیارانی کورد لێی بترسن و بزانن جۆشدەری بیری نەتەوایەتییە؟ وەڵامی کۆی ئەم پرسیارانە بۆ بەرێوەبەرانی کەناڵی کوردسات جێدەهێڵین. بەڵام ماوەتەوە بڵێم ئایا کوردسات دەتوانێ لەیەک کاتدا هەم کەناڵێکی نەتەوەیی و هەم فرەڕەنگ و هەمەڕەنگ بێت؟.

## کەناڵێکی لیبرال

کەسمان گومانمان لەوە نییە بودجە و تێچوونی دارایی کەناڵی کوردسات لەسەر دارایی یەکێتی دابین دەکرێت و هەر یەکێتی خۆی خاوەنی کەناڵەکەشە، بەڵام ئەمە ئیتر نابێت بەو مانایە لێکبدرێتەوە ئەم کەناڵە هەر بۆ یەکێتی و سەردان و وتارەکانی بەڕێز مام جەلال و ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتییە. کوردسات نابێت بە تەنێ بۆ پەخش و وەشاندنی بیر و ئایدیای یەکێتی بێت، بەڵکو دەبێ کەناڵێکی گشتیی بێت، ئەگەر کوردێک لە باشوور یان لە باکوور لە رۆژهەڵات یان رۆژئاوای کوردستان لەگەڵ تەماشای کرد خۆی تێدا بدرزێتەوە و هەست بەوە بکات ئەم کەناڵە گوزارشت لە غەم و پەژارەکانی ئەو دەکات هەروەک چۆن خەندە دەهێنێتەوە سەر لێوی. ئەگەر هەر کاتێ کوردسات توانی بە تەواوی هێڵی سووری حزب و پەیڕەو و پرۆگرامی حزب و سنوورە تەقلیدییەکان بشکێنێت و دەرگای ئاوەڵا کرد بۆ هەموو رەنگ و بۆچوون و عەقڵیتە جیاوازەکان ئەوسا کوردسات بێ ئەوەی خۆی بیلێ دەنگی هەمووانە.

## ریکلام

ریکلام بابەتێکی نوێیە لە تەلەفزیۆنە کوردییەکاندا، ئەم حاڵەتە نوێیەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ریکلامەکان کرچ و کاڵ دەربچن، رەنگبێ هۆیەکی تریش بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کادری پسپۆر و شارەزا لە بواری ریکلامسازییدا، ئەو کەسانەشی لە کەناڵەکاندا ریکلام دروست دەکەن لە بنەڕەتدا خەڵکی پسپۆر و تایبەت نین بەو بوارە، بۆیە ریکلام بەشێوەیەکی عەفەویی و ناڕێک دروست دەکرێت لەو کەناڵەدا، لەلایەکی ترەوە چەند ریکلامێکی بازرگانی بۆ کاڵا و کەلوپەل و پێداویستییە رۆژانەییەکانی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵات دروستکراون!، ئەمەش لەگەڵ شێوازی کارکردنی کەناڵە کوردییەکاندا نایەتەوە و ناشتوانن بەو شێوەیە کاریگەرە

سەرنجی خەڵکی کورد رابکێشن.

کوردسات دەتوانێ بەرنامەیەکی رۆشن بە هاوکاریی پسپۆر و شارەزاریان لەو بوارەدا دروست بکات، هەم ئەوەی کەناڵەکە فۆرمێکی نوێ و مۆدێرن لە ریکلام پێشکەش بکات، هەم ریکلام ببێتە بنەمایەکی ماددیی و دارایی بۆ کەناڵەکە. بە رای من نابێت لایەنی لایەنی بازرگانیی لە ریکلام کەم بایەخ سەیر بکرێت و فەرامۆش بکرێت، کوردسات دەبێت مەرجی ئەوەش بۆ ریکلامەکان دابنێت خۆی سیناریۆ و دەرهێنانی ریکلامەکە ئەنجام بدات، چوونکە دەتوانرێ لە رێگەی پڕوپاگەندەی بازرگانیی و کۆمپانیاکانەوە کۆمەڵێک وێنەی تر و لایەنی تر نیشان بدرێت. بۆ نموونە لە زۆربەی فلیم و دیمەنی ریکلامە ئەمریکییەکاندا بەیداخی ئەمریکا وەک رەمزی وڵات بەدی دەکرێت و بەرز راگیراوە، کوردساتیش دەتوانێت ئاڵای کوردستان بەکاربهێنێت، هەروەها هەندێک شتی تری لەم بابەتە ئەنجام بدات.

## ماوەی منداڵان

منداڵ هەتا بڵێی بوونەوەرێکی زۆر ناسک و هەستیارە، وەک دەوترێ کاسێتێکی بەتاڵە چی لەسەر تۆمار بکەیت ئەوەی لێ دەردەچێت! ماوەی پرۆگرامی منداڵان بەشێکی هەرە گرنگ و هەستەرەوەی کەناڵەکانی راگەیاندنە کە بە داخەوە لەلای خۆمان بەو شێوە گرنگە سەیری نەکراوە، ماوەی منداڵان تەنیا پێشکەشکردنی دوو فلیم کارتۆنی دۆبلاژکراو و سێ گۆرانی نییە، بەڵکو پرۆگرام و ژانرێکی پەروەردەییە بۆ منداڵ!. بایەخدان بە ماوەی پرۆگرامی منداڵان زۆر بە کەناڵی کوردساتەوە دیارە و هەوڵیداوە پرۆگرامی نوێ و سەرنجڕاکێش و پەروەردەیی باش پێشکەش بکات، ئەو فیلم کارتۆنە وەرگێڕدراوانە لە زمانی روسییەوە بۆ سەر زمانی کوردیی کارێکی ئێجگار ئیجابی و پێشڕەوانەیە کە بە راستی جێگەی دەستخۆشییە بە تایبەتی بەشێوەیەکی زۆر جوان کوردێنراوە و فۆرمۆلە کراوەتەوە و لەگەڵ هەست و زەوق و مێشکی ساکاری منداڵانی کورددا بە خێرایی ئاوێتە دەبێت.

کەناڵی کوردسات دەبێت ماوەی بەرنامەی منداڵانی زیاتر بکات و فراوانتری بکات و ماددەی پەروەردەییتر و باشتر پێشکەش بکات، هەوڵبدات دەستە و گروپێکی دەروونـزان لە بواری دەروونناسی منداڵاندا بکاتە چاودێر بەسەر پرۆگرام و ماددەکانی ماوەی منداڵاندا، بۆ ئەوەی هیچ ماددەیەک لە شاشەی کورساتەوە پەخش

نەبێت ڕۆڵی سلبی بگێڕێ لەسەر ئەدگار و ڕەوشت و پەروەردەی منداڵان. ماوەی منداڵانی کوردسات ئاوڕێکی ئەوتۆی لە درامای تەلەفزیۆنی منداڵان نەداوەتەوە و ئەو چەند درامایەی هەیەتی وەک پێویست نییە، کاتی ئەوەیە کوردسات کار لەسەر بەرهەمی خۆماڵیی و دەقی خۆماڵی بکات بە تایبەت دەقە خۆماڵییەکان هەڵقوڵاوی ناخی کوردەوارین و کاریگەرترن لەسەر مێشکی منداڵانی کورد. کوردسات دەتوانێت لەم بوارەشدا هەنگاوی باش ببڕێ لە ڕاستای پەروەردەکردنی نەوەیەکی تەندروست، نەوەیەک ئەرکەکانی داهاتوویان لەسەر شانە، نەوەیەک پێشەنگی ئایندەن و وێنەی داهاتووی کوردن.

## گۆرانی

گۆرانی ماوەیەکی دیاریکراوی نییە لە کەناڵی کوردساتدا و دەکەوێتە بۆشایی نێوان بەرنامەکانی دیکەوە، ئەوەی لێرەدا جێگەی تێبینی و سەرنجە نەبوونی چاودێریی و فلتەرێکی هونەرییە لە کەناڵەکەدا بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی ئاستی هونەریی ئەو بەرهەمانەی دەگاتە دەستی، فلتەر و سانسۆرکردن بەو مانایە نییە ناکۆکی شەخسیی و جیاوازیی بیروباوەڕی هونەرمەندێک بکرێتە پێوەر، بەڵکو تەنیا ڕوانین و شیکاریی بێ لەسەر بەرهەم، بۆ ئەوەی نەهێڵدرێت گۆرانی بێ ئاست و خراپ تێپەڕێت و لە شاشەی کوردساتەوە پێشکەش بکرێت، ئەمەش جۆرێکە لە ترساندن و هاندانی هونەرمەندانی گۆرانبێژ لە پێناوی دروستکردن و گوتنی گۆرانی بە مستەوا و ڕێکوپێک. هەتا ئەم دەقیقەیەش چەندان گۆرانی نەشاز و ناخۆش کە لە بناغەدا هەر گۆرانی نین و قسەی ئاساییین لە کەناڵی کوردساتەوە دادەبەزێت، ستافی کوردسات لە ساڵی نوێی تەمەنیدا لەسەریان پێویستە چاوێک بە ئاستی گۆرانییەکاندا بخشێنێتەوە ئینجا لێ بدرێن.

## سەرنجێکی تر

یەکێک لەو گرفتانەی لە کوردساتدا هەیە و پتر گرفتێکی سایکۆلۆژییە بۆ خەڵکانی دەرەوەی شاری سلێمانی، ئەوەیە کەناڵی کوردسات زۆر زێتر لە هەر شوێن و شارێکی تری کورستان بایەخ بە شاری سلێمانی دەدات، ئەم حاڵەتە لای هەندێ خەڵکی زیادەڕۆ وا لێک دەدرێتەوە کەناڵەکە سلێمانچێتی و شارچێتی دەکات،

بەڵام من دەزانم بنکەی سەرەکی کەناڵەکە لە شاری سلێمانییە بۆیە شتێکی ئاساییە پتر تەرکیز بکاتە سەر سلێمانی چوونکە باشتر دەستی بەسەریدا دەڕوات و لێی نزیکە. بەڵام لەپێناوی ئەوەی ئەم حاڵەتە نەبێتە گرفتێکی گەورە و گرێیەکی دەروونی لای خەڵکانی شارەکانی تر، کاتی ئەوە هاتووە کوردسات گرنگی بدات بە شارەکانی تر بەبێ ئەوەی شاری سلێمانیش فەرامۆش بکات. من بۆ خۆم گلەیی و گازندەی زۆرم هەبوو لەسەر ئەوەی باکگراوندی پرۆگرامی هەواڵەکان لە بری نەخشەی کوردستانی گەورە یان ئاڵای کوردستان وێنەی شاری سلێمانی بوو، خۆشبەختانە وا بزانم لە ساڵی نوێی کارکردنیدا ئەو وێنەیە لاچووە. کوردسات بێجگە لەو چەند خاڵەی تیشکم خستە سەری چەندین کەموکورتی و بۆشایی تری هەیە لە چەشنی نەبوونی فیلم و دراما و هەندێ بەرنامەی تایبەت و بەرنامەی ژنان، بەڵام ئەمانە بەجێدەهێڵم بۆ قەڵەم بەدەستانی تر تا ئەوانیش لە گۆشەنیگا و تێڕوانینی خۆیانەوە لەسەری بدوێن و دواجاریش بۆ ئەوەی بخرێتە پێش چاوی ستافی کارگێڕیی کەناڵەکە بە ئامانجی سوود لێوەرگرتنی لە داهاتووی کەناڵی کوردساتدا.

## پێش کۆتایی

ئەم چەند پەرەگرافە نووسینێکی زۆر خێرا و سەرپێیانەیە و دوای ماندووبوونی سەفەر و لە یەکێک لە هۆتێلەکانی شاری هەولێر نوسیوومە، خۆم دەزانم چڕوپڕ و هەمەلایەنە نییە، بەڵام مەبەستمە لەم کاتەدا بڵاو ببێتەوە کە یادی پێنج ساڵەی لە دایکبوونی کەناڵی کوردساتە، ئەگەریش ئەم بابەتەم دوور و درێژ و هەمەلایەنە بنووسیبایە پێویستی بە کاتێکی زۆرتر بوو لە بۆنەکەش دوا دەکەوت، هیوادارم جارێکی تر و بۆ ساڵی دادێ بە دوور و درێژیی بچمەوە سەری، مەبەستیشمە بڵێم ئەم دێڕانە بە ویژدان و هەستێکی لێپرسراوانەوە نووسراوە و تەنیاش غەمی بەرەو پێشچوونی ئەم کەناڵە لە پشتییەوە وەستاوە، ماوەتەوە بڵێم ئەم سەرنجانە بۆ کۆی کەناڵەکانی تریش هەروان بە تایبەتی بۆ هەردوو کەناڵی ئاسمانیی کوردستان تیڤی و ڕۆژ.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١٢)ی ڕۆژنامەی (نیوەند) لە ڕۆژی ٢٠٠٥\١\٢٧ بڵاوبووەتەوە.

# مۆد، مۆدی گۆرانی وتنە

*عەیامێک باوی نانەوایی بوو، هەر ئەوەندەم دەزانی لە ناکاو خوێندکارێکی کلاسەکەمان دیار نەدەما، وەختێ دەمبینییەوە دەیووت وەڵڵا بوومەتە شەلاع، یەکێکی تر لەسەر شەقام و لە کاتی پیاسەدا بە رێکەوت دەمبینی دەیووت لە فڵان نانەوا ئارد دەبێژمەوە و دواتر گونک دەبڕم، بەهەرحاڵ ئەم ماوەیە نانەوایی ببووە مۆدیل.

*ئەو کاتەی لە پۆلی سێیەمی ناوەندیی بووم، باو باوی پانتۆڵی سێ بانسیی شاموا و قۆنەرەی لەمەع و موجەسەم و قەمسەڵەی چەرم بوو، ئەوی بەو فۆرمە خۆی تەخلیف نەکردبا ئەوە لادێی بوو، کچێک ئەگەر شانسی هەبوایە کوڕێکی لەم جۆرە دەبووە دڵداری، لە چەند مانگێکی کەمدا خێرا ئەم مۆدەیە گۆڕا بۆ پانتۆڵی تەسک و خەنافیسی درێژ و قۆنەرەی بن بەرزی دەبابەیی، بەندە یەکێک و لەوانەی لەسەر ئەو مۆدیلە خۆی دەگۆڕی.

*سەردەمێک (بە تایبەتی ساڵی ١٩٩١) باو باوی کەتافی خاکیی و پێڵاوی ئەدیداسی پۆما بوو، جا هەر کەسەو بە پێی رەنگی حزبەکەی تەسبیحێکی دەنک گەورەشی بەدەستەوە گرتبوو، کوڕ ئەو کوڕە بوو بەم مۆدیلە خۆی بگۆڕێت، منیش کە کەتافییەکی قاوەیی و خاکیم هەبوو بە نۆرە لەبەرم دەکردن و چوار پێنج جووت ئەدیداسم هەبوو لەگەڵیدا، بەڵام بۆ تەسبیحەکە باوکم دانەیەکی سووری خۆی دیاری کردم، ئەو کاتانە لەگەڵ کوڕی مەلایەکی ناسراودا خوا وەکیلانە دەمانووت (شیوعییەت لە مردن بەهێزترە و لە پەتی قەنارە بڵندترە). بەو تەمەنە کەم و تێنەگەیشتوویەوە بەتایبەت بۆ تەحەداکردنی هەندێ (برای موسڵمان)ی گەڕەکەکەمان، هاوارمان دەکرد (ئێمە نەوەی مارکسین، لە سێدارە ناترسین). ئەو دەمانەش باوی ئەمە بوو.

*هێشتا منداڵ بووم لە بیرمە، باوی قەمسەڵەی مغاویری و پانتۆڵی کاوبۆی شین و دەمانچەی تاریق بوو، دواتر کوڕ ئەو کوڕە بوو موزەلییەکی خەفیفەیی پێ

بێت، بەڵام بەمەرجێک مەخزەنێکی حەفتا و پێنجی لەسەر بێ، پاشان زرووف گۆڕا باو باوی جاشێتی و فەوج وەرگرتن بوو، ئازا و نەبەرد ئەو کەسە بوو زۆر زوو فەوجێک وەربگرێ و هەندێک جاشولکە بە زەڕە زەڕ دوای خۆی بخات.

*ماوەیەک باوی فەلسەفە و فوکۆ و لیوتار بوو، باسی ئەزبەریدت بکردایە یەکسەر دەیانووت فوکۆ لەمەڕ ئەمە وەهای گووت، باسی ڕۆنی بایعەکەت بکردایە دەیانوت هۆبز پێی وایە جۆرەکانی ڕۆن حەڤدەن، باسی ترخێنەت بکردایە یەکسەر وتەیەکی (ژاک دریدا)یان بۆ دەهێنایەوە، باسی عەمبەروەریت کردبا بێ سێ و دوو وتەزایەکی (جۆن لۆک)یان بە پەنایدا، باسی پەڵینە بە ترش و گەنمە کوتاوت بهێنایەتە ئاراوە ئەوسەری موناقەشە لە ئارکیۆلۆژیای مەعریفە و فینۆمینۆلۆژیای ڕۆحی (هیگل)ەوە سەری دەرهێنا!!، ماوەیەک باسی فوکۆ بە هەورامی دەکرا، ژاک دریدا و ئالان تۆرین ببووە بنێشتە خۆشەی دەمی منداڵانی ساواش، ئەم مەددە ئەوەندە زاڵ ببوو هەر دەبوو باسی فوکۆ و ژیل دۆلۆز بکەیت و قسەکانیان بکەیتە نموونە ئەوجا حیسابێکت بۆ دەکرا، بە هەمەحاڵ بە درێژایی ساڵانی ئەم قۆناغە هەر گەنجێکت دەبینی دوو کتێبی شڕی فرۆید و مارکۆزی لەبن هەنڵگدا بوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەیڵێم ئێستاشی لەسەربێ دوو دێڕیان لەو کتێبانە نەخوێندۆتەوە، ئەو سەردەمەش لە خوا بەزیاد بێ و فارس گووتەنی گوزەشت.

*ڕۆژگار ڕۆیشت و ڕۆژگار هات زەمەن بووە چەرخی زێڕینی شیعر، کچێکی هەژدە ساڵ جارێک پێی وتم چواردە دەفتەر شیعرم نوسیووە (نیرۆدا- پاز- ئەلیوت- بۆدلێر) «شاگردن لە چاویدا». هەرچی هەڵدەستا شەڕی بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەفرۆشت کە بۆچی قەسیدەکەیان بڵاو نەکردۆتەوە؟ قەسیدەش چی؟ دوو سەد لاپەڕە دەبوو، مەگەر لە ئەلفەوە تا یای گۆڤار و ڕۆژنامەکەیان بکردایە بەو قەسیدەیە و تەواو.. مەبەستمە بڵێم شیعر ببوو بە نان و ئاو، هەرچی هەڵدەستا بە دەم گوڵەبەڕۆژە خواردنەوە دوو دەفتەر شیعری دەنووسی، بەپێی ئەو ئامارەی لای هاوڕێم (شازین هێرش) هەیە ژمارەی ئەو شاعیرانە لە سەرووی هەزارەوە بوو، تەنانەت (شازین) زیاتر لە ٣٦٠ دیوانی کۆکردبۆوە و ناوی لێنابوون دیوانی (شاعیرە کەرەکان)، ناهەقی نەبوو شیعری وای تیابوو هەر گوناهە پێی بوترێ میعریش، هی وەهای تێدابوو دەیووت دەمی کەو، ئاخر ئەگەر کەو دەمی هەبێ کەواتە مرۆڤ دەنووکی هەیە، یەکێکی تریان نووسیبووی ماسییە ئاوییەکان وەک

ئەوەی ماسی وشکانیش هەبێ و هتد.. ئەوێ ڕۆژێ زۆر زیاتر لە هەموو کیشوەری ئەوروپا شاعیرمان هەبوو، بە زۆر بەسەریاندا دەسەپاندی ناوی (ئاراگۆن- پاز- بۆدلێر- نازم حیکمەت- رامبۆ...) فێر بیت، بە شەرەفم کە دەیانووت رامبۆ یەکسەر خەیاڵم بۆ لای فیلمە ئەکشنەکانی رامبۆی پاڵەوانی سینەمای ئەمریکی دەچوو!!. رەفەی کتێبخانەکەم پڕکردبوو لە دیوان، دیوانی عەنتیکە و سەیر، هەر وەک لە چەند تەنزێکدا شۆخیم پێ کردوون، بەڵام لە خوا بەزیاد بێ تاکە دێڕێک چییە شیعرم نەنووسی لەم کاتەدا کە شێخ رەزا وتەنی زەمەنی حەشری نێرەکەر بوو.

*جوان لە یادمە کاتی سەدام لەساڵی ١٩٩٠ کوەیتی داگیر کرد، ماڵمان لە گەڕەکی سەهۆڵەکەی شاری سلێمانی بوو، هەرچی خزم و کەسوکار و ناسیاوەکانمان بوو هەموویان فیراریان کردبوو لە عەسکەریی، بە دەگمەن نەبێت کەسیان نەبوونە سەرباز، ئەم فیرارە نەگبەتانە ئیش و کاریان ببووە هەڵماتێن، رۆژ تاکو ئێوارە لە سەربانە فراوانەکەی نهۆمی سێیەمی ماڵەکەمان هەر خەریکی موشێن بوون، هەر ئەوەندەشم دەزانی هاواریان دەکرد کۆسەڵەیە. لەوانەیە بپرسین ئەی چۆن کەس خەبەری لێنەدان کە ئەوان فیرار بوون؟ بەڵام سەربانەکانی تریش هەر وەک ئەوەی ئێمە لە جەماعەتی هەڵماتێن رەش دەچوونەوە، ئیدی بەم شێوەیە ئەو پێنج شەش مانگە هەڵماتێن بە تایبەتی لە سلێمانی بوو بووە دیاردە، تەنانەت دوای نەمانی ترس و دەرپەڕاندنی بەعسیش ئەم ئازیزانە لەسەر هەڵماتێن مودمین بوون، بەوەش هەڵماتێن بووە دیاردە و باو باوی ئەم یارییە بوو، برا گەورەکەم کە هەشت ساڵ لە من بە تەمەنترە رۆژێکیان سەد و چواردە دیناری ئەوسای تێدا دۆڕاند بوو. تۆ سەیری ئەو نەگبەتییە گەورەیە بکە، گەنج و هاونیشتمانیانی وڵاتێک زۆربەیان ببنە هاڵماتچی. وەک شنەبایەک ئەم عەهدی هەڵماتێنە خوا حافیزیی لێکردین و زەمان دەروازەی بۆ مۆدیلێکی تری عەنتیکەی کوردیی کردەوە.

*ماوەیەک باوی گۆرانی داواکراو بوو لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە، بەڵکو هەر لە بنەڕەتەوە ئەرکی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان ببوو بە گۆرانی داواکراو، یەکێک ناوینابوو ساباتی ستران، چوزانم بە خواستی ئێوە، گۆرانییەک بۆ تۆ، هەڵبژێرە بەدڵی خۆت هتد.. جا ئەم خەڵکە بێکارەی خۆمان شەو و رۆژ خەریکی نامە ناردن بوون بۆ ئەم بەرنامانە و لە تەلەفزیۆنێکی مەحەلییەوە گۆرانییەکیان پێشکەش دەکرد بە برا مەحبوبە هەندەرانییەکەیان لە ئەمەریکا. جا هەبوو گۆرانییەکی پێشکەش

دەکرد بە وەکیلی ئاردەکەیان، هەشبوو بە دراوسێی ماڵی کوڕە پورەکەیان، یەکێکی تر دوای پڕکردنەوەی نامەیەکی دوو بستیی گۆرانییەکی بە براژنەکەی پێشکەش دەکرد کە ماڵیان لە نهۆمی دووەمی خانوەکەی خۆیاندا بوو، لەوەش خراپتر هەرچی پەیوەندیی دەکرد دەیووت دەمکەنە هاوڕێی بەرنامە و بە دۆستی بەرنامە قبوڵم دەکەن؟ وایاندەزانی ئەگەر ببنە هاوڕێی بەرنامە خەڵاتی نۆبڵیان پێدەدرێ.

*لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەر پۆلیسێک، ماوەیەک باوی پۆلیسی بوو، هەر ئەوەندەت دەزانی مامۆستای قوتابخانەکەی تەنیشتمان بە جلی پۆلیسییەوە دەهاتەوە بۆ ماڵ، کاتێ ئاوڕت دەدایەوە دوکاندارەکەی گەڕەک دەرابەکەی دادەخست و دوو بەیانی لە بازاڕ بە مفەوەزیی تووشت دەبوو، خۆ ئەگەر ئەم مەوجەیە بەردەوام بوایە بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆش دەبوونە شوورتی ئەوەل. ئەو عانە بە پۆلیسبوون لە برەودا بوو، لە رووی مەعنەوییشەوە کێرڤی پۆلیس بەرز ببووەوە. ناسیاوێکی هەندەرانی لەو رۆژە زێڕینانەی پۆلیسدا چوو بووە داوای کچێک، بەڵام باوکی کچە وتبووی کچەکەم نەداوە بۆ پۆلیس ئێستا هیچ ناکەم دەیدەم بە خاریجی!!!، بەسەری جەماعەت کچەکەی نەدا پێی. بەڵام رۆژی پۆلیس کورت بوو، زۆری نەبرد گلۆڵەی پۆلیسی کەوتە لێژیی و نمووی نەما.

*سەردەمانێک هاتە پێشەوە، سەفەری هەندەران باوترین شتێک بوو، هەرچیت دەبینی گۆرەوی هەڵکیشابوو و پێڵاوەکانی توند کردبووەوە تا وڵات بەجێ بهێڵێت، ئەوانەشی لە هەندەران هاتبوونە وەک مەلیک پێشوازییان لێ دەکرا لە وڵاتەکەی خۆیاندا. ئەوێ رۆژێ لە کۆڕ و مەجلیساندا پشکی شێری بڕیار و قسە لای کاکی هەندەرانی بوو، ئەگەر کەسەکە زۆر بلێ و چەنەباز بوایە، دەیانووت ماشەڵڵا کە قسەزان و تێگەیشتووە، ئەگەریش وشک و کەمدوو بوایە دەیانووت بێدەنگییەکەی هەمووی حیکمەتە، ئای کە موئەدەبە، کە نەجیب و ئەسڵزادەیە. بەڵام خاک بەسەر ئەوەی هەندەرانی نەبوو، خۆ ئەگەر ببوویتایەتە ئەرستۆ حسابی تۆزێکی قوڕاوییان بۆ نەدەکردی، تەنانەت ئەگەر دووجار لەو ڕێیەت نەدایە، دەبوو لە کۆڕ و مەجلیسدا دەست هەڵبڕی بۆ ئەوەی ڕێگەت بدەن قسەیەک بکەیت. ئەگەر هەندەرانی بوویتایە سێ سەد ماڵ سەرەیان دەگرت بۆ دەعوەت، کچەکانیان لە حەوتی بەیانییەوە بۆ شەشی ئێوارە لە ئارایشتگا بوون بۆ خۆ ڕازاندنەوە، تا رۆبن هود دڵی نەرم بێ بەرامبەریان و پاپوچی ئاڵتونی بکاتە پێیان ببنە ساندریلا، تا بەری بەیانی مجامەلەیان

دەکرد و بە شان و باڵیدا هەڵیاندەدا. قسەکانی وەک نەخشی بەرد بە رەوان سەیر دەکرا، ئیدی باو باوی ئەمە بوو بە هەر نرخێکە بگەیتە ئەو ئەوروپا جادوییە و بەئاوی ئەفسوناویی دۆلار خۆت تەعمید بکەیت تاکو تۆش ببیتە ئەو میتامۆرفۆسە خەیاڵییە. ئەم شەپۆلەش لە مۆد و چاولێکەریی هەزاران کەسی لەگەڵ خۆیدا لوول دا بۆ تاراوگە تا دواجار ئەم تۆفانەش نیشتەوە.

*زەمانێک بێکاریی بەرۆکی گەلی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا گرتبوو، کار و کاسبی نەمابوو، خەڵک بۆ بژێویی پەیداکردن ناچاربوون دوور لە ویستی خۆیان کار هەڵبژێرن. رۆژانێک هات لەگەڵ دەنگی ئەڵڵاهو ئەکبەری بەیاندا یەک لەشکر گەنج دەچوون بۆ سەمون فرۆشی، سەمون فرۆشەکان ژمارەیان زۆر زیاتر بوو لە خوێندکارەکانی وڵات، هەر یەکێکیان لەسەر ئیقاعێک هاواری دەکرد: کارەبایە سەمون، عەمونی گەرم، کاڵەبایە سەمسەمون، هەشتی بە پێنج دینارە سەمون هتد.. من خۆم سەرم لەوە سورما بوو ئەم هەموو سەمون فرۆشە هەیە دەبێ ئەوەندەش خەڵک هەبێ تا لێیان بکڕێ؟! چوونکە ماڵ نا ماڵێک سەمون فرۆشێکی هەبوو، جا خواش نەکا ئەم کوردە سەر بکاتە سەر شتێک بێ تامی دەکات، مەخسەدم ئەوەیە سەمون فرۆشیش لە قۆناغێکدا ببووە مۆد.

*ماوەیەکە جگە لە درامای بێ ماناو بێ سەروبەر بۆ مانگی رەمەزان، گۆرانی وتن بۆتە باو. کاکم نازانێ نوار و کرۆش چییە بە گیتارەوە گۆرانی دەڵێت، نازانێ مەقام و بەستە چییە خۆی کردووە بە مامۆستای هونەر و مەقامات، نازانێ گۆرانی فۆلکلۆریی چییە و خاسییەتەکانی چین دەڵێ داهێنانەکانم لەسەر بنەمای فۆلکلۆرەوە هەڵدەقولێن، نازانێ پۆپ و رۆک چییە دەم لە هونەری جیهانی و گۆرانی مۆدێرن دەکوتێ، نازانێ سەید عەلی ئەسغەر و رەشۆڵ کێن دەیەوێت پێی بوترێت هونەرمەندی نەتەوە، چینەکانی دەنگی خۆی ناناسێ و پڕ بە ئاسمان دەشیرپێنێ و بە گۆرانی پێمان دەفرۆشێتەوە!!، نازانێ ئەدا و ریتمی گۆرانی چییە، قسەیەکی ئاسایی دەکات و دەڵێت ئەمە ئەو گۆانییە نوێیەیە زەوقسزان و سەلەفییەکان لێی تێناگەن!!!. زەمەنی ئێستامان زەمانی گۆرانی هەلەق و مەلەق و بێ رەونەقە، گۆرانییەک نە کاریگەریی بەجێدەهڵێ نە هەست و سۆزێکی تیایە، ئەگەر هونەرمەندێکی جیددی لەم گەرەلاوژەیەدا هەڵبکەوێ ئەوە زۆر زۆرە، ئەگەر گۆرانیبێژێکی بە ئاگات دەستبکەوێ موعجیزەیەکی خودایە!!.

ئاخر گۆرانی وەهام گوێ لێ بووە بچراوم لە پێکەنیندا، گۆرانی وەهام گوێ لێ بووە گریاوم لە داخدا، گۆرانی وەهام گوێ لێ بووە هەڵچووم لەبەر بێ مانایییەکەی، گۆرانی وەهام گوێ لێ بووە مێشکم ئازاری کردووە لە تاو ژاوە ژاوەکەی، گۆرانی وەهام گوێ لێ بووە گوێم لە دەنگی تەنەکەی ژەنگاویی بگرتبایە باشتر بوو، گۆرانی وەهام گوێ لێ بووە قاوە قاو و دەنگە ناسازەکەی لە دەنگی عەرەبانەی تراکتۆر ناخۆشتر بووە، گۆرانی وەهام گوێ لێ بووە هێندەی مۆلیدەی ماڵە دراوسێکەمان سەری ئێشاندووم، گۆرانی وەهام گوێ لێبووە بچووومایە گوێم لە ڤرەڤڕی مەسعەدە و خەباتە بگرتبایە قازانجم زێدەتر دەکرد، گۆرانی وەهام گوێ لێبووە لەبەر غەڵبە غەڵبی مۆسیکای بێ چێژ و تام ئێستاش گوێم لە دەنگی دەمبێژ نەبوو، گۆرانی وەهام گوێ لێبووە یاخوا دوژمنەکەشم گوێی لێنەبێ و ئەو سزایە نەدرێ تا گوێی لێبگرێ. گۆرانی خۆی دەڵێ دنیا دەوران دەورانە، بەڵام قوڕ بەسەر من نازانم روو لە کوێ بکەم لەم دەورانی گۆرانییە ناشازانەدا؟ خۆ دەزانم لە سەردەمی سەدام حسێن قورستر نییە و هەر دەبێت بڕوات، بەڵام ئەمن دوعایەکی دەکەم هەرچی لەگەڵم کۆکە، با بە دوامدا بڵێ ئامین. (خودایە پەنامان بدە لەم گۆرانی و گۆرانیبێژە بێتامانە و چەرخی رۆژگار بسوڕێنە و باوی گۆرانی وتن بگۆڕە بە شتێکی تر، قەیناکا ئەو شتە ئەگەر دیکتاتۆریەتیشە). جارێ لە لای خۆمەوە، ئامین.

تێبینی: هەوڵدراوە ئەم نووسینە بەشێوەیەکی تەنزئامێز بنووسرێت، تا ئەم نووسینەش وەک گۆرانییەکانمان وشک و برینگ نەبێ و خوێنەر حەوسەڵەی هەبێ بیخوێنێتەوە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣٧)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە رۆژی ١٧-٣-٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

# خاوەنی کەناڵە سێکسییەکان کێن؟

## بازرگانە عەرەبەکان خاوەنداریێتی زۆربەی کەناڵە سێکسییەکان دەکەن

حاڵی حازر سەدان کەناڵی ئاسمانی سێکسیی و هەزاران وێب سایتی پۆرۆنۆ لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، رۆژانە پەخش دەکەن. خاوەنی ئەو کەناڵانە تا ئێستا لای زۆربەی خەڵکی رۆژهەڵات و جیهانیی ئیسلامی کە بە پلەی یەکەم دێن لە سەیرکردنی ئەو کەناڵ و سایتانەدا، ئاشکرا نییە. زۆربەی جار بانگخوازە ئیسلامییەکان، بانگەشە دەکەن، گوایە ماسۆنییەت یان سەهیۆنییەت لە پشتی ئەم کەناڵانەوە راوەستاوە، هەندێکجاری تر بانگەشەی ئەوە دەکەن، ئەو کەناڵە سێکسییانە تەنیا بۆ جیهانی ئیسلامیی دروستکراون، ئەویش لەلایەن رێکخراوە تەبشیرییەکان یان رێکخراوە نهێنییەکانی وابەستە بە ئیسرائیل و زایۆنیزم.

ئەو جۆرە بانگەشەیەی بانگخوازە ئیسلامییەکان، دوورن لە راستییەوە، چوونکە زۆربەی ئەو کەناڵ و سایتە سێکسییانە لەلایەن کەسانی موسڵمان و خەڵکی رۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامییەوە خاوەنداریێتی دەکرێن. بەم دواییە ئاشکرابوو کە زیاتر لە ٦٠ ملیاردێری میسریی، خاوەنداریێتییان لە چەندین کەناڵ و سایتی سێکسیی کردووە، وەک سەرچاوەیەکی گرنگیی بازرگانی، بە تایبەت لە رێگەی ئەو سایتانەی بە پارە گرتە سێکسییەکان بڵاو دەکەنەوە، یان ئەو کەناڵانەی پەیوەندیی راستەوخۆ وەردەگرن، کە بەهای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیانە چەند قات زیاترە لە پەیوەندیی تەلەفۆنی ئاسایی، ئەوەش ربحێکی گەورەیە بۆ ئەو سەرمایەدارانەی لە پشتی ئەو کەناڵانەوە وەستاون.

بەپێی ئامارەکان ئەو راستییە بەئاشکرا خۆی دەرخستووە، زۆربەی تەماشاکارانی کەناڵ و سایتە سێکسییەکان لە جیهانی ئیسلامییدان، لەم رووەوە

عێراق لە ریزبەندی سێ لەو وڵاتانە دێت کە زۆرترین تەماشاکەرانی سایت و کەناڵە سێکسییەکانی تێدایە. بە گوێرەی بە دواداچوونێکی NAWA دەرکەوتووە لە سێ وڵاتی ئیسلامی، سایتە سێکسییەکان لە ریزی پێشەوەی ئەو سایتانەن کە زۆرترین سەردانیکەریان هەیە و لە نێویشیاندا وڵاتی عێراق بە پلەی یەکەم دێت بەو پێیەی دوای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی facebook ، youtube و هەردوو سایتی google و yahoo و سایتە پۆرنییەکان زۆرترین سەردانیکەری هەیە لە عێراق. دوای عێراق وڵاتی جەزائیر بە پلەی دووەم دێت بەو واتایەی لە ٣٠ سایتی یەکەم ٣ سایتیان سێکسین کە ئەوانیش لە ریزبەندی ١٦، ٢٥ و ٢٧دا جێیان گرتووە. لە پلەی سێیەمیش مەغریبە کە دوو سایتی پۆرنی لە ریزبەندی ١٢ و ٢٣دا لە نێو ئەو ٣٠ سایتەدان کە زۆرترین سەردانیان دەکرێت لەو وڵاتەدا.

دیارە بازرگان و ملیاردێرە عەرەبەکان لەو پەرۆشییەی جیهانی ئیسلامی تێگەیشتوون بۆ سەیری فیلمی پۆرۆنۆ، بۆیە زۆرترین سەرمایەی خۆیان لە بواری کەناڵ و سایتی سێکسی وەگەڕخستووە. چوونکە هەموو ئەو داتایانە نیشانی دەدەن، تینوویێتییەکی زۆر لە جیهانی ئیسلامیی هەیە بۆ سەیری فیلمی سێکسیی، ئەمەش وای کردووە رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەی ئەو کەناڵ و سایتانە زیاتر ببن. بەڵام ئەوەی پێویستە ئێمە لێرەدا بیری بخەینەوە ئەوەیە، زۆربەی ئەو کەسانەی لە پشتی ئەم بازرگانییەوە راوەستاون، ملیاردێرە عەرەبەکانن بە تایبەت ژمارەیەک بازرگانی میسریی و خەلیجیی، هەروەها زۆرترین ژمارەی تامەزرۆیانی بینینی ئەو کەناڵانەش هەر خەڵکی رۆژهەڵات و جیهانی عەرەبیی و ئیسلامین.

هەر بەم دواییانەش، ئەو راستییە ئاشکرا بوو، «بەشار ئەسەد»ی سەرۆکی سوریا، لە پشتی سێ کەناڵی سێکسییەوە وەستاوە. رۆژنامەیەکی ئیتالیایی لێکۆڵینەوە و بە دواداچوونێکی تایبەتی کردووە لەبارەی کەناڵە سێکسییەکان و خاوەنەکانیان، لەو نێوەندەشدا ئاشکرابووە بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا خاوەنی ٣ کەناڵی سێکسییە. رۆژنامەی نیوزباپێرسی ئیتالیی لە بەدواداچوونەکانیدا بۆی ئاشکرا بووە بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا خاوەنی ٪٦٠ پشکەکانی گرووپی« Sex Channel» کەناڵە سێکسییەکانە کە تایبەتە بە پەخشکردنی فیلمە سێکسییەکان لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا و دووەمین گەورە تۆڕی کەناڵە سێکسییەکانە لە ئیتالیا.

ئەو رۆژنامەیە جەختی کردۆتەوە لەوەی بەشار لە ساڵی ٢٠٠٣ لەرێگەی

کەسێکی نزیکی خۆیەوە گرێبەستێکی بۆ کڕینی پشکەکانی ئەو کەناڵانە کردووە پێش ئەوەی ئیفلاسبوونی خۆیان رابگەیەنن، نرخی هەر گرێبەستێکیش ١٠٥ ملیۆن یۆرۆ بووە. هەروەک رۆژنامەکە خستوویەتەڕوو بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا قازانجێکی زۆری کردووە بە تایبەت لە ساڵی ٢٠٠٩ نزیکەی یەک ملیار دۆلار قازانجی کردووە و رەوانەی چەندین حسابی بانکییەکی نەناسراوی کردووە لە ئێران و کوبا.

ئیدی لە دوای دەرکەوتنی ئەو راستییانە ئەو وەهمە بەتاڵ بووەوە کە دونیای رۆژئاوا دەیەوێت ئوممەتی ئیسلام ئیغرا بکات و لەسەر رەوشتی «بەرز»ی خۆی لای بدات. نەخێر بەپێچەوانەوە ئەوەی خاوەنداریێتی ئەو کەناڵانە دەکات و ئەوانەشی بە تامەزرۆییەوە بوونەتە بینەری پلە یەکی ئەو کەناڵانە هەر موسڵمانان خۆیانن. راستە ناکرێت هاشا لەوە بکرێت چەندین ملیادێر و کۆمپانیای گەورە لە ئەورووپا لە پشتی دەیان کەناڵی سێکسییەوە وەستاون، بەڵام ئەو سەرمایەیەی لە هەنووکەدا بووەتە هۆکاری بەردەوامیی ئەو کەناڵانە، ئەو سەرمایەیان لە جیهانی ئیسلامییەوە هەڵدەقوڵێن، ئەو دەستەی پاش ئیفلاسبوونی دەیان بانک و کۆمپانیای گەورەی ئەورووپی و پاش قەیرانی دارایی سیستمی سەرمایەداریی، دەستی گرتووە بەو کەناڵانەوە، ئەو بازرگانە عەرەب و موسڵمانانەن کە بوونەتە گەورەترین مافیای لەشفرۆشیی و کەناڵە سێکسییەکان.

پێویستە لێرەدا ئاماژەش بەوە بدەین، بازرگانیی لەشفرۆشیی مێژوویەکی درێژی هەیە، بەڵام لەم سەروەختەی ئێستادا گەیشتۆتە دوا پلەی خۆی، ئەوەش پەیوەندیی نییە بە دژایەتی ئاینێک یان نەتەوەیەک یان چەند نەتەوەیەک، ئەوە بازرگانییەکی رەش و نامرۆڤانەیە کە سیستمی سەرمایەداریی جیهانیش پشتیوانی لێدەکات. بۆیەکا گرنگە لەو فاکتە تێبگەین، کەناڵە سێکسییەکانیش بەشێکن لە پرۆسەی بە بازاڕکردنی لەشفرۆشیی، بۆ ئەوەش پێویستیان بە سەرنجڕاکێشانی هەموو کەسێک هەیە نەک تەنیا جیهانی ئیسلامی. بەدەر لەمەش جیهانی ئیسلامی هێندە جیهانێکی پاکیزە نییە رۆژئاوا بیەوێت رەوشتەکەی دابڕزێنێت، بەپێچەوانەوە ئەوەی لە جیهانی ئیسلامییدا دەگوزەرێت زۆر لەوە ترسناکترە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە دەگوزەرێت. جیهانی ئیسلامی ئەو جیهانەیە دیکتاتۆر و مافیا گەورەکانی لەشفرۆشیی بەرهەمهێناوە، ئیدی دەبێت پاکیزەییەکەی لە کوێدا بێت؟.

بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر کرۆکی مەبەستەکەمان، جارێکی دیکە بە بیری دەهێنمەوە، زۆربەی کەناڵە پۆرن و سێکسییەکان لەسەر ئاستی جیهان، لەلایەن بازرگانە عەرەبەکانەوە خاوەنداریێتیان دەکرێت یان پشکیان تێیدا هەیە، بۆیە هەقوایە بانگخوازە ئیسلامییەکان چیتر بالۆرەی ماسۆنییەت و زایۆنیزم نەهێننە پێشەوە، چوونکە ئێستا راستییەکە وەک درەوشانەوەی ئەڵماسێک لە ژوورێکی تاریکدا، دەرکەوتووە، بە تایبەت دەبێت بزانن، «ئێران»ی قەڵای ئیسلام پڕبووە لە پارەی کەناڵە سێکسییەکان و رەنگە ئەو هاوکارییانەشی دەینێرێتەوە بۆ ئیسلامگەراکانی وەک حزبولا و حەماس هەر لەسەر پارەی لەشفرۆشیی و کەناڵە سێکسییەکان بێت.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «١٤»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ٣-١٠-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

# رۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کۆمەڵگەدا

دیموکراسیەت لە هەر وڵاتێکدا لە ڕێگەی بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەناسرێتەوە، تەنانەت وتەزایەکی بەربڵاو هەیە دەڵێت: سیستمی دیموکراسی بە بێ بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە دیکتاتۆریەتی زۆرینە بەسەر کەمینەدا، بەو مانایەی ئەوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییە تەوازنی سیستمی دیموکراسی لە هەر وڵاتێکدا رادەگرێت، ئەرکی ڕاستەوخۆ و بنەڕەتیی ئەم ڕێکخراوانەش بریتییە لە وروژاندن و دروستکردنی رای گشتیی و فشاری سیاسیی و کۆمەڵایەتی بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسیی. بەو واتایەی ئەم ڕێکخراوانە هێز و گروپی فشارن لە کۆمەڵگەدا، هەر یەکێکیان داکۆکیی لە چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکەی دەکات، هەر بۆیە زۆربەی ڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای هاوپیشەیی یان هاوبەرژەوەندیی دروست دەبن.

لە کوردستان هەرچەندە وجودی ڕێکخراوەکان هەیە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە رۆڵ و ئەرکی وەک پێویستی خۆیان نابینن، ئەمە ئیشکالییەتێکی گەورەیە و دیموکراسیەت لە کۆمەڵگەکەماندا دەخاتە ژێر پرسیار و هەڕەشەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە ڕێکخراوەکانی لای ئێمە لەواقیعدا پێویستییە پیشەیی و چینایەتییەکان دروستی نەکردوون و هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگە نین، بۆ نموونە ڕێکخراوێکی خوێندکاریی لە زەرورە و پێویستیی خوێندکارانەوە دروست نەبووە بەڵکو (باوکەکان دروستیان کردووە). زیاتر سەرجەمی ڕێکخراوەکان ئۆرگان و کۆمیتەیەکی حزبین و کار بە هەمان ئاڕاستە و ستراتیژییەتی حزبەکانیان دەکەن نەک لە ڕوانگەی خواست و بەرژەوەندیی و پێداویستییەکانی چین یان شەریحە کۆمەڵایەتییەکەیانەوە ڕۆڵ بگێڕن.

حزبی کوردیی خودی خۆی بەشێوەیەکی تەندروست لە دایک نەبووە،

بەڵکو پەرچەکرداری ستەمی میللی و نەتەوەییە و لەسەر بنەما و پیرۆزییەکانی خێڵگەرایی دروست بووە، لە هەمان کاتدا ڕۆڵی نێگەتیڤی گێڕاوە لە شێواندنی کاری ڕێکخراوەیی و تەواوی ڕێکخراوەکانی مۆنۆپۆڵ کردووە کە هەر کات ویستی لە بەرژەوەندیی خۆی بە کاریان دەهێنێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ڕێکخراوەکانی ئێمە ڕێکخراوگەلێکی کارتۆنین، نەک هەر گرووپی فشار نین بەڵکو بە هەر شێوە و جۆرێک بواریان هەبێت پینەی سیاسەتی حزبەکانیان دەکەن. ئەمە جگە لەوەی جۆرێکن لە مۆدیلی سەردەم و لاساییکردنەوەی کوێرانەی نموونەکانی خۆرئاوا، دیارە ئەوەش بەهۆی شەپۆلی شۆڕشی پەیوەندییەکان و ڕەشەبای عەولەمەوە. پارتە کوردییەکان کاتێک سەیری ئەوروپا دەکەن فلانە ڕێکخراو و دامەزراوە هەیە یەکسەر لە کوردستان دایدەمەزرێنن بەبێ ئەوەی ئەو ڕۆڵە ببینن خۆیان پێناسەی دەکەن و ئیدعای لە بارەوە دەکەن.

شتێکی تر زۆر جێگەی سەرسوڕمانە، هەر پارتێک کە پێکدێت کۆمەڵە ڕێکخراوێکی وەکوو ژنان و لاوان و قوتابیان بۆ خۆی دروست دەکات!! بە دڵنیاییەوە هەر یەکێکیان زمانحاڵی هەمان حزبن، ئەمەش بووەتە نەریتێکی خراپ چون هەر ڕێکخراوێک هەوڵ دەدات زۆرترین ژمارەی کەس لە ناو چین و شەریحەکەیدا لە دەوری سیاسەتەکانی حزبەکەی کۆ بکاتەوە، بۆ نموونە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ململانێ و کێشمەکێشی زۆر لە نێوانیاندایە ئەمە نەک لەبەرئەوەی پرۆژەیان جیددییان پێیە بۆ ئەو توێژە بەڵکو لەبەرئەوەی پێشبڕکێیانە لە کۆکردنەوە و بە حزبیکردنی زۆرترین ژمارەی خوێندکاران، ئەمەش ڕێکخراوەکان لە کار و ڕۆڵی سەرەکی خۆیان دوور دەخاتەوە و پەلکێشیان دەکات بۆ شەڕێک هی ئەوان نییە و هیچ کەڵکێکیشی بۆ شەریحە زیندووەکەیان نییە.

لێرەوە دەبێت ڕێکخراوەکان بە ئاگا بێن و لە چوارچێوە و سنووورە بەرتەسکەکانی حزب بێنە دەرەوە ئەگەر نا لە هەمان خولانەوە بەردەوام دەبن لە بازنەی تێکشکاندا. دەبێت حزبەکانیش بە ئاگابێن لەوەی چیتر مۆنۆپۆڵی ڕێکخراوەکان نەکەن و مەودا و بوار لە بەردەمیان بکەنەوە، یان مەوداو بوار بۆ خەڵکانی تر بکرێتەوە لە دەرەوەی حزب و ئایدۆلۆژیای حزبەکانەوە تا بتوانن هەستن بە دروستکردن و خستنە سەر پێی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ ئەوەی بالانس لە نێوان شەقام و دەسەڵاتی سیاسیی ڕابگرن. لەلایەکی ترەوە ڕێکخراوەکانی سەر بە حزب لەبەردەم قەیرانێکی

کوشندەی بێ پڕۆژەیدان، تەنانەت لەو چوارچێوە بەرتەسکەی هەیانە ناتوانن بەپێی پێویست کار بکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشاندەری ئەوەیە هێشتا عەقڵی کوردیی نەگەیشتووە بەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردە گرنگەی مودێرنەدا بکات، چوونکە هێشتا رزگاری نەبووە لە کۆت و بەندی سیستمی فیودالّیی و قۆناغی چاندن و کشتوکاڵیی، بە هەمان عەقڵ و دنیابینییەوە تەعامول لەگەڵ دنیای مودێرندا دەکات.

تا ئێستاش پەی نەبردووە بە فەلسەفەی وجودی رێکخراوەکان و کاریگەرییان لە کایە جیا جیاکانی کۆمەڵگەدا، بۆیە ئاساییە ئەگەر لەم دۆخە کوشندەیەدا بژی، سەرباری هەموو ئەمانەش ئەم رێکخراوانە نەک نەیانتوانیوە مەودا و رەهەندەکانی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا فراوان بکەن بەڵکو خودی خۆیان کەوتوونەتە ناکۆکییەکی فرە قووڵ و ریشەییەوە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی، دیموکراسیەتیش بە بڕیار ناچەسپێت بەڵکو دیموکراسی پرۆسەیەکە لە خوارەوە دەست پێدەکات بۆ سەرەوە ئەمەش بە پێچەوانەوەی کۆمۆنیزمەوە کە تەرکیز دەکاتە سەر دەسەڵات و هەموو شتێک لەوێوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ خوارەوە، لە کۆمەڵگەیەکیشدا هێشتا دیموکراسیەت نەبووەتە کولتووری کۆمەڵایەتی هەموو تاکەکانی، زۆر قورسە رێکخراوەکانی ناوی دیموکراسی بن و بە فۆرمێکی دیموکراسییانە پراکتیزەی کارەکانیان بکەن.

سەرەڕای ئەوەی هێشتا کولتووری دیموکراسی و مەدەنیەت نەبووەتە نەریتێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتی کوردییش بیری لەوە نەکردووەتەوە چەند بنەمایەکی گرنگ دابمەزرێنێت تا لەوێوە و لەسەر ئەو بنەمایانە بتواندرێت رەهەند و مەوداکانی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا فراوان بکرێت و ئەم فاکتۆرە ببێتە هۆی بەهێزبوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە کوردستاندا، چون رێکخراوەکان لە کوردستان گوناهن، گوناهن لەبەرئەوەی وا دەزانن بە دابەشکردنی چەند پارچە زەوییەک و ئاهەنگێکی یەکترناسین ئیتر ئەوان توانیویانە ئەرکی مێژوویی و پیشەیی و مەدەنی سەرشانیان رابپەڕێنن، لە کاتێکدا کۆمەڵگە غەرقی کێشە و نابەرابەرییەکی سامناک بووەتەوە.

پاشان پێویستە بپرسین رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان تا چەند توانیویانە لە دەرەوەی فەرمانی حزب یان دەسەڵات شەریحەیەک یان جەماوەری خەڵک بهەژێنن و بهێننە سەرشەقام بۆ داکۆکیکردن لە خواستەکانیان؟

بۆچی و لە بەرچی لەکاتی خۆیدا نەیانتوانی شەڕی ناوخۆ رابوەستێنن؟ بۆچی و لە بەرچی خۆیان بوونە بەشێکی گرنگ لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ؟ بۆچی و لە بەرچی نەهاتن دژی برسێتی و بێ کارەبایی و گرانی و تیرۆری ژنان بوەستنەوە؟ بۆچی و لە بەرچی نەهاتن جەماوەر بهێننە سەرشەقام دژی دوو ئیدارەیی و چی و چیتر بوەستنەوە؟، ئەمە ئەگەر ئیشی ئەوان نییە ئەی حیکمەتی بوونی ئەوان لە چیدایە؟ کەوابوو ئەوان چ جێگەیەک دەگرن لە کۆمەڵگەدا؟.

نابێت ئەوە لە بیر بکەین چەندین رێکخراو و کۆمەڵە دروست بوون تەنیا دوکانێکن بۆ کاسبیکردن، بەبێ ئەوەی چالاکییەکی وایان هەبێت شیاوی باسکردن بێت، شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی و گەندەڵیی بواری زۆری بەمەدا چەندین رێکخراو و گروپی ناپێویست دروستکران بۆ دژایەتی و دوژمنایەتی و ململانێکردنی یەکتری، بێگومان رۆڵی خراپیان هەبووە لە پەروەردەکردنی ئەم جیلەدا کە وا خەریکە ناوی نیشتمانیان لە بیر دەچێتەوە. دەبێت ئێمە ئیعادە نەزەر بکەینەوە بە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا و هەڵیانبسەنگێنین و لە سەنگی هەر یەکێکیان تێبگەین، بۆ ئەوەی چیتر ژمارەی رێکخراوەکان زیاد نەکەن و کۆمەڵی کوردییش لە هیچ گۆڕانێک نێزیک نەبێتەوە. لە چەند ساڵی رابردوودا بینیمان ئەو حزبانەی بە عەلمانی دەناسرێنەوە ئیمکانییەت و توانای ماددیی زۆریان خستە بەردەم رێکخراوەکانی سەر بە خۆیان، کەچی نەیانتوانی بچووکترین لەمپەر دروست بکەن لەبەردەم گەشەکردنی رەوتە بونیادگەرەکان بە تایبەتی رەوتی ئیسلامی ئسوڵی کە خەتەرێکی گەورە و ترسناکە لە بەردەم پرۆسەی بە مەدەنیکردن و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردەواریی، چوونکە ئەوان دەیانەوێت کۆمەڵگەی ئێمە لە دۆخی پاشکەوتوویی و سوونەتیدا بهێڵننەوە.

زۆرێک لە کارەکانی ئێمە هەتا ئێستا بەشێوەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراو نەبووە بەڵکو بەشێوەیەکی فەوزەوییانە و لەسەر کولتووری خێڵ ئەنجامدراون، ئەمەش لە دروستکردنی رێکخراوەکاندا رەنگی داوەتەوە. بۆیە دەبێت هەم دەسەڵات و پارتەکان رێگە بدەن بە هاتنە مەیدانی رێکخراوە سەربەخۆ و ناحکومی (ئێن جی ئۆ) و ناحزبییەکان تاوەکو هاوکاربن لە گەشەپێدانی کولتووری دیموکراسی لە وڵاتدا، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە حزبەکان هەم لەوە تێبگەن هاتنە بوون و مەیدانی هەر رێکخراو و کۆمەڵەیەک لە دەرەوەی خۆیان بە مانای پوکانەوە و لەناوچوونی ئەوان نییە، هەم

بنەما و نەریتێک گەشە پێبدرێت تا بە هەمان ڕێگاکانی پێشوودا نەڕۆین و بە هەمان شکڵ و جۆر ڕێکخراوەکان بنیات نەنێینەوە.

لە دواخاڵدا دەکرێت هێما بۆ ئەوە بکرێت ئەشکالی سەرەکی ڕێکخراوەکان بریتییە لە نەناسینی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و فەرهەنگی کۆمەڵگە!، تۆ چۆن دەتوانیت لە واقیعێکدا کار بکەیت پێشوەخت ئەو واقیعەت نەخوێندبێتەوە؟ بۆ ئەوەشی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە کوردستاندا بتوانن کارەکانیان بەو ئاڕستەیەدا بڕوات و ماندووبوونیان بە خەسار نەچێت پێویستە بەوردیی دیراسەی سایکۆلۆژیای تاکی کوردیی و سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵی کوردەواریی بکەن، چوونکە بەبێ ئەم کارانە مەحاڵە هیچ گۆڕانێک دروست بێت. بە هەرحاڵ ئیشکالەکان زۆرن بەڵام ئەوی گرنگە لە وشەیەکدا بیڵێین ئەوەیە، بوونی ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە مانای دیموکراسی ناگەیەنێت، ئەگەر ئەم ڕێکخراوانە بەشداریی جیددی نەکەن لە تەواوی کێشە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەکاندا.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣٠)ی ڕۆژنامەی (راستی) لە ڕۆژی ٢٠٠٧\١\١٦ بڵاوبووەتەوە.

# دیموکراسی و کولتووری شوانکارە

لاریمان لەوە نییە ترادیسیۆنی زاڵ بەسەر کولتوور و فەرهەنگ و کایەکانی ژیانەوە لە کوردستان، هێشتا دابونەریتی کشتوکاڵیی و شوانکارییە، لەناو ئەم کولتوورەدا دیموکراسیەت نەک جێگەی نابێتەوە، بگرە ئەو سیستمە سیاسییە سەر لەبەر دژی رۆحی فیوداڵیزم و نەریتەکانییەتی، هەر لەم سۆنگەیەوە دەردەکەوێت دیموکراسی سەرەڕای شکاندنی ریکۆرد و سەرکەوتنەکانی بەسەر سیستمە شمولی و دیکتاتۆرییەکاندا سەبارەت بە کۆمەڵی کوردەواریی پێویستییەکی گرنگ نییە، لە باری واقیعیشەوە ژینگەیەکی فیوداڵی و شوانکارە هەر دەسەڵاتێکی لە چەشنی خۆی بەرهەمدەهێنێ و قەبووڵ دەکات. ئەم فاکتە ئێجگار سادەیە کۆمەکێکی جیددیمان دەکات لە روونکردنەوەی ئەو پرسیارەی بۆچی دیموکراسی ناتوانێت بێتە زۆرانەوە لە بەرامبەر بە سیستمی باو و باڵادەست؟ بۆچی دیموکراسیەت تەنیا لەسەر لافیتە و دروشمەکاندا دەبینرێ؟ تێگەیشتن لە ئاستی فەرهەنگ و هۆشیاریی گشتیی کۆمەڵ، ئەو هەگبەیەیە وەڵامی ئەم پرسیارە و دەیان پرسیاری هاوشێوەی لە خۆ گرتووە، ئەگەر بەنموونەیەکی ساکار مەبەستەکە روون بکەینەوە: هیچ هێزێک نییە بتوانێ یان هیچ نەبێ بە ئاسانی بتوانێ دیموکراسی لە ئەسکەندەناڤیا پاشەکشە پێ بکات، چون دیموکراسی سەبارەت بە سوید یان هەر دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی دیکەی دیموکراتخواز پێویستییەکی پلە یەک و هەرە لە پێشە.

تۆ ناتوانی بۆ خێڵێکی سەرەتایی وەک ئەوانەی لە ئەمازۆن دەژین، کارەبا و پێویستییە خزمەتگوزارییەکان بە کاری هەرە گرنگ بزانیت، ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی سروشتی ئەو جۆرە لە ژیانکردن پێویستیی بەو چەشنە خزمەتگوازرییانە نییە. بۆ دیموکراسیش پرسەکە هەر بە هەمان شێوەیە. لە کۆمەڵگەیەکدا خێڵ و دیدگای هۆزگەرایی زاڵ بووبێت بەسەر هەر شتێکدا، دیموکراسی چیدی پێویستیی نییە،

لەوانەیە لەم جۆرە کۆمەڵەدا دیموکراسی سیستمێکی کوشندە و بکوژ بێت، لەوانەیە دیموکراسی هەڕەشە بێت بۆ سەر ئەو سەقامگیرییەی خێڵ بەرهەمی هێناوە. ئەگەر لەوە بکۆڵینەوە، هۆی چییە دیموکراسی دارێکی زڕە و هیچی لێ شین نابێت لە کوردستاندا؟ تەنێ بگەینە ئەو دەرئەنجامەی: فەزای کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئێمە هێندەی لەبارە بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەت و دەسەڵاتی سەراپاگیر و خۆسەپێن، بە چارەگی ئەوە زەمینەی نەڕەخساندووە و تێدا نییە بۆ خۆ تەرحکردنی رۆحی دیموکراسی یان بە گوزارشتێکی تر هەر لە بنەماوە تەرحی دیموکراسی لێرە هەرگیز بوونی نییە تا نەبەردەکانی دۆڕاندبێ؟.

لەگەڵ ئەمەدا لێرە وەسوەسەیەک هەیە و لە یەخەمان نابێتەوە، ئاخۆ دەسەڵاتی کوردیی بەرپرسیارە لەم رەوشە نادیموکراتی و بێسەر و بەرییەی ئێستای کۆمەڵ یان خودی کۆمەڵ بە پلەیەکی لەسەرتر بەرپرسیارە لێی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هێندە ئیشکالییەتی فیکریی و دژایەتی بۆچوون دروست دەکات، هێند ناگاتە دەرئەنجامێک یان وەڵامێکی دڵنیاکەر، ئەم پرسیارە هەر لەو پرسیارە دێرین و فۆلکلۆرییە دەچێت کە دەپرسێت: هێلکە لە مریشکە یان مریشک لە هێلکە؟ وەڵامی پرسیارەکە بە هەر بارێکدا بێت، هەر راستە، وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوەش هەر بە هەمان شێوەیە و لە هەر بارێکدا بێت بەشێکی زۆری لە راستیی لە خۆگرتووە. نە کولتووری شوانکارەی کورد هەناسەیەکی تێدایە بۆ لە دایکبوونی ئەڵتەرناتیڤی دیموکراسی، نە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان رێگە دەدات بە گەشەکردنی کۆمەڵ و کرانەوەی بە رووی دنیا و بوژانەوەی بازاڕی ئازادی کار و ئابووری تا لێوەی کۆمەڵگە شەقاوێک لە دیموکراسیەت نزیک بکەوێتەوە. چوونکە دیموکراسیەت لە کوردستان لە سادەترین پێناسەیدا واتە هەڵگیرانی ئەو تەرزە لە دەوڵەتداریی و بەڕێوەبردن هەنووکە لە کوردستان بەڕێوە دەچێت.

دیموکراسیەت لە هەنگاوی یەکەمیدا واتە سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئەو پارتە سیاسییانەی دەسەڵاتی نەبەستراوە و بەرفرەیان هەیە لەسەر هەموو ئاستێک. بەم مانایە بێت کردەی دیموکراسی بۆ دەسەڵاتی کوردیی کردەی خۆکوژییە نەک هەنگاوێک بۆ سەرلەنوێ رەنگرێژکردنەوەی دونیا و مانا بەخشین بە دەسەڵات و حکومەت و مافی هاووڵاتیان. زۆر بە کورتی دیموکراسی لێدانی پرد و بەرزکردنەوەی باڵەخانە نییە بە بڕیارێکی حکومیی بێتە بوون، نەخێر ئەم سیستمە قاچێکی لە نێو

زەمینەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵدایە و قاچەکەی تریش لەناو رەگوریشەی دەسەڵاتی سیاسیی. تاکە بوویەکیشە کە ناتوانێت لەسەر یەک تاکە قاچ رابوەستێت و خۆی بگرێت. لێرەوە رەنگبێ کەمێک لە وەڵامی پرسیارەکەمان لا رۆشن بێتەوە، بەوەی دیموکراسی نە بە تەنیا حکومەت دێتە دی و نە بە تەنیاش بە خەڵک.

ئاخر هیتلەر لە رێی پرۆسەیەکی تەواو دیموکراتییەوە جڵەوی حکومی گرتە دەست و وێنای گەورەترین و ترسناکترین دەوڵەتی دیکتاتۆریی و ئیستبدادیی کێشا، ئەمە شکستی پرۆسەیەکی دیموکراسییە ئەگەر نیەت و ئیرادەی دەسەڵاتی لەگەڵدا نەبێ، لەوانەشە نموونەی پێچەوانەشمان هەبێت. ئەگەر زۆر دوور نەکەوینەوە لە باسەکەمان و بگەڕێینەوە لای کۆمەڵی کوردەواریی، ئەوە لە کۆمەڵگەیەکی شوانکارە کە خووی بە نەریتەکانی قۆناغی کشتوکاڵییەوە گرتووە و زیاد لە هەر شتێکیش پێوەی پابەند بووە، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتێکی هەیە لەسەر وێنەی دیکتاتۆرانەی دوژمنانی دوێنێی خۆی داتاشیوە، قسەکردن لەسەر دیموکراسی رەنگبێ زیاد و کەمێک نالۆژیکیانەش بێت. زیاد لەبەرئەوەی هەرگیز ناتوانێت تەنانەت لە زمانی ئەم نووسینەش تێ بگات، چوونکە زمانی ئەو وەک کۆمەڵەیەکی ساکار و دۆستی سروشت زمانی شیعرە، نەک رەخنە و داتا و ئارگۆمێنت!، نالۆژیکانەیە ژ بەرئەوەی باسکردنە لە دیاردە و مۆدیلێک هێشتا بە چەندین دەیەی ماوە بگاتە ئێرەکانە و نەشونما بکات و لەسەر واقیع خۆی بسەپێنێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٥٣)ی گۆڤاری (نێوەند) لە مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوبووەتەوە.

# مەلا کەلەپووریکە و شوێنی مۆزەخانەیە

هەرگیز حەزم لە دیالۆگی بێ سەرئەنجام و شەڕە قسە نییە، بەڵام دەستدرێژیی مەلاکان بۆ سەر ئازادیی و مەدی سکۆلاریزم، بە جۆرێکە بەرد دەهێنێتە قسە و هەموو بێدەنگییەک نەک مانای ڕێزگرتنی وشە و قەڵەم نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە جۆرێکە لە بێ هەڵوێستی. ئەوەتا مەلاکانی کوردستان کە میراتگری جەهل و خورافات و هەزارەها سەفسەتەی بێ کەڵکن بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگەی کوردیی لە دۆخی دواکەوتوویدا، نەک ئەوەی دڵیان بە پەخشی ئەو هەموو خورافە و میتۆلۆجیایانە ئاو ناخواتەوە دەرخواردی ئایندارانی سادە و ساویلکەی دەدەن، جیا لەوەی هەموو ڕۆژێک ژەهری دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی دەڕژن، بەدەر لەوەی بە ئاگری دۆزەخ و بەشینەوەی پسووڵەی چوونە بەهەشتێکی وەهمییەوە، خەڵک موعتاد و سەرخۆش دەکەن، زیاتر پێیان داگرتووە و ئەوەتا بە یەک تیم و یەک زمان و لە ژێر یەک ڕوانگەی ئاینیی دواکەوتووانەدا هێرش دەکەنە سەر ئازادیی فیکر و بۆچوون و هەموو ئەو ئازادییانەی تری بە خەبات و ڕەنج و ماندوبوونێکی درێژخایەن لەلایەن هێزە چەپ و ڕادیکاڵ و سکۆلاریستەکانەوە بەدەستهاتوون، تەنانەت سەنگەری کۆنەپەرستییان لە بزووتنەوەی ژنان و دەستکەوتەکانی ڕەگەزی مێینە لە کوردستان گرتووە و دەیانەوێت بە هەر ڕێگە و نرخێک بووە ئەو شەپۆلە لە دەستکەوت و پێشەوەچوونی دەستکەوتەکانی ژنان بەرەو دواوە بگێڕنەوە و هێندەی تر کورەی دۆزەخی پیاوسالاریی گەرمتر بکەن. تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی مەلا کۆنەپەرستەکانی کوردستان بوونەتە فلتەر و سانسۆر لەسەر ڕۆژنامە و هەموو ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لە پێناو خزمەتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵی کوردستاندا پەخش و بڵاو دەکرێنەوە.

بەبڕوای من ئەم سەنگەر گرتن و هێرشە لەسەر یەک و ڕێکخراوانەی حزبە

ئیسلامییەکان و مەلاکان دەیکەنە سەر ئازادیی بەشێوەیەکی گشتیی و ئازادیی فیکر و ژنان بە تایبەتی، کارێکی بە ڕێکەوت نییە، بەڵکو پلان و پیلانێکی دیراسەکراو و بەرنامە بۆ دارێژراوە بۆ زاڵکردنی کەشێکی ئاینی و کۆنەپەرستانە بەسەر کۆمەڵی کوردستان، کە هەنووکە دەبینین وەک کۆمەڵگەیەکی نیمچە کراوە خۆی دەنوێنێت و ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێت بەرەو کرانەوەی زیاتر هەنگاو هەڵبگرێت. بۆیە بە بڕوای من کاتی ئەوە هاتووە لایەنگرانی سکۆلاریزم و ئازادیی و کرانەوەی کولتووریی لە کوردستان، هەڵوێست و پەرچەکرداریان لە بەرامبەر ئەم هێرشەدا هەبێت، چوونکە ئەو کارە گرەنتی پاراستنی ئەو ڕێچکەیە دەکات ئەمڕۆ لە کوردستان بەرەو مودێرنێزم و سکۆلاریزم ڕێگایەکی درێژی بڕیوە، ئەگەر مەلاکان دژی مەریوان هەڵەبجەیی هەزاران کەس بڕێژنە سەر شەقامەکان کاتی ئەوە هاتووە عەلمانییەکان بۆ دەمکوتکردنی مەلا سەلەفی و حزبە ئیسلامییە دەمارگیرەکانی کوردستان وەک هێزێکی کارا و خاوەنی قسەی جیددی و هەڵوێستی روون بێنە مەیدان و وەڵامی دەقاودەق و کەمەرشکێن بەو تەوژمە بدەنەوە، چوونکە وەک پێشتر وتم بێدەنگی لە بەرژەوەندیی پاراستنی ئەو دەستکەوتانە نییە لە بواری دەستبەرکردنی مافەکانی ژنان و ئازادیی بیروڕا لە ماوەی نێزیکەی بیست ساڵی رابردووی دوای ڕاپەڕینەوە بەدەستهاتوون.

بەدیتنی ئەز کاتی ئەوە هاتووە و بگرە زۆر درەنگیشە مەلاکانی کوردستان بێدەنگ بکرێن، بێدەنگی بەو مانایەی رۆڵیان سنووردار بکرێت و لە بازنە و چێوەی مزگەوتەکان دەرنەچێت، نابێت چیدی ڕێگە بە مەلا بدرێت لەسەر هەموو شتێک و لە هەموو بۆنەیەکدا قسەی خۆی بکات، بەڵکو گرنگە کاریان لە چوارچێوەی راپەڕاندنی ئەرک و سرووتە ئاینییەکاندا قەتیس بکرێت، ئەمەش بە هاتنە مەیدانی عەلمانییەکان و دەنگ هەڵبڕینی میدیا و رۆشنبیران و لایەنگرانی ژیانی ئازاد و بیری ئازاد و روانگەی ئازاد دەکرێت، چوونکە وەک وتم چیدی ناکرێت مەلا هەر لە فێمینیزم و جێندەرەوە تا یاسای هاتوچۆ و ترافیک و ژیانی تاکەکەسی هاوولاتیان قسەی هەبێت و بیەوێت خەڵک و ئایندارانی ساویلکە بۆ دژایەتیکردنی مۆدێرنیزم و سکۆلاریزمی کۆمەڵگە تەیار بکات. چەپ و دەستەبژێر و نەوەی تازە پێگەیشتووی کوردستان کە چاویان لە دواڕۆژێکی رووناکە بۆ کوردستان، دەبێت ڕێگە بە مەلاکان بگرن دەم لە هەموو شت و پرسێک وەربدەن، چوونکە دیتن و خودی مەلاکان هێندە کۆن بوون

تەنیا لە مۆزەخانەدا جێگایان دەبێتەوە.

بە دەر لە هەموو ئەمانەش پێویست کەس چاوەڕوانی دەسەڵات نەکات، کەس چاوەڕوانی گۆدۆ نەکات، بەڵکو ساتەوەختەکە هێندە هەستیارە، دەبێت هەر یەک لە ئێمەومانان هەڵوێستی روونی خۆمان هەبێت و وزەی بەرەی خۆمان نیشان بدەین و داکۆکیی سەرسەخت لە سەنگەری خۆمان بکەین، چوونکە لانیکەم پێویستە لەو راستییە زۆر ساکارە حاڵی ببین شکاندنی سەنگەری سکۆلاریزم و پێشکەوتووخوازیی کۆمەڵگەی کوردستان یەکسانە بە دووبارەبوونەوەی ئەفغانستانی سەردەمی تاڵیبان و کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران و ئەو حکومەتە ئاینی و ئیسلامیانەی جگە لە شوورەیی و چارە رەشی مرۆڤ هیچ شتێکی تریان لە مێژووی خۆیاندا تۆمار نەکردووە. من ئەم نووسینە وەک بانگەوازێک دەبینم کە دەیەوێت بڵێت پێویستە لە دەوری یەکتر کۆ ببینەوە و هەموو پێکەوە رووبەڕووی مەترسییەکانی ئیسلامگەرا و مەلا کۆنەپەرستەکانی کوردستان ببینەوە، کۆبوونەوەی ئێمە لەدەوری ئامانجی سکۆلاریزم و مەدی پێشکەوتووخوازیی کۆمەڵگە خۆی لە خۆیدا سەرەتایەکی گرنگە لە پاشەکشێکردن بە رەوتی بەرامبەر، وەک پێشتریش وتم ئەرکی ئێمەیە مەلاکان وەک کەلەپوورێکی کۆن رادەستی مۆزەکان بکەین و چیدی نەهێڵین خۆیان بکەنە کەواسوری بەر لەشکر و کۆمەڵگە و موسڵمانی سادەی ئاسایی بۆ مەرامەکانیان بەکار بەرن، ئەمە مەیدانێکی گرنگە و کاری جیددی لە هەر یەکێکمان دەخوازێت.

تێبینی: ئەم وتارە لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١١ لە سایتە کوردییەکان بڵاوبۆتەوە.

# دیسان مەلاکان بە تەوری فەتوا داری ئازادیی دەبڕنەوە

من مرۆڤێکی ئایندار نیم، وەلێ گەواهیی ئەوە دەدەم، نەوەی پێشووی مەلا، نەک هەر سەلەفی و وشک هەڵاتوو و دژی ئازادیی نووسین و بیرکردنەوە نەبوون، بەڵکوو بەشێکیان وەک شارەزا و قاڵبووی بواری نووسین و سەربازی بەرگریکاری ئازادیی را دەربڕین مامەڵەیان کردووە. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودڕەیس کە نموونە و لوتکەی بەرزی مەلاکانی کوردستانە، بە قەدەر ئەوەی سەرقاڵی نوێژ و عیبادەت بووە، هێندەش لە مەیدانی ئەدەب و ساغکردنەوەی دیوانی شاعیرانی کورددا تەمەنی بەرێ کردووە. مامۆستا عەلائەدین سەجادی نەمر نەک شیعری بە کوفر نەزانیوە بەڵکوو لە توێی هەشت بەرگی «رشتەی مرواری»دا هەزاران قسەی خۆش و نوکتە و سەربردەی تەنانەت سێکسیشی یادداشت کردووە.

شێخی خاڵ هەر بەهەمان شێوە لە بری فەتوادان بیری لە فەرهەنگی زمانی کوردیی و پێشخستنی ئەدەب و رۆژنامەوانی کوردیی کردۆتەوە. ئەم نەوەیە لە مەلاکانی کوردستان، نەک بۆ مرۆڤە ئایندارەکان بەڵکوو بۆ منێکی عەلمانی و نائاینیش جێگەی رێز و شانازییەکی زۆرن. کەچی ئێستا جۆرێکی دیکە لە مەلا دەبینین، کە رقی لە ژیانی شارستانی و موتەمەدینی خەڵکە، رقی لە خۆشی و گاڵتە و گەپە، شمشێری فەتوای هەردەم لە کێلان هێناوەتە دەرێ، جۆرە مەلایەک لە کوردستان دروستبوون لە لێڵاویی سەلەفییەت و وەهابییەت ئیلهام وەردەگرن و ناتوانن لەو دیدگا چەقبەستووانە بێنە دەرەوە هەندێک مونەزیری ئیسلامی سیاسیی لە دونیای عەرەبیدا بۆ پاراستنی دۆخی دواکەوتووانەی کۆمەڵگە عەرەبیی و ئیسلامییەکان تیۆریزەیان کردوون، بە کورتیی زۆرینەی مەلاکانی ئێستای کوردستان، ئەگەرچی بە کوردیی دەپەیڤن، بەڵام لە بنەڕەتدا عەرەبییانە دەهزرێن بە تایبەت لە بەرامبەر قەڵەمی نووسەرانی نائیسلامیدا.

لەم رووەوە من مەلای کوردیی بەسەر دوو ئاڕاستەی سەرەکیدا دابەش دەکەم، یەکەمیان ئەو مەلایانەن بەرهەمی حوجرەکانی کوردستانن و زیاتر لە ژێر کاریگەریی سۆفیزمدان بە دیاریکراوی تەریقەتی نەقشبەندی، ئەم جۆرە لە مەلا نەک هەر وشکهەڵاتوو نین، بەڵکو بەشێکن لە نەواتی کرانەوەی کۆمەڵگە، لە خەبات و ئەدەب و شۆڕشی کوردیشدا رۆڵێکی دیار و بەرجەستەیان هەبووە، بەڵام جۆری دووەم لە مەلا ئەوانەن دەرچووی کۆلیژەکانی شەریعەتی بەغداد و وڵاتانی تری ئیسلامین، ئەمانە زیاتر بە ئیخوان و گروپەکانی تری ئیسلامی سیاسیی کاریگەرن، هەموو تەریقەتەکان رەتدەکەنەوە و لە ژێر کارتێکردنی وەهابیزم و غەزالیزم و تێزەکانی ئیبن تەیمیەدان، ئەمانە دژی رۆحی کوردەواریی و دۆزی نەتەوەیین، لەوەش مەترسیدارتر دەیانەوێت کۆمەڵگەی کوردیی بگرێننەوە بۆ زەمانی کۆمەڵگەی خەلافەت، وەک ئامانجیشیان هەر دروستکردنی خەلافەتی ئیسلامییە.

ئەوەتا هەرچی مەلای هەولێر و کوردستانە هاواریان لە دەست بڵاوبوونەوەی شیعرێکی گۆواری «وێران» لێ بەرز بۆتەوە، بە دوایدا حزبە ئیسلامییەکانی وەک یەکگرتوو و کۆمەڵ، ئەم هەلە بۆ دژایەتی پێنووسی ئازاد و عەلمانی دەقۆزنەوە و تفەنگ بە تاریکە شەوەوە دەنێن و ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان دەهێننە دی. لە راستیدا ئەدەب نەک واقیع نییە بەڵکوو تەنانەت لاساییکەرەوەی واقیعیش نییە، ئەگەر شیعرێک یان چیرۆکێک کتومت لاسایی واقیع بکاتە نەک نابێتە شیعر یان چیرۆک بەڵکوو لە بۆتەی ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسیدا خۆی دۆزیوەتەوە. مرۆڤ لە شیعردا دەفڕێت و چنگ لە ئاسمان گیر دەکات، ئەمەش پێچەوانەی یاساکانی سروشتە، بەڵام ئەدەب گوێ لە یاساکانی سروشت ناگرێت، بۆیە کاتێک ناوی پێغەمبەرێک دێتە پێشەوە و لە دێڕە شیعرێکدا جێگەیەک دەگرێت مەرج نییە، هەمان پێغەمبەر بە هەمان ئەو کەسێتی و خەسڵەتانەی هەیبووە لە شیعرەکەدا وەرگیرابن، رەنگە پێغەمبەرێک وەک سمبولێک وەرگیرابێت. بە براوی من فڕینی مرۆڤ بە دووباڵی پەری ئاساوە چەند کارێکی واقیعییە، ناوهێنانی پێغەمبەرانیش لە شیعردا ئەوەندە بۆ سووکایەتییە و جۆرێکە لە کوفر.

مەلاکانی کوردستان وەختێک ناتوانن لە ئەدەب تێبگەن بەپێچەوانەی مامۆستا مودەڕیسەوە، وەختێک ناتوانن لە گەمەکانی زمان حاڵی ببن بە پێچەوانەی شێخی خاڵەوە، چرکە ساتێک ناتوانن لە مەجاز و خواستنی سمبول سەر دەربکەن بەپێچەوانەی

سەجاددییەوە، هەقوایە بێدەنگیی هەڵبژێرن و زوو زوو ئەم هەرایە نەنێنەوە. پاشان پرسیار دەکەین ئایا چەند لەو مەلا ئاینییانە لە ڕێی مینبەری مزگەوتەکانەوە باس لە کێشە و ئازارەکانی خەڵک بە گشتیی دەکەن؟، ئایا کێیان دەتوانن ڕەخنە لە هێزە دەسەڵاتدارەکان بگرن لە هەر کار و کردەوەیەکی ناپەسەندا؟، ئایا هیچیان باسیان لەو هێرشە دڕندانەیە کرد لەلایەن تورکە نەتەوەپەرستەکانەوە کرایە سەر ئەحمەد تورکی نوێنەری ماف و دۆزی نەتەوەیی گەلی کورد لە باکووری کوردستان؟.

من وەکوو خۆم بەهەموو شێوەیەک دژی ئەوەم مینبەری مزگەوت بۆ کاروباری سیاسیی بەکاربهێنرێت، بەڵام کاتێک ئەو کارە ڕوودەدا، پێویستە بۆ داکۆکیی بێت لە مافی خەڵک و بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان، نەک ئەو مەوجە لە وتاری سیاسیی مزگەوتەکان کە هەر ئەوەندە دەزانی هەڵدەکوتنە سەر نووسین و هزرینی نووسەران و خاوەن قەڵەمەکانی کورد. بۆ مەلاکانی کورد وا چاکترە لە جیاتی بەکارهێنانی تەوری فەتوا بۆ بڕینەوەی داری ئازادیی وتن و گوزارشت، ئەرکی خۆیان باشتر بناسن و خەریکی خوداناسی و نوێژ و ڕۆژووی خۆیان بن، نە پێغەمبەرێک بە قسەیەک یان خستنە ناو شیعرێکەوە لە پیرۆزیی دێتە خوارەوە، نە ئاسمان و پێغەمبەران پێویستیان بە خەڵکانێکە بەناوی ئەوانەوە ژیان لە کەسانی تر تاڵ و مەحرووم بکەن. جگە لەمانەش کاتی ئەوە هاتووە ئیدی هەم دەسەڵات و هەم کۆمەڵگە سنوورێک بۆ ئەو تێپەڕاندن و سنوور بەزاندنەی مەلا ئاینییەکان دابنێن، چوونکە ئەگەر وابێت نەک ناتوانین بنووسین و بۆچوونەکانمان دەبنە هۆی مردنمان، بەڵکوو هەر لە بناغەوە ئیدی ناتوانین بە پرۆسەی بیرکردنەوە هەستین.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٧٤)ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە.

# پێویستمان بە شۆڕشێکی سێکسییە

سێکس غەریزەیەکی نەمر و هەراشی مرۆڤە، لەوەتی مرۆڤ هەیە بەهۆی چێژوەرگرتن لە سێکسەوە تامی لە بوون و ژیان وەرگرتووە. ڕەنگە ئەگەر سێکس لە ژیانی مرۆڤ بهێنینە دەرەوە هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نەمێنێت، یاخۆ سروشتی مرۆڤ بگۆڕێت بۆ ئاژەڵێکی دڕندە. چوونکە سێکس بەدەر لە چێژە بێ هاوتەکەی، ئارامیی و شادیی بە مرۆڤ دەبەخشێت، ئەمەش وای لێدەکات لە بری تاریکبوونی دونیا لە پێش چاوی، بۆ ئاسۆیەکی روون بڕوانێت. بۆیە لەو بڕوایەدام ئەگەر سێکس بەو هەموو تام و چێژەوە بوونی نەبووایە، ئادەمیزاد زۆر زوو قڕی تێدەکەوت، چوونکە سێکس لە پرۆسەیەکی چێژ بەخشەوە دەبووە هەوێن و داینەمۆ و کارگەی منداڵ خستنەوە.

کۆمەڵگەی کوردیی، یەکێکە لەو کۆمەڵگە سوونەتییانەی سێکس وەک پرۆسەیەکی ناچاریی سەیر دەکات، بۆیە تەنیا یەک ڕێگەی بۆ دۆزیوەتەوە، ئەویش پرۆسەی هاوسەرگیرییە، بەدەر لەمە هەر مارەسەیەکی سێکس تابۆ و شوورەیی و شکاندنی هێڵی سوورە، ئەمەش توندوتیژیی بە دوای خۆیدا دەهێنێت بەرامبەر بە کەسی لادەر و سنوورشکێن، هەر لە توندوتیژیی مەعنەوییەوە هەتا دەگاتە توندوتیژیی بەرجەستە یان بڵێین جەستەیی. بۆیە کۆمەڵگەی کوردیی بە یەکێک لە کۆمەڵگە تەقلیدییە چەپێنەرەکان دێتە هەژمار لە رووی کۆنترۆڵ و سەرکوتی ڕەمەکی سێکسەوە، ئەمەش سەرچاوەی لە ئاین و ترادیسیۆنە میللییەکان و فەرهەنگی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستانەوە گرتووە، کە ڕەگوریشەیەکی پتەویان هەیە و حاڵی حازریش هەموو کۆمەڵگە بە شێوەی گشتیی بوونەتە پاسەوانی ئەو کولتوورە کۆن و بەسەرچووە.

بە بڕوای من، کۆمەڵگەی کوردیی بەشێوەیەکی گشتیی پێویستی بە وێناکردنەوە

هەیە، کولتوورەکەی پێویستی بە بژار هەیە. شۆڕش نەک ریفۆرم بۆ ئێمە زەروورەتێکی مێژووکردە. مەبەستیشمان لە شۆڕش هەرا و هوریای سیاسیی و جەنگی سەر شەقامەکان نییە، بەڵکو مەبەستمان لە شۆڕش، بەرەنگاربوونەوەی کولتووری کۆن و چێکردنی کولتووری نوێیە، ئەمەش زەمانەتی گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەدا دەکات. لەو نێوەندەدا ئێمە وەک کورد پێویستمان بە شۆڕشێکی سێکسییە، بەو واتایەی سێکس لە عەیبە و تابۆ رزگار بکەین و بیکەینە پرۆسەیەکی ئاسایی کە بەشێکە لە پێداویستی ژیانی مرۆڤ، وەک غەریزەیەکی نەمر بۆی بڕوانین نەک نەفرەتێکی ناچاریی. پێویستە شۆڕشێک بەرپا بکەین سێکس وەک کردارێکی مرۆڤانە سەیر بکات، نەک وەک ئارەزوویەکی دڕندانە، چوونکە لە سێکسی ئاساییدا پەلاماردەر و پەلاماردراو بوونی نییە.

سێکس لە کۆمەڵگەی کوردییدا، تابۆیەکی سەر زمانە، بەڵام لە واقیعدا ئاواتێکی گشتییە. لەبەر ئەم هۆکارە رەنگە پێویست بکات، کودەتایەک بەسەر ئەم نەریت و روانگە باوانەدا بکەین سێکسی ئازاد یان ئازادیی سێکس لە قەفەزی تاوان دادەنێت، ئەوەش رێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی کردەی سێکس ببێتە پرۆسەیەکی نهێنی و خەباتی ژێرزەمینی بخوازێت. پێویستە ئێمەی کورد، شۆڕشێک لەم بارەوە بکەین، رۆشنبیران و پەروەردە و خودی دەسەڵات دەتوانن لە شەترەنجەکەدا رۆڵی گرنگ بگێڕن و هەریەکە بە پێی پێویست خەباتی بۆ بکەن. بە تایبەت رۆشنبیران دەتوانن بە تێزە نوێیەکانیان پایەکانی کۆمەڵگەی کۆن و باو هەڵتەکێنن، نەک وەک ئێستا بوونەتە موهاتەراتچی عەیارە بیست و چوار. ئێمە لە کۆتاییدا دەڵێین ئەی رۆشنبیران خیانەت لە وەزیفەکانتان مەکەن و لە هەرەوەز و شۆڕشی هەڵتەکاندنی کولتووری کۆن بەشداربن بە تایبەت بۆ گۆڕینی دیدی کۆن سەبارەت بە سێکس.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «١١»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ١-٧-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

# بیرەوەرییەک لەگەڵ مامۆستا شێرکۆ بێکەس

وا بزانم یەکەم جار مامۆستا «شێرکۆ بێکەس»م ناسی، ناوەڕاستی سالانی نەوەدەکان بوو. هەرچەندە مامۆستا لە گەنجییەوە ئاشنای باوکم بوو، هەر بەیەکیشەوە نەفی خوارووی عێراق کران، بەڵام ناسینی خۆم لەگەڵیدا وەک وتم لە ناوەڕاستی نەوەدەکان بوو. جیا لەوەی مینا گەنجێک زۆر سەرسام بووم بە توانا شیعرییە لە راددە بەدەرەکەی، هەمیشە هەڵوێستەکانی ئەم پیاوە مەزنە سەرنجی راکێشاوم. بە تایبەت کاتێک دەستی لە وەزارەت هەڵگرت و بە دەنگێکی دلێر وتی «چۆن دەتوانم وەزیری رۆشنبیریی بم و سنگی وشە و رۆژنامە بە قەمە هەڵدڕن».

هەر لە نەوەدەکاندا کە بەرەو رووبوونەوەی هێزەکان بە تایبەت لایەنگرانی کولتووری باو و کونسەرڤاتیزمەکان و هێزە نوێباوەکان ببووە رووبەڕووبوونەوەیەکی جیددی، شێرکۆ بێکەس هەمیشە لە سەنگەری هەڵوێستدا بوو لە بەرانبەر ئەو رەوتانەی پارێزگارییان لە سەنگەری دواکەوتوویی دەکرد. لەسەر مەسەلەی ژن و عەلمانیەت و ئازادیی بیروڕا و مەدەنیەت و دیموکراسی هەڵوێستی روونی هەبوو، داکۆکی ئەو لەو بەهایانە قابیلی هیچ جۆرە سازشێک نەبوو. ئەمە هەقیقەتێک نییە تەنیا من هەستم پێ کردبێت، بەڵکو راستییەکە وەک ئەڵماس دەدرەوشێتەوە.

بیرم دێتەوە ساڵی ٢٠٠٠ لەو ساتەوەختەی یەکێتی بە سەرپەرشتی نەوشیروان مستەفا پەلاماری حزبی کۆمۆنیستی دا، من و هاوڕێیەکی ترم کە پەیامنێری رادیۆی حزبی کۆمۆنیست بوو، چووین بۆ لای مامۆستا بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ویستمان هەڵوێستی بزانین لە بارەی ئەو رووداوە، ئەوەی ئێمە بینیمان مامۆستا لە ئێمە تووڕەتر بوو، لە ئێمە نیگەرانتر بوو، بۆیە رۆڵی سەرەکی بینی لەو پرۆتستۆیەی کە لەلایەن ٤٠ نووسەر و رۆشنبیری شاری سلێمانییەوە دژ بە ئەو پەلامارە دەرچوو، کە دواتر مام جەلال ئەو ٤٠ رۆشنبیرەی بینی و لەوێش مامۆستا

بە توندیی رەخنەی لەو هەڵوێستەی یەکێتی گرت. بەڵام مام جەلال بێئاگایی خۆی لە شێوازی ئەو پەلامارە نیشاندا، بێگومان دوای ئەو سەردانە لەسەر بڕیاری مام جەلال کوشتاری کۆمۆنیستەکان کۆتایی هات.

من ئەم شاهیدییە بۆ مێژوو دەدەم، هەر ئەو کاتەی یەکێتی بڵاوکراوە و ئەدەبیاتی حزبی کۆمۆنیستی قەدەغە کردبوو، من و هاوڕێکەم بەردەوام سەدان رۆژنامەی بۆپێشەوە و بڵاوکراوە و بەیاننامەی حزبمان دەبردە ناو دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم و بڵاومان دەکردەوە. جگە لەوەش خودی مامۆستا سپانسۆری رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی دەکرد. هەموو مانگێک مامۆستا شێرکۆ بڕی ١٠٠ دیناری سویسری «کە بۆ ئەو رۆژگارە کەم نەبوو»، دەدایە دەستی ئێمە بە مەبەستی سپانسۆریکردن بۆ رۆژنامەکانی حزبی کۆمۆنیست، هەر لەناو دەزگای سەردەم هەریەک لە بەڕێزان «کاک ئازاد بەرزنجی، کاک رێبین هەردی، مامۆستا رەئوف بێگەرد، ئاسۆ جەبار» ئەوانیش بە بڕێک پارە سپۆنسەریی رۆژنامەکانیان دەکرد، بەڵام ئەوەش هەمووی بۆ ئازایەتی و چاولێکردنی شێرکۆ بێکەس دەگەڕایەوە.

ئێوارەیەکی پایزیساڵی ٢٠٠٠ هێشتا سەفەرم نەکردبوو بۆ تورکیا، لە کوردستان بووم، زیاتر لە ١٠٠ رۆژنامە و ٢٠٠ بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستم پێ بوو، هەستم دەکرد لە نزیک گەڕەکی خۆمان چاودێریی دەکرێم، بە خێرایی خۆم فڕێدایە ناو پاسێکی گەڕەکی بەختیاری کە بەرەو بازاڕ دەڕۆیشت، دوو لە ئاسایشەکان بە خێرایی خۆیان هەڵدایە ناو پاسەکەوە، بەڵام چاوەڕوانیان دەکرد، لەگەڵ دابەزینم دەستگیرم بکەن. هەر ئەوەندە گەیشتمە ئاستی فولکەی یەکگرتن، ئافرەتێک لەو مەوقیفە دابەزی و منیش لە جامی کۆستەرەکەوە خۆم هەڵدایە خوارەوە و بەرەو دەزگای سەردەم هەڵهاتم کە ٢٠٠ مەترێک لێمەوە دوور بوو، بە شەڕەشەق خۆم گەیاندە ناو دەزگای سەردەم و یەکسەر بەرەو ژووری مامۆستا رامکرد، خوا بەوە روحمی کرد خۆی لەوێ بوو، دوو ئاسایشەکەش لە بەردەم دەرگای سەردەم وەستابوون، حاڵ و وەزعەکەم لە مامۆستا گەیاند و ئەویش هاتە دەرەوە و ئاسایشەکانی ئیحراج کرد، یەکێک لە ئاسایشەکان وتی: مامۆستا لەبەر خاتری تۆ پیاویشی کوشتبێت وازی لێ دەهێنین. ئیتر ئەو ئێوارە دەعوەتی مامۆستا بووم و شەوەکەشی پێکەوە خواردمانەوە.

شتێکی تر کە لە بیرم ماوە ئەوەیە، مامۆستا هەمیشە دەیووت ئەم ستیڤانە و

هاوڕێ رۆژنامەنووسەکەی وەک سیکۆتین وان پێتەوە دەلکێن تا چاوپێکەوتنت لەگەڵ نەکەن وازت لێناهێنن. چیرۆکی ئەمەش دوای ئەوەبوو ویستمان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەنجام بدەین، بەڵام لەسەر سەفەر بوو، وا بزانم بۆ سوێد، ئێمەش وتمان دەی قەینا دوای سەفەرەکە، دوای دوو مانگێک چووینەوە بۆ لای، وتی ئەی هاوار چۆنتان بیر ماوە، ئەم جارە هەرچی چۆنێک بوو خۆی لە چاوپێکەوتنەکە دزییەوە، رۆژێکی دی چووین میوانێکی زۆری هەبوو، پێموابێت میوانەکان عەرەبی غەیرە عێراقی بوون، هەرچی چۆنێک بوو هەلێکمان قۆستەوە و دیمانەکەمان لەگەڵیدا ئەنجامدا. دوای ئەوەی دیمانەکەش تەواو بوو رووی کردە کاک ئازاد بەرزنجی و بە دەم پێکەنین و نەفەسێک قووڵی جگەرەکەیەوە وتی: کەس نییە لە دەستی ئەم دووانە رزگاری بێت، ئەمانە سیکۆتینن کە پێتەوە لکان هەر دەبێت دیمانەکەیان بۆ بکەیت. دوای ئەوەش دایە قاقای پێکەنین و وتی ئێوەم خۆشدەوێ زۆر دەمێکە دەزانم سەرقاڵن و کۆڵ نادەن.

تێبینی: ئەم وتارە رۆژی ٨-٨-٢٠١٣ لە زۆربەی ماڵپەڕە کوردییەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە.




# بەشی سێهەم
# گۆڕان

# ئەگەری لیستی سەربەخۆی نەوشیروان مستەفا و گۆڕان لە شێوەی هەڵبژاردندا

پێ دەچێت هیچ کات هێندەی ئەم چەند ڕۆژە کاریگەریی سیاسیی و قورسایی باڵی ریفۆرم و خودی نەوشیروان مستەفا دەرنەکەوتبێت، هەروەها هیچ کات ریفۆرم و نەوشیروان مستەفا بە قەدەر نووکە جێی بایەخی سیاسیی و پارتە کوردییەکان و ماسمیدیای کوردیی نەبوون. لەوەتی نەوشیروان مستەفا و هاوکارەکانی کەنارگیرییان لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان راگەیاندووە و بە کۆمپانیای وشەوە خەریکن، بەردەوام قسە و باس لەسەر کارەکانی ئەو کۆمپانیایە و نەوشیروان مستەفا پانتاییەکی بەرچاوی لە میدیاکاندا بۆ خۆی داگیر کردووە، لێ را و سەرنجەکان لەمەڕی زۆر جیاواز و لێک دوورن، چون هەندێ وا بڕوایان دەکرد نەوشیروان و باڵەکەی چیتر نین جگە لە هێزێکی ئیحتیواکار، بە پێچەوانەشەوە خەڵکانی هەبوون لەو باوەڕەدا بوون باڵی ریفۆرم سەرەتا و چاوگی گۆڕانێکی جیدیی دەبێت هیچ نەبێت لەسەر ئاستی یەکێتی و ئیدارەی ژێر قەڵەمڕەوی یەکێتی. بەڵام ئەو رووداو و گۆڕانانەی وردە وردە دێنە پێشەوە، پێمان دەڵێن باڵی ریفۆرم خەریکە ئەدگار و سیمای سیاسەت لەم بەشەی کوردستان دەگۆڕێت.

بۆ ئەوەش یەکەم هەنگاو لە رێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە دەست پێدەکات، چوونکە دروستبوونی لیستی رکابەری بەهێز بۆ هەردوو هێزی سەرەکیی کوردستان کە دۆخی کوردستانیان لە ئاستێکدا راگرتووە، تەکانێکی گەورە و بەهێز دەبێت بە ئاقاری گۆڕینی ئەو چەقبەستووییە سیاسییەی تا هەنووکە هەبووە. بە هەمەحاڵ تازە بە تازە تیشکەکە دەچێتە سەر تابلۆ سیاسییە تاریکەکە و هەندێ

رووناکیی بە دەرکەوتوون کە دەشێ بڵێین ئەگەر ریفۆرم بتوانێت بە میسداقییەت و بەردەوامییەوە کار لەسەر پرۆژەکانی بکات بە تایبەت ئەو پرۆژە پێشنیارانەی نەوشیروان مستەفا بڵاوی کردوونەتەوە، بارودۆخێک لە باشووری کوردستان دێتە پێشەوە، سەرەتایەکی گەش دەبێت بۆ ئەزموونی حکومداریی و دەسەڵاتداریی و سیاسەتکردن و خاڵی پایان و کۆتاییش دەبێت بۆ گەندەڵیی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و تێنەگەیشتن لە چۆنێتی هەڵسوڕاندنی کاروباری حکومەت.

## لیستەکان و لیستی سەربەخۆی نەوشیروان مستەفا

بە گوێرەی ژێدەرەکانی هەواڵ و هەندێک سەرچاوەی نێزیک لە خودی کاک نەوشیروان و کۆمپانیای وشە، بۆ هەڵبژاردنەکانی دادێ باڵی ریفۆرم بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداریی و رکابەریی دەکا لە پاڵ پارت و لیستەکانی تردا. بە پێی لێدوانی سەرچاوەیەکی نزیک لە کۆمپانیای وشە و خودی نەوشیروان مستەفا «ئێستا بڕیاری دروستکردنی لیستەکە دراوە، بەڵام چۆنێتی دەستنیشانکردنی کاندیدەکان هێشتا باس نەکراوە، چوونکە کاک نەوشیروان پێیوایە بڕیارێکی قورسە و ئیتر ململانێکان دەچنە قۆناغێکی سەخت و ئاڵۆزەوە». هەروەها باس لەوەش دەکرێ مەرج نییە پاڵێوراوەکانی لیستەکەی کاک نەوشیروان هەمان ئەو کەسانە بن پێشتر لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا کاریان کردووە یان ئێستا لە کۆمپانیای وشە کاربکەن، بەڵکو خوازیارن کەسانی پسپۆر و تەکنۆکرات رابکێشنە ناو لیستەکەیانەوە بە مەبەستی ئامادەکردنێکی لیستێک توانای کارکردن و ئیدارەی هەبێ. دەربارەی هۆکاری ئەم بڕیارە چاوەڕوانەکراوە لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە، سەرچاوەکەی کۆمپانیای وشە دەڵێت «کاک نەوشیروان بێ هیوا بووە لە چاکسازیی لەناو یەکێتی و هەروەها لەناو حکومەتدا، بۆیە ئەو بڕیارەی داوە» لە درێژەشدا رایدەگەیەنێت «نەوشیروان مستەفا تا ئێستا ناوی پاڵێوراوەکانی ئامادە نەکردووە، بەڵام لە ئایندەیەکی نزیکدا ناوەکان ئامادەکات بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان».

بە گوێرەی زانیارییەکانی بەر دەستی ئێمە خودی نەوشیروان مستەفا و هاوکارەکانی لە جموجۆڵ و کارکردنی جیدیدان بە مەبەستی ئامادەکردنی لیستەکەیان و زەمینەسازیی بۆ ناساندنی لیستەکەیان لە کاتی پرۆسەی پروپاگەندەی

هەڵبژاردنەکاندا، لەبەرئەوەی یەکەم جارە بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەن و هەروا یەک لیستیی پارتی و یەکێتی مەترسییەکی ترە و لەوانەیە ببێتە هۆی کزکردنی دەنگی لیستەکەی نەوشیروان مستەفا. چوونکە بە پێی لێدوانی کاربەدەستانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار، یەکێتی و پارتی بە یەک لیستی هاوبەش بەشداریی هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەن. لەو بارەوە «محەمەد مەلا قادر» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاژانسی «ئەلئەسوات ئەلعێراق» رادەگەیەنێت «تا ئێستا بە شێوەیەکی رەسمی پارتی و یەکێتی بە یەک لیست بەشداریی لە هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان دەکەن، چوونکە ئێمە ئەزموونێکی باشمان لەگەڵ یەکێتی هەیە و دابەزینمان بە یەک لیست سوودی گەلەکەمانی تێدا بووە». بە وتەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم «نێچیرڤان بارزانی»ش هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە و پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت دەدرێت بە یەکێتی لە بەرانبەردا پۆستی سەرۆکی پارلەمان بۆ پارتی دەبێت.

جیا لەمانەش پێشبینی دەکرێت چەندان لیستی دیکە بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن و بەدوور دانانرێت هەر چوار پارتەکە «یەکگرتوو، زەحمەتکێشان، سۆسیالیست، کۆمەڵ» بە یەک لیستی هاوبەش بەشداریی هەڵبژاردن بکەن. چوونکە نزیکبوونەوەی زۆر لەنێوانیاندا هەیە و دەتوانن بەو رێگەیە دەنگێکی زیاتر مسۆگەر بکەن. لەو بارەوە «محەمەدی حاجی مەحمود» سکرتێری پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت «ئێمە باسمان کردووە لەگەڵ ئیسلامییەکان بە لیستێک بەشداریی هەڵبژاردن بکەین، بەڵام هێشتا بڕیارمان نەداوە هەموو شتێکیش دەبێت. گفتوگۆمان لەسەر کردووە، بەڵام بۆ نەبێت؟ هەموو شتێک قابیلی ئەوەیە ببێت». پێشبینیش دەکرێت هەریەک لە پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و پارتە نوێیەکەی هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەد و کاندیدە سەربەخۆکان و بەرەیەکی تازە دروستبوو بە ناوی بەرەی رزگاریی کوردستان»برک» بە لیستی سەربەخۆ بەشداریی لەو هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوانەدا بکەن. بەڵام لەباری واقیعییەوە لیستی نەوشیروان مستەفا و لیستی چوار پارتییەکە کاریگەرترین دوو لیستن، پارتی و یەکێتی حیسابیان لەسەر دەکەن، چون ئەو دوو لیستە ئەگەر بەشداریی هەڵبژاردن بکەن و تا ئەو وادەیە تووشی لێکترازان و پەشیمانبوونەوە نەبن بێگومان رێژەیەکی

باوەڕپێنەکراو دەنگ کۆدەکەنەوە کە زۆربەیان دەنگی دوو پارتەکەن. کەواتە هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان و عێراق جیاواز دەبێت لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو بەهۆی فرەڕەنگی و فرە لیستییەوە.

## لیستی نەوشیروان و کاردانەوەکانی دوو پارتەکە

پارتی و یەکێتی بەتەواویی نیگەرانن لە هەڵوێستە چاوەڕوانەکراوەکەی نەوشیروان مستەفا بە ئامادەکردنی لیستێکی سەربەخۆ. یەکێتی نیشتمانیی کوردستان چاوەڕێی ئەو هەنگاوە نەبوون لە هەڤاڵێکی دێرینی خۆیان، بۆیە بەم بڕیارەی کاک نەوشیروان تەواو شڵەژاون و ناتوانن بەرگەی بگرن. «مەلا بەختیار»ی ئەندامی دەستەی کارگێڕیی و وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەڵێت «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەرامبەر ئەگەرێکی وادا کە بەڕێز نەوشیروان مستەفا لیستی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنەکاندا دابەزێنێ و بە تەواوەتی دەست لە یەکێتی هەڵبگرێ، بڕیار و سیاسەتی خۆی دەبێ«. ئەگەرچی مەلا بەختیار روونی نەکردۆتەوە چ جۆرە سیاسەت و کاردانەوەیەکیان دەبێت، بەڵام چاوەڕوانی ئەوە لە یەکێتی دەکرێت سیاسەت و کاردانەوەیەکی توندوتیژی هەبێ. چوونکە لیستی سەربەخۆی نەوشیروان جگە لەوەی لە دەنگی یەکێتی دەبات، رەنگبێ وا لە پارتیش بکات فشاری زۆرتر بخاتە سەر یەکێتی و ناچاری بکات تەنازولاتی زیاتر بکات، چوونکە بێگومان دەنگی یەکێتی لە بەرامبەر پارتیدا بە رادەیەکی زۆر کەمتر دەبێتەوە. لێدوانەکەی «فازڵ میرانی»ش کە گوتبووی «نەوشیروان مستەفا بە تەنیا نیوەی یەکێتییە». بۆنی ئەوەی لێ دێت لە کاتی لیستی سەربەخۆی نەوشیرواندا، پارتی بە هەمان مەرجی جارانی نیوە بە نیوە و دابەشکردنی پۆستەکانی کوردستان و عێراق بەشێوەی یەکسان لەگەڵ یەکێتی رازی نەبێت.

هەرچەندە یەکێتی و وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە بەرانبەر ئەو لێدوانەی «میرانی»دا وەڵامێکی لاوازیان پێ بوو، بەڵام لە راستیدا لیستەکەی نەوشیروان مستەفا لە دوورماوەدا کار دەکاتە سەر رێککەوتنە ستراتیژییەکەی پارتی و یەکێتی. کەواتە هەڕەشەکەی یەکێتی لەوەوەیە نەوشیروان مستەفا پارتەکەیان لە بەرانبەر پارتیدا لاواز دەکات. لەگەڵ ئەم هەڕەشە و گوڕەشانەشدا هێشتا کۆمپانیای وشە سوورە لەسەر ئامادەکردنی لیستی سەربەخۆ و پێیانوایە سیاسەتی هەڕەشەکردن

دژی هەر کەس سەرکەوتوو بوویێت بێگومان لە دژی نەوشیروان رووی لە شکستە. «د.لەتیف شێخ مستەفا» دەڵێت «تا ئێستا هەرکەس ویستبێتی لیستێک دروست بکات یەکێتی و پارتی بە خیانەتکار و نەیاری هەرێم داویانەتە قەڵەم، بەڵام ناتوانن بەرامبەر کاک نەوشیروان ئەوە بکەن، چوونکە ئەویش بە قەد یەکێتی و پارتی خەباتی کردووە، جگە لەوەش جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە بە تایبەتی لە سلێمانی». بە یەک دێڕ دەتوانین بڵێین: لیستی سەربەخۆی نەوشیروان یەکێتی شڵەژاندووە و پارتیشی دووچاری شۆک کردووە.

## وشەی کۆتایی

نەوشیروان مستەفا و کۆمپانیای وشە وەک دەستگەیەک و رێکخراوێکی کۆمەڵی مەدەنی لانیکەم بەهۆی نفوزی جەماوەریی کاک نەوشیروانەوە دەتوانن سەرەتایەکی نوێ دابمەزرێنن لە ژیانی دیموکراسی لە کوردستاندا. هەنگاوی لیستی سەربەخۆ کە پێشبینی ناکرێت لیستێکی لاواز بێت ئەو هەنگاوەیە وەرچەرخان لە ئەدگاری سیاسیی کوردستاندا درووست دەکات، ئەگەر پارتی و یەکێتی هەتا ئێستا بە یەک لیستی و دابەشکردنی یەکسانی سامان و پۆستە سیاسیی و ئیدارییەکان جەستەی دیموکراسییان وردوخاش کردبێت، ئەوە هێزەکانی تری لە نموونەی کۆمپانیای وشە دەتوانن پێچەوانەکەیمان پێشکەش بکەن و وەک فراکسیۆنێکی بەهێزی سیاسیی لەنێو پەرلەمان و حکومەت رێگریی بکەن لەوەی تاکو ئەمڕۆ گوزەراوە. کەواتە ئێستا تۆپەکە لە قاچی نەوشیروان مستەفا و هاورێکانیدایە، بۆئەوەی بزانین گۆڵ دەکەن یان نا؟ ئەوە حەوسەڵەیەکی کەممان بەسە، چونکە چەند مانگێکی تر هەموو شتێک روون دەبێتەوە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٥٨٤)ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژی ٢٠٠٩/٢/١٢ بڵاوبووەتەوە.

# لیستی گۆڕان و ململانێی هەڵبژاردن

*ڕامالینی ئەو کێوە گەورە و زەبەلاحەی گەندەڵیی کە کوردستانی تەنیوەتەوە، پێویستیی بە زریان و شەپۆلێکی توند و تووڕەی چاکسازیی هەیە، بۆ ئەوەی ئەم واقیعە بگۆڕدرێت قسەی خۆش و زمانی گوڵ، هیچی لێ شین نابێت، بەپێچەوانەوە ئەو پرۆسێسە پێویستیی بە کارکردن هەیە، لیست دروستکردن و پێکهێنانی قەوارەی سیاسیی جیدی بۆ چوونە نێو دامەزراوە گرنگەکانی وەک پەرلەمان، کارە و کارێکی گرانیشە. بەڕێز نەوشیروان مستەفا لە پێناوی ئەو گۆڕانەدا وەک ڕێبەری هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان دەستی نەداوەتە چەک، ڕێی سندووقی دەنگدانی گرتۆتە بەر، بێگومان لیستەکەشی «لیستی گۆڕان» چەند دەنگی هێنا، هێندەی ژمارەی ئەو دەنگانە، هاووڵاتی هەن لە پەنا لیستی گۆڕاندا لەیەک سەنگەردان لە پێناوی گۆڕاندا، ئەوەش ڕاستییەکەی ماتماتیکییە و بە هیچ کلۆجێک ئەملاو ئەولای تیا نییە و قابیلی هیچ دەستکارییەکیش نییە.

بێگومان لیستی گۆڕان وەک بەهێزترین لیستی سیاسیی کە چاوەڕێی گۆڕانی لێ دەکرێت، بۆ یەکەم جارە دەست دەبات بۆ دەستکارییکردنی ئەو وێنەیەی هەمیشە پارتی و یەکێتی لەڕێی تەباییەکەی ساختەوە لە کوردستاندا کردوویانەتە واقیعێکی داسەپاو و دیفاکتۆ. تەنانەت تەبایی ئەمڕۆی یەکێتی و پارتی، جگە لەوەی نابووتکردنی دیموکراسییە، تەباییەک نییە لە پێویستیی سیاسیی قۆناغ و بڕوایەکی تەواوی نیشتمانییەوە سەری دەرهێنا بێت، بەڵکو تەباییەکە بۆ گورزوەشاندن لە هێزی ئۆپۆزیسیۆن، ئەگەریش تەبایی چەند ساڵی پێشوویان دژی ئیسلامییەکان بووبێت، ئەوە تەبایی ئەم جارە بۆ وەستانەوەیە لە دژی لیستی گۆڕان، ئەو لیستەی خۆی دەڵێت: نایەوێت تەبایی لەسەر حیسابی مافی گشتیی بنیات بنرێت، تەبایی نەبێتە فاکتەرێک بۆ مەرگی دەنگدان و هەڵبژاردن و دیموکراسی. ئەو لیستەی تەبایی

لە یەک لیستیدا نابینێت ئەوەندەی تەبایی لەیەک دەستی لە پێشخستن و بنیاتنانەوە و پەرەپێدانی توانای ئابووری باشووری کوردستاندا چاو لێ دەکات.

*بۆ یەکێتی و پارتی هیچ هێزێکی تر ئاسان نییە خوازیاری تەمبێکردنی لیستە جیاواز و نارەزاییخوازەکان بن، چوونکە چاوی دنیا لەسەر کوردستانە لە سەروەختی ئەم هەڵبژاردنەدا، حکومەتی بەغداش بە دوای بەهانەیەکدا دەگەڕێت تاوەکوو فشاری زیاتر بخاتە سەر حکومەتی هەرێم، کەوابوو رۆشنە، بارە سیاسییەکە یارمەتی دوو حزبەکە نادات لە کردەی دەمکوتکردندا، بەڵکو بەپێی هەموو پێودانگێکی سیاسیی، واقیعی نوێ سەد لە سەد لە دژیانە.

*نەوشیروان مستەفا سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی هەڵگەڕاوەی عەفەویی ناکات، «ئێمە و ئەوان» گرنگترین بنەمای سیاسیی جیاکەرەوەی هەردوو بەرەکە بوو، بەرەی ریفۆرم لەگەڵ بەرەی گەندەڵیی. «ئێمە و ئەوان» تەنیا ناونیشانێکی ساکاری وتارێکی رۆژنامەنووسیی نییە و بەس، بەڵکو تایتڵ و مانیفێستێکی سیاسییە و دەخوازێت گرنگترین رووەکانی دوو بەرە دەستنیشان بکات و رۆشنترین رەخنە جیددییەکانی ئێمە «واتە ناگەندەڵەکانی لایەنگری ریفۆرم»ی تێدا روون کراوەتەوە. گووتارەکانی نەوشیروان مستەفا بە تایبەت ئەوەی لە کتێبێکدا بە هەمان ناوی «ئێمە و ئەوان» بڵاوبووەوە، دەکرێت بە مانیفێستی ریفۆرم بێتە هەژمار «ئیدی نەوشیروان مستەفاش ریفۆرم و دەنگدان بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتنە دەسەڵات و تەسفیەی سیاسیی ئەوەیان جارێ روون نییە». هەروەک چۆن ئاساییە ئەگەر بڵێین «ئێمە و ئەوان» سەرەتایەکی تیۆریی و سیاسیی بوو بۆ جیاکردنەوەی هەموو ئەوانەی خۆیان بە «ئێمە» دەزانن لە هەموو «ئەوانە»ی لە بەرەی گەندەڵکارییدا راوەستاون.

نەوشیروان مستەفا و هاورێکانیشی لە پێکهێنانی بەرەی ریفۆرم دۆزینەوەیەکی نوێیان نەکردووە، تاوەکوو لە کەوتنە خوارەوەی سێوێک، یاساکانی کێشکردنی زەوی وەدۆزنــەوە، نەخێر دروست ئەوان بوونەتە فاکتەرێک بۆ رێکخستن و کۆکردنەوەی ئەو دەنگە نارازی و پەرش و بڵاوانەی لە سەرتاسەری کوردستان هەن، بە دەربڕینێکی تر ئەوان تەنیا رۆڵی سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوە نارێکخراوە دەکەن بە ئاقاری رێکخستنیدا، دەنا ئەمرۆ لە باشووری کوردستان گۆڕان بووە بە خواستێکی میللی، ئەگەر جاران تەنێ دەستەبژێرە سیاسیی و رۆشنبیرەکە ویستبیان

یان بیریان لە گۆڕینی دنیای خۆیان کردبێتەوە، هەنووکە سادەترین هاووڵاتی بەبێ بەهرمەندبوون لە هیچ ئاستێکی رۆشنبیریی و سیاسیی دەرکی ئەوە دەکات ئەم واقیعەی هەیە پێویستیی بە گۆڕانە، گۆڕان بەرەو واقیعێکی تازە. خەڵک دەخوازێ شانس بدات بە هێزی تر، بەتایبەت ئەو هێزانەی جیا لەوەی دروشمی گۆڕانیان بەرز کردۆتەوە، لە هەمان کاتیشدا لە دەسەڵاتدا تاقی نەکراونەتەوە. کەوابوو گۆڕان ویستێکی میللییە و بووە بە کارێکی حەتمیی. هەروەک چۆن سادەترین شت دەبێتە پێویستیی، تەنانەت بلووری چرا لە سەروەختی بێ کارەباییدا پێویستییە، ئاوها ئەم واقیعە تینووی گۆڕانە، ئەگەر نەڵێین ئاوسە بە گۆڕان.

*نەوشیروان مستەفا و لیستی گۆڕان ئەوەندەی من حاڵی بووبم، گۆڕان ناکەنە کەرەستەی نابووتکردنی هیچ پارتێکی تر، روونتر بڵێین گۆڕان پەلوپۆکردنی یەکێتی نییە، چوونکە ئەگەر بڕیارە چەند کەسێکی کەم خاوەندارێتی لە یەکێتی بکەن، بە پێی ریزبەندیی و هەموو پێوانەیەک نەوشیروان مستەفا یەکەمین ناوە نەک ناوێک لە کۆتایی لیستەکەدا سەرەی بێت، بۆیە ئاشکرایە لیستی «گردەکە» خوازیارە پەلوپۆی گەندەڵیی بکات، ئەو گەندەڵییەی خەریکە سەری کورد بخوات. بنبڕکردنی ئەو گەندەڵیی و سیستەمە داخراوەی بەڕێوەبردن پێش هەر کەس لە قازانجی پارتی و یەکێتی دەبێت، ئێ ئەگەر کوردستان پێشبکەوێت، جگە لە پارتی و یەکێتی و خەڵکی کوردستان کێی تر هەیە سوودمەند بێت؟ خۆ خەڵکی سوێد سوودمەند نابن!. بەڵام یەکێتی تەواو نیگەرانە بەم لیستە، چوونکە لە کوردستاندا دیموکراسی و حزب و ریفۆرم و لیست دروستکردن و بوونە ئۆپۆزیسیۆن، مۆڵەتی دەوێت، لەبەرئەوەی ئێمە لەکوردستان شاهیدی هیچ پیادەکردنێکی دیموکراسی نین، بۆیە هەر شەقاوێک بەبێ مۆڵەتی حزبی کوردیی بەزاندنی هێڵی سوورە.

لێرە لە کوردستان هەروەک چۆن کردنەوەی رێستۆرانێک پێویستیی بە مۆڵەتی دامەزراوە تەندروستییەکان هەیە، ئاوها بۆ حزب دروستکردن و و لیست دروستکردن دەبێت مۆڵەت لە هەردوو پارتی سەرەکیی وەربگریت نەک لە یاسایەک کە قەرارە ژیانی خەڵک لەم وڵاتەدا رێکبخات. ئەمەش یەکێکە لە نەخۆشییە درم و کوشندەکانی دەسەڵات لە باشووری کوردستان، نەخۆشیی مەرج دانان لەسەر دیموکراسی، ئەم کارە لەهەموو لایەکەوە مەترسیی لێدەکرێت ئەگەر واقیع هەروا کپ و کەڕ بکرێت پاشەڕۆژی سیاسیی ئەم هەرێمە بگەیەنێتە دۆخێک لە قاڵبی دیکتاتۆرییەتێکی خاڵسدا

خۆی وەبینێتەوە.

*ئەگەرچی یەکێتی تووشی شڵەژان بووە، هەتا ئەو ئەندازەیەی میدیای یەکێتی، لیستی گۆڕان بە بۆسەدانان بۆ سەر خۆی و گەوزاندنی لاشەی یەکێتی دەبینێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەو راستییە فەرامۆش بکەین، یەکێتی حزبێکی وەچاخ کوێر نەبووە، لە هەناوی خۆیدا ریفۆرمی بەرهەمهێناوە، ئەم پرۆسەیە زیاتر لە پرۆسەی سەردەرهێنانی «مارتن لۆسەر» دەچێت لە باوەشی کەنیسە خۆیەوە. بەڵام کارەساتەکە لەوێیە پارتی رێگە نادات بە ئەندامەکانی بیر بکەنەوە، ئەگەریش بیر بکەنەوە، نابێتە بیرکردنەوەیان شتێکی جیاواز بێت لە بیرکردنەوەی سیاسیی پارتی کە بیرکردنەوەی بنەماڵەیەک هەموو ئاڕاستەکانی دیاری دەکات، ئیتر بۆ ریفۆرم ئەوە هەر لە باسکردن نایەت، چوونکە ریفۆرم و پارتی، داوە دەزوویەکی باریکیش پێکەوە گرێیان ناداتەوە، یان راستتر بڵێین پارتی و ریفۆرم هیچ شتێک نییە کۆیانبکاتەوە، بگرە ئەگەر یەکێکیان هەبن ئەویتریان نییە، ئەم دەربڕینە شیعر نییە، واقیعێکی تاڵە، خۆزگە ئەو دەربڕینەی من شیعرێکی خراپ بووایە و بدرایەتەوە بە چاومدا، نەک واقیعێک ژیانی سەدان هەزاری لەمەینەتییدا راگرتووە.

*نهێنییەکمان ئاشکرا نەکردووە ئەگەر بڵێین پارتی لە یەکێتی زیاتر لە لیستی گۆڕان نیگەرانە، نیگەرانییەکانی پارتی هەر ئەوە نییە یەکێتی پارچە پارچە دەبێت و هاوپەیمانەکەی لە گۆڕەپانەکەدا لاواز و شەکەت دەبێت، نەخێر لاوازبـوون و ناپایەداربوونی یەکێتی لانیکەم خەونی سێ دەیە زیاتری پارتییە. ترسی پارتی لەوێ دەست پێدەکات لیستی گۆڕان گورزێکی کەمەرشکێن لە پەیکەری گەندەڵیی بدات و پەردەی بێدەنگیی و کپی و رازیبوون بۆ ئاغایەتی پارتی و یەکێتی بدڕێت، هەروەک چۆن ترسی ئەوەشی لێ نیشتووە لیستی گۆڕان بە پشت بەستن بە دەنگە ناڕازییەکانی ناو کۆمەڵ ببێتە هێز و لەمپەر لە بەرامبەر هەر سەرەڕۆییەکیان. سروشتی پارتی سروشتێکی توند و چەپێنەرە، لە هەمان کاتدا ژینگەی حزبیی پارتی، ژینگەیەکی تا دوا ئەندازە وشکهەڵاتوو، کپ، کۆنترۆڵکراوە و بێجگە لە بنەماڵەیەک هیچ کەسێکی تر نە لە لووتکەدا دەبینرێت نە دەسەڵاتی هەیە، بەم هۆیەوە ریفۆرم ناتوانێت لەنێو پارتیدا ببێتە پڕۆژەیەکی سیاسیی رۆشن، چوونکە بزووێنەری پارتی پلاتفۆرم و مەبدەئێکی رامیاریی نییە بەڵکو بنەماڵەیە، سەرکردایەتی پارتی بۆ هەمووان نییە بەڵکو دەزگا هەستیارەکان پاوانکراون هەر بۆ بنەماڵەیەک.

دەمکردنەوە و بەکارهێنانی سەلیقە و دووربینی سیاسیی بەبێ چوارچێوە ڕێپێدراوەکان لەناو پارتیدا قەدەغەن، باسکردن لە خەوشەکان و هیمەتی جیددی بۆ ئاشکرا و لەناوبردنیان هەمیشە وەک هەوڵێک بۆ سووککردنی سەنگینی پارتی و ئاشووب نانەوە چاوی لێ دەکرێت، بۆیەکا هاتنە دەرەوەی «جەوهەر نامیق» لە پارتی و کارکردنی وەک دەنگێکی ریفۆرمخواز ئەو قورساییەی نەبوو لەسەر پارتی، بە بەراوورد بە هاتنە دەرەوەی ڕێزدار «نەوشیروان مستەفا» لە یەکێتی. بۆیە پارتی هەر لە ئێستاوە خوازیارە تەپڵی سەرکەوتنی ریفۆرم خامۆش بکاتەوە، لەم سۆنگەوە هەموو هەوڵێکی خستۆتە گەڕ تاکو لە ڕێی میدیاکانی سەر بە دەسەڵاتەوە وێنای هەڵسوڕێنەرانی کۆمپانیای وشە ناشرین و دزێو بکات، هەروەک خوازیارە تۆمەتی بێباریی سیاسیی و ئاشووبخوازیی وەپەنای سیمبولە دیارەکانی ئەو ڕەوتە بخات بە تایبەت کاک نەوشیروان. دیارە هەمووانیش دەزانین یەکێتی و پارتی ئەسپی خۆیان لە شێواندنی سیمای کەسێتییەکان لە ڕێگەی میدیاوە تاو داوە، بەڵام ئەم جارە هەر لەم ڕێگەیەوە شەڕی مان و نەمانی خۆیان جاڕ دەدەن.

*دەسەڵاتدارانی کوردستان وەک لەسەر زاری مەسعود بارزانی جەختی لێکراوەوەتەوە «بە خوێن دەسەڵاتیان گرتووە و بە خوێنیش بەجێیدەهێڵن». ئەم دیتنە دیتنێکە زیاتر لە پاڵەوانبازییەوە سەیری پرسەکە دەکات، ئەوی بەرامبەرەکەی گەوزاند ئەمە کۆتا دۆڕاندنە. لە کاتێکدا لە دیموکراسیدا دروست واقیعەکە بەپێچەوانەوەیە، دۆڕاندنی سیاسیی و هەمیشەیی دۆڕاندن یان گلانێکی پاڵەوانانە نییە، بە پێچەوانەوە گلانی ڕاستەقینە لە دەستدانی ڕەوایی و وەرچەرخانی دەسەڵاتە بەرەو ستەمکاریی. «د.دنیس ناتالی» دەڵێت «بەپێی ئەو پێناسانەی پسپۆڕان بۆ دیموکراسییان کردووە، بۆ نموونە دال لە پۆلیارکیدا، دیموکراسی لە نزمترین ئاستدا بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پاک و ئازاد پێناسە دەکات». ناتالی لەبارەی ئەم ئاستە نزمەی دیموکراسی لە باشووری کوردستان پێیوایە «لە هەرێمی کوردستان بە ڕاستی زۆر زەحمەتە باس لە هەبوونی دیموکراسی بکەین تەنانەت لە نزمترین ئاستدا». لەبەرئەوە چاوەڕێ دەکرێت پارتی و یەکێتی گزیی و ساختەکاریی زۆر ئەنجام بدەن و جۆرێکیش گەمارۆ بخەنە سەر کۆمپانیای وشە، ئەگەرچی تاسەر ناتوانن دەنگی خەڵک کپ بکەنەوە. بۆیە هەر پێشلکارییەک لەم هەڵبژاردنەدا بیکەن دەچێتە سەر دۆسێ گەورەکە و ناوی زڕاویان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

*ئەگەرچی لایەنی دەسەڵاتدار پێیوایە ڕۆژنامەنووسان و کۆمپانیای وشە ناوبانگی ئەم «ئەزموونەی کوردستان»یان زڕاندووە، بەڵام ئەوەی «ئەزموونی کوردستان»ی لەکەدار کردووە، ڕەفتاری ناشی و ناشارستانییانەی تا ئێستای هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بووە. ئەگەریش دەسەڵاتێک ڕووی ڕاستەقینەی خۆی گەش و سپی بێت، بڕوا ناکەم نە نەوشیروان مستەفا و نە ڕۆژنامەی ئەهلی بتوانن سیمایەکی دزێوی بگوازنەوە. بە پێچەوانەوە من وای دەبینم لەبەر زۆر هۆکار لەوانە: پاراستنی ئەم ئەزموون و کەمە دەستکەوتەی بە سەدەیەک ڕەنج لە باشوور بەدەست هاتووە، پاشان فاکتەری ترس و نانبڕین، ڕۆژنامەنووسان و ناڕازییان زۆر خاتری دەسەڵاتیان گرتووە. ئەگینا ئەم دەسەڵاتە زۆر لەوە خراپتر و گەندەڵترە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان دەیخوێنینەوە. نەخۆشییەکانی ئەم دەسەڵاتە هەر خۆ خزاندنە ناو هەموو پانتاییەکان و گەندەڵیی و نادادپەروەریی نییە لە دابەشکردندا. ئەگەرچی نادادپەوەریی جوگرافیاشی فەرامۆش نەکردووە، بەوەی فڵان ناوچە گرنگیپێدراو و فیسار ناوچە پەراوێزخراوە!!، بەڵام هێشتا گەندەڵیی بە بەراوورد بەوەی دوو حزبەکە ئەنجامی دەدەن کارێکی زۆر ناپەسەند نییە، تەنانەت دەڵێم خۆزیا و سەد بریا کێشەکە هەر گەندەڵیی بووایە چوونکە چارەسەری ئاسانتر بوو، بەڵام کێشەکە لەوە سەختتر و ئاڵۆزترە ئەم نووسینە پەنجە بخاتە سەر یەکە بە یەکەیان.

کێشەکە لەوەدایە فەرهوود و تاڵانیی هەیە، حزبی کوردیی دەستی گرتووە بەسەر هەر سێ دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووری و مەعریفییدا، ڕەوشێکی خراپی مافی مرۆڤ هەیە و ..هتد، کێشەکە ئەوەیە بەڕێز نەوشیروان مستەفا بە ڕاشکاوانە لە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ ڕۆژنامەی «الشرق الاوسط» پەنجەی خستووتە سەر و سەرکردایەتی حزبەکان لەنێویشیاندا یەکێتی بە»مجلس القیاده الثورة» دەچووێنێت، بە ڕاستیی ئەمە گەورەترین دانپێدانانی گەورە سیاسەتمەدارێکی کوردە بە درێژایی تەمەنی سیاسیی حزبی کوردیی. کێشەکە لەوەدایە حزبێکی بە حیساب سۆسیال دیموکرات تەڵاق بە کادرەکانی بخوات تاکو دەنگی پێ بدەن و دە هەزار دەمانچە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربێنێت، کێشە سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتووە لەلایەن پاراستنی پارتییەوە لە ساڵی ٢٠٠٥. کێشەکە ئەوەیە هەر لە ئێستاوە هەست بە هەڕەشە دەکەین لەسەر هەموو ئەوانەی تەنانەت لە ڕێی دیموکراسییەوە بانگەشە بۆ گۆڕان دەکەن.

*ئەم وتارە لە سایتی «سبەی» لە ڕۆژی ٢-٧-٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# نەوشیروان مستەفا گەمە سەختەکەی دەستپێکرد

دەوترێت هەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمانی کوردستان، موفاجەئە دروست دەکات، بەو پێیەی ئۆپۆزیسیۆنێکی بنکە فراوان کە خۆی لە لیستی چوار حزبەکە و لیستی گۆڕانی نەوشیروان مستەفادا دەبینێتەوە، سیمای دەسەڵات و بەڕێوەبردن دەگۆڕن، بۆ ئەم کارە لە سەرەتای ڕێگا لە دامەزراوەی یاسادانانەوە دەست پێدەکەن، هەروەک چۆن خەونیان هەیە لە داهاتوودا بگەنە دەسەڵاتەکانی تر و ئەجینداکانی خۆیان بهێننەدی.

## نەوشیروان مستەفا گەمە سەختەکەی دەستپێکرد

ئەگەرچی یەکێتی خوازیار بوو بە هەڕەشە و گوڕەشە کۆمپانیای وشە سارد بکاتەوە، ئەگەرچی بە هێنانەوەی دەستەواژەی «قولەی قاف» وایاندەزانی دەتوانن پاشەکشێ بە لیستە ناڕازییەکان بکەن، دواجار کۆمپانیای وشە بە سەرپەرشتیی «نەوشیروان مستەفا» ناوی قەوارەکەیان بە»گۆڕان» لەلای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ناونووس کرد. ئەمەش لە دوا شیکردنەوەدا تۆمارکردنی ناوی کیانێک نییە بە تەنێ، بەڵکو تۆمارکردنی مێژوویەکە زۆرینەی هاووڵاتیانی باشووری کوردستان لە چاوەڕوانی ئاوها ڕۆژێکدا بوون. نەوشیروان مستەفا رایگەیاند کاندیدەکانی لیستەکەی لە هەموو چین و توێژەکان پێکهاتوون، تاکە مەرجیشیان لەسەر پاڵێوراوەکانیان پاکژیی دەست و دامێن و رابردوویان بووە، هەروەک چۆن دیقەتیان لەوە داوە کێ دەتوانێ لە پەرلەمان شەڕی چین و توێژەکەی بکات؟ بەم لیستە یەکێتی تووشی نیگەرانیی و شڵەژان تەنانەت شۆک بووە، چوونکە ئەوەی ئەم جارە کێشمەکێشی لەگەڵ دەکات، کوڕەکانی مستەفا بارزانی نین، بەڵکو یەکێکە

لە سیما و ڕەمزە دیارەکانی خۆی، کە ئەگەر مێژووی ئەو لە یەکێتیدا لە هەموو ئەوانەی ئێستا لە سەرکردایەتیدان بەرزتر و دیارتر و کاریگەرتر نەبێت، بێگومان پێچەوانەکەی نییە.

بۆ خودی یەکێتی و تەنانەت مام جەلال سەختە کاکە نەوەی شاخ و هاوڕێ گیانی بە گیانییەکی ناوزەنگ و ڕۆژانی شوومی دوای هەکاری لە ڕێگەی سندووقی دەنگ و لە ڕێی گەمەیەکی تەواو دیموکراسییەوە دەیەوێت مێژوویەک دروست بکات، جیا لەو مێژووەی یەکێتی دەخوازێت درێژەی پێ بدات، بەڵام سەختیی کارەکە هەر لێرەیە، نەوشیروان مستەفا سەرکردەیەک نەبووە دوای ڕووداو بکەوێت، خۆی دروستکەری ڕووداو بووە، واقعیش ئەوەیە نەوشیروان مستەفا دوای ١٩٧٥ مێژووی دروست کرد، ئێستاش دەیەوێ مێژوو دروست بکات، دروستکردنی مێژوو کارێکی سەختە و بە هەموو کەس ناکرێت، ئەوانەی دەتوانن لەم شانۆگەرییە سەختەدا ڕۆڵی ئەکتەر ئەدا بکەن، دەبێت پێش هەر شت بزانن ڕووبەڕووی مەچەکێکی پۆڵاین دەبنەوە نەک دەستێکی نەرمونیان.

## لیستی گۆڕان کوردستان دەگۆڕێت

نەوشیروان مستەفا و کۆمپانیای وشە، هەم ناوی لیستەکەیان گۆڕانە و هەم دروشمی گۆڕانیان بەرز کردۆتەوە، لەلاکەی تریشەوە خەڵک چاوەڕێی گۆڕانیان لێ دەکات. ئەگەرچی لە چەند ساڵی پێشووتر چەندین ڕەوت و گرۆی تر خوازیار بوون هەلومەرجی سیاسیی کوردستان بگۆڕن، بەڵام هیچیان شانسێکی ئەوتۆیان نەبووە، هەم لەبەرئەوەی هێندەی نەوشیروان مستەفا بەهێز و کاریگەر و خاوەن نفوزی جەماوەریی و ڕابردوو نەبوون، تا خەڵک متمانەیان بداتێ، هەمیش لەبەرئەوەی بەو ئەندازەیە پلاتفۆرم و ئەجیندای ڕوونیان نەبووە کە کۆمپانیای وشە و لیستی گۆڕان هەیەتی. زۆرینەی خەڵک و پسپۆڕانی ناوخۆیی و دەرەکیی لەو بڕوایەدان نەوشیروان مستەفا ئەو ئەکتەرە گرنگەیە گۆڕان لە مشتیدایە، هەر ئەم ڕاستییەیە پارتی و یەکێتی هێناوەتە لەرزین، ئەگەرنا لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوو لەگەڵ هەموو بانگەشەیەکی ریفۆرم و گۆڕان پارتی و یەکێتی تووشی هیچ شڵەژان و مەترسییەک نەبوون وەک ئەوەی ئەمڕۆ بەهۆی کاریگەریی لیستی گۆڕانەوە دووچاری بوون. لە باری واقیعیشەوە دەنگۆی بڵاوبوونەوەی تۆمارکردنی ناوی لیستی گۆڕان

رەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لەسەر مەعنەوییەتی جەماوەر بەوەی زۆرینە هەست دەکەن گۆڕان لەم بار و کەشەی لە باشووری کوردستاندا بووەتە کارێکی حەتمی، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشبەختانە سەرکردەیەکی سیاسیی باوەڕپێکراو ئەرکی ئەو گۆڕینەی لە ئەستۆی خۆی و هەڤاڵەکانی داناوە لە ریزی کۆمپانیا میدیاییەکەیدا.

### دیمانەیەک هەرا دەنێتەوە

لە رۆژی یانزەی نیسان، نەوشیروان مستەفا لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی «الشرق الاوسط»دا بە روونی هێڵە سەرەکییەکانی رەخنەی خۆی و کۆمپانیاکەی ئاشکرا دەکات، وێڕای ئەوەی پێی لێ دەنێت چیتر نەیتوانیوە لە نێوخۆی یەکێتی درێژە بە چالاکیی بدات، تەنانەت بارەکە گەیشتووەتە مەرزێک جارێکی دیکە بیر لەگەڕانەوە بۆ ناو حزبەکەی ناکاتەوە. هەر لەو دیمانەیەدا مستەفا دەڵێ «تێکەڵاویی و لێکئاڵانێک هەیە لەنێوان دەسەڵاتە حزبیی و حکومییەکان، ئێستا مەکتەبی سیاسیی حزب وەکو ئەنجوومەنی باڵای شۆڕش مجلس قیادة الثورة)ی سەردەمی پێشووی لێ هاتووە و هەمان رۆڵ پیادە دەکات، هەر لەبەرئەمەش هەوڵ دەدەین پەرلەمانی کوردستان بکەین بە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ و خاوەن ئیرادەیەکی تۆکمە و سەربەخۆ، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە وا بکەین دەسەڵاتی قەزائی دامەزراوەیەکی سەربەخۆ و ناحزبیی و نەزیە و دادیار بێت، هاوکات دەسەڵاتی تەنفیزیش وەکوو چەترێک بێت هەموو رۆڵەکانی گەلی کوردی لە ژێردا کۆببێتەوە نەک موڵکی حزبێک یان دووان بێت یان هاوپەیمانی کۆمەڵێک حزب و لایەن بەڕێوەی ببات و قۆرخی بکات». سەرکردایەتی یەکێتی و میدیاکانی سەر بە یەکێتی تووشی شۆک و پەرچەکرداری عەفەوییانە بوون لە هەمبەر دەربڕینی «مجلس قیادة الثورة»ی نەوشیروان مستەفا. لەم رووەوە مەلا بەختیار لە سایتەکەیدا «چاودێر» بە ناوی ئەندامێکی سەرکردایەتییەوە لێدوانی عەنتیکەی دا. هاوکاتیش ئەم چاوپێکەوتنە هەرایەکی زۆری میدیایی و سیاسیی نایەوە، تەنانەت ئەم دەربڕینە لەسەر زاری کەسێکی وەک نەوشیروان مستەفاوە بووە سەرەتایەکی نوێ بۆئەوەی چیتر رەخنەکان پێچاوپێچ پێ نەکرێن و بەروونی و وەک ئەوەی هەیە بخرێنە چوارچێوەی دەربڕینەوە.

## یەکێتی لە مینەکانی نەوشیروان مستەفا دەترسێت

یەکێتی هەر لەوە ناترسێت نەوشیروان مستەفا لە ڕێی لیستی گۆڕانەوە تەواو لاوازی بکات، بەڵکو ترسی ئەوەشیان هەیە نەوشیروان چەندین کارتی تری لە ناوخۆی یەکێتی هێشتبێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا وەک بەشێک لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بە کاریان بهێنێت. یەکێتی لەو بڕوایەدایە ماوە نا ماوە نەوشیروان مستەفا یەکێتی ڕووبەڕووی قەیران دەکاتەوە بەوەی مینەکانی دەتەقێنێتەوە، سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی لەو بڕوایەدان ڕەگ و دەست لە کارکێشانەوەی چوار ئەندام مەکتەب سیاسییەکە تەنیا دووانن لە کارت و مینەکانی نەوشیروان مستەفا، بۆیە پێ دەچێت لە سەروەختی هەڵبژاردندا کارتی کاریگەرتر لە بەرامبەر یەکێتی رابکێشێت، هەروەک پێشبینی دەکرێت تەنانەت لە ناو کاندیدەکانی یەکێتی بۆ پەرلەمانی داهاتوو لایەنگرانی ریفۆرم دزە بکەنە ناو لیستی پاڵێوراوەکانەوە. سەرکردایەتی یەکێتیی ئێستا سڵیش لەوە دەکاتەوە باڵی ریفۆرم ئەندامانی خۆیان لەناو لیستی کاندیدەکانی یەکێتیدا بچێنن، چوونکە زۆرێک لە سەرکردەکانی یەکێتی باس لەوە دەکەن رێکخستنی نهێنیی سەر بە باڵی ریفۆرم لە ناو یەکێتیدا دروستبووە. پرسیار ئەوەیە کاتی خۆی زۆرێک لە رێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتی دوای ئاشکرابوونیان لەلایەن حکومەتی بەعسەوە لە سێدارە دەدران، بەڵام ئەی یەکێتی کاردانەوەی چی دەبێت لە هەمبەر ئەو رێکخستنانە؟ ئایا ئەگەر رێکخراوی هەڵۆی سوور لەناو خودی یەکێتیدا دروست بووەوە، ئەم یەکێتییەی ئێستا چ ڕێگایەک دەگرێتە بەر؟.

## نەوشیروان مستەفا دەچێتە پەرلەمان

پێشبینی دەکرێت لیستی گۆڕان لە سلێمانی و دەوروبەری کە بە شاری یەکێتی نیشتمانیی دادەنرێت، شکست بە یەکێتی بهێنێت. تەنانەت زۆرینەی دەنگەکانی لیستی گۆڕان لەو شوێنەدا دەبن لە پێشاندا ناوی ئیدارەی سلێمانی یان سنووری ئیدارەی یەکێتی بوو. پێشبینی دەکرێت لانیکەم لیستی گۆڕان نیوەی یان شتێک لە نیوە کەمتری دەنگی لایەنگرەکانی یەکێتی بەدەستبهێنێت، یان با بڵێین نیوەی ئەو دەنگانە مسۆگەر دەکات کە یەکێتی لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ بەدەستی هێنابوون. بەم پێیە لیستی گۆڕان وەک مەزندە و پێشبینی دەکرێت بە ١٥-٢٢ کورسی بەشداریی دەکات

لە پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستان. کەوابوو شەڕ لە ڕێگەی لیستی گۆڕانەوە دەچێتە ناو پەرلەمانەوە، شەڕی دوو بۆچوون و دنیابینی جیا، دنیابینی گۆڕان و دنیابینی واقیعی داسەپاوی ئێستا.

نەوشیروان مستەفا دوای ئەوەی ئاماژە دەکات بەوەی بە ئەزموون بۆی سەلماوە هەوڵی چاکسازیی لەنێو حزبدا پرۆسەیەکی سەرکەوتوو نییە و بگرە نەزۆکە، ئێستا دەیەوێ بەهۆی لیستی گۆڕانەوە ئەم کارە لە ڕێی بەشدارییکردنی دەسەڵاتەوە ئەنجام بدات و رایدەگەیەنێت «لەگەڵ هاوڕێکانی ترمدا هەوڵ دەدەین چاکسازیی لە ڕێگەی پەرلەمان و لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بکەین نەک لە ڕێگەی حزبەوە». لیستی گۆڕان چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت نەریتی چەقبەستووری تا ئێستا و بێ دەسەڵاتیی پەرلەمانی کوردستان تەکان پێ بدات و دەنگ هەڵبڕین و هاتوهاوارێک لە پەرلەمانی ئایندەدا دروست بکات تا هەنووکە پەرلەمانتاران پێی ئاشنا نەبوون. گەیشتنی لیستی گۆڕان شان بەشان لەگەڵ لیستی چوار حزبەکە گەیشتنی دەنگی نوێ و گۆڕانخوازە بۆ نێو پەرلەمانی داهاتوو، ئەگەر هەموو گۆڕانێکیشیان پێ نەکرێت ئەوە دەتوانن نیوەی ئەوەی لە ئەجێندادا هاتووە بهێنرێتەدی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کەم نییە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٤٥٥)ی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) لە ڕۆژی ٢٠٠٩\٤\٢٧ بڵاوبۆتەوە.

# هەڵبژاردنی کوردستان و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان

مانگێکی دیکە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم دەستپێدەکات. بڕوای زۆرینەی شارەزایان وەهایە هەڵبژاردنەکە لە هەموو لایەکەوە دەیسەلمێنێت هەڵبژاردنێکی ئاسایی نییە، وەک ئەوەی لە هەندێ لە وڵاتانی خۆرئاوایی بەڕێوە دەچێت، بە پێچەوانەوە لە ژێر کڵاوڕۆژنەی ئەو واقیعەی هەر لە ئێستاوە دەیبینین پرۆسەکە زیاتر شێوەی گەردەلوولێکی لە خۆگرتووە کە بەشێکی بەرچاوی وێنەی سیاسیی لە کوردستان لەگەڵ خۆیدا رادەماڵێت و لە جێگەیدا مۆدیلێکی دیکە چێ دەکات.

## ساختەکاریی و گزیی

لە کوردستان هیچ هەڵبژاردنێک ئەنجام نەدراوە کەم تا زۆر ساختەکاریی تێدا نەبووبێت، زۆربەی جاریش دەوترێ هیچ هەڵبژاردنێک نییە لەم دنیایە بەبێ ساختەکاریی بەڕێوە بچێت، بەڵام ئەوی دەگۆڕێت رێژە و قەبارەی ئەو ساختەکارییەیە ئەنجام دەدرێت. لە کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بە ئەندازەیەکی بەرچاو ساختەکاریی ئەنجامدراوە کە زۆرجار ئەو ساختەکارییانە بەس بوون بۆئەوەی بڕوا بە ئاکامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان نەکەین. ئەگەرچی پارتی و یەکێتی رایدەگەیەنن پابەند دەبن بە یاساوە و ئامادە نین هیچ گزیی و ساختەکارییەک بکەن، بەڵام تێبینی دەکرێت هەر لە هەنووکەوە لە ئامادەکارییدان بۆ گزییکردن لە لیستەکانی تر، بە تایبەت ئەم جارە لە رێگەی رەشکردنەوەی دەنگی لیستەکانی ترەوە ژمارەیەکی

زۆر لە دەنگی کیانەکان رەش دەکەنەوە، ئەمەش لە دوا ئاکامدا کار دەکاتە سەر ئەنجامەکە و بە قازانجی هەردوو حزبی باڵادەستی ئێستا دەیشکێنێتەوە، جیا لەمەش هەنووکە پێش ئەوەی هەڵبژاردن بەڕێوە بچێت، بە تایبەت دوای گەیشتنە یەقینی کەمبوونەوەی رێژەی دەنگدەران و کورسییەکانیان لە پەرلەمانی داهاتوودا رێگەی دیکەیان گرتۆتەبەر بۆ درێژەدان بە دەسەڵات و مانەوەی سەرچاوەی بڕیار لە دەستی خۆیاندا.

پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان کە زۆر کەموکوڕیی تێدایە لەلایەن پەرلەمانێکی ماوە بەسەرچوو و شەرعیەت نەماوەوە جۆرێکە لە ساختەکاریی و گزیی بۆ ئەوەی تا لیستەکانی تر نەهاتوونەتە پەرلەمان، مەودای دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم هەرچی زیاتر بکەن، چوون بە گوێرەی ئەم دەستوورە سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە خودی پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەک چۆن بەپێی ئەو دەستوورە سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەیە و دەتوانێت باری نائاسایی لە وڵاتیش رابگەیەنێت. دەکرا ئەم دەستوورە دوا بخرایە بۆ پاش تەشکیلەی نوێی پەرلەمان، وەک «جەوهەر نامیق» وتی: حەوت هەزار رۆژە کوردستان بێ دەستوورە، با شەست رۆژی تریشی لەسەر بووایە. هەر بەم هۆیەوە هەندێک لە لیستەکان لە ساختەکاریی دەترسن و پێیانوایە پارتی و یەکێتی بە هەر نرخێک بووە هەوڵ دەدەن رێژەی دەنگی خۆیان زیاد بکەن، ئەوەش ساختەکاریی دەکاتە کردەیەکی پلە یەک.

هەروەک «موشیر سورچی» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی پارێزگارانی کوردستان، رایگەیاند «ئێمە بەگومانین لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەش، چوونکە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بە چاوی خۆمان بینیمان چ غەدرێکمان لێکرا لە سووتاندنی دەنگەکانمان، تەنانەت هەڕەشەی کوشتن لە ئەندامانی حزبەکەمان کرا». بە بۆچوونی کارناسانی رامیاریش زۆرینەی گزیی و فزییەکان لە لیستی گۆڕان و لیستی خزمەتگوزاریی و چاکسازیی دەکرێن، چوون ئەو دوو لیستە بەهۆی بەهێزیی پێگەی جەماوەرییان دەتوانن دۆخی سیاسیی کوردستان تا ئەندازەیەکی باش بگۆڕن و دەسەڵات لەگەڵ دوو پارتەکە بەش بکەن و کۆتایی بهێنن بە تاکڕەهەندیی و تاک دەسەڵاتییان. ماوەتەوە بڵێم ئەگەرچی رێوشوێنی زۆریش گیراونەتە بەر، من وا بڕوا دەکەم هەڵبژاردنی ٢٥ی تەمووز بێبەش نابێت لەو هەوڵانەی پارتی و یەکێتی

دەیدەن لە تەزویرات و گزیی، لاموانییە زیادەڕۆیی بکەین ئەگەر بە راشکاویی بێژین: هەڵبژاردن لە کوردستان ساختەکاریی لەکەداری دەکات، چوونکە پارتی و یەکێتی ئەگەر سەد رێگەیان لێبگیرێ سوودی نییە، چوونکە هەزار رێگە و رێچکەیان بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کردووە، بگرە ئەوان مامۆستای ساختەکاریی و گزیبازین لە هەڵبژاردنەکاندا.

## چاودێریی دەرەکیی و ناوخۆیی

یەکێک لە ئومێدەکانی لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەوەدایە چاوی دنیا لەسەر کوردستان دەبێت بۆ ئەم هەڵبژاردنە، بێجگە لەوەی لیستەکان خۆیان لە ئامادەکارییدان بۆ چاودێرییکردنی وردی پرۆسەکە لە رێی دانانی ژمارەیەکی زۆری چاودێرانەوە لە بنکەکانی دەنگدان، ئەمەریکا و بەریتانیا وەک دوو زلهێزی جیهانیی لە نزیکەوە سەیری هەڵبژاردنی کوردستان دەکەن و لەوانەشە رازی نەبن پارتی و یەکێتی بەهۆی ساختەکارییەوە ئەنجامی راستەقینەی دەنگدانی هاووڵاتیان بگۆڕن لە بەرژەوەندیی خۆیان، ئەم راستییە لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا جەختی لەسەر کراوەتەوە کە ئەوان بەوردیی چاودێریی پرۆسەکە دەکەن و دەیانەوێ ئەو هەڵبژاردنە بەشێوەیەکی دیموکراتی بڕواتە پێشەوە. هەرچی ئەمەریکییەکانن بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی لەناو عێراقدا هەیانە کاریگەریی پتریان دەبێت لەو راستایەدا.

«لوسی تاملین»ی سەرۆکی تیمی ئەمەریکی بۆ ئاوەدانکردنەوە لە هەرێمی کوردستان، رایدەگەیەنێت «یەکێک لە کارەکانی ئێمە لێرە، چاودێرییکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنە، بۆ ئەمەش گوێ لە خەڵک دەگرین، بۆئەوەی بزانین چی دەڵێن، هەروەک چاودێریی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەش دەکەین، بۆئەوەی بزانین چۆن و بە چ شێوەیەک بەڕێوە دەچێت، بەم پێیە تێبینی هەر شتێک بکەین راپۆرتی لەسەر دەنووسین و بۆ باڵیۆزی ئەمەریکای رەوانە دەکەین لە بەغدا و ئەوانیش لای خۆیانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکای بەرز دەکەنەوە». لە ئاستی ناوخۆشدا بە وتەی «عەلی قادر»ی بەڕێوەبەری گشتیی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، ئەوانیش بە ئاگاییەوە چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن و هەر خروقاتێک رووبدات بێ چەند و چوون تۆماری دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوی پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی ئەم باسەوە هەبێت ئەوەیە: بێگومان ئەگەر ساختەکاریی رووبدات پارتی و یەکێتی دەیکەن، ئەگەر پارتی و

یەکێتی ئەم جارە خروقات و ساختەکاریی کەمتر لە پێشان بکەن، پەیوەست نییە بە باوەڕی ئەوانەوە لە هەمبەر پرۆسەیەکی ئاوها گرنگ، بەڵکو لە ژێر گوشار و بەهۆی چاودێریی ناوخۆیی و دەرەکییەوەیە.

## فشار و پاڵەپەستۆ

لە ماوەی هەژدە ساڵی رابردوو، هەموو وەک تاک لە نزیکەوە ئاشناین بە گوشار و رێگرییەکانی پارتی و یەکێتی لەسەر هەموو دەنگەکانی دەرەوەی خۆیان، رێگەی توندوتیژ و جەنگیشیان داسەپاندووە بەسەر هەر هێزێک بیری لە گۆڕینی دەسەڵات کردبێتەوە یان ویستی هەبووبێت بۆ تاقیکردنەوەی شانسی خۆی لە فەرمانڕەواییکردندا. جیاواز لە هەموو ئیدعاکانی ئەو دوو حزبە باڵادەستەی ئێستا لە بارەی دیموکراسییەوە، هێشتا قووتاریان نەبووە لە کولتووری دیکتاتۆرە ناوچەییەکانی وەک بەشار ئەسەد و شاهەکانی کەنداوی فارس. لەگەڵ ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردندا گوشارەکانی ئەو دوو پارتییە بۆ سەر هێزەکانی تر، توندیی زیاتری بەخۆوە بینیوە، قەدەغەکردنی لیستی هیوا کە بێگومان جۆرێک لە داخوازیی پارتی و یەکێتی تیا بووە نموونەیەکە، بەڵام گوشاری راستەوخۆی یەکێتی بۆ سەر لایەنگرانی لیستی گۆڕان هەموو پێوەرێکی سیاسیی و ئەخلاقیی تێپەڕاندووە، تەنانەت ئەوە پارتییە سەرۆکی کۆمەڵەی کرێنشینانی کوردستان لەسەر کار لا دەبات، لەبەرئەوەنا کار بۆ گۆڕان دەکات، بەڵکو لەبەرئەوەی لێپێچینەوەی لەگەڵ سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەکە نەکردووە کە ناوی لە لیستی پاڵێوراوانی گۆڕاندایە.

یەکێکی تر لەو سیاسەتانەی لە بەرامبەر هەڵسوڕاوانی گۆڕان پیادەی دەکەن، گواستنەوە و لەسەر کارلابردنی کادرانی سەربازیی و ئەمنییە چ لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگە چ لە سنووری چالاکیی وەزارەتی ناوخۆ، ئەوەتا بریکاری وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی «جەلالی شێخ کەریم» بە راشکاویی دەڵێت «یەکێتی بڵێت کەسێک بگوازەوە چوونکە دژی من کار دەکات، ناچارم بیگوازمەوە». لەلایەکی ترەوە «مەلا بەختیار» کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ رێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکان وێڕای ناوزەدکردنی دەنگی میدیا ئەهلییەکان بە زەڕەی گوێدرێژ و چوواندنی هەڵوێستی چوار حزبەکە بە کەری ناو جۆگە، هەڕەشەیان لێدەکات و رایدەگەیەنێت «لە دوای هەڵبژاردنی تازەوە چیتر ئەو هەڵوێستانە لەو

چوار حزبە قبوڵ ناکەین پێیەکیان لە ناو حکومەت و پێیەکیان لە ناو ئۆپۆزیسیۆندا بێ و وەک کەری ناو جۆگە بن و لە هەردوو بەر بخۆن».

ئەمە لە سنووری فەرمانڕەوایی یەکێتیدا، لە سنووری پارتیشدا جگە لە گوشارەکان بۆ سەر لیستی گۆڕان و لیستی هیوا، فشارێکی زۆر گەورە و ناڕەوا هەیە لەسەر لایەنگرانی بزووتنەوەی چاکسازیی کە لە بارزانییەکان پێکهاتووە، عەبدولمسەوەر بارزانی لە چاوپێکەوتنێکی سایتی «چاوی خەڵک»دا دەربارەی هەڕەشەکردن لە هەوادارانیان دەڵێت: بەداخەوە هەڕەشەکردن لە١٣-٤-٢٠٠٩ دەستیپێکرد، بەشێوەیەک لەگەڵ یاسا و بنەما دیموکراتییەکان ناگونجێت، تا ئێستاش بەردەوامە، چوونکە دەیانەوێت بە زۆر خەڵکانێ پشتگیریی لە لیستی بزووتنەوەی چاکسازیی کوردستان دەکەن بە ڕێگای هەڕەشە مەجبووریان بکەن هەڵوێستیان بگۆڕن. خولاسە لەگەڵ بوونی چاوێکی تیژی وڵاتانی ناوچەیی و جیهانیی لەسەر کوردستان و هەڵبژاردن هێشتاش پارتی و یەکێتی لە نەریتی گوشاری سەر هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی خۆیان بەردەوامن و زۆریان ماوە ئەم خووەی لە شیرەخۆریی فێری بوون ئاوها بە ئاسانیی لەم تەمەنە پیرەدا وازی لێ بهێنن.

## پڕوپاگەندەی نادروست و جەنگی میدیایی

میدیا حزبییەکانی کوردستان هەموو ڕۆژێک زیاد لە جارێک باس لە بێلایەنیی پیشەیی و پابەندبوون بە ئیتیکی کاری ڕۆژنامەنووسییەوە دەکەن، کەچی هەر خۆیان زۆرترین چەواشەکاریی دەکەن بە تایبەت لەم سەروەختی هەڵبژاردنەدا، من باسی چرکەساتەکانی شەڕی ناوخۆیی ناکەم کە میدیای حزبیی چ ڕۆڵێکی نەرێنی گێڕاوە، بەڵکو باسی هەنووکە دەکەم. ئەگەر چاوێک بە سایت و ڕۆژنامەی چاودێر و هەولێر و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری بەڵگە و خەڵک و..هتد بگێڕین بەر ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە نووسین و هەواڵی بێ بنەما و چەواشەکاریی دەکەوین نەک لەگەڵ ستاندار و پرنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەنوسیی نایەوە بەڵکو بە پێی یاسا تاوانن. ئەم میدیا حزبییە هەوڵ دەدات بۆ ناشرینکردن و زڕاندنی ناو و ناوبانگی کەسایەتییەکان و بە سووک سەیرکردنی مێژوویان، بۆ سەلماندنی ئەم فاکتە نموونەیەک لە ڕۆژنامەی ڕووداو دەهێنینەوە، «عەلی شەنگاری» نوێنەری مەسعود بارزانی لە دهۆک، ڕایدەگەیەنێت لیستەکانی دەرەوەی لیستی کوردستانی

بە هاندان و دەستی بێگانە دروستکراون و زۆر بازارییانەش هێرش دەکاتە سەر «هەڵۆی برایم ئەحمەد» و دەڵێت «هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد تا ئێستا لە دەرەوەی وڵات بووە و یەک رۆژ ناخۆشییەکی نەبینیوە، دەیەوێ بە رێگەی خۆپاڵاوتنەوە خۆی بێنێتە پێشەوە، هەندێک لیستیش بە پشتیوانیی لایەنە دەرەکییەکان دروستکراون».

ئەگەریش بێینە سەر رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» تەنیا لە ژمارە «٤٨٩١» رۆژی ٨-٦-٢٠٠٩ پێنج وتار و ستوون بڵاوکراونەتەوە لە دژی گۆڕان و کەناڵی KNN و رۆژنامەی «رۆژنامە» و نەوشیروان مستەفا، ئەمە جگە لەوەی بەردەوام نووسەرەکانی وەک ئازاد جندیانی و جەمال عەبدوڵلا لە رۆژنامەی هەولێر چەندان بابەتی چەواشەکارییان بڵاوکردۆتەوە لە دژی لیستەکان و لیستی گۆڕان کە هەمووی بەشێوازی جیاجیا دواجار چۆتە خزمەتی پارتییەوە، بەڵام لە هەموویان توندتر و چەواشەکارتر هەردوو رۆژنامەی «چاودێر و هەولێر»ن، ئەم دوو بڵندگۆ چەواشەکارییە لەسەر پرنسیپی «درۆ بکە درۆ بکە تا بڕوات پێ دەکەن»، کار دەکەن و دەخوازن لەسەر ئەو بنەمایە تۆمەتی قورس و دژوار بەسەر نەیارەکانیاندا بچەسپێنن.

رۆژنامەی چاودێر لە یەکێک لە ژمارەکانیدا دەنووسێت: گوایە بەرەی تورکمانی چوار لۆری ئازووقەی بۆ کۆمپانیای وشە ناردووە! ئەم هەواڵە نەک جێگەی بڕوا نییە بەڵکو بەهەموو شێوەیەک مایەی گاڵتەجاڕیشە. رۆژنامەی هەولێر لیستی گۆڕان بەوە تۆمەتبار دەکات بەڵێنیان بە سوریا و داگیرکەرانی کوردستان داوە دژی ئەم ئەزموونەی کوردستان کار بکەن!. لە دوا چەواشەکارییدا بەگژاچوونەوەی پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی بە پیلانی مالیکی دەزانێت و دەنووسێت «دەربارەی هۆکاری ئەم دژایەتییکردنەی پڕۆژەی دەستووری هەرێم لەلایەن سەرانی کۆمپانیای وشەوە، سەرچاوەیەکی ئاگادار بە هەولێری راگەیاند، لە دوا کۆبوونەوەی نێوان نوری مالیکی و سەرانی کۆمپانیای وشەدا، مالیکی داوای ئەوەی لێ کردوون نەهێڵن پڕۆژەی دەستووری هەرێم پەسەند بکرێت».

لە کاتێکدا میدیا حزبییەکان، رۆژنامە ئەهلییەکان بەوە تاوانبار دەکەن هەواڵەکانیان جێی بڕوا نییە بەو هۆیەی سەرچاوەی هەواڵ دیار نییە، کەچی دەبینین لەماوەی ئەم چەند مانگەدا خودی خۆیان هەزار بەرابەر بە میدیای ئەهلی لە سەرچاوەی نادیارەوە لێدوان و هەواڵ بڵاو دەکەنەوە!!، ئەگەر سەیری رۆژنامە

و سایتەکانیان بکەین رۆژانە دەیان جار هەریەک لەم دەستەواژانە دووبارە دەبنەوە «سەرچاوەیەک لە مەکتەبی سیاسیی، چاودێرێک، پێشمەرگەیەکی دێرین، ئەندامێکی سەرکردایەتی، شارەزایەکی بواری ....، سەرچاوەیەکی ئاگادار، عەول، مارف و چەندانی تریش»، کە کەس نازانێت کێن و دەبێت وەڵامی کێ بدرێتەوە، هەروەک لەو هەواڵەی سەرەوەی رۆژنامەی هەولێردا بە زەقیی هەستی پێ دەکەین. زۆر بە کورتیی ئەگەر قەرارە یەکێک لە سەرەتادا بە چەواشەکاریی میدیایی تاوانبار بکرێت بێگومان میدیای دەسەڵاتە نەک راگەیاندنەکانی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن.

## نان بڕین

نان بڕین لە پێش هەر شتێکەوە ئەخلاقی دیکتاتۆرەکانە، ئەگەرنا لە هەر وڵاتێک رژێمێکی نادیکتاتۆریی وجودی هەبێت هیچ پاساوێک لە ئارادا نییە بۆ بڕینی سەرچاوەی بژێویی هیچ تاکێک بە تایبەت لەسەر بیروڕای جیاواز. یەکێتی نیشتمانیی لە کاتێکدا بانگەشەی سۆسیال دیموکراتی دەکات، بە پشتیوانیی پارتی و بنەماڵەی بارزانی، هەڵمەتێکی توندی نان بڕینی دەست پێکردووە، بۆ ئەو مەبەستەش لە تێکۆشەرە دێرینەکان و پێشمەرگەکانی خۆیەوە دەستپێکردووە. بۆ وێنە «دوای ئەوەی هەڕەشەی سوێندخواردن لە ژمارەیەک سەربازی کەتیبەی ٦ی سەرۆکایەتی ئەرکانی هێزی پێشمەرگە دەکرێت، بۆئەوەی بزانرێت لایەنگری لیستی گۆڕانن یان کوردستانی، ٩ لە سەربازەکان واز لە کارەکانیان دەهێنن، لەبەرئەوەی داوایان لێکراوە سوێند بخۆن دەنگ بە لیستی کوردستانیی دەدەن». هەندێکیش لە سەرکردەکانی گۆڕان لەو بڕوایەدان ئەو شەپۆلە لە نان بڕینی لایەنگرانی لیستەکەیان و دەرکردنی پاسەوانی بەرپرسانی کۆمپانیا وشە و پاککردنەوەی دامودەزگا حزبی و ئەمنییەکان و وەدەرنانی ئەفسەرانی گۆڕان، لەسەر داخوازیی پارتی بووە.

شەماڵ عەبدلوەفا ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی یەکێتی و یەکێک لە سیما دیارەکانی گۆڕان ئەو دەنگۆیە تەئکید دەکاتەوە یەکێتی لە ژێر بڕ□یاری ناچاریی پارتیدا پەنا بۆ ئەو کردەیە دەبات. پرسیاری جیدی لێرەیە: ئایا ئەم نان بڕینە بە تایبەت ئەگەر پارتی بەسەر یەکێتیدا سەپاندبێتی، واتای ئەوە نابەخشێت یەکێتی کۆتایی پێ هاتووە؟ ئایا هاو واتای ئەوە نییە دەڵێن مام جەلال یەکێتی و چارەنووسی هەزاران کادر و پێشمەرگەی رادەستی بنەماڵەی بارزانی کردووە؟، بە هەرحاڵ وەڵامەکە هەرچییەک بێت ناتوانێت راستییەک بشارێتەوە: راستیی شکستی یەکێتی و

بنەماڵەی تاڵەبانی لە بەرامبەر بنەماڵەی بارزانی، ناتوانێت بیشارێتەوە ئیدی نان بڕین ترۆپکی شکستە. لەگەڵ ئەوەی بێ ئەخلاقانەترین کار دەردەخات، ڕەنگە جۆرێک لە مەرگی سیاسیی یەکێتی و سەرکردایەتییەکەی ئێستای نیشان بدات، چوون ئەم ڕەفتارە لەوەتی دنیا هەبووە و هەیە تەنیا لە سەرکردە ملهوڕەکان و دیکتاتۆرە زلە دۆڕاوەکانی ناو وانەی مێژوو وەشاوەتەوە.

## بەکارهێنانی سامانی نیشتمانیی

یەکێک لە ڕەفتارە دیکتاتۆرییەکانی پارتی و یەکێتی دەستگرتن بووە بەسەر ژێدەری ئابووری و بەکارهێنانی لە پێناوی بەرژەوەندیی تەسکی حزبیدا. لە کوردستان دەوڵەتێک بوونی نییە سەرپەرشتیی ڕێکخستنی ئابووری وڵات بکات و لە ڕێگەی پلانێکەوە داهات بەسەر کۆی چین و توێژەکان و بەپێی پێویستییەکانیان بەش بکات، ئەوەی هەیە دوو بنەماڵە و دوو دیوەخانی گەورەیە، هەرچی داهاتی کوردستانە ڕاپێچی دەکەنە سەلاحەدین و قەلاچوالان، ئیدی دوایی بە ویست و لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیاندا تەخشان و پەخشانی دەکەن. ئەگەر هەر بڕی بوودجەی مانگانەی حزبەکان سەیر بکەین لەو ڕاستییە دەگەین نە یاسا هەیە و نە حکومەت و نە ئەو دامودەستگەیانەی بە ناو لەبووندان. بەپێی دوا زانیارییەکان یەکێتی و پارتی مانگانە زۆرتر لە٣٠ ملیۆن دۆلار بۆ خۆیان دەبەن لە داهاتی کوردستان، ئەم بڕە لە ساڵێکدا نزیک دەکەوێتەوە لە یەک ملیار دۆلار کە دەشێ بڵێین هێندەی داهاتی بەشێک لە وڵاتانی کیشوەری ئەفەریکایە لە ساڵێکدا.

مەلا بەختیار خۆی هەمان زانیاریی پشتڕاست دەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت «پارتی و یەکێتی هەریەکەیان مانگانە لە سی «٣٠» ملیۆن دۆلار کەمتر وەرناگرن. زانیاریی وردم نییە، بەڵام دەزانم ئیشەکانی هەموو دەزگاکانی ئەم دوو حزبە چەند پارەی دەوێت». ئێستا کە هەڵبژاردن بەڕێوەیە و ترسیان لە گۆڕان بۆ پلەیەکی ئێجگار بەرز سەرکەوتووە، لە هەموو کات زیاتر پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی سامانی نیشتمانیی و داهاتی کوردستان لە ڕێی کڕینەوەی دەنگ و پێدانی ئیمتیازاتی زیاتر بە لایەنگران و شوێنکەوتووانیان. بەدەر لە گرتنەبەری ئەم ڕێگایە هیچ شانسێک نەماوە و نییە بۆ ئەوەی پارتی و یەکێتی بتوانن جارێکی دیکە سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا بە دەست بهێننەوە، خۆ ئەگەریش بۆ یەک جار دەستبەرداری ئەو خووە بن و

سەروەتی نیشتمانیی و داهاتی کوردستان ئیستغلال نەکەن بۆ بانگەشە و کڕینی دەنگی هاووڵاتیان، بێگومان ئەوجارە وەها دەکەون بڕوا ناکەم هەتا دنیا دنیایە بتوانن هەستنەوە سەر پێ.

## ئەگەری ڕوودانی توندوتیژیی و قبوڵنەکردنی دۆڕان

ساڵی ٢٠٠٥ پارتی نەیتوانی بەرگەی لیست جیایی یەکگرتووی ئیسلامی بگرێت و لە ڕێی سیناریۆیەکی فاشیلەوە پەلاماری بارەگاکانی یەکگرتووی دا، لەو ڕووداوەدا جیا لە زیانە ماددییەکان ژمارەیەک کەسی بێتاوان کوژران. لەوە دەچێت بارودۆخی ئێستا زۆر جیاوازتر بێت لەو دەمە، ئەگەرچی پارتی و یەکێتی بشخوازن شەڕ بکەن و توندوتیژیی بەکاربهێنن، بەڵام دۆخەکە بە فۆرمێکە هیچ یارمەتییەکیان نادات بۆ کاری لەو بابەتە، بەڵام ئایا پارتی و یەکێتی دەتوانن بەرگەی دۆڕان بگرن و شەڕ نەکەن؟، هەر کاتێک بیر لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەکەینەوە، ناتوانین خەیاڵمان لەگەڵ شریخەی تفەنگ وناڵەی تۆپ و هاواری شەڕ جووت نەکەین، چوون هەرچەند بیرمان لە سەدام حسێن دەکردەوە، دەبووایە هەر بە چەک و زەبر بڕوات، بۆیە پارتی و یەکێتی ئەگەر بە هەڵبژاردن و ئەنجامی دەنگدانیش دەسەڵات بدۆڕێنن ئەوە هەر بە شەڕ و پێکدادان و کاولکاریی دەور و تەسلیم دەکەن.

ئەوەی چەند دەتوانن لەم هەڵبژاردنەدا هێز بەکاربهێنن؟، لە ڕاستیدا دەتوانن هێز بەکاربهێنن!، بەڵام خۆیان نایەنەوێت!! نەک بڕوایان پێی نەماوە، چوونکە دڵنیان بۆ ئەم خولەش دەتوانن بە ساختەکاریی و کڕین و بەڵێنی درۆ و ئەو بنکە کزە جەماوەرییەی هەیانە، دەسەڵات بگرنەوە دەست و حکومەت لە نێوان خۆیاندا بەش بکەن، بەڵام بۆ هەر دەورەیەک هەست بکەن دەسەڵات لە دەستدەدەن وەک شا لویسی فەڕەنسا دەڵێن «دە با لە دوای خۆمان دنیا کاول بێت». خولاسە جارێ لەلای دەسەڵاتەوە هیچ ویستێک بەدی ناکەین بۆ بەکارهێنانی هێز، لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنیشەوە هیچ ویست وحەزێک نییە بۆ ئەو کارە، مەگەر لە حاڵەتێکدا بەسەریاندا بسەپێنرێت و پەرچەکرداریان هەبێت. نەوشیروان مستەفا لە چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی «ئەلجەزیرە» وتی: ئێمە بزووتنەوەیەکی سیاسین و هێزی چەکدارمان نییە، ئێمە پەنا بۆ دادگا و یاسا دەبەین، ئەگەر لە سلێمانی ڕێگەمان پێ نەدەن، پەنا بۆ دادگای فیدراڵیی دەبەین لە بەغدا یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، ئێمە پەنا بۆ

چەک نابەین.

لە راستیشدا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەلای ئۆپۆزیسیۆن وا دەکات هەر نیەتێکی شەڕخوازانەی دەسەڵات پووچ بێتەوە و پرسەکە ببێتە پرسێکی یاسایی و لە دادگا یەکلا بکرێتەوە نەک لە مەیدانەکانی جەنگ. بۆ ئەوەشی زیادەڕەویی نەکەین لە خۆشبینیدا هەرگیز نابێت حەقیقەتێکی رەها و کۆنکرێتیی هەیە لە پێش چاوی نەگرین، ئەویش ئەوەیە: پارتی و یەکێتی لە دواجاردا فیشەکدانەکانیان پڕ گوللە کردووە بۆ ئەو هێز و لایەنەی پێیان دەڵێت بڕۆن و فەرموون دەسەڵات چۆڵ بکەن، جا گرنگ نییە ئەو هێزە بە شەمەندەفەری دیموکراسی و هەڵبژاردن دێت یان بە دەبابەی جەنگ و کودەتاوە. چوونکە هەروەک «لیدا خەلیل» لە پەیمانگای بروکینزی ئەمەریکی لە راپۆرتێکیدا لەسەر رەوشی باشووری کوردستان، روونیکردۆتەوە: ئەم هەرێمە «بارزانیستان»و «تاڵەبانیستانە».

*ئەم وتارە لە سایتی «سبەی» لە رۆژی ٩-٧-٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# گۆڕان و پاژنەی ئەخیلی حکومەت
# ڕێگای ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان

کورد وەک نەتەوە هەتا ئەم ساتەوەختە خاوەنی دەوڵەت نەبووە و لە ژێر چەپۆکی داگیرکەرانی کۆنەپەرستیشدا هیچ کام لە دامەزراوەکانی بەڕێوەبردن و کارگێڕیی و دەوڵەتی نەبووە، هەموو دیاردە سیاسییەکان و هەموو دامەزراوە سیاسیی و کارگێڕییەکان بۆ کورد تازەن، هەر ئەمەش یەکێک بووە لە خاڵە لاوازەکانی دەسەڵات لە کوردستاندا، چون بەبێ ئەزموونی ئیدارە و بەڕێوەبردنی دەستگەیەکی وەک دەوڵەت، هیچ متمانەیەک بۆ هاتنە کایەی حکومەتێکی سەرکەوتوو لە ئارادا نییە. لە کوردستان ئەگەرچی حەڤدە ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک یەکەیەکی کارگێڕیی یاسایی کار دەکات، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی چەند ساڵی پێشووەوە، بەپێی پێویست هەموو پێویستیی و ئامرازەکانی حکومەتی نەبووە، یەکێکیش لەوانە نەبوونی هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن بووە لە نزیکەوە چاودێریی کارەکانی بکات و تەرح و ئەجێندای تر لە دەرەوەی جیهابینی و ئەجێندای حکومەت پێشکەش بکات. ئەگەرچی ئێمە وەک کورد کولتووری ئۆپۆزیسیۆنی سیاسییمان نەبووە، بەڵام بەهۆی ئەو دۆخەی پێشووتر کوردستانی پێدا تێدەپەڕی، هێزە سیاسییەکان لەبری دابەشبوونیان بۆ هەردوو بەرەی حکومەت و بەرەی بەرهەڵستکار، هەموو پێکەوە وەک یەک تیم بەشداربوون لە زۆربەی پرۆسە سیاسییەکاندا و چەند خولی حکومەتی هەرێمی کوردستان شایەتی ئەوەمان بۆ دەدات هەموو هێزەکان لە هەوڵی دامەزراندنی حکومەتێکی بنکە فراواندا بوون، نەک هێزێک یان چەند هێزێک هەبن بیر لە هەڵبژاردنی ڕێگەی ئۆپۆزیسیۆن بکەنەوە. ئەمەش ئەوەندەی تر مێژووی لە دایکبوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی لە کوردستاندا دواخست.

ئێستا و بە تایبەت لە دوای هەڵبژاردنەوەی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی کابینەیەکی نوێی حکومەت، باس و خواسی ئۆپۆزیسیۆن و هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیە لەلایەن هەندێک هێزی سیاسییەوە گەرم و گوڕیی زیاتری بەخۆوە بینیوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریی، سیاسیی و جەدەلێکی زۆریشی بەدوادا هاتووە، داخوا دەبێت ئۆپۆزیسیۆن چۆن بێت؟، ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی لەسەر کام پێوەر و بە کام تەکنیک و شێواز بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت؟، ئایا ئۆپۆزیسیۆن دوژمنی حکومەتە یان تەواوکاریێتی؟، ئایا ئەو هێزانەی خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن پێناسە دەکەن تاکوو چەند دەتوانن بە ئەرکی ڕاستەقینەی ئۆپۆزیسیۆن هەستن؟، ئەمانە کۆمەڵێک پرسیاری جیددی و هەستیارن، دەبێت هەم حکومەت و هەم هێزی ئۆپۆزیسیۆن وردی بکەنەوە و بە تەواویی لێی تێبگەن و هەر کامیشیان بەرگەی کاردانەوەی سروشتی هێزی بەرامبەری بگرێت.

## ئۆپۆزیسیۆن چییە؟

ئۆپۆزیسیۆن لە دیتن و ئاوەزی سیاسیی کوردییدا هەروەک ڕەخنە مانایەکی نەرێنیی هەبووە و چەمکێکە تەڵخی و ناڕۆشنییەکی زۆر گەمارۆی داوە، چون لەڕوانگەی ئێمەی کوردەوە هەمیشە ڕەخنە چەکێک بووە بۆ سووک و نابووتکردن، بەڵام لە واقیعدا ڕەخنە بەشێکە لە مەعریفە و ئاشکراکردنی ئەو دیوە شاراوایانە، ڕەخنەلێگیراو بە هەر هۆیەک بێت پەی پێ نەبردووە. ئۆپۆزیسیۆن لە دنیابینی کوردییدا هێزێکی ڕووخێنەرە و فەلسەفەی بوونی گرێدراوی هەڵوەشاندنەوە و ڕەتکردنەوەی بەرامبەرە، ئۆپۆزیسیۆن لە ڕوانینی کوردییدا هێزێکە بە هەر نرخ و ئامڕازێک بێت سڵ لە نابووتکردن و دژایەتیکردنی بەرامبەرەکەی ناکاتەوە کە حکومەتە. ئەم دیتنە بارگاوییە بەو عەقڵییەتە ستالینیستییەی سایەی بەسەر ئەندێشەی سیاسیی کوردییدا کردووە و بە ئاستەم لێی جیانابێتەوە. لە باری واقیعیشەوە هێزە کوردییەکان بە درێژایی مێژوو ئۆپۆزیسیۆنێکی لەم چەشنەی داگیرکەرانی کوردستان بوون، ئێستاش کە لە سایەی حکومەتێکی کوردییدا ژیان دەبەنە سەر نەیانتوانیوە خۆیان لەو مامەڵەیەی ڕابردوو ڕزگار بکەن، چوون ئەوەی ئێمە لە ڕەفتاری ئۆپۆزیسیۆنی کوردییدا دەیبینن، هەر ئەوەیە حکومەتی تورکیا یاخۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئەم ئەزموونەی باشووری کوردستان خوازیارین. ئەمەش خاڵێکی گرنگی هاوبەشی

ئۆپۆزیسیۆنێکی وەک لیستی گۆڕان و داگیرکەرانی کوردستانە، بەبێ ئەوەی تۆمەتی ئەوە بدەینە پاڵ گۆڕان بە ئەجیندایەکی دەرەکییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخی سیاسیی ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا دەکات.

ئەگەر بمانەوێت وشەی ئۆپۆزیسیۆن پێناسە بکەین ئەوا: زاراوەی ئۆپۆزیسیۆن لە بنەمادا دەگەڕێتەوە بۆ oppositionی لاتینی، ئەمیش بە واتای رووبەڕووبوونەوە و بەرامبەر یەک وەستان، یان رای پێچەوانەوە دێت. سەرەتا لە بواری ئەستێرەناسی بەکاردەهات، بەڵام دواتر هاتە ناو بوارەکانی دیکەوە بەتایبەت بواری سیاسەت. بەکارهێنانی opposition ئۆپۆزیسیۆن لە زمانی فەڕەنسی بە واتای رەخنەگرتن و ناڕازیبوون و بەرگریی دێت «١». وردبوونەوە لە خودی وشەی ئۆپۆزیسیۆن دەیسەلمێنیت چەمکەکە بەشێوەیەک لە شێوەکان هاوتای رای دووەم یان رەخنەیە، هەروەک لە پێشتریشدا هێمامان بۆ کرد وەزیفەی رەخنە بیناکردنەوەیە نەک پێچەوانەکەی. راستە ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار وەک توخمێکی گرنگی ئۆپۆزیسیۆن لە مێژوودا دەرکەوتووە و ئامانجەکانی پێچەوانەوەی ئەو روانینەی لای سەرەوەی ئێمەن، بەڵام کاتێک ئێمە باسی ئۆپۆزیسیۆن دەکەین مەبەستمان ئۆپۆزیسیۆنی سیاسییە کە بەرهەمی سیستمی فرەحزبیی و دیموکراتییە، نەک ئەو ئۆپۆزیسیۆنە چەکدارەی کوڕی منداڵدانی سیستمە شمولی و دیکتاتۆرییەکانە. ئێمە لە بارەی توخمێکی ئۆپۆزیسیۆنەوە دەدوێین یەکێک لە پێش مەرجەکانی بریتییە لە هەبوونی ژیانی فرە پارتیی و هەبوونی دەسەڵاتێکی دیموکراسی یان نیمچە دیموکراسی.

ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی، کە جێی مەبەستی ئێمەیە، بە بێ بوونی پارتی سیاسیی ناتوانێت سەرپێ بکەوێت، چوون ناکرێت گووتاری رۆژنامەوانیی، یان ناڕەزایی سەر شەقام، یان گروپەکانی فشار، بە ئۆپۆزیسیۆن لەقەڵەم بدەین، چوونکە هەتا هەنووکە لە چاویلکەی ئێمەدا، ئەوانە بە ئۆپۆزیسیۆن زانراون. بۆیە پارتییە سیاسییەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەم نێوەندەدا، تەنانەت لە زۆر پرۆسەدا بە ئەندازەی حکومەت و بگرە زیاتریش بەشدار و رۆڵدار دەبن. تەنانەت بە بڕوای «تود لاندمان» رۆڵی پارتییە بەرهەڵستکارەکان زۆر گرنگە بە تایبەت لە سیستمە سەرۆکایەتییەکاندا کە رۆڵێکی زۆر گەورە دەبینن لەو لیژنانەی پێکدەهێنرێن بۆ رەزامەندییدان لەسەر کابینەی حکومەت و لەسەر خەرجی و مەسەلە داراییەکان. بە بۆچوونی «دۆسان سڤیتۆلیک جانیک»یش: بوونی پارتی بەرهەڵستکار گرنگی خۆی هەیە، پارتی

بەرهەڵستکار بریتییە لە حکومەتی ئاییندە لە ڕێی ململانێکردنی پارتی حکومڕان و ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتیی بەلای خۆیدا، بەڵام ئەگەر پارتی بەرهەڵستکار لاواز بوو، ئەوا نابێتە هۆی سەقامگیرکردنی دیموکراسی، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی لاوازکردنی.

## پەیوەندیی دیموکراسی و ئۆپۆزیسیۆن

لە هەر جێگەیەک دیموکراسی هەبێت ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیش هاوتەریب لەگەڵیدا هەیە، لە هەر جێگەیەکیش دیموکراسی لە ئارادا نەبوو، چاوەڕێ ناکرێت جگە لە هێز و بەرهەڵستکاری چەکدار هیچ جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێکی دیکە لە دایک ببێت بۆ گۆڕینی واقیع. هەروەک «دارن دۆرف» بۆی چووە «ئاسانترین پێناسەی دیموکراسی لە کارڵ پۆپەرەوە وەردەگرین، کە دەڵێت: دەستوورێک گرەنتی ئەوە بکات بە بێ خوێنڕشتن بتوانین خۆمان لە حکومەتێک رزگار بگەین». دروست بە پێچەوانەوە لە سیستمە تۆتالیتێریی و دیکتاتۆرییەکاندا هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ خۆ دەربازکردن لە حکومەت، تەنێ لە ڕێگەی پێکدادان و توندوتیژییەوە نەبێت. کەوابێت ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی و دیموکراسی هێندەی ماسی و ئاو بەڵکو زیاتریش پەیوەندیی لەنێوانیاندا هەیە، بە پێچەوانەشەوە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی و دیکتاتۆرییەت ئەوەندەی ڕەش و سپی لە یەکتر جودان و ماوە لە نێوانیاندایە. (ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی ئەگەر لە چوارچێوەی دیموکراسی لیبرالیدا نەبێت مانا و چەمکی ڕاستەقینەی خۆی بە دەستەوە نادات، چوونکە ئۆپۆزیسیۆن پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە دانپیانان و دەستەبەرکردنی ئازادییە سیاسییەکانەوە هەیە. لە چوارچێوەی سیستمە تۆتالیتێریی و سۆشیالیستییەکاندا لە بنەڕەتەوە پرەنسیپی ئۆپۆزیسیۆن قبوڵ ناکرێ، لە سیستمی حوکمڕانی ئیسلامیشدا فرە حزبیی و ئۆپۆزیسیۆن قبوڵ ناکرێ) «٢».

لە پوختەترین پێناسەشدا دیموکراسی بریتییە لە زەمینە و فەزایەک بۆ خۆ تەرحکردنی هەموو جۆرە دنیابینی و ڕوانگەکان، چوونکە (دیموکراسی بە دابینکردنی کەش و هەوای ئازادیی سیاسیی و فرەڕایی و فرە ئاڕاستەیی، بوونی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر هەموو ئاستەکان، یارمەتی کولتوورێکی سیاسیی دیموکراسی دەدات تێیدا تاکەکان هەست بکەن دەتوانن بەبێ ترس ڕەخنە لە هەموو بەرپرسێک بگرن، لەگەڵ باوەڕبوون بە پێویستی و سوودی بەشدارییکردنی سیاسیی و پێکەوە

هەڵکردنی هزری ئاڵوگۆڕ و توانای کارکردنی دەستەجەمعی لە رووی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە) «٣». بۆیە من لەو بڕوایەدام چۆن خاک مەرجی یەکەمە بۆ رووان و رسکانی هەر تۆوێک، ئاوهاش دیموکراسی مەرجی یەکەمە بۆ سەرهەڵدان و سەرپێکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن، کاتێکیش ئێمە دەتوانین باسی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی بکەین کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیمان هەبێت، یاخۆ هیچ نەبێت کۆمەڵگەیەکمان هەبێت رووەو دیموکراسی کەوتبێتە رێ.

## ئۆپۆزیسیۆن و دەوڵەت

بە پێی پێناسەی حوسێن بەشیریە «دەوڵەت بەرزترین شێوە و رووخساری دەسەڵات و فەرمانڕەواییە کە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هەیە». یان بە واتایەکی تر دەوڵەت تەنێ دەزگایەکی گرنگی بەڕێوەبردنە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا. ئەگەریش بمانەوێت سەرەتاکانی دروستبوونی دەوڵـەت لە شێوە تەقلیدییەکەدا ئاشکرا بکەین، ناتوانین بگەینە رێکەوتێکی مێژوویی دیاریکراو، چوونکە هەر زۆر زوو گەشەکردن و فراوانبوون و جیابوونەوەی بەرژەوەندیی مرۆڤەکان، پێویستیی یاسا و دەزگایەکی وەک دەوڵەتی داهێنا، بەڵام بێگومان دەوڵەت بە درێژایی مێژوو شێوە و رووخسارەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە تا بە ئەمڕۆ دەگات کە دەوڵەت لە شێوەیەکی زۆر پێشکەوتوودا خۆی دەنوێنێت، بەڵام سەرکەوتووترین جۆری حکومەت ئەو مۆدیلە لە حکومەتەکانن ئێستا لە وڵاتانی رۆژئاواییدا هەن. چوونکە ئەو حکومەتانە زۆرترین نزیکایەتییان لەگەڵ ماف و بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆی کۆمەڵگە هەیە و بەشێوەیەک لە شێوەکان کاربەدەستە حکومییە گەورەکان زۆرتر لە خزمەتکاری خەڵک دەچن، ئەمەش بە پێچەوانەی حکومەتە زۆردارەکانەوە کە سەرۆک و بەرپرسە باڵاکان، بوون بە بار بەسەر ژیانی هاووڵاتیانی خۆیانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت لە یادی بکەین سەرپێکەوتنی ئەو فۆرمە لە حکومەت لە رۆژئاوا هەروا کارێکی خێرا و کتوپڕ نەبووە، بەڵکو بەرئەنجامی پەرەسەندنێکی مێژوویی زۆر و تەنانەت شۆڕش و ماندووبوونێکی درێژخایەن بووە.

(هەرچۆنێک بوو، حکومەتی خەڵک بە هۆی خەڵکەوە گۆڕا بە حکومەتی خەڵک بەسەر خەڵکدا و لە ئاکامیشدا بوو بە حکومەتی نوێنەرایەتی زۆرینە بەسەر خەڵکدا، ئەمە یەکێک لە بنەما جێکەوتووەکانی سیستمە سیاسییەکانی رۆژئاوایە، بەڵام بەو

مانایە نییە کەمینە هیچ مافێکی نییە. لە راستیدا کەمینە دەبێ مل راکێشێ بۆ دەنگی زۆرینە و ئەگەر لە سیاسەتی زۆرینە ناڕازییە، لە ڕێگای یاساییەوە خەبات بکات و دان بەخۆیدا بگرێ تاکو هەڵبژاردنی دوایی ئەنجام دەدرێ. لە بەرانبەریشدا زۆرینە دەبێ ماف و ئازادییە یاساییەکانی کەمینە بەرەسمی بناسێ» «٤». لێرەدا رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن دەردەکەوێت وەک هێزێکی گرنگی سیاسیی لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حکومەت و داکۆکی لە خواستی کەمینە لە بەرامبەر ویستی زۆرینەی براوەدا، رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە بەرانبەر حکومەت ئەوەیە هەمیشە رێ بە سەرەڕۆییەکانی بگرێت و لە هەر جێگەیەک بە خاتری زۆرینەی براوە، کەمینە یان کۆمەڵگەی فەرامۆش کرد، بە شێوەی دیموکراسی و شارستانی بەگژیدا بچێتەوە و ناتەواوییەکانی بۆ رای گشتیی روون بکاتەوە.

کەوابوو ئۆپۆزیسیۆن چاوێکی تیژە بەسەر حکومەت و دەسەڵاتەکانەوە، ئۆپۆزیسیۆن رۆڵی ئەو چاودێرە دەبینێت هەمیشە خۆی بە بەرپرس دەزانێ لە بەرامبەر هەر چەوتییەک بۆ ئەوەی ڕێگای راست نیشان بدات و دەرەوەی خۆیشی ئاگادار بکاتەوە. بە کورتییەکەی ئۆپۆزیسیۆن حکومەت دەبەستێتەوە و ناهێڵێت سنوور ببەزێنێت، بە ئەزموونیش دەرکەوتووە «حکومەتی باش ئەو حکومەتەیە سنووردار کراوە»، «٥». نەک ئەو حکومەتانەی دەسەڵاتی نەبەستراوەیان هەیە و هیچ چاوێکی دەرەوەی خۆیانیان «ئۆپۆزیسیۆن» لەسەر نییە. چوونکە بە ئەزموون سەلمێنراوە هەرچەندە حکومەتێک بە دەنگدان و بە فۆرمێکی دیموکراسیش هاتبێتە سەر حوکم، ئەگەر هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی کارا و بەهێز ململانێی لەگەڵ نەکات، سەرەنجام خۆی لە بازنە و دوورگەی دیکتاتۆرییدا دەدۆزێتەوە، رەنگە چارەنووسی دیموکراتی و دیاردەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیش بە مەرگ بسپێرێت.

## ڕێگای ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان

تائێستا لە باشووری کوردستان ئۆپۆزیسیۆنی سیاسییمان نەبووە، بە پێچەوانەوە ئەو هێزە کوردییانەی ئەمڕۆ حکومەتی هەرێم بەڕێوە دەبەن، ئەزموونێکی دوور و درێژیان هەیە لە ئۆپۆزیسیۆن بوون، بەڵام بە فۆرمە چەکدارییەکەی. بۆیەکا هەموو ئەو هێزە کوردییانەی بیر لە هەڵبژاردنی ڕێگای ئۆپۆزیسیۆن دەکەنەوە کەمترین دەرکیان هەیە لەمەڕ ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی و رۆڵی لە کۆمەڵگەدا، بە پێچەوانەوە

هەتاکو هەنووکە بە هەمان دونیابینی و ڕۆحییەتی قۆناغی شاخ و ئۆپۆزیسیۆنی چەکدارییەوە دەڕواننە هەمان ئەم ساتەوەختە و واقیعی نوێی کوردستان، ئەوەش گرفتێکی گەورەی بەردەم ئەزموونی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی دەزگایەکی وەک حکومەت بووە بە درێژایی ماوەی حەڤدە ساڵ.

تەنانەت بە بڕوای نەوشیروان مستەفا کە ئێستا نوێنەرایەنی ئەو هێزە دەکات خۆی بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەی ئۆپۆزیسیۆن ئامادە کردووە (موعارەزەی سیاسیی لە کوردستاندا هێشتا نەچۆتە چوارچێوەی هێزێکی ڕێکخراوی خاوەن بەرنامەی سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاریی... بەدیلی ئەم حزب و حکومەتەی ئێستا» «٦». لە کوردستان ئۆپۆزیسیۆن بوونی نەبووە، چوونکە ئەو هێزانەی خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن زانیوە، پێیەکیان لە ناو حکومەت و دەسەڵات بووە و پێیەکی تریان لە دەرەوە بووە،! گوایە هێزی ئۆپۆزیسیۆنن و دەیانەوێت رای گشتیی بوروژێنن، ئەم ئۆپۆزیسیۆنەی تازە لە سەرهەڵدانادیە کەمترین توانای هەیە وەک ئۆپۆزیسیۆن کار بکات، تەنانەت خاوەنی بەرنامەیەکی هەمەلایەنە نییە، بەڵکو زیاتر وەک کەناڵەکانی ڕاگەیاندن مامەڵە دەکات و هەموو بۆشایی و کەلێنەکانی حکومەت دەکاتە ماددەیەکی میدیایی، بۆیە زیاتر تەماسی لەگەڵ ڕاگەیاندن هەیە نەک ئامڕازەکانی تریش. ڕاستە ڕاگەیاندن بۆ ئۆپۆزیسیۆن زۆر گرنگە، بەڵام کاری هێزە بەرهەڵستکارەکان تەنێ لە چوارچێوەی کاری ڕاگەیاندن قەتیس ناکرێ، هەر کاتێک وابوو مانای وایە ئەوان لە ئۆپۆزیسیۆنەوە بوون بە دەزگای ڕاگەیاندن.

ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان لەسەریەتی لە بەرەی هاووڵاتیان و بەرژەوەندییەکانیاندا بێت، بەڵام نابێت خەڵک دابەش بکات بەو جۆرەی لە سەردەمی جەنگی ناوخۆی ئەوسای کوردستاندا هەبوو، پێویستە ئۆپۆزیسیۆن ڕۆڵی هەبێت لە قووڵکردنەوەی دیموکراسی و پتەوکردنی بنەماکانی حکومداریی لە کوردستان، نەک خوازیاری هێنانە ئارای دەسەڵاتێکی لاواز و لەرزۆک بێت، کورد پێویستی بە حکومەتێکی بەهێزی سنووردارکراو هەیە، نەک دەسەڵاتێکی لاواز، کێشەی کورد لەگەڵ بەغدا یان ڕووبەڕووبوونەوەی کورد لەگەڵ نەیارانیدا، پێویستی بە حکومەتێکی تا بڵێی بەهێزە نەک پێچەوانەکەی، بۆیە وا بڕوا دەکەم ڕێگای ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان ڕێگەیەکی زۆر سەختە، دەبێت باڵانس ڕابگرێت و کارەکانی نەچنە کیسەی نەیارانی کوردەوە، یاخۆ نابێت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و سەلماندنی ئۆپۆزیسیۆنبوونی

خۆیان ڕێگەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ نەیارانی سیاسیی مافەکانی کورد ببەستن.

لەوە زیاتریش پێویستە هێزە بەرهەڵستکارەکانی کوردستان چاو کراوە بن و درێغی نەکەن لە کارەکانیان، چوون ئەزموونی گۆڕان دەریخست لە کاتی پێویستدا «پێویست بۆ خۆیان» داکۆکیی لە خەڵک دەکەن و کەنگێ خواست و ئامانجیان هاتەدی ئەوە بێدەنگیی دەنوێنن. ئەم ئەزموونە دەبێتە سەرەتایەکی خراپ و داهێنانێکی بێ کەڵک لە نەریتی ئۆپۆزیسیۆنیدا. من پێموایە دەبێت ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان زیاد لە پێویست زیندوو و چاو کراوە بێت، چوون هەروەک پەندەکە دەڵێت «پشیلەی نوستوو، مشکی پێ ناگیرێت». هەرواش ئاسان نییە لە واقیعی ئێستای کوردستاندا ڕێگەی ئۆپۆزیسیۆن هەڵبژێریت و ئاگات لە دەستکەوتەکانی گەلی کوردیش بێت وەک نەتەوەیەکی چەوساوە، ئەمە تەنیا بەهێزێکی زۆر بە ئاگا و چاوکراوە دەکرێت، هێزێک هەم توانای خوێندنەوەی واقیع و هەم توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەرەکانی هەبێت، کە بەداخەوە من ئەو هێزە شک نابەم.

## گۆڕان و پاژنەی ئەخیلی حکومەت

عەبدولئیلاه بەلقزیز پێیوایە: سیاسەت وەک سروشتە لە ڕوانگەی ئەرستۆییەوە، واتە سڵ لە بۆشایی دەکاتەوە. ئۆپۆزیسیۆنیش ئەوەیە دەتوانێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە لە ئەنجامی بوونی دەسەڵاتێک دروستبووە «٧». ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنە لە بۆشاییەکانی دەسەڵاتەوە داخڵی پرۆسەی سیاسیی و ململانێی سیاسیی بێت، ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنە لاوازییەکانی دەسەڵات ببینێ هەروەک ئەفسانە یۆنانییەکە تیرەکە ئاڕاستەی پاژنەی ئەخیل بکات، بەڵام نابێت ئۆپۆزیسیۆن تەنێ کەموکوڕییەکانی دەسەڵات ببینێت و خودی خۆی لە بیر بباتەوە، یان تەنیا لە دەسەڵات ئەو شتانەی بوێت کە داوای دەکات، بەڵام ئەگەر کار گەیشتە سەر خۆی بەپێچەوانەوە ڕەوتار بکات. بە کورتییەکەی ئۆپۆزیسیۆن نابێت کەموکوڕیی لە پاژنەی خۆیدا هەبێت و باسی پاژنەی ئەخیل بکات و تیری تێبگرێت، ئەمەش داواکردنی فریشتە نییە بۆ ئەوەی ببێتە بەرهەڵستکار، هێندەی پەیوەندیی بەو فاکتەوە هەیە، هێزی ئۆپۆزیسیۆن نابێت هەڵگری هەمان ئەو گرێ و نەخۆشیی و کەموکوڕییانە بێت دەسەڵات هەیەتی.

گرنگە لیستی گۆڕان پاژنەی ئەخیلی حکومەتی هەرێم ببینێت، ئەوجا ڕمی خۆی ئاڕاستە بکات. پێویستە گۆڕان یارمەتیدەرێکی پۆزەتیڤی واقیعی دەوڵەتداریی بێت

لە کوردستان، بەڵام بەداخەوە هەستدەکەین گۆڕان تەنیا بۆ سووککردنی دەسەڵات باسی سەروەریی یاسا و لێپێچینەوە لە گەندەڵیی و ئیختلاس دەکات، ئەگەرنا کاتێک لێپێچینەوە دەگاتە سەر ئەندام و لایەنگرانی خۆی بە پێچەوانەی بانگەشەکانییەوە مامەڵە دەکات. کاتێک باس دێتە سەر پارێزگاری سلێمانی کە بە بەڵگە سەلمێنراوە لە گەندەڵییەکی زۆرەوە گلاوە، گۆڕان نەک یارمەتیدەری یاسا نییە بەڵکو بەیاننامەی ئاگرین دەردەکات و ئەو هەنگاوە بە پیلانگێڕیی دژی خۆی پێناسە دەکات!!، ئیدی لێپێچینەوە لە گەندەڵیی چ مانایەکی هەیە؟. وەختێک کار دێتە سەر باسی تاوانبارانی پرۆسەی جینۆسایدکرن و دۆسێی سەرەک جاشێکی وەک «خالیدی خولە سوور»ی لایەنگری گۆڕان دێتە پێشەوە، گۆڕان نەک هاوکار نییە بەڵکو ئامادەش نییە لە ریزەکانی خۆیدا دەریبکات!!، لەوە سەختتریش هیچ کاردانەوەیەکی نییە لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئەو سەرەک جاشە لە ئەندامانی رێکخراوێک کە»فرانس ڤان ئانرات»ی لەهۆڵەندا راکێشایە بەردەم دادگا و رەحمەتی دەسەڵاتی یاساوە. من وەک خۆم رادەی متمانە و گەشبینیم بەرامبەر بە گۆڕان بە بەراوورد بە چەند مانگی رابردوو زۆر کەم بۆتەوە و ئەگەر کار وا بڕوات هەموو دەگەینە ئەو باوەڕەی ئەوانەی دروشمی گۆڕان و ئۆپۆزیسیۆنیان بەرز کردۆتەوە تەنیا و تەنیا شینی هەریسەکە دەکەن و خەونی دەسەڵاتداریتی خۆیان دەهێننە دی و هیچی تر.

پەڕاوێز:

١- یاسین ساڵح « ئۆپۆزسیۆنی سیاسی» چاپی یەکەم ٢٠٠٩، چاپخانەی رەنج، لاپەڕە ٣٣.

٢- هەمان سەرچاوە – لاپەڕە ٣٩.

٣-د.کەمال مەنوفی «تیۆرەکانی سیستمە سیاسییەکان»، و:ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم ٢٠٠٧، لاپەڕە ٢٢٦.

٤-د.ئەحمەد نەقیب زادە «سیاسەت و حکومەت لەئەوروپا»، و:عەلی مێهرپەروەر، چاپی یەکەم ٢٠٠٧، لا ٢٢.

٥- حوسێن بەشیریە «بنەماکانی زانستی سیاسەت»، و:ئەبوبەکر کاروانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٩، لاپەڕە ١٩٨.

٦-نەوشیروان مستەفا «ئێمە و ئەوان، ناکۆکیەکانمان لەسەر چین؟»، چاپخانەی زەرگەتە، چاپی یەکەم ٢٠٠٩، لاپەڕە ٥٩.

٧- عەبدولئیلاه بەلقزیز «ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات»، و:هەڵکەوت عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم ٢٠٠٤، لاپەڕە ٨.

*ئەم وتارە بە دوو بەش لە رۆژنامەی «کوردستان راپۆرت» لە ژمارەکانی «٧٥١-٧٥٢» لە رۆژانی ٢٢-٢٤ی دیسامبەری ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# بۆچی گۆڕان لەهەڵبژاردنی ئەمجارەدا پاشەکشەی کرد؟

## ئایا گۆڕان بەرەو گەشانەوە یان لاوازیی دەڕوات؟

هەتا رۆژی ٧-٣-٢٠١٠ وا تێبینی دەکرا بزووتنەوەی گۆڕان لە پێشکەوتنێکی بەرفرەدایە، تا ئەو ئەندازەیەی لەوانەیە دەسەڵات لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بسەنێتەوە، تەنانەت هەندێک لە چاودێرانی سیاسیی وا بیریان دەکردەوە دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی رۆژی حەوتی ئازار سەر لەبەری واقیع و هاوکێشەی سیاسیی لە کوردستان دەگۆڕێت، بەهۆی ئەوەی لانیکەم زۆنی سەوز یان بابڵێین ناوچەی فەرمانڕەوایی سەوز رەنگی دەگۆڕێت و دەبێت بە زۆنی نیلی. بەشێوەیەکی گشتیی کۆدەنگی و کۆبۆچوونی لەسەر ئەوە بوو گۆڕان بە ئاسانیی لە سلێمانی بەسەر لیستی هاوپەیمانی و رکابەرەکانی تریدا سەردەکەوێت، لە شاری کەرکوک لە سەرەتای پرۆسەی بانگەشەوە وا پێشبینی دەکرا، گۆڕان بەلای کەمەوە نیوەی کورسییەکانی پشکی کوردی ئەو شارە دەباتەوە، بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ ئەم ئومێدانە کاڵبوونەوە و ژمارەی کورسی پێشبینیکراوی گۆڕان لە کەمی دەدا، بەڵام هەرگیز چاوەڕوانی ئەو شکستە گەورەیە نەبوون و کەسیش بڕوای نەدەکرد لە کەرکوکی پڕ لە کێشە و بێ خزمەتییدا گۆڕان توانای بەدەستهێنانی کورسییەکیشی نەبێت.

بەهەرحاڵ دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی پرۆسەی دەنگدان، ئەوە بە روونی دەرکەوت، گۆڕان بە تەواوەتی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی لە دەستدا، بە مانایەکی تر یەکێتی و پارتی بوونە نوێنەری راستەقینەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، چوونکە لە کەرکوک و چوار دەوری یەکێتی سەرکەوتنی گەورەی تۆمار کرد، لە موسڵ و دەوروبەریشی پارتی بە هەمان شێوە، هەرچی بەری «دیالە»شە پارتی

و یەکێتی بە هاوبەشی کورسییەکەیان بردەوە، لەسەر ئاستی سێ شارەکەش گۆڕان نەیتوانی لە هیچ یەکێک لە شارەکانی کوردستاندا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە سلێمانی سەرباری ئەوەی ڕێژەی دەنگدەران بە نزیکەی ١٠٠ هەزار دەنگدەر بە بەراوورد بە هەڵبژاردنی بیست و پێنجی تەمووزی رابردوو زیادی کردبوو، گۆڕ□ان لەبری ئەوەی سی تا چل هەزار دەنگ زیاد بکا پێچەوانەکەیمان بینی، لە هەولێر سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا چوونکە نفوزی گۆڕان بە جێگیریی وەستابوو، بە بڕوای منیش وەستان و جێگیریی بۆ بزووتنەوەیەکی تازە سەرهەڵداوی وەک گۆڕان بەشێوەیەک لە شێوەکان جۆرێکە لە پاشەکشە، لە دهۆک گۆڕان شکستێکی گەورەی هێنا، تەنانەت ژمارەیەکیش نەبوو تا حیسابی لەسەر بکرێت، بۆیە گۆڕان سەرباری ئەوەی چەند شارێکی دیکە و زیاتر لە هەشت سەد هەزار دەنگدەری تازە بەشداریی ئەم هەڵبژاردنەیان کرد، هێشتا هەمان ئەو دەنگانەشی نەهێناوەتەوە لە بیست و پێنجی تەمووزی رابردوو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەدەستی هێنابوو. ئەگەر بەپێی هەڵبژاردنی پێشوو بووایە ئەوە دەبوو گۆڕان بەلای کەمەوە ١٥ کورسی بەدەستهێنابایە، چوونکە ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین ژمارەی کورسییەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا ٦٠ کورسییە و سەمپڵی پێشووی گۆڕان وەربگرین کە یەک لەسەر چوار کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانی بەدەستهێنا ئەوە پێویستبوو ١٥ کورسی مسۆگەر بکات.

هەنووکە بابەتی پاشەکشە و سەرنەکەوتنی لیستی گۆڕان جیا لەوەی شۆکێکی گەورە بوو بۆ سەرکردەکانی گۆڕان و دۆست و لایەنگرانیان، لە هەمان کاتدا بیرکردنەوەی بەشێکی زۆری چاودێرانی سیاسیی و پارتییە سیاسییەکان و تەنانەت دەوڵەتانی ناوچەکەشی ئاڵۆز کردووە، هەموو پرسیار دەربارەی گرنگترین ئەو فاکتەرانە دەکەن سەرباری ئەو بەهێزییەی گۆڕان لە رووی هەڵسوڕان و میدیا و پرۆسەی بانگەشەکردنەوە چی وایکردووە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گەمەکە بە بەرژەوەندیی نەیارە سەرەکییەکەی کە یەکێتی نیشتمانییە بدۆڕێنن؟. ئەگەرچی وەڵامەکان بۆ ئەم پرسیارە لە یەک جیاوازن، بەڵام بەشێوەی گشتیی هەندێک خاڵی کۆنکرێتی هەیە زۆرینەی چاودێران و شرۆڤەکاران لەسەری کۆکن لە دیاریکردنی هۆکارەکانی شکستی گۆڕان. ئێمە نامانەوێت بۆچوونی نووسەران و توێژەرانی پێش خۆمان دووبارە بکەینەوە، بەڵکو هەندێک خاڵی سەرەکیی و بنچینەیی دەخەینە روو

کە ڕۆڵیان هەبوو لە شکستی گۆڕاندا و زۆرینەی چاودێرانیش فەرامۆشیان کردووە، گرنگترین ئەو لایەنانەش ئەمانەی لای خوارەوەن:

## کێشەی ناسنامەی گۆڕان

یەکێک لە کێشە هەرە گەورە و زەقەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، دیار نەبوونی ناسنامەی سیاسیی و فیکریی ڕەوتی گۆڕان بووە، بزووتنەوەی گۆڕان نە ئەوەبوو بزووتنەوەیەکی مەدەنی و گرووپی فشار بێت، نە ئەوەبوو حزبێکی سیاسیی خاوەن پەیڕە و پرۆگرام و ئایدیالی تایبەت بە خۆی بێت، بە پێچەوانەوە گۆڕان سەکۆیەکی بەرفراوان بوو بۆ زۆرێک لە مەیل و بۆچوونە جیاوازەکان، لە مەنگەدانی هەموو ئەمانەش پێکەوە کارێکی ئاسان نییە، هەروەک ناتوانرێت تاکو سەر هەموو ئەوانە بەم شێوەی ئێستا پێکەوە درێژە بە کارکردنی سیاسیی بدەن. گۆڕان و سەرکردەکانی گۆڕان هیچ پێشینەیەکیان لە بواری خەباتی مەدەنی و نارەزایی مەدەنی نەبووە و نییە، بۆیە ناکرێت بە ئەکتیڤیستی مەدەنی ناوزەدیان بکەین، بەڵام بە لای زۆرەوە هەر هەموویان پێشینەی کاری سیاسیی و حزبایەتیان هەیە و هەموویان لە یەک حزبەوە سەریان دەرهێناوە ئەویش یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە. بۆیە کاری ئەوان کە کەسایەتی سیاسیی بوون لەگەڵ کاری مەدەنی و جەماوەریی جیابووە، هەروا بە ئاسانی ناتوانن ببنە ئەکتیڤیستی مەدەنی، وەختێک ئەوان هەوڵدەدەن ئەم کارە بکەن، ئەو فەوزایە دەنێنەوە کە بینیمان.

دیار نەبوونی ناسنامەی سیاسیی گۆڕان و نەبوونی هەیکەلێکی ئیداریی و ئۆرگانە لێک جیاوازەکان، وایکردووە سیمای ئەو بزووتنەوەیە بە تەواوەتی دیار نەبێت و لە نێو تۆز و غوباری فەوزادا داپۆشرابێت، دەبوو گۆڕان بە لای کەمەوە دوای هەڵبژاردنی بیست و پێنجی تەمووزی ساڵی رابردوو، هەیکەلی خۆی بگۆڕیبایە و حزبێکی سیاسیی نوێی پێکبهێنایە، بەڵام بڕیاری دروستکردنی حزبیش جۆرێک لە ئینتیحاری سیاسیی بوو، چوونکە گۆڕان نەیدەتوانی حزبێکی نوێ بە مۆدیلی حزبی هاوچەرخی رۆژئاوایی دابمەزرێنێت، بۆیەکا ناچار دەبوو ئەو حزبە ستالینییە دابمەزرێنێت خۆیان زۆرجار لە دژی لێدوان دەدەن، لە کاتێکدا ئەگەر گۆڕان حزبێکی لە چەشنی پارتی و یەکێتی دروستکردایە و ئۆرگانەکانی دابمەزراندایە، ئەوا هەر لەسەرەتاوە تووشی ئیفلیجی دەبوو، بەو پێیەی لەنێوان هەردوو ئاراستەی نوەی

یەکەم کە نەوەی سەرکردەکانی پێشووی یەکێتییە و ئاڕاستەی نەوەی دووەم کە گەنج و نوخبە رۆشنبیرەکەن، ناکۆکیی و ململانێی زۆر دروست دەبوو کە گۆڕانیان تەواو شەکەت و ماندوو دەکرد، ئەمە جیا لەوەی تەکەتول و دەستەگەریی دەبووە بەشێکی گرنگ لە ژیانی سیاسیی حزبە نوێکە، بە لایەنی کەمەوە حزبی گۆڕان تووشی ئەو قەیران و بنبەستە سیاسییە دەبوو یەکێتی پێش چوونە دەرەوەی باڵی ریفۆرم تووشی ببوو.

گۆڕان ئێستا و ئەوسا تووشی دووڕیانێکی خەتەرناک بووە، ناتوانێت ناسنامەیەکی سیاسیی بۆ خۆی دیاری بکات و ناتوانێت ببێتە حزب یان بزووتنەوەیەکی جەماوەریی، ئەگەرچی سەرکردەکانی گۆڕان بزووتنەوەکەیان بە بزووتنەوەیەکی ناڕەزایخوازیی ناوزەد دەکەن، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانن پێویستە بە وردیی خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێن، چوونکە بزووتنەوەی گۆڕان لە بزووتنەوەی «کفی– بەسە»ی میسریی ناچێت، یان لە حزبێکی نوێ ناچێت، ئەگەر وا خۆیشی دێتە بەرچاو شۆڕشی پرتەقاڵی ئەورووپای شەرقی دەکات، ئەوا دیسان هەڵەیەکی کوشندەیە، چوونکە ئەوانیش گەیشتنە بنبەست، پاشان لێدوانەکەی کاک نەوشیروان کە وتی هەمان سەرکردە و کادێرەکانی حزبە کۆمۆنیستەکان بوون لە ئەورووپای رۆژهەڵات، دواتر سەرکردایەتی گۆڕانیان لە وڵاتەکانیان کرد. بۆ خۆی مانای ئەوە دەبەخشێت ئەمانیش هەروەک سەرکردەکانی شۆڕشی پرتەقاڵی دوای هاتنە دەرەوە لە ناو یەکێتی دەتوانن شۆڕشێکی گەورە و گشتگیر بکەن و کوردستان بگۆڕن. بە هەرحاڵ من پێموایە گۆڕان کێشەی ناسنامەی هەیە و ئەگەر لە ماوەیەکی زەمەنی نێزیکدا خۆی پێناسە نەکات و وەک حزب یان رێکخراوێک یان هەر ناوێکی دیکە بە خەڵک نەناسێنێت ئەوە بەرەو رووی شکستی گەورە و مەترسیدارتر دەبێتەوە.

## دورشمەکان و زەمینەی ماددیی جێبەجێکردن

زۆرینەی دەنگدەرانی گۆڕان بەهۆی ئەو دروشمانەوە سەرنجیان چووە سەر گۆڕان و دەنگیان پێدا لە میانی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنی بیست و پێنجی تەمووزی رابردووەوە گۆڕان هەڵیگرتبوون. ئەگەر سەیری ناوی بزووتنەوەکە بکەین «گۆڕان» هەروەها دروشمی «ئەیگۆڕین» مانای ئەوە دەگەیەنن ئەم بزووتنەوەیە دەیەوێت واقیعی سیاسیی و خۆیان وتەنی سیستمی سیاسیی بگۆڕێت، بەڵام ئەم

دروشمە لەگەڵ دیموکراسی و شێوەی مامەڵەی خودی بزووتنەوەی گۆڕاندا ناکۆکە، گۆڕینی سیستم بە هەڵبژاردن نابێت، بەڵکو بە شۆڕش دەبێت، ئەوەی ئەوان دەیانەوێت بیکەن ریفۆرمە نەک گۆڕان، بۆیە زۆرێک لە لایەنگرانیان چاوەڕێی گۆڕانێکی خێرا و ریشەییان دەکرد و سەرکردەکانی گۆڕان تەنیا وەک ریفۆرمیستێکی لاواز مامەڵەیان دەکرد و هەنگاویان دەنا.

ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای کۆبوونەوەی ئەو جەماوەرە بێشوومارە لە لیستی گۆڕان لە ماوەی چەند مانگێکدا، بۆ ئەوە نەبوو کۆمەڵێک ریفۆرمی لا بەلا بکەن وەک ئێستا دەرکەوتووە ئەوەشیان پێناکرێت، بەڵکو بەو نیازە بووە دەسەڵاتی کوردیی بگۆڕێت و جۆرێک لە کودێتای سپی بەسەر هەردوو پارتییە سەرەکییەکەدا بکات. ئێستا جەماوەر و لایەنگرانی رەوتی گۆڕان سەیر دەکەن هیچ نەگۆڕاوە و ناگۆڕێت، بێگوومان ساردبوونەوە و خاوبوونەوە روویداوە، هەر بەم هۆیەوە بەشێکیان گەڕاونەتەوە بۆ نێو ریزەکانی حزبەکەی خۆیان، ئەمەش راگەیاندنی یەکێتی پێیدەڵێت گەڕانەوە بۆ ماڵەکەی گەورەکەی یەکێتی. لەلایەکی ترەوە تۆ سەیری ئەو هەموو دروشمە بکە گۆڕان بەرزی دەکاتەوە و ناتوانێت هیچیان بهێنێتە دی، لانیکەم بۆئەوەی بەشێک لەو دروشم و بەڵێنانەی بە جەماوەر و دەنگدەرانی دابوو، جێبەجێ بکات، پێویستی دەکرد بایکۆتی حکومەتی نەکردبا بەڵکو هیچ نەبوایە لە رێی ئیدارەدانی چەند وەزارەتێکە ئیسپاتی بکردبایە ئەو نموونەیەکی جیا و نوێی حکومڕانی پێیە و دەتوانێت ئەو قاڵبە تەقلیدیی و سواوەی پێشوو تێپەڕێنێت. ئاخر کابانێکی ماڵ وەعدی مووچەی پێ دراوە و ئێستا هیچ دیار نییە دەکەوێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ خۆی چوونکە باوەڕی بەو دروشمە کردووە کە ئێستا نەک گۆڕان هەوڵی بۆ نادات بەڵکو ئەسڵەن هەر خۆیشی ناکات بە خاوەنی.

وەکو خۆم لەو باوەڕەدام ناتەبایی دروشمەکانی گۆڕان و زەمینەی واقیعیی کۆمەڵگەی کوردستان وەهای کرد وردە وردە هیواکان بە بزووتنەوەی گۆڕان بەرەو کاڵبوونەوەیەکی زۆر برۆن، تا ئەو ئەندازەیەی لە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا دروشمەکان نەیانتوانی نفوز و جەماوەری گۆڕان پەرە پێبدەن، بە بەڵگەی ئەوەی جەماوەری گۆڕان لە بری زیادبوون رووی لە کەمکردنەوە کردووە، پاشان خەڵک ئەوە دەبینێت گۆڕان هێشتا ناتوانێت مووچە و لانیکەمی ژیان بۆ هەموو ئەو کادر و هەڵسوڕاوانە دابین بکات بەهۆی لایەنگرییانەوە لە گۆڕان تووشی نان بڕین و مووچە

بڕین بوونەتەوە، ئیدی گۆڕان چۆن دەتوانێت ژیانی خەڵکی بەشێوەیەکی گشتیی بەرەو باش و باشتر ببات؟، بۆیەکا ئەم فاکتەرە کە کاریگەریی گرنگیی هەبوو لەسەر سایکۆلۆژیای تاکی دەنگدەر، سەرەنجام لە پاڵ هەموو فاکتەرەکانی تردا، ئەگەر گۆڕانی بەرەو دواوە نەبردێتەوە ئەوە بێگوومان لە جێگەی خۆی رایوەستاند، وەک لەسەرەوەشدا ئاماژەم بۆ کرد وەستان بۆ بزووتنەوەیەکی تازە دروستبووی وەک گۆڕان لە یەکێک لە رەهەند و ماناکانیدا پاشەکشە دەگەیەنێت، هەر پاشەکشەیەکیش لە وەختێکی وا ناسکدا بۆ بزووتنەوەیەکی ئاوا ساوا هێندەی نسکۆ و هەرەسێکی گەورە کاریگەریی و کارتێکردنی هەیە.

## لۆکاڵیبوون

یەکێک لە کێشە هەرە بەرچاوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان هەر لە سەرەتاشەوە پێوەی دیاربووە، حاڵەت و دیاردەی لۆکاڵیبوون بوو، لە باشترین حاڵەتدا سنووری رەخنە و چالاکیی گۆڕان لە سلێمانی و دەوروبەری و بە کزیی لە ناو هەولێردا بوو، بەپێچەوانەوە بە راددەی گرنگیدانی بە سلێمانی ناوچەکانی تری فەرامۆش کردبوو بە تایبەت ناوچە دابڕاوەکان بەڵکو هەر لە بنەماوە گووتارێکی روون و نەتەوەیی شێلگیرانەی لەمەڕ چارەنووس و دۆزی رەوای ئەو ناوچانە نەبوو، بۆیە گۆڕان بووە بزووتنەوەیەکی مەحەلی نەیدەتوانی سلێمانی و کولتووری سلێمانی تێبپەڕێنێت. گۆڕان هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا هەوڵیداوە سلێمانی وەک مەڵبەندی سەرەکیی یەکێتی لە چنگ ئەو حزبە دەربهێنێت، بەو ئامانجەی هەمان سیناریۆ بەسەر یەکێتیدا دووبارە بکاتەوە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی بەسەر باڵی بارزانیدا هێنای لە ساڵی ١٩٦٤، کە ئەوە بوو سلێمانی بەشێوەیەک رووی لەپارتی وەرگێڕا تا ئێستاش نەیتوانیوە ببێتەوە بەو پارتییەی پێشوو. گۆڕان ویستی بەسوود وەرگرتن لەو رۆحە یاخیگەرییەی لە شارەکەدا هەیە، سلێمانی لە زۆنی سەوزەوە بکاتە زۆنی نیلی، ئەم گرنگیدانە و تەنیا مانەوەیە لە سنووری سلێمانیدا لە سەرێکی ترەوە زیانی پێگەیاند و گۆڕانی کردە بزووتنەوەیەکی تەواو لۆکاڵی و بچووکی شارێکی دیاریکراو.

لەلایەکی ترەوە گۆڕان بە سیاسەتی تەنیا داپڵۆسینی یەکێتی و ئیدارەی یەکێتی لە رێی میدیاکانی خۆی و میدیا سێبەرەکانییەوە، وای کرد کەمتر گۆڕان وەک نەیاری پارتی دیموکراتی کوردستان بێتە پێش چاو، ئەمەش دیسان فاکتەرێکی

تری بچووکبوونەوە و لۆکاڵیبوونەوەی گۆڕان بوو، هەر بۆیە لەم هەڵبژاردنەدا بەپێچەوانەوەی پێشبینییەکانەوە جارێکی دیکە ئیسلامییەکان توانیان وەک ئەڵتەرناتیڤ و ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێزی دەسەڵاتی کوردیی رۆڵ پەیدا بکەنەوە، ئەگەر رێژەی دەنگەکانی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ بەراوورد بکەین بە هەڵبژاردنی پێشوو کە هاوپەیمانییەکی چوار حزبییان هەبوو، بەلای کەمەوە دوو ئەوەندە و بگرە زیاتریشە، ئەمەش وەک لە سەرەوە وتمان تەفسیری دوو حاڵەت دەکات، یەکەمیان رۆڵ پەیداکردنەوەی ئیسلامییەکان وەک بەدیلی سەرەکیی دوو حزبە گەورەکە. دووەم، گەڕانەوەی دەنگی ئەو ئیسلامییانەی ئومێدیان بە گۆڕان هەبوو وەک ئەڵتەرناتیڤێکی نوێ بۆ کیسەی حزبە ئیسلامییەکان.

بە کورتییەکەی کێشەی لۆکاڵیبوونی بزووتنەوەی گۆڕان و خۆبەستنەوە بە شارێکی دیاریکراوەوە و رەخنەگرتن تەنیا لە یەک حزبی دیاریکراو، جیا لەوەی ئیسلامییەکان سوودیان لێ وەرگرت، دیسان بە سوودی لایەنەکانی دەسەڵات شکایەوە و بەو هۆیەوە توانییان بەرەکە لە ژێر پێی گۆڕان دەربهێنن و بۆ دەورەیەکی تر وەک هێزی سەرەکیی بمێننەوە، لەمەشیاندا پارتی سوودمەندی یەکەم بوو، یەکێتیش بە پلەیەکی تر سوودمەندە. بۆیەکا ئەگەر گۆڕان ئاوها وەک بزووتنەوەیەکی بچووک و مەحەلی یەک شار بمێنێتەوە نەک چاوەڕوانی سەرکەوتنی زیاتری لێ ناکرێت بەڵکو دەبێت خۆی بۆ بچووکبوونەوە و شکستی زیاتر ئامادە بکا. ئەمەش گرەوێکی قورسە و رەنگە هەروا بەو خێراییە سەرکردەکانی گۆڕان نەتوانن بزووتنەوەکەیان بکەنە بزووتنەوەیەکی گشتگیر و سەرتاسەریی کوردستانی، چوونکە لە هەندێ لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا بە رادەیەک شکستیان هێناوە زەحمەتە هەروا بە ئاسانی هەستنەوە. بە جیا لە هەموو ئەمانەیش کێشەی سەرەکی ئەم وەزعە، بەشێکی خودی کاک نەوشیروانە کە خاوەنی نەزعەیەکی شارچێتی و سلێمانچێتییە، بۆیەکا ناتوانێت هەروا بەئاسانی خۆی لەو نەزعەیە قووتار بکات و لە یەک کاتدا ببێتە سەرکردەیەکی گشتگیری کوردستانی. «تەنانەت ئەو نوکتە و سووکایەتییانەی لە بارەی کاک نەوشیروان باس دەکرێ دەرهەق بە خەڵکی ناوچەکانی تری کوردستان رەنگە جۆرێک لە راستییان تێدا بێ»، هەر بەم بۆنەیەوە ئاسان نییە ئەو نەزعە نیو سەدەییە بە چەند رۆژ و مانگێک واز لێ بهێنێت.

## هەڵە گەورەکان

بزووتنەوەی گۆڕان لەماوەی کەمتر لە یەک ساڵدا کۆمەڵێک هەڵەی زۆر گەورەی کردووە و هەم زیانی گەورەی پێ گەیاندوون لە رووی گەشەی جەماوەرییەوە، هەم بۆتە لەکە و پەڵەیەک بە نێوچەوانییەوە کە تا ماوەیەکی درێژ نەیارەکانی دەتوانن سوودی لێوەربگرن و لە دژیان وەک خاڵی لاوازیان بەکاریبهێنن، گەرچی هەڵەکان زۆر زۆرن بەڵام ئێمە لێرەدا چوار لە گرنگترین ئەو خاڵانە دەستنیشان دەکەین:

یەکەم: دانیشتن لەگەڵ حەدبا: ئەگەرچی هاوپەیمانی و دۆستایەتی و پەیوەندیی ئاسایی هێز و لایەنە سیاسییەکان کارێکی ئاساییە، بەڵام بۆ دۆخی ئێستای کوردستان کۆبوونەوە و لێک نزیکبوونەوەی گۆڕان و هێزێکی شۆڤێنی وەک حەدبا نەک کارێکی ئاسایی نییە، بەڵکو بەهەموو پێوەر و پێودانگێک ناڕەوایە و هیچ شەرعیەتێکی سیاسیی نییە و جۆرێکە لە ئیستفزازکردن بە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی جەماوەری گەلی کوردستان بە گشتیی و دانیشتوانی کوردی شاری موسڵ و دەوروبەری بە تایبەتی. لە نزیکەوە ئەوەشمان بینی میدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە میانەی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا سوودێکی زۆری لەو چاوپێکەوتن و دانیشتنەی نوێنەری گۆڕان لەگەڵ ئەسیل نوجێفی پارێزگاری موسڵ و یەکێک لە توندڕەوترین کەسەکانی ناو حەدبا وەرگرت و لە رێی بەردەوام نیشاندانی ئەو چاوپێکەوتنەوە نفوزی گۆڕانی بەشێوەیەکی گشتیی هێنایە خوارەوە و دەتوانم بڵێم شکستی گۆڕان لە موسڵ و دەوروبەری قەرزاری ئەو چاوپێکەوتنە بوو. من لەو باوەڕەدام ئەو چاوپێکەوتنە زوو بوو، یان دەکرا لە بنەماوە گۆڕان هیچ چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ نوێنەری هێزێکی شۆڤێنی وەک حەدبادا نەبووایە بە تایبەت حەدبا کێشەی زۆری لەگەڵ نەتەوەی کورد دروستکردبوو لەو پارێزگایەدا.

دووەم: بە میلیشیا چوواندنی هێزی پێشمەرگە: عەدنان عوسمان ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لە میانەی نووسینێکدا هێزی پێشمەرگەی کوردستانی بە میلیشیا چوواندبوو، دوا بە دوای ئەویش لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی «کەی ئێن ئێن» هەر یەک لە حاکم «شێخ لەتیف» کاندیدی گۆڕان لە سلێمانی و «ئاراس وەلی» هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان بەوپەڕی بێباکی و سووربوونەوە هەمان بۆچوونی «عەدنان عوسمان»یان دووبارە کردەوە، تەنانەت حاکم شێخ لەتیف ئەوەشی بۆ زیاد کرد گەر ئەو هەڵوێست و دەربڕینەی ئەو لەگەڵ دەربڕینی

بەعسییەکانیشدا یەک بگریتەوە ئەوا ئەو بێ منەتە. من نامەوێت لێرەدا باسی جوامێریی و قارەمانێتی هێزی پێشمەرگە بکەم، هەروەک کاری من نییە بڵێم میلیشیایە یان نا، تەنیا ئەوەندە نەبێت لەسەر ئاستی میللی و جەماوەریی ئەم هەڵوێستە زیانی زۆری بە گۆڕان گەیاند، بە تایبەت وەختەکە هاوکات بوو لەگەڵ پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، «یەکێتی»ش زیرەکانە ئەم هەلەی بۆ سوودی خۆی و بۆ لێدان لە پێگەی جەماوەریی گۆڕان قۆستەوە و توانی سەرکەوتووانە قاچی گۆڕان بخزێنێتە ناو گەمەیەکەوە کە بێگوومان یەکێتی بە سەرکەوتوویی و گۆڕان بە شکستخواردوویی لێی هاتە دەرەوە.

سێیەم: رەخنەی تاکەکەسی: رەخنەی سیاسیی و ئاشکراکردنی هەندێک بەڵگەنامەی نهێنی گەندەڵیی و ئیختیلاس توانیان سۆزی جەماوەری کوردستان بۆ گۆڕان رابکێشن، ئەو زمانە رەخنەییەی میدیای گۆڕان و میدیا سێبەرەکانی لە بەرامبەر دەسەڵات بەکاریان دەهێنا، لەگەڵ سۆز و هەست و تێگەیشتنی سادەی هاووڵاتیانی کوردستاندا هارمۆنی و گونجاو بوو، بۆیەکا لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەیەکی بێشوومار لە نارازییانی دەسەڵاتی سیاسیی کە پشکی شێریان گەنجان بوون بە تامەزرۆییەوە لە دەوری گووتاری سیاسیی گۆڕان کۆبوونەوە و بگرە بوونە داینەمۆی بەردەوامیی و گەشەی گۆڕان، بەڵام وەختێک ئەم رەخنانە لە رەخنەی گشتییەوە بوونە رەخنەی تاکەکەسی بە مەبەستی بێ بەهاکردنی چەند کەسایەتییەکی دیاریکراو، جەماوەر تووشی جۆرێک لە سڵەمینەوە بوون لە گۆڕان و بەشێکیان بەم هۆیەوە تووشی بێزاریی و شۆکی سیاسیی بوون، تا ئەو ئەندازەیەی دەوترا هەموو رەخنە سیاسییەکانیش تەنیا بۆ شکاندنی چەند کەسایەتییەکی دیاریکراوی ناو یەکێتییە. بۆیە ئەمەش بەنۆرەی خۆی رۆڵی هەبوو لە پاشەکشەی گۆڕان لە سەروەختی هەڵبژاردندا.

چوارەم: خۆپارێزیی لە پارتی: دوای هەڵبژاردنی بیست و پێنجی تەممووزی ساڵی رابردوو، بە روونی دەبینرێ بزووتنەوەی گۆڕان و میدیاکانی سەر بە ئەو، بە تەواوەتی بێدەنگن لە بەرامبەر پارتی و بە هەموو شێوەیەک جۆرێ لە سیاسەتی خۆپارێزیی لە بەرامبەر پارتی پێڕەو دەکەن، بە ئەندازەیەک بە درێژایی هەشت بۆ نۆ مانگی رابردوو هیچ رەخنەیەکی گۆڕان نەبینراوە لە پارتی و شێوازی ئیدارەدان لە سنووری پارتیدا، تەنانەت وەک ئەوەی یەک تاکە گەندەڵیی لە کابینەکانی حکومەتی پارتیدا نەبووبێت یەک رەخنەیان لەو بارەیەوە نەگرتووە، ئەمەش جۆرێک لە تووڕەیی لە لای بەشێک

لەلایەنگرانی گۆڕان دروست کردووە، ئەمە بێجگە لەوەی ژمارەیەکی بێشوماری خەڵک بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی خۆپارێزیی لە پارتی و تەنانەت هەوڵدان بۆ ڕێککەوتنی ژێراوژێر لەگەڵ پارتی لەوە ساردبوونەوە دەنگی خۆیان بدەن بە گۆڕان. تەنانەت لە هەڵبژاردنی رابردوودا بەشێک لە لایەنگرانی یەکێتی بەهۆی هەبوونی ڕێککەوتنی ستراتیژیی لەگەڵ پارتی و سازشکردنی زۆر بۆ بنەماڵەی بارزانی و سەر نەوینەکردنی سەرکردەکانی گۆڕان بۆ پارتی، بەوپەڕی بڕوا بەخۆبوونەوە دەنگیان بە گۆڕان دا، بەڵام ئەم جارەیان بە پێچەوانەوە بەشێک لە بنکەی جەماوەریی گۆڕان بەهۆی سیاسەتی سازش و خۆپارێزیی لە بەرامبەر پارتی، دەنگیان بە ڕەقیبەکەی گۆڕاندا کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە. بۆیەکا ئێستا گۆڕان هێزێکی شکستخواردووە یان ئەوەتا خۆی لەم شکستە دەرباز دەکات و بە خۆیدا دەچێتەوە، یان دوو ڕێگای سەرەکیی لە بەردەمدا دەمێنێتەوە، ئەویش یان گەڕانەوە بۆ ناو یەکێتی یاخۆ لە ناوچوون و دیارنەمانی ڕۆڵ و سەنگ و قورساییەتی لە مەیدانی سیاسیی باشووری کوردستاندا.

ئێستا دوای ئەو هەڵانەی گۆڕان کردنی و بوونە هۆی پاشەکشە و جۆرێکیش لە شکست بۆی، پرسیاری جیددی ئەوەیە: ئایا بزووتنەوەی گۆڕان بەرەو پاشەکشەی زیاتر یان گەشانەوەی پتر دەڕوات؟. ئەگەرچی لەوانەیە زوو بێت ئێمە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، بەڵام نکۆڵی لەوەش ناکەین، ئەگەر سیاسەتی گۆڕان هەر بەم شێوەیەی ئێستا هەیە بڕواتە پێشەوە و لەسەر هەڵە زەقەکانی بەردەوام بێت و دەرس لە ئەزموونی شکستی حەوتی ئازار وەرنەگرێت، ئەوە دووچاری شکستی زیاتر دەبێتەوە و هەڵوەشاندنەوە و لە ناوچوونی نابێتە کاری موستەحیل، بە پێچەوانەشەوە گەڕانەوە بۆ سیاسەتێکی ڕوون و ڕاستەقینە و دیاریکردنی ناسنامەی بزووتنەوەکە و هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کراون، هەرچی زیاتر بزووتنەوەکە بەرەو پێشەوە دەبات، بەڵام لە هەمووشیان گرنگتر ئەوەیە گۆڕان پەیوەندیی خۆی لەگەڵ یەکێتی ئاسایی بکاتەوە و بە چاوی دوژمن و نەیارەوە کە دەیەوێ تەسفیە حیساب بکات، مامەڵەی لەگەڵدا نەکات، ئەمە بەبێ ئەوەی هیچ سازشێک لە سیاسەتی ڕەخنەگرانەی خۆی بکات وەک هێزێکی بەرجەستە و دیاری ئۆپۆزیسیۆن لە باشووری کوردستاندا.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٣»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە.

# ئاناتۆمی مەرگی نەوشیروان مستەفا

## مەرگی دوا قارەمان و لە دایکبوونێکی کاریزماتیک

قسەکردن لەسەر مەرگی ئەکتەرێکی سیاسیی وەک کاک نەوشیروان، بابەتێکی هێند ئاسان نییە، چوونکە بەدەر لەو لاواندنەوە و شیعرە ئاست نزمانەی بارگاوین بە فەرهەنگی ساناتۆسیی کۆمەڵگەی ئێمە، پێویستمان بە زمانێکی زانستیی سایکۆپۆلەتیکی هەیە بۆ ناساندنی کارەکتەری نەوشیروان مستەفا کە بەرئەنجامی توێژینەوە و روئیایەکی بێلایەنانە بێت و دوور بێت لە روانینی نەفرەتئامێزانە یان لاواندنەوە. وەک خۆم چاوەڕێم کرد تاکو شەپۆلی سۆزم دادەمرکێتەوە، چوونکە زمانی عاتیفە بۆ شیعر نووسین دەشێ، نەک بۆ لێکدانەوەی مەرگی کارەکتەرێکی گرنگی رامیاریی، لە راستیشدا کۆمەڵی کوردەواریی یەکێک لەو کۆمەڵگا تەقلیدییانەیە تەنیا دەتوانێت فرمێسک بڕژێت بۆ مردوو، ئەمەش زادەی ئەو مەرگدۆستییە بناغەی سیستمی کۆمەڵایەتی ئێمەی داڕشتووە، بە دەگمەن دەتوانین لۆجیک بەکاربهێنین بۆ هەڵسەنگاندنی پێگە و مێژووی هەر کەسایەتییەک، قسەکردنمان لە بارەی هەر مردوویەک، بارگاوییە بە زمانی شیعر و پەخشانی سادە، چوونکە وەک لە شوێنێکدا وتوومە شیعر زمانی ئەو کۆمەڵگایەنەیە هێشتا قۆناغی منداڵیان تێنەپەڕاندووە.

کەسایەتیی کاک نەوشیروان و ئەگەرەکانی دوای مەرگی ناوەختی، ئەرتیکڵێکی گرنگە بۆ توێژینەوەی سیاسیی، هەروەک چۆن ناساندنی کاراکتەری راستەقینەی کاک نەوشیروان دوور لە دزێوکردن و داتاشین بە هەردوو بارەکەدا، پێشمەرجێکی باشە بۆ ئەو کارە، بێ نیشاندانی پۆرتریێتی راستەقینەی کاکە نەوە هیچ کات ناتوانین باس لە پێگەی سیاسیی یان ئەگەرەکانی دوای مەرگی بکەین، بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لەم راستایەدا دیقەتی خوێنەر بۆ وێنایەکی تری رابکێشین کە دوورە

لەو سکێچەی یار و نەیارانی تا ئێستا کێشاویانە. هەوڵ دەدەین بە زمانێکی دوور لە گرژیی و شێواویی دەروونی چەند سەرەقەڵەمێک بخەینە روو.

*سەبارەت بە «خاکی»بوونی کاک نەوشیروان زۆر شت دەوترێ و وتراوە، لە راستیدا دیمەنەکە بەو جۆرە نییە تەنیا بە چاو بینیومانە. هیچ گوومانێک لەوەدا نییە کاکە نەوە وەک کۆی بەرپرسەکانی تر لاف و گەزافی نەبوو، دژی پیاهەڵدانی بوو، دژی بچووکبوونەوە بوو لە بەردەمیدا، بەڵام ئەمانە بەشێک بوون لە سایکۆلۆژییەتی کاک نەوشیروان نەک پرۆژەیەک بۆ کۆمەڵگە، واتە ئەم خەسڵەتانە جوانییەکی کەسێتی کاکە نەوە بوون نەک ئەوەی پرۆژەیەکی پێ بێت بۆ یەکسانی کۆمەڵایەتی، بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی ئابووری و رەگەزیی، ئەگەر قسەش لەسەر بەرنامەی گۆڕان بێت، لە چەندین لاوە دنیابینی ئەو جووڵانەوەیە بۆ دادی کۆمەڵایەتیی شیاوی رەخنە لێگرتنە، چوونکە گۆڕان داوای ریفۆرمی دەکرد نەک گۆڕینی رادیکاڵیی، گۆڕینی قووچەکی دەسەڵاتی سیاسیی جیاوازە لە گۆڕینی سیستمی سیاسیی، بە زمانێکی سادەتر بڵێین گۆڕان دەیەویست پارتی وەک رەمزی یەکەمی دەسەڵاتێکی گەندەڵ لەسەر کار و حکومڕانی لاببات، بەڵام ئەڵتەرناتیڤێکی ریشەیی پێ نەبوو، جگە لە خولانەوە لە ناو هەمان سیستمی پارتی کە سیستمێکی داخراوی شمولی بۆرجوازییە.

دەتوانم بڵێم کاک نەوشیروان ئەکتەرێک بوو داوای دادگەریی دەکرد لەناو هەمان سیستمی دەقگرتوودا نەک کاری بۆ دامەزراندنی سیستمێکی نوێتر کردبێ، هەموو ئەو دادەی داوای دەکرد ناتوانێت وەڵامێک بێت بۆ پێویستییە ژیارییەکانی مرۆڤی کورد لە سەدەی بیست و یەکەمدا، بەڵام بە بەراوورد بە دەسەڵاتی گەندەڵی ئێستا چەند هەنگاوێک بۆپێشەوە دەچەرخا، ئەمە ئەگەر ئەو گریمانەیەش لە بیر ببەینەوە چەند کارەکتەرێکی گەندەڵ رسی کاکە نەوەیان نەکردبایەتەوە بە خوری. بۆیە لە کورتترین پێناسەدا نەوشیروان مستەفا سەرکردەیەکی بۆرجوازیی بێ فیز بوو، رەنگە ئەم بێ فیزییەی جیا لە کاریگەریی بیری چەپڕەویی لەسەری، زادەی گرێی دەروونی بوو‌بێت، چوونکە زۆر خەسڵەتی سیکۆپات و کەسێتی ناکۆمەڵایەتی لە کاک نەوشیرواندا بە روونی دەبینرا، ئەمەش وای دەرخستووە کەسێکی سادەیە چوونکە بەهۆی مێژووە توندوتیژەکەیەوە کەس نەیوێراوە بەو چاوە تێی بڕوانێ خاکەڕاییەکەی بەرهەمی ئەو دەروونە سیکۆپاتییە بووە.

*کتێبەکانی کاک نەوشیروان هەموویان بەسەر رشتەی بیۆگرافی و نووسینەوەی مێژووی نزیکدا پۆلێن دەکرێن، بەڵام ناکرێ جگە لە کتێبی «کورد و عەجەم»ەکەی هیچ کام لە کتێبەکانی تری وەک سەرچاوەی ئەکادیمی مێژوونووسی سەیر بکەین، چوونکە کاکە نەوە لەسەر ستایلی هەندێ رۆژنامەوانی وەک جوناسان راندەڵ و کریس کۆچێرا تەقەلای نووسینەوەی مێژووی داوە، کە زیاتر زمانی جورنالیستیی تیایاندا زاڵە نەک زمانە ئەکادیمییەکە. زۆرینەی کتێبەکانی ساغکردنەوەی مێژووین بە تایبەت لە بواری مێژووی رۆژنامەوانی کوردیدا، برایانی ساڵح «رەفیق ساڵح و سدیق ساڵح» لەو رووەوە پتر لە کاک نەوشیروانیان کردووە و پرۆفیشناڵانەتر ئەو ساغکردنەوانەیان بە ئەنجام گەیاندووە. کاک نەوشیروان لە پوختەترین پێناسەیدا لە دەرەوەی کایەی سیاسیی، رۆژنامەوانێکی باش و نووسەرێکی سەرکەوتوو بووە، بەڵام ناکرێ پایەی بەرز بکەینەوە بۆ ئاستی بیریار، چوونکە هیچ تێزێکی تازەی فیکریی- سیاسیی تەرح نەکردووە لە دەرەوەی گووتاری فیکریی و سیاسیی باو یان هیچ تیۆرییەکی سیاسیی لە دەرەوەی تێرمی سیاسیی باو گەڵاڵە نەکردووە چ لە چوارچێوەی نووسینەکانی چ لە ژیانی پراکتیکی خۆیدا، تاکو گۆڕانخوازان لەسەر ئەو سترۆکتۆرە فکریی و ئایدیا نوێیاوە قەوارەی بزووتنەوەکە بپارێزن و بەردەوامی پێ بدەن، نەخاسمە رەنگی کۆمەڵگەی پێ برژن.

*خەتەرترین گووتار ئەو گووتارەیە بە ناوی «نەوشیروانیزم»ەوە خۆی تەرح کردووە، چوونکە ئەم گووتارە لەسەر تەقدیسکردنی کاک نەوشیروان راوەستاوە نەک لەسەر فیکری ئەو «تراژیدیاکەش لێرەیە شتێک لە ئارادا نییە بە روونی بە ناوی فیکری کاک نەوشیروان». هەر خودی کاکە نەوە زیاتر وەک سیاسییەکی مەیدانی و پراکتیکی کاری کردووە نەوەک تیۆریسیۆن، ئەمەش بە مانای بێ نرخکردنی کارەکتەرە رووناکبیرییەکەی ئەو نییە، هێندەی قسەکردنە لەسەر ناسینی وێنای راستەقینەی کاک نەوشیروان وەک تاکێک لە دەرەوەی هەر جۆرە نەیاریی یان تەرەفدارییەک، پێموایە کاکە نەوە خۆیشی نەیووتوە من بیریاری سیاسیم بەڵکو هەمیشە وەک سیاسەتمەدارێکی مەیدانی خۆی مانیفێست کردووە.

نموونەیەکم لایە رەنگە لەم رووەوە زۆرتر کۆمەکمان بکات، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ بوو، ئێمە گروپێکی هەشت کەسی نووسەران چووینەماڵەکەی خۆی لە گردی عەلی ناجی سلێمانی. کاکە نەوە رای ئێمەی گەرەک بوو، دەمەوێ ئەو گەواهییەش

بدەم هیچ سیاسییەک بە قەد کاکە نەوە گوێی بۆ رۆشنبیران نەگرتووە، من جگە لە ئاپۆ لەگەڵ لوتکەی تێکڕای حزبەکان و هەموو سەرکردە سیاسییەکانی کورد لەهەر چوار پارچەکە دیدارم بووە، بەڵام هیچ کەس وەک نەوشیروان مستەفا حسابی بۆ روانینی رۆشنبیران نەکردووە و لە بایەخی ئیشی رۆژنامەوانیش تێنەگەیشتووە. لەو دیدارەدا یەکێک لە نووسەرە ناسراوەکان باسی کتێبی «کورد و عەجەم»ەکەی کاکە نەوەی کرد و بە زمانی ستایش و پیاهەڵدانەوە وتی ئێمە دەمانەوێ بۆت چاپ بکەینەوە، کاک نەوشیروان وتی مامۆستا فلان من هەموو دەزگاکانی یەکێتی لە بەردەستمە و کتێب بۆ گەنجێکی وەک ستیڤان چاپ بکەن، دوای ئەوەش کتێبەکەی من هەمووی قسەی قۆڕە و شتێکی وای تیا نییە تۆ ئەو هەمووە پیایدا هەڵبدەیت.

*من بیرمە ساڵی ١٩٩٩ لە تەوەرێکی گۆڤاری نڤار «کازیوە ساڵح سەرنووسەری ئەو گۆڤارە بوو» لە هەمبەر گلۆبالیزەیشن کاک نەوشیروانیش بەشداریی پێکرابوو بۆ شرۆڤەی جیهانگیریی، هیچ قسەیەکی تازە یان تێزێکی نەوتراو لە وەڵامەکانیدا نەبوو، زیاتر لە دیوە سیاسییەکەی ئەو دیاردەیە دوابوو نەوەک لە دەلالەتە فیکریی و فەلسەفییەکانی، ئەم سەمپڵە دەریدەخات کاک نەوشیروان سەبارەت بە هەندێ پرسی تایبەتی ئابووری و ئیدارە روانگەی جیاوازتری هەبووە لە سیاسەتی سائید وەکووتر پڕۆژە و ئەڵتەرناتیڤی فکریی هەمەلایەنەی پێ نەبووە بۆ کۆمەڵگە تاکو بڵێین ئەمانەن هێڵە فکرییەکانی کاک نەوشیروان، بەڵام دەکرێ بە کەسێکی وەک مەسعود محەمەد بووترێ بیریار چوونکە ئەو گووتاری بیری نەتەوایەتیی بەشێوەیەکی هاوچەرخ داڕشتەوە کە دەکرێ پێی بڵێین ئایدۆلۆگی کوردایەتی، یان کەسێکی وەک مەنسوور حیکمەت بە فۆرمۆڵەکردنی کۆمۆنیستی کرێکاریی «سەرباری لەنگی و سەقەتییەکانی» توانی مۆدیل و خوێندنەوەیەکی تر لە کۆمۆنیزم بکاتە پرنسیپی حزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاریی، ئێستاش ئاپۆ لە زیندانەوە سەرقاڵی هەمان پڕۆژەیە، لێ رەهەندی ئیجابی و سەلبی پڕۆژەکە جێی مەبەستی ئێمە نییە لێرەدا، بەڵام گەڵاڵەیەکی فیکرییە نەک بۆ پەکەکە بەڵکو بۆ گەلانی ناوچەکەش، کەچی کاک نەوشیروان بەهەر هۆیەک بێ ئەمەی نەکردووە، بۆیەکا ناتوانین شتێک بە ناوی فۆرمۆڵەی سیاسیی یان فیکریی ئەوەوە دابتاشین، هەر هەوڵێک بەم ئاقارەدا رۆنانێکە لەسەر لم.

*کاک نەوشیروان ساڵانێکی درێژ سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەران بووە کە

کۆمەڵەیەکی مارکسی لینینیست بوو، پاشتر لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێت بۆ یەک ڕۆژیش کۆمۆنیست نەبووە!! ئەمە ڕاستگۆییە لە گێڕانەوەدا، چوونکە لەسەر ڕاسپاردەی مام جەلال و بۆ پاراستنی کۆمەڵە و ڕێگەگرتن لە دابەشبوونی ئەو ڕێکخراوە لە دوای شەهیدبوونی سکرتێرە کارامەکەی «شەهید ئارام» جڵەوی کۆمەڵەی گرتە ئەستۆ و لە کۆتایشدا لە بۆتەی جەلالیزمدا تواندییەوە. جیا لەمەش کاک نەوشیروان ڕوانگەیەکی کۆنزەرڤاتیڤانەی هەبوو لە هەمبەر پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان و مافەکانی ژندا، هەر لەسەر فەرمانی ئەو سەدان ژن کوژران بە ناوی پاککردنەوەی شار لە «بەرەڵاکان» لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ەوە، جیا لەمەش نەزعەیەکی قووڵی ناوچەگەریی هەبوو کە ئەویش زادەی بیرکردنەوەی قۆناغی فیودالیزمە، لەگەڵ هەموو ئەمانەش هیچ کات ڕازی نەبووە بە دەوڵەتی تیۆکراتی یان ئیسلامی، بەڵکو تەنیا کەسێکی موسڵمان بووە بەبێ بە جێگەیاندنی ئەرکە ئاینییەکان. ڕۆژێک بەتایبەت بۆی باس کردم، هیچ کات بێباوەڕ نەبووە بەرانبەر بە خودا، بەڵکو هەمیشە خۆی بە موسڵمان زانیوە و دەزانێ.

ئەگەریش ورد ببینەوە لە دروشمەکانی بزووتنەوەی گۆڕان کە بیرۆکەی هەموویان لە مێشکی کاک نەوشیروانەوە هاتووە، مۆزایکێکە لە ئایدیا هەمەچەشنەکان، بۆ وێنا دادی کۆمەڵایەتی و بیمەکان و ڕیفۆرمە ئابوورییەکان لە ڕۆحی سۆسیالیزمەوە وەرگیرابوون، بەڵام داواکردنی سیستمی پەرلەمانی و فرەیی سیاسیی و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە گەوهەری دیموکراسی لیبرالییە، کەواتە دەتوانین بڵێین ئاگاهانە بووبێت یان نا ئاگاهانە لە کۆتاییەکانی تەمەندا کاک نەوشیروان وەک کەسایەتییەکی سوسیال دیموکرات دێتەوە نێو شانۆی سیاسیی نەک وەک ئەکتەرێکی ئیسلامی یان چەپڕەو، بەڵام مەرجیش نەبوو ئەگەر بگەیشتبایە دەسەڵات ئەو دروشمانەی جێبەجێ بکردبایە، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی گووتاری سۆسیال دیموکرات لە ئەورووپاش سواوە و بۆتە بەشێک لە دنیابینی کۆنەپەرستانەی سیاسەت. دۆڕانی سۆسیال دیموکراتی سوێد بەرانبەر بە مودێرات دوا بزمار بوو لە تابووتی سۆسیال دیموکراتەکان درا.

*مەرگی کاک نەوشیروان لە ١٩-٥-٢٠١٧ بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٥ بەو پێیەی گۆڕەپانی سیاسیی بۆ هەمیشە جێهێشت. ڕووداوی خێرا و نەخوازراوی زۆر لە شانۆی سیاسیی کوردستاندا هاتنە ئارا، گرنگترینیان پەکخستنی

پەرلەمان و دیپۆرتی پەرلەمانتار و وەزیرەکانی گۆڕان بوو بۆ ئەودیو دیگەڵە. کاک نەوشیروان بە زەمەنی بەرزەخی خۆیدا تێدەپەڕی و بە یەک دێڕیش هەڵوێستی خۆی لەسەر ئەو ڕووداوانە ڕوون نەکردەوە، کەواتە مەرگی ڕاستەقینەی کاکە نەوە لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٥دا بوو نەک لە مایۆی ٢٠١٧.

شاردنەوەی نەخۆشییەکەی، جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، نەک لەبەرئەوەی سەرکردەی پرۆیسترۆیکا و گلاستنۆسی کوردیی نەخۆشییەکەی بە ناشەفافی هێشتەوە، بەڵکو شاردنەوەی نەخۆشییەکە بۆ ئامانجێکی سیاسیی بوو، تاکو ریزەکانی بزووتنەوەی لە لیکترازان و دڵەڕاوکێ بپارێزێ، بەڵام مەرگە فیزیکییەی دەرگا دەکاتەوە بۆ قووتبوونەوەی جیاوازییەکان، چوونکە گۆڕان کۆکتێلێکە لە مەیل و ئاڕاستەی دژ بە یەک، ئەمن ڕووبەڕوو بە کاک نەوشیروانم وت گۆڕان هێزێکی بێ ناسنامەیە، هیچ هێزێک نییە هێندەی گۆڕان بێ ناسنامە، ئەمێستا قەیرانی سەرکردایەتیشی بۆ زیادبووە، لەوانەیە ئەم دوو فاکتۆرە ڕۆڵ بگێڕن لە کورتکردنەوەی تەمەنی گۆڕان، واز لەو عاتیفە هەڵچووە بهێنن لە ئاستی میللی و جەماوەرییدا بۆ مەرگی کاک نەوشیروان دروستبووە، پێشهاتەکانی ئایندە دەریدەخات کە گۆڕان بەرەو ئاسۆیەکی تاریک دەڕوات و جەماوەریش وەک گۆستاف لۆبۆن شی دەکاتەوە جێی متمانە نییە و سروشتێکی سۆزانیانەی هەیە.

*کاک نەوشیروان ٥٦ ساڵی تەمەنی لە سیاسەتدا خەرج کرد، یەکێک بوو لەو سەرکردانەی لە دەرەوەی پاڵپشتە خێڵەکی و پێگەی خانەوادەیی توانی بگاتە ئاستێکی باڵای سیاسیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاکە نەوە تەنیا یەکێک لە سەرکردەکانی قۆناغێکی دیاریکراوی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕیی کوردە، بە مانایەکی تر زەمەنی ژیانی سیاسیی ئەو دەکەوێتە قۆناغێکەوە کە ماڵی کورد دابەش بووە و کۆک نین لەسەر یەک سەرکردەی سیاسیی. بە مردنی مستەفا بارزانی کۆتایی هات بە سەرۆک یان ڕابەری میللی و نەتەوەیی، دوای ئەو هەرچی سەرکردەی ترە تەنیا توانیویانە سەرکردەی پارتەکانیان بن. لەم سۆنگەوە گەڕانەوەی کاک نەوشیروان لە دانوبەوە بۆ ناوزەنگ سەرەتای دروستبوونی وێنای قارەمانێکە کە تاکو مەرگی ئەو وێنەیە وەک خۆی مایەوە، ئەگەرچی کاکە نەوە کەسی یەکەمی نێو حزبەکەی خۆیشی نەبوو، بەڵام بەهۆی تەواجودی زیاتری لەنێو شۆڕش توانی لە خەیاڵدانی بەشێکی فراوانی خەڵک وەک قارەمان خۆی بچەسپێنێت. لە دروستکردنی گۆڕاندا

ئەوەی یارمەتی دا ئەو خەڵکە بێشوومارە لە دەوری ئاڵا نیلییەکەی کۆ بکاتەوە، ئەو وێنایە بوو چارەگە سەدەیەک بوو لە مێشکی زۆرینەیەکدا دروست ببوو.

روونتر قسە بکەین، نەوشیروان مستەفا ئەگەرچی لە سەرەتای گۆڕانەوە تا مردن، شتێکی زیاتر نیشان نەدا جگە لە کەسێکی ریفۆرمیست و سەندیکالیست، بەڵام ئەو پاشخانە شۆڕشگێڕییە وای لیکرد بە زوویی خەڵکێکی بێشوومار لە چوار دەوری حزبە نوێیەکەی کۆ ببنەوە، چوونکە بە تێڕوانینی ئەو خەڵکە سادەیە ئەوەی دەیتوانی کۆتایی بە جەور و گەندەڵیی پارتی و یەکێتی بهێنێت، کەسایەتییەکی وەک نەوشیروان مستەفایە کە لە پشتییەوە مێژووییەکی شۆڕشگێڕانەی پڕ لە توندوتیژیی وەستاوە، بەڵام جارێک خودی کاک نەوشیروان پێی وتم: من ناتوانم بنەماڵەی بارزانی بڕوخێنم، قۆناغی شۆڕشیش بەسەرچووە!!، بەڵکو دەمانەوێ لە دەسەڵاتیان کەم بکەینەوە، بەو پێیەی مۆنۆپۆڵی هەرسێ دەسەڵاتەکەیان کردووە «دەسەڵاتی سیاسیی و دەسەڵاتی ئابووری و دەسەڵاتی سەربازیی و ئەمنیی».

*بەراوردکردنی گاندی یان چێ.گیڤارا لەگەڵ کاک نەوشیروان، ئەوپەڕی ساویلکەیی و دیماگۆگییەتە، ئاخر گاندی لە لەندەنەوە دەستیپێکرد کاتێک لەوێ کاری پارێزەرایەتی دەکرد، بەڵام کاک نەوشیروان لە لەندەن ژیانی سیاسیی کۆتایی پێهات. گاندی شۆڕشی سپی «ناتوندوتیژیی» بەرپاکرد و نزیکەی یەک ملیار هیندیی لە دەستی ئیمپریالیزمی ئینگلیزیی رزگار کرد، بەڵام کاک نەوشیروان شۆڕشی پارتیزانانە و زەبروزەنگی بە رێبەریی مام جەلال دەستپێکرد، قەدەریشی وابوو نە کوردستانی پێ رزگار کرا وەک ئەوەی بە کەسی تریش نەکراوە، نە توانی خەونەکەی تاقی پیریی بەدیبهێنێت کە گۆڕینی دەسەڵات و قووچەکی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان بوو. هەرچی گیڤاراشە شۆڕشگێڕێکی ئەنتەرناسیۆنالیستیی هزر کۆمۆنیست بوو، بەڵام لە باشترین حاڵەتدا کاک نەوشیروان ریفۆرمیستێکی ناسیۆنالیست بوو، گیڤارا بڕوای بە خەباتێکی نێونەتەوەیی هەبوو دژی بندەستی گەلان، بەڵام کاک نەوشیروان یەکێک لە سەرکردە لۆکاڵییەکانی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد بوو. باشتر وایە وەک خۆی و بە وێنای راستەقینەی خۆی کاک نەوشیروان هەڵبسەنگێنین، نەک وێنای وەهمی و مزەوەری بۆ دابتاشین و بە کەتافییەکەی خۆیەوە ببینین واقیعیترە نەک بێرییەکەی گیڤارای بخەینە سەر.

*ئێستاکە گۆڕان لە بری بیرکردنەوە لە پڕکردنەوەی کەلێنی کاک نەوشیروان

و روونکردنەوەی گووتاری خۆی لەم قۆناغە نوێیەدا، هەموو هێزی خۆی وەگەڕخستووە بۆ بە کاریزماکردنی کاکە نەوە، هەر شێوازی چوونی خەڵک و ناونانی گڵکۆکەی بە «مەزار» داتاشینێکە بەرهەمی عەقڵی کلاسیکی بزووتنەوەی کوردایەتییە و ئیقتابسێکی نێگەتیڤیشە لە کولتووری پاتریاکیی پارتییەوە. خولاسە کاکە نەوە قارەمانی قۆناغێک بوو نەک پاڵەوانی هەموو قۆناغەکان، ئەگەرچی ژیانی سیاسیی ئەو جێگەی رەخنە لێگرتنە، بەڵام مەرگی کردی بە کاریزمایەک، کە گۆڕان دەتوانێ سوود لەم کاریزمایە وەربگرێ بۆ پاراستنی خۆی، بەڵام چیتر ناتوانێ خۆی وەک باڵی مودێرنی سیاسەتی کوردیی پێناسە بکات، بەڵکو بەوکارە دەکەوێتە بەرەی کۆنسەرڤاتیزمی کۆمەڵگەوە کە پارتی لە لوتکەکەیدا وەستاوە و گۆڕانیش دێتە دامێنی.

ئەڵمانیا- بیلەفێڵد

نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

٢٠١٧-٥-٢٥

# نامەیەکی کراوە
# بۆ بەڕێز کاک نەوشیروان مستەفا

## بێدەنگی بشێنە چوونکە شەقام چاوی لە تۆیە

دوای سڵاو و ڕێزی تایبەتم

بەڕێزم کاک نەوشیروان، من وەک تۆ لە ڕووی سیاسییەوە وشکم و ڕووگیری کەس نابم. بۆیە ئەم نامەیەت بە سروشتی خۆم بۆ دەنووسم کە دڵخوازی تۆشە. من یەکێک لەو گەنجانە بووم لە سەرەتای هاتنە دەرەوەت لە یەکێتی کارمان لەگەڵ کردیت، لەبەرئەوەنا جەنابت ئیمتیازاتت دەبەخشییەوە تەنانەت وێری جگەرەیەکیشت نەکردین، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەزموونی حکومداریی لە کوردستان پێویستی بە هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی لیبرال و دیموکراتخواز هەبوو، هەرچەند لیبرالیزم و دیموکراسی لە ڕوانگەی کۆمۆنیستێکی وەک منەوە دوا ڕێگاچارە نییە، بەڵام هەنگاوێکە بۆپێشەوە سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردیی. دواتر ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی لە گردی زەرگەتە هاتە بەرهەم ئەو ئۆپۆزیسیۆنە نەبوو بتوانێ ڕوانگەی دیموکراسی چەند هەنگاو بباتە پێشەوە بە پێچەوانەوە جۆرێک بوو لە ئەنارکیزم، ئەنارکیزمێکی کوێرانە و نێگەتیڤیش، چوونکە ئاشکرایە ئەنارکیزم دیوی پۆزەتیڤی زۆری هەیە بە تایبەت لە ڕەهەندی فیکرییەوە.

بە هەرحاڵ بیرت دەخەمەوە جەدەلێکی توندمان کرد لە گردەکە لە کۆتایی یونی ٢٠٠٩ تۆ باست لەوە دەکرد سیستمی سیاسیی دەگۆڕین ئەمەش خاڵی ناوکۆیی هەمووان بوو لە گردەکە، بەڵام من لەسەر میکانیزمی گۆڕین هاوڕات نەبووم، بەو پێیەی لەلایەک دەتووت ئەو مۆدیلە شمولییەی دەسەڵات دەگۆڕین، لەلایەکی تر ئەو میکانیزمانەی تەرحت دەکرد.. هەمان ئەو میکانیزمانە بوون دەسەڵاتی تۆتالیتێریی لێ

بەرهەم دەهات!!، تۆ پێتوابوو گۆڕینی قووچەکی دەسەڵات هەموو شتێکە، بەڵام ئێمە دەمانووت گۆڕین پرۆسەیەکی هەمەلایەنەیە، دەبێ لە ئەندێشەی تاکەوە دەستپێبکا تا لوتکەی دەسەڵات، ئاخر دیموکراسی بەپێچەوانەی تۆتالیتاریزمەوە لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەڕوات نەک پێچەوانەکەی، ئیدی نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک، جارێک وتەکەی «مارکس»م بیر هێنایتەوە «فەیلەسووفەکان بەشێوەی جیا جیا شرۆڤەی جیهانیان کردووە، بەڵام ئێستا کاتی گۆڕینێتی» وتم سەیربکە مارکس شێمانە لەسەر گۆڕینی جیهانێک دەکات زیاتر لە بیست سەدە بوو شرۆڤە دەکرا، کەواتە با ئێمە شرۆڤەی هەموو سێکتەرەکانی ژیان بکەین و ئەڵتەرناتیڤ پێشکەش بکەین بۆ گۆڕینی، ئەوسا دەزانین چی دەگۆڕین و چۆنی دەگۆڕین!!.

تەنانەت بیرمە ئێوارەیەک لە ئێوارەکان رووی دەمت کردە من، وتت تۆ پیاوێکی هۆشمەندی «بە شاهیدیی د.شاهۆ سەعید، ئاسۆ عوسمان» دەمەوێ رات بزانم، ئەگەر مام جەلال ببێتە سەرۆکی بانگەشەی لیستی کوردستانی چی دەبێت؟ وتم دەنگەکانیان زیاد دەکات، چوونکە تۆ لە هەموو کەس باشتر مام دەناسی کە سەرکردەیەکی کاریزماتیکە و بۆ بەشێکی فراوانی کوردستانیانیش رابەرێکی رۆحییە، وەڵامەکەت بەدڵ نەبوو و جگەرەیەکیشت داگیرساند. دواتر پرسیاری ئەوەت کرد چەند کورسی دەهێنین؟ وتم رمڵ لێنادەم، بەڵام پێموایە لەسەرو بیست کورسی مسۆگەرە. ئەمەش تۆزێک رەنگی گرژی گەشاندیتەوە!. ئیدی ئەمە دوا بینینی من بوو لەگەڵت لە گردەکە چوونکە بە ئێستاشەوە نەهاتمەوە بۆ گردەکە لەبەرئەوەی پێموابوو ئەو قوڕەی جەنابت تۆزی لێ هەڵناستێ.

ئێستاش بە هەمان پارادایمی بێ رتووشی خۆم ئەم نامە ئاوەڵەیەت ئاڕاستە دەکەم، چوونکە ساڵێک و چەند مانگە لە گۆڕەپانی سیاسییدا نەک رۆڵی خۆت وەک سەرکردەیەکی مێژوویی نابینیت بەڵکو مەیدانەکەت چۆڵ کردووە بۆ چەند هەرزەکارێکی سیاسیی کە ململانێی سیاسییان کردووە بە منداڵبازاڕیی و کۆمیدیا، بەرامبەرەکەت کە کاک مەسعودە ئەکتیڤتر لە جاران لە گۆڕەپانەکەدا رۆڵ دەگێڕێت، لەلایەک لە بەرەکانی شەڕە، لەلایەکی تر خەریکی تۆکمەکردنی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانییە، لەلایەکی تر ئامادەیی فیزیکی بارزانی لە چەقی ململانێی نێوخۆیی و ناوچەیی جۆرێکە لە هێزی مەعنەویی بۆ هەوادارانی، لەلایەکی تر فریای ئەوەش دەکەوێ لە هەواڵی کەسێکی وەک منیش بپرسێ کە چوار پێنج ساڵە گرفتاری

نەخۆشی شێرپەنجەم. بەڵام تۆ وەک ئەوەی مانت گرتبێ لە قسە و هەڵوێست بە زەمەنێکی بەرزەخیدا تێدەپەڕیت، ئایا ئەو هەموو پێشهات و رووداوە گەرمە نەیدەهێنا بە روون و راشکاویی هەڵوێستت هەبێت؟.

ئێستا من پرسیارێک لە جەنابت دەکەم، ئایا بە دیدی ئێوە بارزانی سەرۆکی هەرێمە یان نا؟ ئەگەر سەرۆکی هەرێمە بە رەوانی دانی پیابنێ و تۆپخانەکەت هێمن بکەرەوە «شوورەییە بە کەناڵێکی راگەیاندن بوترێ تۆپخانە»، دەتوانی گەورەیی بنوێنی دەستپێشخەریی بکەیت بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ ئەو بارگرژییەی نێوان گۆڕان و پارتی و کۆی کێشە و قەیرانەکانی ئەمڕۆی کوردستان. ئەگەریش سەرۆک نییە و لە دیدی تۆوە بارزانی شەرعیەتی نییە دیسان بە دەنگێکی بڵند ئەمە بۆ کۆمەڵانی خەڵک رابگەیەنە. نها تۆ لە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی و مۆراڵیدایت، بەم بێدەنگییەت نابەخشرێیت و شانت لە بەرپرسیارێتی خاڵی نابێتەوە، تۆ ئێستا لە بەردەم دوو ئەگەردایت.

یەکەمینیان ئەوەیە پێکەکە چەند تاڵیش بێت بیخۆیتەوە و لەگەڵ پارتی و بارزانی بگەنە رێگە چارەیەکی مامناوەندیی کە ئارامی بۆ دۆخی کوردستان بگەڕێنێتەوە، لەم دۆخەدا دەتوانیت ببیتە گورباتشۆفی کورد لەسەر گلاستنۆس و پیرۆسترویکای خۆت بەردەوام بیت، بێ ئەوەی سازش لەسەر ئەو مەبدەئانە بکەیت لە بانگەشەی دروستکردنی بزووتنەوەی گۆڕان خەڵکت بە دەوریدا کۆکردەوە. دووەمیان، کۆتایی هەموو شت لەگەڵ دەسەڵات و سەرەتای راپەڕین و شۆڕش رابگەیەنە «هەرچەند لە دیدی منەوە شۆڕش، شۆڕشی سپی و ناتوندوتیژە»، ئەمەش تۆ دەکاتە سپارتاکۆس و تۆپەکە دێتەوە قاچی خۆت چوونکە تۆ پاسێکی هەڵەت داوە بە هەرزەکارانی تیمەکەت کە خەریکە نارەزایی مووچەخۆران بکەنە دەرفەتێک بۆ جاشایەتییەکی رووت و قووت، خۆ ئەگەر من لە کوردستان بوومایە هەموو رۆژ لەپێشەوەی خۆپیشاندانەکان بووم، بەڵام دەستی ئەوەم دەشکاند دروشمی عێراقچێتی بەرز بکردایەتەوە، تۆپەڵێک قوڕم دەدا بە دەمی ئەوەی هاواری بکردایە عەبادی، عەبادی.

بە هەرحاڵ من مەبەستمە بڵێم تۆ لە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی مەزندایت کە پێوانەیە بۆ هەموو ژیانی سیاسیت، یان ئەوەتا لەگەڵ بارزانی پێکبێ یان جاڕی شۆڕش بدە، بەڵام شۆڕش بە سەرکردایەتی خۆت نەک وەک حەڤدەی شوبات کە هێشتا لوولەی گەرمی بیکەسییەکەی لقی چوار سارد نەببووەوە بەیاننامەت

دژی گەنجان دەرکرد و پێش هەمووان بە دەستێکی تێکدەر ناوزەدت کردن. ئێستا کاتی روونکردنەوەی هەڵوێستە و هیچ پاساوێک نییە بۆ بێدەنگی زیاترت، ئەگەر نەخۆشیت، ئەوەتا من بە دەم ئازاری چارەسەری کیمیاییەوە و لە نەخۆشخانەوە ئەم دێڕانەت بۆ دەنووسم، تەنانەت لە ماوەی ئەم چوارساڵەی نەخۆشیمدا دوو کتێبم چاپ بووە و چواری تریشم ئامادەیە بۆ چاپ، تۆ بڵێی جەنابتان بەو دەست و قەڵەمە رەنگینەوە توانای دەرکردنی بەیاننامەیەکتان نەبێ روونتر هەڵوێستی بەڕێزتانی تێدا گەڵاڵە کرابێت؟. یان خۆ هەر دوێنێ بوو ئەردۆگان لە رێی سکایپەوە بە تۆمارێکی یەک خولەکی هەوڵێکی چڕی کودەتای سەربازیی هەڵوەشاندەوە. ئایا تۆ ئەوەشت لە دەست نایەت؟. ئایا چی دەستی گرتوویت؟ بۆ نایکەیت؟ وەڵامەکە هەرچی بێت قایلمان ناکات، ئێستا لە هەموو کات زیاتر شەقام چاوەڕوانی هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی جەنابتانە.

لەگەڵ ڕێزی زۆرمدا

دڵسۆزتان

ستیڤان شەمزینی

٢٠١٦-١١-١٨

ئەڵمانیا - نەخۆشخانەی گلیادئاینس

# گۆڕان دەبێتەوە بە یەکێتی

## گۆڕان و یەکێتی خەون بە هاوپەیمانییەوە دەبینن

مام جەلال سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان لە ڕۆژی ٢٤-٩-٢٠١٢ کۆبوونەوەیەکی گرنگیان بە بەشداریی سەرکردەکانی هەردوولا ئەنجامدا، ئاکامی کۆبوونەوەکەش چەند ڕێککەوتنێکی لێکەوتەوە، لەوانە پرسی گەڕاندنەوەی دەستوور بۆ پەرلەمانی کوردستان و چەند پرسێکی تر. جیا لەمەش ماوەی چەند مانگێکە پەیوەندیی یەکێتی و گۆڕان بەرەو باشیی ڕۆیشتووە و پێشبینی دەکرا ئەو کۆبوونەوەیە زووتر لەم ڕێکەوتە ئەنجام بدرایە!!، لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنەکانیش بە تایبەت ڕاگەیاندنی یەکێتی و گۆڕان کۆبوونەوەکە بە بایەخەوە تەختیە کرا و وەک سەرەتایەکی گرنگیش لە پەیوەندیی و لە یەکتر نزیکبوونەوەی زیاتری هەردوولا پێناسە کرا.

### بۆچی ئەو کۆبوونەوە دووقۆڵییە؟

با لە دوای ئەو گوومانەوە دەستپێبکەین، گۆڕان سیناریۆی تاڵەبانی بووە بە مەبەستی ڕزگارکردنی یەکێتی لە شەپۆلی ناڕەزایەتی ناوخۆیی یەکێتی و کۆمەڵگە. ئەم کۆبوونەوەیە لەم دۆخەدا بۆچی؟. گۆڕان هەنووکە کێشەی ناوخۆیی هەیە و بە دەست چەند باڵێکەوە دەناڵێنێت، قووڵبوونەوەی کێشە ناوخۆییەکانی گۆڕان، کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر سستکردنی هەنگاوەکانی ئەو حزبە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تر وەستانی گەشەی بنکەی جەماوەریی گۆڕان، بەڵکو هەڵوەرینی بنکەی جەماوەرییان، ئەو حزبەی خستۆتە ناو دۆخێکی ناوخۆیی ئێجگار سەخت و خراپەوە. پاشان کۆتاییهاتنی کرداریی هاوپەیمانی ئیسلامییەکان و گۆڕان، دیسانەوە، لێدانێکی

تر بوو لە گۆڕان، چوونکە بە تەنیا لە گۆڕەپانەکەدا هێشتییەوە. بۆیە گۆڕان بە مەبەستی خۆ دەربازکردن لەم قەیرانانە بە پەرۆشەوە پێشوازیی لە کۆبوونەوە و ڕێککەوتننامە لەگەڵ یەکێتی کرد.

هەرچی یەکێتیشە، دیسانەوە بە تەنیا لە گۆڕەپانەکەدا مابووەوە، ڕێککەوتنە ستراتیجییەکەشی لەگەڵ پارتی تەنیا وەک ناونیشانێک ماوەتەوە، بە تایبەت بەهۆی ناکۆکییان لە قەیرانی عێراقدا. بۆیە ئەویش بە دوای هێزێکی نزیک لە خۆیدا دەگەڕا، بتوانێت هاوپەیمانی لەگەڵ ببەستێ، گۆڕان باشترین هێز بوو لەم ساتەوەختەدا بۆ یەکێتی، چوونکە یەکێتی دەتوانێت بە نزیکبوونەوە لە گۆڕان فشار بۆ سەر پارتی دروست بکات و ئەو دیمەنە نیشان بدات ئەگەر بارودۆخەکە بە ویستی ئەو نەڕواتە پێشەوە، ئەوا بیر لە ڕێککەوتن لەگەڵ هێزی تر بۆ نموونە گۆڕان دەکەنەوە. بۆیە یەکێتی دیسانەوە هەوڵی جیددی دەدا تا ئەو کۆبوونەوەیە بکرێت و ئاکامێکی لێبکەوێتەوە کە لە داهاتوو ببێتە هۆکاری لە دایکبوونی هاوپەیمانی یەکێتی و گۆڕان.

بێجگە لەو هۆکارانە، ئێران ڕۆڵێکی سەرەکیی بینی لە نزیککردنەوەی یەکێتی و گۆڕان، چوونکە هەردوو هێزەکە پەیوەندیی باش و نزیکیان هەیە لەگەڵ ئێران و لە قەیرانی ئێستای عێراقیشدا هاوبۆچوونن لەگەڵ ئێران. بەم بۆنەوە ئێران دەیەوێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، دەنگی نەیارانی پارتی بەهێز بکات، کە سەرکردایەتی ئەو بەرەیە دەکات هەوڵی متمانەسەندنەوەیان لە مالیکی دەدا. هەندێک لە چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە سەردانەکەی نەوشیروان مستەفا لە ماوەی ڕابردوو بۆ ئێران، بۆ هەمان مەبەست بووە تا هەنگاو هەڵگرێت بۆ نزیکبوونەوە لە یەکێتی. بۆیەکا ناکرێت لەم نزیکبوونەوەیەی یەکێتی و ئێران، ڕۆڵی ئێران بەهەند وەرنەگرین، بەڵکو بەبێ ئێران ئەگەر کۆبوونەوەش بکرایە ڕەنگە هەمان ئەو ئاکامەی نەبووایە کە هەیبوو.

## گۆڕان دەبێتەوە بە یەکێتی!

مەبەست لەو ناونیشانەی سەرەوە ئەوە نییە، گۆڕان لە ڕووی تەشکیلاتەوە دەبێتەوە بە یەکێتی، بەڵکو مەبەست لەوەیە لە ڕووی سیاسیی و بیرکردنەوەی حزبییەوە دەبێتەوە بە یەکێتی و لەسەر شێوازی حزبی دایک خۆی پێناسە دەکاتەوە. مەبەستمان لەوەیە دوای سێ ساڵ لە شەڕی ڕاگەیاندن و دڕدۆنگی، گۆڕان خەون

بەوەوە دەبینێت هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتن لەگەڵ حزبێک ئەنجام بدات بە حیساب دەیویست بیڕوخێنێت و لە ناوی ببات، بە حیساب دەیویست سەرکردایەتی بەهاری کوردیی بکات لە دژی.

سەرکردەکانی گۆڕان و یەکێتی لە لێدوانەکانیاندا هەمیشە ئەوە دووپات دەکەنـەوە، لە ڕووی سیاسیی و فیکریی و جیهانبینییەوە یەکێتی و گۆڕان لە یەکترەوە نزیکن، بەڵام پرسیار ئەوەیە لە کوێدا و لە کام ئامانجدا نزیکن؟ تائێستا ئەوەیان ڕوون نەکردۆتەوە. یەکێتی خۆی بە حزبێکی سۆسیال دیموکرات دەزانێت و گۆڕان هیچ ناسنامەیەکی ئایدۆلۆجی نییە و کۆکۆتێلێکە لە ڕوانگەی دژ بە یەک، یەکێتی حزبێکی دەسەڵاتدارە، گۆڕان ئۆپۆزیسیۆنە، یەکێتی بە حیسابی پێشووی گۆڕان گەندەڵ و دیکتاتۆرە، بەڵام بە وتەی خۆیان گۆڕان هاتووە سیستمی سیاسیی بگۆڕێت و سەرکردایەتی بەهاری کوردیی بکات. کەواتە خاڵە هاوبەشە فیکریی و سیاسییەکانی ئەو دوو هێزە لە کوێدان؟. جگە لـەوەی گۆڕان خۆی ڕادەستی یەکێتی کردۆتەوە، دەیەوێت لە پەنا یەکێتی و بە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی هیچ نەبێت پارێزگاریی لەم قەوارەیەی ئێستای بکات.

من لە نزیکبوونەوەی یەکێتی و گۆڕاندا، هەست بە دووبارەبوونەوەی مێژوو دەکەم. ساڵی ١٩٦٤ باڵی جەلالی بە بیانووی چەپبوون و سەرکردایەتیکردنی باڵی مودێرنێتی ناو شۆڕشی کوردیی، لە پارتی و باڵی مەلا مستەفا جیابوونەوە. ساڵانێکی زۆر بەرەنگارییان کرد. دوایش لە ١٩٧٥ لە بۆتەی یەکێتیدا خۆیان ڕێکخستەوە، ساڵانێک یەکێتی وەک میراتگری باڵی جەلالی کۆن، شەڕی خوێناویی و گەرمی لەگەڵ پارتی کرد، کەچی دوای زیاتر لە ٤٢ ساڵ، ڕێککەوتنی ستراتیجی لەگەڵ پارتی واژۆ کرد و جیاوازیی نێوان خۆی و پارتی نەهێشت، دروشمی چەپ و مودێرن بوون بە بڵقی سەر ئاو. ڕەوتی گۆڕان بە ناوی ریفۆرم و گۆڕینی سیستمی سیاسیی لە یەکێتی جیابوونەوە، ئێستا دەیانەوێ سنووری نێوان خۆیان و حزبی پێشوویان بسڕنەوە و بانگەشە بۆ نزیکایەتی فکریی لەگەڵ یەکێتی بکەن و ڕێککەوتننامەی لەگەڵدا ببەستن!!.

مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، چۆن باڵی جەلالی دوای ٤٠ ساڵێک لە هەموو بانگەشەکانیان پەشیمان بوونەوە، ئاوهاش سەرکردەکانی گۆڕان لە هەموو شتێک دژی یەکێتی پاشگەز دەبنەوە و هەوڵی هاوپەیمانیی لەگەڵ دەدەن. تاکە جیاوازییەک لە

نێوان ئەو دوو پرۆسەیەدا هەبێت، پاساوی باڵی جەلالی مودێرنێتە و پێشکەوتنخوازیی بوو، بەڵام پاساوەکانی گۆڕان ریفۆرم و گۆڕینی سیستمی سیاسیی بوو، بەڵام باڵی جەلالی توانی ٤٠ ساڵ زیاتر بەرەنگاریی سەرسەختانە و شەڕی دەستەویەخە بکات، کەچی سەرکردەکانی گۆڕان دوای سێ ساڵ سەنگەرەکەیان بەدەستەوە دا و ئێستا لە بری گۆڕینی سیستم و سەرکردایەتیکردنی بەهاری کوردیی، خەون بە بەهاری هاوپەیمانییەوە دەبینن لەگەڵ یەکێتی.

*ئەم وتارە لە ژمارە «١٤»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ٣-١٠-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

# هەڵدانەوەی گۆڕەکانی مێژوو
# شەڕکردن بە رابردوو.. پشتکردنە ئاینده

بڕوام بە هیچ پێناسەیەکی دیاریکراو نییە بۆ سیاسەت، لەگەڵ ئەمەشدا سیاسەت ئەکشنێکە سەر لەبەری ژیان و ژیاری مرۆڤایەتی هاوچەرخی ڕێکخستووە. سیاسەت بە بڕوای «کێنتمینۆک» بریتییە «لە چالاکی مامەڵەکردن لەگەڵ کاروباری کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و دەوڵەت، کە بەیەکەوە چوارچێوەیەکی فەرمی دروست دەکەن تیایدا تاکە کەسەکان، دەتوانن لە بەرهەمهێناندا بەشدار بن، لە هەمان کاتدا لەو بەروبوومەش بخۆن. لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە لە تەک یەکتر هەڵسوکەوت بکەن».

ئەگەر بەو پێیە بێت، لای ئێمە شتێک بەناوی سیاسەتەوە ممارەسە ناکرێت، چوونکە لە کۆمیونێتی کوردیدا سیاسەت بریتییە، لە خۆ بەرهەمهێنانەوەی سەد بارەی شەڕی براکوژیی نێو دیرۆک. خۆ بەرهەمهێنانەوەی کێشمەکێشی میرنشینی سۆران و بابان، ململانێی نەقشبەندی و قادری، شەڕی براکانی شاخ کە سەرەتاکەی بۆ ١٩٦٤ دەگەڕێتەوە. مێژووی سیاسیی ئێمە تەنیا بریتییە لە شانۆگەرییەکی کۆمیدیی لە هەموو ساتەوەختە لە یەکتر جیاوازەکاندا خۆی دووبارە دەکاتەوە. تەنانەت بەو بڕوایە گەیشتووم، کورد پێویستی بە نووسینەوەی مێژووی خۆی نییە، چوونکە دیرۆکەکەی تەنیا بریتییە لە کۆمەڵێک سیناریۆ کە لە هەموو سەردەمەکاندا چەند پات دەبنەوە.

بزووتنەوەی سیاسییەکانی ئێمە، حزبە سیاسییەکانی ئێمەی کورد، بە درێژایی مێژوویان، تەنیا لەسەر یەک پارادیم خۆیان تەرح کردووە، هەمیشە ئەمی بە حیساب

نوێباو، چیتری لە دەست نەهاتووە جگە لە چڕینی ئاوازە کۆنەکە. تەنانەت جووڵانەوە سیاسییەکان لە «شێخی نەهری»یەوە تاکو بە ئەمڕۆ دەگات، خاوەنی یەک گووتاری سیاسیی و یەک روئیای فیکریی و ئایدۆلۆجین، هەموویان کار لەسەر ئەو چەمکە سواوانە دەکەن، بۆ کۆمەڵگە بووە بە حکایەتی مێش. تاکو ئێستا بزووتنەوەیەکی سیاسیی لە هێلکەدانەکەی نەهاتۆتە دەرەوە، هەڵگری دونیابینی و روئیای سیاسیی جیاواز و تایبەت بە خۆی بێت، بەڵکو هەموو ئەوانەی وەک هێزی نوێباو خۆیان تەرح کردووە، تەنیا توانیوویانە جیاوازییەکی شەکڵی و لاوەکی نمایش بکەن، ئەگەرنا لە رووی ناوەڕۆکە درێژەپێدەری هێزەکانی پێش خۆیان بوون.

با مەبەستەکەمان روون بکەینەوە. ساڵی ١٩٦٤ باڵی مەکتەبی سیاسیی «جەلالی» لە باڵی بارزانی «مەلایی» جیا دەبێتەوە، ساڵانێک ئەم باڵە وەک باڵی مودێرن و دەستی چەپی نێو شۆڕشی کوردی پێناسە دەکرا، بێگوومان ئەم رەوتە ساڵانێکی لە ژێر ناوی چەپڕەویی ماویی تاکو مارکسیی لینینی پێناسەی سیاسیی خۆی دارشتبووەوە، بەڵام دواجار ئەو هێزە لە یەکێک لە ساتەوەختە مێژوویییەکاندا، لە رووی ناوەڕۆکەوە هەرەس دەهێنێت. چوونکە ناتوانێت لە چێوە و خەیاڵدانی حزبی دایک دەربچێت، ئەوەشی لەو ماوەیەدا بەرهەمی هێناوە، تەنیا جیاوازیی ناولێنان بووە، بۆ دیاردە سیاسییەکان و ئەکشنە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان، تا ئەو ئەندازەیەی تەنیا لەسەر ئاستی ناولێنان لە ئۆرگانە حزبییەکان جیاواز بووە، لەو حزبەی رەسەنەی لێی جیابووەتەوە.

دوای ٤٥ ساڵ، جارێکی دیکە، مێژووی خۆی چەند بارە دەکاتەوە، لە سەرەتای ٢٠٠٩، فراکسیۆنێک لە یەکێتی، بە ناوی «گۆڕان» لە ژێر دروشمی گۆڕینی سیستمی سیاسیی و هێنانە ئارای سیستمێکی دیموکراتی هاوچەرخ پێ دەنێتە نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانەوە. چاوەڕوان دەکرا، ئەم هێزە کارنامەی سیاسیی و حزبیی خۆی، پڕۆژە و ئەجیندای تایبەتی خۆی بۆ هەموو کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی جیا بخاتە روو، بەڵام ئەوەی لە شانۆگەرییەکەدا بینیمان، دیسان دابڕانەکە، دابڕانێکی ریشەیی نەبوو، کە بنەمایەکی فکریی و ئایدۆلۆجیی و سیاسیی جودای هەبێت، بەڵکو دابڕانێکە لەناو چوارچێوەی هەمان روئیا و خەیاڵدانی سیاسیی باو.

بە کورتییەکەی، تێگەیشتنی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ چەمکی گۆڕان، کۆمەڵێک

ئەکشنی کودەتا ئامێزە، بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسیی لە کوردستان، گۆڕینی مەلامیحەکانی دەسەڵات لەم هەرێمە. ئەگەرنا ئەو بزووتنەوەیەش بۆ گۆڕینی سیستیمی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کە زامنی گۆڕانی سیاسیی دەکات، هیچ پڕۆژەیەکی پێ نییە و دەستی بەتاڵە، بەپێچەوانەوە ڤۆکوسی لەسەر ئەوەیە بە رۆحێکی شۆڕشگێڕانە کە لە پەراسووی چەپی رۆحی شۆڕشگێڕانەی حزبی دایکەوە «یەکێتی» وەرگیراوە، دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت، زیاتر بە دیدێکی مارکسیزمی روسییەوە تەماشای دۆخەکە دەکەن، چوونکە بە تێگەیشتنی مارکسیستە رووسەکان گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسیی، گرەنتی هەر گۆڕانێکی دیکە دەکات، ئەمەش بە ئەزموون لە ٧٠ ساڵی تەمەنی سۆڤێتدا شکستی خوارد.

لە رەهەندێکی ترەوە، سامناکی ئەم هێزە سیاسییە لەوەدایە، لە بری چاوبڕینە داهاتوو، تەنیا سەرقاڵی هەڵدانەوەی گۆڕەکانی دیرۆکە، لە بری روانین بۆ ئاسۆی رووناکی سبەینێ، هێشتا لە دوێنێی تاریک و نووتەک خۆی پێ رزگار ناکرێت. تراجیدیای ئەم هێزە ئەوەیە دەیەوێ وەک بزووتنەوەیەکی سڤیل و راتسیۆناڵ خۆی بناسێنێت، کەچی لە حکایەتەکانی دیرۆکدا بە دوای ڤیگەری خۆیدا دەگەڕێ، لە بری ئەوەی لۆجیکێکی سیاسیی و شێوە کارکردنێکی سیاسیی هێمن و ساغڵەم پێشکەش بکات، ناتوانێت لەو کەفوکوڵە شۆڕشگێڕییە خۆی رزگار بکات، کە پاشماوەی سەردەمی ستالینییەت و قارەمانە ئەفسوناوییەکانی چاخی چەپڕەوییە.

لە پەیامی ئەم هێزە سیاسییەدا، رابردوو، تەخوینکردنی هێزەکانی دیکە لە رێگەی رابردووەوە، ئامادەگییەکی سەیری هەیە، هەرا و زەنای ئەم هێزە بۆ گەڕانەوەی بۆ ئەو «رابردووە پاکەی» کە شەلاڵە بە خوێنی براکان، ئەو شەوق و تامەزرۆییە بۆ گەڕانەوەی بۆ ئەو رابـردووەی، هێزێکی گەورەیان لە ژێر ناوی ئاڵاهەڵگری کۆنەپارێزیی کردبووە دوژمنێکی باوەکوژ، مەسجێکی تۆقێنەرە، هاوکات ئاوێنەیەکە ئیماجی ئەم هێزە نیشان دەدات، بۆ گەیشتن بە ئاییندە، خوازیاری بەرهەمهێنانەوەی رابردووە، ئەو رابردووەی خۆیان پێیانوایە «مۆتەکە»یە و خەونەکانی ئێمەی بە درێژایی چەندین دەیە کردووە بە کابووس.

بزووتنەوەی گۆڕان، تەنیا لەسەر ئاستی دروشم، توانیوویەتی خۆی دابڕێت، لەو ترادیسیۆنە سیاسییە زاڵەی باڵی بەسەر ژیانی سیاسیی و حزبیدا کێشاوە لە کوردستان، گۆڕان تەنیا وەک بزووتنەوەی «جەلالی» پێشوو، توانیوویەتی

لەسەر ئاستی فۆرم، خۆی لە هێزە سیاسییەکانی دیکە جیا بکاتەوە، ئەگەرنا ئەو خەونەی لای گۆڕان بۆ ئەرسەدۆکسییەتی یەکێتی ناوەڕاستی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان هەیە، کە دەیویست گۆڕەپانی سیاسیی بە تەنیا بە دەستەوە بگرێت، ئاماژەیەکی ترسناکە. راستە گۆڕان دەیەوێ هێزی ئاینده بێت، بەڵام بە تفاقی کۆن و بە میکانیزمە کۆنەکان و بە خەونێکی کۆنەوە، سەرەتای هەنگاوی دەست پێکردووە. ئەمەش ئەو وتەیەی شۆپنهاوەر دەهێنێتەوە یادمان کە هەموو خەون بە داهاتووەوە دەبینین بەبێ ئەوە خۆمان لە رابردوو رزگار کردبێت.

من دەڵێم، راستە، پارتی یان یەکێتی، لە رووی تەمەنەوە، پیر بوون، بەڵام ئەوەندەی توانای خۆ نوێکردنەوە و خۆ بەرهەمهێنانەوە لەم هێزانەدا هەیە «ئەگەر بیانەوێت» بێگومان ئەو مقەوماتانە لە هێزێکی وەک گۆڕاندا نییە. جگە لەوەش مەرج نییە، مەرگی سیستم و هێزە پیرەکان بکەوێتە، پێش مەرگی هێزە گەنجەکان. هەروەک «میشێل کیلۆ» دەڵێت «سۆشیالیزم مرد، سەرمایەداریش ژیا، ئەوە مرد پێیاندەوت سیستمی شۆڕش، ئەوەش مایەوە بە سیستمی پاراستنی واقیعی باو دەناسرا. سیستمێکی گەنج مرد، خۆی بە داهاتووخوازانە دەزانی، ئەوەش ژیا بە راستی پیر ببوو و لە رابردووەوە هاتبوو، ئەو سیستمە لەش ساغە مرد پزیشک و چارەسەری رەت دەکردەوە، ئەو سیستمە نەخۆشەش ژیا سەدەیەک زیاتر لە ژووری چاودێریی چڕدا بوو. لە کۆتاییدا ئایدۆلۆجییەک مرد واقیعی کوشت و لە ژێر چەمکەکانیدا شاردییەوە، واقیعێکیش ژیا لە رێی بەرەنگاربوونەوەی پراگماتیستانەی راستەوخۆی خەوشەکانییەوە، ئایدۆلۆجیای تێپەڕاند».

*ئەم وتارە لە ژمارە «٢٠»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ٤-٤-٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

# نامەکەی نەوشیروان مستەفا چیمان پێدەڵێت؟

چاوەڕوانم کرد دەنگی ئەو دەهۆڵ و زوڕنایە کەمێک خامۆش بێتەوە بۆ «مەرسوم جمهوری»یەکەی نەوشیروان مستەفا لێ دەدرا، گوایە ئەمە نەریتێکی تازەیە بۆ لێپرسینەوە لە پەرلەمانتاران تاکو «گەندەڵ» نەبن. ئەوسا منیش قسەیەک لەو بارەوە بکەم. پرسیاری جیددی لێرەدا ئەوەیە، ئاخۆ ئەگەر ئەم نامەیە پەیامی مام جەلال یان کاک مەسعود بووایە بۆ فراکسیۆنی کوردستانی چۆن خوێندنەوەی بۆ دەکرا؟. پێموایە ئەو کاتە سەری دنیایان لێ دەهێنایەوە یەک کە ئەو دوو سەرۆکەی پارتی و یەکێتی ئیرادەی ئەندامانی پەرلەمان بۆ کارکردن زەوت دەکەن. پاشان دەیانووت ئەمە دیسان دەستتێوەردانی حزبییە و هەزار و یەک بیانووی تر. دوای ئەوەش ئەو مەکینە چەواشەکارەی بە ناوی میدیای ئەهلییەوە قسان دەکات، بە چەندین شێواز و ڕێباز، لێکۆڵینەوەی پۆستمودێرنانەی فەیلەسووفەکانی پێشووی سەرای سلێمانی بڵاو دەکردەوە، گوایە ئەمە کۆنترۆڵکردنی پەرلەمان و بە مێگەلکردن و بە ڕۆبۆتکردنی ئەندامەکانیشییەتی، بەڵام چوونکە نەوشیروان ئەم نامەیەی ناردووە، نەک ئەم ڕەخنانەیان نییە، بەڵکو دەیانەوێت وەک داهێنانێکی سیاسیی گەورە بە خەڵکی سادە و عەوامی بفرۆشنەوە.

ئەگەر بێینە سەر ناوەڕۆکی نامەکەش، بە دڵنیاییەوە ئەم نامەیە هیچ پەیوەندییەکی بە مەسەلەی مافی تاک و هاووڵاتیانی کوردستانەوە نییە، بەڵکو ئەوە کۆمەڵێک ڕێنمایی سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕانە بۆ ئەندامانی فراکسیۆنەکەیان لە پەرلەمانی کوردستان، کە بەم دواییانە ناکۆکیی و دەستەگەریی لە نێوانیاندا بەشێوەیەکی زۆر زەق سەریهەڵداوە. لەم سۆنگەوە دەتوانین بڵێین ئەم نامەیە زەرورەتێکی ناوخۆیی ناو خودی گۆڕان هێناویەتییە پێشەوە نەک فاکتۆری تر، هاوکات ئەمە بەڵگەیەکە بۆ زیاتر زەقبوونەوەی شەڕ و ململانێی رایەڵ و کوتلە جۆراوجۆرەکانی ناو ئەو بزووتنەوەیە کە کەم و زۆر ڕەنگدانەوەی هەبووە لە ناو فراکسیۆنی گۆڕاندا.

من زیاتر لە ساڵێکە ئاگاداری کێشە و ناکۆکییەکانی فراکسیۆنی گۆڕان هەم، جگە لەو چوار پەرلەمانتارەی نەوشیروان سوودی لە دەرفەتێکی زێڕین وەرگرت بۆ ناوزڕاندن و بە گەندەڵکردنیان تاکو لە فراکسیۆنەکەیان دەریان بکات، کۆمەڵێک کوتلە و ئاڕاستەی تر هەن لە ناو فراکسیۆنەکەدا کێشەی جەوهەریی و قووڵیان لەگەڵ ئەفکاراتی سیاسیی و فەرمیی نەوشیروان هەیە، یان لە زۆر وێستگەدا لە سیاسەتی سەرەکیی گۆڕان جیا دەبنەوە، بۆیە نامەکەی نەوشیروان بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنەوەی ئەو کێشە ناوخۆییانەیە نەک پەیوەندیی بەوەوە هەبێت گوایە نەوشیروان لە گەندەڵ دەپرسێتەوە، چوونکە ئەگەر لە گەندەڵ دەپرسێتەوە چەندان سەرە گەندەڵی گەورە لە تەنیشت ژووەرەکەی خۆیەوە بە ناوی گۆڕانخوازییەوە فیشکە فیشکی جگەرەیانە و لەلایەن یاساشەوە داواکراون، ئەی ئەوانە بۆ رادەستی دادگا ناکات؟.

ئەگەر سەیری نامەکە بکەین دەبینین نەوشیروان مستەفا، باس لەوە دەکات راگەیاندنی گۆڕان رادەسپێرێت بۆ ئەوەی گرنگیی بە چالاکییەکانیان بدات. رەنگە بۆ کەسێک کە ئاگای لە وردەکاریی کێشەکانی فراکسیۆنی گۆڕان نییە، ئەم رستەیە چەند وشەیەکی ئاسایی بن، بەڵام لە واقیعی حاڵدا دەرخەری ئەو راستییەیە ئێمە پێشتر دەمانووت راگەیاندنەکانی گۆڕان لەلایەن چەند کەسێکەوە کە ناوەکانیان لەلای من هەن، راسپێردراون دوای هاتنە دەرەوەی سێ دکتۆرەکە «د.شاهۆ، د.زانا، د.جەعفەر» لە پەرلەمان، هیچ گرنگییەکی بە هەواڵ و چالاکییەکانی ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان نەدەن، کە پێشتر گرنگترین چالاکییان بریتیبوو لە تەپڵ لێدان لە پەرلەماندا. بۆیە نەوشیروان بە مەبەستی خاوکردنەوەی ئەو ناکۆکییە قووڵە و ئەو هەست بە پەراوێزبوونەی پەرلەمانتارانی گۆڕان، وێڕای داتاشینی چەندین بەهانەی عەنتیکە، بەڵێنیان دەداتێ گرنگییان بداتێ لە رێی راگەیاندنەکانەوە.

پاشان نەوشیروان مستەفا، بەشێوەیەکی نافەرمی هەموو دەسەڵاتەکانی پاش خۆی دەداتە «عومەری سەید عەلی» کە ئەم جارە نەوشیروان، پێشگری «سەید» دەخاتە پێش ناوەکەی و بە سەید عومەری سەید عەلی دەیناسێنێت لە کاتێکدا ئێمە هەر بە «عومەری سەید عەلی» ناسیوومانە. نەوشیروان دەڵێت دوای من تەنیا سەید عومەرە، مافی ئەوەی هەبێت لێپرسینەوەتان لەگەڵ بکات یان رێنماییتان بکات، ئەمەش سەلمێنەری ئەو راستییە بوو کە پێش دوو ساڵ ئێمە وتمان، دوای نەوشیروان

مستەفا هەموو دەسەڵاتەکانی ناو گۆڕان دراون بە عومەری سەید عەلی و قادری حاجی عەلی، ئیتر ئەو دەموچاوانەی تر هەموو واجیهەیەکن بۆ قۆناغێکی کەم و دیاریکراو کە بێگوومانم زۆر ناخایەنێت.

من پێموایە ئەو نامەیەی نەوشیروان مستەفا، لە کاتێکی گونجاودا بڵاوکرایەوە، چوونکە نەوشیروان خۆی مامۆستایە لە هەڵبژاردنی کاتدا بۆ هەموو گەمەیەکی سیاسیی، تەنانەت کێشەی زیاتر لە ساڵێکی چەندین ئەندام پەرلەمان، تێکەڵ بە دۆسییەیەکی بچووکی بە حساب گەندەڵیی دەکات، هەم بەو بیانووەوە بەشێکیان تەسفیە دەکات و هەم هەوڵ دەدات لە ناو ئەو تەپوتۆزەی ڕاگەیاندنەکاندا قەبارەی کێشەکانی گۆڕان بچووک نیشان بدات و بە جەماوەری گۆڕان بڵێت ئەوە کێشەی سیاسیی نییە بەڵکو ئەوە کێشەیە لەسەر خیانەتکردنی چەند پەرلەمانتارێک لە متمانەی دەنگدەران، بۆیە نەوشیروان لە بری ئەوەی کوتلەیەک بخاتە کار، سۆزی هەموو جەماوەری گۆڕان و ناڕازی دژی ئەو بە بەشە لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان هەڵخڕاند کە پێویست بوو تەسفیە بکرێن.

ئەگەرچی ئەو نامەیەی نەوشیروان شایەنی خوێندنەوەی قووڵە، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بەشێوەیەکی گشتیی لە چەند خاڵێکدا پوختی بکەینەوە، بریتین لە. یەکەم: نامەکەی نەوشیروان پەیوەندیی بە کێشەی ناوخۆیی ناو گۆڕانەوە هەیە و بە رووپۆشێکی تر داپۆشراوە. دووەم: ریکلام و بە شان و بە باڵدا هەڵدانی ئەم نامەیە جگە لە سەفسەتە و دیماگۆگییەت، چیتر نییە، چوونکە وەک وتمان ئەم نامەیە نامەی سەرۆکی حزبێکە بۆ ڕێکخستنەوەی ئەندامەکانی. سێیەم: پارتی و یەکێتی، بە حیساب پەرلەمانتاری ڕۆبۆت ئاسا دەنێرنە پەرلەمان کەچی نەمانبینی سەرۆکی پارتی و سکرتێری یەکێتی نامەی هەڕەشەئامێز و پڕ لە ئامۆژگاریی لەم چەشنەی وەک ئەوەی نەوشیروان بنێرن بۆ پەرلەمانتارەکانیان، چوونکە نامەکەی نەوشیروان بۆ کۆنترۆڵە نەک بۆ مەهامێکی تر. چوارەم: میدیای بەناو ئەهلی و ئازاد دیسانەوە بووەوە بە زوڕناژەنی گۆڕان تا ئەو ئەندازەیەی نامەیەک کە پەیوەندیی بە کێشەی ناوخۆیی حزبێکەوە هەیە وەک فەزیلەت و مەکرەمەیەک بە خەڵکی کوردستانی دەفرۆشێتەوە.

*ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ ماڵپەڕی «نوچە نێت» نوسراوە و لە سەرەتای شوباتی ٢٠١٢ بڵاوبۆتەوە.

# نەوشیروان مستەفا

# لە کەناری گۆڕانەوە بۆ بەڵێننامەی شەرەف

نەوشیروان مستەفا بە هەموو شێوەیەک هەوڵی خۆ نزیککردنەوەی زیاتر دەدات لە پارتی و دەیەوێت بە هەر نرخێک بووە بە پێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن مامەڵە لەگەڵ حزبەکەی بکرێت لە کاتی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمدا. نەوشیروان مستەفا لەو کاتەی ماڵی یەکێتی دابەش ببوو بەسەر کۆمەڵێک بۆچوون و ئاڕاستەی جیاواز، لە بەرانبەر پارتی و شێوازی بەشدارییکردن و نەکردنی حکومەت، هەوڵیدا ئەو مەسجە بگەیەنێتە پارتی، دەتوانێ شوێنگرەوەی یەکێتی بێت، یان لانیکەم بۆ قسەکردن لەگەڵ نوێنەری راستەقینەی زۆنی سەوزی پێشوو، ئەو تاکە کەسە دەتوانێت ئەو نوێنەرایەتییە بگرێتە ئەستۆی خۆی. لەو کاتەی پارتی لە پرۆسەی گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتی نائومێد بوو، گۆڕان دەرگای خۆی کردەوە. پارتی نائومێد بوو لە گەیشتن بە رێککەوتنێکی کۆنکرێتی لەگەڵ یەکێتی، بەو هۆیەی سەرکردایەتی ئەو حزبە گووتار و بڕیارێکی هاوبەش و یەکگرتووی نەبوو، لەم کاتەدا نەوشیروان پەیامی ئەوەی گەیاندە پارتی، هێزێکی گەورەی خاوەن یەک گووتاری هاوبەش کە ناوی گۆڕانە پێشوازیی لە هاوپەیمانێتی پارتی دەکات.

بزووتنەوەی گۆڕان، دەیەوێت بە دروشمی چوار ساڵی ئارامیی بە تەواوەتی گەمەکە بە بەرژەوەندیی خۆی و زیانی یەکێتی تەواو بکات. لە ماوەی ئەو چوار ساڵ ئارامییەدا گۆڕان دەتوانێ کەڵک لە ئەزموونی بەشداریی یان هاوبەشیی لە حکومەتدا وەربگرێت لە پێناوی بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی و جەماوەریی خۆی. بە مانایەکی تر ئەوەی قازانج لە چوار ساڵی ئارامی داهاتوو دەکات پارتی و گۆڕانە بە پلەی یەکەم. رەنگبێ چیدی شڵەقانی شەقام و ورووژاندنی هێزی جەماوەریی نەتوانێت

ببێتە کۆڵەکەی سەرەکیی بەرەو پێشچوونی گۆڕان، بۆیە لە ئێستادا ئەو بزووتنەوەیە دەرگا لەسەر قۆناغێکی نوێ دەکاتەوە، کە قۆناغی ئارامیی و هاوبەشییە لە دەسەڵات.

لە ئێستادا گۆڕان گەمەیەکی بەهێز دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت لەم زۆرانبازییە سیاسییەدا، یەکێتی ببەزێنێ بە تایبەت دەیەوێ وەک حزبی سێیەمی کوردستان بیهێڵێتەوە و لە بەرامبەردا خۆی بە حزبی یەکەمی سلێمانی و دووەمی کوردستان لە ریزبەندییەکەدا بمێنێتەوە. لەوانەشە خرۆشانی خەڵکی سەیدسادق دژی ئەوەی شارۆچکەکەیان بخرێتە سەر پارێزگای هەڵەبجە، یەکێک لە هەوڵە نزیکەکانی گۆڕان بێت، بۆ ئەوەی یەکێتی بەرتەسک بکاتەوە و پارێزگای هەڵەبجە یان زۆر بچووک بێت یاخۆ لە بنەماوە بیرۆکەکە هەرەس بهێنێت، بەمەش هەم پارێزگایەک دروست نابێت سەرکەوتنی گۆڕانی تێدا گرانتی و مسۆگەر نەکراوە، هەم هێزی گۆڕان دیسانەوە لە سلێمانیدا چڕ دەبێتەوە و سەرکەوتنێکی گەورەی بەرچاوی بۆ تۆمار دەکات. لە هەموو حاڵەتەکاندا گۆڕان لێزانانە چۆتە ناو پرۆسە و گەمەیەکی سیاسیی کە هەموو جۆگەلەکان سەرئەنجام دەڕژێنە ئاوەڕۆی ئەوەوە.

گۆڕان لە ئێستا دەیەوێ بەرەو دوورگە و قۆناغێکی نوێ بپەڕێتەوە، توانی سەرکەوتووانە کۆنگرەی خۆی تێپەڕێنێت. ڕاستە کۆنگرەکە تژ بوو لە کەموکوڕیی لە هەموو ڕەهەندە جۆرا و جۆرەکانەوە، بەڵام توانی ئەو ئەرکە قورسە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، هاوکات حزبەکە ئامادە بکات بۆ تەحەدیات و ڕووبەڕوونەوە قورسەکانی ئایندە و ململانێ سیاسییە قورسەکانی لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو دێنە ئاراوە. ئەمەش بە پێچەوانەوەی یەکێتییەوە کە هیچ ئامادەکارییەکی نەکردووە بۆ ئایندە، ڕەنگە لە کۆنگرەی چوارەمدا کۆمەڵێک بابەت لە ناو یەکێتی بێنە بەر باس و هەنگاوی گەورەیان بۆ بهاوێژرێت، بەڵام ئەو ئاماژانەی لە ئێستاوە دەیبینین زۆر جێگەی دڵخۆشیی نین و ڕەنگە نەتوانن بە هیچ شێوەیەک قەرەبووی ئەو شکستە بکەنەوە ئەو حزبە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەیلوولی ٢٠١٣ بەسەریدا هات، یان لانیکەم ئومێد کەمە بەوەی دەستەگەریی بنەبڕ بکرێ و یەکێتی بە یەک گووتار و یەکڕیزییەوە بۆ داهاتوو ئامادە بکەن.

پێداگریی گۆڕان لەسەر وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت، کردەیەکە لە ڕووی کرداریی و یاسایی و مەعنەویشەوە، یەکێتی دەکاتە هێزی سێیەمی ناو دەسەڵات و ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان کە پێدەچێ لە هەڵبژاردنی

پارێزگاکاندا بە روونی ئەم هەنگاوە تەرجومەی ئەرزی واقیع بکرێت و ئیدارەی ئەو بەشە لە هەرێم کە بە زۆنی سەوزی پێشوو ناسراوە بکەوێتە دەستی گۆڕان و بە شێوەیەکی واقیعی ببێتە زۆنی نیللی. لە هەنووکەوە گۆڕان کار لەسەر ئەم جووڵە و هەنگاوە سیاسییە کاریگەرانە دەکات، راستە سەرکردایەتی یەکێتی دەرکی ئەم راستییە تاڵە دەکەن، بەڵام بۆ ئەوان درەنگ بووە و کورد وتەنی تازە کار لە کار ترازاوە، بۆیە رەنگە نەتوانن هەروا بە ئاسانیی بەر بەم لافاوە بگرن، چوونکە لە چەند ساڵی رابردوو بێ ئەرزشانە سەیری جووڵە و ئەکشنە سیاسییەکانی گۆڕانیان کردووە.

گۆڕان و خودی نەوشیروان مستەفا، توانیان لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ پارتی هەڵبدەنەوە، بەوەی دیالۆگ لەنێوان پارتی و گۆڕان لەسەر ئاستی لوتکە، سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، تەنانەت کۆبوونەوەی پیرمام لە نێوان بارزانی و رێکخەری گشتیی گۆڕان، پەیماننامەی شەرەفی بەدوای خۆیدا هێنا، لە هەنووکەشدا یەکێتییەکان ترسیان هەیە لە ئایندەدا ئەم بەڵێنی شەرەفەی نەوشیروان بۆ بارزانی جێگەی رێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی بگرێتەوە. جیا لەمەش بردنی کۆنگرەی گۆڕان بۆ هەولێر و پاسەوانیکردنی لەلایەن هێزەکانی زێرەڤانی خۆی لە خۆیدا مەسجێکی تازە بوو، لە سادەترین مانایدا گوزارشت بوو لە بەرزیی و قووڵی ئاستی پەیوەندییە رامیارییەکانی نێوان پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان. دەتوانم بڵێم لە دوای هەڵبژاردنی ئەیلوولی ٢٠١٣ گۆڕەپانی سیاسەت لە باشووری کوردستان بە عەمەلی کەوتە دەستی پارتی بە پلەی یەکەم، گۆڕان بە پلەی دووەم.

گۆڕان و لە سەرووی هەموویەوە خودی کاک نەوشیروان، بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی سیاسیی خۆیان و بە دیقەتدان لە هاوکێشەی سیاسیی ناوخۆیی و هەرێمی، گەیشتن بەو بڕوایەی سەردەمی ناکۆکی و ئاڵۆزیی لەگەڵ پارتی بەسەرچووە بە تایبەت پارتی لە هەڵبژاردندا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا و زەبەلاحی خۆی دەرخست. لەم سۆنگەوە بزووتنەوەی گۆڕان ویستی بەرەکە لە ژێر پێی یەکێتی دەربهێنێت و ئەگەر خۆی نەکاتە جێگرەوەی یەکێتی، ئەوا رێککەوتنی ستراتیجی نێوان پارتی و یەکێتی، لەسەر حسابی گۆڕان و ئیستحقاقی هەڵبژاردن تەواو نەبێت. هەرچەندە دیار نییە تا چەند رێککەوتنی ستراتیجی لە پێکهێنانی کابینەی هەشتەمدا رۆڵ دەبینێت، بەڵام هاتنە پێشەوە و پێشڕەویی گۆڕان لەم بوارەدا شتێکە بە ئاسانیی

پاشەکشەی پێناکرێ.

خولاسەی کەلام، ئەوەیە: ئەگەرچی پارتی و یەکێتی بەرژەوەندیی بەهێز و رێککەوتنی ستراتیجی پێکەوەیان دەبەستێ، بەڵام گۆڕانی بەستێنی سیاسیی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی کوردستان، شتێکی دیکە بەسەر ئەو دوو حزبەدا زاڵ دەکات. پێموایە گۆڕان باش واقیعەکەی خوێندۆتەوە و لە ژێر کارتێکردنی ئەو واقیعەشدا دەیەوێ بە هەر نرخێک بووە ببێتە ئەڵتەرناتیڤی یەکێتی و هێزی یەکەمی فەرمانڕەوا لە زۆنی سەوزی پێشوو. بۆ ئەم مەبەستەش گەمە سەختەکەی لەگەڵ یەکێتی دەستپێکردووە، خۆ ئەگەر یەکێتی تا سەر بەم شێوەیە سیاسەت بکات بە ئاسانی بەرەکە لە ژێر پێی دەردەهێنێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٣٥»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ١٦-١-٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە.

# لە نێوان پۆپۆلیزم و ئانارکیزمدا ئۆپۆزیسیۆنی پیرۆز لە کوردستان

پۆپۆلیزم و ئەنارکیزم، دوو قوتابخانە و دوو دونیابینی فەلسەفیی و سیاسیی لە یەکتر جیاوازن، خاڵی هاوبەشی هەردووکیان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، هەردوولایان دامەزراوەکانی دەوڵەت رەتدەکەنەوە و پێیانوایە ئەو دام و دەستگایانە هیچ رەواییەکیان نییە. پۆپۆلیزم «جەماوەرچێتی یان میللەتچێتی» جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هەموو دۆزێک لەسەر شەقام و لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر دەدرێت. وەک عەبدولئیلاه بەلقزیز باسی دەکات میللەت لە گووتاری پۆپۆلیزمدا یەکەیەکی رەهایە، شەق نابێت و درزی تێناکەوێت، گشتێکی داخراوە و بەش بەش نابێت.

ئانارکیستەکانیش «فەوزەوییەکان» داوای هەڵوەشاندنەوەی هەموو دامودەزگا فەرمییەکانی حکومداریی دەکەن، هەروەک «کلیفۆرد هاریەر» باسی دەکات «مرۆڤەکان لە لوتکەی شکۆ و گەورەییدان، کاتێک ئازادانە دوور لە فەرمانڕەوایی دەژین، کە لە بری فەرمان وەرگرتن، لە نێو خۆیاندا بڕیار دەدەن». بۆیە بە درێژایی مێژوو بزووتنەوە ئانارکییەکان بە دوژمنی سەرەکیی دەوڵەت و دامودەزگا فەرمییەکانی کارگێڕیی و بەڕێوەبردن ناسراون.

لە کوردستان، نۆرم و فۆرمێک لە ئۆپۆزیسیۆن لە نەشونمادایە، نزیکایەتییەکی زۆری هەیە لەگەڵ هەردوو قوتابخانەی پۆپۆلیزم و ئەنارکیزم. دەتوانم بڵێم گووتاری ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان تێکەڵەیە لە گووتار و روئیای ئەو دوو قوتابخانەیە، چوونکە ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان، لە بری دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی دیموکراسی، لە بری خەباتکردن بە میکانیزمی مودێرن کە سەر بە ماڵی

دیموکراسی بێت، سەرقاڵی هەڕمێندانە بە گووتاری پۆپۆلیزم و ئەنارکیزم. خەریکی بێ بایەخکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و گەڕاندنەوەی هەموو شتە بۆ شەقام، ئەوەش دەیانگەیەنێتە لێواری تێکەڵاوبوون بەو دوو رونیا فکرییە کە لەسەردەمی دیموکراسیدا جێگەیان نابێتەوە.

ئۆپۆزیسیۆن لە کورستان، هەمیشە بە ناوی میللەتەوە دەدوێت، پێیوایە دامودەزگاکان ناتوانن هیچ بکەن بەبێ گەڕانەوە بۆ رای میللەت، بەم پێیەش بێت دەبێت حکومەت لە کوردستان رۆژانە دەیان ریفراندۆم بکات، تەنانەت لە بیریان چووە دیموکراسی بریتییە لە سیستمی نوێنەرایەتی، بەڵام ئەوەی ئەوان داوای دەکەن زیاتر لە نوێنەرایەتییە و جۆرێکە لە ئەنارکیزم و پۆپۆلیزم، ئەمەش لە کاتێکدایە ئەو ئۆپۆزیسیۆنە پێیوایە توانیوویەتی گەمەی دیموکراسی لە کوردستاندا قووڵ بکاتەوە، کە بەداخەوە ئەو تێفکرینەیان جگە لە وەهم شتێکی زیاتر نییە.

جیا لەوەی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان تایبێکی تری ئەنارکیزم و پۆپۆلیزمە. سەرقاڵی بەرهەمهێنانی دید و روانینێکە، بەوەی ئۆپۆزیسیۆن هێزێکی پیرۆزە. خۆی لە راستیدا نە دەسەڵات، نە ئۆپۆزیسیۆن پیرۆز نین، ئۆپۆزیسیۆنبوون ئامانج نییە، بەڵکو دەرئەنجامە، هیچ هێزێکی سیاسیی نییە، ئامانجی ئەوە بێت لە کردەی سیاسییدا ببێتە ئۆپۆزیسیۆن، ئەوەی رۆڵەکان دابەش دەکات و هاوکێشەکان دەگۆڕێت، سندووقەکانی دەنگدانە. کەواتە هەموو هێزەکان لە دەرئەنجامدا دەبنە دەسەڵات یان ئۆپۆزیسیۆن. بۆی هەیە ئەم ئۆپۆزیسیۆنەی ئەمڕۆ، دەسەڵاتداری سبەینێ بێت، بۆیە پێویستە ئەو دیدە راست بکرێتەوە، پێیوایە ئۆپۆزیسیۆنبوون کارێکی پیرۆزە.

لە واقیعدا هێزەکان کێشمەکێش دەکەن، لەسەر دەسەڵات، ئەو هێزەی هەنووکە لە ئۆپۆزیسیۆندایە، زۆر بە جیددی و کارایی تێکۆشانی کردووە بۆ ئەوەی ببێتە دەسەڵاتدار، بەڵام وەختێک گەمەکە بە قازانجی لایەنی بەرانبەر دەدۆڕێنێت و دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن، هیچ پیرۆزییەک لەم پرۆسەیەدا نییە، هەوڵدان بۆ نیشاندانی وێنەیەکی پیرۆزی ئۆپۆزیسیۆن، کە تاکە پارێزەری مافی خەڵکە و قوربانی داکۆکیی لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکە، بەپێچەوانەشەوە لایەنی دەسەڵات زەوتکاری مافەکانی خەڵکە، پرۆسەیەکی ترسناکە و دیسانەوە ئەو کولتوورە پەرە پێدەدات هێزەکان یەکتری رەت بکەنەوە و بە چاوێکی نەیارانە و دوژمنکارانە سەیری یەکدی بکەن.

حاڵی حازر، دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان بانگەشەی دامەزراندنی

حکومەتێکی بنکە فراوان دەکات بە بەشداریی کارای لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام هێزە بەرهەڵستکارەکان بێ پاساوێکی قایلکەر ئەو داوایەی دەسەڵات ڕەتدەکەنەوە، خۆ ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن چاکسازیی دەوێ، دەتوانێت پاکێجەکانی خۆی بکاتە مەرجی بەشداریی لە حکومەت، دەتوانێت بە کۆمەڵێک پێشمەرجی قورسەوە بەشداریی پرۆسەی حکومداریی بکات، بەڵام چوونکە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە کاری لەسەر بە ئەهریمەنکردنی دەسەڵات و پیرۆز ڕاگرتنی ئۆپۆزیسیۆن کردووە هەموو دەرگاکانی لەسەر خۆی داخستووە تا بتوانێت بەشداریی لە حکومەتدا بکات، تەنانەت من گوومانی ئەوە دەکەم، سبەی ڕۆژ ئەگەر لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگدانیشەوە توانی ببێتە دەسەڵات، نەتوانێت دۆست و لایەنگرانی خۆی بەوە ڕازی بکات لە ماوەی فەرمی و دیاریکراودا تاکو هەڵبژاردنێکی تر حکومەت بەڕێوە ببا.

بەهەمەحاڵ من خۆ تەرحکردن و فۆرمۆڵەبەندیی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان بە دروست نابینم، لەبەرئەوەی ڕۆحی ئەم هێزە بەرهەڵستکارانە هێندەی نزیکە لە ئەنارکیزم و پۆپۆلیزمەوە، نیو هێندە وەک نەوات و هێزی دیموکراسی پاشەڕۆژ نابینرێن، ئەمەش تەنیا دیتنێکی شەخسیی نییە، بەڵکو پشت ئەستوورە بە شێوازی ممارەسەی چالاکیی سیاسیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن. لەمانەش کارەساتبارتر ئەوەیە ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی سەرقاڵی کێشانی وێنەیەکە لە زیهنییەتی خەڵکدا، ئۆپۆزیسیۆن هێزێکی پیرۆز و داکۆکیکاری مافی خەڵک و نەتەوەیە، هەمیشە دەستپاک و بە ئەمەکە، بەڵام دەسەڵات هێزێکە سەد و هەشتا پلە بەپێچەوانەوە. ئەم وێنایە یەکێکە لە ترسناکترین ئەو وێنایانەی لە ئایندەدا کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی لەسەر ئەرزی واقیع دەبینین.

بزووتنەوەی گۆڕان مۆدیلێکە بڕیاری داوە هەمیشە ئۆپۆزیسیۆن بێت، لە کاتێکدا گۆڕینی سیستەم لە ڕێگەی گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە دەبێت نەک بە مانەوەی ئەبەدیی لە ریزی بەرهەڵستکارییدا، سەبارەت بە ئیسلامییەکانیش، من لام سەیرە نوخبەی ڕۆشنبیری کورد ئیسلامی فێندەمێنتالیستی وەک بەشێک لە ئیرادە بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسیی و بەرینکردنەوەی مەوداکانی دیموکراسی و فراوانکردنی پەڕاوێزی ئازادیی دەبینن، لەو سۆنگەوە چاوەڕوانییەکی زۆریان هەیە لە ئیسلامی سیاسیی، بەڵام بە بڕوای من ئەم تەوەقوعە جۆرێکە لە خەیاڵپڵاویی و چاوەڕێکردنی هەڵاتنی ژیانە لە گۆڕستانەکانەوە. پێویستە ئەو چاوەڕوانیە وەهمییە لە فاناتیزمی ئیسلامی بگۆڕین و

هەموو ئەو تێزە درۆزنانە بخەینە ژێر گوومانی جیددییەوە فۆرمۆڵەی ئەوە دەکەن بۆ ئازادیی و دیموکراسی و ریفۆرمە جۆراوجۆرەکان دەتوانین سوود لە پێگەی ئیسلامییەکانیش وەربگرین. لەگەڵ ئەوەشدا پەتای پۆپۆلیستی ئەو هێزە ئیسلامییە رادیکاڵانەی گرتۆتە پێش هەر شتێک خەونیان دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «١٩»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ٥-٣-٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

# ئەگەر گۆڕان ببێتە حزب شکست دەهێنێت!

لێرە و لەوێ باس لەوە دەکرێت کۆمپانیای وشە یان لیستی گۆڕان بە نیازە دوای سەرکەوتنەکانی لەسەر ئاستی سیاسیی و لە هەڵبژاردندا وەک پارتییێکی سیاسیی خۆی رابگەیەنێت و بەشداریی لە ژیانی رامیاریی وڵاتدا بکات. تا ئێستاش بە فەرمیی ئەنجوومەنی کۆمپانیای وشە و سەرکردەکانی گۆڕان هیچ لێدوانێکیان نەداوە، بیسەلمێنێت بزووتنەوەکە دەبێتە حزب یان نا، بەڵام وەرچەرخانی گۆڕان لە بزووتنەوەیەکی فرە پێکهاتەوە بۆ قاڵبی حزبێکی دیاریکراو، لە یەکێک لە مانا و رەهەندەکانیدا بچووککردنەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و بەرتەسککردنەوەی پێکهاتەکانی بزووتنەوەکەیە، کە ئێستا لەچەپ و نەتەوەییەوە بەشدارن تێیدا تاوەکو دیموکراتخواز و لیبرال و خەڵکی ئاینیی.

من وا بیر دەکەمەوە وەرچەرخانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پارتییێکی سیاسیی دیسان دووبارەکردنەوەی هەمان قەوانی سواوی حزبایەتییە لە کوردستان، چوونکە حزبی کوردیی جیا لەوەی تەجاوزی ئاوەزی خێڵی نەکردووە، لە هەمان کاتدا دەزگایەکی بیرۆکراسی و چەپێنەرە کە هیچ گوێ بە ویست و روانینی هێزی خوارەوەی حزب نادات، چوون ئەوی دەسەڵاتی هەیە تەنێ هەر ئەندامانی پایە بڵندی هەرەمەکەن، لەناو ئەوانیشدا بنەماڵەیەک یان تاکە کەسێک هەیە بڕیارەکانی وەک ئایەتی قورئان وایە و قابیلی هیچ جۆرە گفتوگۆ و رەتکردنەوەیەک نییە. ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان لەم فۆرمەی ئێستاوە بەرەو حزبێکی سیاسیی هەنگاو هەڵبگرێت، مانای وایە جارێکی تر ئەزموونی یەکێتی دووبارە دەکاتەوە و لە باشترین حاڵەتدا رەنگە لە یەکێتی زۆر جیاوازتر و سەنگینتر نەبێت.

دروستکردنی پارتی و پێکهێنانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و بارەگا و هێزی چەکدار و ئیدارە و رێکخراوی جەماوەریی پاشکۆ و هەموو ئەو رۆتینانەی

حزبی کوردیی هەیەتی، گۆڕان لە بزووتنەوەیەکی چاکسازیخواز و جەماوەریی و گۆڕانخوازەوە دەکات بە پارتی و یەکێتی و هەموو جیاوازییەکی نێوانیان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەسڕێتەوە. ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان لە کەشی ئەمڕۆی کوردستاندا حزبێک رابگەیەنێت بێگومانم ناتوانێت بە پلەیەکی زۆر جیاواز بێت لەو ژمارەگەلەی حزبی سیاسیی کە ئێستا لە کوردستاندا بە ئایدۆلۆجیا و دیتنی لە یەکتر دوورەوە کار دەکەن، چوونکە سەرباری جیاوازییە ئایدۆلۆجییەکان لەنێوان هێزێکی راستڕەو و یەکێکی چەپ، بەڵام لە ممارسەی دەسەڵات و لە حساب نەکردن بۆ خوارەوەی حزب و کۆنترۆڵی داهات جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینیتەوە لەنێوانیاندا.

ئەگەر گۆڕان جەماوەرەکەی دابەش بکات بەسەر سەرەوەی حزب و خوارەوەدا و هەستێت بە هەڵبژاردنی یەک گووتاری دیاریکراو بۆ حزبەکە «حزبی بێ ئایدیال دیوەخانە»، ئەوە لە قۆناغی یەکەمدا بەشێکی زۆر لە جەماوەری خۆی لە دەستدەدات و لە پاشانیش پێکهاتەکانی تر لە نەتەوەیی و خەڵکانی ئەکادیمی و چەپ هیچ هۆیەک نابیننەوە بۆ درێژدەدان بە چالاکییان لەگەڵ گۆڕاندا، ئەوکاتە ئەوانیش دێنە دەرەوە. بەمەش حزبە نوێیەکە تا رادەیەکی زۆر لاواز دەبێت و بە لایەنی زۆرەوە نیوەی جەماوەری ئێستای بۆ دەمێنێتەوە، چوون ئەوسا دەبێتە حزبی بەدیلی یەکێتی یان بە زمانێکی تر دەبێتە سەکۆی کۆکردنەوەی ئەندامە تۆراوەکانی یەکێتی لە بۆتەی پارتییێکی سیاسیی تازەدا نەک بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەرین کە گوزارشت لە ناخی سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی بکات.

ئەگەرچی هەتا ئێستاش روانینێک هەیە لە ئاستی دەستەبژێری رۆشنبیریی و نەوەی نوێ و تەنانەت شەقامیش دەربارەی حزب، کە حزب بوونێکی نەرێنی هەیە لە کۆمەڵگەدا و بەشێوەیەک لێی دەسڵەمێنەوە نایانەوێت بە هیچ جۆرێک حزبایەتی بکەن، بەڵام ئەم دیتنە بە لای ئێمە رەفز کراوە و کاتێکیش دەڵێین پێویست ناکات گۆڕان ببێتە حزب، مەبەستمانە ئەو بزووتنەوەیە ماهیەتی راستەقینەی لە دەست نەدات و خۆی بچووک نەکاتەوە لە بۆتەی حزبێکدا، ئەگەرنا ئێمەومانان لە بەرامبەر ئەو تێزەی پێیوایە خەڵک حەزی لە حزبایەتی نەماوە، خەباتمان کردووە و وتوومانە حزب شۆربای برنج نییە خەڵک حەزی لێی نەبێت، بەڵکو حزب پێویستییەکی مودێرنی ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەیە و حزب ئامرازێکی هاوچەرخانەی خەباتی سیاسییە و بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی نۆرماڵ بە یەکێک لە پێویستییە پلە یەکەکان دێتە ئەژمار.

لەبەرئەمە لەو کاتەی دەڵێین حزب پێویستە و نابێت داوای کۆمەڵگەیەکی ناحزبیی بکەین، ئەوەش زیاد دەکەین تا ئەو کاتەی بارودۆخی کوردستان بۆ سەرهەڵدانی حزبی مودێرن دەرەخسێت نەک حزبی مۆیل کۆنی ستالینیستی و تۆتالیتێریی، گرنگە بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی جەماوەریی و بزووتنەوەیەکی گۆڕانکاریخواز و داکۆکیکار لە مافی تاک و کۆ بمێنێتەوە، هەر ساتێک زانرا بەستێنی کوردستان بایی ئەوەیە حزبی سیاسیی مودێرنی چەشنی حزبەکانی رۆژئاوای تێدا دروست بکرێت، ئەگەر گۆڕان نەبێتە حزبێکی سیاسیی گومان هەڵناگرێت بەرەو شکستێکی گەورە دەڕوات و نابێت چاوی لە سەرکەوتنەکان بێت.

ئەگەر قسەکانمان لە چەند دێڕێکدا چڕ بکەینەوە: لەم قۆناغەی هەنووکەدا گۆڕینی شێوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە بزووتنەوەیەکی جەماوەرییەوە بۆ پارتییێکی سیاسیی زیانێکی گەورەیە هەم بەر گۆڕان خۆی دەکەوێت و هەم بەر جەماوەری خەڵک دەکەوێت کە چاوەڕێی کاری گەورە و هەڵگرتنی هەنگاوی مەزن لە بزووتنەوەکە دەکەن. پێموایە لەم چرکەساتانەدا چەند گوشارەکانی دەسەڵات زۆرتر بن، چەند پڕوپاگەندە و چەواشەکارییەکان بەتینتر بن، چەند هەڵمەتی نان بڕین و لە کار دەرکردن خێراتر بن، چەند پارتی و یەکێتی بەم چەکە ژەنگاوییانەی نووکە دژایەتی گۆڕان بکەن، دڵنیام گۆڕان لەبری ئەوەی پاشەکشە بکات بۆ دواوە یان لە رووی جەماوەرییەوە لاواز ببێت، بەهێزتر دەبێت و رۆژ لە دوای رۆژیش جەماوەری بەرینتر دەبێتەوە، تاکە کارێک لەم بارودۆخەدا گۆڕانی پێ لاواز ببێت و رووبەڕووی شکستی بکاتەوە وەرچەرخاندنی بزووتنەوەکەیە بۆ حزب، چوونکە ئەگەر گۆڕان حزب بێت یان بزووتنەوە یان هەر کۆمپانیای وشە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت، حەشیمەتێکی زۆر هەن لەگەڵ داواکان و خەونەکانی گۆڕاندان، کەوابوو جارێ هێشتا زووە بۆ پێکهێنانی حزب و درەنگە بۆ کاراکردنی پتری گۆڕان.

*ئەم وتارە لە رۆژی ٢-٩-٢٠٠٩ لە سایتی «سبەی» بڵاوکراوەتەوە.

# کاتی گۆڕان هاتووە ئەگەر روبن هودیش بیکات

رۆبن هود مێرخاس و پاڵەوانێکی ئەفسانەیی ئینگلیزییە و چیرۆکەکانی لە سەدەی سێزدە بەولاوە لە ناو رەشۆک و کۆمەڵی ئینگلیزیی و پاشان خۆرئاواییدا هەرمێنی پەیدا کرد. بە پێی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانە، رۆبن هود سەربردەیەکی سەیری هەیە و چەتەیەکە خەسڵەت و مێرخاسییەکانی، لە هەموو چەتەکانی دنیا جیای دەکاتەوە. هود پاڵەوان یان چەتەیەکی رژد و چاوچنۆک نییە، تا هەرچی دەستکەوتێتی بۆ خۆی و تاقمەکەی هەڵبگرێت، سەد و هەشتا پلە بە پێچەوانەوە ئەو چەتەیی دەکات بۆ ئەوەی برسییەکانی پێ تێر بکات و نەدارەکانی پێ دارا بکات، ئەو لە زاگۆن «یاسا» یاخیبووە بۆ ئەوەی تەنیا خانەدانەکان نەبن خودانی نان و ئاشتی و خۆشگوزەرانیی بن!!.

پێڤاژۆی سیاسیی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بە ئەندازەیەک جیاوازیی لەنێوان هەردوو گروپی ژێردەستە و سەردەستەدا هێناوەتە بوون، ئەگەر گۆڕان لەسەر دەستی «رۆبن هود»یش بێت ئەوە خەڵک هەر پێشوازیی لێ دەکەن، چوونکە ئەوانەی ئەمڕۆ لەسەر کورسی و تەختی دەسەڵات چەسپ بوون و رێگە بە هیچ کەسێکی دیکە نادەن خەونی پێوە ببینێت، جیا لەوەی قورگی ئازادییان گرتووە، لە هەمان کاتدا زۆر سپڵە دەرچوون بەرامبەر بەو بیروبۆچوونە چەپانەیەی لە پێشاندا هەیانبوو کە بەڵێنیان بە سەرجەم کۆمەڵانی زەحمەتکێش دابوو لە دابینکردنی نان و ئازادیی و رەفاهییەت، بۆیە ئێستا ئەگەر رۆبن هودێک بێتە مەیدانەکەوە، ئەگەرچی لە زاگۆنیش دەرچووبێت و وەکی چەتە لێی بڕوانرێت، مادام لەگەڵ نان و ئاشتیی و خۆشگوزەرانیی چینە نەدار و هەژارەکاندایە ئەوە دەنگێکی هەڵبژاردن شتێکی ئەوتۆ نییە پێی ببەخشرێت، بەڵکو کۆمەڵگە ئامادەیە مینا بیلبیلەی چاوی خۆی پارێزگاریی لێ بکات.

ئەو هێز و قەوارە سیاسییانەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی رامیاریی کوردستاندا بانگەشەی گۆڕان و چاکسازیی دەکەن لەسەر هەموو ئاستێک، رۆبن هود نین، چەتە بن و لە یاسا دەرچووبن، بەڵکو بەپێچەوانەوە دیموکراسی و یاساییترین ڕێگەیان گرتۆتەبەر کە ڕێگەی هەڵبژاردن و ململانێی سەر سندووقەکانی دەنگدانە، کەوابوو چی تێدایە با چانسیان بدەینێ بزانین داخۆ تا چەندە پابەندن بەو بەڵێن و پەیمانانەی بە جەماوەر و دەنگدەرانیان داوە و دەدەن؟ ئەگەر توانییان هەندێک لە کێشەکانی هاووڵاتیان چارەسەر بکەن و پرۆژەیان پێ بوو بۆ چارەسەری بەشەکەی تری ئەوە وەک پەندە کوردییەکە دەڵێت «نابینا چی دەوێت جگە لە دوو چاوی ساغ؟»، خۆ ئەگەریش پابەندنەبوون بە پەیمانەکانی خۆیانەوە، ئەو جەماوەرە چوار ساڵی تر لە ڕێی پرۆسەیەکی دیکەی هەڵبژاردنەوە دەیانخاتە پەراوێزەوە، بەڵام تاکە خاڵێک نابێت لە بیری بکەین ئەوەیە: خەڵکی باشووری کوردستان لایەنگر و خوازیاری گۆڕانن، گرنگ نییە ئەو گۆڕانە پارتی یان کۆمپانیای وشە دەیکات، ئاساییە ئیسلامیی یان کۆمۆنیستەکان بیکەن، چوونکە بارودۆخەکە بە جێگەیەک گەیشتووە چیتر ئەم چەقبەستووییە سیاسییە قبوڵ ناکات، چیتر ئەم کولتوورە سیاسیی و ئیدارییە لە توانایدا نییە و نابێت وەڵامی پێویستییەکانی ئەم پێڤاژۆیە بداتەوە.

بە کورتییەکەی کوردستان خۆی ئامادە کردووە بۆ گۆڕان، گۆڕان ئەگەر هەموو پنت و لایەنێکیش نەگرێتەوە بەڵام پرۆسەیەکە لێرە بە دواوە دەستپێدەکات و ڕەنگێکی جیاوازی سیاسیی و ئیداریی لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بەڵام وا دەردەکەوێت پارتی و یەکێتی وەک دوو قەوارەی خاوەن یەک لیستی هەڵبژاردن، بیانەوێت ئەم گرەوەش لە دەستی خۆیاندا بهێڵنەوە، ئەگەرچی لە ڕێگەی هێرش و هەڵمەتی ڕاگەیاندنەوە، سیمای تەواوی قەوارەکانی تریان دزێو و ناشیرین کردووە، کەچی لە ئەرزی واقیعدا ئەجینداکەی ئەوان هەرچییەکی تیابێت بێگومان گۆڕانی ریشەیی یان لاوەکی تێدا نییە، چوونکە ئەوان خاوەنی ئەم کولتوورەن ئێستاکە لە ئارادایە و پێیانوایە ئەم کولتوورەش نەک شایانی گۆڕین و هەڵتەکاندن نییە، بگرە بانگەشەی گواستنەوە و تاقیکردنەوەی دەکەن لە شوێن و جێگەکانی تردا، ئەزموونەکەشیان بە ناوازەترین ئەزموون لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵات چاو لێ دەکەن، تەنانەت خۆیان لە هەندێک وڵاتی ئەورووپایی و ناوچەیی وەک تورکیا و ئیسرائیل پێ دیموکراسی و ئازادتر و کراوەترە!.

پارتی و یەکێتی نەکەن لایەنگری گۆڕان نین، بەڵکو گۆڕان وەک مەترسییەک سەیر دەکەن کە ڕۆڵی ئەوان لە شانۆی دەسەڵات بە یەکجاریی دەسڕێتەوە، بەم بۆنەیەوە حوکمێکی قورس نادەین ئەگەر بێژین پارتی و یەکێتی نەکەن گۆڕانیان ناوێ، بگرە ڕێگرێکی گەورەی بەردەم گۆڕانن، ئەم فاکتەش پێویستییەک دەهێنێتە پێشەوە: خەڵکان و هێزەکانی تر لە دەرەوەی ئەوان بە ئەرکی گۆڕین هەستن، چوونکە وەک وتمان دۆخی کوردستان لە هەموو هەنگاوێکی تر پتر تینووی گۆڕانە، پتر لە هەر کارێکی تر تینووی چاکسازیی سیاسیی و ئیدارییە. من وای دەبینم ئەو بارودۆخە تژی لە هەڵبەز و دابەزەی ئەمڕۆ وڵاتەکەمان بە خۆیەوە دەبینێت، مژدەی «ئاوس»بوونیمان بە گۆڕان و چاکسازیی پێدەبەخشێت، بەڵام ئەگەر ئەم دەرفەتە وەک خۆی سوودی لێ وەرنەگیرا و خەونی گۆڕان لە باربرا، ئەوە لانیکەم هەژدە ساڵی تریش ئەو کولتووره سیاسیی و ئیدارییەی ئەمڕۆ هەیە هەر درێژەی دەبێت. لە یەک دێڕدا و لە کۆتاییدا دەڵێین: خەڵکی کوردستان بە ڕەش و ڕووت و خاوەن سەرمایەکانەوە، بە ژن و پیاوەوە، بە هەموو چین و توێژەکانەوە، چاوی لە گۆڕان بڕیوە، چاوی لەم هەڵبژاردنە بڕیوە تاوەکوو چەرخێکی تازە لەگەڵ خۆیدا بهێنێ، ئەوەیان گرنگ نییە گۆڕان ڕۆبن هود دەیکات یان هەر کەسێکی تر، گرنگ و ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە گۆڕان ڕووبدات.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٦٣»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی مایۆی ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# لە پێناوی کام گۆڕاندا دەنگ دەدەین بە لیستی گۆڕان؟

فەیلەسووفی مەزن «کارل مارکس» لە یەکێک لە وتەکانیدا کە دەکرێت بە کرۆکی بیرە سیاسییەکەی ناوزەدی بکەین، دەڵێت «فەیلەسووفەکان بە شێوەی جیا جیا تا ئێستا دنیایان تەفسیر کردووە، بەڵام گرنگ گۆڕینێتی». ئەم وتەزا بەربڵاوەی مارکس هەندێک لە شرۆڤەکارانی گەیاندۆتە بڕوایەک مارکس هەموو شیکردنەوەکانی لە بواری فەلسەفە و ئابووری و مێژوو بۆ ئەوە بوو بیکاتە کەرەستە و زانستی گۆڕینی دنیا. کەوابوو ئێمە چۆن دەتوانین بارێکی سیاسیی یان کۆمەڵایەتی بگۆڕین؟. بە بڕوای من وەڵامێک بتوانێت پڕ بە پێستی ئەم پرسیارە بێت، ئەوەیە دنیا ناگۆڕێت بە بێ خوێندنەوەی پێشکاتی ئەو دنیایە، واقیعێک ناگۆڕێت تا کون و کەلەبەری ئەو واقیعەت شەن و کەو نەکردبێت؟. ئەی ئەگەر پرسیار بکەین واقیعی وەستاوی کوردستان چۆن دەگۆڕێت و کام هێز دەتوانێ بە ستروکتۆریی بیگۆڕێت؟، من پێموایە گۆڕانی راستەقینە کە سیستمی چەوسێنەری کۆن لە بناغەوە هەڵتەکێنێت، بە هێز و ئەڵتەرناتیڤێکی چەپی شۆڕشگێڕ دەکرێت، ئەم چەپە لە کوردستان نەک وزە و نفوزی نییە بەڵکو ئەسڵەن هەر لە بوونیشدا نییە، ئەو چەپە سەیر و سەمەرانەشی بە ناوی سۆسیالیزم و خەباتی چینی پرۆلیتاریاوە کار دەکەن زۆر زیاتر لە سەرمایەداران قورستتر و دژوارتر چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ دەچەوسێننەوە و بەناوی ئەوانەوە بازرگانیی و سەفەقاتی سەیر و سەمەرە ئەنجام دەدەن.

پرسیارێک دوای ئەم روونکردنەوە کورتە بێتە ئارا پرسیارێکی قورس و جیددییە، ئایا ئەگەر چەپ نەبێت کێ دەتوانێت بار و کەشی ئەمڕۆی کوردستان

بگۆڕێت؟. بە دیتنی من هیچ هێزێکی راسترۆ ناتوانێت یان راستتر وایە بێژین ئەجێندای نییە لە بناغەوە سەر لەبەری رەنگی پرۆسەی ژیان بە هەموو لایەنەکانەوە لێرە بگۆڕێت، ئەوەی ناوی گۆڕانە تەنیا هەندێک ریفۆرمی سیاسیی و ئابوورییە کە لە هەناوی هەمان سیستمی فەرمانڕەواییدا دەکرێت و رەواییەکەی لە دیکتاتۆریی و داسەپاندنەوە دەگۆڕێت بۆ رەواییەکی یاسایی و دیموکراتی، لە کاتێکدا هەموو دەزانین لە قیمەی وڵاتانی دیموکراسییدا مرۆڤەکان دەرگیری هەزاران کێشەی جۆر بە جۆرن کە پشکی زۆرینەیان بەهۆی بازاڕی ئازاد و خودی سیستمەکەوە بەدیهاتووە، واتە دیموکراتی چارەسەر نییە، بۆیەکا گۆڕان لە کوردستان لەسەر دەستی هێزە راسترۆکان تەنێ هەندێک گۆڕانە لەناو خودی هەمان سیستمی سەرمایەداریی پریمتیڤی کوردیی و فیودالّی باڵادەستی کوردستان نەک رزگارکردنی مرۆڤ لە کۆت و پێوەندە دەستکردەکان.

پرسیارێکی تریش لێرە خۆی دەسەپێنێت: ئایا ئەو گۆڕانەی کۆمپانیای وشە و هەوادارانی نەوشیروان مستەفا جەختی لێدەکەنەوە چەند دەتوانێت باری سیاسیی و ئابووری و حکومداریی لە کوردستان بگۆڕێت؟. لایەقترین بەرسڤ لـەوەدا دەبینرێتەوە: گۆڕانی کۆمپانیای وشە گۆڕانێکە لەناو هەمان ئەو سیستمەی وا خەریکە لە کوردستان تەبەنی دەکرێت، گۆڕینی شێوازەکان و میکانیزمەکانی پیادەکردنی سیاسەتە نەک خودی ئەو سیاسەتە باڵادەستەی بەرپرسیارە لە خوڵقاندنی هەموو ئەو گرفتانەی وەک مرۆڤی کورد لە نزیکەوە پێیان ئاشنایین. ئەم وەڵامەش لە هەناوی خۆیدا بارگاوییە بە دەیان پرسیار، یەکێک لەو پرسیارانەش ئەوەیە: مادام وایە ئایا گۆڕانەکەی لیستی گۆڕان و کۆمپانیای وشە چەند پێویست و بایەخدارە بۆ ژیانی ئەمڕۆی هاووڵاتیانی کوردستان؟.

بە بڕوای تایبەتی خۆم ئەو گۆڕانانەی کۆمپانیای وشە باسیان دەکات و کردوونی بە رۆژەڤ لە سەرەکیترین ئەو خاڵ و بنەمایانەن هەمووو تاکێک لەم وڵاتەدا خوازیارە گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، چون باشکردنی خزمەتگوزاریی و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەس و بەرەنگاریی گەندەڵیی و سەروەریی یاسا «هەرچەندە یاساکان بۆ ئێمەی چەپ جێگەی تێبینی و رامانی زۆرن»، سڕینەوەی ئاسەواری کولتووری بەعس لە بەڕێوەبردن و جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتەکە لە یەکتر، کورتکردنەوەی نەزعەی خێڵ و حزبگەرایی لەسەر حکومەت و ژیانی خەڵک، لە گرنگترین ئەو خاڵانەن ئەگەر

هێزێکی چەپیش بێتە سەر حوکم لە ماوەی چوار ساڵدا هەر ئەوەندەی پێدەکرێت بیکات، بۆیەکا پێموایە ئەگەرچی چەپەکان لایەنگری گۆڕانی رادیکاڵیی و ریشەیین لە کۆی سیستمەکەدا لە هەمان کاتدا ناتوانن پێشوازیی لەو جۆرە گۆڕانە نەکەن ئەمڕۆ کۆمپانیای وشە بووەتە جۆشدەری و نوێنەرایەتی دەکات، ئایا بۆ چەپەکان ئەوە باشە کوردستان رووەو کۆمەڵگەی سوێدیی یان رۆژئاوایی مل بنێت کە زۆر دەستکەوتی مرۆیی تێدا بەدیهاتووە لە ئەنجامی خەباتی درێژی ئازادیخوازان، یان زیاتر بۆ دواوە بەرەو ئەفغانستانبوون ونموونەی ئەو وڵاتە تۆتالیتێریی و دیکتاتۆرانە بڕوات هەموو لە ناوچەکەدا بە چاوی سەر کار و کردەوەکانیان دەبینین؟.

لەگەڵ ئەوەی تێبینیمان هەیە لەسەر ئەو ئەجیندایەی بانگەشەکارانی لیستی گۆڕان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵام ناکرێت بە ناوی ئەوەی ئەو گۆڕانەی ئەوان داوای دەکەن هەموو شتێک نییە رەتی بکەینەوە، چوونکە هیچ هێز و لایەنێکی تر نییە بەرنامەیەکی لەوە راقیتر و گۆڕانخوازانەتری پێ بێت یان ئەگەر هەشی بێت بایی ئەوە شانسی نییە چارەگێکی لێ بهێنێتە دی، چوون هیچ هێزێکی وەها کاریگەر نابینین جگە لە لیستی گۆڕان ئەو وزە و قورساییەی هەبێت بتوانێت گۆمەکە بشڵەقێنێت و دەنگی جەماوەر بەدەستبهێنێت و بیانکاتە پشتیوانی کار و هەنگاوەکانی لە چوارچێوەی کاری پەرلەمانتارییدا. ئەگەر لە من بپرسن لە کوردستان گۆڕان لە کوێوە دەستپێدەکات؟، لە سادەترین وەڵامدا دەڵێم: بە هەڵتەکاندنی سەرلەبەری سیستمی باو و باڵادەست!، ئەگەر پێم بڵێن سیاسەت ریالیزمە و یۆتۆپیا ناخوات و ئەو کارە لەگەڵ ئەو واقیعەی هەیە هاوکوف نییە، ئەی چی بکەین؟ زۆر لەسەری نارۆم و دەڵێم کەمێک گۆڕانکاریی لە نەگۆڕان باشترە، هەنگاوێک تەنانەت بۆ گۆڕانی لاوەکیی و ریفۆرمی سیاسیی باشترە وەک لە چەقبەستن، بۆیەکا دەخوازم بڵێم لە پێناوی گۆڕاندا دەنگ بدەن بە گۆڕان.

*ئەم وتارە لە سایتی «سبەی» لە رۆژی ٢٧-٦-٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# سیناریۆ شکستخواردووەکەی گۆڕان

بزووتنەوەی گۆڕان ڕۆژی ٢٠١١/١/٢٩ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانی کرد، لێ ئەم بەیاننامەیە لە زۆر ڕەهەند و گۆشەنیگاوە جێگەی ڕەخنە لێگرتنی توندە، لە هەمان کاتدا کردەیەکی دژە عەقڵانی و دروستکردنی جۆرێک لە پەشێویی سیاسیی بوو لە هەرێمدا. ئێمە چاوەڕوانی زۆر کار و هەنگاومان لەو بزووتنەوەیە و فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەی دەکرد، لە پێناوی تەرحکردنی پرۆژەی ریفۆرمخوازانە بۆ هەرچی باشترکردنی سیستمی سیاسیی و کارگێڕیی لە کوردستاندا، بەڵام هەرگیز پێشبینی ئەوەمان نەدەکرد، لە ناکاو سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیە بە بەیاننامەیەک کە یەک گرام لێپرسراوێتی تێدا نەدەبینرا، داوای هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگا شەرعییەکانی وەک حکومەت و پەرلەمان بکەن و لەوە زیاتریش خەڵک بۆ توندوتیژیی و دووبارەکردنەوەی ڕاپەڕینی هاوشێوەی تونس و میسر هان بدەن. بەدەر لە هەموو ئەمانە ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی پرسیارە، ئەوەیە: کام سیناریۆ لە پشت ئەم بەیاننامەیەی گۆڕانەوە وەستاوە؟. ئایا بۆچی گۆڕان لەم ساتەوەختەدا بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکات؟. بەبڕوای من دوو مۆتیڤ و فاکتەری سەرەکی ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە دەرکردنی ئەو بەیاننامەیەدا:

یەکەم: بزووتنەوەی گۆڕان وا خوێندنەوەی بۆ ڕووداوەکانی میسر و تونس و وڵاتانی تری عەرەبی کردبوو، هەمان سیناریۆ، بە هەمان تەکنیک و فۆرمەوە لە کوردستان ئیمکانی دووبارەبوونەوەی هەیە. هەر بۆیە بە خێرایی و بە بێ گەڕانەوە تەنانەت بۆ ڕای زۆرێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەکە، ئەو بەیاننامە بە پەلە و پڕ لە هەستی تۆڵەسەندنەوەیان بڵاو کردەوە، لەگەڵ ئەمەشدا پێشبینی ئەوەیان کردبوو، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو بەیانە و هاوکات لە پەنا بوونی هەندێک

ناڕەزایی خەڵک و لە ئارادابوونی خۆپیشاندانێک بۆ داوای زیادکردنی کارەبا، هەموو پێکەوە دەبنە فاکتەری تەقینەوەی بارودۆخەکە و هەمان سیناریۆی میسر و تونس بەشێوەیەک لە شێوەکان دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان پێچەوانەی خواست و پێشبینییەکانی سەرکردەکانی گۆڕانی سەلماند، چوونکە هاووڵاتیانی کوردستان بە هۆشیارییەوە مامەڵەیان لە تەک ئەو هەڵوێستەی گۆڕان کرد، بەوەی هەم نەبوونە بەشێک لە شەڕی نەخوازراوی گۆڕان کە شەڕێکە سەد دەر سەد لە پێناوی گرتنەدەستی دەسەڵات لە ڕێی کودەتاوە نەک سندوقی دەنگدان، لە هەمان کاتیشدا وەرەقەکانیان تێکەڵاو نەکرد و ناڕەزایی و گلەیی خۆیانیان لەسەر نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست، لەگەڵ ویستی گۆڕان بۆ ڕووخاندنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان ئاوێتە نەکرد. هەر لەم سۆنگەشەوە بوو سەرانی گۆڕان پاشەکشەیەکی بەرچاویان لە ناوەڕۆکی بەیاننامەیەکیان کرد و رایانگەیاند مەبەستی ئەوان نە کودەتا بووە، نە تێکدانی ڕەوشەکە. هەروەک وتیشم ئەم پاشەکشەیەی گۆڕان بەدوای ئەوەدا هات جەماوەری خەڵک و تەنانەت هێزە ئۆپۆزیسیۆن و چەپەکانیش ئامادە نەبوون هێلکەی خۆیان بخەنە سەبەتەی گۆڕانەوە.

دووەم: وەک دەزانین بزووتنەوەی گۆڕان لە دوای هەڵبژاردنی حەوتی ئازاری ساڵی پارەوە، بەردەوام تووشی داکشان و قەیرانی یەک لە دوای یەک دەبێتەوە. لە ڕووی سیاسییەوە بزووتنەوەکە نەیتوانیوە وەک هێزێکی یەکگرتوو لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراو و لە ژێر سایەی پەیڕەو و پرۆگرامێکی سیاسیی دیاریکراودا کۆببێتەوە، تەنانەت ئەو بزووتنەوەیە نەیتوانیوە شوناسی خۆی دیاری بکات، جا نەخاسمە هەیکەلی ڕێکخراوەیی خۆی دابڕێژێت. لە ڕووی جەماوەریشەوە کێرڤی گۆڕان ڕووی لە داکشان و پاشەکشەی بەرچاوە، شکستی گۆڕان لە هەڵبژاردنی سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتی و جەماوەرییەکان، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر داکشانی نفوزی ئەو بزووتنەوەیە لە یەک ساڵی ڕابردوودا.

لەلایەکی تریشەوە شکستی گۆڕان لە سەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عیراق، هێندەی تر قەیرانەکانی ئەو بزووتنەوەیەی خەستتر کردەوە. بۆیەکا هەنووکە ئەو بزووتنەوەیە لە قەیرانێکی گەورە و فرە ڕەهەندایە، بەم بۆنەوە هەردەم سەرکردەکانی گۆڕان ویستوویانە قەیرانەکانیان فڕێبدەنە دەرەوەی خۆیان، هەم بۆ ناو کۆمەڵگە، هەم بۆ ناو حکومەت و پەرلەمان. دەرکردنی ئەو

بەیاننامەیەش لەم سەروەختەدا دیسان جۆرێکی تر بوو لە ناردنە دەرەوەی قەیرانە ناوخۆییەکان بۆ ناو کۆمەڵگە و دەرەوە. بەڵام لەم هەوڵەشدا دیسان گۆڕان نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی بهێنێتە دی، چوونکە لەبری ئەوەی خەڵک بێتە مەیدان بۆ رووخانی حکومەت و پەرلەمان، بەپێچەوانەوە ژمارەیەکی فراوانی هاووڵاتیان و زۆرینەی حزبە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەستەبژێری سیاسیی و رۆشنبیریی لە دژی ئەو تەرحەی گۆڕان وەستانەوە، بە ئەندازەیەک کە هەر زۆر زوو ناچاربوون لە ناوەڕۆکی راستەقینەی بەیانەکەیان پاشەکشە بکەن.

لە کۆتاییدا من تەنیا هێندە دەڵێم، کاری ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی دروستکردنی قەیران نییە بۆ حکومەت و حزبە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە، کاری ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی نییە داخوازیی و ناڕەزایی رەوای هاووڵاتیان بە ئاقاری ئاژاوەگێڕیی و فەوزای سیاسییدا بەرێت، بە پێچەوانەوە ئیشی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن پێدانی چاویلکەیەکی روونە بە حکومەت تا باشتر بەرپێی خۆی ببینێت، ئیشی ئۆپۆزیسیۆن یارمەتیدانی حکومەت و سیستمی سیاسیی و ئیداریی وڵاتە نەک لە ریشەوە هەڵتەکاندنی، بۆیە گۆڕان بەم بەیاننامەیە هێندەی تر سیمای خۆی دزێو کرد و هەمووانیشی هێنایە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی ئەو هێزە لە بری چاککردنی رەوشی کوردستان، خەریکە ئەوەشی هەیە لە بناغەوە هەڵیدەتەکێنێت، ئەمەش خەتەرێکی گەورەیە لەسەر ئایندەی ورد و درشتی ئەم گەلە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٥٤٠٢»ی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» رۆژی ١١-٢-٢٠١١ بڵاوبۆتەوە.

# گۆڕان کێشەکان شەخسەنە دەکات

بزووتنەوەی گۆڕان چوونکە کێشەی فیکر و پێناسەی هەیە و لە کۆڵانە تاریکەکانی سیاسەتی ئۆپۆرتۆنیستیدا ئامانجەکانی خۆی لێ ون بووە، بەردەوام رووبەڕووی برێکی زۆر لە پارادۆکس دەبێتەوە لە هەڵوێستەکانیدا. ئێمە قسە لەسەر رابردووی سەرکردەکانی گۆڕان ناکەین، کە هەڵوێستی ئێستایان بە بەراوورد بەو کاتەی دەسەڵاتداری نێو حزب و حکومەت بوون، چییان دەوت و چییان دەکرد، نەهۆش چی دەڵێن و چی دەکەن؟. ئەم هاودژییە بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان روون بۆتەوە و وتنەوەی ئەم قەوانە رەنگە ئیتر سوا بێت و هیچ کەڵکێکی نەبێت. قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە گۆڕان لەلایەک کێشەی لەگەڵ کۆی سیستمی سیاسیی و کارگێڕیی هەیە لە کوردستان و خوازیارە وەک هێزێکی رادیکاڵ لە بناغەوە بیگۆڕێت، لەلاکەی ترەوە هەموو کێشەکانی تری کۆمەڵی کوردەوارییی و سەرجەم ئەو کەموکورتییانەی لە کایەی حکومداریدا بوونیان هەیە دەبەستێتەوە بە تاکە کەسێکەوە، کە ئەویش سەرۆکی حکومەتی هەرێم «د.بەرهەم ساڵح»ە.

پرسیاری ئێمە لێرەوە دەست پێدەکات: ئایا حزبی گۆڕان دەیەوێت سیستمی سیاسیی بگۆڕێت «ئەمەش کاری ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی نییە» یان تەنیا و تەنیا سەرۆکی حکومەت؟. ئایا چڕکردنەوە و کورتکردنەوەی کۆی کێشە سیاسییەکان لە خودی سەرۆکی حکومەتدا، تەفسیری ئەوەمان بۆ ناکات، ئەم ئەجێندایە تەنیا رقێکی حزبیی و تەنانەت شەخسییە لە سەرۆکی حکومەت؟. ئایا لە کوێی ئەم دنیایەدا هەبووە چارەسەری رادیکاڵی بۆ کۆمەڵگە و سیستمی سیاسیی لە لابردنی سەرۆک وەزیرانێکدا کورت بووبێتەوە؟. ئایا بە گۆڕینی سەرۆکی حکومەت کۆی سیستمەکەش لەگەڵیدا دەڕۆنەماڵەوە یان سەرۆکی حکومەت تەنیا ئەکتەرێکی بەهێزی بەڕێوەبردنی ئەو سیستمەیە لە کوردستان بوونی هەیە؟. هەموو ئەو پرسیارانە دەمانهێننە سەر ئەو بڕوایەی گۆڕان نەک گۆڕینی سیستمی سیاسیی و کارگێڕیی ناوێت، بەڵکو هیچ

هەنگاوێکی چاکسازیشی بەلاوە گرنگ نییە و هێزی جەماوەریی خۆی و دەستە خوشکە ئیسلامییەکانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و لابردنی سەرۆک وەزیران خستۆتە گەڕ؟. من ناڵێم داواکاریی لابردنی سەرۆکی حکومەت، قەدەغە یان بڤەیە، بەڵکو پێموایە داوای دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکی حکومەت بەم میکانیزمانە نابێت. یان هەڵوەشاندنەوەی کابینەیەکی وزاریی بەو فەوزایە نابێت کە خەریکە کوردستان دەباتە سەر لێواری شەڕی ناوخۆ؟.

ئێوە سەیر بکەن، تەنانەت خودی دەسەڵات خۆی، باس لە هەبوونی گەندەڵیی و خوار و خێچییەکانی سیستمی سیاسیی و ئیداریی دەکات، راشکاوانە رایدەگەیەنێت چیتر ئەم سیستمە بەم شێوەیە نامێنێتەوە بەڵکو هەوڵی چاککردن و راستکردنەوەی دەدەن، کەچی لەولاوە هێزێکی وەکوو گۆڕان کە بە حیساب بانگەشەی گۆڕین و چاکسازییکردنی سیستمی سیاسیی دەکات نقەی لە خۆی بڕیوە و هەموو هێز و توانا و پێشمەرجێکی دانوستانیشی لە لابردنی سەرۆک وەزیراندا چڕ کردۆتەوە. ئەمە جیا لەوەی بەڵگەیەکی روونی توندڕەویی و سادەیی سیاسییە لای گۆڕان، لە هەمان کاتدا دەرخەری سایکۆلۆجییەتێکی پڕ لە رق و کینەیە بەرامبەر سەرکردە سیاسییەکانیش، بەو مانایەی هێندەی ئامانجیان تۆڵەی شەخسییە هیچ کات مەهامیان گۆڕینی کۆی سیستمەکە نییە.

حزبی گۆڕان و هاوپەیمانە سەلەفییە توندڕەوەکانی خەریکە کۆی کارتەکانیان دەسووتێت و تەواوی کۆمەڵگە بە پێچەوانەی ئەجیندای ئەوانەوە رەفتار دەکات، هێشتا تووڕەیی و سووربوونیان لەسەر لابردنی سەرۆکی حکومەت، هەروەک سەرەتای پرۆسەکە وایە، ئەمە ئەگەر لەلایەک تێنەگەیشتن و نەخوێندنەوەی واقیع لای سێکوچکەکەی ئۆپۆزیسیۆن نیشان بدات، لەلاکەی ترەوە ئاستی بەرزی بە شەخسەنەکردنی کێشەکان دەردەخات. بەڵام من لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە دەڵێم خۆزگە گۆڕان لە بری شەخسەنەکردنی کێشەکان و هەڵپێچانیان لە سەرۆکی حکومەت، سەرقاڵی نووسین و دیراسە و پرۆژەیەکی هەمەلایەنە بوونایە هەم بۆ چاککردن و بەرەو پێشبردنی سیستم، هەم بۆ کاراکردنی هەنگاوەکان بۆ دەربازبوون لەو قەیرانەی هەنووکە بوونی هەیە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٥٤٦٩»ی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لە رۆژی ٣-٥-٢٠١١ بڵاوبۆتەوە.

# پەتای شۆڕش و فەنتازیای گۆڕان

دەیەیەک پێش ئێستا وازم لە بیرۆکەی چەپڕەویی رادیکاڵانە هێنا، ماوەی یەک دەیە خەونم بە دنیایەکی نوێ و گۆڕانێکی ریشەییەوە دەبینی لە کوردستاندا، بەڵام خۆشبەختانە یۆتۆپییانە و خۆشخەیاڵانە سەیری زەمینەی سیاسییم نەدەکرد، پێموابوو خەونە پەمەییەکانی شۆڕش و فەنتازیای جاڕدانی خرۆشانی کۆمەڵایەتی کە بەردەوام هاوڕێ نزیکەکانم مژدەیان لە بارەوە دەدا لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا.، جۆرێکە لە سەرمەستی سیاسیی و لە ئەنجامدا ئەو سیاسەتە بەرەو شەڕێکی دەستەویەخەی دۆڕاومان دەبات «هەرواش بوو». هەر ئەوکاتە رەخنەم لە چڕکردنەوەی گووتاری سیاسییمان دەگرت لە جاڕدان بۆ بەرپاکردنی شۆڕش. تا دەهات لەو بارەوە رەخنەکانم کەڵەکە دەبوون و دواجار بوونە کتێبێک. ئەوسا پێموابوو چەپەکان ئەو هێزانەن بە خێرایی سەرمەستی شۆڕش دەبن و لەگەڵ هەموو رۆژێکدا کە خۆر هەڵدێت خۆیان بۆ شۆڕش ئامادە دەکەن، وەلێ دوای دەیەیەک ئێستا بە روونی تێگەیشتووم پەتای شۆڕش و گۆڕین لە رێی خرۆشانی جەماوەرییەوە، خاڵی هاوبەشی کۆی هێزە رادیکاڵەکانە، گۆڕانیش وەک هێزێکی رادیکاڵی نابینا بەڵکو توندڕەو بەدەر نییە لەم خەونە ئەرخەوانییە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەیاننامەکەی بیست و نۆی کانوونی دووەمی گۆڕان و لێدوانی هەفتەیەک پاشتری نەوشیروان مستەفا لە کەناڵی «کەی ئێن ئێن»ەوە، کە باسی لە ئامادەکردنی چەند سیناریۆیەک دەکرد بۆ دووبارەکردنەوەی ئەزموونی تونس و میسر، لە دواجاریش ئاماژەی بە نزیکبوونەوەی هاتنی ئیزرائیل کرد بۆ دەرکێشانی گیانی دەسەڵات لە کوردستاندا، بە ئاشکرا دەبینرا گۆڕان قاچی خزاوە و پەتای شۆڕش و راماڵینی دەسەڵات تووشی یۆتۆپیایەکی سەیری کردووە، لەم رووەوە حزبی گۆڕان شێمانەی ئەوەی دەکرد لە چەند رۆژێکی کەمدا و دوای

ئەوەی جەنەراڵەکانی گردەکە فوو دەکەن بە شەیپوری شۆڕشدا، ئیدی دەسەڵات وەک بەفر هەرەس دەهێنێت، ئەو خۆشخەیاڵییەش وای لێکردن بە پەلەپەل و بێ هیچ ئامادەکارییەکی پێویست، لە ١٩ ڕۆژ دواتردا بکەونە پراکتیزەی ئەو سیناریۆیانەی پێشتر نەوشیروان مستەفا باسی لێوە دەکرد.

هاوزەمان باسی ئەوە زۆرکرا، کوردستان لەگەڵ تونس و میسر، سەرباری هەندێک لێکچوونی بچووک، جیاوازیی زۆریان لە نێواندایە، هەرچەندە باسی ئەوە زۆر کرا تەنانەت میسر و تونس لە یەک جودان، بگرە زەمینە و دۆخی وڵاتێکی عەرەبی بۆ یەکێکی تر زۆر جیاوازە و هەر یەکە بەرنامە و شێوازێکی کارکردنی دەوێت بۆ گۆڕین و چاککردنی سیستمی سیاسیی. لەولاوە برادەرانی گۆڕان و ئیسلامییە هاوپەیمانەکانیان، ئەم جۆرە سەرنج و دیدەیان بە نوکتەی سیاسیی دەخوێندەوە، کەچی ئێستا دوای سێ مانگ لەو قەیرانەی لە کوردستان بوونی هەیە، بە هەموو پێوەرێک بۆ هەموو لایەک سەلماوە، کوردستان نەک تونس و میسر نییە، بەڵکو شایانی بەراوورد و چوواندن نییە بە هیچ وڵاتێکی دیکەی عەرەبی. تازە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە تایبەتی سەرانی گۆڕان دەزانن چاویلکە تەڵخەکەیان تووشی هەڵەیەکی کوشندەی کردوون، چوونکە نەک خەڵکی کوردستان ئامادەی شۆڕش نین، بەڵکو خەڵک بە هەموو شێوەیەک ناکۆکی هەیە لەگەڵ دیدی رادیکاڵی بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بە مەبەستی دەرچوون لە هەر جۆرە قەیرانێک، بگرە لەوە زیاتریش، هاووڵاتیانی کوردستان بە کردەوە نیشانیاندا نەک پێشوازیی لە هیچ توندوتیژییەک ناکەن بە ناوی شۆڕشەوە، بەڵکو وەڕسن لە داواکردنی ماف لە ڕێگەی شەڕە قۆچەقانی و بەردەفڕکێی سەر شەقام و کۆڵانەکانەوە.

گۆڕان هێزێکە هێشتا خەون دەبینێت بە بەرپاکردنی شۆڕشەوە، خەون دەبینێ تەنیا بە میکانیزمی شۆڕشگێڕانە دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوە بگرێت، لەم پێناوەشدا فەیلەسووف و رووناکبیرە پۆستمودێرنەکانی خۆی خستۆتە گەڕ، تا ڕۆڵ ببینن لە بڵاوکردنەوەی وەهمی شۆڕش و ناساندنی شۆڕش وەک تاکە میکانیزمی گونجاو و عەمەلی بۆ کۆتاییهێنان بە گەندەڵیی سیاسیی و ئیداریی و لەناوبردنی نادادپەوەریی کۆمەڵایەتی و ..هتد، گۆڕان تا ئەم چرکەساتەش تەنیا و تەنیا ختوکەی هەستی نوستووی توندوتیژانەی بەشێک لە گەنجان دەدات کە بەهەر هۆیەک بووە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی نموونەی لیبیی و یەمەنی و تونسی و میسریی، گۆڕان

هێزێکە ختوکەی جەماوەر دەدات تا ڕێگەی رادیکاڵیزمی کوێرانە و شۆڕشگێڕانە وەک دوا ڕێگە و تاکە فۆرم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو کۆمەڵگە هەر لە سیاسەتەوە تا ئابووری قبوڵ بکەن. بەم بۆنەوە دەبێت هەموو بە ئاگابین لەو سیناریۆ دۆزەخییانەی گۆڕان وەک هێزێکی رادیکاڵی کوێر لە داهاتوودا دەستیان بۆ دەبات.

دەگەڕێمەوە بۆ ئەزموونی تاکەکەسی خۆم و ئەوە بیر دەهێنمەوە، ئەوسا منی گەنجی چەپڕەو، پێموابوو خەتای ئایدۆلۆژیایە کە مرۆڤەکانی حۆل و گێژ کردووە و بێ ئەوەی هیچ زەمینەیەک شک ببەن جاڕی شۆڕش دەدەن، بەڵام ئەمڕۆ زیاتر راستیی ئەو ڕوانگەیەی خۆمم بۆ دەرکەوت و دەبینم هەموو هێزە ئایدۆلۆجی و رادیکاڵەکان، بە کاریگەریی ئەفیونی شۆڕش و لەناوبردنی هەر نەیارێکی سیاسیی بە میکانیزمی توندڕەوانە، تووشی هەمان سەرمەستی بوون کە ساڵانێکی زووتر من و هاوڕێکانم پێی مەست ببووین. گۆڕان لەم ڕەهەندەوە کۆمەکی زۆری کردم تا ڕاستی بیرکردنەوەکانم لە ماوەیەکی دیکەی مێژووییشدا بە چاوی خۆم ببینمەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانەوە تۆ بڵێی نەوشیروان مستەفا دوای پەنجا ساڵ کارکردنی جیدی لە سیاسەتدا نەگەیشتبێتە ئەو بڕوایەی چارەسەری رادیکاڵیی و شۆڕشگێڕانە چی بە دواوەیە؟!. تۆ بڵێی نەوشیروان مستەفا نەزانێت کەی سەروەختی شۆڕشە؟. وەڵامی ئەم پرسیارانە لەلای کەسمان نییە، خۆزگە کاک نەوشیروان خۆی بەرسڤێکی دەدایەوە.

٢٠١١-٥-١٤

*ئەم وتارە لە ژمارە «٢١»ی گۆڤاری «ململانێ» لە سەرەتای حوزەیرانی ٢٠١١ بڵاوبۆتەوە.

# گۆڕان بەرەو یەکێتی
# یەکێتی بەرەو گۆڕان

من وەک خۆم هەر زوو بڕوام بەوە نەما، یەکێتی و گۆڕان دوو شت یان دوو هێزی لە یەکتر جیاواز بن، بەڵکو وتوومە ئەگەر شێمانەی ئەوەش بکەین، گۆڕان سیناریۆی یەکێتی و خودی جەلال تاڵەبانی نەبێت، بۆ بەرتەسککردنەوەی گەشەی پارتی و هەڵمژینی ئیسفنجئاسای دەنگی نارەزایەتییەکان بە تایبەت لە سنووری قەڵەمڕەوی یەکێتی. هەرگیز ناتوانین نکۆڵی لەو راستییە مەلموسە بکەین، یەکێتی و گۆڕان، لە پەیڕەوی حزبییەوە، تاکو هەیکەلی رێکخستن و مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتە سیاسییەکان، شتێکی ئەوتۆیان نێوان نییە. بەپێچەوانەوە هێندەی ئەم دوو هێزە لە یەکدی نزیکن، هیچ دوو هێزێکی تری کوردستانی نییە، ئەوەندە لە یەکدی نزیک نین.

بە رای شەخسی خۆم و بە دیقەتدان لەوەی دەگوزەرێ گەیشتمە ئەو بڕوایەی، گۆڕان سیناریۆیەکی نوێی یەکێتی بوو، بۆ ئەوەی ئەگەر بە دەستێک واژۆی رێککەوتنی ستراتیجی بکات لەگەڵ پارتی، ئەوە بە دەستەکەی تر مەیدانێک خۆش بکات بۆ دژایەتیکردنی پارتی. یان بە مانایەکی تر، ئەوەی یەکێتی ناتوانێت بەهۆی بوونی رێککەوتنی ستراتیجییەوە بەرامبەر پارتی بیکات، لە رێگەی ئەم دەستەی تری خۆیەوە بە ئاسانی بۆی مەیسەر دەبێت. جگە لەوەش هەر لە رێگەی ئەم دەستەی ترەوە کە ناوی گۆڕانە، توانیوویەتی تا ئاستێکی زۆر، لە ئیسلامییەکان نزیک بێتەوە و لە ژێر ناوی ئۆپۆزیسیۆن بیانکات بە گژ پارتیدا، چوونکە ئەوەی «ئۆپۆزیسیۆن» دەیکات لە کوردستان، نەک کاری ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی نییە، بەڵکو کاری گرووپە

فەوزەوییەکانە.

هەموو ئەوانەی نکۆڵی لەوە دەکەن، گۆڕان بزووتنەوەیەکی جیایە لە یەکێتی، یان ئەنجامی تەقینەوەی کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتییە و هیچ سیناریۆیەک لە ئارادا نییە، هەرگیز ناتوانن بەڵگەیەکی دڵنیاکەر بۆ ئەو بۆچوونەیان بهێننەوە، هەرگیز ناتوانن لە زەمینەی واقیعدا نموونەیەک وەربگرن نیشانی بدات، ئەو دوو هێزە دژ بە یەکن. لە کاتێکدا دەبووایە ئەم دوو هێزە لە رووبەڕووبوونەوەیەکی توندا بوونایە، کەچی دەبینین بە هەموو شێوەیەک ئاڕاستەی سیاسەت و کاریان بۆ لای یەک و وەک یەکە. سروشتی هەموو جۆرە ئینشقاقێک وایە، هێزی مونشەق ئەوەندەی تەرکیزی لەسەر حزبی دایکە و هەوڵدەدات بەرانبەری ئەو ببێتەوە، بە چارەگی ئەوە هێزەکانی دیکەی لە بیر نییە، بەڵام لە حاڵەتی گۆڕاندا بۆچی وا نییە؟ کەواتە ئەم ماستە نەک موو، گوریسێکی تێدایە.

بزووتنەوەی گۆڕان، کە ئیدعای گۆڕینی سیستمی سیاسیی، بارودۆخی سیاسیی لە کوردستان دەکات، وەک ئەوەی بە تەنیا پارتی بەرپرسیار بێت، لەو دۆخەی لە کوردستان هەیە، یان بە تەنیا پارتی دەسەڵاتدار بێت، ماکینەیەکی ئیعلامی دژی پارتی بە گەڕ خستووە، کە مێشێک لە چاوی خەڵک دەبینێت، بەڵام گایەک لە چاوی خۆیدا نابینێت. سەیری بێویژدانی ئەم ماکینە ئیعلامییە چەواشەکارە بکەن، چۆن کردوویەتی بە فەرتەنە لەسەر خۆپیشاندانی هێمنانەی لایەنگرانی پارتی لەبەردەم ئێن ئاڕ تی، بەڵام لە بیری کردووە، ئەم کەناڵە سووتێنرا و تەخت و تاراجی نەهێڵدرا، ئەی بۆ ئەو ماکینە ئیعلامییە ناڵێت کێ بوو نالیای سووتاند؟ ئەی بۆ وشەیەکی راشکاوانەی لەسەر کوشتنی خالیدی خولە سوور نییە؟ لە کاتێکدا ئەگەر ئەو رووداوانە لە هەولێر روویاندایە، سەری دونیایان بە پووش لێ دەگرتین.

بەدەر لە هەموو ئەمانەش، لە دۆخی ئێستا کە بەڕێز تاڵەبانی لە دۆخێکی تەندروستی خراپدایە، لە هەموو کات باشتر ئەو دیمەنە دەبینین، هێزێکی موگناتیسی یەکێتی بۆ لای گۆڕان و بە پێچەوانەشەوە گۆڕان بۆ لای یەکێتی، رادەکێشێت. گۆڕان لەم دۆخەدا زۆر لە یەکێتی زیاتر پەرۆشی ئایندەی یەکێتییەتی، لە کاتێکدا بە هەموو هێز و توانایەکییەوە هەوڵی لاوازکردنی پارتی دەدات، هەرچەندە گۆڕان زۆر لەوە بێ تواناترە بتوانێت رۆڵی پارتی لاواز بکات، بەڵام هەمیشە ئەم ئەرکە خەون و خولیایان بووە. منیش هەر لەم روانگەیەوەیە کە دەڵێم یەکێتی و گۆڕان دوو رووی

یەک دراون، تەنانەت من گاڵتەم بە وشەی یەکگرتنەوە دێت، کە زۆرجار دەوترێت گۆڕان و یەکێتی لەوانەیە یەکبگرنەوە، ئاخر خۆ ئەو دوو هێزە لە یەکتر دانەبڕاون تا یەکبگرنەوە!!.

لە کۆتایی ئەم نووسینەم، پێم خۆشە، ئاماژە بەو گووتارە دیماگۆگییەش بدەم، بەشێک لە یەکێتی و کۆی گۆڕان جەختی لەسەر دەکەنەوە، گوایە نزیکایەتی یەکێتی و گۆڕان تەنیا بۆ سنووردارکردنی پارتییە تا پارتی نەبێتە هێزێکی دیکتاتۆر. بەشی یەکەمی قسەکەیان راستە کە دەڵێن دەمانەوێ پارتی سنووردار بکەین بەڵکو دەیانەوێ بەرەکانی رووبەڕووبوونەوەی پارتی فراوان بکەن، بەڵام بە چ پێوەرێک دەتوانن بڵێن پارتی هێزێکە بەرەو دیکتاتۆریی دەڕوات؟. راستە پارتی هێزی یەکەم و هەرە گەورەی کوردستانە، بەڵام دەسەڵاتەکەی رەها نییە، ئەوەتا حکومەتێک بەڕێوە دەبات کە بەشی یەکسانی هەیە لەگەڵ یەکێتی و چەندین حزبی تریش تێیدا بەشدارن. بۆیە ئەو گووتارە دیماگۆگییە ناتوانێت دەستەکەیان بشارێتەوە خەون و ئاواتیان تەنیا بەرەو رووبوونەوەی پارتییە، کە من پێموایە بەم رێگایە هەرگیز سەرکەوتوو نابێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە «١٩»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ٥-٣-٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

# مەکیاڤێللییەتی گردەکە

نیکۆلۆ مەکیاڤیللی (١٤٦٩-١٥٢٧)، بیرمەند و سیاسەتمەداری چەرخی رێنسانس، توانی شۆڕشێکی گەورە لە ممارەسەی کاری سیاسیی و دەوڵەتدارییدا بەرپا بکات. هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ تاکو سیاسەت و ئەخلاق لە یەکدی جیا بکاتەوە. بە دیتنی مەکیاڤیللی لە نێو سیاسەتدا رەچاوی هیچ جۆرە رەوشت و مۆراڵێک ناکرێت، ئەم روانگەیەی خۆیشی بە تایبەت لە کتێبەکانی «میر» و «هونەری جەنگ» و «مێژووی فلۆرەنسا» بەرجەستە کردووە. سیاسەت لای مەکیاڤیللی پێچەوانەی رەوشتە، درۆیەکە لە پێناوی هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو، تەنانەت خۆی دەیووت «من زۆر دەمێکە ئەوەی بیر لێدەکەمەوە نایڵێم و ئەوەشی دەیڵێم بیری لێ ناکەمەوە، خۆ ئەگەر ناچاربووم هەق بڵێم، ئەوا بە کلافەیەک درۆ و دەلەسەی وا دەوری دەتەنم، زەفەر پێبردنی ئاسان نەبێت».

مەکیاڤیللی لە ماوەی «٥٨» ساڵی تەمەنیدا توانی بناغەی تەرزێک لە سیاسەتی پراگماتیکییانە دابنێت، کە هەنووکە مرۆڤایەتی گیرۆدە و سیخناخی دەستی ئەو نۆرمە لە سیاسەت بووە. مەکیاڤیللی بۆ یەکخستنەوەی ئیتالیای ئەوێ رۆژێ مۆدیلێک لە سیاسەتی بەرهەمهێنا کە بڕوای بە هیچ چەشنە مۆراڵێک نییە، تەنانەت هەموو تەقەلایەکی لە پێناوی هێنا کایەی دیکتاتۆرییەتێکی رەها بە فیڕۆدا. تا ئەو ئاستەی حاڵی حازر مەکیاڤیللییەت رێبازێکی سیاسیی باوە و لەلایەن ژمارەیەکی بەرفرەی دەوڵەت و حزب و گروپەوە پەیڕەو دەکرێت. بە تایبەت ئەوانەی لە رێگەی تەڵەکەبازییەوە ئامانجە سیاسییەکانیان مەیسەر دەکەن.

ئەگەر کەمێک لە فۆرمی سیاسەتکردن لای بزووتنەوەی گۆڕان ورد بینەوە، جگە لەوەی خاڵی ناوکۆییان زۆرە لەگەڵ بزووتنەوە پۆپۆلیست و ئەنارکییەکان، هاوزەمان مەکیاڤیللییەت پرنسیپی سەرەکی سیاسەتە لای گۆڕان، چوونکە هێزێکە

لەسەر رەواجدان بە درۆ و دیماگۆگییەت بەندە، هێزی خۆی لە چەواشەکردنی بیروڕای گشتییەوە وەردەگرێت. ئەو سیاسەتە دووفاقییەی ئەم بزووتنەوەیە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو، پەیڕەوی کردووە، تەنیا لە مەکیاڤیللیزمدا جێگەی دەبێتەوە، چوونکە هەموو رەوشتێک لە پێناوی کۆکردنەوەی دەنگ و چێژی گەیشتن بە دەسەڵات لەلایەن گۆڕانەوە لە ژێر پێنراوە، ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە مەکیاڤیللی داوای دەکرد لە هەر سیاسەتمەدارێک.

بزووتنەوەی گۆڕان چەند ساڵە دەهۆڵ و زوڕنا دەکوتێت، گوایە سیستمی سەرۆکایەتی لە کوردستان هەنگاوێکە بەرەو دیکتاتۆریی، وەلێ ئەم بیرکردنەوە جێگەی بەزەیی و پێکەنینە لە یەک کاتدا، بەڵام هێشتا هاواری «نا» و «نەخێر»ی ئەوان بۆ هەبوونی سەرۆکێک بۆ هەرێم لە گوێماندا زرینگەی دێت، هەموو هێزی خۆیان خستۆتە گەڕ، کاندیدێکی بەهێز دەستنیشان بکەن بۆ سەرۆکی هەرێم، هەموو رێگایەک بە هەر نرخێک بێت تاقی دەکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەمجارە سەرۆکایەتی هەرێم لە دەستی پارتی دەربهێنن. با لەوەش بگەڕێین کە ماف بە هەموو کەس دەدەن، تەنانەت بەوانەشی فایلی سیخوڕییان هەیە خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کاندید بکەن، کەچی وەختێک دێتە سەر مەسعود بارزانی، سەری دونیایان بە پووش لێ دەگیرێت.

پێشتر گۆڕان دەیووت هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە هۆڵێکی داخراوی وەک پەرلەمان، شکاندنی شکۆی هەر هاوولاتییەکی کوردە، وەختێکیش پرۆسەکە پێچەوانە دەبێتەوە و سەرۆکی هەرێم لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێ سەد و هەشتا پلە بادەدەنەوە و دەڵێن نەخێر دەبێت سەد و یانزە کەس لە بری هەموو گەل سەرۆکی هەرێم هەڵبژێرن. ئەم سیاسەتە دوالیزمییە وەهای لەو بزووتنەوەیە کردووە ئیعتباراتی بکەوێتە ژێر پرسیارەوە، تەنانەت گەل ئیدی قسەی خۆی هەیە، چوونکە ئەوان لە هەنووکەدا بە «خورمژ»یش رازی نین، ئەوەش وەک درەوشانەوەی مانگی چواردە لەم ئاسمانە ساماڵەدا بۆ هەموو کەسێک ئاشکرایە.

ئەگەر سەیری پرسی پڕۆژەی دەستوور بکەین، دیسانەوە هەست بە هەمان مەکیاڤیللییەتی گۆڕان دەکەین، چوونکە دەستوور هەموو قۆناغە یاساییەکانی خۆی بڕیوە، هەر لە وەرگرتنی را و سەرنجی خەڵک تا دەگاتە پرۆسەی دەنگدان لەسەری لە پەرلەمان، جیا لەمەش، نزیکەی ٣٧ حزبی کوردستانی دەنگی بۆ داوە، حاڵی حازر

یەک قۆناغی ماوە، ئەویش پرۆسەی راپرسییە لەسەری. کەچی ئەم بزووتنەوەیە بە پاساوی سەیر و نامۆ کە دژی هەموو یاساکانی هەرێمە، داوای گەڕانەوەی ئەو دەستوورە دەکات، لەم نێوەندەشدا زاراوەی سەیری وەک «سازانی نیشتمانی» هێناوەتە گۆڕێ، وەک ئەوەی رای پەرلەمان و ٣٦ حزب، لە هەمووشی گرنگتر رای کۆمەڵانی خەڵک، بچووکتر بێت لەو داواکارییە نایاساییەی ئەوان وەک هەڵمەتی هەڵبژاردن و وەک بەشێک لە ستراتیجییەتی مەکیاڤێلیستانەی خۆیان پیادەی دەکەن.

نموونەکان زۆرن، ئەگەر بمانەوێت لە بارەی هەموویانەوە بدوێین، لانیکەم پێویستمان بە نووسینی کتێبێکە لەو بارەوە، بەڵام من ئەم چەند پرسەم کردە نموونەی خەرواریێک، تا هەموو لایەک ئەو راستییە ساکارە بزانن، ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە کاری سیاسییدا ممارەسەی دەکات، نەک زۆرجار دژی یاسا و پرنسیپەکانی دیموکراسییە، بەڵکو دژی هەموو ئەخلاقێکی سیاسییە. لە کۆتاییشدا دەتوانم بڵێم گۆڕان جگە کۆمەڵە دەروێشێکی تەریقەتی مەکیاڤێللی، شتێکی زیاتر نین.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٢٢»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ٢٠-٥-٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

# بۆچی گۆڕان داوای وەزارەتی ناوخۆ دەکات؟ دیسان گۆڕان هەڕەشە دەکات!

من پێموایە، بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن، بزووتنەوەی گۆڕان مافی خۆیەتی داوای پۆست و وەزارەت بکات بەو پێیەی بڕیاری بەشدارییکردنی لە کابینەی هەشتەمدا داوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە میکانیزم و فۆرمی داواکردنی پۆست و وەزارەتەکان، سەد و هەشتا پلە پێچەوانەی بانگەشەکانی پێشووی ئەو بزووتنەوەیەیە، چوون ئەوان پێشان دروشمی گۆڕینی سیستمی سیاسیی و دەسەڵاتیان بەرز کردبووەوە، نووکە نەک باسێک لە گۆڕین لە گۆڕێدا نەماوە، بەڵکو فڕکان فڕکان و پێشبڕکێی ئەو بزووتنەوەیە بۆ بەشداریی لەو دەسەڵاتە «گەندەڵە» سەرنجی هەموو لایەکی بەلای خۆیدا راکێشاوە.

گۆڕان، لە حاڵی حازردا، هەڕەشە دەکات، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆی پێ نەدرێت، دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ریزی ئۆپۆزیسیۆن!!. سەیری ئەم داواکارییە سیاسییە عەنتیکەیە بکەن، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆیان پێ بدرێت، ئیدی نوێژ لەسەر دامێنی دەسەڵات بکە و وڵاتیش شامی شەریفە، بە پێچەوانەشەوە ماکینە ئیعلامییەکەی پێشوو دەخەنەوە گەڕ. من لەگەڵ ئەوە نیم گۆڕان بە پێی قەبارەی خۆی وەزارەت و پۆستی پێ نەدرێ، بەڵام پێویستە وەبیری خەڵکی بهێنینەوە، شینی گۆڕان تەنیا بۆ هەریسەکەیە. تەنانەت وەرگرتنی وەزارەتێک دەکەنە پێشمەرج بۆ هەموو شتێک، چوون لەنێوان ئەوەی ببنە بزوێنەری ئارامیی چوار ساڵی داهاتوو، جۆشدەری شەقام، تەنیا وەزارەتی ناوخۆ هەیە کە دەبێ هەر بۆ ئەمان بێت.

پرسیار ئەوەیە، بۆچی گۆڕان پێداگریی لەسەر پۆستی وەزارەتی ناوخۆ

دەکاتەوە؟ بەداخەوە تا ئێستا سەرکردە و هەڵسوڕاوە دیارەکانی ئەو بزووتنەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارەیان نەداوەتەوە، جیاوازیی چییە لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستی؟. گەر ئامانج خزمەتی خەڵکە رەنگە هێندەی وەزارەتی تەندروستی و شارەوانی و رۆشنبیریی، گرنگ بن بۆ خزمەتی کۆمەڵانی خەڵک، نیو هێندە وەزارەتی ناوخۆ، ئەو خزمەتەی پێ نەکرێت، بەڵکو رەنگە زۆربەی کات وەزارەتی ناوخۆ رووبەڕووی جەماوەری ناڕازی و خۆپیشاندەرانیش بێتەوە. ئەم فاکتە زۆر سادەیەش دیسانەوە بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوەی نیەتی گۆڕان خزمەتی هاووڵاتیان نییە، نیەتی گۆڕان بەهێزکردنی خۆیەتی و ئەمەی لە پێش هەر ئامانجێکی دیکەوە داناوە.

ئەگەر گۆڕان تەماعبازیی خۆی لە دەسەڵاتدا لێک نەدایەتەوە، لە مێژە کابینەی هەشتەم دروستببوو، چوون بە وەرگرتنی سەرۆکی پەرلەمان و چەند وەزارەتێک دەیتوانی خزمەتی زۆرتر بکا. بۆ ئەو بزووتنەوەیە کە هەمیشە رەخنە لە هەموو پرۆژە یاساکانی پەرلەمان و پرۆژەی دەستوور دەگرێت، وەرگرتنی سەرۆکی پەرلەمان زامنێکی گەورە بوو، تا بتوانن رۆڵیان هەبێت لە سیاغەکردنەوەی باشترین پرۆژە یاسا و دەستوور، بەڵام تەماعی ئەوان بۆ کێکە شیرینەکەی دەسەڵاتی تەنفیزیی، هەر لە بیری بردنەوە شتێکی دیکە هەیە کە دەسەڵاتی دایکە ئەویش دەسەڵاتی یاسادانانە، بە پێچەوانەوە هێندە سووک بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیان دەڕوانی، ئێستا بە شەرمەوە باس لەوە دەکەن رازی بوون بە وەرگرتنی ئەو پۆستە. گەلۆ ئەگەر گۆڕان مەبەستی خزمەتی خەڵک بوو، ئایا سەرۆکی پەرلەمان گرنگترە یان جێگری سەرۆکی حکومەت؟.

زۆرێک لە چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە، گۆڕان دەیەوێ لە رێگەی وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی ناوخۆوە، بە سوود وەرگرتن لەو ژمارە بەرفراوانەی ئەندامانیان لە ناو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە سنووری سلێمانی، هەژموونی مەعنەویی خۆی لەو شارەدا بگۆڕێ بۆ دەسەڵاتێکی هەقیقی، بەو مانایەی لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان، گۆڕان دەتوانێ سلێمانی بباتەوە، بۆیە نایەوێ تەنیا پارێزگارێکی بێ دەسەڵات و کارتۆنیی هەبێ، بەڵکو خوازیارە لە رێگەی وەزیری ناوخۆوە کۆی هێزە ئەمنییەکانی سەر بەو وەزارەتە بخاتە ژێر رکێفی پارێزگارە نوێیەکەی سلێمانی. لێ ئەمە تەنیا بۆچوونێکە و نازانم ئایا ئەم پرۆسەیە بەم شێوەیە بوونی هەیە یان سەرکەوتوو دەبێت؟، بەڵام لە هەموو بارەکاندا گۆڕان نەیتوانیوە حیکمەتی ئەوە روون بکاتەوە

تەنانەت بۆ لایەنگرانی خۆیشی، چی وەزارەتی ناوخۆ جیا دەکاتەوە لە وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان؟. ئەگەر ئەوان مەبەستیان خزمەت و گۆڕینە، رەنگە وەزارەتی پەروەردە گرنگترین وەزارەت بێت شەڕی لەسەر بکەن؟. بۆچی نایکەن؟. ئەم ماستە گوریسێکی تێدایە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٣٧»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ٢٠-٢-٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە.

# غەدرکردن لە بزووتنەوەی گۆڕان

من یەکێکم لەو ڕۆژنامەنووسانەی لە چوار ساڵی ڕابردوو زۆرترین ڕەخنەم لە بزووتنەوەی گۆڕان گرتووە و کەم نووسەر هەن هێندەی من بێ ڕتووش لەسەر ئەو بزووتنەوە سیاسییە نووسیبێت، ئەمە مانای ئەوە نییە من دژایەتی و دوژمنایەتی کۆنکرێتیم لەگەڵ ئەو حزبە هەیە، خۆ ناکرێت چاو لە ڕاستییەکان بپۆشین و هەمیشە ئەو حزبە سیاسییە لە قەفەزی تاوانباریدا ڕابگرین. وەک دەزانین بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی ۲۱ی ئەیلوولی ساڵی ڕابردوو توانی سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنێت و لەسەر ئاستی سلێمانی ببێتە حزبی یەکەم و لەسەر ئاستی هەرێم بە دووەم، بە پێچەوانەی گریمانەکانی پێش هەڵبژاردنەوە نەک ئەم هێزە پاشەکشەی جەماوەریی نەکرد، بەڵکو تاکە هێز بوو لە پەنا پارتیدا، لە ڕووی ژمارەی دەنگدەرانەوە کێرڤی بەرەو سەرەوە کشا. ئەمە خۆی لە خۆیدا دەیسەلمێنێ بزووتنەوەی گۆڕان هێزێکی ئەکتیڤ و کارای نێو گۆڕەپانەکەیە و توانای هەیە لە بەستێنی سیاسیی داهاتوودا وەک ئەکتەرێکی بەهێز گەمە بکات و هەنگاو هەڵبگرێت.

بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن، بزووتنەوەی گۆڕان مافی ئەوەی هەیە لە دوای پارتی زۆرترین پۆست و وەزارەت و پلەی جۆراوجۆری لە حکومەتدا هەبێت، پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت و چەندین وەزارەت «وەزارەتی سیادیی و خزمەتگوزاریی» یەکێکە لە مافە قانوونییەکانی ئەو بزووتنەوەیە. ئەمەش مەکرەمە و خێرکردن نییە پێیان، بەڵکو مافە، هەقی شایستەی خۆیانە. لەوەدا دڵنیام کە پارتی تێگەیشتووە پێدانی ئەو پۆستانە بە گۆڕان دیاریی دەسەڵات نییە، بەڵکو هەرکام لەو پۆستانەی لە پێشەوە ناومان هێنان، ڕەوایی خۆی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان لە میانی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە وەرگرتووە، بێگومانیش هەڵبژاردن دیو و فنۆمینێکی هەرە گرنگی دیموکراسییە و تەنانەت زۆرجار بە کۆڵەکەی سیستمی دیموکراسی

پێناسە دەکرێت. بەهەرحاڵ نامانەوێ ئەوە روون بکەینەوە کە گۆڕان مافی جێگری سەرۆکی حکومەت و چەند وەزارەتێکی هەیە چوونکە ئەوەی ئەلفبای سیاسەت تێبگات، ناتوانێ نکۆڵی لەم فاکتە بکات، بەڵکو ئێمە دەمانەوێ بڵێین زەوتکردنی ئەو مافە نەک خزمەتی دیموکراسی ناکات بەڵکو هێندەی تر پرۆسەی دیموکراسی لەکەدار دەکات.

ئیرادە و ویستی بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزی دووەم بۆ هاوبەشیکردن لە حکومەت نەک بەشدارییەکی پەڕاوێزیی، یارمەتیدەرێکی گرنگی پرۆسەی حکومدارییە لە هەرێمی کوردستان، چوونکە دۆخی ئەمڕۆی کوردستان زیاد لە هەموو کات پێویستی بە بوونی حکومەتێکی بەهێز هەیە کە کۆدەنگی لایەنەکانی کوردستانی لەسەر بێت و بگرە زۆرینەیان تیایدا بەشدار و هاوبەش بن. بەڵام ئەوەی لە تابلۆ سیاسییەکەدا دەبینرێ، یەکێتی دەیەوێ پارتی بە دیفاکتۆ ناچار بکات بگەڕێتەوە بۆ پرنسیپ و بەندەکانی رێککەوتنی ستراتیجی و دیسانەوە ئەزموونی رابردوو لە پێکهێنانی حکومەتدا دووبارە بکاتەوە، ئەوەش نەک دژی دیموکراسییە بەڵکو کردەیەکە بۆ تیرۆری ئەو سەرەتایە لە کرانەوە و دیموکراسی سیمایەکی گەشی بەم هەرێمە بەخشیوە و جیای کردۆتەوە لە بەشەکانی تری عێراق.

وا دەهـزرێـم نابێت غـەدر لە بزووتنـەوەی گـۆڕان بکرێت، مافی یاسایی و دیموکراتی خۆی لێ زەوت بکرێت. نابێت ئەو پۆستانەی بۆ بزووتنەوەی گۆڕانە بەتایبەت جێگری سەرۆکی حکومەت بە هیچ پاساوێک بدرێتە لایەنێکی تر. ناکرێت لە پشتی کەوالیسەوە دەوڵەتانی هەرێمیی رۆڵ ببینن و لەسەر حسابی گۆڕان هێز و حزبی تر بکەنە هێزی دووەم لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا. نابێت پارتی بەوە رازی بێت ئەو غەدرە لە حزبی گۆڕان بکرێت، چوونکە دواجار ئەو کردەیە نەک تاوان و پەڵەیەکی رەش و شەرمە بە تەوێڵی ئەو دیموکراسییەی لە کوردستان بانگەشەی بۆ دەکرێت بەڵکو بە دیوەکەی تردا ئاکامی خراپی دەبێت و رەنگە ئەمجارە گۆڕان لە ئۆپۆزیسۆندا چیدی خاتری هیچ کەس نەگرێت و شەقام و گۆمە مەنگەکە بە تەواوەتی بشڵەقێنێت.

ئێستاش کاتی بە گەڕخستنی ئیرادەیەکی راسەقینەیە بۆ چاکسازیی و چەسپاندنی دادی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لە شەترەنجی سیاسەتی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم پرۆسەیەش نەک بە پەڕاوێزخستنی گۆڕان

سەرکەوتوو نابێت بەڵکو هیچ گرەنتییەک نییە بۆ سەرکەوتنی. خوسەلای قسەی من ئەوەیە غەدرکردن لە گۆڕان و سەپاندنی ئیرادەی هێز و کارکردن بە رێککەوتنی ستراتیجی و گەڕانەوە بۆ دیدی فیفتی بە فیفتی، دوا بزمار دەدات لە پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستان و زەمینە خۆش دەکات بۆ مەوجدانی شەقام و زەمین لەرزەی سیاسیی گەورە.

*ئەم وتارە لە ناوەڕاستی مانگی یانیوەری ساڵی ٢٠١٤ لە سایتە کوردییەکان بڵاوکراوەتەوە.




# بەشی چوارەم
# میدیا

# میدیای کوردیی و بەرهەمهێنانی پووچگەرایی

## هەواڵی درۆ لە خۆراکی ئێکسپایەر زیان بەخشترە
## ویکهام ئەستیدی

لە کوردستان دوو جۆری سەرەکیی میدیا هەیە، هەردووکیان بەدوو ئاڕاستەی دژ بەیەک و پێچەوانە مرۆڤی کورد دەخزێننە ناو دوورگەی بێزاریی و نائومێدییەوە، میدیایەک هەیە دەیەوێت کوردستان وەک بەهەشتێک پێناسە بکات و هەموو بۆشایی و کەموکوڕییەکان لە بیر خۆی دەباتەوە و هەر جۆرە رەخنەیەکیش بە پیلانی دەرەکیی سەیر دەکات. لە بەرامبەردا میدیایەکی تر هەیە، کار لەسەر رەشبینکردنی هاووڵاتیان دەکات و سەرقاڵی وێنەکێشانێکی دۆزەخییە بۆ کوردستان کە هیچ پەنجەرەیەک نەماوە لێوەی هەناسە بدرێت. ئەم دوو جۆرە روانگەیە هیچکامیان ناتوانن رۆڵی میدیایەکی پرۆفیشناڵ و راستگۆ ببینن، کوردستان نە بەهەشتێکی ئامادەکراوە و نە دۆزەخێکی هەتاهەتاییە، ژیان بەم جۆرە تەوزیف ناکرێت، کاری میدیاییش بەو جۆرە ئەدا ناکرێت. کاری میدیا نییە پێناسەی واقیع بکات بەڵکو ئەو واقیع نیشان دەدات، بەڵام نیشاندان بە ئامانجی سیاسیی و تایبەتیی نا، چوونکە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات لە کوردستان لەنیشاندانی واقیع لە رێی میدیایەوە، ئامانج و مەرامەکانی خۆیان مسۆگەر دەکەن.

میدیای کوردیی بە میدیای دەسەڵات و نەیارەکانییەوە کۆمەڵێک گرفتی ناوەکیی هەیە، نەک لەگەڵ سروشتی پیشەی راگەیاندندا نایەتەوە، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک لە دژیەتی، چوونکە ئەم میدیایە بە ناوی رەخنەوە، شمشێربازیی دەکات و بە کەرەستەی جەنگییەوە هاتۆتە مەیدان، رەخنە لەکن ئەم میدیایە نەک مەعریفە و دەرخستنی بۆشاییەکان نییە، بەڵکو چەکێکە بۆ ریسواکردن و هەلاهەلاکردنی

بەرامبەر، لێرە رەخنە مانای شمشێر وەشاندن و رووشاندنی کەرامەتی مرۆڤەکانە، بۆیە هەمیشە ئەم میدیایە لە بری ئەوەی بە رەخنە بنیات بنێتەوە، دنیا وێران دەکات. لە کوردستان جۆرێک لە راگەیاندن لە نەشونمادایە هەڵگری کۆمەڵێک گرێوگۆڵی دەروونییە و گرفتارە بە نەخۆشیی سادییەت، چوونکە شادییەکانی خۆی لە ئازارەکانی بەرامبەردا دەبینێتەوە، پێکەنینەکانی خۆی لەسەر هەڵڕژانی فرمێسکی ئەویتر بینا کردووە. راگەیاندنێک لە کوردستان لە بەهێزبووندایە ژیانی تاکە کەس لەلای وی هیچ بەهایەکی نییە، بۆیە زۆرترین دەستدرێژیی دەکاتە سەر ژیانی تایبەتی تاکەکان، بە پێچەوانەی شیعرەکەی فریناندۆ باندینی «بەڵام هەموو شتێک گرانبەهایە»، میدیای کوردیی بۆ ئەوەی خۆی گەورە و گران و بایەخدار نیشان بدات دەست دەبات بۆ ریسواکردن و بێ بایەخکردنی هەموو شتێک، ئەگەرچی ئەو شتانە لە خودی خۆیاندا زۆر گرانبەها و بایەخداریش بن.

میدیای کوردیی لەبری جوانکردنی سبەینێ و داهاتوو، هەمیشە خەریکی بەرهەمهێنانەوەی ناشیرینییەکانی دوێنێ و رابردووە، لەبری نیشاندانی ئاسۆیەکی رووناک و گەش، بەردەوام جاڕی تاریکی و داخرانی هەموو دەرگاکانی ئومێد دەدات، ئەم میدیایە لەبری ئەوەی کار لەسەر بیناکردنەوەی کەسێتی تێکشکاوی کورد بکات، بە چەشنی داگیرکەرانی کورد هەموو رێگەیەک دەگرێتە بەر بۆ پتر تێکشکاندن و داڕووخاندنی ئەم کەسێتییە. میدیایەک ئێستا لە کوردستان کار دەکات لە باتی پەروەردەکردنی نەوەیەکی تەندروست و قسەکردن بۆ نەوەیەکی تازە پێگەیشتوو، هەمیشە دیرۆکە تاڵەکان وەک قەوان دەڵێتەوە و لە نێو زەمەنی نەوەکانی رابردوو گیری کردووە و ناتوانێ بێتە دەرەوە. ئەم میدیایە نەک ناتوانێت لەگەڵ زەمەنی تازە و رووداوەکانی رۆژدا وەک ئەوەی هەیە بڕوات، ناچار پەنای بردۆتە بەر گێڕانەوەی حکایەتەکانی دوێنێ و دیسان تەعمیمیان دەکاتەوە بەسەر ئەم ساتەوەختانەشدا. ئەم میدیایە نەک هێز و توانای شیکردنەوەی چەمک و ئەو رووداوانەی نییە لە دەوروپشتی روو دەدەن، ناچار فووی بە شەیپوری جەنگێکی تاکە کەسیدا کردووە و لەناو کورەی گەرمی ئەم میدیایە مافی تاکە کەس و ویژدانی تاکە کەس دەسووتێت و دەتوێتەوە، کەسیش رەخنەیەکی لەم سەرگەردانییە گەورەیە نییە!!.

ئێمە میدیایەکمان هەیە بۆ جوانکردنی خودی خۆی و بیر و ئەندێشە سیاسیی و فەرهەنگییەکەی کار لەسەر نابووتکردنی ئەویتر دەکات، ناچارە لە پێناوی خۆ

نواندنێکی فریشتەیی، بەرامبەرەکەی بە ئەهریمەن بکات. میدیایەکمان هەیە بۆ ئەوەی شوورەیی و کەموکوڕییەکانی داپۆشێ، دێت کەموکوڕیی و عەیبەکانی ئەویدی دێنێتە بەر باس، تەنانەت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە سڵ لە داتاشینی تۆمەتی ئاکارییش ناکاتەوە، وەک ئەوەی لە حاڵەتی گۆڤاری «جیهان»دا دەردەکەوێت، وەختێک سەرنووسەری ئەو گۆڤارە «نەبەز گۆران» ناتوانێت بەرگەی رەخنە بگرێت، ناچارە دەست بۆ ئابڕووی تاکە کەسێک رابکێشێت، ئەگەرچی ئەو تاکە کەسە گەلێک گومانی لەسەرە و زۆر کاری ناپەسەندیشی لە رێی میدیاوە ئەنجامداوە. ئێمە میدیاکمان هەیە دنیا و خودا و پێغەمبەر و فەیلەسووفەکانی داوەتە بەر نەشتەری رەخنە و تەنانەت جنێویان پێدەدات، بەڵام وەختێ رەخنە دێتە سەر خۆی باڵانسی تێکدەچێت، ئاگر دەگرێت و لە پەرچەکرداردا سڵ لە سووتاندنی تەڕ و وشک پێکەوە ناکاتەوە و بە جارێک قیامەت هەڵدەستێنێ. ئەم دۆخە، هەمان ئەو دۆخەیە پێش دوو ساڵ و نیوێک «بەختیار عەلی» پێناسەی کردووە، وەختێک دەنووسێت «قۆناغی ئەمڕۆی ئێمە کە لە ئاستی سیاسیدا قۆناغی رەزامەندیی نوخبەیەکی سیاسییە، کە بێ هۆ لە خۆی رازییە، قۆناغی تووڕەبوونی خەڵکانێکیشە تووڕەییان خاڵییە لە ئاسۆ و خاڵییە لە ئەڵتەرناتیڤ، لە ئاستی رۆشنبیریدا بۆتە ئەو قۆناغەی تێکستەکان و رستەکان و گووتارەکان بە وێڵی وبێ مانا و بێ یاوەر دەسوڕێنەوە، ئەو قۆناغەیە کە پەیامەکان دەڕۆن و هەرگیز ناگەنە وەرگر و گوێگرەکانیان، نووسین لە بۆشاییەکی قووڵ و پوچگەراییەکی بێ ئەندازەوە ئاڵاوە»(١).

میدیای کوردیی بە تایبەت رۆژنامە و گۆڤارەکان لەبەر بێ بابەتی و ئیفلاسیی بیرکردنەوە نەک ناتوانن رەنگێکی جوان بدەن بە ژیان و مانایەک بۆ وجودی مرۆڤی کورد بدۆزنەوە، تەنیا ئەوەیان لە دەست دێت پووچگەرایی و رەشبینیی بەرهەم بهێنن، ئاخر دروستکردنی رەشبینیی هەزار جار سووک و ئاسانترە لە گێڕانەوەی هیوا بۆ مرۆڤ. میدیای کوردیی چوونکە هەمیشە خۆی نارەنجێنێت و ئاسان کارەکەی بە دەستەوە دێت، پیشەی راگەیاندنی لە دەسەڵاتی چاودێریکەری گشتییەوە کردووە بە چاودێریکاری تایبەتیی و میکرۆسکۆبی چاودێریی خستۆتە تەنانەت سەر پەیوەندییە خێزانییەکانمان، لە چاوی زەڕبین ئاسایەوە بچووکترین مافی کۆمەڵایەتیمان کە کەس بۆی نییە دەستی تێوەردات سەیر دەکات و کیچێک دەکاتە گایەک و لەولاشەوە رووداوە گەورەکان وەک گەردەلوولێک تێدەپەڕن و

چاوی ئەم میدیایە توانای بینینی نییە و هیچیش لێی تێناگات. ئەگەر کەمێک لە هەندێک مانشێت و سەروتار و لیدی رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان وردبینەوە، تاکە راستییەک پێش هەر شتێک لێی تێبگەیت ئەوەیە: تاک ناتوانێت خاوەنی هیچ نهێنییەکی تایبەتی خۆی بێت، تاک هەمیشە موعەرەزە بەوەی مافە تاکە کەسییەکانی لەسەر رووپەڕی رۆژنامەیەک وەک تاوانێک پێ بفرۆشرێتەوە، موعەرەزە بەوەی ممارەسەکردنی مافە سەرەتاییەکانی وەک سکاندالێک لە گۆڤارێکدا بۆ بڵاو بکرێتەوە.

ئەم تێکەڵوپێکەڵی و سەرگەردانییە مەزنەی بەسەر میدیای کوردیی هاتووە، هەر تاکی رۆژنامەنووس و نووسەرەکان لێی بەرپرس نین، پێش هەر شتێک حکومەت و حزبەکان بەرپرسی سەرەکین، چوون حکومەت هیچ رێوشوێنێکی نییە بۆ پرسینەوە لە سووکایەتی بە مرۆڤی کورد، حکومەت و حزبەکان وەختێ گوشار دەخەنە سەر میدیاکان باسی خۆیان و کارەکتەرەکانیان کرابێت، لەوە بەولاوە مافەکانی تاکەکەس جێگەی بایەخ نەبووە بەلایانەوە، حزبەکان بە جۆرێکی تریش بەرپرسن چوون ئەوان لە پشتی ئەو لافاوە گەورەیەوەن لە رۆژنامە و گۆڤار ئەویش بە ئامانجی شەڕی سیاسیی و تاکە کەسی و دەستەگەریی و..تد. لە واقیعی حاڵیشدا بوونی لەشکرێک رۆژنامەنووس و لێشاوێک لە رۆژنامە و گۆڤار گەواهیدەری ئەو راستییەن، حزب و دەسەڵاتی کوردیی لە کاتێکدا باسی ئیتیکی رۆژنامەنووسی دەکات لە هەمان کاتدا خۆی فاکتەرێکی یارمەتیدەری ئەو بارودۆخەیە و بەشدارە لە بێ بەهاکردنی نووسین و وەرگێڕانی رەخنە لە مەعریفەوە بۆ شەڕە جنێو، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە «ئەوەی نووسرا، ئەو هێڵانە بۆ هەمیشە دەمێننەوە» (٢).

پەراوێز:

١-رۆژنامەی «هاوڵاتی»، ژمارە «٣١٣»، رۆژی ١٤-٢-٢٠٠٧.

٢- دەربڕینێکی ژنە رۆماننووسی ئەمەریکی «تۆنی مۆریسۆن»ە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧١٠»ی رۆژنامەی «کوردستان راپۆرت» لە رۆژی ٦-١٠-٢٠٠٩ بڵاوبۆتەوە.

# راگەیاندنی کوردیی لەنێوان شەرمنیی و بەربەستدا

زۆرجار گوێمان لەم دەستەواژەیە بووە: راگەیاندنی کوردیی راگەیاندنێکی شەرمن و تا رادەیەک سازشکارە!! هۆی ئەمەش لە بنەماوە بۆئەوە دەگەڕێتەوە پارتە رامیارییەکان راگەیاندنەکانیان مۆنۆپۆڵ کردووە. یان بە دیوێکی تردا ئەوەیە راگەیاندنی کوردیی خۆی راگەیاندنێکی حزبییە و گوێ رادەدێرێ بۆ تەوجیهاتی سیاسیی حزب، حزبی کوردیش لە حاڵەتێکی پڕ هەڵبەز و دابەزی سەرسوڕهێنەردایە. حزبی کوردیی لە چرکەساتێکدا شەڕی ناوخۆی بەرپا دەکات و هەر لایەنێکی جەنگاوەریش بە ناوی بەرگرییکردن لە (سەروەریی وڵات) و (پاکژکردنەوەی وڵات لە خیانەتکاران) هەوڵ دەدات بەرامبەرەکەی لەناو ببات، بە دوایدا راگەیاندن دەبێتە ئاوازژەنی جەنگ و جۆشدەری ئاگری شەڕی ناوخۆ و زمانی دەبێتە زمانی هەڕەشە و تیرۆر!!، موفەرەداتی دەبێتە قسەی ناشیرین و بازاڕیی.

لە قۆناغێکی دیکەدا کاتێک هەردوو لایەن ئاشت دەبنەوە و قۆناغی ئاشتەوایی نیشتمانی رادەگەیەنرێت، دیسان راگەیاندن هەر بە هەمان تەوجیهی حزب بانگەشەی ئاشتی و ئاشتبوونەوەی گشتیی دەکاتە وێردی سەر زمان، رۆژنامەکانیش تژیان دەبێت لە مانشێتی زەق و دیاری پڕ لە سۆز و وەلا و میهرەبانیی بۆ یەکتری. دەخوازم لێرەوە بڵێم راگەیاندن و رۆژنامەگەریی سەربەخۆ و لە دەرەوەی حزبەکان بوونی نییە، ئەو چەند دەنگە رۆژنامەوانییەی حاڵی حازر لە سەرهەڵدان و گەشەکردندان لەبەرئەوەی خودانی ئابوورییەکەی سەربەخۆ نین ناچارن بۆ بەردەوامیدان بە پڕۆژەکانیان تا رادەیەک سازش لەگەڵ دەسەڵاتداران و پارتە سیاسییەکان بکەن، ئەمەش گێجی سەربەخۆبوونیان دەهێنێتە خوارەوە. من بە شەخسی پڕۆژەیەکی

وەهام بەرچاو نەکەتووە خودانی ئابوورییەکی پێویست و سەربەخۆ بێت و لەم رووەوە نەگەڕابێتەوە بۆ پارتەکان و دەسەڵات، بێگومان ئەم گەڕانەوەیە (هەرچەندە ئارەزوومەندانەش بێت) چوارچێوە و قەید و بەند بۆ پڕۆژەکان دروست دەکات.

هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی لە رووی سیاسییەوە ئەو سەربەخۆییە بەدەست نەهێنن خودی رۆژنامەنووس و خاوەن پڕۆژەکان خوازیاری بوون و هەوڵیان بۆ داوە. ئەوەش لەولاوە وەستا بێت پارتە سیاسییەکان لە پرۆسەی کێشمەکێش و ململانێکانی خۆیان چەندین کەناڵی جیاوازی راگەیاندن و چەندین رۆژنامەی «زەرد»یان بە ناوی رۆژنامەوانی سەربەخۆوە دروست کردووە، تەنانەت زۆرجار چەند تەکەتولێک لە ناو یەک پارتی دیاریکراودا چەندین پڕۆژەی لەم چەشنە بۆ ئابڕووبردن و دژایەتیکردنی یەکتر قووت دەکەنەوە. ئەمەش وایکردووە راگەیاندن نەکەوێتە سەرپێی خۆی و نەتوانێ ئەو رۆڵ و ئەرکە ئەدا بکات لە واقیعدا کاری سروشتیی و ئەسڵی راگەیاندنە. من لێرەدا ئەم باسە ئیشکالاوییە جێدەهێڵم و لەسەر دوو خاڵی گرنگی سلبی بەردەم راگەیاندنی کوردیی دەدوێم ئەوانیش بریتین لە: شەرمنی و بەربەست.

یەکەم: شەرمنی: هەموو ئەو تێکشکانە گەورانەی نەتەوەی کورد لە مێژووی دێرین و نوێدا بەخۆیەوە دیوە، رەنگدانەوەی خۆی هەبووە لەسەر سرووشت و سایکۆلۆژیا و باری کەسایەتی تاکی کورد و وای لێکردووە هەمیشە خۆی بە کەم بگرێت و لە بەرامبەریشدا نەتەوەکانی دەرەوەی خۆی بە گەورە و زەبەلاح بێتە پێش چاو، ئەم خۆ بچووککردنەوەیە بە ئەندازەیەکە تاکی کورد گومان لە بوونی خۆی و پێگە و شارستانێتی دێرینی گەلەکەی دەکات لە مێژوودا، ئەمەش جۆرە شەرمنی و ئیدراکێکی بۆ دروستکردووە، لە هەمان کاتدا بۆتە گرفت و گرێیەکی دەروونی و نەخۆشییەکی سایکۆلۆجی درێژخایەن. دیارە هەمان قورسایی و کاریگەریی ئەو گرێیە لەسەر ئاستی راگەیاندن رەنگیداوەتەوە و مۆرکی خۆی لێداوە و قورسایی لەسەر داناوە و بۆتە بەشێک لە جەستە و زمانی راگەیاندنی کوردیی و فێری جۆرێک لە مجامەلەکردن و شەرمنیی کردووە.

لەو ساتەی گەمارۆ و گوشاری راستەوخۆی سیاسیی و راگەیاندنی عەرەبی لەسەر نەتەوەی کوردە و ئەو راگەیاندنە دەیەوێ کورد بکاتە هاوپەیمان و دۆستی ستراتیژیی جولەکە و دەوڵەتی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا (هەرچەندە نە عەیبە و نە

خراپ). من باشم وەبیرم دێتەوە موزیعەیەکی عەرەب جارێک بە (مام جەلال)ی گووت (ئێوەی کورد ئیسرائیلی دووەمن)! مام جەلال وەڵامێکی گونجاوی دایەوە و تۆپەڵێک قوڕی دا بەدەمیدا و گووتی (ئێمە فەلەستینی دووەمین).، بەڵام هێشتا ئەوان لەسەر ئەو جۆرە سیاسەتە چەواشەکارانە بەردەوامن و بۆ ئەو مەبەستەش سڵ لە هیچ درۆ و بوختان هەڵبەستنێک ناکەنەوە، بەڵام لە بەرامبەردا راگەیاندنی کوردیی و تیڤییە کوردییەکان لە پاڵ گۆرانییە بێ چێژەکانی (حاتەم عێراقی و ئەمەل خضیر) ی کۆنە گۆرانیبێژی بنەماڵەی سەدام، عەرەب بە برابەش و دۆست و هاوپەیمان دەزانن. راگەیاندنی کوردیی شەرمی کردووە لەوەی عەرەبەکان بەوە تاوانبار بکات خاوەنی دووجار ئەنفالکردنی کورد و هەزاران جار خاپورکردنی کوردستانن، شەرم لەوە دەکەن بیری عەرەبەکانی بهێننەوە بە ناوی ئیسلام و ئاینی نوێوە هاتن و شەرعییەتیان بە کوشتن داو کوردیان بە (کافر) لە قەڵەم دا و خوێنیان حەڵاڵ کردین و رێگەیان دا بە سوپای ئەعرابی غەزەواتچی بۆ تاڵانکردنی سەروەت و سامانی کورد و بە کەنیزەککردنی ئافرەتەکانمان و تاڵانکردنی ژێرخانی وڵاتمان و لەناوبردنی شوێنەواری شارستانێتی دێرینمان.

ئەوان (راگەیاندنی عەرەبی) بەبێ هیچ شەرمێک هانی گیانی تۆڵە و ئیرهاب و رەشەکوژکردن دەدەن و بەرگریی لە زەواهیری و نەسرولڵا و بن لادن و سەدام و موقتەدا دەکەن و ئامادەن هێرشە تیرۆریستی و تێکدەرەکانی گروپە تیرۆریستییەکانی وەک ئەلقاعیدە و سوپای مەهدی و میلیشای بەدر و سەدر بە بزووتنەوەی مقاوەمە بناسێنن. بەڵام (کوردسات و کوردستان تیڤی و ئەوانی تر) لەبری ئاشکراکردن و نیشاندانی زیاتری تاوانەکانی بەعس و سەدام دەرهەق بە کورد و هۆشدارییدان بە جیهان لە بارەی ستەملێکراویی کوردەوە، لەبری بە دیکۆمێنتکردنی تاوانە پڕ شەرمەزارییەکانی ٨٣ ساڵی رابردووی عەرەب لە عێراقدا، خەریکی کلیپکردنی گۆرانی عەرەبین و بە دەهۆڵ و دووزەلەی عەرەبی خەریکن هەستی کوردانەی ئێمە هەراسان دەکەن، تەنانەت لەبەر چاوپێکەوتنی گۆرانیبێژی عەرەب و (هونەرمەند) ی عەرەب و شاعیرەکانیان و چی و چی تریان ماوەیەک نەماوە بۆ هونەرمەندان و شاعیرانی کورد. جاران لە دوای دەنگوباس و هەواڵەکانی تەلەفزیۆنەکان وێنەیەکی تۆمارکراوی سلێمانی یان قەڵا و منارە یان دهۆکی رەنگین و زاخۆی دەلال نمایش دەکرا، بەڵام ئێستا لە سایەی (عێراقی هیوا و ئاشتی) و بەردەوامیی سیاسەتی عەرەباندندا بۆتە نمایشی بەسرە و موسڵ و بەغدا و حلە و واست، کار وا بڕواتە

پێشەوە دەبێت چاوەڕوانی نیشاندانی (عۆجە و تکریت)یش بین.

لەلایەکی تریشەوە ڕاگەیاندنی کوردیی لە بەرامبەر کێشە نێوخۆییەکاندا سەرباری شێوە ترسێک، هەست بە جۆرە شەرمنییەکیش دەکات، زۆرجار ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری کورد شەرمی لەوە کردووە هەڵوێستی خۆی و گۆشەنیگاکانی بێ پێچ و پەنا و شەفافی ئاشکرا بکات، من سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ لە کاتی تیرۆرکردنی کچە کوردێک لەلایەن باوکییەوە لە وڵاتی سوید (فادیمە شاهیندال) بەشێکی زۆر لە ڕاگەیاندنە کوردییەکان تێکۆشان ئەم کوشتنە ناموسییە هۆیەکانی بۆ کولتورێکی مستەورەد و خوازراو و بێگانە بگەڕێننەوە و بیخەنە دەرەوەی بازنەی ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی کوردیی، ئەمەش لەو شەرمەوە سەرچاوەی گرتووە تا بیانییەکان هەست بەوە نەکەن کوشتنی ژن بەشێکە لە دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردستان، ئەمە لە خۆیدا ئەمە کارێکی ناڕەوایە و فووکردنە بە کوشتن و لەناوبردنی فیزیکیی ژناندا. یان من زۆرجار دیقەتم داوە ڕۆژنامەنووسێک خۆی زۆر بچووک دەکاتەوە لە بەردەم بەرپرسێکی سیاسیدا و بە زمانێکی پڕ لە وشەی ئەدەبی و نەرم و شەرمەوە مخاتەبەی دەکات، دیسان ئەمەش نموونەیەکە لە شەرمنی و خۆ بچووک نیشاندانی کادری ئیعلامی کوردیی و یەکێکە لە ئەدگارە نێگەتیڤەکانی بواری ڕۆژنامەوانی و کاری ڕاگەیاندن.

دووەم: بەربەست: لێرەدا بەربەست بە تەنیا بە مانای بەربەستی سیاسیی نییە کە دەسەڵاتی سیاسیی دروستی دەکات، بەڵکو مەبەست لە هەر جۆرە بەربەستێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییە، هەروەک لە پێشەکییەوە تیشکم خستۆتە سەر، لایەنی ئابووری بنەما و جومگەیەکی سەرەکی بەڕێوەبردنی کاری میدیاییە، چون ڕاگەیاندن هاوکات بەشێکە لە پرۆژەی بازرگانی (ئەم بازرگانییە لە وڵاتی ئێمە هێشتا گەشەی نەکردووە). ئەگەر ڕۆژنامەکان وەک نموونە وەربگرین، یەکێک لە بەربەستەکانی بەردەمی پێشڤەچوون و گەشەکردنی فاکتۆری ئابوورییە، هەر لەبەر ئەوەش ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە ئاستی حەز و ویستی جەماوەردا نەبووە، ئەمە جگە لەوەی هەم هۆشیاریی و ڕۆشنبیریی خەڵک بەو شێوەیە نییە خوێنەری بەردەوامی ڕۆژنامە بێت. فرۆشی ڕۆژنامەکەمان زۆر کەمە و وەک پێویست نییە، یان ئەو تیراژەی چاپی دەکەن بەشێکی زۆری لە زیاندایە کە لە خۆیدا ئەمە بەربەست و ڕێگرێکی سەرەکییە، لەولاشەوە سەرمایەداری کورد ئەگەر لە شێوە کلاسیکییەکەشیدا

بوونی هەبێت ئەوە زۆر لەوە کاڵفامتر بووە خاوەنی پڕۆژەی میدیایی بێت، کەرتی تایبەت تازە خەریکە گەشە دەکات و پڕۆژە بازرگانییەکی خۆی گەشە پێدەدات نەک خاوەنی کەناڵی ڕاگەیاندن نین وەک ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆیان، بەڵکو دژایەتی ڕۆژنامەنووس و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەن و ڕۆڵی چاودێریی میدیا بە دژایەتیکردن و زیان لێدان تێدەگەن، لەبەرئەوە کاڵفامی ئەوان وای کردووە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بەردەوام لە قەیرانێکی کوشندەی ئابووریيدا بژی.

بەربەستی کۆمەڵایەتی زۆرە و من نامەوێ شت دووبارە بکەمەوە، بۆ خۆتان دەیبینن ڕۆژنامە و میدیا بە گشتیی لە کوردستان لەبەردەم چ ئاستەنگ و بەربەستێکی کۆمەڵایەتیدایە. دەسەڵاتی سیاسیش لەمپەر و ئاستەنگ دروست دەکات لە بەردەم ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و ناچاریان دەکەن سنوور و هێڵی سووری دەسەڵات نەبەزێنن، چوونکە ئەمە «ئاکامێکی خراپی» لێ دەکەوێتەوە!، زۆرجار ئازار و نیگەرانی بۆ ڕۆژنامەنووسێک دروست دەکەن بە تۆمەتی ئەوەی نووسینەکانی بۆتە هۆی ئاڵۆزکانی ڕەوش و تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی کورد!!. زۆر جار لێکۆڵینەوەی ورد لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێک دەکرێت، کارەکانی چ قازانجێک یان زیانێکی هەیە و تاکو چەند سومعەی دەسەڵاتی کوردیی بەرز دەکاتەوە هتد.. بە هەرحاڵ بەربەست و ڕێگریی بێ مانا دروست دەکرێت بۆ ڕۆژنامەنووسان، گوشاری مادديی و دەروونیی و ڕۆحی دەخرێتە سەریان تاکو لە بازنەی بەرژەوەندییەکانی حزبەکان نەچنە دەرێ و تەسلیم ببن جا بە خۆشی بێت یان بە زۆر و ناچاریی. کەچی لەولاوە پێشوازیی گەرم لە ڕاگەیاندنە عەرەبییەکان دەکەن، زۆر سەرکردە هەن ئامادە نین هیچ لێدوانێک بۆ ڕۆژنامەنووسانی کورد بدەن، کەچی بەردەوام لەبەردەم مایکی کەناڵە عەرەبییەکاندا ئامادەن و هیچ کێشەکیان نییە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کە زۆر پرسیاری ئیحراجی وەهایان تێدایە ئارەقی شەرمەزرایی بە کاکی بەرپرس دەڕژێن!!، ئەمە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێکی کورد پرسیاری لەو جۆرە بکات مەگەر خودا بزانێت چۆن بەسەریدا دەشکێتەوە؟.

لە یادمە سێ ساڵ لەمەوبەر ستافێکی کەناڵێکی عەرەبی (وا بزانم جەزیرە بوو) هاتن بۆ سلێمانی و هەر خوا دەزانێ چییان بۆ کرا؟ خەریکبوو فەرشی سوریان بۆ ڕابخەن و باشترین میوانداریی و خزمەت کران و لە ڕاقیترین هۆتێل و ڕێستۆرانتەکانی ئەم شارە حەوانەوە و هەر شەوێک لە میوانداریی و خوانی بەرپرسێکی حکومی و

حزبیدا رۆژیان دەکردەوە، کەچی ئەو نمەک حەرام و خوا نەناسانە هەر گەڕانەوە بۆ ولاتەکەیان لەو راپۆرتەی لەسەر شاری سلێمانی ئامادەیان کردبوو، وێنەیەکی پۆخلەوات و حاویەکەی بەر بەلەدییەکەیان نیشاندا‌ین کە مێش و مەگەزی دنیا تێی ئالابوو، لەگەڵ دیمەنی ئەو شوێنانەی دوور بوون لە خزمەتگوزاریی، ئەمەش بۆ ئەوەبوو لە نرخ و پلە و پایەی شارەکە کەم بکەنەوە کە بە شارێکی راقی و شارستانی و رۆشنبیریی ناسراوە. کەچی راگەیاندنکاری کورد بە حەوت پرسگە و حەفتا رۆژ ناگاتە لای وەزیرێک، یان ئەگەر رەخنە لە کەموکوڕییەکان بگرێ و بە ئاڕاستەی ریفۆرمکردندا بیخاتە پێش چاو دەبێتە دوژمنی حکومەتە ساواکە و بارانی غەزەب و نەفرەتی بەسەردا دەبارێت. لەو بڕوایەدام سەرچڵییەکی زۆر گەورەیە رۆژنامەنووسانی کورد بتوانن بە سەربەخۆیی و دوور لە چوارچێوەکانی دەسەلات کار بکەن و زال ب□بن بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا، سەرچڵییەک دیدالیۆس بە فڕین بە ئاسماندا تا چەقی خۆر تۆماری کرد.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٧٨)ی رۆژنامەی (پارێزگاران) لە رۆژی ٢٠٠٤\٨\١٥ بلاوبووەتەوە.

# راگەیاندنی عەرەبی و کوشتارگەلی رۆژئاوای کوردستان

زۆر وتراوە دەربارەی راگەیاندن و میدیای عەرەبیی و رۆڵی ئەو میدیایە لە چەواشەکردنی رای گشتیی و وروژاندنی هەستی دەمارگرژیی نەتەوەیی عەرەب و بەرهەمهێنانی شۆڤێنیزم و ئیسلامگەرای رادیکاڵ و توندڕەو. خودی نەتەوەی عەرەب بە درێژایی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی هەر لە سەردەمی دەوڵەتی خەلافەتەوە تا هەنووکە نەخشە و پرۆتۆکۆلی دۆزەخی پێبووە بۆ مرۆڤایەتی، هەمیشە هەوڵی داگیرکردن و سڕینەوەی گەلانی دەوروبەری و بە عەرەبکردنی نیشتمانی میللەتانی تری داوە، ئەو نەتەوە عەرەبەی بەر لە هاتنی پەیامبەر (محەمەد) تەنیا و تەنیا لە بیابانە کاکی بە کاکییەکانی نەجد و حیجازدا دەژیان توانییان لە رێگەی غەزەواتی ئیسلامییەوە ئەو خەونەی خۆیان بهێننەدی و گەشە بکەن و بە جۆرێک فراوانخوازیی بکەن پەل بەهەر چوار لادا دابکوتن.

ئەمڕۆش راگەیاندنی عەرەبیی بەشێوەیەکی سیستماتیک و بابەتیانە کار دەکات لەسەر زیندووکردنەوەی ترادیسیۆن و هەستی فتوحات و جیهاد و دەمارگرژیی، ئەم جارەیان بەشێوەیەکی گشتیی لە دژی خۆرئاوا و هاوپەیمانەکانی لە رۆژهەڵات کار دەکات تاکو ئەوەی ئەم فۆرمە راگەیاندنە فاکتۆرێکی گرنگی بەرهەمهێنانی فۆبیایەک بووە بە ناوی فۆبیای رۆژئاوا بە گشتیی و ئەمەریکا بە تایبەتی. هەردەم ئەم راگەیاندنە دەیەوێت وێنایەکی قێزەون و دزێوی ژیار و شارستانی پێشکەوتووی خۆرئاوا نیشان بدات، دواجاریش هەموو نەهامەتییەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بخاتە ئەستۆی ئەوەوە، ئەم راگەیاندنە رۆڵێکی نێگەتیڤی گێڕاوە لە دروستکردنی دیوارێکی ئەستوور لەنێوان ژیاری رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی و یەکێکە لە لەمپەرە بنەڕەتییەکان

لە بەردەم دروستبوونی دیالۆگی ئەقڵانیی نێوان ئەم دوو جەمسەرە (ڕۆژهەڵات\ ڕۆژئاوا).

بە پێچەوانەوە ئەم میدیایە کار لەسەر ئەوە دەکات وێنەی هەرچی لایەن سلبییەکانی کۆمەڵگەکانی خۆرئاوایە بگوازێتەوە بۆ دنیای ڕۆژهەڵات و کەلێن دروست بکات لەنێوانیان بە مەبەستی دوورکەوتنەوەیان لە یەکتری، بۆیەکا لە ژێر کاریگەریی ئەم تەرزە ڕاگەیاندنە تاکی عەرەبی وەک ئەهریمەن لە هەر تاکێکی خۆرئاوایی دەڕوانێت، چوونکە ئەو ئەندێشەیەی لەلا دروست کراوە خۆرئاوا کۆمەڵگەیەکی (ئاژەڵیی)* پریمیتیڤە تیایدا هەموو بەها بەرز و جوانەکان و لایەنە ڕۆحی و مرۆڤدۆستییەکان هەرەسیان هێناوە و لە بەرامبەریشدا دنیای ئیسلامی بەو دنیایە وەسف و پەسن کراوە جیهانێکە پڕ لە میهر و سۆز و سەرزەمینی فریشتەکانە، بە دیتنی ئەو ڕاگەیاندنە ڕێگای لێک نزیکبوونەوەی ئەم دوو دنیایە هیچی تر نییە لە خەونێکی بەدینەهاتوو و وەهمێکی بەتاڵ.

ئەم ڕاگەیاندنە ئاینی ئیسلامی کردووەتە مەرجەعی خۆی و بە فۆرمێکی زۆر نادروست کار لەسەر کەلەپووری ئیسلام و تێکستە قورئانییەکان دەکات، بۆ نموونە ڕاگەیاندنی عەرەبیی ڕۆڵی نەرێنی گێڕاوە لە پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی کردەوەگەلی توندوتیژیی لە فەلەستیندا لە ڕێگەی بەکاربردنی دەستەواژە و چەمکی جیهاد و شەهیدبوون و ژیانی هەتاهەتایی پڕ لە چێژی دوای مەرگ و بەهەشتی ڕازاوەی خواوەند. ئەم حاڵەتەش زادەی ئەو ئەقڵییەتە عەرەبییەیە ناتوانێت بەبێ ئیسلام بوونی خۆی بسەلمێنێت، چوونکە عەرەب تەنیا ئیسلامی هەیە و شوناسێک ئەگەر عەرەب هەیبێ و پێی بناسرێتەوە ئاینی ئیسلامە، بۆیە بەبێ هۆ نییە دەسەڵاتی بەعس لە عێراقدا گەورەترین ئۆپەراسیۆنی ئاپارتاید و ژینۆسایدی گەلی کورد لە باشوور ناو دەنێت (ئەنفال) لە کاتێکدا ئەنفال ناوی سورەتێکە لە کتێبی قورئاندا.

بێ هۆ نییە ئاوەز و سیاسەت و فیکریی عەرەبیی ناتوانێت دەست لە ڕابردوو هەڵبگرێت و لە چوارچێوەی ئەو نوستالیژیا کوشندەیە خۆ دەرباز بکات! دواجاریش ئەم ڕابردووخوازییە لەنێو بواری کاری ڕاگەیاندندا ڕەنگی داوەتەوە و مۆرکی خۆی داوە لێی. وەختێک لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەو کوشتارە گەورەیەی کورد ڕوویدا جێی سەرسوڕمان و تێبینی و شۆک نییە ڕاگەیاندنی عەرەبیی تەنها وشەیەکیشی لەبارەوە نەدرکاند، چوونکە ئەو ڕاگەیاندنە لەسەر میتۆد و لۆژیکی ئەو پەندە

پێشینانە عەرەبییە دەڕوات بەڕێوە کە دەڵێت (انصر اخاک ظالما او مظلوما). گەر ئەوان کار بەم پەندە ناکەن و پێوەی پابەند نین بۆچی کاتێک تیرۆریستێکی وەک (ئەحمەد یاسین)ی سەرۆکی حەماس بە موشەکی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکوژرێت دەیکەنە هەرا و هوریایەک ئەو سەری دیار نەبێت؟ بەشێوەیەک باسی ئەو توندڕەوە ئیرهابییە دەکەن کە دەبێت (گاندی و ماندێلا و بیسمارک) سەری رێز و نەوازشی بۆ دانەوێنن، لە بەرامبەریشدا چاو دەنوقێنن لە کوشتارگەلی کوردەکانی رۆژئاوا لەسەر دەستی رژێمی بەعس لە سوریا!!.

ئەوەی لە ماوەی ئەم چەند رۆژەدا لە قامیشلۆ و حەسەکە و عفرین و عامودە و حەلەب روویدا چی کەمتر نییە  لە سەبرا و شاتێلا کە هەموو عەرەب وەکو سیمبولی ستەملێکراویی گەلی عەرەب بۆی دەڕوانێت!! بۆچی ئەوی یەکەمیان لە بیر بکرێت و بخرێتە پەراوێزەوە و ئەوی دووەمیان ئامادەیی و بەردەوامیی هەبێت لە زاکیرە و یادەوەرییدا؟ ئاخۆ هەردوو رووداوەکە لەلایەن دوو دەوڵەتی دەمارگرژی توندڕەوەوە ئەنجام نەدراون؟ ئەوان بۆچی بریندابوونی منداڵێکی عەرەبی عێراقی لە کاتی پرۆسەی ئازادیی عێراقدا دەکەنە مانشێتی یەکەمی هەواڵ و بە بەردەوامیی لە شاشەی TV و رووپەڕی رۆژنامەکانەوە وێنەکەی وەکو قوربانییەکی جەنگ بڵاو دەکەنەوە؟ ئەی بۆچی ئاوڕ لە رۆژئاوای کوردستان نادەنەوە چلۆن بە تانک و زرێپۆش و ئاگر و ئاسن، خوێن و گۆشت و ئێسقان و فرمێسک تێکەڵاوی یەکتر دەکرێن؟.

ئەگەر ئەم راگەیاندنە دەیەوێت ئەو کارەساتە و بوونی نەتەوەیەک بچووک بکاتەوە ئەوە تووشی هەڵەیەکی گەورە بووەتەوە، چوونکە ئەو نیشتمانەی بە زۆر بە عەرەبی کراوە لە بەردەم هەڵئاوسانێکی گەورەدایە و پێدەچێت ئەمڕۆش نەبێت سبەی لە بەریەک هەڵبوەشێتەوە بە تایبەتی لە هەلومەرجێکدا قیبتییەکان لە میسر و کوردەکان لە عێراق و لوبنان و سوریا، ئەمازیخی و بەربەرەکان لە جەزایر و مەغریب و گەلی مەسیحی دارفۆر لە باشووری سودان دەچەوسێنرێنەوە و توانای پێکەوە ژیان و هەڵکردنیان دەگەڵ عەرەبان نەماوە. بۆیەکا دەبێت و پێویستیشە لە بەرامبەردا راگەیاندنی کوردیی ئەرکێکی گەورە بگرێتە ئەستۆی خۆی و ئەجێندا و پلانی گونجاوی هەبێت بۆ ناساندن و گەیاندنی چەوساندنەوەی مێژووی گەلی کوردستان بە هەموو لایەکی دنیا و ناساندن و شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی

دۆزی کورد بۆ سەرجەم گەلانی دنیا.

*ئـەم وشـەیە زاراوەیـەکـی زۆر ناشرینە بە تایبەتی لـەلایـەن ئیسلامیستە بونیادگەرەکانەوە لە بەرامبەر ژیاری خۆرئاوا بەکاردەهێنرێت، کتێبەکانی (سەید قوتب، فەتحی یەکون، بن باز، سەید سابق، محەمەد جەمیل زینۆ هتد...) تژیەتی لە وشەی لەم جۆرە.

*ئـەم وتـارە لە ژمـارە (١٣)ی رۆژنـامـەی (زادگـە) لە رۆژی ٢٠٠٤\٣\٢٥ بڵاوبووەتەوە.

# ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردیی لە بەرهەمهێنانی کولتووری لێبووردندا

**من پێتان دەڵێم دوژمنەکانتان خۆش بوێت، چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێتان دەبێتەوە، داوای پیرۆزیی بکەن بۆ ئەوانەی نەفرەتتان لێدەکەن، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی خراپەتان بەرامبەر دەکەن، ئەوەی زللەیەکی کێشا بە لایەکی ڕومەتتدا لایەکی تریش بۆ ڕابگرە.. ئەگەر هاتوو بە تەنیا هەر ئەوانەتان خۆشبوێ کە خۆشیان دەوێن کەواتە چ چاکەیەکتان کردووە؟ تەنانەت گوناهبارانیش ئەوانەیان خۆشدەوێ کە خۆشیان دەوێن، بۆیە من فێرتان دەکەم هەموو ئەوانەشتان خۆشبوێ تەنانەت ڕقیان لێتانە**

ئینجیلی لۆقا ٦\٢٧- ٣٣

لە دوای ئەو هەموو سەرکەوتنە گەورانەی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ و بەرپابوونی مەزنترین شۆڕش لە بواری پەیوەندییەکاندا، ڕاگەیاندن نەک دەسەڵاتی چوارەم نییە و لە دوای هەرسێ دەسەڵاتەکەی ترەوە (یاسادانان، ڕاپەڕاندن، دادوەریی) نایەت بەڵکو لە سەردەمی شۆڕشی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخدا وەک بیرمەندی ناسراوی ئەمەریکی (ئالڤین تۆفلەر) ناویناوە شەپۆلی سێیەمی ژیاری مرۆڤایەتی، دەسەڵاتی یەکەمە و چاودێرە بەسەر هەر سێ دەسەڵاتەکەی ترەوە. خۆی لە خۆیدا ڕاگەیاندن میکانیزمێکی کارای دروستکردنی ڕای گشتیی و وروژاندنی کێشە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگەیە و ئاڕاستەکردنیانە بە شێوازێکی فۆرمۆڵەکراو، ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ و ئەکتیڤی هەیە لەنێو تەواوی کایە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتی هاوچەرخدا. ڕاگەیاندن وەک هەموو شتەکانی تری بوون دەتوانرێت بەشێوەیەکی زۆر لاستیکی

و مەتاتی بەکاربهێنرێت و ئاڕاستە بکرێت هەروەک چۆن دەتوانرێ لە بەرهەمهێنانی توندوتیژیی و هـزری تاناتۆسیدا بەکاربهێنرێت بە هـەمان شێوە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لە دروستکردنی هزری ناتوندوتیژیی و تەساموح و ئاشتەواییدا.

یەکێک لەو شتانەی دەکرێت باسی لێوەبکرێت رۆڵی راگەیاندنی کوردییە لە بەرهەمهێنانی کەڵچەری لێبوردەیی و هەروەها بە پێچەوانەوە، بۆ نموونە زمانی راگەیاندنی کوردیی لە قۆناغی خەباتی شاخدا زمانێکی توندوتیژە و پڕە لە هەستی تۆڵەسەندنەوە، ئەمەش پەیوەندیی بەو واقیعە بە زۆر داسەپێنراوەوە هەبوو بەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا سەپابوو، تیایدا هەموو کەناڵەکانی دیالۆژ و گفتوگۆ گیرابوو بۆیە بە ناچاریی تاکە رایەڵێک بتوانێت خەباتی خۆی لێوەی کەناڵیزە بکات بریتی بوو لە شێوە خەباتی چەکدارانە و پارتیزانانە، بێگومان ئەم خەباتەش بەتاڵ نییە و نەبووە لە بەکاربردنی توندوتیژیی و گیانی تۆڵەسەندنەوە، هەرچەندە ئەمە لە ژێر کاریگەریی حاڵەتێکی دیفاکتۆ و بەزۆر داسەپێنراودا بووە، بەڵام لەو جێگەیەی زمانی پێکەوە هەڵکردن و گفتوگۆ دەوەستێت تەنیا زمانی توندوتیژیی و کینە و جەنگ رۆڵی تێدا دەگێڕێت و کاراکتەرەکانی جەنگیش کاراکتەرێکی توندوتیژ و تۆڵەئەستێنن.

دوای راپەڕین دیسان شەڕی ناوخۆ حاڵەتێک بوو سەرباری هەموو دەرهاویشتە و پەرچەکرداره نێگەتیڤەکانی ئەو شـەڕە، رۆڵی گرنگی گێڕا لە تۆخکردنەوە و پەرەپێدانی نەریت و هزری توندوتیژیی کە دووبـارە راگەیاندنی کوردیی رۆڵی نەرێنیی گێڕا تیایدا و کۆمەکی زیاتری کرد بە خۆشکردنی ئاگری بەتینی ئەو شەڕە. رەنگە لەم چرکەساتانەشدا راگەیاندنی کوردیی بە شێوەیەک لەشێوەکان رۆڵی هەبێت لە بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە نەریتەدا، بۆ نموونە ئەگەر بە وردیی تێبینی راگەیاندنی بینراوی (تیڤییەکان) کوردیی بکەین ئەو راستییەمان لەلا گەڵاڵە دەبێت ئەو جۆرە میدیایە نەک بەشێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو و بابەتیانە پەرەی بە هزری تەساموح و پێکەوە هەڵکردن نەداوە بەڵکو ئامڕازێکە بۆ دروستکردنی توندوتیژیی و نەریتی تاکڕەویی و تۆتالیتارییەت.

ئەگەر سەیری کەناڵە (تیڤی)یە لۆکاڵییەکان بکەین و ئەو فیلمانە وەربگرین بە نموونە شەوانە پێشکەشی بینەرانی دەکـەن، ئەو راستییەی سـەرەوەمـان بۆ دەسەلمێنن، چوونکە تەواوی ئەو فیلمانەی نمایش دەکرێن فیلمی ئاکشن و پۆلیسیی

و مافیاین، کە کاریگەریی نەرێنی زۆری هەیە لەسەر پەروەردەی نەوەی نوێ و تازە پێگەیشتوو، هانیان دەدات بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو جۆرە نەریتە سینەمایانە بە تایبەتی لە کاتێکدا کاراکتەری سەرەکی فیلمەکە (پاڵەوانی فیلم) لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژیی و هێزی فیزیکیی و چەکی تەکنۆلۆژییەوە دەتوانێت زاڵ ببێت بەسەر دوژمنەکانیدا، ئەمە دواجار نەک ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر ئەندێشەی لاوان و هەرزەکاران هەیە بەڵکو ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە و ڕایاندەهێنێت لەسەر نەریتێک هەمیشە لە ڕێگەی توندوتیژیی و بەکاربردنی هێزەوە بوونی خۆیان بسەلمێنن و کێشەکانیان و جیاوازییەکانیان لەگەڵ نەیارەکانیاندا یەکلایی بکەنەوە.

کەچی لە بەرامبەردا ئەم ڕاگەیاندنە ناتوانێت ئیستیعابی گرتەیەکی ڕۆمانسیی و گۆڕینەوەی هەستی نێوان دوو ڕەگەزەکە بکات!! یان هەمیشە خۆی لا دەدات لە هەر جۆرە فیلمێک ئەگەر تەنیا یەک گرتەی بۆرنۆی تێدا بێت، چوونکە ئەو ڕاگەیاندنە پێیوایە ڕەمەکی گشتیی خەڵک ناتەبا و پێچەوانەی ئەوەیە، خەڵک ئیرۆسییەتیان خۆشناوێت و باوەش دەکەن بە تاناتۆسدا!،. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت هەموو ئەو ئەقڵییەتانەی لە پشتی ڕاگەیاندنی کوردییەوەن خاوەنی باکگراوەندێکی مەعریفی قووڵ نین و دوورن لەو بوارەی کاری تێدا دەکەن، تەنانەت سەرەتایترین هۆشیارییان لەو بوارەدا نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو ئەوانە نوێنەر و دەمڕاستی پارتەکانیان لە نێو کایەکەدا و ئەو بوارەیان مۆنۆپۆڵ کردووە بۆ تەوجیهاتی حزبەکانیان و لە قاڵبدانی کۆمەڵگە لەسەر وێنا و قاڵبی حزبەکانیان. من بە دووری ناگرم نەوەیەک بێتە بوون بە هەمان شێوەی نەوەکانی پێشوو بە ڕێگای توندوتیژییدا بڕوات!، چوونکە هێزێک نییە بتوانێت گۆڕانکارییەکی جەوهەریی دروست بکات لە کولتووری باودا کە هەڵگری دەماری توندڕەویی و توندوتیژییە و مەودای زۆری تێدایە توندوتیژیی لێوەی گەشە بکات.

لێرەوە دەبینین ڕاگەیاندن ئەرکێکی گەورە و مێژوویی دەکەوێتە سەرشان بە ئاقاری پەرەدان بە فیکری تەساموح و ناتوندوتیژیی، دووبارە پێویستە ئەم ڕاگەیاندنە ئەقڵییەتێکی پسپۆر و ئەکادیمی لە پشتییەوە بێت توانای هەبێت سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگە و سایکۆلۆژیای تاکەکانی ناوی بخوێنێتەوە و لێی تێبگات، هەر لەوێشەوە کاری لەسەر بکات بە ئاڕاستەی کولتووری لێبووردندا بیبات. قۆناغی ئێستا قۆناغی

بنیادنانەوەی عێراقێکی نۆرماڵە کە هەموو ئیتنیک و نەتەوە جیاوازەکان پێکەوە ڕۆڵیان دەبێت لە وێناکردنەوە و دروستکردنەوەیدا، ئەم کولتوورە گەورەترین و بنەڕەتیترین میکانیزمی یارمەتیدەرە بەو ئاڕاستەیەدا بە تایبەت لە کاتێکدا لە ماوەی مانگی رابردوودا دوو کۆنگرەی گرنگ لە کوردستان بەستران، ئەویش کۆنگرەی دایەلۆگی کوردیی\ عەرەبیی و کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی بوو کە هەردووکیان کورد تیایاندا دەستپێشخەر بوو.

دەبێت هۆشیارییەکی گشتیی و جەماوەریی دروست بکرێت تاکو ڕۆڵی هەبێت لە پراکتیکردنی ئەو جۆرە کولتوورە کە دواجار هەموومان لە ڕێگەی پەیوەندییەکی هاوبەش و دۆستانەوە بە شێوەیەکی ئاشتییانە لەنێو عێراقدا ممارەسەی ژیان بکەین، لە هەمان کاتدا ڕێگە بگیرێت لە هەر تۆڵەسەندنەوەی کوێرانە و سەربەخۆی هاوولاتیان کە رەگەزێکی ئەم کولتوورەیە (کولتووری باو) لێرەشەوە ولات دەپارێزرێت لە ئاژاوەی تائیفی و ئایینیی و نەتەوەیی لە عێراقی سبەینێ دا!!. دەبێت لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت تەساموح بەو مانایە نییە تاوانبارانی گۆڕی بە کۆمەڵ و ئەنفال و کیمیایی و سانسۆر و سەرکوت دەکەونە بەر بارانی رەحمەت (عفا الله عما سلف) بە قەدەر ئەوەی مەبەست لەوەیە دەبێت بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەم کەسانەدا بکرێت و بدرێنە دەست یاسا و دادگا و پرۆسێسی دادگاییکردنەکەش لەسەر پرنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتییەکان بەڕێوە بچێ، چوونکە کردەوەگەلی تۆڵەسێنانەی سەربەخۆ دەبێتە گەورەترین مەترسیی بۆ دواڕۆژی عێراق. مادام هیچ بڕیارێکمان نییە بۆ جیابوونەوە لە عێراق، پێویستە ئێمە وەک کورد کار بکەین بۆ بیناکردنی کولتووری تولێرانس نەک بیناکردنەوەی دامەزراوە دەوڵەتییەکان.

لێرە جارێکی تر ئاماژە دەدەم بەوەی ناکرێت بە ناوی لێبوردەیی و تەساموحەوە راگەیاندنی کوردیی گوێ لە تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە و ئازار و کۆژانەکانی گەلی کوردستان بخەوێنێت و نەیکاتە گرنگترین و میحوەریترین بابەتی خۆی، چوونکە ئەو رووداوانە گەورەترین برینن لە قووڵایی مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا و دەبێت هەر وەکو هۆلۆکۆستی جولەکە و کۆمەڵکوژیی ئەرمەن بۆ هەتا هەتایی بە زیندوویی لە خەیاڵدانی نەوەکانی داهاتووی کورددا بمێنێتەوە. لەبەرئەوەی ئەم هاوسەنگیی راگرتنە گەلێک هەستیار و ئاڵۆزە دەبێت راگەیاندنی کوردیی بە ئاگاییەکی زیاترەوە

مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بە جۆرێک کار بکات لە هەموو ئاستەکاندا رۆڵی هەبێت هەم لە دروستکردنی نەریتی نەرمونیانی و ناتوندوتیژیی هەم ئەو یادەوەرییە تاڵانە لە بیر نەکات.

*ئەوەی هانیدام ئەم بابەتە بنووسم سازدانی هەردوو کۆنگرەی دیالۆگی عەرەبیی\ کوردیی و ئاشتبوونەوە بوو کە لە مانگی رابردوودا لە شاری هەولێر سازدران، کەچی راگەیاندنی کوردیی ئەم هەڵەی نەقۆستەوە بۆ ئەوەی کەمپینێکی راگەیاندن بەرپێبخات بۆ قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە و روونکردنەوەی گرنگیی بەستنی کۆنگرەی لەو جۆرە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١٤)ی رۆژنامەی (زادگە) لە رۆژی ٢٠٠٤\٤\١٠ بڵاوبووەتەوە.

# لڤین نیشانەی فەوزای ڕۆژنامەگەریی کوردییە

برادەرانی «لڤین» لە ژمارە «١٣١» گۆڤارە گومانلێکراو و بێسەر و بەرەکەیاندا ڕاپۆرتێکیان بە ناونیشانی «کێ لە پشت فەوزای ڕۆژنامەگەرییەوەیە؟» بڵاو کردۆتەوە، ئەگەرچی لەوێدا کۆمەڵێک درۆ و چەواشەکارییان سەبارەت بە هەندێک دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاوکردۆتەوە، لە هەمان کاتدا هەوڵدراوە کۆی ئەو میدیایانەی دەرەوەی خۆیان بخەنە ژێر گومانی گەندەڵیی، بەوەی ژمارە و بڕی ناراستیان لە بودجەی بەشی زۆری ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا نوسیوە. من نامەوێ بچمە سەر ئەوەی کێ پارە لە حکومەت وەردەگرێت و کێی تر وەریناگرێت، چوونکە بە بڕوای من پارە وەرگرتن لە حکومەتی هەرێم کە حکومەتێکی شەرعییە و لە ئاکامی هەڵبژاردن و دەنگدانی خەڵکەوە هاتۆتە بەرهەم، هیچ نەنگیی و شەرمەزارییەکی تێدا نییە، بە پێچەوانەوە شەرمەزاریی ڕاستەقینە ئەوەیە کەس نەزانێت لە کوێوە پارە وەردەگریت و ئاخۆ کام دوژمنی سیاسیی کورد برادەرانی «لڤین»ی دژی ئەزموونی کوردستان قورمیش کردووە؟. ئەوە هیچ کات شەرمەزاریی نییە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی یان دارایی حکومەتەکەی خۆت تەمویل بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی سیاسیی یان ڕۆشنبیریی وەربگریت، هێندەی ئەوە نائەخلاقییە لەم دەوڵەت و لەو ڕێکخراوی بیانیی گومانلێکراو دەست پان بکەیتەوە. پاشان لەوە بگەڕێ، ئەوەی برادەرانی لڤین ئاشکرایان کردووە کە زۆرێک لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی هەرێم لە حکومەت پارە وەردەگرن، دوو هەقیقەتی گرنگی بۆ ئێمە و تێکڕای خەڵکی کوردستان ئاشکرا کردووە.

یەکەم: ئەو ڕاپۆرتە هەر خودی ئیدعاکانی پێشووی گروپی لڤین بە درۆ دەخاتەوە وەک ڕایاندەگەیاند زۆرینەی میدیاکانی کوردستان میدیای حزبین، بەڵام بێ ئەوەی دوێنێیان لە بیر بێ چییان وتووە، لە ڕاپۆرتەکەی خۆیاندا پێچەوانەکەی دەبینین

زۆرینەی میدیاکان بە هاوکاریی و پاڵپشتی حکومەت بەڕێوە دەبرێن، ئەمەش نەک مایەی ئابڕووچوون نییە بەڵکو من وەک خودی خۆم و سەرنووسەری گۆڤارێک شانازیی پێوە دەکەم و بە کارێکی سروشتی و ئاسایی دەزانم، چوونکە ئەگەر حکومەتی کوردستان یارمەتیم نەدا، ئاخۆ روو لە کوێ بکەم؟. پاشان حکومەت، حکومەتی تێکڕای حزب و دانە بە دانەی هاووڵاتیانی کوردستانە و بە دەنگی ئێمە دروستبووە، بۆیە کاتێک یارمەتی پڕۆژەیەکمان دەدا وەک هاونیشتمانییەک بۆچی دەبێت بە پەرچو و سەرسورهێنەر لێکبدرێتەوە؟.

دووەم: راپۆرتنووسانی لڤین ئاشکرایان کردووە ٨٠٪ رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان لە حکومەت پارە وەردەگرن، ئەگەرچی ئەمە ئاشکراکردنێکی گەورە و دۆزینەوەیەکی سەرسوڕهێنەر نییە، بەڵام ئێمە ئێستا دەزانین داهاتی سەرەکیی بەشی زۆری رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان لە کوێوە پەیدا دەبن، ماڵی لڤین ئاوا بێت وا شەفافانە خستییە بەردەممان، بەڵام پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە ئاخۆ لڤین خودی خۆی لە کوێوە و مانگی چەند و بۆچی و لە کێ و چۆن تەمویل وەردەگرێت؟. ئەوان کە بڵێن لە حزبی کوردیی وەرناگرین و لە حکومەتی وەرناگرین و لە سەرمایەدارانیشی وەرناگرین، ئەوەش حاڵی فرۆشەکەیانە کە لەحاڵی حازردا لە مانگێکدا ناگاتە ١٠ هەزار دانە، ئەدی لە کوێ ئەو پارەیە دەهێنن؟. پاشان نابێت ناهەقمان بگرن ئەگەر گومانی خراپیان لێبکەین و ختورەی ئەوە بە دڵماندا بێت رەنگە لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانی وەربگرن، نابێت ناهەقمان بگرن ئەگەر گومان بکەین دوژمنانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ئەرکە ناشەریفەی ئەنجامی دەدەن، سەروەت و سامانێکی چاکی بۆ هەڵڕشتوون.

بەدەر لەهەموو ئەمانە راپۆرتەکەی لڤین ناوی کۆمەڵێک رۆژنامە و گۆڤاری بڵاوکردۆتەوە، وەک بەشێک لە فەوزا کە لە واقیعدا میدیای پرۆفیشناڵ و خاوەن سەلیقە و ئەزموون و ئەکادیمیی بەواندا دەناسرێتەوە، یان بە مانایەکی دیکە ئەو ناوەند و دەزگایانە لە میدیای کوردیی بهێنە دەرەوە، هیچی تر نامێنێتەوە جگە لە شەڕە جنێو و هەجوی سیاسیی. تەنانەت من وەکوو خودی خۆم نیگەرانییەکەم لەوە نییە، ناومان بڵاوکراوەتەوە گوایە پارە لە حکومەت وەردەگرین، چوونکە پێشتر ئێمە ئەوەمان نەشاردبۆوە، نیگەرانی ئێمە لەوەدایە «لڤین» خۆی رەمز و سیمای سەرەکیی فەوزای میدیاییە لە کوردستان، ئێمە بە بەشێک لە فەوزای رۆژنامەگەریی ناوزەد

دەکات. ئێمە شانازیی بەوەوە دەکەین، لە کاری رۆژنامەوانی خۆماندا نەبووینەتە مینبەری چەواشەکاریی و شەڕی سیاسیی لەگەڵ هیچ لایەنێکی کوردستانیدا ناکەین، ئێمە شانازیی بەوەوە دەکەین لە ماوەی کارکردنماندا نەک بۆ تەنیا جارێکیش نەدراوینەتە دادگا، بەڵکو تائێستا ناچار نەبووین بۆ یەک جاریش پۆزش بهێنینەوە لەسەر هەڵە و زانیاریی نادروست و بڵاوکردنەوەی درۆ و چەواشەکاریی، شانازیی بەوەوە دەکەین هیچ لایەنێکی سیاسیی نەیکردووینەتە کەرەستەی جەنگێکی بێ مانای وەک ئەوەی لڤین دەیکات، شانازیی بەوەوە دەکەین کار لەسەر تێکشکاندنی بەها و رەمزە سیاسییەکانی میللەتەکەی خۆمان ناکەین، شانازیی بەو ستایلەوە دەکەین لەبری بەرهەمهێنانی پووچی و رەشبینیی، بەشێکی سەرەکین لەو هێزەی گەشبینیی و بەرچاو روونیی بۆ تێکڕای هاووڵاتیانی کوردستان دروست دەکات، بۆیە ئێمە هیچ باکمان نییە، لڤین ئەو کارانەی ئێمە چۆن لێکدەداتەوە و دەیخاتە ژێر کام ناونیشانەوە.

پێم خۆشە لەم دەرفەتەدا ئەوە بەبیری برادەرانی لڤین بهێنمەوە، چەندان بەڵگە و دۆکۆمێنتمان هەیە چۆن گەمەی سیاسیی دەکەن و بە فیکەی کێ ئەم شەڕە نەگریس و ناپیرۆزە دەکەن و کردوویانە، لە هەمان کاتدا پێیاندەڵێین ئەوەی دەبێت بە خۆیدا بچێتەوە و تەوبە بکات ئێوەن نەک میدیاکانی تری کوردستان، چوونکە ئەوە ئێوە بوون بۆ مەبەستی سیاسیی و گەرمکردنی بازاڕی فرۆش و مانشێتی قەبە و گران، جەستە و ژیانی هاوڕێ و هاوپیشە و دۆستەکانتان دەکەن بە قوربانی و سووتەمەنی، ئەوە ئێوەن لەسەر حسابی ژیانی خەڵک مانشێت و نان پەیدا دەکەن، ئەوە ئێوەن لە بری هەر کارێکی تر درۆ و چەواشەکاریی دەکەنە بەشێک لە پرنسیپی ئیشکردنی بە حیساب رۆژنامەوانیتان، ئەوە ئێوەن هەوڵی بێ بەهاکردنی هەموو شتێک دەدەن و تۆوی گومان و تاریکبینی و بێهودەیی لە دڵی نەوەی نوێی کوردستاندا دەچێنن. لەم سۆنگەیەوە ئەوەی دەبێت لە قەفەسی تۆمەتباریی و تاوانبارییدا رابگیرێت ئێوەن نەک هیچ کەسی تر.

لە کۆتاییدا دەڵێم، گروهی لڤین و ئەمسالەکانیان نەک نابنە سیمای ئازادیخوازیی بەڵکو دەکەونە ناو زبڵخانەی مێژووەوە، چوونکە ئێمە کاتێک داکۆکیمان لە ئازادیی گوزارشت و ئازادیی ژنان و کۆی ئازادییەکاتی تر دەکرد، ئەحمەد میرە و فەقێ هاوکارەکانی لە نێو حوجرەی مزگەوتەکانەوە خەریکی تەکفیرکردنی خەڵک و بۆ

جەهەنەم راکێشانی لاوانی کوردستان بوون، کاتێک ئێمە بانگی گەنجانی کوردستانمان دەکرد بۆ ممارەسەرکردنی ژیانی گەنجانەی خۆیان ئەوان بۆ جیهاد و بۆتەی ئیسلامی سیاسیی رایاندەکێشان، ئێمە پێشتر دوو مێژوومان هەبووە و بێگوومان خوازیارم لە داهاتووشدا دوو مێژووی جیاوازمان هەبێت، چوونکە ئەوەی گروپی لڤین دەیکەن و ئەو ئەرکە پیسەی بەوان سپێردراوە تەمەننا دەکەم لە خەونیشدا بە من نەسپێردرێت. هیواداریشم بۆ لەمەولا بەرد نەگرنە ماڵی کەس چوونکە ماڵە شووشەکەیان بە دوو وەڵامدانەوەی تر دەبێتە خەرابستان.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٩٣»ی رۆژنامەی «ئاڵا» لە رۆژی ١٥-٧-٢٠١٠ بڵاوبۆتەوە.

# خۆ بەراووردکردن بە ویکیلیکس

سایتی ویکیلیکس لـە رێگـەی بـڵاوکـردنـەوەی دەیـان هــەزار بەڵگەنامەی جۆراوجۆرەوە، دونیای هەژاند و سەرەتا و دەستپێکێکی گرنگی لە بواری دەسەڵاتی میدیاییدا دامەزراند. بەدەر لەوەی سەرچاوەی بەڵگەنامەکانی ئەو سایتە کێن و لە کوێوە و بۆ کام ئامانج هاتوون، بەڵام بڵاوکردنەوەیان توانی زەمین لەرزەیەکی گەورە بێت و تەواوی دەوڵەتانی جیهان بهەژێنێت، لە پێش هەموویانەوە ئەمەریکا و دەوڵەتانی زلهێزی جیهانی نیگەران و شـەرمـەزار کـرد. بۆیە ئـەو دەوڵەتانە لە یەکەم کـاردانـەوەدا پەنایان بۆ پـەرچـەکرداری توند و تۆمەت هەڵبەستن و لەکەدارکردنی کەسێتی «جولیان ئاسەنج»ی بەرپرسی وێب سایتەکە برد، تەنانەت حکومەتی سوێدیی چوون تووشی سکەندالێکی گەورە ببووە لە ڕێی ئاشکراکردنی بەڵگەنامەیەکەوە کە دەیسەلمێنێت ئەو وڵاتە هاوکاری سوپای ئەمەریکا بووە لە چەند پرۆسەیەکی سەربازییدا لە چەند شوێنێکی جیاواز، تۆمەتی دەستدرێژیی سێکسیی بۆ بەڕێوەبەری ئەو سایتە هۆنییەوە، تاکو ئەوەی کار گەیشتە سەر فەتوای کوشتن و بە ئاشکرا بانگەشەکردن بۆ دەم دادورینی ئاسەنج و وێب سایتەکەی. ئەمەش ئاوێنەیەک بوو هەم رادەی دیموکراسی وڵاتانی بە حیساب دیموکراتخوازی جیهانی نیشاندایـن، بە تایبەت ئەمەریکا، هەم ئەوەی روونتر خستە بەر چاوان کە هێشتا ئازادیی رادەربڕین بە تایبەت لە کاتی شکاندنی تابۆکاندا لە بـەردەم رێگەیەکی سەخت و مینرێژ کراوە.

لە هەموو ئەمانە جیاوازتر، کاریگەریی وەشاندنەکانی ویکیلیکسەکە لەسەر کورد بەشێوەیەکی گشتیی و میدیای کوردیی بەشێوەیەکی تایبەتی. هەرچی پەیوەندیی هەیە بە کوردەوە بەشێوەیەکی گشتیی ئەوەیە، ئەو وێب سایتە توانی زۆر بەڵگەنامەی گرنگ و بایەخدار هەڵبداتەوە کە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان

بە ژیان و کایەی سیاسیی کوردییەوە هەیە، لە هەمووشی بایەخدارتر روانین و دیتنی ئەمەریکایە لە هەمبەر کورد، چوون بە خوێندنەوەی ئەو بەڵگەنامانە ئەو هەستە پەیدا دەکەیت، هێشتا ئەمەریکا نەک دۆست و هاوپەیمانی کورد نییە، بەڵکو بەهەمان چاویلکەی عەرەبە بەعسیی و شیعییەکانەوە مامەڵە و رەفتار لەگەڵ کورد دەکات، یان با بڵێین کورد تەنیا داشێکی زۆر هیلاکی ناو شەترەنجەکەیە و هیچی تر نا. ئەوەشی پەیوەندیی بە سەرکردە سیاسیی و دەستڕۆیشتووەکانی کوردەوە هەیە، زۆر بەڵگە و نهێنی و راز و نیازی ئاشکرا کردووە، کە بۆ یەکەم جارە نەک جیهان بەڵکو هاووڵاتیانی کورد پێی ئاشنا دەبن. ئەگەرچی ئێمە گەواهیی راستیی و دروستیی ئەو بەڵگانە نادەین، بەڵام بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگانە بۆ خۆی بەرچاو روونیی زیاتر دەدات بە تاکی کورد.

هەرچی پەیوەندیی بەرەنگدانەوەی وەشاندنەکەی ویکیلیکسە لەسەر میدیای کوردیی، زێدەتر خۆی لەوەدا نیشان دەدات، روانگەیەک هەیە بۆ خۆ بەراووردکردن بە ویکیلیکس، یان بابڵێین سەرباری ئەوەی هەندێ میدیا هەن دەخوازن لاسایی تەکنیک و ستراتیجی وەشاندنی ئەو وێب سایتە بکەنەوە، لە هەمان کاتدا زۆر میدیا پەیدا بوون خۆیان بەراوورد دەکەن بەو سایتە و تەنانەت بەشێکیان بانگەشەی ئەوە دەکەن ویکیلیکسی کوردستانن. من دەمەوێ بە کورتیی لەسەر ئەم ئیشکالییەتە قسە بکەم و ئەوە بدرکێنم نە میدیای کوردیی دەتوانێت لاسایی ویکیلیکس بکاتەوە، نە هیچ خۆ بەراووردکردنێک لە جێگەی خۆیدایە، چوونکە نە هیچ میدیا و رۆژنامە و ماڵپەڕێکی کوردیی هەیە بتوانێت بە چارەگی ویکیلیکس بەڵگەنامەی دەست بکەوێت و بڵاوی بکاتەوە، نە هیچیان دەتوانن لەسەر ئاستی لۆکاڵیی و کوردیش بایی ئەوە بەڵگەنامەی گرنگ بڵاوبکەنەوە بۆ خەڵک و وەرگران زانیاریی نوێی تێدا بێت. هەرچی ئەو خۆ بەراووردکردنەشە وەک ئەوەیە مریشک لاسایی قاز بکاتەوە لە هێلکەکردندا، هەموومان دەزانین ئاکامەکەی چی دەبێت!. تەنانەت ئەو میدیایانەی خۆیان بە ویکیلیکسی کورد دەزانن چیتریان نەکردووە، جگە لە بڵاوکردنەوەی ریزێک شەڕە جنێو و سووکایەتی و بریندارکردنی هەستی ئەم و ئەو. چوونکە لە نەخوێندەواریی و بێ بەڵگەیی خۆیاندا ناچاربوون پەنا وەبەر شەڕە جنێو و بڵاوکردنەوەی موهاتەراتی عەیارە بیست و چوار ببەن.

من پێموایە کارێکی گونجاو نییە، میدیای کوردیی، بیەوێت خۆی بە ویکیلیکس

بەراوورد بکات، نە لە رووی توانای دارایی و سەرمایەی مەعریفی و رۆژنامەوانییەوە دەتوانێت بگاتە دامێنی ئەو وێب سایتە، نە لە دەستکەوتنی زانیاریی و بەڵگەی راستەقینەدا دەتوانێت لە ئاستی لۆکاڵیدا شتێکی وەهـای چنگ بکەوێت، دۆخی کوردستانی پێ بهێنێتە جموجۆڵ. ئێمە کاتێکیش باسی خۆ بەراووردکردنی هەندێک لە کەناڵەکانی میدیای کوردیی دەکەین بەو وێب سایتە، مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین ئەو میدیایانە لافی ئەوە لێدەدەن دەتوانن لەسەر ئاستی جیهان هەمان کار بکەن، بەڵکو ئێمە مەبەستمانە بڵێین لەسەر ئاستی لۆکاڵیش تا قیامەت نیو هێندەیان پێناکرێت. چوونکە رۆژنامەوانی کوردیی ئێستا ئەوەندەی گرنگیی بە سەرچاوەی نادیار و را و بۆچوونی سادە و شەڕە جنێو و ئینشای سیاسیی دەدات، کوا بە چارەگی ئەوە گرنگی بە داتا و زانیاریی و بەڵگەنامە دەدات؟. ئاخر من دەپرسم بۆچی هاووڵاتییەکی ئوسترالیایی لە سوێدەوە لە رێی ماڵپەڕەکەیەوە دیوی ناوەوە و ئەودیوی پەردەی وڵاتی خۆمان پێ ئاشنا بکات، کەچی میدیای لۆکاڵی ناتوانێت هیچ بەڵگەیەک بخاتە بەردەست؟. ئاخر ئەگەر ئەم میدیایە کارێکی پێ بکرابایە و بیتوانیایە بە داتا و بەڵگەنامە چی لەو دیو پەردەیە بیهێنێتە ئەم دیو پەردە، ئەو کاتە ویکیلیکس ناچاریی لاساییکردنەوە دەبوو نەک ئەمان. تەنانەت ئەگەر ئەم جۆرە میدیایانە کارێکیان لەدەست بهاتایە دەمێک بوو کردبوویان. بۆیە منێکی هاووڵاتی هەرگیز ئەوەیان لێ قبوڵ ناکەم خۆیان بە ویکیلیکسی لۆکاڵی ناوزەد بکەن و بەو ناوەوە شەق لە هەموو شتێک هەڵبدەن.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٨٢»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٠١٠ بڵاوبۆتەوە.

# جنێو لە پاکەتی رەخنەدا

یەکێک لە کێماسی و کێشە گەورەکانی رۆژنامەنووسیی کوردیی، زاڵبوونی فەرهەنگی داشۆرین و شەڕەجنێوە لە بری رەخنەگرتنی زانستیی و میتۆدیی. ناهەمواریییەکە لەوێوە دەستپێدەکات ئەم تەرزە لە کارکردن خەریکە باڵ دەکێشێت بەسەر کۆی راگەیاندنەکانی کوردستاندا، تا ئەو سنوورەی بەشێکی زۆر لەوانەی وەک رووناکبیر و رۆشنبیری ئەکادیمی سەیر دەکران بە ئاگا و بێئاگا کەوتوونەتە ناو ئەو شەپۆلە لە موهاتەرات و داشۆرین. لەم نێوەندەشدا میدیای ئۆپۆزیسیۆن و «ئەهلی و ئازاد» دەستپێشخەربوون و بەردەوام رەواج بەو فۆرمە لە وتاری رۆژنامەنووسی دەدەن و بەهەرچی شێوەیەک بۆیان بکرێت هەوڵی سڕینەوەی سنوورەکانی نێوان رەخنە و داشۆرین و هەجونامەی سیاسیی دەدەن. لەم رووەوە حاڵی حازر نۆرمێک لە راگەیاندن هەڕمێنی هەیە هەرچی شتە تایبەتییەکانی تاکەکەس و مافە دەست لێنەدراوەکانی هاووڵاتیانە، بێ هیچ دوودڵی و سڵەمینەوە و هەست بە تاوانکردنێک بە پاککراویی دەیخاتە بەردەم وەرگر. ئەمەش جیا لەوەی کارەساتێکی گەورەی ناوەتەوە و ئاسایش و ئازادیی شەخسیی زۆرینەی هاووڵاتیانی خستۆتە بن مەترسییەوە، لە هەمان وەختدا ئاستی کاری رۆژنامەنووسی هێندە هێناوەتە خوارەوە، مرۆ بەزەیی بە حاڵی ئەو نێوەندەدا دێتەوە.

ئەگەر کەمێک دیقەت بدەن و نیگایەک بگرنە حاڵی ئەو تەرزە رۆژنامەنووسییەی بە ناوی رۆژنامەنووسی ئەهلی و ئازادەوە کار دەکات، هەست بە کارەساتێکی گەورە دەکەین، چوون ئەنگیزەی ئەم میدیا بزۆز و هەراشە بریتییە لە دۆزینەوەی تازەترین شێوازەکانی داشۆرین و جنێوی سیاسیی، خۆ ئەگەر هەجو و جنێوی ئاسایی لە نێو شیعردا، بۆ نموونە لە شیعرەکانی شێخ رەزادا قبوڵ بن، بەو حوکمەی مانای رەمزیی و خوازراویان هەیە و شیعریش جۆرێکە لە خەیاڵاتی تاکەکەس، نەک هەقیقەت. ئەوا

ئەم تەرزە لە جنێونامە و بەخشینەوەی تۆمەت و سووکایەتی نێو کایەی راگەیاندن، جا دژی هەر کەس و لایەنێک بێت، نەک نابێت مایەی قبوڵکردن بێت، بەڵکو ئیتر دەبێت یاسا سەروەر بێت و دوا قسەش بۆ حوکمی قانوون بەجێبهێڵین، چوونکە بە دیتنی من چیدی ناکرێت بە ناوی رەخنە و ممارەسەکردنی ئازادییەکانی کاری رۆژنامەنووسییەوە، میدیایەک لەم وڵاتە هەرمێن پەیدا بکات، هەرچی جنێوە لە فەرهەنگی زمانەوانیی کوردییدا لە قاڵبی وتار و ئەرتیکڵی رۆژنامەنووسیدا سیاغەی بکاتەوە، ئەم کارە نەک تاوانە بەڵکو خیانەتێکی گەورەیە و لە خودی چەمکی ئازادیی دەکرێت.

دۆخەکە گەیشتۆتە ئاستێک میدیایەک لە سەردەستی ئۆپۆزیسیۆن هەژموونی پەیدا کردووە، رژد نییە لە بەخشینەوە و بڵاوکردنەوەی تازەترین جۆری جنێو و وتەی بێ پێز و پڕ داشۆرینی ئەخلاقی و تاد..دا، میدیایەک خەریکە دەبێتە میدیای سائید پڕ پڕە لە چەقۆی بریندارکردنی هەست و مەشاعیری یەکە بە یەکەی هاووڵاتیانی کوردستان و خاڵی خاڵییە لە رەخنە. کارەساتەکەش لەوەدا چەند قات گەورەتر دەبێتەوە، هەموو ئەم داشۆرین و جنێودانانە بە ناوی رەخنەوە دەرخواردی خەڵک دەدرێت، ئاخر رەخنە رەچاوی چەندین بنەما و پرنسیپی زانستیی و میتۆدیی دەکات، رەخنە هەمیشە زمانێکی نەرم و کاریگەری هەیە و کارێک تەواو دەکات بەهەر هۆیەک بووە تەواو نەبووە و یان تژی کەموکوڕیی بووە، بەڵام جنێودان بۆ خۆی میتۆدێکە بۆ سووککردن و حەیابردن و سووکایەتیکردن بە ئەویتر. خۆ ئەگەر ئەو تێزەش پێچەوانە بکەینەوە کە دەڵێ هیچ شتێک لە سەرووی رەخنەوە نییە یان هەموو کەسێک لە ژێر نەشتەری رەخنەوەیە، ئەوا هیچ کەسێک یان هیچ شتێک بە هەر هۆیەک بێت، شایەنی ئەوە نییە لەسەر رووپەڕی رۆژنامە جنێوی پێبدرێ و سووکایەتی بە کەسێتی مەعنەویی و ژیانی تایبەتی بکرێت. لەم رووەشەوە دەبێت یاسا رۆڵی خۆی هەبێت و قسەی خۆی بکات.

من هەست دەکەم وەرگری کورد، چیتر بە تاسوق و شەوقەوە چاوەڕوانی میدیا کوردییەکان بە تایبەت میدیای ئۆپۆزیسیۆن ناکات، چوونکە هەموو کاریان چڕبۆتەوە لە جنێودان و تۆمەت هەڵبەستندا، خۆ ئەگەر رەخنەیەکی بەجێ و راستەقینەش بگرن، ژبەرئەوەی زمانەکەیان هێندە پڕ لە موورادیفی زبر و نەشیاوە، هێزی رەخنەگرانە لە دەستدەدا و سەرئەنجام دەبێتە هەجویەکی رووت و قووت.

ئەگەریش ئەم باسە کەمێک روونتر بکەینەوە و زیاتر خاڵ بخەینە سەر پیتەکان، ئەوا رووی دەممان بە پلەی یەکەم لەو میدیایانەیە وابەستەی ئۆپۆزیسیۆنن چا راستەوخۆ پەیوەستی ئۆپۆزیسیۆن بن یان میدیای سێبەر بن، چوونکە ئەوان زیاد لە هەر کەس دەستیان هەیە لە برەودان بەو فەرهەنگە نزمەی نووسین و بڵاوکردنەوە، ئەوان سەبەبکاری راستەقینەی ئەو زمانە زۆر ناشرین و ئاگرین و نەخوازراوەن، کە هەنووکە بۆتە زمانی فەرمی راگەیاندن. بەو هۆیەی ئەو راگەیاندنانە لەبەر خاتری شەڕی سیاسیی و لێدان لە هەیبەتی دەسەڵات پەنایان وەبەر هەموو رستە و وشەیەکی نەشیاو بردووە و بە پێی لێکدانەوەی خۆیشیان ئەوە رەخنەیە بە مانا و فۆرمە پۆستمودێرنەکەی. تەنانەت ئەگەر جارێکیش دانیان بە هەقیقەتێکدا نابێت یان هەڵەیەکی خۆیان راست کردبێتەوە، دیسانەوە رووبەرێکیان بۆ داشۆرینی دەسەڵات هەر تێدا هێشتۆتەوە، ئەمەش نموونەی ئەو دانپێدانانەی «شێخ رەزا»مان بیر دەخاتەوە کە لە دێرە شیعرێکدا هێمای بۆ کردووە، سەرباری دۆڕاندنی لە ئەنجامی گفتوگۆدا، بەڵام لە دوایین هەڵدا جنێو و دەستی خۆی وەشاندووە، وەختێک لەم بەیتەدا دەڵێت:

حەسەنی هەمزە لەسەر (شەم) کە چییە تەفسیری
دەست بە شمشێر لەگەڵم ساحێبی دەعوا دەرچوو
من وتم ناخونی شێرە، ئەو وتی کلکی شێرە
لەسەر ئەم لەفزە بەسی شۆڕش و دەعوا دەرچوو
گرەوم کرد لەگەڵی، چووم و کتێبم هێنا
ناخونی من نەبوو، کلکی حەسەناغا دەرچوو

*ئەم وتارە لە ژمارە «٥٤٨٨»ی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لە رۆژی ٢٥-٥-٢٠١١ بڵاوبۆتەوە.

# میدیای ئۆپۆزیسیۆن یان میدیای جەنگ؟

ئەگەر بە قسەی میدیای ئۆپۆزیسیۆن بێت، کوردستان هەناسەیەکی بۆ ژیان تێدا نەماوە و هەموو ئازادییەکی تاک و گشت ژێرپێ نراوە، ئەگەر بە پێی شیکارییەکانی میدیای ئۆپۆزیسیۆن بێت، ئەم وڵاتە نەک ئاسۆیەکی روونی لە پێش نییە، بەپێچەوانەوە خزاوەتە خەرەندێکی گەورەی تاریکی هەزار بە هەزارەوە. لە سەرروو هەموو ئەمانەشەوە، ستایڵی کارکردنی میدیاکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ستایڵی میدیای دەوڵەتێک دەچێت لە جەنگێکی دەستە و یەخەدا بێت لەگەڵ دوژمنێکی دەرەکیی سەرسەخت. مرۆڤ هیچ کات هەست ناکات ئەم میدیایە، میدیای هێزێکی ناوخۆییە و بە حیساب دەیەوێ ریفۆرم لە گشت کایەی جۆرا و جۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا بکات. چوون کاری ئەم میدیایە دوای گەوجاندن، بریتییە لە گەوزاندنی نەیارانی سیاسیی و دروستکردنی پیشەسازیی نەفیکردنی هەموو دەنگ و رەنگێکی جیاواز لە دەنگ و رەنگی خۆی، بزوێنەری ئەم سیاسەتە میدیاییە نادروستەش جیا لەوەی ئەو سیاسییانەن بە حیساب لامەرکەزییەت دەدەنە ئۆرگانە حزبییەکانی خۆیان، لەهەمان وەختدا خەیاڵدانێکی توندڕەو و توتالیتاریشە کە ناتوانێت جگە لە خۆی و دەنگی خۆی، هیچ دەنگ و ئەویترێک قبوڵ بکات.

ئەگەر سەرنجتان دابێت، میدیای ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ دەمکردنەوەیدا، بە زمانێکی پڕ لە هەڵشاخان و دوور لە لۆجیکی یەکتر قبوڵکردن، پەلاماری هێزەکانی دەرەوەی خۆی دەدات، ئەوەش بەرامبەر بە هێزە دەسەڵاتدارەکان بە خەستتر بەڕێوە دەچێت و کار لەسەر بە ئەهریمەنکردنی دەکەن، هەر لە چوارچێوەی ئەم هەڵمەتەدا بەردەوام و بێ پسانەوە دەیەوێ جگە لە خۆی، هەر هێز و بزووتنەوە و حزبێکی دیکە وەک دوژمنی جەماوەر نیشان بدات و پێناسەی بکات، لەم سۆنگەوە پەنا دەبەنە بەر نزمترین ئاست لە وتاری سیاسیی و رۆژنامەوانی و خراپترین جنێو و موهاتەراتی

نێو فەرهەنگی زمانی کوردیی دەخوازن بۆ سووککردن و ریسواکردنی هێزەکانی بەرامبەر، بە ئەندازەیەک دەربڕینی هەر چەشنە وشە و زاراوەیەکی سەنگین وەک مجامەلەی بەرامبەرەکانیان دەبینن، لەم سۆنگەوە کاری ئەوان بووە بە کوتین و ناوزڕ□اندن و رووشاندنی هەست و مەشاعیری ئەویتر، بۆ ئەم کارەش سڵ لە هیچ ئامڕاز و شێوازێک ناکەنەوە، هەرچەند ئەو ئامڕاز و شێوازانە دژی ئیتیک و مۆراڵی کاری راگەیاندنیش بن.

زەخیرەی سەرەکیی میدیای ئۆپۆزیسیۆن، بریتییە لە لەکەدارکردنی پارتی و یەکێتی و نموونەی حکومداریی ئەو دوو هێزە، لێ ئەدا و فۆرمی فەرمانڕەواییکردنی هاوبەشی ئەو دوو هێزە شایانی رەخنە لێگرتنی جیددییە، بەڵام ئەو کارەی میدیای ئۆپۆزیسیۆن دەیکات، نەک ناچێتە چێوەی رەخنەوە، بگرە بە مانای وشەکە شەڕە، شەڕێکی سەختی راگەیاندن وەک بەشێک لە تەسفیەی حساب. لەبەر ئەم فاکتۆرە زۆر ساکارە، میدیای ئۆپۆزیسیۆن هێندەی وەک شەڕکەرێکی شیر و زرێ بەدەست خۆی نمایش دەکات، هێندە وەک راگەیاندنێکی پرۆفیشناڵ کە کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت مامەڵە ناکات، ئەمەش تەرجومەی ئەو دۆخەمان بۆ دەکات هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە رێی میدیاکانیانەوە جاڕی شەڕێکی سارد و نەخوازراویان داوە، چوونکە بە کەمێک وردبوونەوە لە ئەدای کەناڵەکانی راگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەم میدیایە لە بری نزیکخستنەوەی هێزەکان لە یەکدی و بانگەشەکردن و کارکردن لە پێناوی دایەلۆگ و لێک تێگەیشتندا، تەنیا کاری بووە بە سڕینەوەی هەموو بەها و جوانی و لایەنە گەشەکانی هێزەکانی دەرەوەی خۆی، ئیدی لە چرکەساتێکی لەم شێوەیەدا ئیشی میدیا لە سەروکاری لەگەڵ مەعریفە دەگۆڕێت بۆ سەروکاری لەگەڵ ئەندێشەی توندوتیژیی و حەماسەتی کوێری شۆڕشگێڕانە، لێرەوە کاری میدیا لە دروستکردنی رای گشتییەوە دەبێت بە کاری یەکە سەربازییەکان، چوون هەردوولا لە یەک ئامانجدا پێکدەگەن کە قەلاچۆکردنی بەرامبەرە.

ترسناکترین کاریش کە میدیای ئۆپۆزیسیۆن دوای دۆڕاندنی گەمەی خۆپیشاندان هێشتا بەردەوامە لەسەری، هاندانی جەماوەر و لایەنگرانی خۆیانە بۆ خرۆشان و پیادەکردنی توندوتیژیی بەرامبەر هێزە دەسەڵاتدارەکان، ئەم کارەش نەک لە خزمەتی رەوشەکەدا نییە بەڵکو چەند قاتی تر ئاگرەکە خۆشتر دەکات.

نووسەری ناوداری عەرەب «د.هاشم سالح» لە یەکێک وتارەکانیدا نوسیوویەتی «کانت پێیوابوو حەماسەت بۆ رۆشنگەریی لە خودی رۆشنگەریی گرنگترە، چوونکە دەیگرێتە خۆی و دەیپارێزێت، جا بۆیە حەماسەتیش بۆ بیرکردنەوەی کوێرانە و تاوانی گەورە، زۆر مەترسیدارترە لە تاوانەکە خۆی». گەر ئەم تێزە بەسەر کاری راگەیاندنیشدا پراکتیک بکەین، ئەوا کاری میدیای ئۆپۆزیسیۆن گەلێک مەترسیدارترە لەو توندوتیژییە کوێرانەی لە ماوەی شەست رۆژدا لە پارێزگای سلێمانی بوونی هەبوو، ئیش و وەزیفەی میدیای ئۆپۆزیسیۆن زۆر سامناکترە لەو پەلامار و ویستە رادیکاڵییەی دەیویست کوردستان بکاتە نموونەی لیبیا و دەرگای شەڕی ناوخۆیەکی تر بخاتە سەر گازەرای پشت، کاری میدیای ئۆپۆزیسیۆن زۆر لەو شەڕە بەرد و ئاگرکردنەوەی سەر شەقامەکان مەترسیدارترە، چوونکە وەک لە پێشەوە هێمامان بۆ کردووە، ئەم راگەیاندنە بڕیاری پێشوەختی خۆی هەیە و بە نەفەسی میدیای جەنگەوە کار دەکات.

لە دۆخێکی وەک ئێستادا کە زۆرێک لە هێزە سیاسییەکان و رۆشنبیران داوای راگرتنی هەڵمەتی راگەیاندن دەکەن، ئاسان نییە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەم خواستە رازی بن، بەو هۆیەی هەموو کارتەکانیان سووتاوە و تەنیا دەتوانن لە رێگەی ئەم تەسعیداتە میدیاییەوە وەک ئەکتەرێکی سەرەکیی سەر سەحنەکە ئامادەییان هەبێت، چوون ناتوانن بە میکانیزمە دیموکراتی و شارستانییەکان کاربکەن و تەنیا و تەنیا لە دۆخی فەوزا و پڕ لە هەڵچوونی شۆڕشگێرانەدا دەتوانن هەڵسوڕان بکەن، ئەوان ناتوانن شەڕی راگەیاندن یان بابڵێن راگەیاندنی شەڕ رابگرن، لەبەرئەوەی هێزێک بیەوێت تۆڵە بکاتەوە و شەڕی کۆنەقینی کردبێتە بنەمای کارکردنی سیاسیی، جەرائەتی ئەوەی نییە، لە پەنا دەنگی فەیلەسووفێکی گەورەی وەک «نیتشە»دا بڵێت «رەبەنێکی تەنیای نێو دێرم پێ باشترە وەک لەوەی گەردەلولی رق بم».

*ئەم وتارە لە ژمارە «٥٤٧٣»ی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لە رۆژی ٨-٥-٢٠١١ بڵاوبۆتەوە.

# مافی سروشتیی تاک و تیرۆری ڕۆژنامەنووسی کورد

فەیلەسووفی ئینگلیزیی (جۆن لۆک) بڕوای وایە (مرۆڤەکان، وەک ئەوەی هەیە و وتراوە، بە سروشت سەربەست و یەکسان و سەربەخۆن، نابێت هیچ کەسێک لە باری سروشتیی خۆی بێبەریی بکرێت و بخرێتە ژێر دەسەڵاتێکی سیاسیی دیکەوە بە بێ ڕەزامەندیی خۆی). ئەم دەربڕینەی لۆک، ئەلفوبای مافەکانی هەر مرۆڤێکن، ڕاستە بۆ ئەوێ ڕۆژێ جێخستنی ئەو مافە سروشتیی و سەرەتاییەی لۆک داوای دەکات داواکارییەکی بە بەیاخ و گەورە بووە، بەڵام بە تێپەڕینی کات و بەرەو پێشچوونی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ، ئەم مافەی ئەو فەیلەسووفە زۆر بە توندیی داکۆکی لێدەکات، بووەتە مافێکی ئێجگار سەرەتایی و ئاسایی، بەڵام ئەوە سەبارەت بە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان نەک کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتییە دیکتاتۆرییەکان. لە کوردستان (ئەو بەشەی بە دەستی پارتی و یەکێتییەوەیە) هێشتاش نەک دەوڵەت بەڵکو پارتی سیاسیی کۆنترۆڵی سەرجەم ژیانی مرۆڤەکانی کردووە، بگرە جڵەوی شتە نازیندووەکانیشیان کردووە، ئیدی قسەکردن لەسەر مافی تاک بەتاڵ دەبێتەوە لە هەر مانایەک، چون لێرە دەسەڵاتێک هەیە نەک تاک لە بۆتەی گشتدا دەسڕێتەوە و لە سروشت و خاسیەتەکانی خۆی دایدەڕنێت، بەڵکو هێشتا ممارەسەکردنی بچووکترین ئازادیی مرۆڤ وەک ئازادیی ڕادەربڕین هۆیەکە بۆ سڕینەوەی فیزیکیی تاکە کەس.

کوشتنی ڕۆژنامەنووسان (سۆران مامەحەمە وەک نموونە) و هەڕەشە لێکردنیان (نیهاد جامی وەک نموونەیەکی تر) چی مانایەکی هەیە جگە لە نابووتکردنی ئازادیی تاکە کەسیی و سروشتیی مرۆڤ؟ بێگومان ئەو شەپۆلە لە تیرۆر و هەڕەشەکردن پەیوەندیی نییە بە هەڵچوونێکی کاتیی یان بە کاردانەوەی زیانێکی بەرچاو، هێندەی

لەوێوە هەڵقوولاوە دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان دژی خەسڵەتە سروشتیی و مافە سەرەتاییەکانی هەر مرۆڤێکە، بەڵکو ممارەسەکردنی مافە تاکەکەسی و سروشتییەکان وەک هۆکارێک بۆ مەحفبوونەوەی خۆی چاو لێدەکات، چوونکە ئەو دامەزراوەیەکە لەسەر نکۆڵیکردن لە مافی سروشتی تاک و زەوتکردنییان دامەزراوە نەک بە پێچەوانەوە. سەیرەکە لەوەدایە بەدەر لەوەی جیاوازیی دەسەڵاتی سیاسیی لە باشووری کوردستان و سیستمی دیموکراسی جیاوازیی نێوان ئاسمان و ڕێسمانە، تەنانەت ناژیرەکانیش دەتوانن ئەم جیاوازییە لە نزیکەوە لەمس بکەن، کەچی لێرەکانە زۆر زیاتر لە دیموکراسیترین دەوڵەت و کۆمەڵگە، باسی دیموکراسیەت دەکرێت و زیاد لە هەر دەوڵەتێکی دیموکراسی کتێب و لاپەڕە ڕەش دەکەینەوە بۆ باسکردنی ئەو کۆنسێپتە، لەگەڵ ئەوەشدا بە ممارەسەی بچووکترین ئازادیی و بە نزیکبوونەوە لە دیموکراسی، دەسەڵات بالانس لە دەستدەدات  و بە زمانی گوللە و چەک وەڵام دەداتەوە!!، ئەو کە خۆی زمان و ڕەفتاری لە شمشێرە داوای زمانی گوڵ دەکات، ئەمە چۆن و لە کوێ ڕوویداوە؟!.

هەندێک جار کە بیر لە پرسی ئازادیی و مافە سروشتییەکانی مرۆڤ دەکەمەوە لەم بەشەی کوردستاندا، یەکێک لە سەرگوزشتە نایابەکانی (جۆرج بێرناردشۆ)م بیر دەکەوێتەوە. دەگێڕنەوە، جارێک بێرناردشۆ لەگەڵ هاوەڵێکی ئەمەریکییدا لە نیۆیۆرک چاوی بە پەیکەری ئازادیی ئەمەریکا دەکەوێت، شۆ پرسیار دەکات ئەو پەیکەرە چییە؟ هاوەڵەکەی پێی دەڵێت: پەیکەری ئازادییە. شۆ بە گاڵتەجاڕییەکەوە دەڵێت: لە وڵاتی ئێمەش هەر کەس دەمرێت پەیکەرێکی بۆ دەکەن. بۆ ئێمەش دۆخەکە هەمان شتە، ئەوەتا گەڕەکمان هەیە بە ناوی ئازادیی، پارکمان هەیە بە ناوی ئازادیی، یانەی وەرزشیمان هەیە بە ناوی ئازادیی، ڕێکخراومان هەیە بە ناوی ئازادیی، پەیکەرمان هەیە بە ناوی ئازادیی ژن، زۆر شتمان هەیە بە ناوی ئازادیی، کەچی لەواقیعدا ئەوەی نیمانە خودی ئازادییە. ڕەنگبێ ئەو هەموو ناوهێنان و ناولێنانە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە هێشتا شتێکمان نییە بە ناوی ئازادییەوە.

بە پێی شرۆڤەی زۆربەی قوتابخانەکانی دەروونشیکاریی هەموو مرۆڤێک لە چی شتێک کەموکوڕیی هەبێت، زیاتر باسی ئەو شتە دەکات، چوونکە هیچ نەبێت دەیەوێت بەو هۆیەوە قەرەبووی مەحرومبوونەکەی بکاتەوە، منیش پێموایە ئەو هەموو قسە زل و پێداهەڵدانە زۆرەی ئازادیی تاکە کەسیی و مافی مرۆڤ لە

کوردستان بۆ ئەو حاڵەتە دەروونییە دەگەڕێتەوە، نەک هۆکارێکی تر. ئەم مەوجەی دوایش لە تیرۆری جەستەیی و رۆحی تاکی رۆژنامەنووس بەڵگە و داتایەکن بۆ سەلماندنی ئەو راستییەی سەرەوە. لەوە بەولاوەش هەتا دەسەڵاتی سیاسیی لێرەکانە نەگاتە ئەو قەناعەتەی، دەلای لاما (ئەگەر کەسێک رەخنەم لێبگرێت، هەتا ئەگەر سووکایەتیشم پێبکات، من لای خۆمەوە وەهای دادەنێم لە ژێر بارودۆخێکدا روو دەدات و ئەو کەسە بە نیازی خراپەوە ئەمە ناکات). هەرگیز ناتوانێ رێز لە سروشت و مافە راستەقینەکانی هەر تاکێک بگرێت بە تایبەتی ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئازادیی بیرورا دەربڕین و گوزارشتە.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە (٥٤)ی گۆڤاری «نێوەند»ە، لە مانگی ئابی ٢٠٠٨.

# نە ماستاوچی و نە ئۆپۆزیسیۆنین ئێمە رۆژنامەنووسین

**رۆژنامەکان وەک دایناسۆرەکان ترسی لەناوچوونیان هەیە، بەڵام لە راستیدا هێشتا بۆ ملیۆنان مرۆڤ گرنگترین سەرچاوەی زانیارییەکانن**
مارتین گوتلیبە

پارتی و یەکێتی و راگەیاندنکارەکانیان دەخوازن لە رێی چەواشەکارییەکانیانەوە رۆژنامەنووسانی ئەهلیی و میدیا ئازادەکان فڕێبدەنە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنەوە، ئەگەرچی شەرمی تێدا نییە تاکی رۆژنامەنووس بەرهەڵستکار بێت، بەڵام من وا تێناگەم ئەو رۆڵەی میدیا ئەهلییەکان دەیگێڕن چووبێتە خانەی دژایەتی و بەرهەڵستکاریی حکومەتەوە. ئەوان شەرم لە خۆیان ناکەن هەزار پاساوی بێ بنەما و لاواز بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆریی کوردستان بهێننەوە، ئیدی بۆچی دەبێت ئێمە بە ترس و لەرز و شەرمنییەوە رەخنەکانی خۆمان بخەینە روو؟، ئەوان بۆچی داکۆکییکردن لەبێ کارەبایی و گەندەڵیی و دزینی سەروەتی نیشتمانیی و چەوساندنەوەی مرۆڤی کورد لەلایەن دوو حزبی مافیاوە بە پیشەی رۆژنامەنووسیی بزانن، ئەدی بۆچی ئێمە نیشاندانی ئەو واقیعە تاڵە بۆ هەموو دنیا نەکەینە کاری سەرەکیی خۆمان؟.

من پێموایە لەو جێگەیەی رۆژنامەنووس دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن بەڵگەیەکی روونت دەستدەکەوێت لەو شوێنە دەسەڵاتێکی زۆردار و دیکتاتۆر هەیە رێگەی لە ژیان و ئازادیی خەڵک گرتووە، ئەگەرنا لە وڵاتانی گەشەکردوو و سەرمایەداریی خۆرئاوادا میدیا هیچ کات پەل بۆ کاری سیاسییەکان ناهاوێت، بەڵکو تەنێ وەک دەسەڵاتێکی چاودێرییکەر کارەکانی خۆی رایی دەکات. ئەگەرچی لە کوردستان رۆژنامەکان کەم

تا زۆر نەیانویستووە رۆڵی حزبی بەرهەڵستکار یان نەیاری سیاسیی حکومەت ئەدا بکەن، بەڵام زۆرینەی جارەکان بەهۆی ئەو سیاسەتە ملهوڕانەیەی لە کوردستان لەلایەن دەسەڵاتەوە ممارەسە و پیادە دەکرێت رۆژنامەکانی بردۆتە ناو دۆخێکی میدیاییەوە کە رۆڵی دەزگا و گروهی فشار ببینن، ئەمە ئەگەر عەیبێک بێت بۆ رۆژنامە و رۆژنامەنووسە ئەهلییەکان ئەوا دە ئەوەندە و زیاتریش عەیبەکە بۆ خودی دەسەڵاتێکە کە خنکێنەری هەموو دۆخێکە تێیدا ئۆپۆزیسیۆن و گروپەکانی گوشار سەرهەڵدەدەن و باڵانسی نێوان دەسەڵات و شەقام رابگرن.

لە کوردستان گووتارێکی میدیایی حزبیی لە هەرمێندایە پێیوایە هەر جۆرە رەخنەگرتنێک لە دەسـەڵات و دامودەزگا میرییەکان مەبەست لێی شکاندن و رووخاندنی دەسەڵاتە، بۆیە پێیوایە دەبێت لەگەڵ هەر رەخنەگرتنێکدا باسی ئەو دەستکەوتانەش بکرێت لە سایەی حکومەتی کوردییدا هاتوونەتە ئارا، سەیرە بۆ لە خۆیان ناپرسن قیرتاو و زێرابی سندووقی و کارەبا راکێشان بۆ گوندەکان و دروستکردنی شۆستەی کۆنکرێتی و یەک دوو باخچەی بچووکی گەڕەکەکان بە بەراوورد بەو داهاتە زۆرو زەبەندەیەی کوردستان کەی پڕۆژەن و کەی ئەوە دەهێنێت رووبەرێکی زۆری میدیایی پێ ببەخشیت؟، بێجگە لەوەش ئەو کارانە ئیشی زۆر سادە و ساکاری حکومەتن، ئەی ئەگەر ئەوە ناکەن، چی دەکەن؟، ئەو کارانەی دەیکەن پێنج لە سەددی ئەو بودجەیە نییە کە قەرارە بۆ کەرتی خزمەتگوزاریی تەرخان بکرێت.

نازانم بۆچی مادام رۆژنامەی ئەهلی رەخنەی لەسەر ئەم کەموکوڕیی و دژوارییەی بواری خزمەتگوزاریی و خراپی حکومەت و ئەدای سیاسیی هەیە، ئیدی ئۆپۆزیسیۆنە و لەوە بەو لاتریشەوە دەستی بێگانەی لە پشتە؟. چ حکومەتێک هەیە هێندەی ئەمەریکا سەرکەوتنی سیاسیی تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتەکەیدا مسۆگەر کردبێت؟ ئێ کاتێک رۆژنامەنووسێک لە نیۆرک تایمز یان واشنتۆن پۆست رەخنە لە ئۆباما بگرێت، کەی بەوە تاوانباری دەکەن بەکرێگیراوی بێگانەیە!!، چوونکە باسی ئەو هەموو دەستکەوت و سەرکەوتنانەی نەکردووە بەدەست هاتوون؟. ئەگەر هەمان پێناسەی رۆشنبیر بەسەر تاکی رۆژنامەنووسدا بچەسپێنین، ئەوە دیسان کاری رۆژنامەنووس لەنێوان لایەنگریی و رەتکردنەوەدایە، رۆشنبیر نە بڕیارێکی پێشوەختی هەیە بۆ لایەنگریی و نە بۆ رەتکردنەوەش، ئەو وەک تاکێک زانست بەرهەم

دەهێنێت، ئەو زانستەش دوورە لە بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی، بەڵکو ئەنجامێکی تاقیگەیی لێکۆڵینەوەیە، کاری رۆشنبیر «رۆژنامەنووسیش وەک رۆشنبیرێک» زیاتر لە کاری پزیشکەکان دەچێت، چوونکە هیچ بڕیارێک نادەن تا سەمپلێک وەرنەگرن و لە ئەنجامی شیکاریی تاقیگەدا ئاکامێک وەرنەگرنەوە.

لەژێر کڵاورۆژنەی ئەمەشدا روون دەبێتەوە داواکاریی میدیا حزبییەکان و تۆمەتەکانیان چەند بێسەروبەرن و ناتوانن روویەکی زانستیی بەخۆوە بگرن، رۆژنامەنووسی کورد کاری ستایش و پیاهەڵدان نییە بە ئەو کارانەی حکومەت لە چوارچێوەی ئەرکەکانیدا پێی هەڵدەستێت، چوونکە سوپاسگوزاریی هیچ کەسێک پێویست نییە لە کاتی راپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرشانیدا، بەڵام کاری رۆژنامەنووسە هەر کاتێک حکومەت لەهەر لایەکەوە کەلێنی تێکەوت و کەمتەرخەمیی کرد رەخنەی لێبگرێت و راستییەکان بخاتە بەردەم رای گشتیی، لە هەمان کاتدا کاری رۆژنامەنووس نییە ببێتە نەیاری سیاسیی حکومەت، چوونکە وەک تیشکمان خستە سەری کاری ئەو دروستکردنی رای گشتیی و گەیاندنی زانیارییە بە هاووڵاتیان، لەوە بەولاوە ماستاوچێتی و پیاهەڵدان دوورن لە رەوشتی رۆژنامەنووسییەوە، هەروەک چۆن لە هیچ وێستگەیەکدا رۆژنامەنووسیی و بەرهەڵستکاریی پێک ناگەنەوە، کەوایە ئێمە نە ماستاوچی و نەئۆپۆزیسیۆنین، بەڵکو رۆژنامەنووسین و باشیش دەزانین کارمان چییە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٦٤»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی یونی ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوبۆتەوە.

# کێشەی کورد لە سوریا و بێدەنگیی میدیای کوردیی

میدیای کوردیی لە باشووری کوردستان بەهۆی بچووککردنەوەی سنووری کاری خۆی و تەنیّ گرنگیدان بە پرسە جۆراوجۆرەکانی ناوخۆی باشوور، وەهای لێهاتووە نەک ئاگای لە دەرەوەی خۆی نییە، بەڵکو هیچ زانیاریی و هەواڵ و خوێندنەوەیەکی بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان نییە، جگە لەو پانتاییە زۆر کەم و بەرتەسکەی بۆ پرسی کورد لە باکوور تەرخانی کردووە. میدیای کوردیی هەموو قورسایی خۆی خستۆتە سەر ئەو کێشە و گرفت و قسە و قسەڵۆکانەی لە نێوان سەرکردە سیاسیی و حزبییەکاندا بوونی هەیە، کێشەی ئەوان و ناکۆکی نێوانیان کراوە بە کێشەی هەموو کورد. وەرگری کورد هیچی لە میدیای کوردیی دەستناکەوێت جگە لە هەواڵی تەشریفاتی بەرپرسان و شەڕە دەنووکی نێوانیان، بە پێچەوانەوە هەرچی ناوی خزمەتگوزارییە لە میدیای کوردییدا بوونی نەماوە. من ئەگەر سبەی گەشت بکەم بۆ شارێکی دیکە، هیچ رۆژنامەیەکم دەستناکەوێت پێم بڵێت کەشوهەوا چۆنە، ئیدی لەم نموونە ساکارەوە بیگرە تا گەورەترینیان، لەوە تێدەگەین میدیای کوردی خاڵی خاڵییە لە خزمەتگوزاریی و پێدانی زانیاریی و فراوانکردنی ئاسۆکانی بینین و سەرخستنی ئاستی رۆشنبیرییمان.

گەیشتوومەتە ئەو بڕوایە بڵێم خوێنەر و وەرگری کورد کڵۆڵترین وەرگر و خوێنەری دنیایە!!، ئاخر لە دنیادا هیچ خوێنەرێک نییە هێندەی خوێنەری کورد کڵۆڵ و بەدبەخت چوونکە ناچارە ئینشای سیاسیی و دزی ئەدەبی و روانگەی کالفامانەی قەڵەم بەدەستانی کورد و شڕە وتاری رۆژنامەکان و حکایەتە سەمەرەکانی وێب سایتە ئەلیکترۆنییەکان بکاتە ژێدەری مەعریفیی خۆی. ئەو دەنگە جیددییانەشی خاوەنی روانگەیەکی قووڵی ئەپستیم و مەعریفەن لەو گەڕەلاوژەی هەیە ون و گومناو بوون. ئەو دۆخە هێندە تراجیدییە وەختە وەک نیشتە بێژم «ئەگەر رێگە

بدەین هەموو کەس فێری خوێندن بێت نەک نووسین خودی فیکریش بۆگەن دەکات». ئەز لەو باوەڕەدام دەرخواردانی ئەو هەموو سەقەتییە بە خوێنەری کورد لە دەرخواردانی خواردەمەنی ئیکسپایەر مەترسیدارترە.

ئەگەر بێینە سەر کرۆکی بابەت، ئەوەندەی من تێبینیم کردووە لە تەواوی میدیاکانی باشووری کوردستاندا، پەراوێزخستن و بەهەند وەرنەگرتنی دۆزی گەلی کوردە لە رۆژئاوا «سوریا»، هیچ رۆژنامەیەکی ئەهلیی یاخۆ حزبیی، هیچ تەلەفزیۆنێکی دەسەڵات یان هی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن نییە، بایەخ بدات بەو دۆزە و شیکاریی و خوێندنەوەی بۆ بکات. من دەبینیم لە تەلەفزیۆنە کوردییەکاندا تەوەر لەسەر کێشەی دارفۆر دەکرێتەوە، راپۆرت و دیمانە لەسەر رژێمی نوێی ئەفغانستان ئامادە دەکرێت، لە رۆژنامەکاندا دەیان وتارم بەرچاو کەوتووە لەسەر کێشەی نێوان ئێران و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، کەچی هیچ هیچم بەرچاو نەکەوت لەمەڕ کێشەی نەتەوەیی کورد لە رۆژئاوای کوردستان!!، وەک ئەوەی کێشەی کورد لەو بەشە داگیرکراوەدا بەشێک نەبێت لە کێشەی تەواوی نەتەوەی کورد.

پرسیار لێرەدایە، ئایا بۆچی لاپەڕەی هەرچی رۆژنامەیەک هەڵدەدەیتەوە، تەنیا پڕە لە هەواڵی وروژێنەر و خۆشکردنی ئاگری شەڕی میدیایی نێوان گۆڕان و یەکێتی؟. بۆچی هەرچی میدیا هەیە هەمووی لە یەک ئاواز دەخوێنێت یان بەشان و باڵی دەسەڵاتدا هەڵدەدات یاخۆ سەد دەر سەد رەتی دەکاتەوە؟!!. ئایا بۆچی میدیای کوردیی لەم بازنە بەرتەسکەدا گەمارۆ دراوە و ناتوانێت لەو چەقبەستووییە خۆی رزگار بکات؟. بە بڕوای من هەموو ئەم پرسیارانە تەنیا وەڵامێکیان هەیە کە دوو رەهەندی هەیە. یەکەمیان پابەندە بە هەژاریی ئاستی رۆشنبیریی و میدیایی هەموو ئەوانەی ئێستا دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەکان هەڵدەسووڕێنن. چوونکە بەرتەسکی بیرکردنەوەیان لە کارەکانیاندا بە روونی رەنگیداوەتەوە، ئەمەش رێگرێکی جیدی بووە لە بەردەم فراوانکردنی ئاسۆکان و بەرینکردنی مەوداکانی کاری رۆژنامەنووسیی و بازدان بۆ کاری گەورەتر و جیدیتر و داهێنەرانەتر.

رەهەندی دووەم، پابەندە بەو شەڕە کلاسیکی و ناڕەوایەی لە نێوان حزب و دەستەکانی ناو حزبەکاندا بوونی هەیە، چوونکە هەرکام لەو لایەنە شەڕکەرانە، بۆ تێکشکاندنی بەرامبەر و سووکایەتیکردن بە یەکتری، پێویستیان بە کۆمەڵێک رۆژنامە و دەزگای راگەیاندن هەیە، لێرەدا ماکینەی راگەیاندن لە هەموو مەهام

و ئەرکێکی رووت دەکرێتەوە و دەبێتە میکانیزمێکی دەستی حزب و سەرکردە حزبییەکانی کورد بۆ دژایەتیکردنی یەکتر. چوون زۆرینەی میدیاکانی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە دروستکراون و هیچ ئەرکێکی تریان پێ نەسپێردراوە و جگە لە شەڕی ناوخۆ لە رێی میدیایەوە، هیچ کارێکی دیکەیان لە دەست نایەت و رێگەشیان پێ نەدراوە بیکەن.

ئەوەی من لەم کورتە نووسینەدا مەبەستمە، پەراوێزخستنی دۆزی نەتەوەیی کوردە لە سوریا، من پرسیار دەکەم بۆچی هەرچی میدیای عەرەبیی هەیە لەهەر کون و قوژبنێکی دنیا بێت، دۆزی فەلەستین بە دۆزی سەرەکیی خۆی دەزانێت؟. بۆچی چی رۆژنامەی عەرەبی هەیە، هەموو رۆژێک چەندان هەواڵ و بابەت لەسەر کێشەی فەلەستین بڵاو دەکەنەوە؟. ئەی بۆچی دەبێت میدیای کوردیی ئاوها بێ خەم لە بەرامبەر کێشەی کورد لە رۆژئاوای وڵاتەکەیدا دابنیشێت؟. تۆ بڵێی کێشەی کورد لە سوریا هێندە نەهێنێت تەلەفزیۆنە کوردییەکان، هیچ ماوەیەکی بۆ تەرخان بکەن؟ بۆچی هێندەی ماوەی دوو گۆرانی و دیمانەی دوو لۆتی، ماوە بۆ کێشەی کورد لە سوریا بە رەوا نابینن؟. تۆ بڵێی رۆژنامە کوردییەکان بە قەبارەی ئەو شوێنەی بورجەکان داگیری دەکەن، بواریان نەبێت لە رۆژنامەکانیاندا گرنگی بە دۆزی نەتەوەیی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان بدەن؟.

ئەمەیە کێشەکە، هەموو کەس لە سلێمانی و هەولێر مەهدی کەروبی دەناسێت، بەڵام پێنج کەسم پێ شک نایەت شێخ مەعشووقی خەزنەوی بناسێت!!، هەزارەها گەنجت پێ نیشان دەدەم، ناوی سەدان یاریزانی تۆپی پێ دەزانن، بەڵام هیچ کەسم پێ شک نایەت تەنانەت هەر ناوی عوسمان سەبری بیستبێت!. ئاخر ئەمە چییە جگە لەو فەوزا و بێسەر و بەرییەی میدیای کوردیی بەرهەمیهێناوە؟. لە کۆتاییدا من هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم، ئەگەر هەر میدیاکانی دەسەڵات بوونایە، ئاوها بایکۆتی کێشەی کوردی سوریایان بکردایە، ئەوسا دەمانووت ئەوە رێککەوتنی ژێر بە ژێر هەیە لەنێوان سوریا و سەرانی کورددا، بەڵام کاتێک میدیای ئەهلیش بە هەمان نەفەس مامەڵە دەکات، دەبێت بێژین: میدیای کوردیی میدیایەکی گێل و نەخوێندەوارە و هیچی تر.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧١»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی یانیوەری ساڵی ٢٠١٠ بڵاوبۆتەوە.

# میدیا وەک ئامرازی ریسواکردن

لەگەڵ ئەو هەموو هاتوهاوارەی کەناڵەکانی راگەیاندن هەر خودی خۆیان دەیکەن لە هەمبەر رەچاوکردنی ئیتیکی رۆژنامەوانی و خستنە سەر رێچکەی رۆژنامەوانی کوردیی لە رووی پیشەیی و ئەخلاقی کارکردنەوە، کەچی هاوکات هەمان میدیا وەک ئەوەی بیری چووبێتەوە دوێنێ چی وتووە و بانگەشەی بۆ چ جۆرە نۆرم و مۆدیلێک لە رۆژنامەوانی کردووە، ئەمڕۆ بۆتە ئامرازێکی گەورەی ریسواکردن و یەکتر سڕینەوە و هەلا هەلاکردنی کەرامەتی مرۆڤ. ئەوەتا ئەو شەڕە موهاتەراتەی لە نێوان میدیای «پارتی و ئەهلی و گۆڕان»دا بەڕێوە چوو، نەک هەموو سنوورێکی ئیتیکی رۆژنامەوانی تێدا تێپەڕێنرا، بەڵکوو پێشێلی هەموو یاساکانی کرد و پەنجەی ریسواکردن و بە پووچ تەماشاکردنیشی خستە سەر کەسێتی و هەستی ژمارەیەکی بێشوماری خەڵک.

من پێم سەیرە چۆن میدیای کوردیی تووشی هەمان ئەو نەخۆشییە زۆر ترسناکانەی کۆمەڵگەی کوردیی بووە کە ئینسان بە تەواوەتی بێ بەها و بێ رێز سەیر دەکات، من سەیرم لەم دەبڵ کەسێتییەی راگەیاندنکارانی کورد سووڕماوە و ناتوانم لەوە تێبگەم، مامۆستا «ئەکادیمییەکان»ی وانەی ئیتیک و ئەخلاقی رۆژنامەنووسی کوردیی چۆن لەلایەکەوە باسی ئیلتیزام دەکەن و لەسەرێکی ترەوە بەشداریی دەکەن لە پرۆسەی کوتین و موهاتەرات و شەڕەجنێو و سووکایەتیکردن بە هەموو پیرۆزییەکی مرۆڤ!!! سەیرە هێشتا رۆژنامەنووسی ئێمە، وەکوو بەلاغی سەربازیی، تەماشای نووسین دەکات و بۆ شەڕێکی توندی سیاسیی و حزبیی و گرووپیی بەکاریدەهێنێت و خوازیارە پەیکەر و جەستەی هێزی بەرامبەری پێ وردوخاش بکات!!. ئەمە کارەساتە راستەقینەکەی واقیعی رۆژنامەنووسیی کوردییە لەم بەشەی کوردستاندا.

کار گەیشتۆتە ئـەوەی ڕۆژنامـەوانییـەک پـەیدا بـووە، لـە پێناوی ئامانجە سیاسییەکاندا نەک سڵ لە هاڕینی هیچ کەس ناکاتەوە، بەڵکوو لەسەر بنەمای تێزی شەلم کوێرم ناپارێزم، دەست بۆ هەموو مافە تایبەتیی و سەرەتایی و سادەکانی مرۆڤ درێژ دەکات. کار گەیشتۆتە ئەوەی میدیایەک پێگەیشتووە بۆ ڕیسواکردنی بەرامبەر نەک خۆی لە هیچ ڕستە و وشەیەکی زبر و ناشایستە و ناماقوڵ و نامۆ ناپارێزێت، بەڵکوو تۆمەت هەڵبەستن و زانیاریی درۆ و داتاشینی حکایەتی سەیر و سەمەرەشی کردووە بە بەشێک لە ئەرکە هەرە سادە و ئاسان و ئاساییەکانی خۆی. کار گەیشتۆتە ئەوەی میدیایەک لە کوردستان لە بەهێزبووندایە نەک هیچ بایەخ و ڕێزێک بۆ نووسین و وشە دانانێت، بەڵکوو هەر لە بنەماوە گاڵتەی بە هەست و کەسێتی مرۆڤەکانیش دێت، تا ئەو ئەندازەیەی هەزارەها چیرۆک و حکایەتی وەهمیشی بۆ ئابڕووبردن و ڕیسواکردنی هەر مرۆڤێک لە ژێر هەر ناو و پاساوێکدا بێت، ئامادە کردووە.

لە هەموو ئەمانەش ترسناکتر، هـەردوو ئەو میدیایەی بەم دواییانە بازاڕی عوکازی موهاتەراتی کوردییان گەرم و جەنجاڵ کردبوو، خۆیان بە سەرمەشق و نموونەی ڕۆژنامەوانی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵ دەزانن، بەڵام بێگوومان بیریان چووە ئەوان نموونە و سەرمەشق و پسپۆری عەیارە بیست و چواری موهاتەراتن، بیریان چووە لە پێناوی مەبەستێکی سیاسیی دیاریکراودا، ئامادەن کەرامەتی هەزارەها مرۆڤ بکەنە سووتەمەنی و قوربانی. تەنانەت سەیرە ڕاگەیاندنێک بە ناوی داکۆکی لە مافی «سەردەشت عوسمان»ەوە دەست بۆ گەورەیی و پیرۆزیی کەسێتی خەڵکانی تر ببات!!، ئاخر ناکرێت لە پێناوی ژیانی گوڵاڵە سوورەیەکدا، باخچەیەکی پڕ گوڵ و گوڵزار بپلیشێنیتەوە، هەروەک چۆن ناکرێت بۆ دوورخستنەوەی تاوانێکی وەک ئەوەی دەرهەق بە ژیانی «سەردەشت» کراوە لە حزب و ئاڕاستە سیاسییەکەت، ئاگر لە ماف و هەستی کەسانی تر بەر بدەیت، وەکوو ئـەوەی هەستی مرۆڤ کاڵایەکی هەرزان و سووک بێت. ئەمەیە کارەساتی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی.

بەداخەوە هێشتاش ڕاگەیاندنی کوردیی بەهەمان فۆرمی شەڕی ناوخۆ و بە هەمان ئاواز و موفرەدەی شەڕی براکانی شاخەوە کە بە جەستەی پێشمەرگەی شەهیدکراوی نەیارەکانیان دەگـووت «کـەلاک»، مامەڵە دەکـات، تەنانەت بۆ

ئێمەومانان کە وەها خەیاڵمان دەکرد، کرانەوەی کوردستان بە رووی دونیادا بۆتە هۆی وەرچەرخانی عەقڵی سیاسیی و میدیایی کوردیی، شۆکێکی گەورەیە بتوانین بە ئاسانیی تەسەوری ئەوە بکەین هێشتا میدیا لە کوردستان ئامادەیە شەڕی سیاسیی و ئاسایی گەرم بگۆڕێت بۆ شەڕی خوێناویی و سەربازیی، هێشتا میدیا ئامادەیە بە کوژراوی لایەنی بەرامبەری بڵێت «کەلاک». بە رای من ئەمەیە کارەساتی راستەقینەی رۆژنامەوانی کوردیی نەک شتێکی تر.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە «٧٥»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی مایۆی ساڵی ٢٠١٠.

# کەناڵی نالیا ئاو دەکاتە ئاشی کێوە؟

باوەڕم ناکەم لە کوردستان زەمینە بۆ سەرهەڵدانی میدیای ئازاد «بەو مانایەی میدیایەکی ئازاد لە رووی ئابووری و سیاسییەوە هاتبێتە ژیانەوە» رەخسا بێت. ئەوەی هەیە کەم و زۆر وابەستەی حزبەکان و ئاڕاستە سیاسییە جیاوازەکانە. هەرچەندە ئیدعای میدیای ئازاد تەمەنی لە دەیەیەک تێپەڕی کردووە، کەچی لە واقیعدا بڕوا ناکەم پاش دەیەیەکی تریش شتێک بە ناوی میدیای ئازادەوە بەو پێناسەیەی لە کوردستان هەیە بێتە گۆڕەپانەکەوە. کەناڵی تەلەفزیۆنی نالیا، یەکێکە لەو دەزگا راگەیاندنانەی بەردەوام وەک دەنگێکی سەربەخۆ و ئازاد خۆی پێناسە دەکات، بەڵام ئەوەی ئەم کەناڵە ممارەسەی دەکات، جۆرێکە لە لایەنگریی رووت بۆ هێزێکی سیاسیی یان بۆ جەمسەرێکی باڵادەستی ناو حزبێکی سیاسیی. ئەگەرچی نەنگیی نییە، کەناڵ یان ناوەندێکی راگەیاندن لایەنگری ئاڕاستەیەکی سیاسیی یان حزبێکی دیاریکراو بێت، بەڵام قەباعەتە ئەو لایەنگرییە بە ناوی ئازادبوون و سەربەخۆییەوە بە خەڵک بفرۆشرێتەوە.

لە رووداوەکانی ئەم دواییەی بادیناندا، دەستی کەناڵی نالیا زیاتر بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوو، چوونکە سیاسەتی سەرەکیی ئەم کەناڵە، بریتیبوو لە خۆشکردنی ئاگرەکە لە نێوان پارتی و یەکگرتوودا، تاکوو ئەو ئەندازەیەی کەناڵەکانی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن «جگە لە کەناڵەکانی یەکگرتوو» زۆر نەرمتر و لێپرسراوانەتر، رووماڵی هەواڵەکانیان دەکرد و زۆر بێلایەنانەتر رووداوەکانیان بۆ خەڵک دەگواستەوە. هەموو لەو ماوە زەمەنییە کورتەدا توانیمان، سیاسەت و فەلسەفەی کارکردنی ئەم کەناڵە بناسین، نەک کەناڵێکی ئازاد و سەربەخۆ نییە، بەڵکو هەندێک جار ئەوەندە زیادەڕۆیی لە لایەنگریی هێز و حزب و کەسایەتییەکی سیاسییدا دەکات، سنوورەکانی کاری رۆژنامەوانیش تێدەپەڕێنێت. یان بە مانایەکی تر رووداوەکانی بادینان توانی ئەوەمان بۆ بسەلمێنێت، کەناڵی نالیا زیاد لە هەر کەناڵێکی تری حزبیی، لایەنگریی دەکات و خوازیارە ئەو رووداوانە بە زیانی هێز و حزبێکی سیاسیی دیاریکراو

بشکێنێتەوە.

لەلایەکی تریشەوە، بە درێژایی ئەم چەند مانگەی کارکردنی کەناڵی نالیا، تا ئێستا نەبووە رەخنەیەکی جیددی و توند بەو زمانەی بەرانبەر کەسانی تر هەیانە، رەخنەیەک لە «د.بەرهەم ساڵح» بگرن، بە پێچەوانەوە زۆر لە کوردسات و کوردستانی نوێ، بە پەرۆشتر بوون بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی چالاکییەکانی «بەرهەم ساڵح»، بەشێوەیەک کاتێک بینەر هەواڵێکی سەرۆکی حکومەت لە نالیاوە دەبینێت، وا تێدەگات ئەم کەناڵە زمانحاڵی فەرمیی حکومەتی هەرێمە، بەڵام لە هەمان کاتدا کە هەواڵەکانی تری ئەو کەناڵە دەبیستێت، ئەو هەستەی لا دروست دەبێت، ئەم کەناڵە ئۆرگانی ئۆپۆزیسیۆنێکی قەدەغەکراوی کوردستانە. بۆیە دەبینین بەشێوەیەکی زۆر روون و ئاشکرا لایەنگریی لە حکومەت و بەرهەم ساڵح، بە ستایل و کارەکانی ئەو کەناڵەوە دیارە و هیچ کەسێک ئەگەر بۆ چەند خولەکێکیش سەیری نالیای کردبێت، ناتوانێت پێ لەم راستییە نەنێت.

ئەوەی لێرەدا پرسیاری سەرەکییە، ئایا نالیا، لە پاش کۆتاییهاتنی ماوەی سەرۆکایەتی حکومەت لەلایەن «بەرهەم ساڵح»ەوە، بە هەمان شێوە، بایەخ دەدات بە هەواڵی چالاکییەکانی سەرۆکی حکومەت یان نا؟ ئەگەر ئەو کاتە زمانی دەبێتە گوێزان لە بەرانبەر حکومەت و سەرۆکایەتییەکەیدا «کە من لەو باوەڕەدام بەم شێوەیە دەبێت» نابێت ناهەقمان بگرن، کاتێ ئێمە دەڵێین سەربەخۆبوون و ئازادبوونی نالیا وەهم و چاوبەستە، بەڵکو سیاسەتی ئەم کەناڵە ئاوکردنە ئاشی ئاڕاستەیەکی سیاسیی دیاریکراوە، بەڵام ئەگەر شێوەی کاری نالیا پێچەوانەی ئەم ستایڵە بوو کە ئێمە باسی دەکەین، ئەوە بۆ من نەنگیی نییە هەر لەم گۆڤارەوە و لە هەمان گۆشەدا، پێ لەوە بنێم بۆچوونەکانم هەڵە بوون و داوای لێبووردنیش لە ستافی کەناڵەکە و خوێنەران بکەم، خۆ ئەگەر سیاسەتی نالیا بەو شێوەیە دەرچوو کە بووە مینبەرێکی گەورەی دژایەتی حکومەت، ئەوسا با ئەوان جورئەت لە خۆیان نیشان بدەن و بڵێن خەریکی چین و ئاو دەخەنە ئاشی کێوە؟. ئەوسا با تەنیا ئازایەتی ئەوەیان هەبێت، بڵێن ئێمە بێلایەن نین و خەریکی بردنە پێشەوەی سیاسەتی خەت و هێزێکی دیاریکراوین.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٥»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ١-١-٢٠١٢ بڵاوبۆتەوە.

# مایکڵ رۆبن گۆمە مەنگەکەی شڵەقاند

هەتا ئەو کاتەی باس و خواسی گەندەڵیی و راورووتی سەرکردە کوردەکان لە ئاستێکی نێوخۆییدا حەپس کرابوو، ئەکتەرە سەرەکییەکانی گەندەڵیی خەمساردانە لە نووسین و ئاشکراکردنەکانی نووسەرانی کوردیان دەڕوانی و هەرگیز نەیاندەویست وەهای نیشان بدەن سەغڵەتیی دایگرتوون، بەپێچەوانەوە جگە لە پێکەنین هیچ کاردانەوەیەکی تریان نەبوو، تەنانەت ئەو جۆرە زەردەخەنەیە ترسناک و بە زەبرتر بوو لە هەر سزا و تۆڵە لێسەندنەوەیەک. تا ئەو کاتەی ناوبانگی گەندەڵیی سەرکردە کوردەکان نەگەیشتبووە دەمی میدیای بیانیی، میرەکان بەم ئەزموونەوە دەیانخوڕی و سەرنجی هەموو دنیایان بۆ ئەم ئەزموونە فاشیلەی کوردستان وەک نموونەیەکی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی نێوین راکێشابوو، ئیدی کاتێک بەڵایەکی وەک مایکڵ رۆبن دێت و سەروەتی سەرۆکەکانی کورد ئاشکرا دەکات و دەیگەیەنێتە دەمی میدیای دەرەکیی، جگە لە بەتاڵکردنەوەی شەعبەزەی ئەو مەهزەلەیەی ناونراوە (ئەزموونی هەرێمی کوردستان). سەرۆکە سیاسییەکانمان لە تووڕەبوونیدا باڵانسیان دەردەچێت، چی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە تەنێ ئەوە نەبێت رۆبن بە سیخوڕ و بەکرێگیراوی تورکیا و دوژمنانی کورد بناسێنن.

بە دووری ناگرم رۆبن سەفقاتی لەگەڵ تورکیا هەبێت و رەنگبێ بە هاندانی تۆرانییەکانیش لەم کاتژمێری سفرەدا ئەو قومبەلەیە بتەقێنێتەوە، شتێکی سەیر و چاوەڕواننەکراو نییە رۆبن زانیارییەکانی لەسەر سەروەتی سەرکردە کوردەکان بە خزمەتی تورک و لە پێناوی بەرژەوەندییەکی شەخسییدا بەکاربهێنێت، ئەمە مافی خۆیەتی و ئازادە لەوەی بەچ شێوە و لە چ کاتێکدا پەنجەیان بۆ رادەدێرێت. لە سەرەکەی تریشەوە نەک بە دووری ناگرم سەرکردە کوردەکان ئەو برە پارەیەیان

هەیە وەک مایکڵ ئاشکرای کردووە، گلەییشم لە مایکڵ ئەوەیە زۆر خاتری گرتوون و تەنێ بەشێکی زۆر کەمی لە بارەی سامانی سەرۆکەکانمانەوە خستووتە پێش چاو.

سەیر لەوەدایە سەرکردەکانی کورد پێش راپۆرتەکەی رۆبن جیا لەوەی گەندەڵییان لێببووە زەنگیانە و بە دوویدا دەگەڕان و سەرسووڕمانی خۆیان نیشان دەدا لە بارەی ئەو گەندەڵییانەی رۆژنامەنووسانی کوردی (دەم هەراش) دەیانخستنە بەرچاو، ئێستا کە مایکڵ ئەم تاوێرە گەورەیە فڕیدەداتە گۆمەکە و دەیشڵەقێنێت، ناچاربوون لە بەردەم رای گشتیی جیهانیدا بکەونە پاکانە و بیانوو هێنانەوە، بە تایبەت لە رێگەی ناشرینکردنی رووی رۆبن و هەموو ئەو رۆژنامەنووسە بیانییانەی پەردە لەسەر دیاردەی گەندەڵیی لە کوردستان لا دەبەن. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە خانەی وەرگێڕانی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیریی لە بری چاپکردنی کتێبێکی قەبە و ئەستوور لەمەڕ گەندەڵیی لە وڵاتی سربیا!!، چەند بەرگێکیش لە گەندەڵییەکانی دەسەڵاتی هەرێم کوردستان کە بە پەڕەمووچی بیانییەکان نووسراون وەربگێڕن و بیخەنە بەردەستی خوێنەری کوردی (بەستەزمان).

کاتی ئەوەش هاتووە رۆژنامەنووسانی کورد هەموو فێری زمانی ئینگلیزیی ببن و پێی بنووسن، چوونکە پێویستە راپۆرتەکانیان بەو زمانە ئاڕاستەی هەموو دنیا بکەن، ژ بەرئەوەی ئەو حاکمانەی لە کوردستان مەحکومی گەندەڵیین تەنێ لە ناشرینبوونی دەموچاویان دەترسن لە بەردەم ئاوێنەی دەرەکییدا، ئەگەنا غەمێکیان نییە لەو وێنە و رووخسارە شەیتانییەی لە ناوەوەی وڵاتەکەیاندا هەیانە، ئەوان دەیانەوێت ئەندامی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال و کۆڕی رێکخراوە دیموکراتی و مەدەنییەکان بن، بۆیەکا چوونە دەرەوەی ئەو هەواڵانەی پەیوەستن بە گەندەڵیی و سەرکووت و بێ مافیی هاووڵاتیان خەتەرێکە و بەلایانەوە لە جەنگی پارتیزانی گورجگبڕتر و گورز وەشێنترە. دەی کەوایە با هەموو لەم لایەنەوە تەنگیان پێهەڵچنین یان ئەوەتا دەبنە دەسەڵاتێکی دیموکراسی و دادپەروەر یان ئەوەتا لە بەردەم هێرشی رەخنە و ئاشکراکردنی گەندەڵییەکاندا تا ماون دەبێت بناڵێنن.

وا بڕوا دەکەم رۆژنامەنووسی کورد ئەرکی تەنێ لە چوار دیواری دەزگا و ئۆفیسەکاندا نییە، کاری تەنێ لە بوارەکەیدا نییە، ئەو ئەرکەشی لە ئەستۆیە: دەبێت شەڕی ئازادیی بکات، دەبێت دوای مایکڵ رچە بشکێنێت و فیشەکدانەکەی پڕ لە مرەکەب بکات، ئیدی ئەو خۆی دەبێت گۆمەکە هەر بە شڵەقاویی بهێڵێتەوە. پرسیارە

راستەقینەکە لێرەدا هەر ئەوەیە: ئایا رۆژنامەنووسانی کورد ئیمانیان بەوە هێناوە دەبێت ئەم گۆمە هەر بە شلەقاویی بمێنێتەوە و بەردەوام تاوێری قەبە قەبەی تێهاون؟ من نازانم.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١٥)ی رۆژنامەی (بۆچوون) لە رۆژی ٢٠٠٨\١٢\٢٥ بڵاوبووەتەوە.

# پێویستە زمانی میدیا لە تەشهیر پاک بکرێتەوە

بابەتی تەشهیر لە کەناڵەکانی میدیادا لە هەنووکەدا بابەتێکی وروژاو و جێگەی بایەخە و لەسەر ئاستی ناوەندی رۆژنامەنووسیی کوردیی جێی مشتومڕێکی جیددییە. رۆژنامەنووسانی حزبیی زیاد لە هەر کەس ئەم بابەتە دووپات دەکەنەوە و رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ و دەرەوەی پارتەکان بە ئەنجامدانی تەشهیر تۆمەتبار دەکەن. ئەم ماوەیەی دوایی ئەم پرسە زیاتر بایەخی پەیدا کردووە بە تایبەت لە هەندێ ناوەندی میدیاوە فۆکوسی زیاتری خراوەتە سەر. بەڵام ئەوەی لەو گفتوگۆ و گووتارانەدا غائیبە، وردنەکردنەوەی چەمکی تەشهیرە، ئاخۆ تەشهیر چییە و چ نووسینێک تەشهیرە؟ ئایا ئەو رەخنانەی بڵاو دەکرێنەوە تەشهیرن یان راستیی؟ ئایا ئەو تەشهیرانەی دەکرێن چین؟.

بە کورتی هێشتا هەروەک چەمکی ئەمنی نەتەوەیی پێناسەیەکی دیاریکراومان نەبووە بۆ چەمکی تەشهیر، ئەمەش وا دەکات ئەو پرسە تا رادەیەک لاستیکیی خۆ نیشان بدات، چوونکە رەنگبێ لە هەندێ کاتدا رەخنە بە تەشهیر و تەشهیر بە رەخنە بە حیساب بهێنرێت، کەواتە پێش هەر شتێک و هەر قسە لەسەر کردنێک ئەرکی ئەوەمان دەکەوێتە سەر شان لە فەرهەنگی رۆژنامەوانی و میدیایی خۆماندا پێناسەیەکی جێگیری ئەو چەمکە بکەین و وێنەی راستەقینەی تەشهیر بکێشین و روونتر شرۆڤەی ئەو زاراوەیە بکەین.

بە بڕوای من پێناسەکردنی تەشهیر و وردکردنەوەی زیاتری ئەم چەمکە خزمەتێکی زۆر دەکات بە بواری میدیای کوردستانیی، چوونکە هەر کات مانا و سنووری رەخنە و تەشهیر لێکدی جودا کرانەوە، ئیدی چیتر هیچکامیان بە هەڵە ناچنە ژێر ناونیشانی یەکترەوە. ئەم چەسپاندن و ساغکردنەوەیە زۆر لە سزادان و حوکمە یاساییەکان گرنگترە، چوونکە بێ ئەنجامدانی ئەم کارە دەستبردن بۆ هەر

جۆرە لێپرسینەوە و تاوانبارکردنێک خۆی لە خۆیدا نایاسایی و تاوانە. بە باوەڕی خۆم کاتی ئەوە هاتووە، بگرە درەنگیشە بۆ پاککردنەوەی زمانی میدیا لە خڵتە و تەشهیر و سووکایەتیکردن، کاتی ئەوە هاتووەتە پێشەوە رۆژنامەنووسییەکی پرۆفیشناڵی کوردیی پێشکەش بکەین، کە نە رەخنە بە تەشهیر دابنێ و نە تەشهیر بخاتە چێوەی رەخنەوە.

ئەگەر ئێمە توانیمان بەم کارە هەستین، گرەنتی ئەوە دەکەم دەتوانین هەنگاوی گەورەتر و جیددیتر رووەو پێشخستنی زیاتری بواری میدیای کوردیی بنێین، ئەگەرنا هەموو هەوڵ و وزەیەکمان جۆرێکە لە بە فیڕۆدان و خۆ ماندووکردن و خولانەوە لە بازنەیەکی تەسکی تاریکدا. ئیدی پێویستە زمانی میدیا ببێتە زمانێکی ئەکادیمی و زانستیی، بۆ ئەوەی لەمەو بە پاش قسە نووسین و نووسینی راستەقینە لێکدی جیا بکرێنەوە، بۆ ئەوەی حورمەتی بگەڕێتەوە بۆ نووسین و سەنگینی بێتەوە بۆ رۆژنامەوانیی کوردیی. هەڵبەتە گێڕانەوەی حورمەتی نووسین و پاککردنەوەی زمانی میدیا بە مانای خۆ لغاوکردن و چاوپۆشین نایەت هێندەی مەبەستمان ئەوەیە رەخنە تێکەڵاوی ناوزڕاندن و سووکایەتی پێکردن نەکرێت و خەتی رەش و سپی لێک جیاببنەوە.

وەک خۆم وای دەبینم رۆژنامەنووسانی دەرەوەی پارتەکان هەرگیز لەگەڵ زمانی تەشهیر نین، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە هەرگیز تەشهیریان نەکردووە، بەڵام رووی راستینەی ئەم پرسە ئەوەیە ئەگەر نووسینێک تەشهیریشی تێکەوتبێت بۆ ئەوە نەنوسراوە تەشهیری تێدا بکرێت، بە قەدەر ئەوەی خەمێکی مرۆڤانە یاخۆ نەتەوەیی لە پشتییەوە ئامادەیی هەیە. ئەمڕۆ ساتی پێگەیاندن و پێشخستنی میدیای کوردییە تاکوو ببێتە دەسەڵات و کاریگەریی لەسەر پرسەکان هەبێت، بۆ ئەم کارە ئەگەر تەکنۆلۆژیا و ئابووری رۆڵی کارایان هەبێت، بێگومان رۆڵی زمان لە رۆڵی ئەو بوارانە هیچی کەمتر نییە، کەوابوو لە سەرمانە هەنگاو بنێین رووەو پاککردنەوەی زمانی نووسین لە وشەی نەشیاو و سووکایەتی پێکردن، بەڵام وەک وتم خۆ پاراستن لە تەشهیر هەرگیز ناکاتە چاو نوقاندن و مانگرتن لە رەخنە، یان مانای دەمدورین ناگەیەنێت.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە (٥١)ی گۆڤاری (نێوەند)ە لە مانگی ئایاری ٢٠٠٨.




# بەشی پێنجەم
# تەنز

# پانۆراما

## -١-

### چیم دی؟

ئەحمەد خواجە فێری کردین ئەو ڕووداوانەی دەیانبینین لە ژێر ناوی (چیم دی) یادداشتیان بکەین، کەواتە من چیم دی؟.

*لە ڕۆژی یەکی ئایاردا بینیم، لە بری کرێکاران، خاوەن کۆمپانیاکانی هوانەی سلێمانی ئاهەنگێکیان سازدا.

*پێرێ شەو بە چاوی خۆم بینیم مفەوەزێکی پۆلیس بە جلی یاساییەوە تەکسی لێ دەخوڕی و چاوی بۆ نەفەر دەگێڕا.

*پۆلیسەکانی بەر دەرگای نەخۆشخانەیەکی سلێمانی بە خوشکەکەمیان وت بەو جلانەی بەرتەوە بۆ خەستەخانە هاتووی یان بۆ هۆڵی ئاهەنگی ئۆسکار؟.

*شۆفێری ئۆتۆمبیلێکی ژینگەپارێزییم بینی، بە دەم خوڵڕشتنەوە، مەساسەی بە منداڵانی گەڕەک دەفرۆشت.

*بەرپرسێکی عەسکەریی فرەژنم بینی، لە ڕێستۆرانتی (.....)، داوای لە ڕۆژنامەنووسێک کرد، دەربارەی عەشق دیمانەی لەگەڵ بکات.

*لە ماڵی مەلایەکی ناسراوی کورددا پڕ سەلاجەیەک بیرەی توبۆرگ و وێسکی گرانتسم بینی (سبحان الله).

### فەرهەنگی سیاسیی

* گەندەڵیی: دیاردەیەکی ئابووری سیاسیی نەتەوەییە و بنەماکانی فەرمانڕەوایی لە وڵاتدا بەهێز دەکات.

*سۆسیال دیموکرات: جۆرێکە لە ئایدیای سیاسیی، خێڵ و دیموکراسی، تەقەکردن لە ڕێپێوان و بانگەشەی مەدەنیەت لە بەرزترین ئاستدا بەیەکەوە دەبەستێت.

*تەکنۆکرات: مۆدیلێکە لە حکومداریی تێیدا نەخوێندەوار و سەرۆک هۆز و پیاوماقوولان دەیبەن بەڕێوە.

*مەدەنیەت: سیستمێکە گرنگیی دەدات بە مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان و سوڵحی عەشایەریی. برەودان بە هۆزگەرایی دەخاتە سەرەتای لیستی کارکردنەوە.

*حکومی یاسا: واتە تەداخولی حزب لە دادگاکان و ئەو بارودۆخە گونجاوەی پیادەکردنی یاسا لە کوردستاندا هەیە.

*ناسیۆنالیزم: واتە فایلداریی و سازشکردن لەگەڵ نەتەوە سەردەستەکان و خستنە گرەوی پارچەیەکی وڵات.

## ئەم وشەیە بخەرە رستەوە

*سەدام حسێن: سەدام دۆستی نزیکی سەرکردەکانی کورد و دوژمنی باوەکوژی رەش و رووتی نەتەوەی کورد.

*ماددەی سەد و چل: سەدوچل شەبقەیەکی مەکسیکیی گەورەیە و کرایە سەری زیاتر لە چل ملیۆن کورد.

*پێشمەرگەی دێرین: پێشمەرگەی دێرین ئەو کەسەیە نە ماڵی هەیە و نە سامان و ماڵەکەی بە کۆڵییەوەیەتی.

*کابینەی حکومەت: کابینەی حکومەت تەنیا یەک جیاوازیی لەگەڵ کەرەڤانە هەیە، ئەویش ئەوەیە: یەکەمیان چل و دوو وەزیر لە خۆ دەگرێ و ئەویتریان دوو کەس.

*پەرلەمانی کوردستان: پەرلەمانی کوردستان ئەو جێگەیەیە بەرژەوەندیی سەد و یانزە هاووڵاتی تێدا پارێزراوە.

*کەرکوک: کەرکوک شاری برایەتیی کوردی غەدرلێکراو و عەرەبی هاوردەیە بۆ هەتاهەتایە و تا رۆژی پەسڵان.

* نەخۆشخانە: هەڵەیەک هەیە لە ناوی نەخۆشخانەکانی کوردستان، چوونکە لەبری مەیتەخانە نەخۆشخانەیە.

## هەواڵی سەر (تەنوور)ەکەی مەنیجە خان

باوکم (گۆڕی پڕ رووناکیی بێت) هەر هەواڵێکی عەنتیکەی بیستبا دەیووت ئەوە هی ئاژانسی (تەنوور)ەکەی مەنیجە خانە، کەوابوو بفەرموون لەگەڵ هەواڵەکانی پێگەی مەنیجە خان:

*وا بڕیارە کوردەکان لە کاردانەوەیەکدا بەرامبەر بە دی میستۆرا، بەیاننامەیەکی ناڕەزایی لە دژی ئەلقاعیدە دەربکەن.

*بەهۆی تەقینەوەیەکەوە لە کەرکوک، چەند بەرپرسێکی هەردوو حزبی باڵادەست (چەمچەماڵ)یان بەجێهێشت.

*رۆژنامەنووسێکی گەورەی کورد، پارچەی پێنجەمی کوردستانی دۆزییەوە، بەپێی وتەی ئەو کەوتۆتە ئوردون.

*بەرپرسێکی کورد لە ئەنکەرا، هەر ئەوەی مابوو بڵێت: پەکەکە خەڵکی مەکدۆنیان و شەڕ بە تورکیا دەفرۆشن.

*دوێنێ ئێوارە بەهۆی قژ ئێشەوە سەرۆکی پارتی هین لە فڕگەی ئێرەوە گەیشتە بەرلین بۆ چارەسەری پزیشکی.

*پریماکۆڤ ئەوەی راگەیاند چەند بەرژەوەندیی پێ بدرێت، ئەوەندەش ئامادەیە بە تەلی حاجەت نەوچەوانی دەسەڵاتی کوردیی لە دنیادا سپی بکاتەوە.

**داغستانی ئەو ، کوردستانی من**

رەسوڵ هەمزاتۆڤ لە (داغستانی من)دا باسی وڵاتەکەی دەکات، ئەزیش لە (کوردستانی من)دا هەمان کار دەکەم:

*لە کوردستانی مندا مرۆڤ دەتوانێت لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا ببێتە ملیۆنێر!! کلیلی غەیب لای خوایە.

*لە کوردستانی مندا ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی ئۆپۆزیسیۆن لە هی پارتی دەسەڵاتدار دەوڵەمەندترن.

*لە کوردستانی مندا هیچ مافێک نییە و هەزاران لاویش دەبینی لە تیرشێتەکانیاندا وێنەی چێ.گیڤارا هەیە.

*لە کوردستانی مندا بە یەک هەفتە یەک ملیارد دۆلار دیارنەما و دەسەڵاتیش توورە دەبێ بڵێین گەندەڵیی هەیە.

*لە کوردستانی مندا سێ هەزار و قسوور رۆژنامەنووس هەیە و یەک رۆژنامەی جیددیش شک نابەم.

*لە کوردستانی مندا هۆڵی ئاهەنگ و مەیتخانە، بارەگای پارتی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات دراوسێی یەکترن.

*لە کوردستانی مندا سێ سەد و شەست هەزار کۆنە جاش و نزیکەی دوو

هەزار پێشمەرگەی دێرین هەیە.

# پانۆراما

## -٢-

**دکتۆر**

*دکتۆرێک دوای ئەوەی لەگەڵ نەخۆشێک شەڕی کرد، تەلەفۆنی بۆ دەمسپی هۆزەکەی کرد بۆ گەلەکۆمەکێ.

*دکتۆرێکی هەست ناسک، میلی دەمانچەی لە باوکی نەخۆشێک راکێشرا کە جەنابی سەقەتی کردبوو.

*دکتۆرێکی پسپۆر، پیاوی نەخۆش بە دوو خولەک و ژنی نەخۆش بە بیست و پێنج خولەک نەجات دەدات.

*چووم بۆ لای دکتۆرەیەکی ددان، جگە لە خۆم، دوو ددانی هاوڕێکەشمی دەرهێنا «لەبەر خاتری پارەکەی».

*دکتۆرێکی نەشتەرگەریی هەیە، تاوەکو نیو قاپ وێسکی شیفاز نەخواتەوە هیچ نەشتەرگەرییەک ناکات.

* دکتۆرێکی قورگ لە سلێمانی دەناسم، برۆ بەلایدا چوار فەحست بۆ دەنووسێ و یەکێکیان هی گورچیلەیە!.

*دکتۆرێکی بە ئینساف بە یەکێک لە بێویژدانەکانی وتبوو، جیاوازییمان ئەوەیە، من مراجعم کەمە و تۆش زۆر.

*دکتۆرێکی دەرمانساز هەیە، لەبەر سەیری فوتبۆڵ، لە بری حەبی گەدە، دەستەیەک حەبی شەکرەی دابوومێ.

*دکتۆرێکی عاتیفیی شک دەبەم، هەر کچێک بچێتە لای، لە پێشدا پێی دەڵێت: ئەرێ بە راست شووت کردووە؟.

**مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان**

ئەگەر رۆژێک لە کوردستان بەندەکانی مافەکانی مرۆڤ نووسرایەوە، بێگومانم هەر بەم شێوەیە دەبێت:

*هەموو مرۆڤێک ئازادە چی دەڵێت با بیڵێت، بەڵام هیچ مرۆڤێک ئازاد نییە ئەوەی دەیڵێت بیکات.

*مافی نیشتەجێبوون و شوققەی سەکەنی بۆ هەموو هاووڵاتییەکە تەمەنی گەیشتبێتە سەرو پەنجا ساڵ.

*هیچ مرۆڤێک بۆی نییە، ئاهەنگ و شایی بکات لە کاتێکدا ماڵە دراوسێکەیان یەکێکیان خوای عەفوی کردووە.

*حکومەت بەرپرسیارە لە پاراستنی هاووڵاتیان لە رەشەبا و دووپشکە رەشە و کولە و زەردەواڵە و مێرووله.

*هەموو هاووڵاتییەک مافی هەیە رۆژنامە دەربکات و حکومەتیش مافی ئەوەی پێدراوە هەرگیز گوێی لێنەگرێ.

*هەموو هاووڵاتییەک بۆی هەیە دەنگ بدات بەو کاندیدەی دەیەوێت، بەڵام مافی خۆ هەڵبژاردنی پێنەدراوە.

*هیچ هاووڵاتییەک بۆی نییە بە سوعبەتیشەوە خۆی بکاتە سەرۆک، تەنیا لە درامادا ئەم مافە بە رەوا بینراوە.

*یاسا لەسەروو هەموو کەسێکەوەیە، بەڵام بێگومان حزب لە یاسا و سەرکردە لە حزب گەورەترە.

## قاوە گرتنەوە

* قاوەیەکیان بۆ بەرپرسێک گرتەوە، وێنەی دوو لۆری پڕ پڕ دۆلار و سێ لەشفرۆشی کاولی دەرچوو.

* قاوەیەکیان بۆ گەنجێک گرتەوە، وێنەی بێکاریی و رسوابوونی بڕوانامە و تاوڵەی گازینۆکان دەرچوو.

* قاوەیەکیان بۆ مامۆستایەک گرتەوە، وێنەی قوتابی هیچ فێرنەبووی هەموو ساڵێک ناجیحی تێدا دەرچوو.

* قاوەیەکیان بۆ ژنێک گرتەوە، وێنەی چەقۆ و بلۆکی خوێناویی و پیاوی سمێڵ بابڕی تێدا دەرچوو.

* قاوەیەکیان بۆ مەلایەک گرتەوە، وێنەی نادیی قەرەباڵغ و قاپە عارەق و قوتووە بیرەی هایت دەرچوو.

* قاوەیەکیان بۆ پۆلیسێکی مرور گرتەوە، وێنەی شەقامی قەرەباڵغ و شۆفێری بێ مۆڵەت و سەرکێش دەرچوو.

* قاوەیەکیان بۆ بودجەی هەرێم گرتەوە، وێنەی گەندەڵیی و بەفیڕۆدان و

تەخشان و پەخشان دەرچوو.

* قاوەیەکیان بۆ منداڵێکی ساوا گرتەوە، وێنەی نەگبەتی و پاسەوانی وەزیر و گیرفانی بەتاڵ دەرچوو.

* قاوەیەکیان بۆ چارەنووسی کوردستان گرتەوە، وێنەی پۆستاڵی رەش و داگیرکردنەوە دەرچوو.

## جیاوازییەکانی مالیکی و سەدام

*سەدام چاویلکەی لە چاودا نەبوو، قژی نەڕووتابووەوە، مالیکی چاویلکەی لە چاودایە و قژی رووتاوەتەوە.

*سەدام لاسایی ستالین و فیدڵ کاسترۆی دەکردەوە، مالیکی لاسایی خومەینی و ئەحمەدی نەژاد دەکاتەوە.

*سەدام بە پێکەنینەوە کوردی لەنا ودەبرد، مالیکی بە مۆڕە و رووگرژییەوە هەمان ئەو کارە ئەنجام دەدات.

*سەدام بە ئاشکرا و رۆژی رووناک شەڕی دەکرد، مالیکی بە شەوی تاریک و لە ژێرزەمیندا خەنجەر دەوەشێنێ.

*سەدام شاری تکریتی بە کەعبەی خۆی دەزانی، مالیکی قووم و مەشهەدی ئێران بە کەعبە دەزانێت.

*سەدام وەک ژەنەراڵی سەربازیی و شەقاوە خۆی دەناساند، مالیکی بە حیساب پیاوی دیپلۆماسی و سیاسەتە.

*سەدام ئامادەبوو نیوەی کەرکوک بدات بە کورد، مالیکی نەک کەرکوک، خانەقینیش لە کورد دەسەنێتەوە.

*سەدام خەونی بە هەموو نیشتمانی عەرەبییەوە دەبینی، مالیکی خەونی بە ئیمپراتۆریای شیعەوە دەبینێ.

*بەدەر لەو چەند جیاوازییەی سەرەوە، درۆیە ئەگەر باسی یەک جیاوازیی تری ئەو دوو دیکتاتۆرە بکرێت.

## رۆژژمێری بەرپرسێکی کورد

*هەفتەی یەکەمی مانگی ئازار، سەرقاڵبوون بە خوێندنەوەی پرۆژەیەک بۆ دروستکردنی چێشتخانەیەکی نوێ.

*هەفتەی دووەمی مانگی ئازار، سەردانێکی کتوپڕ بۆ دوبەی و لەوێوە بۆ

سیئۆل، بۆ بزنس و شتی وا.

*هەفتەی سێیەمی مانگی ئازار، گەشتێکی مەیدانی بۆ بە سەرکردنەوەی پڕۆژە بازرگانییە شەخسییەکان.

*هەفتەی چوارەمی مانگی ئازار، زنجیرەیەک کۆبوونە و چالاکی لەگەڵ هەندێک وەفدی بیانیی لە بارەی بزنسەوە.

*هەفتەی یەکەمی مانگی نیسان، سەفەرێکی کتوپڕ بۆ پشکنینی پزیشکیی بۆ ئەڵمانیا و دوایی بۆ سوێد.

*هەفتەی دووەمی مانگی نیسان، چەند لێدوانێکی ناڕاست و درۆ بە تایبەتی بە بۆنەی درۆی مانگی نیسانەوە.

*هەفتەی سێیەمی مانگی نیسان، چەند گەشتێکی شاخ و دەشت، خواردنەوەیەکی زۆر و کەمێکیش راوکردن.

*هەفتەی چوارەمی مانگی نیسان، سەفەرێکی لە ناکاو بۆ ئەمەریکا، بۆ بینینی دوو سێ دۆستی دێرینی کورد.

*هەفتەی یەکەمی مانگی مای، مۆرکردنی بۆندێک و سەردانکردنی وڵاتێکی دراوسێ بۆ کاری خێر و شتی وا.

*هەفتەی دووەمی مانگی مای، سەردانێک بۆ ئەنتالیا بە مەبەستی پشوودانی دوای ئەو هەموو ماندووبوونە.

*هەفتەکان هەروا دێن و دەڕۆن، ئیتر ئەگەر بەرپرسێک بیری بکەوێتەوە میللەتیش هەیە، بۆ خۆی موعجیزەیە.

# پانۆراما

## ـ٣ـ

**بورجەکان**

*کاوڕ: دەبێ ئەم مانگە بە دوای غاز و سووتەمەنیدا را بکەیت تا کۆتایی (خوا خراپتر نەدات).

*گا: لە نیوەی ئەم مانگەدا پارەی مووچەکەتان تەواو دەبێ بە قەرز و لەسەر ویل دەگەنە سەری مانگ.

*دووانە: خاوەن ماڵەکەتان ئەم هەفتەیە لە خانووەکەیدا دەرتان دەکات و لەوانەیە بچنە ژێر چادر.

*قرژاڵ: خوشکەزاکەت لە سویدەوە هەزار کرۆنت بۆ دەنێرێ، خوا نەیبڕێ بەشی دایبی منداڵەکەت دەکات.

*شێر: ئەم ماوەیە وریابە جەنابی بەڕێوەبەر میزاجی تەواو نییە، ئەگەر نا زیان دەکەیت، تێگەیشتی؟.

*گوڵەگەنم: هەواڵێکی خۆشت پێدەگات و دوو هەلی زێڕینت لە بەردەستدایە تا شتێک گەندەڵیی بکەیت.

*تەرازوو: سەفەر نەکەی بۆ هیچ شوێنێک چوونکە هاوڕێکانت سەرقاڵن تەکەتولت لێ بکەن.

*دووپشک: سەرەڕای ئەوەی دەنگت ناخۆشە، بەڵام لە گۆرانیدا سەرکەوتن وەدەست دێنیت.

*کەوان: باری دەروونیت تێکدەچێت چوونکە یاسای چاکسازیی دەردەچێ و تۆزێک گەندەڵیی کەم دەبێتەوە.

*گیسک: ئەم چەند رۆژە بەخت یاوەرتە، دەتوانی کوڕ و کچە بێ بڕوانامەکەت دابمەزرێنی بە ویستی خۆت.

*گۆزە: نەچیتە ڕێپێوان و خۆپیشاندان بورجەکەت گۆزەیە نەک لە سەرتدا بشکێ.

*نەهەنگ: ئەگەر ئۆتۆمبیل نەکڕیت خۆشەویستەکەت (بای بای)ت لێ دەکات.

## سەردێڕی هەواڵەکان

*سەر لەبەیانی ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی جەنابی سکرتێری حزب ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی لە کەشێکی برایانەدا قەیماغ و چاییان خوارد.

*سەر لەئێوارەی دوێنێ خەسوی وەزیری (....) کۆچی دوایی کرد و لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی کاربەدەستانی حکومیی و حزبیی تەرمەکەی بە خاک سپێردرا.

*لە چوارچێوەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی دیموکراسی شاندێکی باڵای حزب سەردانی خزمانی عەشیرەتی (.....)یان کرد و بڕیاریاندا هەشتی دیوەخانی نوێیان بۆ دروست بکەن.

*سەرۆکی دەزگای سووتەمەنی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا، رایگەیاند سبەینێ دوو تەنکەر نەوت و تراکتۆرێک غاز بەسەر چین و توێژەکاندا دابەش دەکرێ.

*سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران فەرمانیدا لە مەودوا مووچەی مامۆستایاتی ئاینیی زیاد بکات لەبەر ئەو خزمەتە زۆرەی لە بواری پزیشکیدا پێشکەشیان کردووە.

*لە میانەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت هەوڵدەدرێ تێکەڵەڕێژی ئەو گەڕەکانە بکرێ قیرتاو نەکراون، ئەمەش دەسکەوتێکی تری ئەزموونەکەمانە.

*وا بڕیارە سبەینێ خوێندنگاکانی کچان بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەوە ئاهەنگی هەڵپەڕکێ و گۆرانی ساز بکەن.

*وەک چاوەڕوان دەکرێ وەزارەتی (....) ساڵی داهاتوو کۆنفراسێک ساز دەکات لە بارەی هۆیەکانی کرێژ و رووتانەوەی قژ.

*چوارشەممەی دادێ پەرلەمانی کوردستان کۆ دەبێتەوە بۆ هەموارکردنی یاسایەک لە پێناو قەدەغەکردنی هەموو جۆرە رێپێوان و خۆپیشاندانێک.

*ئەو وەفدەی نێردرا بوون بۆ ئەوروپا تا بەشداریی لە خولێکی بە هێزکردن بکەن لە کۆی (١٦) کەس حەوتیان گەڕانەوە و هیچی تر فێر نەبوون جگە لە (نەو) و (یەس).

*دوانیوەڕۆی ئەمڕۆش هەژدە تیپی وەرزشی لا کۆڵان بە بۆنەی هەڵبژاردنی کاک (....) بۆ پۆستی (....) یارییەکی دۆستانەیان لە حەوشەی قوتابخانەیەکدا دەستپێکرد.

## وتەی ناوداران

ئەگەر ئەم ناودارانەی خوارەوە خەڵکی ئەم وڵاتە بوونایە وتەکانیان بەمجۆرە دەبوو:

*ئەوی لە حزبی کوردی بە دوور بێ خودا لە بەهەشتی داناوە (سوکرات).

*دانایی ئەوەیە چۆن دەبیتە خاوەن شکۆ و چۆنیش وڵات دەخەیتە خزمەتی خۆتەوە (بودا).

*مرۆڤی گێل ئەو کەسەیە بە راستی و دڵسۆزیی کارەکانی رایی دەکات. (سپینۆزا).

*هەرکەسێک هونەری مجامەلە و درۆکردن نەزانێ شایەنی ئەوە نییە بژی.

(لینین).

*من پارەو پول و سامانم هەیە کەواتە هەم (دیکارت).

*بیروباوەڕ وەک کراس وایە بۆیە هەفتەی جارێک دەیگۆڕم (گیڤارا).

*باشتر وایە مرۆڤ دزێکی سەرکەوتوو بێ وەک لە دڵسۆزێکی داڕووخاو (ڤۆڵتێر).

*ئەگەر بوویتە دەسەڵاتدار و نەبوویتە ملیاردێر لە چوارپێ کەمتری (مەکیاڤیللی).

*هەرچی ئەدەبیاتی دنیا هەیە تامی رەشوەیەکی چەور نادات (گاندی).

*سڵ لەوە مەکەرەوە چۆن پارە پەیدا دەکەی گرنگ ئەوەیە پەیدای بکەی (جۆن لۆک).

*سوارچاک خاوەنی تفەنگ نییە بەڵکو چارۆگەیەک فێڵی سەرمۆری هەیە (ئۆڵف پاڵمێ).

*گەر دەتـەوێ ناوبانگت بە باشە بەدنیادا بڕوا تاسەر مۆخ بێ ویـژدان بە (کریشنا).

## دەفتەری بیرەوەریی

*شەشی ئازار: شەست هەزار دینار پارەی ئاو و کارەبا و تەلەفۆنم بۆ هاتۆتەوە، دەوەرە ئەوە لە مووچە سەد و پەنجا هەزارییەکەم دەربکە بزانە چەندی دەمێنێتەوە؟.

*هەشتی ئازار: خاوەنی ئەو ماڵەی تیایدا کرێچیم بۆم هاتە سەرەوە، داوای کرێی دوو مانگی پێشووی لێکردم.

*نۆی ئازار: دوکانی بەقاڵەکە داوای قەرزە کەڵەکەبووەکانی مانگی رابردووی دەکرد.

*دوانزەی ئازار: دایکی منداڵەکان عیادەیەکی کرد، (١٥٠) هەزار دیناری تێچوو (قوڕ بەسەر فەقیر).

*چواردەی ئازار: هاوسەرەکەم نارد بۆ دوو سەد دۆلار قەرز لە ماڵی باوکی، لەولاوە بەدەست بە تاڵی گەڕایەوە.

*حەڤدەی ئازار: تا ئێوارە لە چایخانەیەک دانیشتم و هەژدە چام خواردەوە (دیارە لە خەفەتدا).

*نۆزدەی ئازار: لە برا هەرە بچووکەکەم بە قەرزی بێنە و نییە سەد دۆلارم وەرگرت.

*بیست و یەکی ئازار: سەیرانێکی ئەو دەشت و دەرە قوڕی کرد بەسەر گیرفانمدا.

*بیست و پێنجی ئازار: کارەبا وەک ترافیک لایت دەهات و دەبڕا لە ئەنجامدا تەلەفزیۆنەکەمان سووتا (بەڕە لای تەنکییەوە دەدرێ).

*بیست و نۆی ئازار: بەدەم دالغە و خەیاڵەوە کەوتمە چاڵێکی قووڵی شارەوانییەوە.

*یەکی نیسان: لە رۆژی جیهانیی درۆدا، یەک دنیا وەعدی درۆم بە منداڵەکانم دا.

## چوارینەکانی کاکی بەرپرس

*میللەت هەر بۆ چەوساندنەوە باشە
مافی مرۆڤ و مەدەنیەت لای من تەڕەماشە
بە هێزی بازووی خۆم گەیشتوومە حوکم
یاخودا قەت نەوی نەبێ لوولەی ئەو رەشاشە
*دەڵێن گەندەڵیی هەیە وەڵێ من نەمدیوە
پارەی گومرگ دەخۆم وا دەزانن ماڵی هەتیوە
خۆ خەباتەکەم ئاشە بە تەنوورە نەبوو
ئەوەشی هەمە هەر خودا پێمی بەخشیوە
*ئەو ئازادییەی ئێمە لە وڵاتدا داومانە
زیاد لەپێویست و سنووری خودی خۆتانە
بۆچی بە دیکتاتۆر تاوانبارمان دەکەن؟
قەیدی چییە لە سێدارەدان سزای خۆپیشاندانە
*هیچ لەبارەی بەڕێوەبردنەوە نازانم
تا ماوم بۆ ئەم مێگەلە هەر شوانم
ئەو خەڵکە لە داخا ئیرەییم پێ دەبەن
بەو پیرییەوە خاوەنی شەش ژنی جوانم

# پانۆراما

## ـ٤ـ

### زەوی

*برادەرێکم بە ٢١ خاڵ کە سیانیان برای دایکی بوون و هەژدەیان خاڵی لاشەی بوون زەویەکی لە جەرگەی شاردا وەرگرت.

*کچێکی دراوسێی ماڵی داپیرەم بە زەردەخەنە و پێکەنین بەدەم بەڕێوەبەرەکەیەوە زەویەکی دووسەد و پەنجا مەتریی پێدرا.

*کۆنە مستەشارێک بە ماستاو و مامەحەمەیی سێ پارچە زەوی بۆ خۆی و دوو برا کۆنە تەوارییەکەی وەرگرت.

*خوێندکارێکی زانکۆ بە تەزکیەی ئەندامێکی پەرلەمان و قائیمقامێک زەوییەکی مسۆگەر کرد.

*ژنی دووەمی بەرپرسێکی تەجمیدکراو بۆ جاری سێهەم وەجبەیەک زەوی بۆ خزم و کەسوکارەکەی وەرگرت.

*کچە چاو ڕەشێکی عەرەب ماوەی دووساڵە لە کوردستانە بە خاتری خزمەتە زۆرەکانی، پارچە زەوییەکی نیشتەجێبوونی پێ بەخشرا.

*فەرمانبەرێکی دەستڕۆیشتوو لە یادی یەکەم ساڵەی تەعین بوونیدا زەوییەکی وەرگرت و لە فەرمانگەکەی کیلۆیەک برمە و پاقلاوەی بەخشییەوە.

*گۆرانیبێژێکی دەنگ ناخۆش خوا پێمنەگرێ دەڵێن میتە بە ئەمری هین شەش حەوت دۆنم زەوی خەڵاتکراوە.

*خزمێکی هەندەرانی هەزار مەتری زەوی بۆ کتێبخانە وەرگرتووە، بەڵام بەینی خۆمان بێ دەڵێن بەنیازە بیکات بە شوققە و دوکان.

### پەندی پێشینان

*دار هەڵبڕە گەندەڵی چاو بز دیارە.

*نە بە گەرمای زستان باوەڕ بکە نە بە بەڵێنی حکومەتی هەرێم.

*دەستی ماندوو بێگومان لەسەر سکی برسی.

*گۆشتی رانی خۆت بخۆ لە منەتی کۆفی عەنان باشترە.

*نان بۆ نانەوا و حکومەت هەر بۆ شیعە.

*ماڵی خۆت توند بگرە و ملی جەواد مالیکی مەگرە.
*سەد ساڵ بیکەیت بێگانە پەرستی دوایی پاڵەوانی میللەتی.
*دۆستی وەک «ساڵح موتڵەگ»مان هەبێ پێویستمان بە دوژمن نییە.
*گەر زمان بوەستێ مێشکی پەرلەمان رەحەتە.
*رێوی دەمی نەدەگەیشتە وەزارەت دەیووت گەندەڵیی هەیە.

## یاساکانی حامورابی

*خاوەن شکۆ دەبێت پانزە کۆشک و پانزە هەزار مۆنیکا و پانزە دەستە پاسەوان و پانزە باخچە و پانزە پاپۆڕ و پانزە باڵەخانە و پانزە کوڕی هەبێت.

*هەرکەس دزی لە سامانی نەتەوەیی کرد بە مەرجێک لە ملیۆنێک دۆلار کەمتر نەبێ ئەگەر خۆی لە حەمامی حزبدا تەعمید کرد لە تاوانەکەی دەبەخشرێت و پۆستی بەرزتری پێدەدرێ.

*ئەو کەسەی بزمارێک یان هێلکەیەک بدزێت سەری دەتاشین و بە سواری کەرێک بە نێو شاردا دەیگێڕین و دوایی فەلاقەی دەکەین.

*نابێت لە فەرمانگە و وەزارەتەکاندا کار بۆ هەژاران راپەڕێنرێت چوونکە عەشتاری خواوەند رقێکی بێوێنەی لە هەژار و بێ پارە و پولانە.

*پادشا بۆی هەیە هێندەی رۆشتن و غاردانی ئەسپێک لە ماوەی رۆژێکدا، زەوی و باخ و رەزی هەبێت لەوە زیاتر حەرامە لەسەر هەموو پادشایەک.

*لەمەودوا هاوکاریی و دۆستایەتی نێوان خەڵک و هاموشۆی خزمان و یارمەتیدانی بێدەرامەتەکان و خۆشەویستی نێوان ژن و پیاو بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە.

*ئاسمان نەفرەت لەو کرێچییە دەکات هەموو سەرە مانگێک کرێ بۆ خاوەن خانووەکەی زیاد ناکات.

*لەمڕۆوە بە هیچ جۆرێک کۆنە جاش و ئەنفالچی و فایلدار بە خیانەتکار لە قەڵەم نادرێن بەڵکو پێویستە ساڵانە میدالیای شەرەف لەسەر سینگیان بدرێ.

## گۆرانی هاوچەرخ

*پیمەڵێن فەرمووتە شێتم ئەی بە قوربان ئەو دەمە
پیاوی عاقڵ دنیا بدزێت هێشتا هەر پێی کەمە

*لەرزان لەرزان لەرزانە، شایی و هەڵپەڕکێی کوردانە
بە چاویلکەی یەکێتی هەڵەبجە وەک چیچانستانە
*دانە دانە، خاڵ دانە دانە
کورستان بۆتە حاویە و زبڵخانە
*کیژەکەی کافرۆش شانزە ساڵییە
برای وەزیر ئەو سامانەت لە کوێ هانییە؟
*ئۆف خەنەبەندان خەنەبەندان خەنەبەندانییەتی
بە خوا حکومەتی کوردیی دەردە سەرەتانییەتی
*ئای بە لەنجە گیان دوو گوڵت ها پێوە
تا ماوی بۆ گەڕانەوەی کەرکوک قوڕ بپێوە

**پاڕانەوە**

*خوایە لەبەر گەورەیی ناوە جوانەکانت ئازادی کوڕم بکە بە وەزیر تا ببێنە ملیۆنێر.

*خوایە نازەنینی هاوسەرم تا دێتەوە بۆ ماڵ موچەکەی لێ ون نەبێت.

*خوایە بۆ خاتری میهرەبانی خۆت بەنزینخانەکە چۆڵ بێت.

*پەروەردەگاری مەزن لێت دەپاڕێمەوە نەمخەیتە بەر دەستی دکتۆری کورد.

*خوایە هەموو سەبای ساڵحانێک دەست بۆ لای تۆ بەرز دەکەمەوە و هاوار دەکەم: گرانی کۆتایی بێت و بۆ یەک جار بێ قەرز بگەمە سەری مانگ.

*ئاهورامەزدا بەخشندەیی خۆت بڕژە بەسەر خوشکەکەمدا بە ماستەری یاساوە لە هیچ شوێنێک تەعینی ناکەن.

*ئەی خواوەندی گەورە یارمەتیم بدە و کارێک بکە هەرگیز ڕێم نەکەوێتە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم.

*خودایە لە راستی و پاکیی تۆ گومانمان نییە و دەزانین دەتەوێ مرۆڤ راستگۆ بێ، بەڵام داوات لێدەکەم راستگۆیم لێ بسەنەوە چوونکە نایەڵێ بژیم.

# پانۆراما

## ـ٥ـ

### لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا

*چل ساڵ لەمەوبەر و لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا هەردوو حزبی (ج)ی نیشتمانپەروەر و (م)ی وڵاتپارێز لەسەر گردێک یەکتریان کەوڵ کرد.

*سێ ساڵ لەمەوبەر و لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا بەڕێز (....) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (...) سۆپەر مارکێتێکی لە وڵاتێکی ئەوروپی کڕی.

*شەش ساڵ لەمەوبەر و لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا وەزیرەکەمان هەشت هەزار دۆلاری خوێڕی لێکەوتە ناو سیفۆنی تەوالێتی ماڵەکەیانەوە و گوێشی نەدایە.

*یانزە ساڵ لەمەوپێش و لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا کە خەڵک لە برسا دەمردن لە ئاهەنگێکی شاهانەدا کاربەدەستانی وڵات بایی دوو دەفتەر دۆلار گۆشت و وێسکییان هەڵهێنایەوە.

*ساڵێک لەمەوپێش و لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا لیژنەی نەهێشتنی گەندەڵیی لە هەڵمەتێکی بێوێنەدا دوو سێ ملیۆن دۆلاری لوول دا.

*هەشت ساڵ لەمەوبەر و لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا تاوڵەچییە بێکارەکانی گازینۆی (.....) بۆ خۆ مەشغوڵکردن پارتێکی سیاسیان دروستکرد.

*دوانزە ساڵ لەمەوبەر و لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا حزبە براکانی ئەمڕۆ لە ئاهەنگێکی سێ پێی و گۆرانی و مۆسیقادا شەڕی براکوژەیان دەستپێکرد.

*حەوت ساڵ بەر لە ئێستا و لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا کە رۆژێکی جوگرافی بوو بەردی بناغەی هۆڵی شانۆی نەتەوەیی دانرا (قسەی خۆمان بێ شوێنەکەی بۆتە گەراجی ئۆتۆمبیل).

*چوار ساڵ لە مەوپێش و لە رۆژێکی عەینەن ئەمڕۆدا بڕیاردرا ژیان و نان تەنیا بۆ دز و درۆزنان بێت.

### سەرگوزشتەی ناو پاسێک

*کوڕە ئەوە دەڵێی چی؟ چاکسازیی چی مەگەر چاکسازیی بریتی بێت لە

پاکسازییکردنی دڵسۆزان.

*تو خوا لیژنەی گەندەڵیی و چاودێریی دارایی وێراوێتی سەیری ڤێلای مەسئولەکان بکات؟.

*دەڵێن بەشێک لە دەسەڵاتداران خۆیان تلیاک دەفرۆشن، ئەگەر وابێت قوڕ بەسەرمان.

*کچی کاک فیکلانکۆ وەزیری دارایی دوورگەی مەنگەنیزیا ڕۆژانەکەی سێ وەرەقەیە.

*راوێژکارێک بە دۆزە دۆزە حەوت دەفتەر دۆلاری لە قاسەکانی حکومەتدا دۆزییەوە، شەرع دەڵێ حەلاڵە.

*حیمایەکانی جەنابی (.....) بە چەقۆ و دەڕنەفیز وەشاندن وەڵامی پرسیاری پۆلیسێکی هاتوچۆیان دایەوە.

*هەڤاڵ (....) قارەمانی ڕۆژی تەنگانەی گەلەکەمان لە بەلەزەتخانەکەی سلێمانی شەوی دووکیلۆ زێڕ دەدۆڕێنێ.

*پایە بڵندێکی شاعیر و ساحێب دیوان بە بۆکز و مشتەکۆڵە بەر بۆیە وێژەی شاعیرێکی لاو.

*دەڵێن حکومەتی هەرێم دوو دەستە کەپسوولی دژە گەندەڵیی هێناوە بەلاَم وابزانم لە گەنجینەکاندا هەڵگیراون.

*کوڕە هەندەرانییەکەی (....)ی مامۆستای کوردایەتی بە دۆدرمە دەڵێت دۆنم دەردە!! ناهەقی نییە وا دەزانێ دۆنمە عەرزە.

*نەتەوەیی و پێشمەگەر دێرینەکان داوا دەکەن پەیکەرێکی برۆنز بۆ عەبدولستار تاهیر شەریف دروستبکرێت!.

*هەموو دەزانین خانمی یەکەمی عێراق کێیە، ئەی دەبێ خانمی چوارە و پێنجەم و ملیۆنەهەم کێ بن؟.

### بە ئەمری من و ماسی

*بە ئەمری من و ماسی چاکسازیی گەندەڵیی خۆم و کورسی و سەروەت و سامانەکەم نەگرێتەوە.

*بە ئەمری من و ماسی سبەینێ نرخ لە بازاڕەکاندا بگاتە کەشکەڵانی فەلەک.

*بە ئەمری من و ماسی خوشکەزاکەم ببێتە ئەندام پەرلەمان لە پەرلەمانخانەکەی

کوردستان.

*بە ئەمری منی حووت و ماسی با ئاژاوەی عێراق هەر بەردەوام بێت تامن لێرە بیخۆم.

*بە ئەمری من و ماسی لە کون فەیکونێکدا ببمە ملیادێر وەک سەرۆکەکانی کورد.

*بە ئەمری من و ماسی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە فەلسەفەدا وەربگرم لەو زانکۆیەی خۆم بە دڵمە.

*بە ئەمری من و ماسی ببمە خاوەنی یەک دەرزەن کەنیزەک و حەشاماتێک عەشیقە.

*بە ئەمری من و ماسی نامەوێ دەوڵەتی کوردیی دروست ببێت (ئەگەرنا بازاڕمان نامێنێ).

*بە ئەمری من و ماسی لە ئێران بدرێت تا چل پەنجا ئۆتۆمبیلی تری تالانیم دەستبکەوێت.

*بە ئەمری من و ماسی پاپۆڕی حزبەکەی نەیارم وەک تایتانیک نغرۆ ببێت.

*بە ئەمری من و ماسی داگیرکەر بەردەوام هەڕەشە لە کوردستان بکات (نان بەوەوە دەخۆین).

*بە ئەمری من و خاڵە ماسی پیاوی عاقڵ نەچێتە سەرکردایەتی حزبەکانەوە.

*بە ئەمری من و ماسی باوی دڵسۆزیی و دەستپاکی و خەمخۆریی لە فەرمانگەکاندا نەمێنێ.

## وەزیرخانە

*وەزیرێک لەم تازە وەزیرانە تا ئێستا بە تەڵاق و شەرەف سوێند دەخوات کەچی باسی کۆمەڵی مەدەنی دەکات.

*وەزیرێکی بێ وەزارەت تاکو نەبۆیە وەزیر نەیدەزانی کاری وەزیری هەرێم چییە.

*وەزیرێکی پێشووی هەرێم چایچییەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانی سلێمانی چای نەدەدایە کەچی ئەمڕۆ سکرتێرەکەی بۆتە وەزیری هەرێم.

*وەزیرێکی زۆر عەنتەر و عەسکەریی داوای وەزارەتی پەروەردە یان خوێندنی باڵای کرد بوو، جوانە خۆ ئەو بە قەوان دەڵێ قەڵەم و بە خوێن دەڵێ مرەکەب.

*وەزیرێکی سوعبەتچی وتبووی ژن خوشکەکەم زۆر شیاوی وەزیرەیی بوو کەچی منیان لە شوێنی دانا (ژن زەعیفەیە).

*وەزیرێکی بێ بڕوانامە سێ هەفتە لە فەرهەنگی نوێی بورهان قانیع و چەند قاموسێکی تردا گەڕابوو بە دوای واتای تەکنۆکراتدا، بەڵام خۆشبەختانە چنگی نەکەوتبوو.

*وەزیرێکی شەڕانی و دەمانچە لەژێر پشتێن بە رۆژنامەنووسێکی وتبوو کە لە شاخ بووین وا بزانم رۆژنامە بوو فیشەکی دەتەقاند.

*وەزیرێکی تەکەتولچی بە پوززا ئەندازیارەکەی وتبوو لە تەکەتولەکەی ئێمە بوویتایە دەمێک بوو وەزیر بووی خۆ بە کەفائەت نییە.

*وەزیرێکی شارستانیخواز وتبووی خوا لە گەنج کەرتری دورست نەکردووە، ئەی خۆی چەند ساڵ کەر بووە؟.

## خەڵاتی رێزلێنان

بەپێی نووسراوێکی بێ ژمارە و بێ مێژوو هەر بە هەوەسی خۆمان بڕیارماندا خەڵاتی رێزلێنان بدرێت بە:

*ئەوانەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە داستانەکانی قادسیە و ئوم مەعارک و ئەوانیتردا بەشداربوون.

*بۆ سەرەک جاش و کۆنە بەعسی و ئەندامانی لیژنەی تەشریعی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (بۆ دڵ رازیکردن).

*بۆ ئەو کوردە بە ئەمەکانەی تا رۆژی ٩-٤-٢٠٠٣ شانیان بە قەڵای بەعسەوە دابوو.

*بۆ ئەو کەسانەی لە جیاتی ئەوەی ماستاو بکەن بە مەشکە دۆ بۆ دەسەڵات دەژنن.

*بۆ هەموو ئەو قەڵەمە بوێرانەی شەو و رۆژ بەشان و شەوکەتی سەرکردەکاندا هەڵدەدەن.

*بۆ ئەو شاعیرانەی هەموو هەفتەیەک شیعرێک بەسەر باڵای خاوەن شکۆدا دەهۆننەوە.

*بۆ ئەو  لۆتی و شایەرانەی مانگی دوو جار سرووود بۆ سەروەرییەکانی حزب دەچڕن.

*بۆ ئەو نووسەرە چەنەبازانەی مایکرۆفۆن نادەن بە کەس لە پیاهەڵدانی حکومەتە بۆگەنەکەماندا.

*بۆ سەرەک عەشرەت و دەمسپی و ریش سپی و پیاو ماقووڵ و خاوەن تەریقەت و دەیوەخان و تەکیە.

*بۆ ئەو پێنووسە بوێرانەی لە رۆژنامەی هاوکاری و پاشکۆی عێراق هەزاران وتاریان لە بارەی پێشمەرگەوە نووسی و کردیانە خۆشەویستی گەل.

# پانۆراما

## -٦-

**مواسەفاتی مەسئول**

*دەبێت مەسئول کێشی بەرزبێت، لانی کەم پێویستە کێشی ٨٠ کیلۆگرام بێت.

**دەبێت مەسئول سەد و پەنجا هەزار درۆ بزانێت و بۆ هەر دۆخێک لە ١٠٠ درۆ کەمتری پێ نەبێت.

*دەبێت مەسئول هیچ بەڵێنێک جێبەجێ نەکات (ئەم مەرجە زۆر بنەڕەتییە بۆ مەسئول).

*دەبێت مەسئول هیچ سۆز و بەزەییەک لە دڵیدا نەبێ و هیچ دیمەنێکی تراژیدیی نەیبزوێنێ.

*دەبێت مەسئول دەستی پاک نەبێت بە تایبەتی بەرامبەر بە دەغیلە پڕەکەی سامانی میللەت و وڵات.

*دەبێت مەسئول خوێندەوارییەکی باشی نەبێ ئەگەر هەشیبوو وەک نەخوێندەوار مامەڵە بکات.

*دەبێت مەسئول ورگ و غەبغەبەی هەبێت ئەگەر نەیبوو پێویستە بە زوویی دروستی بکات.

*دەبێت مەسئول سپڵە بێ و وەفای نەبێ تەنانەت بۆ برادەر و کەسە هەرە نزیکەکانیشی.

*دەبێت مەسئول کوڕ و کچەکانی لە هەندەران بن و دوو ژنیشی هەبێ یەکێک

لێرە و ئەویتر لەوێ.

*دەبێت مەسئول ژێرزەمینی تاریک و کتێبخانەی رووناکی هەبێت لە یەک کاتدا.

*دەبێت مەسئول بە پێچەوانەوەی ناوەکەیەوە بەرپرس نەبێت بەرامبەر بە هیچ شتێک.

*دەبێت مەسئول لە رۆژنامە و راگەیاندن نەترسێ و سڵ لە هیچ ئابڕووچوونێک نەکاتەوە.

*دەبێت مەسئول یەک میلیگرام چییە سۆز و خۆشەویستی نیشتمان لە دڵیدا نەبێت.

**تەنزیلات**

*قەڵەمەکەمان هەرزان فرۆش کرد چ حزبێک دەیەوێ بە نرخێکی گونجاو پێی دەفرۆشین.

*هونەرەکەمان هەڕاج کرد چ سەرکردەیەک حەزی لێ دەکات با معامەلەی بکەین.

*ویژدانمان لەسەر سینی داناوە بۆ فرۆشتن چ وەزیرێک پێویستییەتی با بفەرمووێت.

*ئابڕوومان داناوە بۆ فرۆشتن چ دەسەڵاتدارێک هەیە لێمان بکڕێتەوە بۆ خۆی؟.

*ئەدەب و خۆشەویستیمان تاڵان فرۆشکردووە و تۆڵەکەش نایگاتێ، بەڵام مشتەرییەکی نییە.

*وڵاتەکەمان دەفرۆشین بە جەوازێکی کۆترەکە تا بمانگەیەنێتە بەهەشتی بەرلین.

*خەباتەکەمان هەمووی دەدەین بە پارچەیەک زەوی لە بۆگەنترین سووچی شاردا.

*ئاینەکەمان داناوە بۆ فرۆشتن لە بەرامبەر ١٠٠ دۆلاری ئەمەریکی.

*مێژووی کورد دەفرۆشین بە لیترێک هیوا و گەشبینی لە باوەشی تاراوگەدا.

*دەنگ دەفرۆشین بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بۆ هەریەک دانە تەنیا ١٥٠ هەزار دیناری بریمەر.

*هەرچی شاخ و داخی کوردستانە دەیفرۆشین بە ڤێلایەکی سەر رووباری

دیجلە لە پایتەختی خوێندا.

*خوێنی شەهیدان و ئەنفال دەفرۆشین بە چارەکێک لە عارەقە فەلەکە.

**پانۆرامای هەفتەیەک**

*بەرپرسێکی رۆشنبیریی و راگەیاندن بە کارمەندێکی خۆی وتبوو برۆن پاترییەکی سەیارە بکڕن بۆ کامێراکە و بڕایەوە، ئەوە دەریناهێنی هەموو رۆژێک پاتری بۆ بکڕین!.

*گۆرانیبێژێکی قسەزل لە کاتی ئینتەرڤیویەکی تەلەفزیۆنیدا ١٧ کوڕ و دوو کچ پەیوەندییان پێوە کرد بوو، پاش بەرنامەکە داوای ژمارە تەلەفۆنی دوو کچەکەی لە بەدالەی تەلەفزیۆنەکە کردبوو.

*کەناڵێکی راگەیاندن هەموو رۆژێک یەخە بە هونەرمەندێکی دێرین دەگرن و لێی دەپرسن: ئایشەشان ساڵی چەند مرد؟ ئەی عەلی مەردان لە چ رۆژێکدا وەفاتی کرد؟ دەڵێن دایکی جەمال رۆژی هەینی کۆچی دوایی کرد؟ تۆ بڵێی ئەو برادەرانە ئەو هونەرمەندە بە مردوشۆر تێنەگەن؟ نا لەوانەیە وا بزانن فەرمانبەری مەیتخانەیە.

*بەڕێوەبەری وێستگەی کارەبای دوکان ئەگەر ئاو کەم بێت دەڵێ بۆیە کارەبا کەمە ئاو نییە، ئەگەر ئاو زۆر بێت دەڵێت بۆیە کارەبا کەمە چون ئاو زۆرە، جا نازانین دوعای چی بکەین، ساڵی دادێ نوێژە بارانە بکەین یان نا؟.

*بەرپرسێکی زۆر زل کە رۆژنامەنووس دەچێت بۆ لای بۆ چاوپێکەوتن لە نادی مەوعید دادەنێت!! رۆژێک تازە رۆژنامەنووسێک ئەوەندەی لەگەڵ خواردبۆوە لێی پرسی بوو: بە رای تۆ کاریگەریی وێسکی خواردنەوە چییە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا؟

*لە پەرلەمانی کوردستان خەوتن بۆتە عادەت و خوو، دوێنی شەو کاک (....) بەدەست کامێرامانەکەی کەناڵی هینەوە گیری خواردبوو زوو زوو لە خەو رایدەپەڕاند و نەیدەهێشت لەو هەوا بێگەردەی پەرلەماندا بەدیار قسە نەستەقەکانی (عەدنان موفتی)یەوە سەرخەوێک بشکێنێ.

*حزبێکی سیاسیی فشەباز رۆژنامە شڕەیەکی هەیە و بەهەموویان پێیان دەرناچێ، کاکی سەرنووسەر لاپەڕەی یەکەم و هەواڵ و سیاسەتی بە گرێبەند تەسلیم بە دیزاینەرەکە کردووە، جا مەگەر هەواڵی مایکرۆسۆفتی تیا بڵاو بکاتەوە.

## مانشێتی ڕۆژنامەکان

*سولفەی عەقار دابەشکرا، بەڵام شانزە کەس لە نۆرەدا فلیقانەوە.

*مۆلیدەی ماڵان بۆ دابینکردنی کارەبا (٣٠) کەسی سووتاند لە مانگێکدا.

*سبەینێ هەزار ئۆتۆمبیلی ژمارە تاک لە بەنزینخانەکەی ئەوبەر چەمەکە بەنزینیان دەدرێتێ.

*گەڕەکی (س*ش*ع) سبەینێ شەو بە تەمای کارەبا نەبن، هەر ئەمڕۆ بلور بۆ چراکانیان بکڕن.

*ئەم هەفتەیە ئاوی گەڕەکی (ل*ن*ش) نابێ و دەتوانن بە تەنکەر بیکڕن.

*سبەی لە هەڵمەتێکی بێوێنەدا کارگوزارانی ژینگەپارێزیی خۆڵ و خاشاکی گەڕەکەکانی (ف*ق*غ) دەڕژن.

*قیرتاوەکەی پێرێ کرا لە شەقامی ئەمبەر پردەکە بەیانی هەڵدەوەشێنرێتەوە (تکایە ئاگادار بن).

*بە بڕیارێکی حەکیمانەی حکومەت یەک سەدەی تر میترۆیەک بۆ سلێمانی دروست دەکرێت.

*بازرگانە چاوشینەکە تاوەکو ئێستا (٦٠) دەفتەر دۆلار بەرتیلی داوە، ئەگینا ئیشی ناڕوات.

*دەڵێن حکومەت بەنیازە تەلەفزیۆنێک بۆ گەلی دارفۆر بکاتەوە (چوونکە نەتەوە نەماوە کەناڵی بۆ نەکردبێتەوە).

*دەڵێن ئەو چینییانەی هاتوون بۆ جووتسایدکردنی ڕێگای سلێمانی– دوکان دووجار رایانکردووە لە دەست حکومەتی هەرێم و جارێکیش بە هەزار حاڵ لە چەمچەماڵ گرتیاننەوە.

*ئەم مانگە لەگەڵ بایەعەکەدا بۆ هەر کەسێک سێ دانە باوەشێن دابەش دەکرێت.

## جۆرەکانی فایل

*فایلێک هەیە دەیبەیت بۆ وەزارەتی هێن یەکسەر دەیدەنەوە بەسەر و چاوتدا.

*فایلێک هەیە چەند پەڕەیەکی کار و معامەلاتی فەرمانگەی تێدەکەن.

*فایلێک هەیە هەیە لە دەزگای ..... لێت وەرناگرن و دەڵێت ٢٨ساڵ هێشتا مێردمنداڵە.

*فایلێکی تر هەیە فایلی ئەتۆمییە و پەیوەندیی بە دراوسێ ڕەزا قورسەکەمانەوە هەیە.

*فایلێک هەیە پێی دەڵێن فایلی ئەمنیی و موشکیلەی سەرەکی (نوری مالیکی)یە.

*فایلێک هەیە ناویانناوە فایلی دامەزراندن دوای بێنەوبەرەیەکی زۆر و تەزکیەیەکی سەوز یان زەرد بەکاردێت.

*فایلێک هەیە پەیوەندیی بەم دنیایەوە نییە و لەوە دنیا دیدەنە دەستی هەر یەکێکیان، ئەمە ڕەش و سپی هەیە.

*فایلێک هەیە بەتاڵە و لە پەڕاوگە و سۆپەر مارکێتەکاندا بە ٢٥٠ دینار دەیفرۆشن.

*فایلێک هەیە نمرەی قوتابیانی لەسەر تۆمارکراوە و بە قەدەر ئیزرائیل ترسناکە.

*فایلێک هەیە خەتەرترین و ڕەشترین فایلە و تایبەتە بە ئەندامانی سەرکردایەتی حزبەکان.

# پانۆراما

## -٧-

### خۆپیشاندان

*پۆلیسە پەپوولەئاساکانی حکومەت تەقەیان بە هەوادا کرد و سێ خۆپیشاندەر بریندار بوون. «دیارە خۆپیشاندەران چۆلەکەن».

*هەسارەی موشتەری و حزبە ناحەزەکانی بلۆتۆ دەستیان هەیە لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی کوردستان.

*لە حکومەتی هەرێمیان پرسی ناخۆشترین ڕۆژی تەمەنت کەی بوو؟ وتی: ڕۆژی خۆپیشاندانەکان.

*وەزارەتی ناوخۆ دە هەزار پۆلیسی دامەزراندووە بۆ بەرگرتن لە دزەکردنی کولتووری خۆپیشاندان لە ڕێی عەولەمەوە.

*بە فەرمانێکی وەزاریی بڕیاردرا لە پەڕاوێزی کتێبی قوتابخانەکانیشدا چی وشەی خۆپیشاندان هەیە لایبەرن چوونکە زرووف ناسکە.

*نوێترین داهێنانی حکومەتی هەرێم بۆ بەرگرتن لە خۆپیشاندان، خۆ چاککردن

نییە بەڵکو گرتنی خەڵکە گوایە نیەتیان هێناوە سبەینێ بچنە خۆپیشاندان.

*جلی پۆلیسی شەغەبە و دژە خۆپیشاندان لە کوردستان کراس و پانتۆڵی ئاساییە، دارەکەی دەستیان ویزەیە و لە جیاتی ئاورشێن گوللەباران دەکەن.

## دیالۆگی پەرلەمانتاران

*ئەرێ کاک .... دیار نیت بێیتە کۆبوونەوەکان؟ راستە دەڵێن سێ مانگە خەسووت وەفاتی کردووە؟.

*تا چوار وەرەقەی تر نەخەنە سەر مووچەکەم نایەمەوە بۆ پەرلەمان.

*هەقوایە بەنزینخانەیەکی تایبەت بە ئەندام پەرلەمانەکان دروست بکرێت.

*بڕواتان هەبێ خەیاڵم، لای نهۆمی چوارەمی خانووی سێهەممە بۆیە مێشکم لای کۆبوونەوەکە نییە.

*با ژنانی ناو پەرلەمان گوێیان لێی نەبێ وا بە نیازم چوارەم ژن بهێنم (شەرع رێی داوە).

*ئەرێ ئەوە چییە هەندێ منداڵ و دەمڕووت بە خۆپیشاندان رووی ئەزموونەکەمان ناشیرین دەکەن؟.

*من ناتوانم رام هەبێت تا لە مەکتەبی سیاسییەوە تەوجیهم بۆ نەیەت!.

*کوڕە سیانزەساڵانەکەم دوێنێ مۆڵەتی شۆفێریی وەرگرت.

*ئەرێ کوڕینە بۆ سەیرانێکی خۆش نەکەین بۆ دەورووبەری ئەوروپا؟.

*با ئیتر لەمەودوا لە ساڵێکدا پشووەکەمان بکەینە ٣٦٤ رۆژ (دوو رۆژ بەسە بۆ کورد).

## جاش

*دوێنێ جاش بوو پێشمەرگەی دەکوشت، ئەمڕۆ نێرەکەرە و تەقە لە خۆپیشاندەران دەکات.

*دوێنێ جاش بوو شرەی گوندەکانی تاڵان دەکرد، ئەمڕۆ نێرەکەرە و شوێنەوار ئاودیو دەکات.

*دوێنێ جاش بوو ئەنفالی دەکرد، ئەمڕۆ نێرەکەرە و تەنکەرە بەنزین لوول دەدات.

*دوێنێ جاش بوو ماستاوی بۆ مدیری ئەمن دەکرد، ئەمڕۆ نێرەکەرە و پانی دەکاتەوە بۆ سەرۆکی کوتلەی...

*دوێنێ جاش بوو شاخی کوردستانی دادەبێژا، ئەمڕۆ نێرەکەرە و جووتە لە ڕۆشنبیران دەدات.

*دوێنێ جاش بوو شڕەخۆریی دەکرد، ئەمڕۆ نێرەکەرە و ڤێلا هەڵدەستێنێت.

*دوێنێ جاش بوو دوێنی بازرگانی بە خوێنەوە دەکرد، ئەمڕۆ نێرەکەرە و بۆتە کونی موخەدەرات.

* دوێنێ جاش بوو دەستی دەڕۆیشت، ئەمڕۆ نێرەکەرە و لەگەڵ دەستیدا قاچیشی دەڕوات.

*دوێنێ جاش بوو لە ناو خەڵکدا سووک بوو، ئەمڕۆ نێرەکەرە و لاف لێ دەدات.

*دوێنێ جاشولکەیەک بوو، بەڵام تیۆری پەرەسەندن وایە ئەمڕۆ بۆتە نێرەکەر.

**وانەی مێژوو**

*ساڵی ٦٧٠ پێش زایین ئاشوورییەکان شەوی سێ کاتژمێر کارەبایان هەبوو.

*ساڵی ١٢٥٠ پێش زایین لە وڵاتی فیرعەونەکاندا تەنیا لە نیوەشەودا ئاو دەهاتەوە.

*ساڵی ٦٤٠ زایینی ساسانییەکان هۆی کەمی کارەبایان بۆ زۆربوونی سپلیت گەڕاندەوە.

*ساڵی ٥٧٠ زایینی ڕۆمەکان تووشی قەیرانی بەنزین و سووتەمەنی بوون.

*ساڵی ٢١٠ کۆچی عەباسییەکان لەبەر بێ ئاویی لە هەر ماڵێکدا بیرێکی ئیرتیوازییان لێدا.

*ساڵی ٢٠ کۆچی ڕاشیدینەکان هەستان بە دابەشکردنی بەنزین بە پێی ژمارەی ئۆتۆمبیلەکان.

*ساڵی ١٧٩٥ ناپلیۆن بڕیاریدا تاسە و چاڵ و چۆڵییەکانی شەقامی سەرەکی پاریس چاک بکرێتەوە.

*ساڵی ١٦٤٠ سەفەوییەکان گرانی کەوتە وڵاتیانەوە و بازاڕ گیرفانی هەڵتەکاندن.

*ساڵی ١٨٧٠ عوسمانییەکان بۆ هەر ماڵێک شەش تەنەکە نەوتیان بە تەنکەر دابەش کرد.

**پرسە**

*دڵگرانین بەکۆچی دوایی دڵسۆزیی و کارامەیی لە هەموو وەزارەت و

فەرمانگەکاندا.

*پرسە و سەرەخۆشی خۆمان رادەگەیەنین بە بۆنەی کۆچی دوایی هەرزانی خان (خوا سەبووریی هەموو لا بدا).

*ئازادیی رادەربڕین کۆچی دوایی کردووە و پرسەکەی لە کوردستانە.

*حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نەخۆشییەکی کوشندە لە نەخۆشخانەی خۆپیشاندان کۆچی دوایی کرد (خوا بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات).

*دوایی ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیی شێر پەنجە وادە و بەڵێنەکانی هەڵبژاردن کۆچی دوایی کرد و لە گردی گەندەڵاوا بە خاک سپێردرا.

*سەر لەبەیانی دوێنێ بە هەوڵی وەزارەتی رۆشنبیریی و بە کارەساتێکی دڵتەزێن دوو رۆژنامەی سەربەخۆ گیانیان لە دەستدا.

*ئەم بەیانییە تەرمی پڕۆژە ئاوەدانکارییەکانی هەڵەبجە بە خنکاویی لەسەر زێی سیروان دۆزرایەوە، خوا لێی خۆشبێت (الفاتحە).

*مووچەی شەش مانگی کارمەندانی تەلەفزیۆنی هەرێم کۆچی دوایی کردووە و سبەینێ یەکەم رۆژی پرسەکەیەتی لە مزگەوتی شەفافیەت.

# پانۆراما

## -٨-

**فەرمانی وزاری**

*بەپێی نووسراوی ژمارە ٥٠٦٠٧٠ نهێنی، وەزارەتی (س) فەرمان درا بە خەرجکردنی پێنج دەفتەر دۆلار بۆ نۆژەنکردنەوەی تەکیەکەی حاجی شێخ (......).

*بەپێی نووسراوی ژمارە ١٥١٥١٥ وەزارەتی (ش) فەرمان درا مووچەی ئەم مانگەی کەسوکاری ئەنفالکراوان بدرێتە جاشە دێرینەکان.

*بەپێی نووسراوی ٧٦٧٦٧٦ وەزارەتی (ع) بڕیاردرا لەمەو دوا مووچەی پێشمەرگی دێرین کەم بکرێتەوە لە سەددا پەنجا.

*بەگوێرەی نووسراوی ژمارە ٥٩٥٩٥٩ وەزارەتی (ح) فەرمان درا لەمەودوا لە پێناوی تازەگەرییدا هەرچی شوێنەوار و کەلەپووری کوردە ئاودیوی کۆماری عەنتیکەخانەی ئێران بکرێت.

*بەپێی نووسراوی ژمارە ٤٣٤٣٤٣ وەزارەتی (ل) بڕیاردرا لە راستای بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگە ٢٥ دیوەخانی نوێ لە شار و شارۆچکەکاندا بکرێنەوە.

*بەپێی نووسراوی ژمارە ٢٠٢٠٢٠ وەزارەتی (خ) سەد و چواردە دەفتەر تەرخان کرا بۆ دەمەزەردکردنەوەی کوردایەتی چەند برادەرێکی تۆراوی تاراوگەنشین.

*بە گوێرەی نووسراوی ژمارە ٦٩٦٩٦٩ وەزارەتی (ن) بڕیاریدا مینحەی رۆژنامەکان ببڕێت و بیداتە سەرلەشکر و سوپاسالارە بەڕێزەکان.

**یادداشتەکانی گیڤارا**

*حەوتی ئۆکتۆبەر خوا یارمەتیدام لە کڕینی دوو بەنزینخانەی نوێدا.

*بیست و دووی ئۆکتۆبەر سۆپەر مارکێتەکەی شەقامی سەرەکی (هاڤانا)م فرۆشت.

*سێی نۆڤەمبەر لە خێری بیرە نەوتەکانی (پۆلیڤیا) دووسەد سێ سەد دەفتەرم حەپەلووش کرد.

*نۆی نۆڤەمبەر لە قەراغ شار ڤێلایەکم بۆ بەسەربردنی کاتە خۆش و بەلەززەتەکان دروست کرد.

*حەڤدەی نۆڤەمبەر لە ترسی رێپێوان رامکرد و بڕیارمدا تەقە لە خۆپیشاندەران بکرێت.

*بیست و نۆی نۆڤەمبەر سازشم لەگەڵ نەیاران کرد بۆ پاراستنی سەلامەتی گیانم.

*چواری دیسامبەر بۆ کڕینی رێستۆرانتێک یان هۆتێلێکی پێنج ئەستێرە سەفەری دەرەوەی وڵاتم کرد.

*پازدەی دیسامبەر جەماوەر هاواریان لێکردم بڕوخێ و بە پۆلیس و کوتەک خۆم سەپاند بەسەریاندا.

وەسێتەکانی لینین

*مەرجی شۆڕشگێر ئەوەیە خۆی پەنا بدات تا رۆژی سەرکەوتن بۆ چنینەوەی دەستکەوتەکان.

*ئەو کەسە سەرکردە نییە ئەگەر سەروەتەکەی لە سەد ملیۆن دۆلار کەمتر بێت.

*پەیامی من بۆ شۆڕشگێڕانی دوێنێ ئەوەیە لە منەوە فێری خۆ ژیاندن بن.

*دیپلۆمات ئەو کەسەیە جانتاکەی تژی بێت لە دۆلار نەک پڕ لە وەرەقەی کۆنتراکتی نەتەوەیی.

*ئامانجی یەکەمی شۆڕش بۆ باشترین بژێویی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزب بووە.

*هیچ کات نەمگوتووە تەکەتوول خراپە بە تایبەت ئەگەر بۆ بەرژەوەندیی شەخسی بێت.

*لە دنیادا لە خۆبەختکار گێل و کەرترم نەدیوە چوونکە تامی دوای سەرکەوتن ناچێژێت.

*ستالین و سەرکردە کوردییەکان دوو دیاری دوای مەرگی منن بۆ مرۆڤایەتی.

*تاکە شتێک شانازیی پێوە بکەم خەباتی شاخمە لە چیا بڵندەکانی سیبریا.

## لێرەو لەوێ

*مامۆستایەکی گەنج لە بنکەیەکی پۆلیس وتبووی بێلایەنم، لەوەڵامدا وتبوویان برۆ لە هەموو حزبەکانەوە پاڵپشتی بێنە ئەندامی هیچیان نیت تا بڕوات پێ بکەین.

*هاوڕێیەکی کچم چوو بوو بۆ ئامادەکردنی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەرپرسێکی ناسراودا کەچی داوای لێکردبوو شووی پێبکات.

*ئەندام پەرلەمانێک دەناسم وتبووی ئەم یاسای عبورە شتێکی زۆر ناشیرینە هەقە نەمێنێت تا خەڵک پابەند بن بە یاساکانی هاتوچۆوە.!!

*برادەرێکم هەیە ناوەکەی دووسەرە و زیاتر بۆ کچان بەکاردێ، بەهۆی ئەو ناوەوە کارێکی قورسی لای بەرپرسێکی مێباز بۆ ئاسان بوو.

*لە کوردستان باوی ژمارە نەماوە، هەرچی هەڵدەستێت دەڵێت وەرەقەیەک، دەفتەرێک، بلۆکێک دۆلار، ئەگەر وا بڕوات وانەی بیرکاریی تەرک دەکرێت لە قوتابخانەکاندا.

*برادەرێک هەیە تەمەنی ٢٦ساڵی خشتە، بەڵام ١٥ ساڵ خەباتی پێشمەرگایەتی خراوەتە سەر خزمەتی فەرمانبەرییەکەی.

*نووسەرێک دەناسم کاتێک باسی دیموکراتییەت دەکات و دەم لەمەدەنییەت دەسووێ سێ بە سێ تەڵاقی پێدا دەدات.

*رۆژنامەنووسێکی بە ئاگا پێرێ پێی وتم تۆ لەم ئینتەرنێت و مینتەرنێتە سەرت دەردەچێ بزانە ئیمەیلەکەی (سمکۆی شکاک)م بۆ پەیدا ناکەی تا چاوپێکەوتنێکی

لەگەڵ بکەم.!!

### نامەی خوێنەران

*ئەرێ کاکی تەنزچی بۆ باسی ئەو بەرپرسەش ناکەیت بۆ ماوەی ٢٤ سەعات سێ بەرمیل بەنزینی هەیە بۆ ئۆتۆمبیلەکانی؟.

*کاکی پانۆرامانووس ئەوە بۆچی تا ئێستا باسی کەلەڕەقی بەڕێوەبەر و سەرۆک بەشی فەرمانگەکانتان کردووە؟ تو خوا تیرێکیش لەوان بدەن!

*سڵام هەیە و تێبینییەکەیش: ئایا ئێوە ئاگاتان لەوە هەیە هەندێ بەرپرسی کورد لە کەرکوک لە ماڵ هەندێ برای تورکمانی خۆش مەشرەب قومار دەکەن؟.

*ئەگەر ئەرک نییە ئەم زانیارییەی من بڵاو بکەنەوە دەربارەی کتێبی خوێندنی قوتابخانەکان کە تاوەکو ئێستا وێنەی دایناسۆرەکەی بەغدادی پێوە ماوە.

*مامۆستا گیان قەڵەمەکەت هەر بەبڕشت بێت، تکایە سیخورمەیەکیش بدەن لە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (....) سەرەتایی بە خزمەتگوزارەکان ئیشەکانی ماڵی خۆی دەکات.

*بێ زەحمەت پرسیارێکم هەیە: ئایا ئێوە دیمەنی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی (...) کوردستانتان نەبینیوە سەرەو خوار ئاڵای کوردستانیان هەڵواسیوە.؟

*تکایە جێگەیەکیش بۆ ئەم گلەییەی من بکەنەوە، بنکەی تەندروستی (......) فەڕاشەکەیان دەرزی لێ دەدات.

## پانۆراما

## -٩-

### هاوکێشەی کیمیایی

*فایل+ تەکەتول+ فێڵ و تەڵەکە+ گەندەڵیی= وەزیریی.

*دزی+ درۆزنی+ داوێنپیسی+ پارەپەرستی= پیاوچاکی.

*راستگۆیی+ دڵسۆزیی+ لێبوردەیی+ دڵپاکی= تلیسانەوە و تیاچوون.

*چەنەبازیی+ ماستاوکردن+ پیاهەڵوتن+ بێ فەرهەنگی= راوێژکاریی.

*راپۆرت نووسین+ چاودێریکردن+ حزبایەتی تەسک+ سەرکردەپەرستی= نیشتمانپەروەریی.

*بێ هەڵوێستی+ خۆ بە کەمزانین+ دەست بە کڵاوەگرتن+ پەتپەتێن=

سیاسەتمەداریی.

*جوان بیرکردنەوە+ توانا+ بڕوانامە+ ئەزموون= بێکاریی.

*بێ کارەبایی+ بێ ئاویی+ بێ سوتەمەنی+ بێ خزمەتگوزاریی= ژیانی کوردستان.

## چەند ئیمەیلێکی نهێنی

*سڵاو و ڕێز، بەرپرسێکی کورد لەیاریدا تەنیا دۆمینە دەزانێ و شەوانەش دەهەزار دۆلار بە ئەزنیف دەدۆڕێنێ.

*پاش سڵاو، ئاگاتان لەوەیە سەرۆک حزبێک شەش پاسی هەیە و سایەقەکانی گیریان خواردووە بە دەستییەوە.

*سەلام، بەرپرسێکی کورد ژنە تازەکەی و کچەزاکەی هاوپۆلی یەکتربوون لە قوتابخانەی .......

*ڕێزم بۆتان هەیە، ئایا دەزانی کادرێکی خەتی ئەملا بە سی دۆلار دەنگی بەولا داوە؟.

*ئێوارە باش، ناکرێ ناوی ئەو بەرپرسەم بدەیتێ بە قامچی لە پاسەوانەکانی دەدات؟.

*سڵاوتان لێبێ، هەڤاڵ ..... بە سێ دەفتەر دۆلار تەنازولی کرد لە خۆپاڵاوتن.

*ڕێزتان هەیە، مەسئولێکی دیموکراتخواز هەیە بە نووسەری ماڵپەڕەکان دەڵێ لۆتی و شایەر.

*ئەم کاتەت شاد، کوڕی هەڤاڵ ...... حەوت مۆنیکای هەیە و هەر دانەیەکیان بۆ ڕۆژێکە لە هەفتەکەدا.

## منیش حکومەتم

*شۆفێرەکەمان وتی: منیش حکومەتم، ئەگەر خەڵک داوای کارەبایان کرد دەڵێم ئاو نییە، خۆ ئەگەر داوای ئاویان کرد دەڵێم کارەبا نییە.

*شێتەکەی سەر شەقامی سالم دەڵێ منیش حکومەتم، ئەگەر داوای ئازادیتان کرد، دەڵێم وەزعەکەی ناسکە.

*باخەوانی باخچەکەی ئەوبەرمان دەڵێ منیش حکومەتم ئەگەر ڕێپێوانیان لێکردم گوللەیان پێوە دەنێم.

*شاگردی چێشتخانەکە وتی منیش حکومەتم، ئەگەر وتیان برسیمانە و نانمان

نییە دەڵێم پەلە مەکەن جارێ کابانەکەمان لە ماڵ نییە.

*دراوسێکەمان دەڵێ من حکومەتم، ئەگەر داوای موچە و بیمەیان لێکردم، منیش باسی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە و کێشەکانی نێوانیان بۆ دەکەم.

*کوڕێکی پورم هەیە دەڵێ منیش حکومەتم، ئەگەر تووڕەیی خەڵک پڕبوو من بە نوکتە و شۆخی و بەڵێن ساردییان دەکەمەوە.

*ئامۆزای بایەکەمان دەڵێ منیش حکومەتم، ئەگەر زانیم خەڵک لێم رادەپەڕن دوو تەنکەر وێسکی دەکەمە ئاوەکەی دوکانەوە (گەل سەرخۆش دەکەم).

## شایەتحاڵەکانی ئەنفال

*ئەو کەسەی منی ئەنفال کرد ئێستا چوار مووچەی حازر و سیانی خانەنشینی هەیە.

*ئەو جاشەی کەسوکاری ئەنفال کردم ئێستا نامەی لە هەموو کوردستاندا ڕەت ناکرێتەوە.

*ئەو مستەشارەی میمکزاکانی ئەنفال کردم ئێستا لە سویسرە لێپرسراوێکی رێکخراوێکی مافی مرۆڤە.

*ئەو سەرەک جاشەی گوندی ئێمەی ئەنفال کرد ئێستا پڕ چوار مۆنیکا حیمایەی هەیە.

*ئەو فورسانە شوجاعەی ئەنفالی کردین خەریکە دەبێتە وەزیر و شتی وا.

*ئەو جاشولکەیەی ماڵمانی کاولکرد ئێستا پاڵەوانی ناو حەلەبەی حزبە.

*ئەو موقاتیلەی گوندەکەمانی گواستەوە  بۆ نوگرە سەلمان و عەرعەر ئێستا ۆرک شۆپی کوردایەتی دەڵێتەوە.

*ئەو ڕەزا قورسەی سیمبولی ئەنفالە، ئێستا بەرپرسی کەسوکاری ئەنفالکراوانە و لە داواکانیان دەکۆڵێتەوە.

*ئەو کەسەی مێژووی پڕ لە ئازارمان یادداشت دەکات، خەریکە هەر کورد خۆی دەیکوژێ چوونکە مێژووی گەلەکەمانی ناشیرین کردووە!!

## پرسیار و دیاری

*هەر کەسێک بزانێت ئەو کوردە کێ بوو بە یەکەم گەندەڵی حکومەتی عێراق لە قەڵەم درا، ئۆپڵێکی ڤیکترای پێشکەش دەکەین.

*هەر کەسێک بزانێ ئەو بەرپرسە کێیە شەوی دوو ناسکۆڵەی عەرەبی بۆ لە

پەردە دەنێن، سەلاجەیەکی چواردە قەدەمی پێشکەش بێت.

*هەر کەسێک شەش جیاوازیی بەعس و حزبی کوردیی بژمێرێت جلشۆرێکی نایاب حاسڵ دەکات.

*هەر کەسێک بزانێ ئەو عەقیدە کێیە هیچ خوێندەوارییەکی نییە، گسکێکی کارەبایی پێشکەش دەکرێت.

*هەر کەس ئەو مامۆستایە بناسێتەوە پەیمانگای تەواو کردووە و مامۆستای زانکۆیە ئوتویەک دەباتەوە بۆ ماڵ.

*هەر کەسێک بزانێ ئەو گۆرانیبێژە کێیە مانگی دەفتەرێک نەسریەی هەیە، سپلێتێکی دوو تەنی حەلاڵ دەکات.

*هەر کەسێک بزانێ ئەو کۆنە تەوارییە کێیە، ئێستا باسی دیموکراسی دەکات هیتەرێکی نوێی پێ دەدەین.

*هەر کەسێک ناوی ئەو وەزیرە بزانێ دەعوەتەکەی پێرێی دەفتەر و نیوێکی تێچوو دە وەرەقەی نۆش بێ.

*تکایە بە کورتە نامە وەڵامەکان بنێرن و چاوەڕێی تیروپشکی خەڵاتەکانیش بن.

# پانۆراما

## ــ١٠ــ

**پیرۆزبایی**

*هەندێ گەندەڵچی کارتی پیرۆزباییان بە بۆنەی شکستی ریفۆرمەوە بۆ یەکتر نارد.

*برادەرێکی سکۆلاریست پیرۆزبایی لە دامەزراندنی کەناڵی تیرۆریستی ئەلزەورا دەکات.

*ئیسلامییەکی توندڕەو پیرۆزبایی سەرکەوتنە درۆینەکانی لە پێشەوای ئومەت حەسەن نەسروڵا کرد.

*نەتەوەییەکی داخ لە دڵ بەرامبەر بە ئاسووری، کارتێکی پیرۆزبایی وا لە بارەگای بەرەی تورکمانی.

*فێمێنیستێک پیرۆزباییەکی جەژنی بۆ سەرۆک عەشیرەتێکی ژنکوژ ناردبوو.
*هەژارەکانی گەڕەکی زێڕینۆک پیرۆزبایی پۆرت شکانی دۆلاریان لە یەکتر کرد.
*بەرپرسێکی خۆشبەخت پیرۆزبایی شوققە نوێیەکەی «شرم شێخ»ی لە بەرپرسێکی نەگبەت کرد.
*حزبی شیوعی لە پێش بزووتنەوەی ئیسلامییەوە پیرۆزبایی جەژنەکانی رەمەزان و قوربان دەنێرێت.

**عەرەب**

*لای ئیسلامییەکان عەرەبەکان برای دینی و شافیعی و سەلەفیمانن.
*لای کۆمۆنیستەکان عەرەب هاوڕێی خەباتمانن دژ بە ئیمپریالیزم.
*لای نەتەوەییەکان عەرەب داگیرکەر و دوژمنی سەرسەختی ناو مێژوومانن.
*لای شاعیر عەرەب سەرچاوەی سەرەکی ئیلهامی شیعریمانن.
*لای رۆشبیر عەرەب فاکتۆری لێڵی و تاریکیی بیرمانن.
*لای کەرکوکی عەرەب سووخۆر و تالآنکەری ماڵ و حاڵمانن.
*لای پارتی و یەکێتی عەرەب برای چاوڕەشی ئازیزمانن.
*لای رۆژئاوایی عەرەب یەکسانە بە ریش و زرمە و گرمەی تەقینەوە.
*ئەرێ بە راست پێناسەی عەرەب چییە؟.

**نیشتمان**

*گەنجێک وتی: نیشتمان ئەو شوێنەیە پاپۆڕە قاچاخەکە لەنگەری لێدەگرێ.
*بازرگانێک وتی: نیشتمان حەوجۆش بوایە باشتر بوو، بەس نەبوو پارەی دەکرد!.
*سیاسییەک وتی: نیشتمان سەرچاوەی بژێویی و کاسبییە رەشەکەمانە.
*ژنێک وتی: نیشتمان خوشکمە و چوار ساڵە لە هۆڵەندا پەنابەرە.
*منداڵێک وتی: لە سروودی قوتابخانەدا ناوی نیشتمانم بیستووە.
*پیرەمێردێک وتی: من منداڵ بووم وتیان ئەم بەهارە نیشتمان رزگاری دەبێ.
*خوێندکارێک وتی: نۆ ساڵە داڕشتن لەسەر نیشتمان دەنووسم و ناشیناسم.
*پەنابەرێک وتی: دووجار تا ئێستا لەسەر رێگا تووشی نیشتمان بووم.
*خۆم دەڵێم: نیشتمان کچێکی باڵا بەرز بوو، یادی بەخێر.

**وەهای گوت زەردەشت**

*ئەگەر ویستت ببیتە ئەندام سەرکردایەتی لە پێشدا ملی هاوڕێ هەرە نزیکەکەت بشکێنە.

*خوێنی گشت دەمارەکانیشم ئاوێتەی بەرتیل و گەندەڵیی بووە.

*من ئەو کەسانەم خوشدەوێت، هەشتا جۆر ماستاوکردن دەزانن.

*ئەوە بزانن ریفۆرمخوازێکی راستەقینە دە هێندەی زەرقاوی مەترسیدارە.

*بیرت نەچێ، کۆندۆم، ڤیاگرا، تلیاک، شامپانیا، پێویستییەکانی ژیانی وەزیریتین.

*عاقڵ بە کەسێک دەوترێ بە سەد چەشن رەشۆکەکان کەرتر بکات.

*ژیان هیچ نییە، بەڵام لەوە هیچتر ئەوەیە بە راستی سەرقاڵی کوردایەتی بیت.

*بە درێژایی شەو بە ئاگابە، تا بتوانی رۆژ بە زرنگی خەڵک گێل بکەیت.

**لە سلێمانی باوی چییە؟**

*لە سلێمانی باوی هۆتێلی باڵابەرزە، یەکێک نەزانێ شەنگهای یان ڤینسیایە.

*لە سلێمانی باوی قومارە بەسەر چیا سەرکەشەکانی قەراغ شارەوە.

*لە سلێمانی باوی لایتی شەحن و چرای ئێرانی و لۆکزی پاکستانییە.

*لە سلێمانی باوی بیری ئیرتیوازی و بەنزینی تورکییە.

*لە سلێمانی باوی گرانی و شەڕە مۆنیکا و وێسکی شیڤاز و گرانتسە.

*لە سلێمانی باوی فێربوونی زمانی عەرەبییە. (عەرەبی نەزانی وەک کوێر وایت).

*لە سلێمانی باوی گۆرانی فارسی و قوماشی رۆمانی و پێڵاوی دوبەییە.

*لە سلێمانی باوی بۆیلەری دوو دۆلاری و شاڵ و کڵاشی چینییە.

*لە سلێمانی باوی عەرزە وەرگرتن و تەندەرات و زۆرزانییە.

*جا تو ویژدانتان لە سلێمانی باوی چی نییە؟؟؟؟!!!!...

# پانۆراما

## —١١—

**کامێرای شاراوە**

*بەرپرسێک ژنی سێهەمی هێنا و بە دوو ژنەکەی تری خۆی وت هیچ نییە

کامێرای شاراوەیە.

*چوار چەکدار لە مۆنیکایەک دابەزین و پۆلیسێکی هاتوچۆیان دایە بەر شەق و زللە، وتیان تووڕە مەبە کامێرای شاراوەیە.

*وەزیرێکی نەجیبزادە، مەعامەلاتێکی کێشایەوە بە دەموچاوی دایکی شەهیدێکدا و وتی بە راستم نەبوو چوونکە کامێرای شاراوەیە.

*سێهەم شەوی جەژن دوو پایەداری نیشتمانپەروەر لۆرییەکی پڕ تڕوتفاقیان ئاودیو کرد و بە پۆلیسی سەر سنوورەکانیان وت بڕوا بکەن کامێرای شاراوەیە.

*پۆلیسەکانی پارکی ئازادیی یەک دەستدرێژیان کرد بەسەر شاری یاریدا و وتیان منداڵە چاوگەشەکان مەترسن کامێرای شاراوەیە.

*بەڕێوەبەرێک لە مووچەی مانگی پێشوو لە هەر کارمەندێک دە هەزار دیناری بڕی، کاتێ دەستەکەی کەشف بوو، خۆی تێکنەدا و وتی کامێرای شاراوەیە.

*لە جەرگەی بازاڕی سلێمانیدا سێ عەگال بەسەری ئەسمەر لە شەرواڵ و مرادخانی لە بەرێکیان دا و خەڵکەکەش دەیانووت کامێرای شاراوەیە.

*ئەفسەرێکی عێراقی سێ کیلۆ تریاکی پێ گیرا، لە کاتی لێپرسینەوە لەگەڵیدا وتی نەیکەن بە راست ئەوە کامێرای شاراوەیە.

**فیلمی هیندیی**

*لە فیلمی هیندیدا ئەمیتاب بە یەک مشتەکۆڵە شەش کەسی دەدا بە زەویدا، دەمانووت فشەیە، بۆ نا لە کوردستان پیاوێکی زلت لە پشت بێت بە یەک ساڵ دەبیتە ملیۆنێر.

*لە فیلمی هیندیدا میسۆن خۆی لە فیشەک لادەدا، دەمانووت فشەیە، بۆ نا لە کوردستان بۆنی شیری خاو لە دەمی دێت کراوە بە وەزیر.

*لە فیلمی هیندیدا دارۆمەندەر بە سێ سەد کەس نەدەکوژرا، دەمانووت فشەیە، بۆ نا لە کوردستان بەڕێوەبەرێک بە سێ ملیۆن کەس لاناچێت.

*لە فیلمی هیندیدا ئەمیتاب بەیەک نیگا دڵی شاجوانی راو دەکرد، دەمانووت فشەیە، بۆ نا لە کوردستان بەرپرسی حەفتا ساڵە حەفتا دوو عەشیقە و چوار ژنی هەیە.

*لە فیلمی هیندیدا شێرەی داماو زەلالەتی بوو بە دەستی میسۆنەوە و بە یەک زللە زەلیلی دەکرد، دەمانووت فشەیە بۆ نا کاربەدەستانی کورد، بە یەک وشە چوار

ملیۆن کەسیان زەلیل کردووە.

*لە فیلمی هیندیدا دارۆمەندەر بە تەنیا پەلاماری سی کەسی دەدا، دەمانووت فشەیە، بۆ نا لە کوردستان تا دوێنێ سوالکەر بوو ئەمڕۆ سی ڤێلای هەیە.

## لە چاوی پیس دووربن

خودایە، ئەم زاتە موبارەکانەی خوارەوە لە چاوی پیس و حەسوودان بە دوور بگرە:

*ئەو سەرکردە و تیۆرزانە سۆشیال دیموکراتانەی سێ چوار ژنی حازریان هەیە.

*ئەو ژنە پێشڕەو و فێمێنیستانەی سەر بە هەوێ شوو دەکەن.

*هەموو ئەو کادێرە حزبییە چالاکانەی تاکە دێڕێک خوێندەوارییان نییە.

*ئەو وەزیرانەی جگە لە دوو مووچەی حازر پێنج شەش موچەی خانەنشینیان هەیە.

*ئەو دکتۆرانەی عیادە و دەرمانخانە و تاقیگە و تەنانەت نانەواخانە و پاسیشیان هەیە.

*هەموو ئەو خاوەن بڕوانامە بەڕێزانەی لە ئەدەبی کوردیدا دکتۆرایان هەیە.

*ئەو ڕۆژنامەنووسانەی سێ چوار بگرە دوو سەد روویان هەیە.

*ئەو شاعیرانەی چل و پێنج تا پەنجا دیوانی وەک ئارد بێ پێزیان هەیە.

*ئەو نووسەرە خۆ بەزلزانانەی سێ موچەی حزبی و دووانی حکوومییان هەیە.

## پڕۆژەی خزمەتگوزاریی

*لە هەوڵێکی دەگمەن و بێوێنەدا دوێنێ شارەوانی شارەکەمان توانی ٤٥ مەتر لە ڕێگایەکی سەرەکی چەوڕێژ بکات.

*لە درێژەی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکاندا لە گوندی ........ قوتابخانەیەکی نوێ بە چینکۆ دروستکرا.

*وا بڕیارە پڕۆژەیەکی گەورە لە ماوەی سێ ساڵدا بە ئەنجام بگەیەنرێت کە بریتییە لە راکێشانی ٣٠٠ مەتر وایەری کارەبا بۆ شارەدێی .....

*بە گوژمەی تەنیا سێ ملیۆن و نیو دۆلار حکومەتی هەرێم بڕیاری داوە پڕۆژەی چاندنی حەفتا و پێنج نەمام جێبەجێ بکات لە شارەکانی کوردستان.

*ئەنجوومەنی وەزیران واژۆی لەسەر ئەوە کردووە پڕۆژەیەک جێبەجێ بکرێت بۆ راکێشانی بۆری ئاو بە درێژایی سەد مەتر لە شاری سلێمانی.

*بەمەبەستی خزمەتکردنی هاووڵاتیانی ئەو دەڤەرە شۆرشگێڕە، حکومەتە ساواکەمان بڕیاریدا دوو سەد دۆلار ببەخشێتە نەخۆشخانەی قەزای .....

*لە درێژەی پرۆسەی بە «دوبەی»کردنی شاری سلێمانیدا ئەنجوومەنی پارێزگا وا بە نیازە لە بری نەوت سێ تەن خەڵوز بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش بکات.

*بەمەبەستی خزمەتکردنی منداڵان و نەوەکانی داهاتوو حکومەت بڕیاریداوە دە تەن موادی تەقەمەنی و سێ هەزار دەمەقاچان و هەزار دەرزەن شەقشەقە بهێنێت!!.

**مەڵێن وڕێنەیە**

*ئەگەر وتم کۆنە مستەشارێک هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی بکرێتە ئەندامی سەرکردایەتی، ئێوە مەڵێن ئەمە وڕێنەیە.

*ئەگەر وتم پیاوچاکێک لۆرییەک غازی هاووڵاتیانی بردۆتەوە بۆ ماڵی خۆی، ئێوە مەڵێن ئەمە وڕێنەیە.

*ئەگەر وتم کوردێک یەکێکە لە سەرە گەورەکانی بەرەی تورکمانی، ئێوە مەڵێن ئەمە وڕێنەیە.

*ئەگەر وتم خەڵک لە دژی بێ کارەبایی و بێ ئاویی راپەڕین دەکەن، تو دینتان مەڵێن ئەمە وڕێنەیە.

*ئەگەر وتم لە سەددا هەشتای کورد بە راپۆرتەکەی مامە بیکەر دڵخۆش بوون، مەڵێن ئەمە وڕێنەیە.

*ئەگەر وتم کوڕی بەرپرسێک بۆ ماچ و موچێک کیشوەرێکی بڕیوە، ئێوە مەڵێن ئەمە وڕێنەیە.

*ئەگەر وتم خوشکەزای وەزیرێک بە پارەی خاڵی دوو خانووی کڕیوە، مەڵێن ئەمەشیان وڕێنەیە.

*ئەگەر وتم کچێکی جوانی هەژدە ساڵ هەیە، چوار مووچەی هەیە، مەڵێن ئەمەشیان وڕێنەیە.

*ئەگەر وتم کۆنە بەڕێوەبەرێک ئۆتۆمبیلی وەزارەتێکی داگیرکردووە و نایداتەوە بە وەزیریش، مەڵێن وڕێنەیە.

# پانۆراما

## -١٢-

### پشووی فەرمی

*ئەمڕۆ ڕێکەوتی ڕۆژی لەرزوتاکەی خالیدی کوڕی وەلیده و حکومەت بڕیاری دا بکرێتە پشووی فەرمی.

*ئەمڕۆ ڕێکەوتی ڕۆژی سەرکەوتنەکەی جەنگی بەدرە و حکومەت بە زۆر کردی بە پشووی فەرمی.

*ئەمڕۆ ڕێکەوتی ڕۆژی لە دایکبوونی جیمی کارتەرە بۆیە حکومەت کردییە پشووی فەرمی.

*ئەمڕۆ ڕێکەوتی ڕۆژی کۆچی دوایی دوا ئیمپراتۆری ژاپۆنە حکومەت بەو بۆنەوە کردی بە پشووی فەرمی.

*ئەمڕۆ ڕۆژی حەجی ئایەتوڵڵا «سیستانی»یە و حکومەت بڕیاری دا ببێتە پشووی فەرمی.

*ئەمڕۆ ڕێکەوتی ڕۆژی دەعوەتەکەی پاری هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتییە حکومەت بڕیاری دا بکرێتە پشووی فەرمی.

*ئەمڕۆ ڕێکەوتی ڕۆژی کڕینی خانووەکەی پێراری هەڤاڵ (.....)ە و حکومەت بڕیاریدا بکرێتە پشووی فەرمی.

*ئەمڕۆ ڕێکەوتی ڕۆژی پێکەنینە بە کوڵەکەی ئەندامانی پەرلەمانە (پێش چوار ساڵ) حکومەت بڕیاریدا بکرێتە پشووی فەرمی.

### وانەی مێژوو

*ساڵی حەوت سەدی پێش زایین خێڵە کوردەکان بەردی بناغەی شەڕی براکوژییان دانا.

*ساڵی دووسەدی پێش زایین کۆمەڵێک سەرۆک هۆزی کورد دژی گەلەکەی خۆیان بوونە جاشی ئیمپراتۆرییەتەکانی دەوروبەر.

*ساڵی دووسەد و بیست و نۆی زایینی خێڵە کوردەکان بۆ بەرژەوەندیی

نەیارەکانیان جارێکی تر دەستیان کردەوە بە قەتڵوعامی یەکتر.

*ساڵی شەش سەد و حەوت، پاڵەوان و خانەدان و دەمڕاستە کوردەکان بایاندا بە لای شای ساسانییەکاندا.

*ساڵی هەزار و شەش سەد و حەفتا دیسان کوردەکان لە ناوخۆدا بەشەڕ هاتنەوە و تورکە ئەنادۆڵییەکان تەواو دەستیان گرت بەسەریاندا.

*ساڵانی هەزار و حەوت سەد تا نیوەڕاستی سەدەی نۆزدە ئەمارەتە کوردییەکان بە پاڵپشتی عوسمانلی و سەفەویی جەنگیان دژ بە یەک بەرپاکرد.

*ساڵانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم خوێنڕێژیی لە نێو کورددا هەموو سنوورێکی بەزاند.

*ساڵانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم تا کۆتایی حزبە کوردەکان خوێنی یەکتریان حەڵاڵ کرد و تا دوا هەناسە شەڕیان کرد.

*کەواتە قوتابییە ژیرەکان مێژووی کورد سێ بەشی جاشێتی و شەڕی براکوژییە.

**تەقریر**

دوێنێ لە پاسێکدا جانتایەکم دۆزییەوە و پڕی بوو لە تەقریری ئەشرەفێکی شەریفی، لێرەدا گوڵبژێرێکی پێشکەش بە ئێوە دەکەم:

*گەورەم، کوڕەکەی حەلاوە خانی گەڕەکی ماڵی خەسوم هانی خەڵک دەدات تا داوای کارەبا و ئاو و سووتەمەنی و شتی وا بکەن.

*گەورەم، رۆژنامەنووسەکەی دراوسێمان مەترسییەکی گەورەیە و ئەو گەڕەکەی فێری شتی خراپ کردووە.

*گەورەم، سایەق لۆرییەکەی دوێنێ نیشانم دایت دەڵێن مەیلی وا بە لای حزبی هینەوە، تکایە تۆزێ ئاگادارییە.

*گەورەم، ئەو گەنج و مەنجانەی لە گازینۆکان دادەنیشن، زۆربەی کاتەکانیان بە غەیبەتی جەنابتانەوە بەسەر دەبەن.

*گەورەم، وەک بیستوومە چاپچییەکەی خۆمان بەدزییەوە لە ئینتەرنێت سەیری ئەو سایتانە دەکات دژی جەنابت شتی قۆڕ بڵاو دەکەنەوە.

*گەورەم، ئەو کچەی پرسگە، رۆژی دوو لەفە و سێ چا دەخوات، حەوت جار پێدەکەنێ و سێ پەیوەندیی تەلەفۆنی دەکات و پێڵاوی ژمارە سی و نۆ لە پێ دەکات

و حەزیشی لە جلی سوورە.

*گەورەم، تەواو چاودێریی کارگوزارە تازەکەم کردووە، دەزانم رۆژی چەند باوێشکیش دەدات، هیچ هیچ غەمت نەبێت.

*گەورەم، خۆت دەزانی شت زۆر گران بووە، دەمەوێت تەقریر گران بکەم، تکایە رەزامەندیی بفەرموون.

**مەزادخانە**

کوردستان گەورەترین مەزادخانەیە لە جیهاندا و رۆژانە ئەمانەی تیا هەڕاج دە کرێت:

*پانزە ساڵ خەباتی پێشمەرگایەتی بە دوو بەرمیل نەوتی ئێرانی.

*بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا بە سەد مەتر زەوی لە دوورترین جێگەی شاردا.

*هەموو پیشەیەک سەر بە سەر لەگەڵ پارەی پێشەکیی سێ مانگی دوو هۆدە خانوو.

*کوردایەتی و وڵاتپارێزیی بە شرە پاسپۆرتێکی ساختەی وڵاتێکی ئەوروپایی.

*ئایین و بیروباوەڕ و هەموو شانازییەکان بە دوو ساڵ بژێویی ژیان.

*ئەقڵ و دانایی و ویژدان بە مووچەیەکی سێ سەد دۆلاری مانگانە.

*ئێسک و خوێن و جەستەی مرۆڤ بە یەک ژەم خواردنی زۆر تێر و پڕ و بە لەززەت.

*گورچیلە و لووت و گوێ و کۆئەندامی هەناسە بە یەک سەیرانی پڕ بە کامی دڵ.

*کوردستان گەورەترین مەزادخانەیە و مرۆڤی تیا دەفرۆشرێت هەروەک گۆڕەپانەکانی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ بەر لە ئێستای یۆنان.

**ناوی پارتەکانی کوردستان و دروشمەکانیان**

*پارتی دۆلاری ئەمەریکی کوردستان (لە پێش هەر شتێکدا دۆلار پەیداکردن).

*پارتی خۆپێگەیاندنی کورد و کوردستان (کوڕ ئەو کوڕەیە تا زووە بیخوات).

*پارتی عەدالەتی تالانیی کوردستان (بەڵێ بۆ بە دەزگاییکردنی فەرهوود).

*پارتی مێبازیی و چاوبڕکێی کوردستان (سڵاو بەس لە کچی چاوشین و جوان).

*پارتی چایخانە و گازینۆی نەتەوەیی کوردستان (سەرەتا و کۆتایی لە بلیارد

دایە).

*پارتی کۆمۆنیستی ئیسلامی کوردستان (سۆسیالیزم- یەکتاپەرستی- نەتەو ایەتی).

*پارتی چەپی راستڕەوی کوردستان (گرنگ ناو نییە گرنگ کاسبیکردنە).

*پارتی سۆسیال عەشیرەتی کوردستان (مەدەنیەت- سوڵحی عەشایەریی- ژن بە ژن).

*پارتی گەشەپێدانی یەکڕیزیی لە کوردستان (تەکەتول- ناکۆکی- شەڕی ناو خۆ).

*پارتی رووبەڕووبوونەوەی چاکسازیی کوردستان (گەندەڵیی- دزی و فزی- بەخشیش).

## پانۆراما

## -١٣-

**کەش و هەوا**

*رۆژی یەکشەممە (٢٠ملم)ی تر لە شەستەبارانی گەندەڵیی بەسەر وڵاتدا دە بارێت.

*رۆژی دووشەممە جارێکی تر تەرزەیەکی بە تینی رۆتین روو لە کوردستان دەکات.

*رۆژی سێ شەممە کەلعادە و وەک جاری جاران گەردەلوولی گرانیی هەڵدە کاتەوە.

*رۆژی چوارشەممە بەفری بێ کارەبا و ئاویی سەرتاپای کوردستان دادەپۆ شێت.

*رۆژی پێنج شەممە کەش و هەوا ساماڵێکی زۆر سافە بۆ دزە گەورەکانی وڵات.

*رۆژی هەینی دەفعەیەکی تر هەور و هەڵای هەڕەشەی هەرێمی سەر و دڵی خەڵک دەگرێتەوە.

*رۆژی شەممە دیسان خۆرەتاوی وەعد و وعودی درۆ سەر دەردەهێنێتەوە.

*بەم جۆرە و بۆ هەتا هەتایە هەفتەکان دێن و دەچن و لە کوردستاندا دووبارە دەبنەوە.

**مەڕ**

*ڕێبوارێک وتی: باپیرم دەیووت پێشینانمان وتوویانە مەڕ سەرچاوەی ئازار و نەخۆشییە.

*ئەنترۆپۆلۆجییەک وتی: لای خێڵە سەرەتاییەکانی وەک ئەوانەی ئەمازۆن مەڕ هێمای بەدبەختییە.

*مێژوونووسێک وتی: کەریم خانی زەند شەوخەوی بە مەڕەوە دی و بەیانی حکومەتەکەی رووخا.

*مامۆستایەکی ئایینی وتی: لە قورئاندا نەفرەت لە مەڕ کراوە و بە شووم دان راوە.

*هەوادارێکی عەلمانیەت وتی: مەڕ دوژمنی سەرسەختی سکۆلاریزمە و عەلمانییەکان دوژمنی باوەکوژی مەڕن.

*ئاژەڵدۆستێک وتی: مەڕ هێمای هەژاریی و دەستەمۆییە، لە زۆر رووەوە لە میللەتی کورد دەچێت.

*ژنێک وتی: مەڕ وەک ژن لێقەوماوە، هەرچی هەڵدەستێت دەیچەوسێنێتەوە و هیچ دەسەڵاتێکیشی نییە.

*ئەندامانی یەکێتی دەڵێن، خوا مەڕی بۆ ئەوە داناوە بکرێت بە قوربانی بۆ جەنابی سەرۆک کۆماری عێراق.

**سەگ**

برادەرێکی قسە نا نەستەق وتبووی کورد سەگە، نازانم ئەو راست دەکات یان نا؟ بەڵام:

*پارتی کوردیی هەمیشە دروشمی ئاژەڵانەی بەرز کردۆتەوە (کەم ژیان، کەڵ ژیان) واتە دروشمی کەڵەگایی.

*شاعیرانی کورد زۆربەیان رۆڵەکانی گەلەکەیان بە ئاژەڵ زانیوە (ئەی دلێران، بەچکە شێران) بەس نییە نەیانوتووە بەچکە قەلەموونەکان.

*گۆرانیبێژانی کورد هەمیشە پێشمەرگەی مرۆڤیان بە باڵندە و مار و مێروو زانییوە «هەڵۆ لە لوتکەدا نەبێت نامرێت ...».

*میللەتیش وەک مادده و شتی بێ ڕۆح تەماشای خۆی کردووە (ئێمە چینی چەوساوەین، چەکوشەکەی دەستی کاوەین) واتە حەوجۆشین.

*بەڵام سیفەتی سەگ زۆر تازەیە و نوێیە لە ئەدەبیاتەکەدا، بۆیە داوا لە شاعیران و گۆرانیبێژانی کورد دەکەین لە تێکستەکانیاندا بێژن: ئێمە کوردین، نەبەردین، ۆڵف دۆکین.

## دوعا

خودایە، دوای پارستنمان لە شەڕی شەیتان و فیتنەی ئاخیر زەمان و بەڵای ناگاهان، لەم شتانەش بمانپارێزە:

*نەخۆشخانە پیس و پۆخەڵ و پڕ لە ڤایرۆس و میکرۆبەکانی شاری سلێمانی.

*هۆڵی میهرەجانەکان و شانۆی ئەو شارەی پێی دەڵێن پایتەختی رۆشنبیریی کوردستان.

*هاتووچۆی وەزارەکاتەکان و بنکەکانی پۆلیس و ئەمسەر و ئەوسەری دادگ اکان.

*پرسگەکانی وەزارەتـی بێکاری هین و لە سکرتێرە مۆنەکەی کاک هینی وەزیری هین.

*سەرەی بەنزین وەرگرتن و قەرەباڵغی شەقامەکان و شەڕی بێتامی شۆفێری ناشی.

*تـووڕەیـی و هەڵچوونی بەڕێوەبەر و پـۆزی بێ کۆتایی پەرلەمانتار و لووتبەرزی وەزیرەکان.

*رقی ناپیرۆزی تیرۆریستان و زەوقی عەرەبەکان و بێدەنگی پڕ لە حیکمەتی فارسەکان.

* تاقیکردنەوەی بەکالۆریا و کۆلێژی یاسای ئێواران و مەنهەجەکانی زانکۆی کۆیە.

*حزبایەتی لە ناوەوەی کوردستان و کوردایەتی لە هەندەران و وتاری ناو ماڵپەڕەکان.

## خودا بە خێری بگێڕێ

دوێنی شەو (خودایە بە خێری بگێڕی) خەونێکی ناخۆشم دی و لە خەونەکەمدا:

*یەکێکی نەناسراو دەیووت، برۆ ژنێک بێنە و ماڵی خۆت دروست بکە چیتداوە

لەم چەنەبازییە؟.

*مەچەک ئەستوورێکی توورە دەیووت خۆ لێدانت نەهاتووە ئەم قسە هەڵەج و بەڵەجانە چییە سەرقاڵی نووسینەوەیانی؟.

*بەرپرسێک دەیووت، تەمەن یار بێت هەر دەبێت ئەو درکە لە ژێر پێت دەرب هێنم.

*گەنجێک دەیووت: برۆ دوو عانە پەیدا بکە، تۆ خۆت بینیوە دەڵێی جنۆکەی!.

*دایە گەورەم دەیووت، کورم من زراوم لەو قسە زلانەت چووە رۆژێک دێت فەلاقەت بکەن.

*پۆلیسێک کەلەپچەی لە دەست کردبووم و دەیووت لە پێشدا چیت چاند بوو ئەوەشت دروێنە کرد.

*هەزارەها دەنگی نەناسراو لە پشتمەوە هاواریان دەکرد: واز بێنە خەریکی چیت؟ ئەوەی تۆ دەیکەیت وەک ئەوە وایە حوشتر بکەی بە کونە دەرزیدا.

*دڵدارەکەم دەیووت: ئازیزم کەمێک نا بەڵکو زۆر وریای خۆت بە تۆ زۆر رۆیشتووی، بیرێکیش لە من بکەرەوە.

# پانۆراما

## -١٤-

**بەراوورد**

*دەسەڵاتی بەعس بە فیشەک دەیکووشتی، دەسەڵاتی کورد بە مەراقەوە لەناوت دەبات.

*دەسەڵاتی بەعس بە شەو تیرۆری دەکردیت، دەسەڵاتی کورد بە رۆژی رووناک.

*دەسەڵاتی بەعس ئەبوغرێب و نوگرەسەلمانی هەبوو، دەسەڵاتی کورد قەلاچوالان و ئاکرێ.

*دەسەڵاتی بەعس بە موخەریب تاوانباریان دەکریت، دەسەڵاتی کورد بە تابووری پێنجەم و دەستی دەوڵەتان.

*دەسەڵاتی بەعس یەک سەرکردەی پێویستی هەبوو، دەسەڵاتی کورد دوو

سەرکردە و سیانی شاگرد.

*دەسەڵاتی بەعس پیاوەکانی بە تەعال بانگیان دەکردیت، دەسەڵاتی کورد بە قەشمەر و سەرزل بانگت دەکەن.

*دەسەڵاتی بەعس وەزیر و کاربەدەستەکانی جلی سەربازییان لەبەردابوو، دەسەڵاتی کورد کاربەدەست و وەزیرەکانی چاکەت و پانتۆڵ لەبەر دەکەن.

*دەسەڵاتی بەعس بە عەرەبی جڵفە قسانی دەکرد، دەسەڵاتی کورد بە کوردیی پەتی دێتە دوان.

**ئایا بڕوا دەکەن؟**

*مامۆستایەک وانەی مافی مرۆڤ دەڵێتەوە و بە خوێندکارەکانی دەڵێت حەیوان، هەچە ...

*خوێندکارانی شەشەمی وێژەیی ئامادەییەک داوای گەشتی زانستییان لە بەڕێوەبەری خوێندنگەکەیان کردبوو.

*فیتەرێکی ناسراو هەیە لە سلێمانی، دوو وتاری لەسەر میشێل فوکۆ بۆ هەفتەنامەیەک ناردبوو.

*پار لەزیندانی کانی گۆمە لە سایەی دەسەڵاتی هەرێمدا کۆمۆنیست و ئیسلامییەک رۆژ تا ئێوارە پێکەوە سێڕسکێنیان دەکرد.

*موزەمیدێک هەیە لە عیادە لا کۆنەڵانەکەیدا جگە لە تەداوی، قاوە و بەخت و دەستیش دەگرێتەوە.

*هەڵسوڕاوێکی ژنان لەلای شێخێک دوعای کردبوو تا مێردەکەی بەرامبەری دڵی نەرم بێت و چیتر لێی نەدات.

*لە ئاهەنگەکەی هونەرمەند جەمشیددا لە سلێمانی، هەندێک گەنج هاواریان دەکرد جەمشێر، جەمشێر.

*لە سلێمانی لە دوکانی سیدی فرۆشەکاندا گەر داوای فیلمی ماترێکس بکەی، فیلمی هیندیی مەردت دەدەنێ.

*مامۆستایەک لای ژنەکەی وتبووی دەچم بۆ حەج، دوای دەرکەوت ئەو ماوەیە لە لوبنان لە شوێنە هینەکان بووە، ئێستا پێی دەڵێن حاجی لوبنان.

**وەڵامی راست هەڵبژێرە**

*لە کام وڵاتدا لە بیست و چوار سەعاتدا دوو سەعات و نیو کارەبا هەیە؟

(کۆنگۆ– ئەفغانستان– کوردستان).

*لە کام وڵاتدا گەندەڵیی لە سەددا هەزارە؟ (کوردستان– بەنگلادیش– سریلانکا).

*لە کام وڵاتدا وەزیری حەوت مووچە هەیە؟. (تەنزانیا– کوردستان– ڕۆمانیا).

*لە کام وڵاتدا دوو کوێخا و سێ دەمڕاست و چوار ئاغا هەیە؟ (ئەسیوبیا– جیبۆتی– کوردستان).

*لە کام وڵاتدا حکومەتی بە حیساب عەلمانی و دەستووری ئیسلامی هەیە؟ (کوردستان– سۆماڵ– ئەریتریا).

*لە کام وڵاتدا دوو وەزارەتی دارایی و دوو هێزی نیزامی هەیە؟ (مۆریتانیا– کوردستان– تەیمور).

*لە کام وڵاتدا دوانزە کاریزما و یەک گەلی تەنیا هەیە؟ (رواندا– چاد- کوردستان).

*لە کام وڵاتدا بیست دەزگای هەواڵگریی وڵاتانی تر هەیە؟ (کوردستان– کینیا– مۆزەمبیق).

*لەکام وڵاتدا خەڵک لە زێدی خۆیدا ئاوارەیە؟ (یەمەن– کوردستان– سودان).

## سروودە نیشتمانییەکان

*عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم
شێت و شەیدای دەسەڵاتم و بشزانە خەیاڵ نیم
*کوردستان نیشتمانی کورد بەرز و پیرۆزی سوێندت پێدەخۆم
بەڵێن بێت تامردن خێر و بێرەکەت بە ناڕەوا بخۆم
*ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان
من هەر خەریکی گەندەڵیی دەبم چش با دەنگی ناڕەزاییش بگاتە ئاسمان
*وا هاتن پێشمەرگەی مە جابک جابک پەهلەوان
هەرچی لە وڵاتدا هەبوو گسکیان لێدا بۆ دیوی ئێران
*ئەی کوردینە، ئەی مەردینە بادەست خەینە ناو دەست هەموو
رسی کوردایەتییەکەمان نەک خوری بووەتەوە بە پەموو

## گفتوگۆی دوو ریشۆڵە

*ریشۆڵەی یەکەم: ڕۆژباش من ریشۆڵەی کوردستانم، ئەی جەنابتان؟.

*ریشۆڵەی دووەم: باشتر، سوپاس، منیش ریشۆڵەی ئەوروپام، بەرەو ئێرە

گەشت دەکەم.

*ریشۆڵەی یەکەم: نا، نا تۆچی دەکەیت؟ خۆ ئەجەلت نەهاتووە دێی بۆ وڵاتی قەزا و قەدەر؟.

*ریشۆڵەی دووەم: کێشە نییە، تەنیا گەشتێکی چەند رۆژەیە و بەس.

*ریشۆڵەی یەکەم: ئەرێ بە راست لای ئێوە مۆلیدەی ئەهلی هەیە؟ ئەی کرێ پاس بە چەندە خۆ گران نەبووە؟

*ریشۆڵەی دووەم: سۆری، هیچ تێنەگەیشتم.

*ریشۆڵەی یەکەم: ئەی لای ئێوە سێ مانگ جارێ بایعی دەدرێ؟ ئەی بیرم نەبوو مانگی ١٥ رۆژیش پشووە؟.

*ریشۆڵەی دووەم: سۆ سۆری، بڕوا بکە، نازانم تۆ باسی چی دەکەیت.

*ریشۆڵەی یەکەم: لە وڵاتی ئێوە چل و دوو وەزیر و سێ هەزار رۆژنامەنووس و هەزار و سەد شاعیر هەیە؟.

*ریشۆڵەی دووەم: ئایا ناتوانی بە زمانێک قسە بکەیت منیش تێبگەم؟.

*ریشۆڵەی یەکەم: لای ئێوە پۆلیس هەیە کۆنە بفرۆشێت؟ مامۆستا هەیە تویوتای بار هەڵگری پێ بێت؟.

¬*ریشۆڵەی دووەم: ئەرێ ئازیز تۆ باسی چی دەکەیت؟ نازانم، تێناگەم، من دەڕۆم، بای.

*ریشۆڵەی یەکەم: تۆ جارێ بوەستە، هەزار و یەک پرسیارم ماوە، تۆ مەڕۆ..

*ریشۆڵەی دووەم: کات تەواو، بە ئیمەیل بۆم بنێرە، ئەگەر بوار هەبوو وەڵامت دەدەمەوە.

## پانۆراما

## -١٥-

**وردە غەیبەت**

*فەرمانگەیەکی وەزارەتی رۆشنبیریی لە شاری سلێمانی شەش مانگ جارێک پۆستی خۆی دەنێرێت بۆ هەولێر، بە بەڕێوەبەرەکەیم وت داوای دوو کۆتری نامەبەر لە جەنابی وەزیر بکەن.

*ساڵی پار لە ١٣-٨-٢٠٠٦ لە خۆپیشاندانەکانی گەنجاندا دەستگیر کرام، وتم نەک نابێ بگیرێم بەڵکو دەبێت خەڵکیش ئازاد بکەم، ئەفسەرێکی ئاسایش لە وەڵامدا وتی: ئەگەر پیاوی خۆت ئازاد بکە.

*کۆنفرانسێک بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی بەسترا و تەنیا پارەی ١٨ لافیتەی کۆنفرانسەکە سێ هەزار دۆلاری بۆ سەرف کرابوو، شازی هەڵمەتی دژە گەندەڵیی!.

*وەزارەتێک بۆ وەرگرتنەوەی دوو سەد دۆلاری گەندەڵیی دوو فەرمانبەر، لیژنەیەکی دامەزراندووە پێنج هەزار دۆلاریشی بۆ کارەکانی تەرخان کردووە، قازانج سەری مایەی خوارد.

*لەسەر لەوحەی ناونیشانی دکتۆرێکی سلێمانی نوسراوە، ساڵی ١٩٩٤ بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا)ی لە نەشتەرگەریدا لە ئەڵمانیای شەرقی بەدەستهێناوە، لای دکتۆر هێشتا عەبدولکەریم قاسم سەرۆکی عێراقە.

*چاپچی بەرپرسێک هەیە مووچەکەی لەسەر فەرمانگەی ئاگرکوژێنەوەیە، خۆش ئەوەیە پیرێ تەباغە بچووکەکەی گڕی گرت و بە پێشمەرگە پاسەوانەکان کوژاندییەوە.

## تەلەفۆنەکانی وەزیر

ئەگەر بیست خولەک لە ژووری جەنابی وەزیر دابنشیت، لە کاتی تەلەفۆنکردنیدا گوێتان لەم وشانە دەبێت:

*کاکی برا پێنج میوانی عەرەبم هاتوون، بیانبە بۆ باشترین هۆتێل و نایابترین رێستۆرانتی شار.

*مەعامەلەی ئەو ژنە شەهیدە ناکرێت، سەد دۆلار زۆرە، حکومەت نییەتی، ئەمە دەبێتە گەندەڵیی.

*مۆبیلیاتی کاک شەفیقە، کاکە گیان من هەموو وەرزێک ئەساسیماڵەکەم دەگۆڕم، نازانم بۆ لە بیرت دەچێتەوە؟! قوربان بایی دوو دەفتەر دۆلار ئیشم هەیە، چاوەڕێتانم.

*بەڵێ، دوو هەفتە بۆ پشوو لە سوێد دەبم، دوایی دەچم بۆ عەممان، پاشان مانگێک لە ئەنقەرە دەبم، حەزیش دەکەم ئیسپانیا ببینم، کە هاتمەوە لە دوبەیەوە دەگەڕێمەوە ئەگەر سەرێک لە دۆحەش نەدەم.

*ها سکرتێرە، ئێستا لەگەڵ دایکی منداڵەکان قسە دەکەم، هەر کەس منی ویست

بڵێ کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگی هەیە و دەبێت چاوەڕێ بیت.

*بەڵێ، چۆنی ئازیز، ئێوارە دەعوەتی منی، دوو بەیانیش هەموومان دەعوەتی تۆ دەبین، بەڵام ناچینە جێگەکەی دوێنێ.

*هالو، حەمەدەمین دەڵێن مۆنیکای دوو هەزار و هەشت هاتووە، بزانە وایە، ئەگەر هەواڵەکە راست بوو دوو دانە دەکڕین، بڕۆ سۆراغێک بکە.

**کتێب**

*کتێب دەڵێت سالح موتڵەگ چەندەساڵحە، هەر ئەوەندەش حکومەتی کوردیی دیموکراتییە.

*کتێب دەڵێت ئیمام خومەینی چەند کۆمۆنیستە حکومەتی کوردیش هەر ئەوەندە مەدەنی و دامەزراوەییە.

*کتێب دەڵێت فیدڵ کاسترۆ چەند ئیسلامییە پەرلەمانی کوردستان ئەوەندە خاوەن دەسەڵاتە.

*کتێب دەڵێت لەوانەیە لەندەن ببێتە پایتەختی ئیسپانیا، بەڵام هەولێر نابێت بە هۆنگ کۆنگ.

*کتێب دەڵێت لەوانەیە فلیپین ببێتە وڵاتێکی ئەوروپی، بەڵام سلێمانی هەرگیز نابێت بە دوبەی.

*کتێب دەڵێت لەوانەیە ئوسامە ببێتە سەرۆکی فەڕەنسا، بەڵام کورد هەرگیز کەرکوکی دەست ناکەوێتەوە.

*کتێب دەڵێت لەوانەیە بلۆتۆ بیدات بە ئۆرانۆسدا، بەڵام سەرکردەکانی کورد عێراق تەڵاق نادەن.

*کتێب دەڵێت لەوانەیە زەوی ببێت بە دوو لەتەوە، بەڵام هەولێر و سلێمانی قەت نابێتەوە بە یەک.

*کتێب دەڵێت لەوانەیە بزووتنەوەی ئیسلامی و حزبی کۆمۆنیست یەکبگرن، بەڵام پارتی و یەکێتی هەرگیز لەسەر داهات رێک ناکەون.

*بیرتان نەچێت پێشینانمان گوڕیان پڕ نوور بێت وتوویانە کتێب بۆ دواڕۆژ دەگیرێتەوە.

**وشەی یەکتربڕ**

ئاسۆیی:
١-ناوی بەرپرسێکی کوردە، سەرقاڵی شیش و میللەت فرۆشتنە بە یەکەوە.
٢-دەزگایەکی زۆر گەندەڵە لە باشووری کوردستان.
٣- شاعیرێکی بێ هەڵوێستە کە سێ ریز دوکانی هەیە.
٤-جۆرە ئۆتۆمۆبیلێکە تەنیا بەرپرسەکانی کورد پێیانە.
٥-ناوی کۆنە مستەشارێکە و پێشمەرگەیەکی دێرین دەچەوسێنێتەوە.
٦-نەخۆشخانەیەکی پیس و چەپەڵە لە هەولێری پایتەخت! .
ستوونی:
١- هونەرمەندێکی فاشیلە و هەر رۆژەی لە دەرگای حزبێک کەوتووە.
٢-خوویەکە لە سایکۆلۆژیای هەر نووسەرێکی دەرباردا هەیە زۆر بە زەقی.
٣-چێشتخانەیەکە، پیاوەکانی دەسەڵات شەو تا بەیانی قوماری تیا دەکەن.
٤-ناوی دکتۆرێکە دەستدرێژیی سێکسی دەکاتە سەر نەخۆشە ژنەکانی.
٥- دیاردەیەکە لە ناو کورددا زۆر زۆر باوە، گەندەڵیش نییە.
٦-هەموو بەرپرسەکان مامەڵەی پێوە دەکەن، بەس تو خوا مەڵێن چارەنووسی وڵاتە.

## خەڵات

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە بە بڕی یەک دەفتەر دۆلار خەڵات بکات:

*ئەو رۆژنامەنووسە زمان لووسەی تا ئێستا یەک دێڕ رەخنەی لە حزب و حکومەت نەگرتووە.

*ئەو شاعیرە ماعیرەی هیچ سەرکردەیەکی وڵات نەماوە قەسیدەیەکی تایبەتی بۆ نەنووسیبێ.

*ئەو نووسەرە ماستاوچییەی رۆژی دوو لاپەڕەی رۆژنامە بە شان و باڵی حکومەتدا هەڵدەدات.

*ئەو سکرتێرە نەشمیل و بە عیشوەیەی کاک (س ش ع) لە وەزارەتی عەنتیکەخانە.

*ئەو کۆنە تەوارییەی ئەمڕۆ لەپاڵ دەسەڵاتدا بووە بە بەڕێوەبەری ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنی.

*ئەو مامۆستایەی زانکۆ باشترین شانەی ڕێکخستنی لە زانکۆدا بۆ پارتی سەرکردە دروست کردووە.

*بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەی ژنان یەک تاکە دێڕی بۆ کوشتنی دوعا لە دەم نەهاتە دەرێ.

*ئەو ئامادەبووە بەڕێزانەی دوێنی لە کاتی ئاو خواردنەوەدا بە جەنابی سیسکۆسیان وت یاخوا عافێتت بێت.

# پانۆراما

## -١٦-

### بۆ زانیاریتان

*نووسەرێکی ئەکتیڤ وتارێکی نارد بۆ ڕۆژنامەیەک سێ مانگ وەستا بڵاویان نەکردووە، دوایی هەمان وتاری بە ناوی کچێکەوە نارد بۆیان، یەکەم هەفتە بڵاویان کردەوە.

*کچە قەڵەم بە دەستێکی هەندەرانشین هەیە دوانزە دێڕی لەسەر یەکی منی ئاودیو کردبوو، کاتێک ئیمەیلم بۆ کرد، وتی ناکرێ هەردووکمان وەک یەک بیرمان کردبێتەوە.

*ئەفسەرێک لە هەولێر دەناسم ئێواران یان ئەو کاتەی دەوامی نەبێت قاچاخچێتی چەک و فیشەک و هاوەن و دۆشکە دەکات.

*زاڵگەیەک هەیە لە (......) قەینا ئەمجارەش ناوەکەی ناڵێم، ئەگەر زانیان ئافرەتت لەگەڵە دە خولەک ڕاتدەگرن تا سەیریان بکەن! ئەمە بەسەر خۆم هاتووە لە بری جارێک دە جار.

*گۆرانیبێژێک هەیە شەوان کە کلیپی لە تەلەفزیۆنەوە دەردەچێ، بەیانی لە قەرەباڵغترین شوێنی شار و لە جەرگەی بازاڕدا دەوەستێت تا کچان بیبینن ئەوە خۆیەتی.

*ڕۆژنامەلووسێک ببوورن نووسێک ببووە کلکی بەرپرسێک و پرتۆیەکی کردبوو بە شانیدا، کە لەسەر ئەو بەرپرسەیان دەنووسی توانای وەڵامدانەوەی نەبوو، بۆیە دەیووت گەورەم واباشە وەڵام نەدەینەوە.

*پۆلیسەکانی دارستان لە دەوروبەری قەرەداغ لە باتی پارێزگارییکردن لە غابات، ئاگریان کردەوە و چەندین دۆنم رەز و باخ و باخاتیان سووتاند! ئەی ئافە رین.

## نووسەر

*پیاوێکی قسەخۆش بە ناوی (حەسەنی شیرین) هاوەڵی باوکم بوو، جارێکیان بە بازاڕدا رۆیشتبوو وتبووی بە تەڵاقم ژمارەی بۆیاخچی زۆرترە لە ژمارەی قۆنەرە، من بیرم کردەوە و وتم بە تەڵاقی باپیرم (چوونکە خۆ زەواجم نەکردووە) ژمارەی نووسەر زیاترە لە خوێنەر، بەڵام چ جۆرە نووسەرێک؟.

*ئەو نووسەرە خۆ بە بیرمەندزانەی بە دەستەواژەی تۆتالیتاریی دەڵێت تۆلیتاری.

*ئەو نووسەرەی دەچێت دیمانە لەگەڵ خەڵک دەکات و دوایی دیمانەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و دەیکات بە وتار بۆ خۆی.

*ئەو نووسەری نووسینەکانی لە بەرنامە و هەواڵەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە کۆپی دەکات.

*ئەو نووسەرەی هەشت کتێبی خوێندووەتەوە، بەڵام هەشتا وتار و لێکۆڵینەوەی هەیە.

*ئەو نووسەرەی لە بواری شیعر و چیرۆک، هونەر و ئەدەب، فکر و فەلسەفە، هەواڵ و سیاسەت دەنووسێ و لە هیچیشیان نازانێت.

*ئەو نووسەرەی ئەگەر هەر زۆر تووڕەی بکەیت، دەڵێت ١٧ ئامۆزام هەیە و بە عەشایەریی لەگەڵت دەکەم.

## عەلی کیمیایی

*عەلی کیمیایی کە ئێستا چاوەڕوانی سێدارەیە (پیرۆزی بێت) لەبەرئەوەی کیمیایی کرد بەسەر هەڵەبجەدا ئەم نازناوەیان پێبەخشی، بەڵام ئەی بۆ بەرپرسەکانی کورد چ نازناوێک پێشنیار بکەین؟.

*بەرپرسی یەکەم لەبەر ئەوەی چەتەیەکی وەچاخزادەیە هەقوایە ناوبنرێ فلانی چەتەزادە.

*بەرپرسی دووەم لەبەر ئەوەی فیتنە و هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆیە هەقوایە ناوبنرێ فیساری جەنگی.

*بەرپرسی سێهەم لەبەر ئەوەی هاکەرێکی بێوێنەی شوێنەوارە هەقوایە ناوبنرێت فلانی ئاسار.

*بەرپرسی چوارەم لەبەر ئەوەی سیمای گەندەڵیی و رۆتینە هەقوایە ناوبنرێ فیساری گەندەڵچی.

*بەرپرسی پێنجەم لەبەر ئەوەی هەموو خەیاڵی لای چۆکیەتی هەقوایە ناوبنرێ فلانی مێباز زادە.

*بەرپرسی شەشەم لەبەر ئەوەی کاری چەواشەکردنی رای گشتییە هەقوایە ناو بنرێ فیساری علوج.

*بەرپرسی حەوتەم لەبەر ئەوەی هەر خەریکی بەڵێنی درۆیە هەقوایە ناوبنرێ خاڵە فشە.

*بەم جۆرە تاکۆتایی لیستەکە پێویستە نازناو بۆ بەرپرسە کوردەکانیش دابنێین و بە باڵایاندا ببیڕین.

## ئەستێرەی بەخت

*بورجی کاوڕ: زۆر وریابە بەرانێکی سەر بە دەسەڵات گێچەڵت پێ دەکات، خۆتی لێ لابدە.

*بورجی گا: ئاگاداربە کە چووی بۆ لای ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە جلەکانت سوور نەبێت.

*بورجی جمک: ئەگەر سەیارەی وەزیر لێی دایت قسە مەکە و هەستەرەوە و بڵێ خۆ سەیارەکەتان عەزیەتی نەبوو.

*بورجی قرژاڵ: کوڕەکەت لە باشترین شوێن دادەمەزرێنن ئەگەر بزانیت سوراحییەک ماستاو بکەیت.

*بورجی شێر: خەفەت مەخۆ، لە مەیموونستانەدا شێر واستە بە رێوی دەکات و زۆریش مەمنونە.

*بورجی گوڵەگەنم: زۆر پێمەکەنە و نوکتەش مەگێڕەرەوە، مەلاکەی دراوسێتان رقی لەو شتانەیە.

*بورجی شایان: ئەگەر چووی بۆ خوازبێنی بڵێ خوشکەزای مەسئولم و شەش مۆنیکاشم هەیە.

*بورجی دووپشک: ئەگەر چووی بۆ ئارایشتگا، دوو وەرەقە لەگەڵ خۆت بەرە، ئەگینا حەیات دەچێت.

*بورجی کەوان: ئەگەر چووی بۆ هەولێر وریابە لە کەبابخانەی جەرگی جەرگم جەرگت نەبڕن.

*بورجی گیسک: ئەگەر چووی بۆ زانکۆ بە دەمانچە و سەیارەوە بچۆ نەک بە قەڵەم و زانستەوە.

*بورجی گۆزە: باسی دەرماڵە و شتی وامەکە چوونکە تەقەشوفە، ئەگینا گۆزەیەک لە سەرتدا دەشکێنن.

*بورجی نەهەنگ: ئەم هەفتەیە کاتێکی خۆشە بۆ تۆ، لەوانەیە جەوازە جیبیەکەت وەربگریتەوە.

### قسەی نەستەق

*برادەرێک لە بەڕێوەبەرایەتی کارەبا وتی ئەوەندەمان درۆ کردووە غەمی ئەوەمە رۆژێک روومان رەش دەبێت.

*فاڵچییەک وتی برادەرێکی تەکەتولی ئەملا هات بۆ لام فاڵی بۆ ئایندەی تەکەتولەکەی ئەولا گرتەوە.

*لە خانەقی چووینە ماڵی پیاوێکی خانەدان، لەناکاو منداڵە دە ساڵانەکەی دەستی بۆ تەلەفزیۆنەکە راکێشا و وتی ئەها بابە سەدام! هێشتا لای ئەم پیاوە سەدام هەر بابەیە.

*ژنێکی ناسیاوم بە دەم زەردەخەنەوە وتی تو خوا لەسەر مێردەکەم بنووسە، دەنگی زۆر ناخۆشە و دەڵێ دەچم بۆ ستۆدیۆی ئەستێران یان کوردستار.

*هونەرمەندێکی دێرین پێی وتم ئایا زانیووتە چەمەڵێناکەیان بڕیووین؟ وتم چەمەڵێنان چییە براڕۆ؟ وتی کوڕە رێزلێنانەکەی وەزارەتی رۆشنبیریی دەڵێم.

*لە بەردەم نەخۆشخانەیەک وەستابووین بۆ سەردانی نەخۆش، کابرایەک هات بە دوو دەمانچەوە یەکسەر چووە ژووریێ، گەنجێک لەولاوە هاواری کرد کاکە ئەوە خولە چەخماخە بوو چۆن دەوێرن رێی لێبگرن.

*کچێکی جوانی دراوسێمان وتی، کابرایەکی لێپرسراو پێی وتم ئەگەر شوم پێ بکەیت دوو تەنەکە ئاڵتونت بۆ دەکەم، بە کچەکەم وت برۆ پێی بڵێ خۆ من بەنیازی ئەوە نیم دوکانی زێڕەنگەریی دابنێم.

*بە رۆژنامەنوسێکی لاویان وت (پیتەر گالبرێس) دەناسی؟ وتی ئەی چۆن نایناسم سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە، گا بە گووندا دەناسێ.

تێبینی: پانۆراما گۆشەیەکی تەنزی ئامێزی دووهەفتانە بوو لە ڕۆژنامە و گۆڤاری «نێوەند» لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠١٠ دەمنووسی، بەشی زۆر لەو گۆشەیە لە ئەرشیفی خۆمدا فەوتاوە، ئەوەی لە بەردەستە دووبارە لێرەدا دەیخەمەوە بەردەستی خوێنەران. ئەم گۆشەیەش زیاتر لە «٧٠» ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤاری نێوەنددا بەردەوام بوو، بەو پێیەی خۆم سەرنووسەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکە بووم، بە ناوی خواستراوی «جوامێر»ەوە ئەم گۆشەیەم دەنووسی. لە ٤٠ ژمارەی ڕۆژنامەکەدا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٧ گۆشەکە شێوەی تەنزی هەبوو، بەڵام دواتر لە گۆڤارەکەدا لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١٠ شێوەی گۆڕا بۆ خوێندنەوەی پرسە هەنووکەییەکان. ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە تەنیا ١٦ گۆشەیە لە کۆی ٤٠ گۆشەی ناو ڕۆژنامەکە و لە ڕووی مێژووییشەوە بەرواری نووسین و بڵاوکردنەوەیان دەکەوێتە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٧، هەروەک وتیشم بەهۆی ئەوەی بەشەکانی تر فەوتاون و بەردەست نین تەنیا ئەم شانزە ستوونەم دەستکەوتەوە بەداخەوە نەمتوانی ئەوانیتریش لەم کتێبەدا بخەمە بەر دیدی خوێنەران، هەروەها بۆ پاراستنی ئەم چەند بەشەش هەوڵمدا لەم کتێبەدا بێتە چاپکردن.




# بەشی شەشەم
# هونەر

# گۆرانی کوردیی
# لەنێوان رەسەنایەتی و تازەگەرییدا

ئەز هونەرمەند یان رەخنەگری هونەریی نیم، بەڵام تێپەڕبوونی ئەم هەموو مادده بێ گیانانە لەسەر جەستەی زامداری هونەری گۆرانی کوردیی ناچاری کردووم، ئەگەر وەک گوێگرێک یان چاودێرێکیش بێت چەند سەرنج و رایەک لەسەر هەندێک ئیشکالیەتی گۆرانی کوردیی بخەمەڕوو، دەخوازم زێتر هەڵوەستە بکەم لەسەر تازەگەریی و رەسەنایەتی کەوەک دوو چەمکی بەربڵاو و تا رادەیەکیش موستەهلیک لە نێوەندی هونەریی کوردییدا زۆرترین قسە لەبارەیانەوە دەکرێت، پێم خۆشە ئەم نووسینە دەرگا واڵا بکات بۆ گفتوگۆیەکی فراوانتر و چڕوپڕتر لەبۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی و گیروگرفتە بنەڕەتییەکانی میوزیک و گۆرانی کوردیی.

**رەسەنایەتی**

کورد وەک نەتەوە خاوەنی کەلەپوورێکی دەوڵەمەندی هونەر و ئەدەبیاتە، ئەدەب و هونەری فۆلکلۆریی کە بەردی بناغەی ئەدەب و هونەری هاوچەرخمانە، خاوەنی خەسڵەت و جیاکاریی و تایبەتمەندێتی خۆیەتی، وەلێ بە حوکمی نزیکایەتی و تێکەڵاوبوونی مێژوویی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تری وەک تورک، عەرەب، فارس لێکچوونێک لە ئەدەب و هونەری فۆلکلۆریی و هاوچەرخی کورددا بەدیدەکرێت لەگەڵ ئەدەب و هونەری ئەو گەلانەدا، بەهۆی ئەوەشی کورد خاوەنی قەوارە و کیانی سەربەخۆی خۆی نەبووە، هاوشان لەگەڵ تاڵانکردنی ژێدەرە ئابوورییەکانی کوردستان لەلایەن داگیرکەرانەوە، کولتوور و هونەر و ئەدەبیاتیشی تاڵان کراوە و رووت کراوەتەوە لە مۆرکی کوردەواریی، ئێمە چەندان گۆرانی و ئاوازمان

بە فارسی کراوە، چەندان حیکایەت و داستان و شیعری فۆلکلۆرمان بە تورکی کراوە، سەدان کتێب و زانا و مێژوونووسمان بە عەرەب کراوە. بەڵام شتێک هەر ماوەتەوە بە ناوی فۆلکلۆر و ئەدەبی رەسەن و تایبەتمەندی کورد، ئەم هونەر و ئەدەبیاتە رەسەنە بنەماکانی هونەری هاوچەرخن، گۆرانی کوردیش کە چرکەساتی سەرهەڵدانی ئاوێزانە لەگەڵ دەرکەوتنی کورد لە مێژوودا، خاوەنی مۆرک و جیاوازیگەلی تایبەت بە خۆیەتی، دەتوانین گۆرانی کوردیی و ئاوازی کوردیی زۆر بە ئاسانیی لەنێوان ئاواز و گۆرانی گەلانی تردا بناسیتەوە ئەمیش لە رێی ئەو تایبەتمەندییانەی ئاماژەمان پێدا.

ئێمرۆ هونەرمەندانی کورد بەشێوەیەکی گشتیی بەسەر دوو جەمسەردا دابەش بوون: لایەنگرانی رەسەنایەتی و لایەنگرانی تازەگەریی، کەمتر هەست بەوە دەکەین هونەرمەندانێک هەبن کار لە هەردوو لایەنەکدا بکەن یان بە وتەیەکی تر ئاوێتەیان بکەن. لایەنگرانی رەسەنایەتی بە هۆی پابەندبوونی تەواویان بە رەسەنایەتی و خەسڵەتە نەگۆڕەکانی گۆرانی کوردیی لە بازنەی بۆشی گۆرانی تەقلیدییدا دەخولێنەوە، هەر بە ناوی داکۆکیکردن لە رەسەنایەتییەوە هەموو پەنجەرەکانی داهێنان و وەرچەرخان و نوێکردنەوەیەکیان کلۆم داوە. ئەو جۆرە گۆرانیبێژانە ناتوانن سەردەمەکەیان تێپەڕێنن، یان ئەوەندە کەرەستە و هۆشیاریی هونەرییان نییە بتوانن دەرەقەتی هونەرێکی نوێ بێن تیایدا رەسەنایەتی و تازەگەریی ئاوێتەی یەکتر کرا بێت. بۆیە هونەر لای ئەمانە هەر جووینەوە و کارکردنە لەسەر جەستەی مردووی گۆرانی کلاسیک، ئەو گۆرانییەی سەردەم و ئاڵوگۆڕە ژیارییەکانی مرۆڤی زەمەنی تەکنۆلۆژیا زۆر دەمێکە جێیهێشتووە. هونەری رەسەنی رووتیش واتە هیچ بەریەک کەوتنێکی نەبێت لەگەڵ تەوژمە نوێکان و گۆڕانی ئاستی چێژوەرگرتنی بیسەر، خۆی لەخۆیدا هونەرێکی بێ گیان و تاقەتپڕوکێنە، مرۆڤێک لە سەردەمی ئینتەرنێت و مانگە دەستکردەکان و شۆڕشی ئەلیکترۆنیدا بژی رادەی چێژوەرگرتن و هەستەکانی جیاوازترە لە مرۆڤی سەردەمی فتیلە و گالیسکە و ئەسپ و عەرەبانە. هونەرێک نەتوانێت خۆی نوێ بکاتەوە بە پاساوی ئەوەی رەسەنایەتی وەلا دەنێت هونەرێکی وشکهەڵاتوو و سەلەفییە و تەحەمولی گۆڕانکارییە خێراکانی ئەم جیهانە ناکات.

## تازەگەریی

هیچ شتێک نییە هێندەی چەمکی تازەگەریی لە هونەری کوردیدا ریکلامی بۆ بکرێت، گۆرانیبێژانێکی فرە لە ناوەوەی وڵات و لە مەنفا بانگەشەی تازەگەریی دەکەن لە گۆرانیدا کە دەیانەوێت وێستگە کۆنەکان و عەقڵییەتە کلاسیکییەکانی هونەری کۆن بەجێبهێڵن، بەڵکو ئەو بنەمایانەش هەڵتەکێنن هونەری نەوەی دێرینی لەسەر بنیاد نراوە، بەڵام ئەگەر بە ویژدانەوە بڕوانین تاک و تەرا نەبێت سەرجەمی ئەو گۆرانیبێژانە نەیانتوانیووە هیچ کارێکی نوێ پێشکەش بکەن بە مانای تەواوی وشەکە نوێ بێت. ئەوەشی ناوینراوە نوێگەریی چیتر نییە جگە لە فۆتۆکۆپی و وەرگرتنی دەقاودەق لە هونەری گۆرانی بیانیی. ئەز زۆر گۆرانیم بەر گوێ کەوتووە. ئاوازەکەی ئەرمەنی بووە و گۆرانییەکەش بە سریانی وتراوە، گۆرانی تر هەیە لە عەرەبیی و فارسییەوە وەرگیراوە، باسی ئەوە هەر ناکەم هەندێک دەمبێژ گۆرانی تورکیی و فارسی بۆ کوردیی وەردەگێڕن، هەندێکیان بەشێوەیەک گۆرانییەکانیان تورکییە خودی گۆرانبێژەکە تەنیا لە کارەکتەرێک دەچێت دۆبلاژ بکات و هیچی تر. ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر گۆرانی کوردیدا هاتووە هەموو شتێکە تەنیا نوێگەریی نەبێت، چونکێ نوێگەریی بە مانای دۆزینەوەی ستایل و تەکنیکی هونەریی جیاواز دێت، نەک خۆ جیاکردنەوە!! لەبەرئەوەی گۆرانیبێژانی ئەمڕۆ مەبەستیانە گۆرانییەکانیان لە هی خالیقی یان ماملێ نەچێت نەک ئەوان تێپەڕێنن، بە باوەڕی من بەمەش چەندین هەنگاو هونەریی کوردییان بردۆتە دواوە، (لینین) وتەنی لەبری ئەوەی هەنگاوێک بۆ پێشەوە بچن دوو هەنگاو بۆ دواوە هاتوون.

بەدەر لەوەش چەند هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ لە هەوڵی جیددیدان بۆ تێپەڕاندنی دۆخی کۆن و دۆزینەوەی ستایل و ڕێڕەوێکی نوێ، بەڵام هێشتا هەر هەوڵە و ئاکامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتۆتەوە شایەنی لەسەر وەستان و ئاماژەپێدان بێت. ئەگەر پرسیارێک بێنینە پێشەوە و بپرسین چ شتێک وایکردووە هونەریی گۆرانی کوردیی بۆ پێشەوە نەڕوات؟ ڕەنگبێ شیاوترین و ڕاسترین وەڵام، ئەوە بێت گۆرانبێژانی کورد بەشی هەرە زۆریان نەخوێندەوارن و ئاگایان لە پاشخانی هونەریی و مۆسیقای گەلەکەی خۆیان نییە، نەخاسمە هونەری کلاسیک و پۆپ و جاز و ڕاپ و هتد.. هونەری گەلانی تر. زۆربەی هەرە زۆری ئەو توێژاڵەی ناویاننناون هونەرمەندانی گۆرانیبێژ تەنانەت ئاوازدانەرانیش خاوەنی هیچ وردبوونەوە و

توێژینەوەیەک نین لەمەڕ تازەگەریی لای گەلانی تر بۆیە ناتوانن هەنگاو بەو ئاقارەدا بنێن، ئەدۆنیس، دەڵێت: «دوای خوێندنەوەی شیعرەکانی رامبۆ و مالارمێ گەیشتمە مەودا نوێگەرییەکانی شیعری ئەبی نەواس و ئەبی تەمام!». هونەرمەندی کوردیش بە سوود وەرگرتن لە گۆرانی بیانیی و ئەزموونی نوێگەریی ئەوان لە بوارەکەدا دەتوانێت رێڕەوێکی جیاواز لە هی ئەوان و کوردانە بۆ هونەری خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام بەداخەوە گۆرانیبێژی کورد ئەوەندە دەستەوەستانە ناتوانێت لەگەڵ تێکست و کەرەستەکانی تری دروستکردنی گۆرانییەکی سەرکەوتوو مامەڵە بکات، بۆیە دەشێت تازەگەریی بە وەهمێکی بەتاڵ و خولیایەکی بەدینەهاتوو وەسف بکەین، ئەوەشی پێی دەوترێت کاری نوێ تەنیا و تەنیا هەڵگێڕانەوە و ئارایشتی کەلەپوورە کۆنەکەیە، یان کۆپیکردنێکی زۆر ناشارەزایانەی هونەری نەتەوەکانی ترە.

### هەندێ گیروگرفتی تر

١- کلیپ: کلیپ بنەمایەکی سەرەکیی گۆرانی هاوچەرخە، بە نیسبەت گۆرانی کوردییەوە کلیپی هونەریی و ئەکادیمی تا رادەیەک شتێکی نوێیە و تازە بەری دەکەوێت، لە گۆرانییە بیانییەکاندا بە تایبەتی رۆژئاواییەکان بەهۆی پێشکەوتنی ئامێرە دەنگییەکان و کامێرا و تەقەنیاتی هونەریی، کلیپ وەک رەگەزی سەرەکیی گۆرانی لە بەردەم چاوی بینەردا دەتەقێتەوە، ئەگەر رۆڵی کلیپ لە باقی رەگەزەکانی تری گۆارنی زیاتر نەبێت، بەبێ هیچ گومانێک کەمتر نییە. بە حوکمی ئەوەی گۆرانییە کوردییەکان زێتر لە بواری ئەویندارییدا خۆیان دەبیننەوە، کلیپەکانیش هەر لەو چوارچێوەیەدان، بەڵام ئەگەر بە دیقەتەوە تەماشای کلیپی گۆرانی کوردیی بکەین جگە لە هەندێکیان کە بە پەنجەی دەست حسێب دەکرێن، هەموو ئەوانی تر سیناریۆیەکی چەند بارەکراوەیان هەیە، ئەویش ئەوەیە سەرەتا گۆرانیبێژ گوڵێک دەداتە خانمێک یان بە پێچەوانەوە و دواتر لێک زویر دەبن و دواجار بە چەشنی فیلمی هیندیی بە یەکتر دەگەنەوە، ئەز هەر سەیری گرتەی یەکەمی گۆرانییەک بکەم دەتوانم پانۆرامای رووداوەکانی ناو کلیپەکەت پێ بڵێم، ئەمەش هێزی غەیبانیەت کەشفی ناکات بەڵکو ئەوە سەد بارە بوونەوە و هەزار بارە بوونەوەی کلیپە کوردییەکانە کە هەموویان لێک دەچن و موبالەغەش نییە بڵێم بە هەموویان یەک تا دوو کلیپی باش و بە مستەوایان لێ دروست دەکرێت، بۆیە کلیپەکانمان دەرگیری چەندین کێشە

بوون و ناچارن خۆیان دووبارە بکەنەوە، چوونکە هەژاریی و کەمدەرامەتی ئاستی هونەریی و رۆشنبیریی گۆرانیبێژان و کلیپسازانی کورد ئەوەی خولقاندووە، ئینجا نۆرەی فاکتۆرە ئابوورییەکە دێت.

٢-تێکست: زۆربەی خەڵک گرنگییەکی بەرچاو دەدەن بە تێکست و شیعری گۆرانی، بەراوردی دەکەن لەگەڵ خۆیان و موعانات و ژیانبینیان تا چەند دەتوانن چێژ لەو وشانە وەربگرن، وەلێ زۆر تێکستی جوان لە خەرمانی شیعری شاعیرانی کۆن و نوێ کراوەتە گۆرانی، بەڵام زۆرێک لە گۆرانییەکان بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا تووشی قەیرانێکی کوشندە بوون بە دەست نەبوونی تێکستی شیعریی گونجاوەوە، لەبارێکی تردا ژ بەرئەوەی ئاستی رۆشنبیریی و سەرمایەی هونەریی بەشێک لە گۆرانیبێژان لە پلەی سفردایە پەنایان بردووە بۆ زۆر تێکستی نەگونجاو و ناشیرین، جاری وا هەیە کە گوێ لە گۆرانی کوردیی دەگرم وا هەست دەکەم لە کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی و کشتوکاڵیدا دەژیم، چونکێ موفرەدات و تێکستی گۆرانییەکان موفرەداتی قۆناغی فیوداڵین نەک دنیای فەزائیات و گلۆبالیزەیشن! وەسفکردنی مەمکی ئافرەت بە سێو و پرتەقاڵ و چاوەکانی بە ترێ رەش و سینگی بە کەلەرم چیتر دەبەخشێت جگە لە سەیرکردنی ژن وەک کێڵگە و بەروبوومی کشتوکاڵیی؟! ئەمەش دەرهاویشتەی زهنیەتی فیوداڵییە. یان هەر زۆر تێکست هەیە لە بنەڕەتدا سوکایەتی تێدایە بۆ مرۆڤ، بۆ نموونە: (وەک سۆپەری هەشتا و شەشە کراس رەش) یان (تۆ قولە رەشی)!! لە نموونەی یەکەمدا نرخی مرۆڤ کەم کراوەتەوە و هێنراوەتە ئاستی کاڵا و کەلوپەل، لە دووەمیاندا وەک ئەوەی ئەنگلۆسەکسۆنییەک ئەم گۆرانییەی وتبێت لە نرخی رەشپێست کەم کراوەتەوە. ئەز لەو دەمبێژە دەپرسم تو خودا ئەمە سترانی ئەڤیندارییە یان مارشی ئینتەرناسیۆنالیی راسیزم؟ ئەوە لەو تێکستە بێ مانایانە بگەڕێ خۆی لە خۆیدا فیلمی پۆرنۆگرافییە! بەڵام چۆن پۆرنۆیەک؟ تیایدا مرۆڤ بۆتە ئاژەڵێکی سێکسیی موجەڕد و نەک بوونەوەرێکی خاوەن سۆز.

٣-ئاواز و مۆسیقا: ئاواز و مۆسیقای کوردیی لە بەردەم قەیرانێکی ترسناکدایە و بە دووری ناگرین لە بۆتەی ئاواز و مۆسیقای گەلانی تردا ببێتە خۆڵەمێش! لە کاتێکدا ئەمە حاڵی ئاواز و موزیکەکەمانە چەندان سترانبێژ ئاواز و مۆسیقای تورکیی، فارسیی بۆ گۆرانییەکانیان هەڵدەبژێرن ئەگەر ئەمە خراپتر بێت، خراپترین ئەوەیە هەندێک کەسی بە ناو هونەرمەند گروپ و تیپی تورکی و عەرەبی و

فارسی بانگ دەکەن بۆ لێدانی موزیک بۆ گۆرانییەکانیان بە هەمان ریتم و ئیقاع و ئاوازی تایبەت بە خۆیانەوە. تورک هەزار ساڵ زێتره مێژووی کورد و کولتوور و شارستانی رەسەنی کوردیی لەم نەتەوەیە دادەڕنێت، ئێستا ئەوەندە نەفام و خەواڵوون دەمبێژێکی نەخوێندەواری بێ ئاگا لە دنیا دەتوانێ بیانخەڵەتێنێت و لە پێناوی گەلەکەیدا بەکاریان بهێنێت یان ئەوان هونەری نەتەوەکەی بە تورکی دەکەن؟. ئەمەش بەهەرحاڵ، بەڵام ئاواز و موزیکی گۆرانی کوردیی زیاتر لە یەکتر دەچن!! ئاواز و مۆسیقایەک بۆ گۆرانییەکی هونەرمەند (حەمە جەزا) لێ دەدرێت هەتا دەست دەکات بە وتنی گۆرانییەکە خەڵک وا دەزانێت گۆرانی (شیلان عوسمان)ە!!، ئەمەش هۆیەکەی نەبوونی موزیکاژەنی پسپۆر و ئاوازدانەری ئەکادیمی و هونەرمەندانی پرۆفیشناڵ و داهێنەرە.

٤-سیناریۆ: سیناریۆی گۆرانی دەبێت پەیوەندییەکی سەرەکیی و دانەبڕاوی هەبێت لەگەڵ تێکستی گۆرانییەکە، بۆ نموونە گۆرانییەکی زەماوەند و شادیی ناکرێت سیناریۆکەی شین و واوەیلا بێت یان بە پێچەوانەوە، بەڵام دوو گرفتی سەرەکی لە سیناریۆکانیشدا بەدیدەکەین:

یەکەم: سیناریۆکان هەموویان دووبارەن و باس لە یەک شت دەکەن یان ئەوەتا هەندێک کچ و کوڕ رەشبەڵەک دەستیان گرتووە و هەڵدەپەڕن یان هەندێک خانمی خوێن ساردی بیانیی سەما شاییەکی نەشازی کوردیی- بیانیی دەکەن، یان ئەوەتا یار دەتۆرێت، بێ ئەوەشی کەس بزانێت بۆ؟ ئەمیش ناچارە گۆرانی بۆ بڵێت و سکاڵای دڵی بکات و بیکاتە رۆژی حەشر. ئەم سیناریۆیە بۆ یەک دوو گۆرانی دەست دەدات نەک ئەوەی ئەگەر داتای بکەین سێ لەسەر چواری بەرهەمی ئەم چەند ساڵە هەمان سیناریۆیان هەیە بە کەمێک جیاوازیی و پاش و پێشەوە.

دووەم: زۆر جاران بیرۆکە و رووداوەکانی سیناریۆ لەگەڵ تێکستی گۆرانییەکە ناگونجێن، جاری وا هەیە کاکی گۆرانیبێژ شیوەن و باوکەرۆیەتی، بەڵام دوو سێ کچی چاوشینی قژ زەرد کردوویانە بە رۆژی خۆیان و لە سەمادا وا گەرم بوون ئەوسەری دیار نەبێت. (ئەیوب عەلی) لە یەکێک لە گۆرانییەکانیدا دەڵێت (کەسێ نایەت بە لامەوە) کەچی پێنج شەش کچی جوان لە دوایەوە هەڵبەز هەڵبەز دەکەن و سەما دەکەن!! لە کاتێکدا پێویست بوو سیناریۆکە وا بوایە (ئەیوب) لە ژوورێکی کەمێک تاریک و چۆڵدا لە تەک پیاڵەیەک عەرەق یان وێسکیدا ئەمەی بگووتایە. یان

زۆر گۆرانی تر هەیە کاکی سترانبێژ لەوپەڕی کەیف و حاڵدایە و بە بەزم و هەلهەلە و چەپڵەڕێزان دەنگی بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە، کەچی رەوتی سیناریۆ تەواو بە پێچەوانەوە دەڕوات.

٥-وێنەگرتن: زمانی وێنە گەلێک کاریگەرترە لە زمانی وشە، هونەری وێنەگرتنیش رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە ژیانی مرۆڤەکاندا، مێژووی وێنەگرتنی گۆرانی کوردیی زۆر لە دواترە لە مێژووی دۆزینەوەی کامێرا، هێشتاش وێنەگرتنی گۆرانی کوردیی بەو شێوەیە پێشکەوتوو نییە جێی رەزامەندیی بێت. ئەمەش دەرەنجامی غیابی کامێرامانی باش و پێداویستییەکانی بەر دەستی خودی کامێرامانە، زۆربەی وێنەی گۆرانییە کوردییەکان وێنەیەکی تەقلیدیی و بەکاربراون، کە ناتوانێت بینەر رازی بکات و رایبکێشێت بە لای خۆیدا!. بە کورتی کامێرا رۆڵێکی ون و نادیاری هەیە لە گۆرانی کوردییدا ئەمەش کاری کردۆتە سەر ئەوەی زۆربەی گرتە و دیمەنەکانی گۆرانییەکان لە یەکتر بچن.

٦-ئـەدا: چڕین و ئەداکردنی گۆرانییەکە لەلایەن کارەکتەری گۆرانیبێژەوە بەهێزترین خاڵی ئیسارەکردنی گوێگرانە، وەلێ ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی ئامێر و ئامڕازە دەنگییەکان و تەقەنیاتی دیجیتاڵیی و سۆپەرەوە، دەتوانرێت گۆڕانکاریی لە دەنگدا بکرێت، بەڵام هەتا ئەم چرکەیەش دەنگ و چڕین کاریگەریی خۆی لە دەست نەداوە!. گۆرانیبێژانی کورد زۆربەیان وەک خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ قورگ و چینەکانی دەنگی خۆیاندا ناکەن و ناتوانن بە شێوازی تایبەت بە خۆیان گۆرانی بچڕن، زۆرجار گوێمان لە مقامێک دەبێت کەس نازانێت ئەمە چ جۆرە مقامێکە؟ کەس نازانێت قەتارە، حیجازە یان شتی تر؟ لەبەرئەوەی سترانبێژەکە توانای لێکدی جیاکردنەوەی مقام و رەگەزەکانی مقامی کوردیی نییە و ناشتوانێت خاوەنی چڕینێکی پڕاوپڕ بێت بۆ ئەو مقامە، هەرچەند هونەرمەندانی زۆر هەن دەتوانن بە شێوازێکی سەرکەوتووانە گۆرانی بچڕن و زاڵن بەسەر دەنگی خۆیاندا و دەتوانن قورگ و شێوازی خۆیان بە رەوانی بەکاربێنن، بەڵام هەندێکی دیکەیان زۆر لە خۆیان دەکەن و بێ سەرەنجامانە خۆیان ماندوو دەکەن. ماوەتەوە بڵێین لەم لایەنەشدا گۆرانی کوردیی کەلێن و بۆشایی گەورەی تێدایە و هەنووکەش ئەو بۆشاییانە مەوداکانیان فراوانتر و بەرینتر دەبێت.

**پێش کۆتایی**

گۆرانی کوردیی بە دۆخێکی ناهەمواردا را دەگوزەرێت، هێدی هێدیش وێستگەی رەسەنایەتی و مۆرکی تایبەت بە خۆی بە ناوی تازەگەرییەوە بەرەو ونبوون جێدەهێڵێت، چارەنووسی خۆیشی خستۆتە گێژاوی هونەری گەلانی ترەوە، ئەگەر ئیستێک بەم راگوزەرەی گۆرانی کوردیی نەگیرێت پاش یەک دوو دەیەی تر شتێک نامێنێت پێی بوترێت گۆرانی کوردیی.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١١)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە رۆژی ٢٠٠٥\١\١٢ بڵاوبووەتەوە.

# کاتێک گۆرانی بە ناخی رۆحتدا رۆدەچێتە خوارێ

مرۆڤ لە بوونی خۆیدا چەندین زمانی جۆراوجۆری بۆ گوزاشت لە خۆکردن و دەربڕینی هەستە شاراوەکانی خولّقاندووە، لە چرکەساتێکدا مرۆڤ لە بەردەم ژانێکدا بە چۆکدا دێت یان لە بەرامبەر خۆشەویستەکەیدا بۆتە پارچەیەک لە کریستاڵ تەنیا دەتوانێت بە شێوە و ریتمێکی مۆسیقیانە بئاخڤێت، زۆر جار مرۆڤ هەست و وشە پەنگخواردووەکانی بە سینتاکسی پڕ چێژ و بە فۆرمێکی شیعرییانە دەردەبڕێت، رەنگبێ هەر ئەوەش بووبێتە هۆی سەرهەڵدانی گۆرانی وەک رەگەزێکی گرنگی هونەر. گۆرانی کوردیی کە بەشێکە لە کولتوور و رۆشنبیریی ئەم نەتەوەیە ئەگەر نەڵێین لە شێوە فۆلکلۆرەکەیدا لەگەڵ لە دایکبوونیدا هەبووە ئەوا سەرهەڵدانی گۆرانی کوردیی نەکەوتۆتە کاتێکی درەنگی دوای وجودی کورد وەک نەتەوەیەک لە دیرۆکدا. زۆربەی جاران هێندەی گۆرانییەک یان پارچە موزیکایەک کاریگەریی هەیە لەسەر مرۆڤ رەنگبێ شۆڕشێک ئەوەندە کاریگەر نەبێ، یان کاریگەریی شۆڕشێک بە هۆی چەند گۆرانییەکەوە بێت.

لە یادمە لە راپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ سروودەکانی هونەرمەند (ناسری رەزازی) وەک شەیپوری ئازادیی لە ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە تەنانەت دەروونی منداڵانیشی دەهەژاند، منێک کە نەمدەتوانی چەکدار بم و وەک پێشمەرگەیەک رۆڵ ببینم، ئەو سروودانە نیگەرانیان لەلا دروست کردبووم، چوونکە کەفوکوڵی دەروونم تەنیا بە هەڵمەت بردن و رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران دادەمرکایەوە. بەش بە حاڵی خۆم لە بواری هونەردا ئەوەندەی بە گۆرانی کاریگەرم و ئاوێزانم

لەگەڵیدا هیچ کات (شانۆ- شێوەکاریی) هێندە پەلکێشیان نەکردووم بە لای خۆیاندا (بەبێ ئەوەی لە بایەخی ئەو دوو لایەنە گرنگەی هونەر کەم بکەمەوە) هەر بۆیە ئەم چەند دێڕە لە بەرامبەر گۆرانی کوردیی و هونەرمەندانی رەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە زۆرەیە.

### حەسەن زیرەک

کاتێک گوێ لە گۆرانییەکانی (حەسەن زیرەک) دەگرم دڵم پڕ دەبێت لە ئیرۆسییەت و غەریزەی ژیاندۆستی هوژمم بۆ دێنێت و کۆتم دەکات لەناو خۆیدا، گۆرانییەکانی حەسەن ئەوەندە کاریگەرن مەحاڵە گوێم لە یەکێکیان بێت تەنانەت لەناو ئاپۆرای دەیان هەزار کەسیشدا بێت ئیستێکم پێ نەگرێت و نەمخاتە دنیای جوانیپەرسی و ئەویندارییەوە (بە مانای رووتی وشەکە)، بە راستی (حەسەن زیرەک) موعجیزەی هونەری کوردییە و گەورەترین سیناتۆری ئیمپراتۆریای هونەری گۆرانی کوردییە.

### عەلی مەردان

کاتێک گوێ رادەدێرم بۆ (عەلی مەردان) دەچمە نێو دنیای خەیاڵ و لە فەنتازیاکانی خۆمدا نووقم دەبم و بە فلاشباگ گەشتێک بە رابردوودی خۆمدا دەکەم، وای لێکردووم تا سەر مۆخ نوستالیژی بم و پابەندبم بە رابردووەوە. عەلی مەردان بە چریکەی بولبول ئاسای کێشێکی قورس دەخاتە سەر مێشکت و کۆنترۆڵی دەکات!، لە ئاوها حاڵەتێکیشدا ناتوانی چ کاردانەوەیەکت هەبێت جگە لە رامان لە پیاوێکی ناسکی، دڵ برینداری وەک خۆی.

### ناسری رەزازی

ئەو دەقیقەیەی رەزازی بە دەنگی زوڵاڵ و شۆڕشگێڕانەی لە بەردەم گۆرانی یان سروودێکی خۆیدا رامدەگرێت، ئیدی ستەملێکراویی نەتەوەیەک و ئێش و ئازار و ناسۆرەکانی جارێکی تر دەخاتەوە ناو زاکیرەم و بەردەوامی پێدەبەخشێت لە چینی یادەوەرییەکانمدا، ئەو کاتەی سروودەکانی لە دڵت دەدەن دەبیتە منداڵێکی ئەنفالکراو کە لەگەڵ حەشامات و کاروانی ئەنفال بە زیلێکی سەربازیی بەعس بەرەو نوگرە سەلمانت دەبەن و لەوێوە عەرعەر چاوەڕێیە بۆ خەوێکی هەتا هەتایی لە ژێر لمی

بیاباندا.

### نەجمەدین غولامی

سۆزی دەنگ و دەربڕینی نەجمەی غولامی تنۆک تنۆک فرمێسک بە چاوانماندا دێنێتە خوارێ، گۆرانی (پایز پایز) بیری هەڵوەرینی گوڵەکان و فڕینی جاویدانی پەروانەکان و کۆچی ناوادەی ئازیزانم دەخاتەوە، دەمباتەوە بۆ گازینۆی شەعب تا لەگەڵ شاعیری پایز و گەلاڕێزان (محەمەد عومەر عوسمان) پیاڵەیەکی دی چا بخۆینەوە و دواتر لە پەنا بە بادانی سیگارەکەماندا بەرەو ماڵ ملی ڕێگە بگرینە بەر. غولامی سوکنایی بە دڵدا دەهێنێت و زۆر جاریش لە خۆکوشتن ژیوانم دەکاتەوە و بە بزەی گۆرانی (خانومان) دەمباتەوە نێو دنیای بەرائەت و عیشق و پێم دەڵێت هێشتا ژیان بایی ئەوەندەی پێوە ماوە ئافرەت یان هەر شتێ□کی دیکەت تێیدا خو شبوویت.

### عەدنان کەریم

بەیانیان کاتێک لە خەو را دەبم و بەر لەوەی دەموچاوم بشۆم گوێم لێیە باوکم بە دیار گۆرانییەکی (عەدنان کەریم)ەوە سیگار دەکێشێت و دەست دەهێنێت بە قژە ماش و برنجییەکەی خۆیدا و نوقمی دەریای خەیاڵ بووە، ئیدی (عەدنان) بەم جۆرە دێتە بەردەم دەرگای دڵ و ناچارت دەکات دەروازەی کلۆمدراوی لێبکەیتەوە، بەم جۆرە عەدنان وەک شنەبایەکی فێنک خۆی دەکات بە دەروونتدا و دەیکاتە هێلانەی خۆی و ئەوسا لە سەردەمی ونبوونی گۆرانی کوردیدا بەوپەڕی ڕەسەنایەتییەوە لەگەڵ ڕۆحت دەدوێت و پێت دەڵێت یەکەم و دواکاری ئەمڕۆت تەنیا خۆشەویستی و پیاسەیەکی لای ئێوارانە لەگەڵ دلبەرێکدا، ئەو بە ڕۆحی نالی و وەفایی و مەحوییەوە لەگەڵتدایە و هیچ کامیشیان نییە.! ئەو نالی نییە بەڵام (عەدنان کەریم)ە.

### مەزهەری خالیقی

تا ئێستا نازانم بۆچی هێندە خووم بە گۆرانییەکانی (خالیقی)یەوە گرتووە. بێ ئەوەی بتوانم بەسەریدا زاڵ بم هۆگری ئەو سۆز و دەنگە پڕ لە هەستەم. هەر کە گۆرانییەکی (خالیقی) هات، تەرکیزی هەموو بیرکردنەوە و تەنانەت هەموو

نیگاکانیش لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، سیحری ئەو دەنگە ئەوەیە هەرچەند گوێی بۆ رادێری و لەگەڵی بژیت جار لە دوای جار نوێترە!! بە راددەیەک بە موبالەغەی نازانم بڵێم یەک جار ژیان کەمە بۆ ئەوەی بتوانی تینوێتیت لە کانیاوی چریکەی خالیقی بشکێنیت. تەنیا یەک ژیان کەمە لەگەڵ ئەو هەستە ناسکە ئاە هەڵبکێشی، تەنیا یەک جار ژیان کەمە بۆ ئەوەی بتوانی بە تەواوەتی تەرکیز و بیرکردنەوەت رۆبچێتە نێو دنیای ئەفسانەیی خالیقی.

## دیاری قەرەداغی

ئای لەو نەگبەتییەی کەسێک (دیاری قەرەداغی) خۆی دەکات بە ژیانیدا، ئەو کاتێک گۆرانی دەچڕێت ئەز ئارەزووی کوشتن یان ئازاردانی دەکەم! ئاخر ئەو سەرتاپای ژیانمی کردە ئازار، ئەو گۆرانییەک دەچڕێت رۆحت هەپرون هەپرون دەکات؟ وشەکانی حەلاج و مەعەڕیت وەک گوڵاو بەسەردا دەپرژێنێت، ئەو پێت دەڵێت ئەم نیشتمانە سوتماکە سەر لەبەری برین و ژان و دەردەدارییە، ئەو شەو نایەڵێت بخەویت چوونکە پێت دەڵێت ئەی کوڕی ئەم نیشتمانە تۆ (پاڵەوانێکی بێ شمشێری)ت، پێت دەڵێت تۆ شێرە بەفرینەیت، ئەو بانگەوازی رابوون دەکات کەچی هەر خۆی حەقیقەتە تاڵەکان وەک گوللە دەنێت بەسەر سینگتەوە، دیاری فێری کردین خاک چ بۆنێکی هەیە، نیشتمان چ ئازارێکی هەیە، ژیان چ رەنگێکی هەیە، ئەو فێرمان دەکات غروب و ئاوابوونی خۆر و کۆچی باڵندەکان تەفسیر بکە ین.

## کەمال محەمەد

سۆزی دەنگی کەمال ئاوازێکی غەریبە لە ئاسمانەوە هاتووە تاکو خەمەکانی سەر زەوی رابژەنێت. ئەو لە یەک کاتدا گۆرانی بۆ عیشق و بۆ ئازادیی دەچڕێت. لەنێو ئەو هەموو دەنگە لێکچووەدا سەدایەکی جودایە و غوربەت و تێکشکان و هەرەسی خەونەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە. دەنگێکی مەحزون، بەڵام پڕ لە ژیان، دەنگێکی پڕ لە ژیان، بەڵام نائومێد. گۆرانییەکانی هەر یەکەیان خۆیان قەسیدەیەکی غەمگینن، هەنسکەکانمان دەچرن، فرمێسکی وشک نەبووی چاوەکانمان دەسڕن. بە قەدەر بێهیواییەکان ئومێدمان پێدەدەن، بە قەدەر هەموو ئومێدەکانیش پڕمان دەکەن لە

گوومانی بێ هیوایی. گۆرانییەکانی جیاوازترن لە گۆرانی هەموو کەسی تر، کەوێکە قاسپەی لە هیچ کەوێکی تری سەر ئەم زەمینە ناچێت، وەک وتم ئەو نوێنەری هەسارەیەکی ترە لەسەر زەوی.

## خالید رەشید

خالید رەشید وەک دیاردەیەک لە بەردەمتدا دەتەقێتەوە، لە تاراوگەکەیدا لە سۆزی نیشتمانەکەیدا هێدی هێدی دەتوێتەوە، مانیفێستی غەریبان وەک سەمفۆنیایەک بە گوێماندا دەدا و غەمەکانی تاراوگە و ژیانی غەریبی بۆ حنجە کردین، کاتێک خۆی و عودەکەی گۆرانی (بوکی ئێوارە) بۆ دڵت ئاڕاستە دەکات، ئیدی هەروەک قەدەر پێتەوە دەلکێت و پێت دەڵێت ئەمە چارەنووستە و ناتوانیت لەم گۆرانییە قووتار بیت، ئەو گۆرانی کوردیی بە رەنگ و بۆن و تامی خۆیەوە دەبێژێت و قسە لەگەڵ رۆحی کوردیت دەکات، فێری کردین بوکی ئێوارە و نیشتمان و رەسەنایەتی ئەم گەلەمان خۆشبوێت، گۆرانییەکانی مەحکومی کردین دۆزەخی وڵاتمان لە بەهەشتی مەنفا لا شیرینتر بێت و تاڵاوی نیشتمان لە دەمماندا وەک هەنگوین بێت.

## بەهجەت یەحیا

هەر دەنگی (بەهجەت) دەگاتە گوێت، خۆت دەبینی لە کۆڕی دەروێشاندا چۆن زیکر و عەشقی یار دەبێتە هەموو ژیانت، فێرت دەکات چلۆن لە بەردەم مەعشوقدا وەک مۆم بسووتێیت (ئەو فێری سووتانمان دەکات)، بە گۆرانییەکانی دەتباتەوە بۆ سەر کانیاوە روونەکان و پێت دەڵێت فەرموو پڕ بە کامی دڵت تێری لێ بخۆرەوە، دەتگەڕێنێتـەوە بۆ ئەوپەڕی پاکیی و ئاوێنەیەک دەداتە دەستت بۆ ئەوەی پاکێتی خۆتی تیا وەدیبکەیت. (بەهجەت) ناڵینی عاشقان و رێگەی سەختی ئەڤینداریی و فڕینی دیدالیۆسیانە و سەرکێشی پرۆمیسیۆست بیر دەخاتەوە، پێت دەڵێت بۆ ئەوەی بتوانی عاشق بیت پێویستە وەک پرۆمیسیۆس یاخی و سەرچڵ و لێوەشاوە بیت، بۆ ئەوەی بتوانیت لە مەعشوقەکەتدا فەنا بیت دەبێتە وەک (ستێڤانی دیدالیۆس) بتوانی بفڕیت!!. بەهجەت وانەکانی عیشق راڤە دەکات و بۆت شرۆڤە دەکات بۆچی شێخی سەنعان بۆ کچی دیان لە دینەکەی وەرگەڕا؟، پێت دەڵێت بۆچی نالی هێندە عاشقی حەبیبە ببوو؟ بۆچی مەولەوی خۆی لە عیشقی عەنبەر خاتووندا ون کردبوو؟

بەهجەت ناچار دەکات لە دوای گوێگرتن لێی بچی یەک دوو جام مەی بنۆشی تا بتوانیت ئامادەیی وەربگریت بۆ ئەو فڕین و عیشقە قورسەی وی باسی دەکات.

**کەریم کابان**

هەر (کابان) بە رۆحە گەنجەکەیەوە هاتەماڵی رۆحتەوە، دەبێت دەست لە دنیا بشۆیت و بە دوای دنیایەکی یۆتۆپی بگەڕێی کە لێوانلێوە لە سۆز و میهرەبانی، رێگات نیشان دەدات مەملەکەتی عیشق و ئەڤین بدۆزیەوە، دەتباتەوە سەر سەرچاوەکانی دڵ و پێت دەڵێت فەرموو جێگای مرۆڤ و ژیان و هەموو بوونەوەران لەم دڵە بچووکەتدا بکەوە، پێت دەڵێت وەک عیسای مەسیح ژیانت لە پێناوی ئەوانی تردا خۆشبوویت، دەتنێرێتەوە بۆ رابردوویەکی دووری بێگەرد تاکو لە پەنا مەلای جەزیری یان وەلی دێوانە عاشقی کچە کوردی نازدار بیت، ئەو مەبەستیەتی پێت بلێت هەر چەندە جەستە پیر و لاواز دەبێت، بەڵام دڵ شتێکە نە پیر دەبێت و نە لاوازیی دەناسێت، دڵ هەر بە گەنجی دەمێنێتەوە، عیشقیش هەر عیشقە چ لە لاوی یان پیریدا بێت. ئەوەش پارچە شیعرەکەی «فرانسواز ساگان»م وەبیر دەخاتە وە:

كنت فى العشرين تستطيع ان تحب
وكنت فى الثمانين تستطيع ان تحب
هناک دائما مناسبة لاشتعال البرق

کەریم کابان.. پێت دەڵێت دەروازەکانی ژیان جگە لە جوانی و ئافرەت و ئەویندارییی هەموو کلۆم دراون، پێویستە بۆ پەڕینەوە لە ناهەموارییەکانی ژیان بە دەرگای عیشق و سووتانی رۆحتدا تێپەڕیت.

**دوا وشە**

نەمتوانی ئەم چەند دێڕە کە کاریگەریی گۆرانی هونەرمەندانی ناوبراون لە دڵ و دەروونمدا بەرهەمی هێنا بوو لە دڵی بچووکمدا جێگەی بۆ بکەمەوە، ئەمەش ناچاری کردم دەست بدەمە خامە و ئیحساسی خۆم بخەمە بەردەمی خەڵکی تریش. بۆیە ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە نییە بە قەدەر ئەوەی پەخشانێکی سادەیە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٧)ی رۆژنامەی (نیوەند) لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

# حەمەڕەشید هەرەس..
# هونەرمەندی نەتەوە و نووسەری هەڵوێست

**بۆچی گڵۆپێک دەبێت بە هونەر؟ بۆچی خانوویەک دەبێت بە هونەر؟ ئەی بۆچی ژیانمان نەکەین بە هونەر؟**

میشێل فوکۆ

هـەرەس سەرلەبەری ژیانی کردۆتە هونەر، هونەرێک لە پێناوی مرۆڤدا، هونەرێک هەناسە بێت بۆ جەستەی نەتەوە و بڵندگۆیەک بێت بۆ ئازارە نەبڕاوەکانی گەل. ئەو وەها تەماشای هونەر دەکات ڕەنگدانەوەیەکی خودیی نییە و دابڕاو و ئەبستراکت نییە لە ژیانی کۆمەڵ، بەڵکو لای وی هونەر ئیلهامی خۆی لە قووڵایی کێشە و کۆژانەکانی کۆمەڵەوە وەردەگرێت، بۆیە هونەرەکەی هونەرێکی رووتە تەنیا و تەنیا بۆ مرۆڤ. دروشمی ئەو هونەر لە پێناوی هونەردا نییە بەڵکو هونەر لای ئەو تیرێکە ئاڕاستەی نیشانە ئینسانییەکان دەکرێت و لە هەمان کاتدا هونەر ڕێنوێنیکار و پێشەنگی ژیانی مرۆڤەکانە.

بە چاویلکەی کۆنەپارێزیی و لە پەنجەرەی سەلەفییەتەوە ناڕوانێتە شانۆ، بەڵام بەناوی نوێگەریشەوە هونەری خۆی دانەڕنیوە لە بەها پیرۆزەکان و ژیانی هاونیشتمانییەکانی. هونەر بەشێوەیەکی گشتیی لەلای ئەو پەیامێکە دەبێت بگاتە مرۆڤەکان نەک ئەوەی تەنیا خاڵیکردنەوەیەکی زاتی بێت. هـەرەس وا تەماشای هونەر ناکات میکانیزمێکە بۆ بژێویی پەیداکردن و خۆژیاندن، بەڵکو پێیوایە هونەر زۆرجار پێویستە لە پێناویدا بمری و مردن لەپێناوی گەیاندنی پەیامی هونەردا بە

ژیان دەزانێت، بەلای ئەوەوە مردنی هونەرمەند لە پێناوی پاکژ هێشتنەوەی پەیامە بنەڕەتییەکەی زۆر چاکترە لە ژیانێکی شاهانە لەسەر حیسابی خنکاندنی بەها و پەیامی هونەر، بۆیە هەرگیز ئامادە نەبووە هێلکەی خۆی بخاتە سەبەتەی هیچ دەسەڵاتێکەوە.

## هەرەس وەک هونەرمەندێکی شانۆکار

شانۆ لای حەمەڕەشید هـەرەس هەڵوێستە نـەک شتێکی تر، هەڵوێستیش لایەنگرییکردنی هەمیشەییە لە نەتەوە و مرۆڤەکان بە بێ جیاوازیی. (برێخت) پێیوایە (هەر گەلۆرێک بچێتە سەر شانۆ لە توانایدا هەیە بینەر بخاتە گریان یان پێکەنین، بەڵام گرنگ ئەوەیە بینەر بکاتە خاوەنی هەڵوێست). هەرەس نایەوێت لە ڕێی شانۆوە چێژێکی کەم خایەن و ڕاگوزەر بداتە بینەرەکانی بەڵکو خواستییەتی وا لە بینەر بکات بیر بکاتەوە و ببێتە خاوەنی هەڵوێستی خۆی. لێرەدا هونەر ئامانج نییە، بەڵکو هونەر هۆیە، هۆیەک بۆ گەیاندنی پەیامی هونەرمەند بۆ جەماوەرەکەی. کۆی ئەو شانۆییانەی هەرەس بە دەرهێنان یان نواندن تیایدا بەشدار بووە شانۆی سیاسیی بوون، سیاسەت لە کارە هونەرییەکانی ئەودا بەشێکن لە خەباتی نەتەوایەتی، بەشێکن لە بەشداریی شۆڕشگێڕانە لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا.

ئەدۆنیس دەڵێت (من هەرگیز نەمگوتووە هونەر هونەرە، بەڵکو هونەر بۆ مرۆڤە، بەڵام هونەر بۆ جەماوەر نییە). بەڵام لە ساتەوەختێکدا هەموو دەرگاکانی وتن و گوزارشت داخرابوون، شانۆ چەکێکی کاریگەر بوو بۆ خەبات، زمانێک بوو بۆ گوزارشت، هەرەس لەو ڕۆژگارە تاریکانەدا هونەری وەک چەکێک بەکاردەهێنا، بە پێچەوانەی دیتنی (ئەدۆنیس)ەوە هونەر ئەوکاتە بۆ جەماوەر بوو! چوونکە لێوەی فێری وانەکانی یاخیبوون لە دەسەڵاتی سەرکوتکەر و دیکتاتۆریی دەبوو، لێوەی فێری گیانی بەرخۆدان و خۆڕاگریی دەبوو. ئەوێ ڕۆژێ هەرەس هونەری ئاڕاستەی جەماوەر دەکرد و چاکیش دەیزانی چۆن لە وەتەری هەرە هەستیاری جەماوەرەکەی دەدا، بۆیە ئەو ڕۆژانە وا لە شانۆ دەڕوانرا (قوتابخانەی گەلە)!! خەڵک سوێندییان بە پیرۆزیی شانۆ دەخوارد. ئەو زەمەنە شانۆ مەسجێکی سیاسیی پێبوو، پەیامی بەرگریکارانەی لە ڕۆحی نەتەوە پێبوو. لەو ڕۆژە سەختانەی ژێر چەپۆکی ڕژێمی بەعسدا هەتاوی ئازادیی لەودیو پەردەکانی شانۆوە هەڵدەهات، هەموو بیرێکی

بەگژاچوونەوە و شۆڕشگێڕیی لە دیالۆگی شانۆکاراندا لە ژێر لوغزێکی هونەرییدا خۆیان پەنا دابوو، ئیدی لەم سەروەختانەدا هەرەس شانۆی کردبۆیە قوتابخانەی کوردایەتی و هزری نەتەوایەتی و جۆشی ئەو جەماوەرەی پێدەدا لە ژێر سێبەری تەوری دڕندەترین دەسەڵات و دەوڵەتی دنیادا دیل کرابوون.

هەرەس بە زمانێکی زۆر ئاسان و سادە و میللی کە رەشۆکەکانیش تێیدەگەیشتن مەزنترین پەیام و دۆزی دەگەیاند، ئەو رقی لەو تەمومژ و گرێ سەیر و سەمەرانە بوو مێشکی بینەریان جەنجاڵ و سەرقاڵ دەکرد، ئەو وەک (فیتز گیراڵد) دەیووت (گرنگ وتنی شتی گەورەیە بە رێگەی ئاسان). ئەو لایەنگری شانۆی ریالیزم بوو، بەڵام ئەو ریالیزمە سۆشیالیستییە نا ببووە مۆدیلی ئەو رۆژگارانە، ئەو ریالیزمە نا لەپەنایدا گوندی کوردستان کاول دەکرا و فرمێسکی بۆ نیکاراگوا و ڤێتنام هەڵدەڕشت، ئەو ریالیزمە مارکسییە وشکهەڵاتووەش نا چیرۆکی بۆ خوارووی ئەفەریکا و فەلەستین دەنووسی وەک ئەوەی لە وڵاتەکەی خۆیدا خوێنی مێشوولەش نەڕێژرێت. ریالیزمی هەرەس وێنەدانەوەی ئازار و نەهامەتی و مەینەتییەکانی گەلەکەی بوو، زمانی گوزارشت و هاواری ئەو بۆ دەربڕینی چەوساندنەوەکانی سەر گەلەکەی، شانۆ بوو.

لای وی ئێستاش شانۆ هەمان رۆڵ و پەیامی هەیە وەلێ بە لەبەرچاو گرتنی گۆڕانی دنیا و واقیعی عەینی کۆمەڵگە، ئەو کاتێک شانۆی (بێفەڕ)ی لە سایەی دەسەڵاتی کوردییدا نمایش کرد، دەیەویست لاپەڕەکانی گەندەڵیی و سکەندالی فایلدارەکان هەڵبداتەوە، شانۆ لێرەدا جۆرێکە لە خەبات دژی گەندەڵیی و میرابۆ پەنهانەکانی کورد. گوگۆڵ دەڵێت (هەرچەند بە بەرهەمەکانم پێدەکەنم نازانم بۆچی پێدەکەنم؟ بەڵام لە پشکنەردا دەزانم بۆچی و بە چی پێدەکەنم؟ چوونکە لێرەدا توانیوومە زۆربەی کەموکورتییەکانی وڵات کۆبکەمەوە). (هەرەس)یش لە (بێفەڕ) دا زۆر بەباشی دەزانێت پەنجەی خستۆتە سەر کام برین و لە کام سووچ و گۆشەوە کەموکورتی و لاپەڕە رەشەکان هەڵدەداتەوە، هەر بە شەخسی خۆم کاتێک لە نێوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٤ ئینتەرڤیویەکم لەگەڵیدا سازدا هەندێجار لە کاتی پێکەنینەکانیدا ئەم وتەزایەی گوگۆڵ دەهاتەوە یادم چاک دەمزانی بەچی و بۆچی پێدەکەنێ!!.

لەبەرئەوە شانۆ لای هەرەس قەزیەیە و چەکێکی کاریگەرە نەک ئەوەی شانۆ تەنیا بەتاڵکردنەوە یان کات کوشتن بێت کە ئێستا زۆربەی خەڵک وا لەشانۆ تێگەیشتوون.

ئاخر هەرەس دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ هونەردا دەکات، بۆیە دەتوانێت نایابترین کارمان پێشکەش بکات، دەزانێت نواندن چییە هەر بۆیە دەتوانێت سەختترین رۆڵ وازی بکات. ئەو دەزانێت هونەر لە پێناوی چیدا هەیە بۆیە واقیعیانەترین مامەڵەی لە تەکدا دەکات. هەرەس نەک تەنیا نووسەر و دەرهێنەرێکی سەرکەوتووە بەڵکو وەک ئاکتەریش خاوەنی نمایشتێکی ناوازە و نایابە، دەتوانێت لەیەک کاتدا رۆڵی ئیمپراتۆر و هەژارێکیش وازی بکات.

تایرۆف دەڵێت (ئەگەر یەکێک لێم بپرسێت گرانترین بەشی هونەر کامەیە؟ پێی دەڵێم نواندن، خۆ ئەگەر پرسیارێکی تر سەبارەت بە ئاسانتیرین بەشی هونەر کرا ئەوە دووبارە هەر دەڵێم: نواندن). هەرەس چوونکە مەلەوانێکی کارامەیە هەرگیز لە مەلەی نێو دەریا قووڵەکان ناترسێت، ئەگەرچی نواندن سەختترین بەشی شانۆیە، بەڵام رەنگبێ لای ئەو ئاسانترینیان بێت. لەبەرئەوەی توانیوویەتی دەست بەسەر شەپۆلدا بگرێ، پرشنگی ئەستێرە چنگگیر بکات، لە بەرامبەر زریانی دڕندانەترین دەسەڵاتدار بوەستێت، زۆر ئاسانتر لەوە دەتوانێت وەک هونەرمەندێکی یاخی و هەردەم سەرکەوتوو ئامادەیی هەبێت.

ئەو بەلایەوە گرنگ نییە میدیاکانی حزب و حکومەت گرنگی پێدەدەن یان نا، ئەوەی گرنگە بە لایەوە هونەر و گەیاندن و تەواوکردنی پەیامەکەیەتی، ئەوە دەیەوێت شتێک بخاتەسەر خەرمانی هونەر و کارێک تەواو بکات، ئیتر دواتر گرنگ نییە تاجی پادشای هونەری لەسەر دەنرێت یان لە گۆشەگیریدا دەخنکێرێت، بەڵکو هەر لە بنەڕەتەوە نایەوێت ببێتە وەحشی شاشە. ئەو چوونکە سەر بە رێبازی ئیلتیزامە لە هونەردا دەنگی خۆی خستۆتە پاڵ چاپلین و وەک ئەو دەڵێت (گرنگ نییە دەرکەوتوو بیت گرنگ ئەوەیە شتێک ببەخشیتە خەڵکانی دی).

ئەو دەرکەوتن و بە ئەفسانەکردنی ناوێت، هەروەک چۆن چاوەڕێی هیچ پادشایەکی ئەم دنیا نییە لە کیسەی پڕ زێڕ و زیو خەڵاتی بکات و لە شانییەوە شەقاو بهاوێت، هیچ داواکارییەکی لە دەسەڵات نییە مەگەر تەنیا ئەوە نەبێت خوازیاری ئازادییە لێیان، ئاخر ئازادیی مەرجی بنەڕەتی هونەر و کاری هونەرییە، ئەگەرنا هەرەس مەلێکی ئەوەندە سرک و یاخییە بە داوی هیچ دەسەڵاتێک ناگیرێ و بە پاداشتی هیچ خاوەن شکۆیەک دەستەمۆ نابێت. دەیەوێت فەزا و زەمینەکی ئازاد بڕەخسێنێت تاکو بتوانێت پەیامە پیرۆزەکەی کە سێ دەیە زیاترە لە کۆڵی ناوە

بگەیەنێتە مرۆڤ.

جۆرج لۆکاچ دەنووسێت (کێشەکە لەسەر ئەوە نییە هونەرمەند لە کۆندا خۆی بە سەربەست نەدەزانی چوونکە ئەو قەت خوازیاری ئازادیی نەبوو، لە کاتێکدا لە دیدی هونەری ئەمڕۆدا ئازادیی وەک پێداویستییەکی گرنگ و بنەمای هۆشیاریی هونەریی حیسابی بۆ دەکرێت). هەرەس چوونکە بزنسمان و بازرگان نییە و خەون بە کۆشک و تەلارەوە نابینێت تەنیا بیری لای ئازادییە، چوونکە حەزی لە ئامێزگرتنی هیچ دەسەڵاتێک نییە، دەیەوێت مەلێکی سەربەست بێت و پڕ بە گەرووی خۆی هاوار بۆ ئازادیی بکات. چوونکە چاوی نەبڕیوەتە گەوهەر و زێڕی ئەشکەوتی تاریکی میرەکان دەتوانێت شەڕ بۆ ئازادیی بکات، لە بەرئەوەی لە ئەندێشەیدا ئازادیی پێش هەر شتێکە و بگرە خەمی یەکەم و کۆتاییەتی.

## هەرەس وەک نووسەرێکی سیاسیی

کاتێک چاوپێکەوتن لەگەڵ (ساراماگۆ) کرا دەربارەی رۆمانی (دابڕانەکانی مەرگ) لە بەشێک لە وەڵامەکانیدا وتی (رەنگە ئەمە دوا رۆمان بێت من بینووسم، چوونکە من هەموو شتێک نانووسم). هەرەس نە نووسەرێکی دەربارە و نە حکایەتخوانی جەنگ و سەرکەوتنە وەهمییەکانی حزب و نە مێژوونووسی سەرکردەکان، ئەو هەموو شتێک نانووسێت و دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی (برگیتا لیلپێرس) و دەڵێت (دەبێ تەنیا ئەوشتانە بنووسرێت دەبێ بنووسرێن). لەبەرئەوە نووسین لای هەرەس پێویستییە و لە کات و شوێنی تایبەتی خۆیدا لە دایک دەبێت. وەک نووسەرێکی سیاسیی و نەتەوەیی پێنووسەکەی بۆ ئەوە وەگەڕ خستووە تا بیرێکی کوردانەی دوور لە خڵتە و ژاری داگیرکەران پێشکەش بە نەوەی داهاتوو بکات.

دەنووسێت تا مرۆڤ لەم وڵاتەدا رێز و شکۆی هەبێت، دەنووسێت تا پەرەسێلکەکانی ئازادیی بە ئاسمانی ساماڵدا بێ ترس بفڕن، دەنووسێت بۆئەوەی دەستووری ئەم وڵاتە (بۆنی بوغوردی لێ نەیەت)، دەنووسێت تا نەوەکانی داهاتوو کوێر و کاس و (موزمەعیل) نەبن و بەرچاوی خۆیان ببینن، دەنووسێت بۆئەوەی مافی منداڵان و بە ساڵاچووان پارێزراو بێت. دەنووسێت تا کۆتایی بە سکەنداڵی ژن کوشتن لە ژێر ناوی ناموسپارێزیی بێت، دەنووسێت تا ئەم وڵاتە سەوز و گەش و ئاوەدان بێت و ڤایرۆسەکانی گەندەڵیی زاڵ نەبن بەسەر ژیانی هاووڵاتیانی رووت

و ڕەجاڵدا، دەنووسێت تا لە بێگەردترین ژینگە و لە ژێر سێبەری دار ژاڵەیەکدا بەبێ ترس و هەڕەشەی کولتوور، دوو عاشق ژووان ببەستن و دەم لەنێو دەم بنێن.

دەنوووسێت تا یاسای عەشیرەت و تەونی کەڵچەری هۆز و دەسەڵاتی دەستە و حزب کۆتاییان پێبێت و کۆمەڵگە لە سایەی مەدەنیەتدا ئاهێکی شادیی هەڵبکێشێت، دەنووسێت تا چیتر تەقە لە خۆپیشاندان نەکرێت، دەنووسێت تا مافیاکانی سەر بە دەسەڵات لەمە زیاتر یاری بە مەشاعیری سێ ملیۆن مرۆڤی کورد نەکەن، دەنووسێت تا ژیان مانایەکی هەبێت. دەنووسێت تا بیری نەتەوەخوازیی لای نەوەکانی داهاتوو چرۆ بکات، دەنووسێت بێ ئەوەی هەناسەی تەنگ و ماندوو بێت تا کەرامەت بگەڕێتەوە بۆ مرۆڤی دڵشکاو و ڕەنجاوی کورد، بێوچان و بێ پشوو دەنووسێت تا ماف و پێویستییەکانی مرۆڤ لەم وڵاتەدا ببنە دیفاکتۆ، دەنووسێت تا ژیانمان جیاواز بێت لەگەڵ مردن، دەنووسێت و هەرگیز لە نووسین ماندوو نابێت. (عونسور مالیکی کەیکاوس) دەڵێت (ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە لە چاکەی خەڵک ماندوو نابێت و لۆمەی کەس ناکا، ئەو کەسەیە ڕاستیی بە نرخی گیانی دەکڕێت). هەرەس نەک هەرگیز ماندوو نەبووە لە داکۆکیکردن لە خەڵک، بەڵکو بەردەوام و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سوورترە لەسەر پرنسیپەکەی و سەرتاپای ژیانی خۆی کردۆتە وەسیلەیەک بۆ ئەوەی مانایەک بگرێتەوە بۆ هەبوونی ئەو مرۆڤگەلانەی ڕۆژ نییە لە سایەی دەسەڵاتی کوردییدا بێ حورمەتیان پێ نەکرێت.

نووسین بۆتە خۆراکی ڕۆحی و بەشێک لە پێویستییەکانی ژیانی و تەنانەت بۆتە هەناسەی، هەرەس لە نووسیندا لایەنگری هەمیشەیی گەلەکەیەتی، لەگەڵ ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووتەیە هیچ دەسەڵاتێک سڵی لە هاڕین و داپڵۆسین و بێ مافکردنی نەکردۆتەوە. هەمیشە لە سەنگەری بەرگرییدایە لە بەشخوراوان و ماف زەوتکراوان، قەڵەم وەک شمشێر لە ڕووی جەللادەکانی دەسەڵات لە کێلان هەڵدەکێشێت، نووسین بەکاردەهێنێ وەک پارێزەر و میکانیزمی بەرگریی لە هەر چەوساوەیەک لە وڵاتەکەیدا. وەک بالانش دەڵێت (ئەگەر بەردەوام لەم چڵ بۆ ئەو چڵ هەڵفڕی هەرگیز ناگەیتە ئەنجام). هەرەس خاوەنی پرنسیپی چەسپیووی خۆیەتی، ئەمڕۆ لەسەر چڵی نەتەوە و سبەینێ لەسەر لق و پۆی دەسەڵات نییە، ئەو بڕیاری داوە بۆ هەمیشە وەک هونەمەند و نووسەر لەسەر بەرزایی درەختی گەل بنیشێتەوە و هێلانە بکات، بڕیاریداوە مرەکەبی قەڵەمە بە بڕشتەکەی تا دوا هەناسەی ژیانی بۆ خزمەتی مرۆڤ

بخاتە گەڕ.

هەرەس وەک تاراوگەنشینێک

شیعرێکی فارسی هەیە نازانم خاوەنەکەی کێیە، دەڵێت:

بشنە و ئەز نەی چون حیکایەت میکونەد

وەز جوداییها شکایەت میکونەد. (١)

هەردەم گوێم لە ناخی هەرەسەو گوێم لە دەنگی ناوەوەی حکایەتەکانێتی لە تاو دابڕانەکانی لە زێد، ئەو بەردەوام لە باخچە و گوڵزارە دڵڕفێنەکانی تاراوگەوە شینی قوڕاو و چڵپاوی وڵات دەکات، ئەو لەکەنار و ڕۆخی فیردەوسدا دڵی لای دۆزەخی زادگەیە. ئەو بە تەنیشت مۆزە و میترۆ و هێڵی شەمەندەفەردا ڕێ تەی دەکات و کەچی نیگای چاوی لەسەر مەزادخانەکانی وڵاتە، ئەو لە ڕۆخی دەریادا بیر دەکاتەوە و تینووی قومێ ئاوی کانیاوەکانی کوردستانە، ئەو لە تەنیشت باڵەخانە بەرزەکانی ئەمەریکاوە لەنگەری گرتووە کەچی عاشقی خانووە قوڕینەکانی گوندە، ئەو تەنیا بە جەستە لەوێیە ئەگەرنا بە ڕۆح و ناواخن هەمیشە لە شەقامەکانی سلێمانی دەست لە ملانی چێوار و دڵشاد مەریوانی پیاسە دەکات و لە ژاوەژاوی چایخانەی شەعبدا چایەکی کەم ڕەنگ هەڵدەقوڕێنێت. دووریی لە وڵات و غوربەت دووشتی کەم نین بەلایەوە، بەڵێ ئەو ئازارێکی قووڵ و گەورەی وڵاتی لەدڵی خۆیدا هەڵگرتووە، ئەو ئازارەی تەنیا (لویس ئاراگۆن) دەتوانێت وەسفی بکات کاتێک لە پۆستەرە شیعرێکیدا دەڵێت:

بائەو هۆزانڤانە لە شار وەدەرنێین

چون لە شاردا جێیەکی وا فراوان نییە

ئەو ئازارە بگرێتە خۆی

پەراوێز:

١-مانای شیعرە فارسییەکە ئەمەیە: (گوێ رابگرن بۆ نەی چۆن حکایەتێک دەکات و چۆن هاوار دەکات لە دەست جیابوونەوەی لە قامیشەڵان).

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣٢)ی ڕۆژنامەی (نێوەند) لە ڕۆژی ٢٠٠٦\١٠\١٤ بڵاوبووەتەوە.

# هەناسەیەک بۆ خالید رەشید

**ئەم جیهانە بریتییە لە ژمارە و ئاواز**

فیساگۆرس

لە کاتێکدا قاوەقاو و ژاوەژاوی دنیای شارستانی ئەمڕۆ و جەنجاڵیی و سەرقاڵییەکانی ژیانی هاوچەرخ مێشکی قاڵ کردووین و هەمیشە لە قەلەقی و ڕاڕاییەکی بێوێنەدا ساتەکان دەگوزەرێنین. گۆرانیی و مۆسیقا، بەڵام گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەن ئاوێکی سازگار و شیرینە بۆ دامرکانەوەی ئەو ئاگرەی لە سینە و دەروونی هەر یەکێکماندایە و تاو دەسێنێت. زۆربەی جار گۆرانییەک لە دوا پلەی پەستی و بێزارییەکاندا هێدیمان دەکاتەوە و وا دەکات زۆر نەرمتر و ناسکتر مامەڵە لەگەڵ ژیان بکەین. گۆرانی و مۆسیقا زمانی دووەمی مرۆڤن، ئەو زمانەی هەمیشە گوزارشت لە دیوە هەرە جوان و نازکەکەی مرۆڤ دەکات، ئەو زمانەی مرۆڤ خۆی پێ خاڵی دەکاتەوە لە هەموو ئەو نەهامەتییانەی لە ژیاندا دووچاری دەبێت. موزیکژەنی ناودار چایکۆڤیسکی (١٨٤٠-١٨٩٣) دەڵێت (هیچ وتارێک و هۆنراوەیەک ناتوانێ یەک هێڵی دیدگا و بۆچوون لە ناو کۆمەڵ دروست بکات، بەڵام کلیلەکانی مۆسیقا نەک یەک بۆچوون بەڵکو یەک باری سایکۆلۆژیی هزر و ڕۆمانسییەت دروست دەکات).

چایکۆڤیسکی ڕاست دەکات، چوونکە موزیک و گۆرانی هەر وەک یەک دەگاتە گوێی کرێکارێک، سەرمایەدارێک یانژی ژنێک، پیاوێک. موزیک و گۆرانی ئەو سیحرە گەورەیەی مرۆڤن دەتوانن ناخت ڕابژەنن و ئەندێشەت بەرنە دوا وێستگەی ڕامان و بیرکردنەوە و ڕۆچوون لە خۆتدا، ئەوەتا فەیلەسووفی مەزن (فریدریک نیتچە) پایەی موزیکی زۆر لەسەرتر لە فەلسەفە داناوە، ئەو کاتەی دەنووسێ (ئەگەر

فەلسەفە لە بەرزترین پلەی زانستدا بێت، ئەوە مۆسیقا ئەو سیحر و ئیلهامەیە لە سەرووی فەلسەفەوە دێت). کوردیش وەک گەلێکی دێرین و خودان شارستانێتی و ژیاری تایبەت بە خۆی یەکێک لە گەلە هەرە دەوڵەمەندەکانە لە بواری موزیک و گۆرانیدا، چوونکە کەشوهەوا و سروشتی وڵاتەکەی بۆ خۆی مۆسیقایە و بناغەی دینە رەسەنەکەشێتی، بەو پێیەی زەردەشتییەت ئاینێک بووە سەر لەبەری تەقوس و مەراسیمەکانی بە شێوازی ئاهەنگئامێز و لە سۆزی گۆرانی و موزیکدا بەڕێوە چووە. ئەز گومانم لەوە هەیە گۆرانی و سروود و موزیک بەشێک نەبووبێ لە بناغەکانی ئەو دینە. وەلێ ئەم سەروەتە گەورەیە لەلایەن کۆلۆنیالیستانی کوردستانەوە تالان کراوە، بەڵام هێشتاش ئەم نەتەوەیە خاوەنی کەلەپوورێکی دەوڵەمەندە لەو بوارەدا. رۆژهەڵاتناسی ناسراوی رووس (تۆمابوا) نووسیویەتی (سەردەمی ساسانییەکان کوردان لە شارستانێتی موزیکادا دەستی باڵایان هەبووە و میللەتانی دەرودراوسێش سوودیان لێ وەرگرتوون).

ئەم وتەزایەی تۆمابوا هەروا لە خۆڕایی نییە بەڵکو بەرەنجامی توێژینەوە و وردبوونەوەیەکی قووڵە لە مێژووی دێرینی میزۆپۆتامیا و ئێرانی دێرین. جگە لەمەش موزیک و گۆرانی ناسنامەی نەتەوەن و راددەی پێشکەوتن یان راددەی هۆشیاریی و شارستانێتی نەتەوە نیشان دەدەن، ئەوەتانێ بەر لە هەزاران ساڵ (کۆنفۆشیۆس) وتوویەتی (ئەگەر ویستت پلەی پێشکەوتن و شارستانێتی هەر گەلێک بزانی گوێ شل بکە بۆ گۆرانی و مۆسیقاکەی). لە ناو کوردیشدا گەلەک هونەرمەندی مەزن و خاوەن سەلیقە و بەهرەی هونەریی هەڵکەوتوون و رۆڵیان دیتووە لە پەرەدان و پێشخستنی هونەری موزیک و گۆرانی کوردییدا. هەندێ لەو هونەرمەندانەش حاڵی حازر لە ژیاندان و بەردەوامن لە کارەکانیان، ئەگەر بمانەوێ نموونەیەک لە بەرچاو بگرین هونەرمەندی موزیکژەن و گۆرانیبێژ (خالید رەشید) نموونەیەکی فرە بەرچاو و نزیکە لێمانەوە. خالید رەشید یەکێکە لەو سوارچاکانەی هونەریی کوردیی تا ئەوپەڕی توانا و دەستپێڕاگەیشتنی هەوڵیداوە ئەسپی خۆی لە هونەرێکدا تاو بدات مۆرکی رەسەنایەتی کوردیی لە دەست نەدابێ و لە هەمان کاتدا ئاوێزان بە رۆحی نوێگەریی و داهێنان.

خالید رەشید لە ئانی نغرۆبوونی گۆرانی کوردیی لە لافاوی گۆرانی و موزیکی تورکیی و عەرەبیدا ئاڵای رەسەنایەتی بە دەستەوە گرتووە و ئەویش هەروەک

(ئارام خاچادۆریان) دەڵێت (بەرلەوەی هونەر جیهانی بێت دەبێ نەتەوەیی بێت). خالید رەشید هونەرمەندی نەتەوەیە و بە سۆزی دەنگی پرسیاری دەبدەبەی بابان دەکات و غەمی سبەینێ ولاتییەتی، ئەو پڕ بە گەرووی و بە هەنسک و ژانەوە دەڵێ کە من رۆحم لە کوردستان بێ دەبێ تامی چی بێت چێژ و خۆشییەکانی تاراوگە؟ لای ئەو تاراوگە دۆزەخە و پەڕوباڵی ناسکی وی تیا دەسووتێ و ولاتیش سەرباری هەموو عەزابەکانی رەنگ و تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو دەیەوێ بڵێ غوربەت و تاراوگە نیشتمانی لە دڵدا خۆشەویست کردین!!، ئەو گۆرانی بۆ نەتەوەیەک دەچڕێ هەزار ساڵە خوێنی بە ناهەق رژاوی دڵۆپ دڵۆپ و تک تک دەڕژێتە سەر زەویەکەی خۆی، ئەو گۆرانی بۆ کچە کوردێکی ئەنفالکراو دەچڕێ خەنەبەندان و زەماوەندی گوندیان لە نوگرە سەلمان لەگەڵیدا زیندەبەچاڵ کرد، ئەو گۆرانی بۆ ئەو منداڵە دەچڕێ باوکی لە جەنگی ناوخۆدا هەناسە سارد کرا و دایکشی بۆ هەتاهەتایە رەشپۆش، ئەو گۆرانی بۆ ئەو دایکە زەلیلە دەڵێ لە ئێوارەیەکی پایزدا جەلادانی بەعس کوڕەکەیان برد و ئیتر هەر نەگەڕایەوە، گەرووی خالید رەشید گەرووی نیشتمانە، گەرووی هاواری تاساوی ئەنفال و گۆمی خوێنی هەڵەبجە و ئێسک و پروسکی گۆڕی بە کۆمەڵی گەلەکەیەتی.

خالید رەشید یەکێکە لەو گۆرانیبێژە دەگمەنانەی بەوپەڕی وریایی و هۆشیارییەوە دەست دەبات بۆ تێکست و شیعری شاعیران، من دەزانم شیعرێ ناخی نەهەژێنن و ئاوێنەی کەسەر و ئازارەکانی ژینی خۆی نەبێت، مەحاڵە بتوانێ مامەڵەی لەگەڵدا بکات. ئاخر شیعر و مۆسیقا دوانەیەکی لێک جیانەکراوەن، شیعر رۆحی مۆسیقایە، شیعر زمانی راستەقینەی گۆرانیبێژە. ڤاگنەر، دەڵێت (شیعر و مۆسیقا چەشنی گوڵن، شیعر جەستەکەیەتی و مۆسیقاش بۆنەکەی)، هەر ئەو دەڵێ (مۆسیقا و شیعر وەک کیژێک و دڵدارەکەی وان، مۆسیقا کیژەکەیە، شیعریش دڵدارەکەی). هەڵبژاردنی شیعر هونەرە، سەلیقە و توانایە، هاوزەمان دەرخەری ئاستی تێگەیشتن و رۆشنبیریی خودی هونەرمەندە. کاتێک ئەو دەڵێ «بە قەد ئاسمان خۆشم دەوێی»، هیچ عاشقێک نییە هەزار جار ئەم رستەیەی بە مەعشووقەکەی نەوتبێ، خۆ ئەگەر بەم راستەوخۆییە وشەیەکی وای نەدرکاندبێ بە هەزار و یەک وشەی تری هاوشێوە زۆر زیاتری وتووە و تەعبیری لێکردووە. ئەم مامەڵە ژیرانەیەی خالید رەشید لەگەڵ تێکست وامان لێدەکات وشە بە وشەی گۆرانییەکانی جێ پەنجە و کاریگەریی لەسەر

ڕۆحمان، لەسەر مێشکمان بەجێبهێڵین، خۆ لە خۆڕا نییە ئەم جۆرە هونەرمەندانە و بەرهەمەکانیان بە نەمریی لە دڵ و ویژدان و دەروونی خەڵکیدا دەمێنێتەوە.

بۆ وێنە هەر دەڵێی (تایەر تۆفیق، حەسەن زیرەک، عەلی مەردان، سەید عەلی ئەسغەر...هتد) ئیدی گۆرانییەکانیان دێنەوە ناو گوێمان، وێنە و جووڵە و دەست ڕاوەشاندنیان دێتەوە پێش چاومان، چوونکە ئەم ئەستێرانە بەوپەڕی هۆشیاریی و ژیرییەوە مامەڵەیان لەگەڵ هونەر کردووە و هەر ئەمەش کردوونی بەو ڕەمز و نیشانە گەورانە و نەمریی پێ بەخشیوون. خالید ڕەشید گۆرانیبێژی ئەویندارانە، لای وی سەرجەم جوانییەکان لە ئەویندا گرد بوونەتەوە، ڕەنگە بڵێم ئەوینێکی ئەفلاتۆنی و پاکژ، خالید ڕەشید هونەرمەندی بووکی ئێوارە و نێرگز و نەمامە عاشقەکانە. هونەرمەندی گوڵەبەڕۆژەکانی بەر ڕەشەبایە، جوانی و عیشق هەمیشە بە لای خۆیاندا پەلکێشی دەکەن و ئەویش لە بۆتەی هونەرێکی ڕەسەن و ناسکدا لە ئامێزیان دەگرێ و بوخچەی دڵی خۆی بۆیان دەکاتەوە و بە زەردەخەنەوە سڵاویان لێ دەکات. هونەرمەند (خالید ڕەشید) خاوەنی ستایل و ڕێچکەی خۆیەتی، خاوەنی قوتابخانەی ڕەسەنایەتی و گۆرانی نەتەوەیی و ئەویندارییە.

ئەو دەیەوێ لە ڕێی گۆرانییەوە قەفەسی سینگمان بکاتەوە تنۆک تنۆک خۆشەویستی بە سرنجی سۆزی دەنگی بکاتە دڵ و هەناسەمانەوە، دەیەوێ لە ناو هەراوزەنای ئەو هەموو بەرهەمە بێ پێز و کاڵ و کرچەدا گۆرانییەکی ڕەسەنمان بە تام و چێژی کوردانەی خۆیەوە پێشکەش بکات و بە کاریگەریی دەنگی هەوایەکی چەشنی شەماڵ بە ڕووی جەستەی شەکەتماندا بکاتەوە، دەیەوێ بە چەکی گۆرانی و فیشەکدانی موزیکا بەگژ داگیرکەران و ناحەزانی نەتەوەکەیدا بچێتەوە و بڵێت: ئەوەتا ئەوە منی کوردم. دەیەوێت هەناسەکانی هەناسەی عاشقە دڵڕەنجاوەکان و شوێنکەوتووانی ڕێبازی مەم و زین و خەونی ئەویندارانی بەر باران بێت. خالید ڕەشید و هونەرەکەی شتێکی ئەوەندە کەم و بێ بایەخ نین هەروا بە ئاسانیی بەسەرماندا تێپەڕن، ئەگەر ئەمڕۆش نەبێ سبەینێ دەگەین بەوەی ئەوی ئەم هونەرەمەندە کردوویەتی چەندە مەزن و چەندە شکۆدار و چەندە دەگمەنە.

هونەری وی بۆ هەمیشە و بۆ داهاتوو دەمێنێتەوە، ڕەنگە کۆشکەکان بە زەمین لەرزەیەک لەناوچن، بەڵام هونەری ئەم هونەرمەندە هەر ماوە، ڕەنگە دەیان میر و سەرۆک شالیار بڕۆن و کورسییەکانیان جێبهێڵن، بەڵام کورسی هونەرەکەی

ئەم هونەرمەندە هەر دەدرەوشێتەوە، رەنگە سەرمایەدارەکانی ئەمڕۆی وڵات سواڵکەرەکانی سبەینێ بن، بەڵام هونەرەکەی خالید رەشید سەرمایەی هەمیشەییە و هەر دەمێنێ. رەنگە منیش بۆچوونم لەگەڵ (تیۆفیل گۆتی) دابێ وەختێک دەڵێ (هەموو شتێک تێدەپەڕێت تەنیا هونەر بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، پەیکەرێک زیاتر لە عەرشێک دەمێنێتەوە، پارچەیەکیش زیاتر لە خودی ئیمپراتۆر). بڵێم چی بە خۆم نییە وا هەست دەکەم دەنگی خالید رەشید دەنگێکە بۆ هەمیشە لە گوێماندا دەزرنگێتەوە، دەنگێکە وای نابینم بۆ ئەبەد بمرێ.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٦)ی رۆژنامەی (هەولێر پۆست) لە رۆژی ٢٠٠٥\١٢\٧ بڵاوبووەتەوە.

# هەڵکەوت زاهیر مۆرانەی هونەری کوردییە

نوکتەیەکی عەرەبیی عێراقیانە هەیە لەسەر پەیامنێری کەناڵی (ئەلعێراقییە) لە کاتی ئامادەکردنی هەواڵێکدا لەسەر شەقامێکی گشتیی، بەم جۆرە: پەیامنێری تەلەفزیۆنەکە پەنجە رادەکێشێت بۆ تەرمی چوار هاووڵاتی کوژراو لەسەر شەقامەکە و بە گەرمییەکەوە هاوار دەکات: ئەمە تۆڵەیەک و وەرامێکە بۆ تیرۆریستە تەکفیرییەکان، جوان سەیر بکەن چۆن هاووڵاتیان بە بێ ترس و رارایی لەسەر شەقامەکان نوستوون و هیچ باکیان بە گروپە تیرۆریستییەکان نییە!!!.

راستیی دیمەنەکە ئەوەیە هەریەک لەو جەستە راکشاوانەی سەر شەقامەکە بۆ ئەبەد نوستوون، نەک بەو شێوەیەی جەنابی پەیامنێر باسی لێوە دەکات و دەیهەوێت بیگەیەنێتە چاو و مێشکی بینەر. لە کوردستان ئەم نموونەیە لە بەرگ و پۆشاکێکی تردا نمایش دەکرێت لەلایەن هەندێک لە کاربەدەستانی حکومەتی دوو حزبەکەوە، هەندێک لە بەرپرسیارانی سیاسیی رایدەگەیەنن ئەو بێدەنگییەی شەقام و جەماوەری کوردستان بە هەموو مانایەک گوزارە لە رەخسان و هاتنەدی خۆشگوزەرانی و ژیانێکی شادومان دەکات، کەچی لە راستیدا ئەم بێدەنگی و زاربەستنە زیاد لە هەر شتێک بۆ خەساندنی جەماوەر و بە مێگەلکردنی شەقامی کوردستان دەگەڕێتەوە.

لای ئاغای هەڵکەوت زاهیر (راوێژکاری هونەریی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان) بە هۆی لێبڕان و زەحمەتی زۆری ئەوەوە هونەرمەندانی کورد گەیشتوونەتە دوا لوتکەی ماف و هەموو پێویستی و داواکارییەک بۆ ئەوان لە بن گرەنتیدایە و لەبەردەستە، میدیای داڕزیوی پارتەکانی کورد دەیهەوێ هەمان کاری پەیامنێری (ئەلعێراقییە) بەرجەستە بکاتەوە و وا لە هەموو لایەک بگەیەنێت ئەو کاتەی هونەرمەندان لەسەر شاشەی تیڤی دەبینرێن ئیدی ماف و ژیانی هەر کامیان لە ئەلف تا یێ دابین کراوە. هەڵکەوت زاهیر هەموو جارێک لە بەرنامەی

(ستۆدیۆ ئەستێران)ەوە دەبینم دەیهەوێ بڵێت: نەک هونەرمەندانی بە ئەزموون و کۆن و خاوەن داهێنان دەستیان گیراوە و هەر داوایەکیان هەبێت بۆیان هێنراوەتەوە دی، بەڵکو حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی ئەو بەرنامە فراوانەی هەیەتی بۆ (بوژانەوەی هونەری کوردیی) پڕۆژەی دەستگرتنی گەنجانی لە رۆژەڤ داناوە، هەڵکەوت خوازیارە خاوەندارێتی لەو پڕۆژەیە بکات و بیکاتە مەکرەمەیەک. واقیعی ژیان و گوزەرانی زۆرینەی هونەرمەندانی بە ئەزموون و رەسەنی کورد لە باتی جارێک سەدان جار ئەو وێنە ساختەیە بە درۆ دەخاتەوە میدیای کورد بە یارمەتی و تەڵەکەی هەڵکەوت زاهیر لە سەروبەندی دروستکردنیدان دەربارەی رەوشی هونەریی و ژیانی خودی هونەرمەندانی کورد چ لە ناوەوە چ لە دەرەوەی وڵات.

(یاسینی عومەری) نووسەرێکی موسڵاوییە و لە (غرائب الاثر) نوسیوویێتی (حتی مارایت الكردي اميرا، فارتقب الساعة) جاران هەستم بە شۆڤێنێتی و رەگەزپەرستی ئەو نووسەرە و ئێستا بە راستییەکی رەها دەکەم. چون حکومەتی کورد و دەسەڵاتدارانی کورد بە جۆرێک رەفتاریان کردووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نییە و نابێتەوە. جاران سەدام بە گاڵتە و شۆخییەوە دەیووت: کورد ناتوانن ئیدارە بدەن!. هەموو ئەو کاتە بە قین لە دڵییەوە سەیری ئەو وتەیەی گەورە دیکتاتۆرمان دەکرد و سڵمان نەدەکردەوە لە کوتینی سەر و پۆتەڵاکی، لێ بەداخەوە دوای ماوەی حەڤدە ساڵ لە ئەزموونی حکومداریی دەسەڵاتی کوردیی راستیی ئەو وتەیەی دیکتاتۆرمان بۆ دەردەکەوێت.

ئەگەر دوور نەکەوینەوە و لە تەوەری سەرەکی وتارەکەمان لا نەدەین، پێویست دەکات ئەوە ئاشکرا بکەین هەڵکەوت زاهیر بەدەر لەوەی بە پێی میزاج و لەسەر پێوەری دۆستایەتی کار لە پۆستەکەیدا دەکات، دەستێکی باڵای هەیە لە بە فیرۆبردن و گەندەڵیی لە پارەی حکومەت. لەوەتی ناوبراو لە پۆستەکەی دەستبەکار بووە گەشتیارێکی زۆر چاکی لێ دەرچووە و هەر رۆژەی لە سەفەری وڵاتێکی عەرەبییە، هێندە بە پارەی تەرخانکراوی حکومەت (بۆ بواری هونەر) گەشتی قاهیرەی کردووە، دەتوانم سوێند بە خودا بخۆم لە سەرۆکی شارەوانی ئەو شارە وردتر شارەزای کوچە و کۆڵانەکانی قاهیرەیە، ئەو ئەوەندەی بە دوای دۆسێی (سوعاد حوسنی) و هونەرمەندە عەرەبە میسرییەکانەوەیە بە چارەگی ئەوە بەدووی کەلەپوور و سامانی هونەری کوردیی و هونەرمەندانی گومناودا ببوایە ئەوە ئێستا خەمێکمان لە فەوتانی

بەشێکی زۆری ئەو سەروەتە گەورەیە نەدەما و پڕ بە دڵیش سوپاسی ناوبراومان دەکرد.

دێتەوە یادم وەختی خۆی و هێشتا رژێمی پێشووی بەعس لە عێراقدا فەرمانڕەوا بوو، (مەهدی ئەلحەکیم) لە شاری لەندەن لە وەسفی ئەو رژێمەدا وتی (رژێم تەنیا لە چەوساندنەوەی هەمووواندا دادپەروەر بوو). دوای کەمێک رامان لەم دەربڕینە و هێنانە پێش چاوی شریتی تاوانەکانی بەعس، زانیم ئەلحەکیم راست دەکات چوونکە رژێم بە یەک شێوە مامەڵە لەگەڵ نەیارەکانی دەکات چ کورد بێت چ عەرەبی شیعە یان سووننە بێت!!!. بیر دەکەمەوە هەڵکەوت زاهیر لەیەک کاردا دادپەروەر بووە: ئەویش لە یارمەتینەدانی هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون و رەسەن، تەنیا لەوەدا دادپەوەر بووە هەموو نەیارەکانی بێبەش کردووە لە هەر هاوکارییەکی حکومەت، لەوەدا ئەنەوشیروانی ناگاتێ هەر چی بە دڵی خۆی نییە نەیهێشتووە چاوی بە قڕانێکی سووری حکومەت بکەوێت.

هونەرمەندانی بە ئەزموونی وەک (کەریم کابان، خالید رەشید، حەمەی نێرگز، سەلاح مەجید، زاهیر جەلال، میدیا حسێن، هتد...) هیچ کات چاوەڕێی ئەم سۆپەرمانە نەبوون تا ببێتە حاتەمی تەی حکومەت و راوێژکاری سەرۆک وەزیران تا لە کیسەی پڕ دۆلار و ئیرۆی ئەودا ساف سافێن بکەن و گەشتی بنی دنیا بکەن، ئەوان لە شەوەزەنگی سەردەمی بەعس و لەو کاتەی پیتێک بەس بوو بۆ ئەوەی بچیتە بەر پەتی سێدارە زۆر لە خۆبردووانە کاریان دەکرد، چاکترین پاداشت بۆ ئەوێ رۆژێ تەنیا سەلامەتی گیان و بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیان بوو. پێویست ناکات بایۆگرافیای هیچ کامیان بخەمە بەرچاو، چوونکە هەڵوێستی هەر کام لەو هونەرمەندانەی ناوم هێنان لای هەمووان ئاشکرایە و وەک مانگی چواردە بەسەر سەرمانەوە دەدرەوشێتەوە، هەر کامیان دەگری و کتێبی ژیانی دەکەیتەوە جگە لە هەڵوێست، جگە لە عیززەتی نەفس، جگە لە پەرستنی خاک و خۆڵ هیچی دیکەی تێدا نییە.

(بێکیت) دەڵێت (بۆ ئەوەی ببیتە هونەرمەند، دەبێت لەسەر شکست رابێیت، لە هەر کەسێکی تر زیاتر جورئەت لەسەر شکست بکەیت). ئەو هونەرمەندانەی ناوم ریز کردوون هەموو شکستخواردوون لە مجامەلەی دەسەڵات و گرگنە خوێن تاڵەکانی هونەری زەبوونکراوی کوردیی، هەر کام لەوان شکستخواردوو بووە لە

دەستکردن بە باخەڵی پڕی وەزارەت و دامودەزگا هونەرییەکاندا، هەر کام لەوانە سەدان جار شکستخواردوو بووە لە بەدەستهێنانی پوڵ و سامان. کەچی هیچیان لە زۆرانبازیی هونەر و بەرامبەر بوونەوەی دوژمنان و داهێناندا نەگلاون و رەنگیشە بۆ ئەبەد نەگلێن. لای ئەو هونەرمەندانەی هەڵکەوت زاهیر سوێندی بە گۆڕی (سوعاد حوسنی) خواردووە بایکۆتیان بکات، هونەر دوکان نییە، هونەر پیاهەڵدان نییە، هونەر بۆ فرۆشتن نییە ئەگەر چی لایەنی بازرگانیی ناو هونەر رەت ناکەنەوە. چیخۆف لە کۆ چیرۆکی (دوژمنان)دا دەنووسێت (تەنیا نولندنەوەی راستییەکانی ژیانی مرۆڤ دەتوانرێت نێوی هونەری لێ بنرێت). لای ئەو هونەرمەندانەش هونەر بۆ مرۆڤە، هونەر بۆ ئازار و خەونەکانی مرۆڤە، نەک ئەوەی وەک هەندێک بەبێ رەچاوکردنی سترۆکتۆری هونەر و پەیامی راستەقینەی هونەر بە وێنەی شاباش پوڵی کارەکانیان کۆ دەکەنەوە، ئیتر گوێیان لەوە نییە کارەکانیان هونەرە یان حونەر یاخۆ زۆربێژیی و چەنەبازیی.

هەڵکەوت زاهیر هاتووە وەک خۆرکە و مۆرانەی جەستەی زامداری هونەری کوردیی، سواری کەلی شەیتان بووە و بڕیاری داوە سزای هونەرمەندانی یاخی، هونەرمەندانی بە ئەزموون، هونەرمەندانی نەتەوەیی، هونەرمەندانی ناحزبیی بدات و لە هەر ئیمتیاز و هاوکارییەک بێبەشیان بکات، ئەو گرێی دەروونی خۆی بەسەریاندا قلپ دەکاتەوە، هەڵکەوت دەیهەوێ بە هەژارکردن و بێ پارەکردن هونەرمەندان بێ هێز بکات، چوونکە (تیۆ جینس) وتەنی (هەژاریی بێ هێزت دەکات). راستە هەژاریی شەرمەزاریی نییە، بەڵام مرۆڤی هەژار هەمیشە لاوازە، هەمیشە هەژار بە مانای رووتی وشەکە هەژارە. هەرچی بڵێم و هەتا بنووسم هێشتا ناتوانم هەق بدەم بە ئاشکراکردنی گەندەڵییەکانی هەڵکەوت زاهیر و داکۆکیکردن لە هونەرمەندانی بایکۆتکراو و بێبەشکراو، هەرچەندە بیهێنم و بیبەم ئەم حکایەتی (هەزار و یەک شەوە)یە نە تەواو دەبێت و نە دەتوانین تا کۆتایی لەگەڵیدا برۆین. چوونکە ئەم دیوارە ئەستوورەی گەندەڵیی بەم قسە تەنک و نەرمانە ناڕوخێنرێت، ئەو گڕاوەی گەندەڵیی بەم شەماڵە لەسەرخۆیە ناکوژێتەوە، ئەم ڤایرۆسە کوشندەیەی تووشی حکومداریی بووە بە کەپسوولی ئێکسپایەر لەناو ناچێت، ئەم خەونە قووڵە بەو خەمساردییەی حکومەت نایەتەدی، هونەری کوردیی هەرگیز بە هەڵکەوت زاهیر ناڕواتە پێشەوە، بگرە هێندەی تر تێزاب ئاسا دایدەڕزێنێت.

بیرمەندێکی ئەڵمانی دەڵێت (هیتلەر پێویست بوو بۆ ئەوەی پاش ساڵی ١٩٤٥ دیموکراتی روو بکاتە ئەڵمانیا). خەریکە بڵێم: هەڵکەوت زاهیر و ئەمسالەکانی پێویستن بۆ ئەوەی دوای ئەم قۆناغە کە نازانم چەندی تر دەخایەنێت دادپەوەریی و شەفافیەت روو لەم وڵاتە بکات و گەندەڵیی ریشەکێش بکرێت و لەناوببرێت. ئەوەی پێیویستە بیکەمە دوا رستەکانی ئەم نووسینە لەوانەیە، روونکردنەوەی ئەوە بێت ئەم سکاڵانامە و وتارە زبر و شمشێر ئاسایە زادەی ناهەقی و برینداربیەکانمانە نەک شتێکی تر، چون دەسەڵاتی کوردیی بۆ ئەوەی لە بایەخی هەر نارەزایی و رەخنەیەک کەم بکاتەوە فێرە مۆری دەستی ئەملا و ئەولای لێبدات و خۆیان وتەنی (دەستێکی لە پشتەوە) دەبینن، هەمیشە نازانم بۆ دەهێڵن ئەو دەستە بێت ئارامی و سەقامگیریی و رەوشی وڵاتەکەیان لێ تێکبدات؟!. (ئەحمەد هەردی) شاعیر رۆحی رەوان بێت، پەنجا و نۆ ساڵ بەر لە هەنووکە ئەم تاوانبارکردنەی خستۆتە نێو دێرە شیعرێکەوە، وەختێک دەڵێت:

لە گەلێ ماڵا نانی جۆ نییە
هەر کەسێ شەکوای حاڵی دەربڕێ
یان شیوعی یان سەهیۆنییە

هەڵکەوت زاهیر چونکە ناتوانێت بچووکترین لاوازیی ئەز بگرێت و هیچ پۆستێکم نییە تا گەندەڵیی بکەم و بۆ خوێنەرانی بخاتە روو، یان ئەوەتا تاوانبارم دەکات بەدەستی ئەم و ئەو یاخۆ رێگەی دادگا دەگرێتە بەر، بەڵام دڵنیام ئەو کارەی ناتوانێ بیکات ئەوەیە: وەڵامم بداتەوە یان نکۆڵی لەو گەندەڵیی و ناهەقیانەی کردوویەتی بکات، ئەگەر وا نەبوو، دیارە من بە هەڵەدا چووم.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣١)ی رۆژنامەی (راستی) لە رۆژی ٢٠٠٨\١٢\٢٨ بڵاوبووەتەوە.

# زەکەریا.. بێتامترین گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵات

**ئەوانەی کاری بەد جوان دەکەن باشترن لەوانەی کاری جوان بەد دەکەن**

پەندی فەڕەنسی

وەک خوێنەرێکی بەردەوام و ڕۆژانەی نوسین و بابەتی ماڵپەڕە کوردییەکان، بە وردیی و دیقەتەوە بە دووی ئەو بابەتانەدا دەگەڕێم دەتوانن تینوێتیم بشکێنن و گەردیلەیەکیش زانیاریی بێت بخەنە سەر خەرمانی زانیارییەکانم، لەو گەڕانەمدا زۆرجار نووسین هەبووە بە تەواوی سەرنجی ڕاکێشاوم، نووسینی واش هەبووە گەر چاویشم چووبێتە سەری لەبەر گرنگ نەبوونی تێماکەی پەلکێشی نەکردووم بە لای خۆیدا. ئەو دوو هەفتەیەی ڕابردوو هەندێک وردە نووسین و سەرە قەڵەم لە بارەی کەسایەتی و ئاستی هونەریی زەکەریای گۆرانیبێژ بڵاو کرانەوە، بە هیچ جۆرێک ئەو بابەتەم بەلاوە جێی گرنگی نەبووە، چوونکە بڕیاری بڕاوەی خۆم لە بەرامبەر ئەم گۆرانیبێژە قەلەندەرە هەبووە. بەڵام بۆ ئەوەی تێبگەم خەڵکانی تر دیتن و بۆچوونیان لەسەر ئەو گۆرانیبێژە چییە کەوتمە خوێندنەوە و شەنوکەوکردنی هەموو ئەو نووسینانەی لەسەری نووسرابوون، ئەمەش وای لێکردم بەشداریی بکەم لەو گفتوگۆیەدا ئەگەر نەڵێم لەو شەڕە وتارەدا.

بەر لە هەموو شت دەمەوێ ئەوە ڕابگەیەنم کارم بە کەسێتی زەکەریا نییە و نامەوێ دەخالەت لە ژیانی شەخسیی ئەودا بکەم، چوونکە ئەوە کاری نووسەر نییە بەڵکو ئەوە ئەرکی دادوەر و دادگا و پۆلیسە. لە (ڕۆلان بارت)ەوە فێر بووم کەسی نووسەر یان هونەرمەند لە بەرهەمەکەی جیا بکەمەوە و هەر یەکێکیان وەک دوو وجودی سەربەخۆ و جیاواز سەیر بکەم و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەم. هەر ئەم هۆکارەشە وام لێدەکات هیچ حەقم بەسەر پارەوپول و شێوە ژیانی زەکەریاوە نەبێت، چوونکە نە لە لیژنەی نەهێشتنی گەندەڵیی کار دەکەم، نە ڕیپۆرتێری ڕۆژنامەیەکی ئیکۆنۆمیم. ئەوەی زیاتر بەرەو ئەم نووسینەم ڕادەکێشێت بەرهەمەکانی زەکەریایە،

ئاخۆ لە چ ئاست و پلەیەکدان؟ کۆی رەخنەکانم لە دەوری ئەم میحوەرە گرد دەبنەوە و لە دواتریشدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە: ئاخۆ راستە زەکەریا یەکێکە لە ناودارترین گۆرانیبێژانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان نا؟. ئەوەندەشی من گوێبیستی گۆرانییەکانی زەکەریا بووم دابەشبوون بەسەر دوو ئاڕاستەدا:

ئاڕاستەی یەکەم: گۆرانی ئاسایی بە شێوازی زۆر ئاسایی چڕدراون، تیایدا مۆرکی کوردیی ون نەبووە. هەموو بێگانەیەک دەتوانێت بە ئاسانیی ئەو گۆرانییانە وەک گۆرانی کوردیی بناسێتەوە. بەڵام هیچ تازەگەریی و خستنەسەر و ئیزافەیەکی تیانییە بە بەراوورد لەگەڵ بەرهەمی نەوەکانی پێشوو. دەکرێ گۆرانییەکی سوونەتی و تەقلیدیی بن وەلێ مەرج نییە گۆرانی تەقلیدیی گۆرانییەکی ناخۆش بێت. ژمارەی ئەم چەشنە گۆرانییانە بە بەراوورد لەگەڵ ئاراستەی دووەمی زۆر کەمن و دەتوانم بڵێم چوار پێنج گۆرانین.

ئاڕاستەی دووەم: ئەو گۆرانییانەن بە ئاواز و ستایلێکی تورکیی وتراون، ئەم گۆرانییانە بەشی شێری گۆرانییەکانی گۆرانیبێژی نێوبراویان داگیر کردووە، ئەم گۆرانییانە ژمارەیەک گۆرانی بێتام و ناشازن و دژ و پێچەوانەی زەوقی وەرگری کوردین. رەنگبێ هیچ کەس لاریی لەوە نەبێت سوود لە کولتووری پێشکەوتووی گەلانی تر وەربگرین، بەڵام بەو جۆرە نا ستایل و هونەری خۆتی تێدا ون بکەیت، بەڵکو دەشێت بەشێوەیەک بێت تەکان بدات بە هونەری کوردیی رووەو نوێگەریی و تازەکردنەوە. هەروەک چۆن لە ئەدەبدا دیاردەیەک هەیە بە نێوی (دەقئاوێزان) دەشێت ئەم حاڵەتە لە هونەریشدا روو بدات، رەنگە لە ژێر کاریگەریی و بە ئیحای دەق یان بەرهەمێکی بیانیی بتوانیت بەرهەمێکی نوێی کوردیی بهێنیتە ئارا، ئەمە کارێکی جایز و فرە خاسە، بەڵام وەرگرتن و دزیکردن لە کولتووری بێگانە جێگەیەک ناگرێت. زۆر بەداخیشەوە شێواندنی هونەری کوردیی و پرۆسەی بە تورککردنی هونەری مۆسیقا و گۆرانی کوردیی بە نوێگەرێتی و هاوچەرخێتی تەماشا دەکرێ و خەڵکانێک تازە بە تازە قەڵەمیان بەدەستەوە گرتووە و گاگۆڵکە دەکەن لە نووسیندا چانسی خۆیان لە نووسیندا لە هەڵدان بە شان و باڵی ئەم جۆرە گۆرانیبێژانەدا تاقی دەکەنەوە.

نازک ئەلمەلائیکە دەبێژێ (هاوچەرخێتی بریتییە لە توانای هونەرمەند لە هەنگاونان و تێپەڕیندا)!. ئاخر هاوچەرخێتی و تازەگەریی بریتییە لە هەنگاو و

کاری نوێ و جیددییتر لە نەوەی پێشوو. پێشکەشکردنی ستایل و فۆرمی نوێیە بەو مەرجەی ناوەڕۆک و مۆرکی مۆسیقای ڕەسەنی کوردیی تیا ون نەبێت، نەک تازەگەریی بریتی بێت لە وەرگرتن لە کولتووری ئەوانیتر ئەگەر وابوایە داهێنان و هەنگاوی نوێ ئاسانترین کار دەبوو نەک گرانترین پرۆسە. حەساسییەتی ئێمە لە بەرامبەر هونەری تورکی ئەوە نییە ئێمە فاناتیست و ڕەگەزپەرستین، بەڵکو لەوێوەیە هونەری تورکی تەنیا هونەری تورکییە وەلیّ دەشێ منیش چێژی لێ وەربگرم، بەڵام ئەوە ڕێگەم پێنادات هونەری نەتەوەیی خۆم بکەمە کۆپییەکی ئەو هونەرە. لە ڕەهەندێکی تریشەوە ئاکامێکی ترسناکیشی هەیە، بە تایبەتی داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی مێژوو ویستوویانە فەرهەنگی کورد بسڕنەوە و کەلەپووری گۆرانی و مۆسیقاکەی تالان بکەن و فەرهەنگی پاشکەوتووی خۆیان بەسەر مرۆڤی کورددا بسەپێنن. ناکرێت ئەمرۆ هونەرمەندی کورد خۆی فاکتۆری یارمەتیدەری ئەم پرۆسەیە بێت، ئاخر تورکیا لە هەر شوێنێ قەڵا ببینێت دەڵێ ئەو وڵاتی منە، ئەی ئەگەر ئێمە هەموو زەوقمان ببێتە زەوقێکی تورکیی و گۆرانی و مۆسیقامان ببێتە قارداش قارداش، داخۆ تورکیا بڵێ چی؟.

دەکرا زەکەریا وەک کوردێک هەڵوێستی وەرگرتبا و هونەری کوردیی بەلاوە گرنگتر بووایە لە خودی خۆی، یان دەکرا بۆ ئەوەی هاوکاریی تورکیا وەرنەگرێت و ئاوازەکانی نەبێتە تورکی بە شێوەیەکی پووختەتر و جۆریی کاری بکردایە. ئەو مافی خۆیەتی لە تورکیا بژی یان لەوێ پرۆژەی ئابووری هەبێت، بەڵام مافی خۆی نییە لە تەک ئەمەدا هونەری کوردیی بە تورکی بکات. ئەبوئەلڕیحا بارۆنی دەڵێت (ئەوەم لا خۆشترە بە عەرەبی جنێوم پێبدەن نەک بە فارسی پێمدا هەڵبڵێن). داوامان لە زەکەریا نەکردووە هەڵوێستێکی شۆڤێنییانەی لەم جۆرە وەربگرێت، بەڵام دەشیا دوو هونەر یەکێکیان بە ناوی تورکی و ئەویتریان بە ناوی هونەری کوردیی ببینێت، لە جیاوازیی و تایبەتمەندییان تێبگات. هەزار جار گوێم لەم نەوە گۆرانیبێژە بووە دەڵێن: ئێمە دەتوانین سوود لە کەلەپووری دەوڵەمەندی ئەوان وەربگرین، من ناڵێم سوود وەرگرتن کارێکی خراپە، بەڵام پرسیار دەکەم ئاخۆ کام کەلەپوور و فۆلکلۆر دەوڵەمەندترە تورکی یان کوردیی؟ ئەگەر بەو برالانە کەمێک خۆیان ماندوو کردبا و چەند کتێبێکی ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەکانیان لە بارەی کوردستانەوە بخوێندبایەتەوە دەیانزانی کورد خاوەنی سامانێکی لەبن نەهاتووی بەیت و هۆنراوە و گۆرانی و

موزیک و حکایەت و داستانە، ئەگەر ئەمانە هەوێنی داهێنان نەبن دەکرێت بپرسین چی شتێک داهێنان دروست دەکات؟!.

زەکەریا و موشتەقەکانی پێیانوایە فۆلکلۆر و کەلەپووری رەسەنی کوردیی گیانێکی مردووە و ناتوانێت کەڵکی لێ وەربگیرێت، بەبێ ئەوەی بزانن ئەو سەروەتانە ماددەیەکی خاون ئەگەر عەقلانیيانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت دەگەنە ئاستی هونەریی ناوچەیی و جیهانی. جیزیل برۆلی دەڵێت (مەرج نییە هەر شتێک سەر بە رابردوو بێت بە پێداویست مردووە). ئەگەر وابوایە دەبوو شیعرەکانی خەیام و کتێبەکانی ئیبن سینا و فەلسەفەی ئەفلاتۆن و بۆچوونەکانی هیراکلیتس و شیعرە قووڵەکانی گیتس و رامبۆ و بۆدلێر و مالارمێ لە یاد بکرانایە و کتێبەکانیان لە ئەرشیفخانەکاندا لە ژێر تۆزدا برزانایە، لە کاتێکدا سالانە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و وەشاندن لە سێنتەری خۆرئاوادا ئەم کتێبانە بە تیراژێکی سەرسوڕهێنەر چاپ دەکەنەوە و قازانجێکی خەیاڵی لێ بەدەست دەهێنن. زەکەریا لەبەرئەوەی بێ زانیاریی و بێ باکگراوندە لە گۆرانیدا و بە ڕێگەی ڕێکەوت لووتی تەقیوە بە گۆرانیدا، بۆیە نازانێت چۆن سوود لە کەلەپووری کوردیی وەربگرێت، لەلایشی سەیرە کەسێک هەبێت لەو بڕوایەدا بێت کەلەپوور و سامانی نەتەوەیی کورد بایی ئەوەیە مرۆڤ داهێنانی تیا بکات. زەکەریا پیشەکەی خۆی باش فێر نەبووە و بڕواش ناکەم تاوەکو قیامەت فێر بێت، بۆیە ناتوانێت کاری پڕ توانا و نوێ و تێپەڕانە ئەنجام بدات. سۆلیۆت بڕوای وایە (کاتێک هونەرمەند پیشەکەی خۆی باش فێر دەبێت، کاری بە توانا ئەنجام دەدات).

لەوانەیە زەکەریا بازرگانێکی سەرکەوتوو بێت وەک لەوەی هونەرمەندێکی بە ئاست بێت!!، چوونکە لە رووی پیشەییەوە لە بزنسەوە نزیکە تاکو هونەر. لەوەتەی زەکەریا کراوەتە ئەفسانە و موعجیزەی هونەری کوردیی، من زۆر گەڕاوم بەدووی مەوهیبە و کارە نائاساییەکانی زەکەریادا و هیچم تیا بەدی نەکردووە و وا هەستیش ناکەم لە دواڕۆژیشدا ببێتە ئەو هونەرمەند و ئەفسانەیەی ئێستا لێی دەڕوانرێت. سلڤادۆر دالی وتوویەتی (ئەگەر رۆژێک رۆڵی بلیمەتێکت گێڕا لە دواڕۆژدا دەبیتە بلیمەت). زەکەریا تەنانەت نەیتوانیووە رۆڵی بلیمەتێکیش بگێڕێ تا چاوەڕێی ئەوەی لێبکەین سبەینێ دەبێتە سۆپەرمانی هونەری کوردیی و داهێنانەکانی هەڵدەکشێن بۆ ئاسمان. راستییەکەشی ئەوەیە گەورەکردنی زەکەریا دەستێکی سیاسیی لە پشتەوە بووە و میدیا زورناژەنەکانی دەسەڵاتیش وەک میزەڵان فوویان پێ داکردووە و

کردوویانەتە شاخ، بەڵام زوو بێت یان درەنگ ئەم فوودانە هەر بە دەستی دەسەڵاتی سیاسیی و بە دەرزییەکی نوک تیژ بەتاڵ و فش دەکرێتەوە و زەکەریا و ناوی وەک شەماڵ تێدەپەڕن و بە یەکجاریی خواحافیزیی لە مەیدانی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردیی دەکەن.

خاڵێکی تر دەمەوێ بیورووژێنم ئەوەیە: من زەکەریا بە هونەرمەندی کورد نازانم، دەکرێ بڵێین زەکەریا لە بنەچەدا کوردە، بەڵام گۆرانیبێژی تورکانە، سەلاحەدین کوردە و سەرکردەی عەرەبە. کاتی خۆیەتی کەناڵەکانی راگەیاندن ئەو هەڵەیە راست بکەنەوە لە ناوهێنانی زەکەریا بە گۆرانیبێژی کورد، پێویستە وا سەیری بکرێت کوردێکە توانایەکی باشی هەیە لە چڕینی شێوە گۆرانی تورکیدا، ئاخر خۆ گۆرانی تەنیا بە تێکست نابێتە گۆرانی کوردیی، غەیر دەبێت رەگەز و کۆڵەکەکانی تری گۆرانی کوردیی ئامادەییان هەبێت. ئەو هیچ پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ وڵات و رەگی خۆی و ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی نییە بەڵکو بزنسی پێوە دەکات بە وێنەی پیاوە سیاسییەکان هەر ئەمەش خاڵی هاوبەشی زەکەریایە لەگەڵ سیاسییەکان. ئیلیا ئیهرەنبۆرگ بە پاپلۆ نیرۆدای وت: تۆ وشەی رەگ لە شیعرەکانتدا زۆر دووبارە دەکەیتەوە، ئەم رەگوریشە زۆرە لە بەرچی لە شیعرەکانتدا هەن؟ نیرۆدا لە وەڵامدا وتی (من ناتوانم بژیم ئەگەر لە خاکەکەی خۆمدا نەبێت، من ناتوانم بژیم بێ ئەوەی قاچ و دەست و گوێم لەسەرخاکی نیشتمانەکەم دابنێم، من ناتوانم هەناسە بدەم بێ ئەوەی هەست بە سوڕانەوەی ئاو و سێبەر بکەم، من ناتوانم نەشونما بکەم بێ ئەوەی هەست بە رەگەکانم بکەم کە لەناو قوڕی رەشدا لە خودی دایک لە کرۆکی بنەچەدا دەگەڕێن).

ئەمەیە پەیوەندیی ئۆرگانیکی و دانەبڕاوی تاکی داهێنەر و خوڵقێنەری هونەرە لەگەڵ وڵاتەکەی نەک ئەوەی لەژێر ئاڵای تۆرانییەکان و لە پاڵ وێنەی ئەتاتورکدا لافی کوردبوون و خزمەتی هونەری کوردیی لێ بدەیت و بیکەیتە کاڵایەکی بازرگانیی و پارووییەکی چەور. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە زەکەریا لە تاراوگە یان لە تورکیا دەژی، بە قەدەر ئەوەی مەبەستمان لە دابڕاویی ئەم قەڵەندەرەیە لە وڵات و رەگی رەسەنی خۆی کە کوردستانە، ئەگەر نا جەمال نەبەز و پەشێوی بلیمەت و چەندانی تر لە تاراوگەوە پتەوترین پەیوەندییان بە وڵاتەکەیانەوە هەیە و تەنانەت بزوێنەر و جۆشدەری هەستی نەتەوەیی خەڵکانێکی زۆریشن لە ناوەوە و دەرەوەی

وڵاتدا. لەو باوەڕەدام ئەو هونەرمەندەی لە بەرەی گەلەکەی و لە ریزی خەباتی ڕزگاریخوازانەیدا نەبێت هەرچییەک بێت هونەرمەند نییە، خۆ هونەرمەند کائینێکی ئەبستراکت و دابڕاو نییە لە دنیای دەوروبەری. هەرچەندە داوامان لە زەکەریا ئەوە نییە پێشمەرگە یان فەرماندەی سەربازیی بێت، چوونکە سەنگەری وی وشە و ئاواز و ئەدای رەسەنی کوردییە. ئێمە داوامان نەکردووە زەکەریا ببێتە نیکراسۆڤ چوونکە ناتوانێ بگاتە دامێنی ئەو، نەشمانوتووە وەک ئەو بڵێ (خەبات ناهێڵێت ببمە شاعیر، گۆرانییەکانم ناهێڵن ببمە خەباتگێڕ). تاکو ئێمەش وەک (هەمزاتوڤ) لە وەسفیدا بڵێین (پێموایە ئەگەر شاعیر نەبوایە نەدەبوو ئەو خەباتگێڕەی ئێمە دەیناسین، ئەگەر تەنیا خەباتگێڕیش بووایە نەدەبووە ئەو گۆرانیبێژە ناسراوە).

لەوە زیاتریش زەکەریا خۆی کرۆدتە مقاشی دەستی بێگانەیەکی رەگەزپەرست کە شەوانە سەدجار خەونی گولیی بە کوردەوە دەبینێت. زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە جوهێل و داریوش و ڤیکتۆر خارا و عەبدولوەهاب و مارسێل خەلیفە و مایکڵ جاکسۆن پێیان دەوترێ گۆرانیبێژ و بە زەکەریا و ئەمسالەکانیشی هەر دەوترێت گۆرانیبێژ. وا بیر دەکەمەوە جیاوازیی چەندە لە نێوان ئەدیسۆن و کارەباچییەکدا، زەکەریا و ئەو گۆرانیبێژانەی پێیان بەراوورد دەکرێت ئەوەندە جیاوازن. ئاخر کاتێک گوێت لە گۆرانییەکی مارسێل خەلیفە دەبێت دەزانی دەیەوێ بڵێ چی، هەروەک چۆن دەنگی جوهێل هاواری سەرجەم کرێکارانی جیهان بوو، لەولاشەوە داریوش دەتباتەوە بۆ ناوەوەی خۆت و یەکێکی تر لێوانلێوت دەکات لەعیشق. لە ئاست زۆر گۆرانیبێژدا هەست دەکەم قورساییەکی سەیر کەوتۆتە سەرشانم، هەندێ گۆرانیبێژ کۆی ئەندامانی جەستەم ناچار بە گوێ شلکردن دەکات تاکو ئەوەی گۆرانیبێژ هەبووە وای لێکردووم وەک (ئارنۆڵد هاوزەر) بڵێم (گوێیەکان دەبینن و چاوەکان دەبیستن). بەڵام زەکەریا و هاوشێوەکانی نەک ناتوانن سەرنجم بە لای خۆیاندا رابکێشن بەڵکو ماندوو و بێزار و وەڕسم دەکەن. ئیتر زەکەریا دەبێت لەوە تێبگات بە ئەندازەی چەپڵە بۆ لێدانی خەڵکانی تر هەن پرسیار و گوومانیان لەسەری هەیە، بە قەد سەما و هەڵپەڕکێی گوێگرەکانی کەسانی تر هەن تەواو ناڕەحەتن لە شێواندنی گۆرانی کوردیی، بۆیە پێویستە واز لە غرور و لوتبەرزیی بهێنێت و هەوڵ بۆ ئاسمان نەدات بەڵکو خاکەڕا و ئاسایی ملی رێگە بگرێتەبەر و هەروەک (تاگوور)ی شاعیر بڵێ:

## من بە خەونە پووچەکانم هەوڵ بۆ ئاسمان نادەم
## بەڵکو بۆ ماڵێکی سادە لەسەر زەوی فراوانی خودا

ئەو گەورەکردن و پیاهەڵدانەی دەسەڵاتیش هەتا سەر نابێت و سبەینێ هەر خودی دەسەڵات بچووک بچووکی دەکاتەوە بە جۆرێک وا بزانێت جادووی لێکراوە. بیرناردشۆ لە وتەیەکیدا دەڵێت (ئەگەر بچیتە بەهەشتەوە بە بێ ئەوەی شایەنی بیت، هەرگیز چێژ لەو بەهەشتە وەرناگریت)!. زەکەریا پێویستە لەلای روون بێت ئەگەر بکرێتە مایکڵ جاکسۆن و داریوشی کوردیش لەبەرئەوەی شایەنی ئەو پلەیە نییە هەرگیز نازانێ مامەڵەی لەگەڵدا بکات و چێژی لێ وەربگرێت، چوونکە ئەوە هونەر نییە زەکەریای کردووە بەو کەسە بە ناوبانگ و سەرمایەدارەی هەموومان لە بارەیەوە زۆر شت دەزانین، بەڵکو ئەوە سەفەقەی ژێر بە ژێر و دەست تێکەڵاوکردنی ژێرزەمینێتی لەگەڵ پیاوە سیاسییە جەلادەکانی کورد. بۆیە لای من زەکەریا نە دەوڵەمەندترین و نە ناسراوترین هونەرمەندی رۆژهەڵاتە بەڵکو بێتامترین گۆرانیبێژی ئەم دەڤەرە کاولەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

ئەوەی لە کۆتاییدا دەمەوێ بیدرکێنم ئەوەیە: من بە تەواوەتی رەشبینم لە بەرامبەر ئایندەی هونەری کوردیی و وای دەبینم بەرەو هەڵدێر و تونێلێکی رەش و تاریک دەڕوات، ئەو هونەرمەندانەشی دەیانەوێ هونەری کوردیی بە رەسەنایەتی خۆیەوە وەرچەرخێنن نەک هەر کەمن بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا گۆشەگیر و پەڕاوێز خراون، ناتوانن ببنە سۆپەرمان تا هونەری کوردیی لە غەرغەرەی مەرگ دەرباز بکەن. رۆشنبیری نێوداری فارس (داریوش شایگان) دەڵێت (دیارە هێشتا لێرە و لەوێ پاشماوەی هونەری دێرینەمان ماونەتەوە، بەڵام گەنجینەکانی هونەری دێرینەمان ئەوەتان لە حاڵەتی توانەوەدا و هونەرمەندەکانیشمان دەیانەوێ بە نۆرەی خۆیان رۆڵی پرۆمیسیۆس بنوێن و دێوی دوو دڵی دەستەمۆ بکەن). بە هەمان شێوە هونەری رەسەنی کوردیی وا لە حاڵی توانەوە و لە نێوچووندا، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بەو حاڵەوە هونەرمەندە رەسەنەکان دەتوانن رۆڵی پرۆمیسۆس ببینن و کەلەپووری موزیک و گۆرانی لە فەوتاندن رزگار بکەن؟.

*ئەم وتارە لە رۆژی ١٥-٧-٢٠٠٧ لە سایتی «کوردستان نێت» بڵاوبووەتەوە، بەڵام پاشتر پوختەی ئەم وتارە لە رۆژنامەی (گەرمیانی ئەمڕۆ) لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٢٠ بڵاو کرابووەوە بە بێ ئاگادارکردنەوەی نووسەر.

# هەناسەیەک بۆ ماڵئاوایی هونەرمەند ئازاد خانەقینی

بنوو ئەی مرۆڤی مەزن.. بنوو ئەی پێشمەرگە رووناکەکەی شەوە زەنگەکانی نەتەوە.. بنوو ئەی چریکە و سۆزی ئەڵوەن.. بنوو ئەی هونەرمەند.. بنوو.. ئەم دنیایە زۆر لەوە بچووکترە بتوانێت خەمە گەورە و ئومێدە بەرزەکانی تۆ لە ئامێز بگرێت، ئەم ژیانە زۆر لەوە پووچترە خەونەکانی تۆی تێدا وردوخاش بکرێت. ئەو ژیانەی تۆ دەتویست بە مرەکەبی خۆشەویستی نەخشی بکەیت دەمێکە تام و بۆی خۆی لە دەستداوە و بووەتە زیندانێکی تاریک. ئەو دایکە شەهیدەی تۆ لە نیازتدا بوو ئاسوودەی بکەیت زۆر لە مێژە لۆتییەکانی سیاسەت دڵیان شەقار کردووە و مەلی ئاواتیان هەڵفڕاندووە. ئەو خەونەی بە پاشەڕۆژی هونەری کوردییەوە دەتبینی، دەمێکە هەرەسی هێناوە و قاچاخچیانی هونەر لە دەمێک ساڵەوە لە مەزادخانەی حزبدا فرۆشتوویانە. ئەو هیوایەی تۆ لە پێناویدا تێکۆشایت و سەر لەبەری ژینی خۆت پێبەخشی، ئێستا ئاخنراوە بە رەشبینی و تۆوی بەدگومانی. هیچ شتێک، هیچ بەهایەک نەماوە لە پێناویدا بژیت، رەنگە مەرگ چاکترین فریادڕەسی رۆحمان بێت بۆ رزگاربوون لەم ئازارە بێ کۆتاییانە. لەوانەیە مەرگ هاوەڵێکی دەم و لێو شیرین بێت و دیارییەکەی ناوازەمان پێشکەش بکات کە ئێستا نازانین چییە!؟.

ئەی هونەرمەند.. ماڵئاواییکردن و فڕینی پەپوولەی تەمەنت کۆستێکی گەورە و ژانێکی بە سوێیە، هەرچەند ئێمە ناتوانین بزانین کاممان مردوو و کامیشمان زیندووین، لە نێوان ژیان و مردندا چاو تروکاندنێک هەیە، ئاخۆ ئێمە لە کوێیدا لەنگەرمان گرتووە؟!. ماڵئاواییکردنت پێش ئەوەی (سەرە سۆدەیەکی رێزلێنان لەسەر

سینگت بدەن) ئازاری ویژدان و رۆحمان دەدات و سۆزمان بریندار دەکات، وەلێ ئەمە نیشانەی دۆڕاویی و شپرزەیی و بێوەفایی ئێمە دەگەیەنێت.

ببوورە ئەی هونەرمەند.. لێمان ببوورە قەدرمان نەگرتیت.. لێمان ببوورە فەرامۆشمان کردیت.. لێمان ببوورە لە بێ ئاگایی و گومڕایمان بەرامبەر بە دنیا بێگەردەکەی تۆ. کە چوویتە ئاسمان.. بە گۆرانی کەلکی قەندیل و من چیام و مریەم مریەمێ فریشتەکانی خودا بە خەبەر بێنەوە و بوخچەی دڵت بکەرەوە هەرچی ئاه و ئێش و کەسەری خەفەکراویەتی بە ئاوەڵەیی بۆ خودا و ئاسمان و فریشتە بەرگ سپییەکان بگێڕەوە، سەرنجیان بۆ لای خۆت راکێشە و لە فرمێسکی ئەواندا نغرۆ ببە، ئیتر هەرگیز جارێکی تر مەگەڕێرەوە بۆ ئەم دۆزەخی نیشتمانە.

ئەی هونەرمەند.. ماڵئاوا.. سەفەرەکەت گەڕانەوەی تیا نییە، وا نەزانی تۆ لێمان ونیت.. نا نا هاوڕێ.. پۆرترێتی تۆ لە بۆنی هەر گوڵێکدا، لە هەر باخچە و رەزێکدا، لە کەناری هەر رووبارێکدا، لە نزیکی هەر شاخێکدا، لە تەنیشتی هەر کانییەکی روون و لە قەراغی هەر گوندێکی چۆڵدا و لە پەنای هەر درەختێکی سەوز و ژوانی دوو عاشقدا دەبینین.. دڵنیابە.. دڵنیا ئەی هونەرمەند.. تۆ پەیکەری خۆت لە خەیاڵ و ئەندێشەماندا داکوتاوە هیچ مەمنوونی سەرە سۆدەی دەسەڵات مەبە، چون تۆ خۆت میدالیای سەرسینگی نەتەوەیت.

ماڵئاوا ئەی هونەرمەند.. ماڵئاوا ئەی پێشمەرگە.

*ئەم یەخشانە وتارە لە ژمارە (٢٧)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە رۆژی ٢٠٠٦\٥\١٧ بڵاوبووەتەوە.

# سۆزێک بۆ حەسەن هەیاس.. چریکەیەک لە گەرمەسێرەوە

گەرووی وەک شمشاڵێکی غەمبار وایە و سۆزێکی گەورەی جادوویی لێدێتە دەرەوە، دەنگی ئەم هونەرمەندە وەک هاواری سووتاوی دایکە گەرمیانییەکی پاش ئەنفال وایە. دەنگی لە گریانی سازەکەی دەستی شڤان پەروەر دەچێت، دەنگی لە لاواندنەوەی دایکێکی جەرگسووتاو دەچێت. ئەو دەنگە لە ئاسمانەوە بۆ لاواندنەوەی غەم و ئازارەکانی ژیان هاتۆتە خوارەوە. حەسەن هەیاس دەنگێکە لە ناو ژاوەژاوی سەرگەردانیی گۆرانی کوردییدا، هێشتا بە سۆزێکی گەرمیانیانە، بە هێواشی و بە سۆزی خۆی ئیستت پێدەگرێت و بۆ لای خۆی راتدەکێشێت.

ئەو دەنگە، ئەو هەناسەیە، لە کانگای خەمێکی گەورەوە هەڵدەقووڵێت، ئەو سۆز دەکات وەک «تار و نەی»، ئەو نایەوێت شانمان هەڵتەکێنێت، بەڵکو دەمانباتەوە بۆ ناو خودی خۆمان و تەزوویەکی ئێجگار سارد بە سەرتاپای لەشماندا دەهێنێت، ئەو دەنگە وامان لێدەکات، دەستبەرداری هەموو شتێکی دەرەوە ببین و تەنیا و تەنیا سەرقاڵی ناوەوەی خۆمان بین. ئەو سۆزەی لە دەنگی ئەم هونەرمەندەدا هەیە، مەگەر لە ناو گەرووی نەی سۆفییەکاندا خۆی مەڵاس دابێت، ئاخر ئەوەی لە گۆرانییەکانی حەسەن هەیاسدا هەیە تەنیا سۆز و هاواری «نەی»یەکی غەمبارەوە و کە شیوەنی فیراق و ژانەکانی نێو ژیان دەکات.

ئەم گەرووە گەرمیانییە، هێندە شیرینە وەک ئاوی ئەڵوەن، هێندە غەمبارەوە وەک بوکێکی رەشپۆشی بێچارە، هێندە پڕ لە سۆزە هیچ مۆسیقایەک دەرەقەتی نایەت، ئەم دەنگە ئەڵوەنییە هێندە بڵند و پڕ لە سۆزە، هیچ سمفۆنیایەک نییە شان

بدات لە شانی، هیچ ئاوازێک نییە بگاتە قوولەپێی، ئەو دەنگە مەگەر هەر خۆی بزانێت چ سیحرێکە، مەگەر هەر خودا بزانێت چەندە تیژە، ئاخر ئەو دەنگە لە شمشێر تیژترە و هەموو ئازارەکانت دەبڕێت، ئەو دەنگە کە هەمیشە سوێند بە « قەڵای شیروانە» دەخوات، تەنیا لە شیعرێکی ئاڵۆز و خەماویی «وەلی دێوانە» دەچێت، ئەو دەنگە تەنیا و تەنیا دەنگێکە بۆ لاواندنەوەی خەمەکانی ئێمە، دەنگێکە نێردراوە تاکو لە ساتە زۆر سەخت و بێ ئومێدییەکاندا بە هانامانەوە بێت، دەستمان بگرێت بۆ ناو خۆی و لە تەک ئەو سۆزە قووڵەدا، هەموو شتێک لە بیر بکەین و بە سۆز و کاریگەریی ئەو گەرووە بەرەو دنیایەکی تر جیا لەم دنیایەی خۆمان ملی کاروان بگرینە بەر.

حەسەن هەیاس، هونەرمەندێکە، ئەگەرچی کەم دەرکەوتووە و ئەگەرچی دێوی شاشەی تیڤییەکان نییە، بەڵام هونەرمەندێکی گەورەی هونەریی گۆرانی کوردییە، ئەو بە هەق هونەرمەندە نەک دەمبێژ، ئەو دەزانێت گۆرانی چی ئەرکێکی لەسەرشانە، بۆیە ناتوانێت بەسەر هیچ گۆرانییەکیدا باز هەڵبدەیت، ئەوەی ئەو وتوویەتی هەمیشە شایانی گوێ لێگرتنە و دڵنیاشم، ئەم دەنگە وەک سمفۆنیایەکی زیندوو هەمیشە لە یادەوەرییدا دەمێنێتەوە. ئەو سۆزە پێماندەڵێت مردن دەرەقەتی نایەت، بۆیە ئەو دەنگە هەر بە نەمریی دەمێنێتەوە.

حەسەن هەیاس هونەرمەندێکە هێندەی ئاوی ئەڵوەن روون و بێگەرد، هێندەی تاڤگەیەکی ئەم کوردستانەش، دەنگی سازگار و پڕ جۆش و خرۆشە، ئەو دەنگە هێزێکی تایبەتی کێشکردنی هەیە و کەم کەس هەیە لەگەڵ بیستنیدا، بە لای خۆیدا کێشی نەکردبێت. ئەمە ئەو دەنگەیە ئاوێنەی دەروونی زۆربەمانە و دەسووتێت بۆ ئەوەی ناخی ئێمە روون بکاتەوە. ئای لەو دەنگەی حەسەن هەیاس کە وەک نەی شیوەن و زاری دەکات، ئای لەو مۆسیقایەی لەو گەرووە خەمگینەوە دێتە دەرەوە. ئای لەو دەنگە جادووییەی هەمیشە وەک خەنجەرێک وایە و لەسەر دڵت دەچەقێنرێت، چوونکە ئەو دەنگە سۆزێکی گەورەی تیایە و لە دڵەوە هەڵدەقووڵێت و بە زوویش دەگاتە دڵەکان. ئای حەسەن هەیاس، چ جادووگەرێکی گەورەی لە گۆرانی کوردییدا.

*ئەم وتارە لە رۆژی ٢٠١١\٧\١٦ لە ماڵپەڕە کوردییەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوبۆتەوە.




# بەشی حەوتەم
# مۆنۆلۆگ

# گفتوگۆی نێوان لیزا و ستیڤان

## -١-

لیزا: بەرنامەی هەفتەی داهاتووت چییە؟.

ستیڤان: پلان بۆ سەفەر دادەنێم.

لیزا: سەفەرەکەت دوور و درێژ دەبێت یان بە پێچەوانەوە؟ چاوەڕوانت بکەم یان نا؟.

ستیڤان: زۆر دوور و درێژە، سەفەرێکی زۆر ماندووکارە و ڕەنگە هیچ کات لەو سەفەرە نەیەمەوە.

لیزا: کەواتە بۆ جێگە و جوگرافیایەکی دوورە دەست سەفەر دەکەیت وانییە؟.

ستیڤان: بەڵێ بۆ جێگەیەکی دووری نزیک و نزیکی دوور!!.

لیزا: تێدەگەم کە شوێنێکە هەست دەکەیت لێی دووریت بەڵام نزیکە، لە سەفەردا منیش هەمان هەستم هەیە.

ستیڤان: ڕێک بەو جۆرەیە، سەفەر دەکەم بەرەو خۆم!.

لیزا: بۆچی مەگەر تا ئێستا سەفەرت نەکردووە بەرەو خۆت؟!.

ستیڤان: بۆ نا، گەشتی زۆرم کردووە بەرەو خۆم، بەرەو جێگا نەبینراوەکانی ناو ئەندێشەم، بەرەو تاقگەکانی فرمێسک، بەرەو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی سۆز، بەڵام هێشتا دەبێ زۆرتر بڕۆم و کیشوەری تازەتر لە خۆمدا بدۆزمەوە.

لیزا: منیش هەمان دەردم هەیە، بۆ نموونە کاتێک سەفەر دەکەم بەرەو جێگەیەکی دڵڕفێن، دەخوازم جارێکی تریش بچمەوە هەمان شوێن.

ستیڤان: من وا نیم، جێگەیەک سەفەری بۆ بکەم ناڕۆمەوە هەمان شوێن! بەڵکو هەوڵدەدەم شوێنی زۆرتر ببینم، هەر لەبەرئەمەیە سەفەری ئەمجارەم بۆ ناوەوەی خۆم جیاوازترە!.

لیزا: چ جیاوازییەک؟. مەگەر ناوەوەی خۆت ئەگەر پەلکەزێڕینەش بێت هەموو

ڕەنگەکانیت بە جارێک نەبینیوە؟.

ستیڤان: نەخێر، پێموایە زۆر شوێنی سەخت و کەندەڵان هەیە، هەوراز و نشێوی زۆر هەن، تا ئێستا سەرکێشیی ئەوەم نەکردووە بۆیان بچم. بۆ نموونە سەرچاوە گڕکانییەکانی هەست، ئۆقیانووسەکانی وشە، لوتکە ئیڤێریستییەکانی عەشق!.

لیزا: ئەو ئۆقیانووسی وشە و لوتکە سەختانەی عەشق لە کوێدان.؟

ستیڤان: هەموویان هەر لەناو دۆڵابی مێشکی خۆمدان کە هەر هێندەی گوڵدانێکە.! بەڵام هەرچی گەردوونە بەو بەرینییە بە ئاسانیی لە نێویدا جێی بۆتەوە!.

لیزا: ئەی دڵ مەگەر ئەو سەرچاوەی عەشق و ئەوین نییە؟.

ستیڤان: دڵ سیمبولێکە و دەسەڵاتدارێکی ڕەمزییە، هەموو جارێک دڵەکوتێی عاشقان لە بناغەوە فەرمانەکەی لە مێشکەوە دێت.

لیزا: کەواتە چۆن دەکرێت دڵ و مێشک دوو شتی لەیەکتر جیا بن، بەم پێیەی تۆ بێت دڵ تەنها ئامێرێکی رووتی خوێن پاڵاوتن و ترومپای هاتوچۆی خوێنە؟.

ستیڤان: منیش ویستم هەمان شت بڵێم.

لیزا: کەی سەفەرەکەت دەستپێدەکەیت؟.

ستیڤان: من هەمیشە لە سەفەردام، وەک ئەو هۆزە ڕەوەندییانەی گەرمیان و کوێستان دەکەن، سەفەری ئەم جارەم بەرەو سەختترین کوێستانەکانی ناو تەونی جاڵجاڵۆکەیی مێشکی خۆمە.

لیزا: چ شتێک لەگەڵ خۆت دەبەیت بۆ ئەو سەفەرە؟.

ستیڤان: تەنها سەرکێشیی، سەرکێشیی ئەسپێکە وەک سوارچاکێک دەتگەیەنێتە هەموو لوتکە سەختەکان.

لیزا: گەمەکردن لەسەر لوتکە بەرزەکان کارێکی مەترسیدارە. ئەوە پیشەی هەڵۆکانە!، دەزانیت سروشتی هەڵۆکان چییە؟.

ستیڤان: هەڵۆکان سەرچڵ و سەربەرزانە دەژین و کاتێک پیر بوون خۆیان دەکوژن.! خۆکوشتن لەو کاتەیەدا دێت هەست بە لاوازبوونی خۆت بکەیت.

لیزا: کەوایە خۆکوشتن بڕیارێکی ترسنۆکانەیە، تۆ دەتەوێت ئەمە بڵێیت وانییە؟.

ستیڤان: هەتا پێشتر ئازا و سەرکێش نەبوویت ناتوانیت لە کاتی لاوازیدا پەنا ببەیتە بەر خۆکوشتن.

لیزا: ئێستا بڕۆ و لە سەفەرەکەت دوا مەکەوە، بە هیوای بینینەوەت.

ستيڤان: وەک وتم من ئێستا لە سەفەردام. ئەگەر هەڵدێرام لە شاخێکەوە ئیدی چۆن دەتوانم بتبینمەوە؟. بەم هۆیەوە بەڵێنی بینینەوەت پێ نادەم.

**-٢-**

ستيڤان: حەزم لە هیچ کۆتاییەک نییە تەنانەت کۆتایی ئەو فیلمانەشی عاشقەکان تێیدا بەیەک دەگەن!! عەشق خەباتکردن نییە بۆ بەیەک گەیشتن!! عەشق تەنیا ئازار چەشتنە لە پێناوی نەمریدا.

لیزا: ئـەوەنـدە مـن تێگەیشتبم عەشق ئالوودەبوونە بە کەسێکەوە، عەشق کورتکردنەوەی ژیانە لە کەسێکدا، لای عاشق هەموو گەردوون چۆڵەوانییەکە و تەنیا یەک کەسی تێدا دەبینرێت، لای عاشق سەرتاپای زەوی لە تاریکی هەڵکێشراوە تاکە رووناکییەک ئەگەر هەبێت شەمعی مەعشوقە.

ستيڤان: عەشق ئەوەی جوانە بێ هۆیە. هەرکات هۆکارێک لە ئارادا هەبوو، بێگومان بەرژەوەندییەکیش هەیە. لە کاتێکدا عەشق و بەرژەوەندیی دوو پێدراوی دژ بەیەک و پێچەوانەن.

لیزا: ئازیزم.. یەکەم دێڕی رۆمانی «ئانا کارنینا»ت وەبیر دێنمەوە کە دەڵێ: هەموو بنەماڵە دەوڵەمەندەکان یەک جۆر خۆشبەختیان هەیە، بەڵام بنەماڵە هەژارەکان هەریەک جۆرە نەگبەتییەکی تایبەت بە خۆیان هەیە منیش بە غرورێکەوە دەڵێم: هەر عاشقێک چارەنووسێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئایا من هەڵەم؟.

ستيڤان: نەخێر تۆ هەڵە نیت، عەشق هونەرێکی مەترسیدارە، یاریکردنە بە ئاگرێک کە لە کۆتاییدا دەتسووتێنێ و دەتکاتە مشتێک خۆڵەمێشی بۆنخۆش بە دەم «با»ی شەماڵەوە.

لیزا: من وەک تۆ نازانم پێناسەی عەشق بکەم، بەڵام عەشق پەتی سێدارەی گەردنی رۆحە. ئەوەندە دەزانم عاشق مازۆخییە و چێژ لـەو سـزایـە وەردەگـرێ بە عەشق ناوزەد کراوە. ئەوەندە دەزانم عەشق عاشق لە ژوورێکی رازاوە و پڕ زەخرەفەی وەک دڵی مەعشووقدا کۆت کراوە. ئەوەنـدە دەزانـم عاشق دیلی دڵی خۆیەتی. دڵ وەک خەسڵەتە بایۆلۆژییەکە نا، بەڵکو ئەو هێزەی هەست و سۆز دەجوڵێنێت و لە شەڕێکی نەپساوە و دەستە و یەخەشدایە لەگەڵ ئاوەزی ناو سەرمان.

ستيڤان: ئاخر ئیشی من لە ژیاندا تەنها عەشقە. بۆ زۆرینەی خەڵک عەشق

قۆناغ یان تافێکە لە ژیان و تەمەن، بەڵام بۆ من عەشق هەموو تافەکانی تەمەن و هەموو قۆناغەکانی ژیانە. ئەوەی جیام دەکاتەوە لە تێکڕای خەڵک هەر ئەوەیە من ژیان بەهەموو تانوپۆکەیەوە وەک بەشێک لە عەشق دەبینم، بەڵام زۆرینە عەشق بە بەشێک لە ژیان دەبینن!. لەم سۆنگەوە دووریی تێڕوانینی من و تێکڕای خەڵک هێندەی دووریی زەوییە لە هەسارەی ئۆرانۆس. جیاوازیی ئەندێشەی من و زۆربەی خەڵک هەر وەک جیاوازیی هەردوو جەمسەری سارد و گەرم وایە.

لیزا: لە روانگەی منیشەوە، عەشق هونەری موعجیزە خوڵقاندنە، عەشق فڕینە و هیچ کاتێک ماندوو نابێت لە تەیکردنی ئاسمانە نەبینراو و قەدەغەکراوەکان. عەشق مامانە بۆ لە دایکبوونی هەموو مەحاڵەکان، دواجار عەشق، عەشقە.

ستیڤان: بەم پێیە بێت عەشق گەمەیەکی ناعەقڵانی ئەبستراکتە!! تۆ دەتەوێت ئەم ناوەڕۆکەم پێ بڵێیت؟.

لیزا: بێگومان عەقڵ بە هەموو شێوەیەک دژی عەشقە. مەولانای رۆمی باسی شەکوای ئەو مێروولانە دەگێڕێتەوە دەچنە لای سولەیمان پێغەمبەر و گلەیی لە «با» و «رەشەبا» دەکەن چوونکە هەمیشە لانەیان لێ تێکدەدات. سولەیمان فەرمان دەکات بانگی «با» بکەن بۆچی وا دەکات؟ یەکێک لە مێروولە عاقڵەکان هاوار دەکات و دەڵێت نا نا، تکایە بانگی مەکەن، چوونکە کە ئەو هات ئێمە تەواو، حاڵمان لێ تێکدەچێت. ئەم چیرۆکە نموونەی عەشق دەخاتەوە بیرم، وەختێک عەشق دێت ئیدی عەقڵ بار دەکات. عەقڵ هەمیشە شەکوای هەیە لەسەر عەشق، لەبەرئەوەی هەر کات عەشق هات لانەی لێ تێکدەچێت.

ستیڤان: بەڵام دواجار عەشق داگیرکردنە!! لە کۆتاییدا عەشق خووی ئەو دیکتاتۆرانەیە دەیانەوێ نیشتمانی دڵت داگیر بکەن.! عەشق داگیرکردنێکی چاوچنۆکانەیە و بۆ هەمیشەش بەم شێوەیە دەمێنێتەوە.

لیزا: وا بیر دەکەمەوە نهێنییە گەورەکەی عەشق ترس بێت. یەک شت دەزانم عاشق ترسنۆکترین مرۆڤە، هەمیشە لە راڕایی و ترسی لە دەستدانی مەعشووقدا دەژی، هیچ کات دەروونێکی جێگیر و دڵنیای نییە، لەگەڵ ئەمەشدا عاشق بەهێزترین مرۆڤە بەرگەی زریانی عەشق دەگرێت.

ستیڤان: ئەوە دێڕێکی خۆمم بیر دێنێتەوە کە نوسیبووم: من ئیمپراتۆری عەشقم، چوونکە بۆ نیگایەکت دەچەمێمەوە! هەروەک چۆن مارکس بۆ جێنی هاوسەری

نووسی (لە بەردەمتدا دەنووشتێمەوە و دەگریم، چوونکە خۆشم دەوێی) ئاوهاش، من وەک جەنەراڵێکی بەزیو لە بەردەم پەیکەری عەشقتدا دەنووشتێمەوە.

لیزا: عاشق ئەفسانە دروست دەکات، هەموو ئەفسانەیەک بەرهەمی عەشقە، عەشق و ئەفسانە یەک شتن و لێکدی جیا ناکرێتەوە، هەر بۆیە عاشقان وەک کەسایەتی خەیاڵی و میتۆلۆجی دەبینرێن.

ستیڤان: من دەمەوێ عاشق نەبم، دەمەوێ لێی هەڵبێم، بەڵام چارەنووسم وایە لە هەر شتێک ترسابم تووشم بووە، لە منداڵییەوە لە هەژاریی و نەخۆشی و عەشق ترساوم، ئێستا هەر سێکیان دەستیان لە بینە قاقام ناوە.

لیزا: لە راستیدا ئەو کەسە بووم دروشمی رووخانی قەڵای عەشقم بەرز کردەوە. لەسەر دەفتەری رۆژانەکەم بە خەتێکی درشت نوسیبووم: با بڕوخێ باستیلی عەشق باڵی فڕینی زنجیر کردووم، با بڕوخێ پەیکەری عەشق کە ئێسکەکانی وردوخاش کردووم.

ستیڤان: تۆ دەبێت خۆشخاڵترین ئافرەتی دنیا بیت چوونکە بەهرەمەندیت لە پرشنگی هەستی من. تۆ خۆشبەخترین ئافرەتی دنیایت چوونکە هیچ ئافرەتێک نییە لە مێژوودا هێندەی تۆ لە خۆشەویستی پیاوێک بەهرەمەند بووبێت.

لیزا: ئەوەی دەمترسێنێت، دوو شتە: سەرکێشییەکانت و جیاوازیی تەمەنمان!!. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک بیرت لێ دەکەمەوە ئیرەیی بە خۆم دەبەم خاوەنی دڵی تۆم و تۆش خاوەنی هەموو وجودی من!.

ستیڤان: بۆ من تەمەن تەنیا مەسەلەیەکی ماتماتیکییە، پیربوونم لەو ساتەوە دەستپێدەکات تواناکانم لە خۆشەویستیدا لە دەست دەدەم. مردن بۆ من تەنیا گۆڕانێکی فیزیاییە!! ژیانیشم لەو ساتەوە دەست پێدەکات هەستمکرد عاشق بووم، کە هەستم کرد دڵم لە بەر پێی تۆدا کەوتۆتە لەرزین.

لیزا: تۆ نابینیت من چۆن لە ئاوی عەشقدا تەعمید کراوم.؟ جگە لە ئاینی عەشق هیچ ئاینێکی تر ناناسم، عەشق ئاینی منە. ئەو بەهایای ژیان فێری کردم یەک بەها بوو کە خۆشەویستییە، لە ژیاندا فێری گۆرانییەکی سەیر بووم، گۆرانی خۆشەویستی.

ستیڤان: هەوڵبدە قووڵتر شتێکی گرنگ لە مندا بەدی بکە. ئاخر تەنها عەشق منی بە ژیانەوە بەستۆتەوە، ئەگەر عەشق نەبێت هیچ هۆکارێک بۆ مانەوە نابینم. بیرتە لە کۆڵانەکانی شارە رەشپۆشەکە بەدەم ئازاری دابڕانەوە چرپاندم بە گوێتدا: خاوەنی

هیچ نیم، چوون لە کۆتاییدا عەشقم دۆڕاند و هەموو شتەکانی دیکەم بردووە. من خاوەنی هیچ نیم هیچ هیچ!!.

لیزا: هـەروەک ئـەو ماچانەی نێوانمان ئـەو قسەیەم بیرە. بیرمە وتیشت: گەردەلوولێک لە ناخمدایە. منیش پێم وتی تۆ لە ناخی گەردەلوولێکدایت. ئەو گەردەلوولەش لە ئۆقیانووسی سۆزی منەوە مەوج دەدات.

ستیڤان: نیشانەکانی عاشقبوون لای من زۆر روون بەرجەستە دەبن. لە یەکەم دیداری یەکترناسینەوە گووتم: ئەگەر رۆژێک هەورێکی گریا و رەشەبا نالاندی و دەریا شێت بوو، ئەوە ئەو رۆژەیە منی تێدا عاشق دەبم!!.

لیزا: دەستت بهێنە و ماچێکم بکە. یەک ماچت من لە گۆڕی غەریبیدا زیندوو دەکاتەوە، وەک چۆن نیگایەکی ساردت دەرگای ژیانم لێ دادەخات، ئاخر تۆ ناتوانیت لە جوگرافیای دڵم دەربچیت، ئەگەریش بڕۆی قەڵای عەشقت رووخاندووە کە دڵی منە. منی مەجنونترین لەیلای تۆ.

ستیڤان: تۆ وەک موعجیزەیەک هاتیت، لاپەڕەکانی دڵمت یەک یەک خوێندەوە و لە کۆتا لاپەڕەشدا بەخەتێکی گەورە نووسیت خۆشم دەوێی.

لیزا: هەست بە جۆرێک لە غرور دەکەم، عەشقت لە خۆباییبوونێکی زۆری تێدا دروستکردووم!!.

ستیڤان: تۆ دەبێت لە خۆباییبوونێکی زۆرت تێدا دروست بێت، غرورێک تەنها من نەگرێتەوە،! چوونکە هیچ ژنێک وەک تۆ پەرستراو نەبووە لەلایەن پیاوێکەوە، هیچ ژنێک هێندە شانسی نەبووە ئەو خەرمانە لە شیعری لەپێناودا بنووسرێت و شاعیرێکی عاشق خۆی تەرخان بکات بۆ نووسینەوەی لە بۆتەی سەدان شیعردا. ئەمێستا دەمەوێ لەمە تێبگەیت و هیچی تر.

**ــ٣ــ**

لیزا: لە دوورەوە مرۆڤێکی داخراو دیاریت، بەڵام لە نزیکەوە هیچ دەرگایەکت نییە بۆ هاتنە ژوورەوە!! بۆچی ئەم وێنایە بەم جۆرەیە؟.

ستیڤان: هیچ شتێک لە دوورەوە ناوەڕۆکە راستەقینەکەی دیار نییە، من بۆ خۆم وەهام تاکو شتێک لە نزیکەوە نەناسم بڕیاری لەسەر نادەم. زۆرینەی باوەڕداران و بێ باوەڕوان بە ئاین هیچیان لە نزیکەوە گەوهەری ئاین ناناسن، بۆیە لەگەڵ هیچکامیان تەبا نیم.

لیزا: وەڵامی پرسیارەکەت فەرامۆش کردم، سروشتێکی سەیرت هەیە هەر پرسیارێکت بە دڵ نەبێت، وەڵامێکی بە دڵی خۆت دەدەیتەوە.

ستیڤان: تۆ لە روانگەی خۆتەوە پرسیار دەکەیت، ئەوەش مافی خۆتە. منیش لە گۆشەنیگای خۆمەوە وەڵام دەدەدەمەوە!. ئایا مافی خۆم نییە؟.

لیزا: بێگومان مافی خۆتە، بەڵام تۆ پرسیارەکانم ئیستغلال دەکەیت بۆ وەڵامێک خۆت مەبەستتە، نەک ئەو وەڵامەی من بە دوایدا دەگەڕێم.

ستیڤان: مرۆڤێکی ئایدیالیست نیم، هەموو وەڵامەکانم بەو جۆرەیە تێیاندا عەقڵ قسە دەکات. لە راستیدا حەزیشم لە پێچ و پەناکردنی زۆرە، بۆ ئەوەی چرای عەقڵ هەموو جێگە تاریکەکانی هەست رۆشن بکاتەوە.

لیزا: کەواتە ئێستا وەڵامی پرسیارەکەم چییە؟.

ستیڤان: بە دڵنیاییەوە لە نێو پرسیارەکەی خۆتدا وەڵامەکەیت دەست دەکەوێت!!. چوونکە دەشێ هەر مرۆڤێک پێش و پاش ئەوەی لە نزیکەوە دەیناسیت دوو وێنای جیاوازی هەبێت. تۆ دەتەوێ بگەیتە وێنایەکی مەلموس، کەواتە زۆرتر نزیک ببەوە، هەرچەند گرەنتی نییە ئەو کات بگەیتە وێنەی هەقیقییەکەی من.

لیزا: من دەتوانم ئێستا پێناسەیەکت بکەم.

ستیڤان: هەرچەند پێناسەکردنی من زەحمەتە، رقیشم لەهەموو پێناسە دیاریکراوەکانە، بەڵام فەرموو.

لیزا: سەرەتا خۆم رۆحێکی زۆر یاخیم هەیە، یاخیم لە خوا و ئاین و کولتوور و سیاسەت و خێزان و خانەوادە! ڤایرۆسێکم دەچمە ناو خەوە پیسەکانی دەسەڵاتدارانەوە، کابووسێکم لە زۆرداران نابمەوە، سوکرات ئاسا خەڵک گەندەڵ دەکەم و ئامادەشم بۆ هەڵقوڕاندنی جامە ژەهری دەسەڵاتداران. تەنیا دیلی قەفەزی مەعشووقم، تەنها کڕنووش بۆ عەشق دەبەم. تۆش هەمان پێناسە دەتگرێتەوە.

ستیڤان: من جیهانێکی راڤە نەکراوم، تۆش ناتوانیت بمخوێنیتەوە، هیچ کات ئەو کەسە نادۆزمەوە ئەو هێرۆگلیفیایە بخوێنێتەوە کە دەروازەی راڤەکردنمە. کێشەکەم ئەوەیە لە ژیانما کەسێکم نەبینیوە وەک خۆی لێم تێبگات. هەمیشە وێنایەکی شێواوی هزری من دەبینن، ئەگەرچی من فۆتۆیەکی ریالیست و رووتی خەیاڵدان و روانگەکانم دەخەمەڕوو!.

لیزا: ئەی تۆ بۆچی واقیعی خۆت تەڵخ دەکەیت؟!!.

ستیڤان: دەزانیت جیاوازیی من و تۆ چییە؟ تۆ دەتەوێت من بخەیتەوە ناو واقیع، بەڵام من بۆ خۆم خەیاڵم، ژیانیش بۆ خۆی خەیاڵێکە و هیچی تر! هەروەک چۆن فیلمی سینەمایی زادەی خەیاڵە، ئاوهاش ژیان کۆمەڵە ئەکشنێکە لە نێو خەیاڵدا.

لیزا: بیرۆکەکانی تۆ پڕن لە خەونی ئازادیی و بچڕاندنی زنجیرەکان. تۆ دەبێت دەرکی ئەوە بکەیت زۆرینە لە ئازادیی تۆقیون. تۆقان لە ئازادیی تێگەیشتن لە تۆی کردۆتە کارێکی مەترسیدار، بەڵام ئەوە منم لە هەموو کاتەکاندا بەرەو تۆ دێم، هەروەک چۆن تۆش هەموو ئازادیی خۆت دەکەیتە کۆیلایەتی ئەوینی من!!.

ستیڤان: من لە ژیانمدا کەس قەدی نەگرتووم، هیچ کاتێکیش هەوڵیان نەداوە لێم تێبگەن. کەسیش بەرگەی هەستەکانی نەگرتووم. شێوازێک عاشق دەبم نامۆیە بە هەموو کەس، بەو هۆیەوە هەمیشە هەستم بە تەنهایی خۆم کردووە، رۆحم تەریک و وێڵ بوو لە ئەشکەوتی تەنهاییدا. رۆحیش بە مانای ئەو تەزووە موچڕکە بەخشانەی لە هەستەکانمدا دێت و دەچێت. وای چەندە بێ چارەم من.!

لیزا: هەمان هەستی منیشە، لەوەتی خۆم دەناسم بەردەکەی سیزیف پاڵ دەنێم بۆ سەرەوە، هەموو کات لێم خلۆر دەبێتەوە. وەک بوونەوەرێکی ناعەقڵانی بەم شێوەیە سوڕی ژیانی خۆم تەواو دەکەم.

ستیڤان: سیزیف بێ هیوا نەبوو، باجی هەڵەکانی خۆی دەدا، بەڵام ئێمە باجی هاتنە ژیانەوە دەدەین.

لیزا: کەواتە داستانی سیزیف دەزانیت، ئەو هەموو رەنجە و کۆتاییەکەشی تەنیا بێ ئەنجامی.

ستیڤان: چوونکە نەخۆشی شێرپەنجەم هەیە، باش لە گەمەی سیزیفی تێدەگەم، ئەو هەموو ئازارە و تەحەدایە سەرئەنجامەکەی بە مەرگ کۆتایی دێت. لە هەرزەکاریدا سیزیفم بەم جۆرە ناسی: لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا (سیزیف) پادشای (کۆرینس)ە کوری (ئیلۆیسی) پادشای تیسالییە. زیۆس (خوای خواوەندەکان) لێی زویر و توورە دەبێ و نەفرەتی لێدەکات، بەوە سزای دەدات رۆژانە بەشانی خۆی بەردێکی گەورە بەسەر شاخێکدا سەر بخات و لەسەر لوتکەکەی دایبنێت! ئیتر بەم شێوەیە سیزیف هەموو رۆژێک بەشان بەردێکی گەورە سەر دەخات بۆ لوتکەی چیا و ئێوارە تل دەبێتەوە بۆ خوارێ، رۆژی دوایی سەر لەنوێ بەردەکە سەر دەخاتەوە، بەم جۆرە کارەکە بەردەوام دەبێت تا کۆتایی.

لیزا: بیر لەوە دەکەمەوە، مانیفێستی نائومێدیی بڵاوبکەمەوە. مانیفێستەکەی من تەنیا چەند وشەیەکی و هیچی تر: ژیان بێتام و بی مانا و بێ بەها و تاریکییە!!. ئەمە هەمووی بوو. THE END!!.

ستیڤان: ئەوە مانیفێستی منیشە. بڕواش ناکەم لەم گەردوونەدا بوونەوەرێک هەبێت وەک من غەمبار و تەنها، ئیدی بە وەهمەکان فریو ناخۆم، من لە پەڕاوێزی هەموو شتێکدام.

لیزا: وەها تێمەگە هەموو ئەوانەی پێدەکەنن، دڵخۆشن، هەر ئەو خانمەی لە یانە شەوانەکەدا بە رووی هەمووانەوە پێدەکەنێت و گۆرانی دەڵێت، لە کۆتایی ئاهەنگی شەوێکدا بە دەنگێکی حەزین پێی وتم: هەر خەندەیەکی من لەسەر هەزارەها دڵۆپە فرمێسک رۆنراوە.

—٤—

لیزا: هەمیشە بێدەنگیت و لەگەڵ بیروبۆچوونی هیچ کەس تەبا نیت. چۆن دەکرێت هیچ بیروباوەڕێک نەبێت لەگەڵیدا هاوبەش بیت؟، با ئەو بیرۆچوونە رای کەمینەیەکیش بێت.!

ستیڤان: بەپێچەوانەوە ئەوە زۆرینەی خەڵکن لەگەڵ روانینی من تەبا نین. هەمیشە بە مەترسی دەمبینن، ترسیان هەیە لە هێزی رەخنەکانم بەو پێیەی سەقامگیرییان دەشێوێنێت. چوونکە من سروشتێکی جێگیرم نییە، بەڵام زۆرینەی خەڵک دەقیان گرتووە بە نەریتەوە و بە هەڵمی ئایدیالە جیاوازەکان بە رێکیی ئوتو کراون.

لیزا: بێدەنگییەکەت هێندە قووڵە، زۆربەی جار وەک ئەوەی لە خەڵوەتدا بیت وایە. جارجاریش بە زمانێک دەدوێی تێگەیشتن لێی ئاسان نییە. ئەمەش وایکردووە وەک نەیارێکی دەسەڵات نەبینرێت.

ستیڤان: بابەتەکە ئەوە نییە، رەخنەم لە دەسەڵات نییە، کێشەکە ئەوەیە وەک ئەوانەی تر نیم، هەموو ئەو قسانەتان بە هەڵوێست پێ بفرۆشمەوە پێشوەخت خۆتان دەیزانن، دەمەوێت شتێک بڵێم نەیزانن، جار جار شتێک دەڵێم تازە و دژەباو، کەموکوڕیی لە زمانەکەمدا نییە، بەڵکو کەموکورتی لە تێگەیشتنی ئێوەدایە، چوون پێتان خۆش نییە، کەس ئەو دڵنیایی و دەقگرتووییەتان لێ تێکبدات. هەنگاوی جێهێشتنی کۆن بەرەو نوێ ترسناکترین هەنگاوە.

لیزا: ئەی هەست ناکەیت، ئەو زمانەی تۆ هێندەی خزمەتی دەسەڵات دەکات بە

چارەگی ئەوە بتە کۆنەکان تێکناشکێنێت؟.

ستیڤان: ئێوە یەک جۆر دەسەڵات دەبینن، ئەویش دەسەڵاتی سیاسییە، هەموو دەسەڵاتێکی تر لە بیر براوەتەوە کە دەسەڵاتی سیاسیی لەسەر بنیادنراوە، لە ژێرەوە ئەو دەسەڵاتانە دەڕوخێنم بەڵام ئێوە نایبینن. هەروەک ئەو کرێکارەی دەیەوێ تەلارێکی کۆن بڕوخێنێت، رووشاندنی رووکاری دەرەوە، تەلارەکەی پێ ناڕوخێت، بەڵکو رووخاندنی پایەکانی دەیڕوخێنێت.

لیزا: کەواتە تۆ ئەرکە قورسەکانت لە ئەستۆ گرتووە، ئەوەش یاریکردنە بە ئاگر و مەلەکردنە بە پێچەوانە شەپۆلەکانەوە.

ستیڤان: بەڵێ رێک وا. ئیشم لە ژیاندا زۆرە، هیچکام لە کارەکانم ئاسان نین، بۆیە هەمیشە بیر دەکەمەوە و ملی رێگەی سەختترین ئەرکەکانم گرتۆتە بەر.

لیزا: دروست وەک خۆم. ئاخر من حەزم لە یارییە قورسەکانە، وەرزشەوان بوومایە لەسەر سێرگی ئاگرین سەمام دەکرد. حەزیشم لە هیچ کارێکی ئاسان نییە، هەمیشە خۆم دەخەمە ناو گەمە قورسەکانەوە، رووبەڕووی مەحاڵ دەبمەوە.! هیچ ئامانجێکم نییە بۆ خودی خۆم، بەڵکو گەمە دەکەم لە پێناوی گەمەدا. زۆر حەزم لە یاریی سیزیفییە، یارییەک هەرگیز کۆتاییەکەی دیار نەبێت و نەزانیت دەگەیت بە کوێ!! ئەمە رەنگە سایکۆلۆژیایەکی خراپ بێت لە دیتنی خەڵکەوە، بەڵام هیچ نەبێت خۆم رازی دەکات!

ستیڤان: کاری من ئەوەیە لە وەتەری هەستیار بدەم. گاڵتە بە عەقڵی مێگەلیی زۆرینە بکەم. ئیشی من ئەوەیە وەک مینی لۆب رسی سیاسییەکان بکەمەوە بە خوری. رسی پاڵەوانە کارتۆنییەکانی ناو کایەی رۆشنبیریی بکەمەوە بە خوری. خۆمم و هەر خۆمم جەنگاوە تەنهاکەی ئازادیی. دەجەنگم لە پێناوی ئازادیی وتندا، وتنێک سەرسوڕهێنەرانە کۆمەڵگە و خەڵک دەتۆقێنێت، چوونکە من گوومان لە پیرۆزییەکانیان دەکەم و درز دەخەمە باوەڕ کۆنکرێتییەکانیانەوە. هەر بە راستی پرۆمیسیۆسم، ئاگر لە خودا دەدزم و مرۆڤ فێری ئاگرکردنەوە دەکەم.

لیزا: هەر لەبەر ئەمەشە ئازارت لە مرۆڤەکانی تر زۆرترە، ئەوەی چاوی لە ئایندە بێت زۆرتر ماندوو دەبێت، وەک لەو کەسەی لە دوێنێدا بژی.

ستیڤان: راستییەکەی ئەوەیە نازانم بۆ کەی دەژیم، بەردەوام لە رابردوودا دەژیم، ئەو رابردووەش زنجیرەیەک رووداوی تراجیدیک بووە،! هەنگاوی بێ

هیوایانەم هەیە، بەڵام زۆرینە ئەو هەنگاوەشیان نییە هەرچەند نائومێدانەش بێت.

لیزا: رەنگە منیش بە جۆرێک لە جۆرەکان هەر وەک تۆ بم. ئەوەی لە مێشکمدا وەک خولیایەکی ئیبلیسی دێت و دەچێت پڕۆژەیەکە بۆ ئایندە. دەتوانم بڵێم پڕۆژەی داهاتووم بیرکردنەوەیە لە خودی خۆم. دەمەوێت قفڵەکان بشکێنم، تاکوو قفڵەکانی دوێنێ و زنجیرەکانی ئەمڕۆ نەپسێنیت، ناتوانیت یەک تاکە هەنگاویش بۆ سبەینێ بنێیت!.

ستیڤان: من قفڵە ژەنگاوییەکان ناکەمەوە، قفڵە داخراوەکانیش ناشکێنم بە مەبەستی کردنـەوە!!. من نامەوێ قفڵ بمێنێت، نامەوێت شتێک بمێنێت کۆت و یەخسیرمان بکات، ئەوە فەلسەفەی ئیشکردنمە لە ژیاندا.

-٥-

ستیڤان: رەوشتی مرۆڤانە لەسەر زەوی باری کردووە، دەستم بدەرێ با بڕۆین هەسارەیەکی تر ئاوەدان بکەینەوە!.

لیزا: چ زەمانێکە!!؟ وا لە خونچە دەکەن دڕ دەربدات!! وا لە بێدەنگی دەکەن هاوار بکات!! وا لە خەندە دەکەن ئەسرین دەر بدات.! ئای لەم چەرخە!!.

ستیڤان: لە ناو ئەم چەرخە لنگەوقووچەدا هۆشمەندەکان وەک شێت خۆ دەنوێنن، کەم ئاوەزەکانیش وەک هۆشمەند لێیان دەڕوانرێت. ئەمەش قسەکەی نیتشتە نییە کە وتی «لە ناو حیکمەتدا برێک لە شێتی و لەناو شێتیدا برێک لە حیکمەت هەیە». نەخێر ئەوەی ژیرانە لەم دنیا پووچە بڕوانێت، کۆتاییەکەی خۆکوشتن یان شێتبوونە.

لیزا: هەر ئەوەشە خەمی ئێمەی لە هەمووان پتر کردووە. ئەم گەردوونە زۆر لەوە بچووکترە رەشبینی و خەمەکانمانی تێدا جێ بێتەوە. ئەم گەردوونە زۆر تەنگە و جێی ئەو هەموو پەژارەیەی تێدا نابێتەوە.

ستیڤان: ئەوانەی ئازاریان زۆرە مرۆڤی جوانن، ئەوانەی پتر ئازار دەچێژن زۆرتر مرۆڤن. من کە بۆ شکانەوەی لقی درەختێک دڵم دادەخورپێت، بۆ سووتانی باڵی پەروانەی دەوری شەمعێک کزە لە جەرگمەوە دێت، بۆ زرانی خەونی منداڵێکی هەژار لە شاری یاریدا رۆحم ئاگر دەگرێ، بێگوومان ئازارم لەو خەڵکانە زیاترە، ئەو خەڵکەی بە گریانی من و تۆ پێکەنین دەیانگرێت، فرمێسکی من و تۆ تەلاری شادییەکانی ئەوان هەڵدەچنێت.

لیزا: هەیە یەک شت ئازاری دەدات، هەیە هەموو شتێک ئازاری دەدات، من لەو

مرۆڤانەم هەموو شت ئازارە بۆم.

ستیڤان: چەند خۆشە کەس لە ئازاری کەسی تر حاڵی نییە، ئەگینا هەموو مرۆڤەکان لە دۆخی تۆقیندا دەژیان.

لیزا: هەندێک ئازار هەیە خۆشییەکانی ژیانت لە بیر ناباتەوە، بەڵام ترسناکترین ئازار ئەو ژانەیە نەهێڵێت هیچ کات لەززەت لە ژیان وەربگریت، من ئەم ژانە نەبڕاوەیە یەخەی گرتووم.

ستیڤان: ئازار هەیە زوو بەرۆکت بەردەدا، ئەمە وەهات لێ دەکات نرخی ساتە بەختیارەکان بگریت، ئازاریش هەیە ئەبەدییە و ناهێڵێت هیچ ساتێکی کامەران بەخۆتەوە ببینی. من ئەو ئازارە هەمیشەییەم هەیە.

لیزا: هەندێک مرۆڤ ئازارە بچووکەکانی خۆیان بە گەورە دەبینن، ئەمە لە راستیدا مانای مەزنیی ئازارەکەیان نییە، بەڵکو هۆکارەکە ئەوەیە سەرنجی ئەم مرۆڤانەیان نەداوە بە ئازاری گەورە گەورەوە دەتلێنەوە.

ستیڤان: ناهەموارییەکە ئەوەیە ئازار بە قسە شەرح ناکرێت، بۆیە زۆربەی جار مرۆڤ ژان و ئازاری ئەویتر بە مەسەلەیەکی بێ بایەخ تەماشا دەکات.

لیزا: ئەگەر ئازارەکان قسەیان بکردایە، دڵنیام ئەم گەردوونە پڕ پڕ دەبوو لە هاوار و ناڵە، ئاخر ئازار ئەو بێدەنگی و کشوماتییەی جوانە!!.

ستیڤان: مرۆڤەکان هەمیشە لە دەرەوە ئازاریان بۆ دێت و پێ دەگات، بەڵام لە ناوەوە هەستی پێ دەکەن، بەم هۆیەوە ئازاردەران ناتوانن لە قووڵی ژانەکە تێبگەن بەو پێیەی خۆیان هەستی پێ ناکەن.

لیزا: ئازار دیاردەیەک نییە قەدەغەی بکەین، کەچی بەربڵاوترین شتە ژیانی مرۆڤی هەراسان کردووە. زۆرجار لە هەوڵی کۆتاییهێنان بە ئازارەکانی خۆتدا مرۆڤی تر دەخەیتە نێو ژان و چەرمەرسەرییەوە، ئەمە ترسناکترین جۆری رووبەڕووبوونەوەی ئازارە.

ستیڤان: ناڕەحەتترین ئازار دەربڕینی هاوخەمی و لاواندنەوەی درۆینە و رووکەشانەی خەڵکە بۆت لەو کاتەی تۆ ئازار دەکێشیت!. گەورەترین درۆش لەم گەردوونەدا ئەوەیە یەکێک پێت بڵێت دەمەوێت ئازارەکانت لەگەڵمدا بەش بکەیت!!.

لیزا: من کچی شەرعی ئازارم، ئەو شەوەی ئازار بوو بە بووکی غەم و لە حەوشەی بێهودەییدا جووت بوون، دایکە ئازار بە منەوە دوو گیان بوو!!.

ستیڤان: هیچم لە دەست نایەت!!. ڕاستییەکە ئەوەیە درۆ لەگەڵ خۆم دەکەم، بەڵام هەرچی بەتۆم وتووە ڕاستییە. من بێ تاقەتم، بەڵام درۆ بۆ خۆم دەکەم تاکو هەقیقەت نەمکوژێت، هەقیقەتیش ئەوەیە دنیا بە دڵی ئێمە نییە و هیچیشمان لەدەست نایێ تا لەگەڵ خۆمان بیگونجێنین، دەبێت ئێمە لەگەڵ تاڵییەکانی بگونجێین و بە خەندەیەکی نمایشکارانەوە بڵێین ژیان جوانە!!.

لیزا: هەموو بە درۆ ڕۆژەکانمان دەگوزەرێنین، من چەند بێ چارەم، دڵم بێ ئۆقرە ژانی سەفەرێکی ئەبەدیی بێ گەڕانەوە گرتوویەتی. ڕۆحم زۆر کۆنە و لە زەمەنی فریشتەکانەوە جێماوە، لە چاخی حوکمی جندۆکەدا هەلا هەلا بووە.

ستیڤان: بڕوام بەوە نییە هیچ ڕۆژگارێک ئەم زەوییە کەوتبێتە دەست فریشتە، لەوەتی هەیە جنۆکە و ڕەشمار فەرمانڕەوایی دەکەن. تۆ دەبێت لە ئەستێرەیەکی ترەوە بە ڕێکەوت ڕێگەت هەڵە کردبێت و هاتبیتە سەر زەوی!.

—٦—

لیزا: تۆ لە دەربڕیندا زۆر بلیمەتیت، سەرسامم بەو ڕەوانبێژییەت لە قسەکردندا.

ستیڤان: بلیمەت ئەو کەسە نییە خەڵک سەرسام بکات بە خۆی، بلیمەت ئەو مرۆڤەیە لە خۆی تێبگات و سەرسامی کەسی تر نەبێت.

لیزا: هەمیشە لە هیچ شتێک ڕازی نیت، خۆزگە هۆکارێک هەبووایە بۆ ڕازیکردنی تۆ؟.

ستیڤان: دیکارت پێش سەدان ساڵ وتی «من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم»، بەڵام من ئەم کۆژێتۆیەم بەم شێوەیە هەڵگێڕاوەتەوە: من ناڕازیم کەواتە هەم.

لیزا: بێگومان لەو کاتەی دوامان دەبێت بە ئاگر و پێشەوەشمان دەبێتە زیندان، باشترین کار ناڕازیبوونە لە زیندانەکانی کولتوور و دەسەڵات، ئەگەر ئاکامەکەشی سووتان بێت لە دەریای پڕ گڕی ناڕازیبووندا.

ستیڤان: هەمیشە ناڕازیم چوونکە تەوەقوعم بەرزە، هەردەم لەهەر کارێکدا چاوی ڕەخنەگرانەم خستۆتە کار نەک زمانی ستایش.! تەنانەت لە پێشکەشکردنی باشترین پڕۆژە و بینای هەر ئیشێکی جوانیشدا من نەمویستووە ڕازی بم و سەقفی داواکاریی و تموحی خۆم بڵندتر کردۆتەوە، چون چاوەڕوانی باشتر و زیاتر بووم. هەروەک ریوایەتێک هەیە دەدرێتە پاڵ خودا کە وتوویەتی ئەگەر دوو جۆگەی زێڕیش بدەمە بەندەکەم هێشتا داوای جۆگەی سێهەم دەکات!!. ئەمەش خەسڵەتێکی

مرۆڤانەیە، هەرچی جۆگە زێڕەکانە بیدەن بە من هێشتاش داوای زیاتر دەکەم!، بەڵام جۆگە زێڕەکانی من شتی دیکەن، بریتین لە شیعر و عەشق و بەرخودی هیومانیستیانە و مرۆڤانە. هەربۆیە ناتوانم رازی ببم و تا ئەو دەمەی زیندووم بۆڵە بۆڵمە بۆ باشتربوون، رۆژێک منت بینی رازی بووم واتە ئیدی کۆتاییم هاتووە، مەرجیش نییە هەموو کۆتاییەک تەنها رەهەندی فیزیکی لە خۆ بگرێت.

لیزا: ئەو هەموو رەشبینییە خۆی لە خۆیدا بۆ هێنانە ئارای دنیایەکی سپییە، کە کینە و گریانی مرۆڤ رەشی نەکردبێ. تۆقین لە مرۆڤە ناڕازییە رەشبینەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان رازیبوونە بە بەردەوامی ئەم بێدادیانەی ژیان!. تۆ ئەگەر رازی بیت و رەشبین نەبیت واتە تووشی مەیین بوویت و هەنگاو نانێی بۆ پەڕینەوە بەرەو قۆناغێکی تر.

ستیڤان: کێشەی من لەگەڵ خودی ژیانە، ئەم ژیانە هەر لە بناغەوە پووچ و بێ هۆیە، پۆڵ شاوڵ جارێک وتی «ژیان زنجیرەیەک خۆکوژیی جێبەجێ نەکراوە»!. زۆرم بیر لەم وتەزایە کردەوە، دەرئەنجام گەیشتمە بەوەی ژیان هەر ئەوەیە پۆڵ شاوڵ باسی کردووە.

لیزا: بۆ بەشێکی بەرفرەی خەڵک ژیان تەنها ئازار و رەنجکێشانە، جاری وا هەیە لەبەر خۆمەوە گوومان ئەکەم، ئەوانەی بە خۆشبەختەکانیش ناسراون، گرفتاری دەیان دەرد و ناخۆشی پەنهانن. ژیان هیچ کات بە دڵی مرۆڤەکان نەبووە و نابێ، پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و باڵادەستی زانست نەیتوانی هیچ لە خەم و ئازارەکانی مرۆڤ کەم بکاتەوە. باشترە هیچ هیوایەک هەڵنەچنین لەسەر ژیان، چوونکە ژیان خۆی بێهیوا و نائومێدکەرە. کێ گەیشتۆتە نیوەی خۆزگەکانی تا من بتوانم چەند خۆزگەیەکم هەبێت لە ژیاندا؟. ئێمە هەموو فریودراوین بە ژەهری ژیان، بەڵام لە پاکەتی هەنگویندا. شاعیری نێودار (مارکوت بیگ) لە کۆپلە شیعرێکیدا دەڵێ: ژیان لەگەڵ رەنجدا دێت.. هیوا رەنجی پێوەیە.. رەنج بە ژیانەوە دێت.

ستیڤان: هەمیشە وا دادەنێم چەند خولەکێکی تر ژیانم دەگاتە وێستگەی مەرگ. هەرچەند لەناو خەیاڵی ژیاندا ون بووم، کەچی ئەوە مەرگە لە سەوزترین وەرزی تەمەندا دەمدورێتەوە. هەرچەند پڕ بووم لە بۆنی عەتری ژیان مەرگ چڵ چڵ رۆحی عاشقمی هەڵوەراند. هێندەش ئازارم نۆشی، هێندە جەوری رۆژگارم بینی، هێندە غەدری نێو ژیان رایماڵیم، لە تاودا هانام برد بۆ ماڵی هاوڕێ خوێنە تاڵەکەم کە

مەرگە. لەگەڵ ئەوەشدا تۆ من ببەخشە خیانەتت لێدەکەم، پێش تێربوون لە ئامێزی تۆ، بۆ ژوانێکی جاویدانی دەست دەخەمە نێو دەستی مەرگەوە.

لیزا: ئای لەو قوڵپی گریانەی لە دەریای غەمگینی دڵمدا شەپۆل دەدات!!. ئێستاکە لە ئاسمانی دڵی مندا تنۆک تنۆک غەم دەبارێت.

ستیڤان: لە مردن دەترسێی یان لە دابڕان؟.

لیزا: لە مردن ناترسم، هەر ئەوەندەیە لە تەنهایی دەترسم، هەمیشە رقم لە تەنهایی بووە، حەزدەکەم جیهانێکی تر هەبێت لە پاش مردن، بۆ ئەوەی جاریکی دیکەش بەویستی خۆمان بتوانین ئەو کەسە بدۆزینەوە کە خۆشمان دەوێ.

ستیڤان: دەزانی منیش هیچ کات لە مردن ناترسم، لەو سامناکیی و بێدەنگییە دەترسم لە مەرگدا خۆی حەشار داوە، باشتر لە خۆم دەزانی سەرباری رەشبینییەکەم چەندە ژیاندۆستم، بەڵام لە راستیدا مەرگ پشوویەکی جاویدانییە!. من بەم تەمەنە کەمەوە بەجۆرێک هەست بە ماندووبوون دەکەم، دەڵێی هەزار ساڵە لە دایکبووم و کێو بە دەرزی شی دەکەمەوە!، بۆیە جارێک نوسیبووم مەرگ رزگارکەرە. تەنیا لە یەک روانگەوە لە مەرگ دەسڵەمێمەوە چی وزە و چالاکیی هەیە دەیوەستێنێت. پێم خۆشە کاتێک بمرم حەوسەلەی نووسین و عەشقم نەمابێت، خۆم دەخوازم لە وەها کاتێکدا بمرم، چوونکە نووسین و عەشق بۆ من داینەمۆی بەردەوامین لە ژیاندا.

لیزا: دەزانیت شتە زەحمەتەکان زۆر شیرینن، بۆ نموونە ژیان.!

ستیڤان: پیاوێکی سەرگەردانم و هیچ لە هونەری ژیانکردن نازانم، رقم لە ئەتەکێتی بۆرجوازیانە و لەسەر هیچ شتێگ ئۆقرە ناگرم.

لیزا: کاتێک ژیان هۆکارێک دەداتێ بۆ مردن، تۆ سەد هۆکار نیشانی مەرگ بدە بۆ ژیان!. لە پەنجەرەی ژیانەوە بۆ هەموو شتێک بڕوانە، بیر لە مەرگ مەکەرەوە، چوونکە ئەو هیچ پەنجەرەیەکی نییە بۆ روانین. پێویستە لە روانگەی ژیانەوە بۆ ژیان بڕوانین، چوونکە هیچ شتێک لە ژیان گرنگتر نییە بۆ تێگەیشتن لە خودی ژیان و چۆنێتی ژیانکردن.

ستیڤان: ئاخر پیاوێکی دڵشکاوم و لە دەمی ئاوابووندام. چاپلن دەڵێت بە قەد پێکەنینی خەڵک بە گرتە کۆمیدییەکانم بۆ خۆم لە ناخەوە گریاوم. ئەمە هەمان داستانی منیشە، بە قەد ناسکیی شیعرەکانم دڕک لە رۆحم چەقێنراوە، بە قەد میهرەبانیم بۆ کەسانی تر، ئازار دراوم. هێندەی پیتی شیعرەکانم غەدرم لێکراوە و دڵم شکێنراوە.

ئیدی ئاوا دەبم. راستە ئاوابووم بەڵام لە ئاوابوونیشدا تابلۆیەکی جوانم.!.

لیزا: هیچ شەوێک کۆتایی ژیان نییە، لە کۆتایی هەموو شەوێکدا دیسانەوە خۆر هەڵدێت و مزگێنی بەرەبەیانێکی نوێ دەدات، ئەم پرۆسەیەش پێی دەوترێت هیوا کە هەرگیز نامرێت. هەرگیزیش بێ ئومێد بە، لە یادت بێت جوانترین بارانەکان لە رەشترین هەورەکانەوە دەبارن.

ستیڤان: کاتم کەم ماوە لە ژیاندا، کاتێک بووم بەسووتوو لەگەڵ پاشماوەی یادگارییەکانم بژی، بەڵام کە بیرت کردم و من ون ببووم لە ژیاندا مۆمێک داگیرسێنە و سووتانی منت بیر بکەوێتەوە.

لیزا: نەخێر هەموو رۆژێک لەگەڵ یەکەم تیشکی هەتاو چاوەڕێی هەڵاتنی پێکەنینتم، هەموو شەوێک لەگەڵ یەکەم تریفەی مانگ چاوەڕێی وشکبوونی ئەسرینتم. ئاخر وەک گەڵایەک دەتبینم بە رەشەبای پایز سەما دەکەیت و لەگەڵ یەکەم گزنگی بەهاردا لە دڵی مندا دووبارە سەوز دەبیتەوە.

ستیڤان: بەم نزیکانە دەوەرێم و دەبمە بیرەوەریی. رۆژێک دێت بۆ تۆ دەبمە یادگارییەکی جوان، بەڵام پڕ فرمێسک. رۆژێک بانگم دەکەیت لە بری خۆم شیعرەکانم وەڵامت دەدەنــەوە. شەوێک مۆمێک هەڵدەکەیت بە دیار یادەوەرەییەکانی ئەم رۆژانەوە!. من لێرە نابم، بەڵام هەستت پێدەکەم تەنانەت ئەگەر لە دڵی خۆشتا ناوم بهێنی، من بەشێکم لە تۆ یان لە مێژووی تۆ، هەرچەند شنەبایەکی تەمەن کورتیش بم لە وجودی تۆدا، بەڵام هەمیشە لە چاوەڕوانی هەڵکردنەوەی ئەم شنەبایەدا دەبیت. لێ داخی گرانم من لەو شنەبایانەم یەک جار هەڵدەکەم و هەمیشە وەک خەیاڵێک و خەونێکی خۆش لە چینی یادەوەریتدا دەمێنمەوە.

لیزا: تۆ مافت نییە بمریت، مانگ بۆ دڵخۆشیی ئاسمان تیشکی داوێ، منیش بۆ خۆشبەختی تۆ تیشکی تەمەنم پەخش دەکەم.

ستیڤان: ئای لە تۆ!!. دەزانیت تۆ چیت لە من کردووە؟ زۆر زۆر بە توندیی منت بە ژیانەوە بەستۆتەوە، تۆیت ناهێڵیت بمرم!. ئەگەر لە سەرەمەرگیشدا بم بانگم بکەیت بۆ ژیان بە راکردن بەرەو تۆ دێم، چوونکە ژیان واتە تۆ، واتە زەردەخەنە شەرمنەکانی تۆ، واتە ناسکی و نیانی تۆ، واتە ئامێزی میهرەبانی تۆ.

**ــ٧ــ**

لیزا: زۆرجار وەک باخچەیەکی پۆشتەی پڕ گوڵ خۆت دەنوێنیت، زۆرجاری

تریش وەک درەختێکی رووتەڵە و زڕ و بێ گەڵا!.

ستیڤان: تۆ نازانیت گەڵاکانی پێکەنینم هەموو وەریون. کەچی وەک پیرە درەختێکی بێ گەڵا بە رووتی لەسەر پێی خۆم وەستاوم، هەرچەند تەوریشیان لە دڵ و لەشم دابێ قرنجاندوومی وشکی نەکردووم. گەلێک رەشەبا و گەردەلوولم بەزاند و خۆم راگرت لە بەردەم هەڵمەتی بێ بەزەییانەیاندا، کەچی ئێوە وا دەزانن ئەم وەریوییە تاوانی خۆمە، وا تێدەگەن سوچی خۆمە گەڵایەک بە قەدمەوە نەماوە ببێتە سەیوانی رێبوارێکی عاشق.

لیزا: کێشەم ئەوەیە تۆ هەستت ناجوڵێت بۆ ئەو هەموو عەشقەی من، لە کاتێکدا ئاگرێکم و هەر گڕم لێ دەبێتەوە!! تۆ هێشتا حاڵی نیت عەشقت منی ژیاندەوە لە هەمان کاتدا کوشتوومی!!.

ستیڤان: من ئەو یوسفەم فڕێدراومەتە بیری تەنهاییەوە، زولێخاکەشم نەک وازی لە عەشقم هێنا بەڵکو یەکەم کەس بوو لە بیری کردم.

لیزا: زۆرجار وەک جێنی مارکس ئارەزووم دەکرد پەککەوتەی سەر جێگا بیت بۆ ئەوەی خزمەتت بکەم و دڵنیا بم لە مانەوەت!، بەڵام هەنووکە دەخوازم چاک ببیتەوە لەو نەخۆشییە!. پەڕی نوێ دەر بکەیتەوە تاکو باڵی فڕین پەیدا بکەیتەوە، ئیدی گرنگ نییە بۆ کوێ دەفڕیت، گرنگ ئەوەیە بتوانیت بفڕیت. بفڕە بفڕە بە ئازادیی خۆت بفڕە، باڵندە نابێت بە ناوی خۆشەویستییەوە مافی فڕینی لێ زەوت بکرێت.

ستیڤان: تاکە شتێک لە تۆم بوویت ئەوەیە بە تایبەتمەندییەکانی خۆمەوە منت خۆش بوێت، من بە نیازی عەشق لە دەرگای دڵتم داوە، ناچار نیت دەرگاکە بکەیتەوە، بەڵام هەر کردنەوە خۆت دانێ بۆ یاری قورس و ریسک و سەرچڵی!!. من بەم جۆرە دەمەوێت بێمە نێو ژیانی تووە و رۆژەکانت بە تیشکی ئەوین رۆشن بکەمەوە.

لیزا: دوو کێشەم هەیە، یەکەم تۆ لە مردن دەترسیت، دووەمیش نەخۆشییە جەستەییەکەت ناهێڵێت ریسک و گەمەی دژوار بکەیت، بە پێچەوانەوە زۆر جار بە لاوازیی دەتبینم لە بەرامبەر نەخۆشیدا.

ستیڤان: بۆ نەخۆشی ناچەمێمەوە، من کرمێک لە نائومێدیی هەناوی خواردووم! فرمێسکەکانم نابینرێن تەنیا خۆم دەیانبینم و گوێم لە هاژەیانە!. چیرۆکی من چیرۆکێکە لە داستانە تراژیدییەکان، نە شکسپیر دەتوانێت بیکاتە شانۆنامە، نە کازانتزاکیس بۆی دەکرێتە رۆمان، نە گارسیا مارکیز دەرەقەتی گێڕانەوەی دێت. نە

هۆلیۆدیش سیناریۆی وا غەمگینی کردۆتە فیلم. من کوڕی منداڵدانی ژان و نەوەی ڕەسەنی دڵسووتانم. ئەوەی دەیڵێم دەزانم چییە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە خەڵک ناتوانن بگەنە نیوەی واتاکەشی، وەک ئەوەی بە زمانێکی هەسارەیەکی تر بدوێم.

لیزا: حەزم لە ئامێزی پڕ میهری تۆیە، جەستەی تەزیوم بە ئاگردانی ڕۆحت گەرم دەکەمەوە، دڵی پەرۆگەندەم لە ماڵی دڵتدا دەشارمەوە، تینوێتیم لە کانیاوی چاوە بەهارییەکانتدا دەشکێنم، وەک کۆترێکی بێلانە لە نێو پیاوێتی تۆدا هێلانەیەک بۆ خۆم چێ دەکەم.

ستیڤان: دەتوانم تۆ لە شیعرێکدا بنووسمەوە، نا، نا، چی ئاوی دەریاکانە بکەمە حیبر، سینگی سپی چی ئەستێرە هەیە بکەمە لاپەڕە، هێشتا ناتوانم میهرەبانی و جوانی تۆ بنووسمەوە، ناتوانم نیوەی هەستی خۆم لەو هەموو دێڕەدا جێگە بکەمەوە، چوونکە پانتایی هەموو کەون تەنگ و تەسکە بە بەری عەشقەکەمان!!. ئاخر من لە دڵی تۆوە هەڵدەقوڵێم جۆگەلە دەبەستم بۆ ناو ڕۆحت، تۆش لە عەشقی منەوە دەبارێی و ڕێچکە دەگریت بۆ ناو هەستم.

لیزا: عەشق پێویستی بە پاڵەوانە. ئاخر کاتێک عاشق بووم زانیم گەمە بە ئاگر دەکەم، ئاگرێک شەیدام بە تینی بسووتێم!. عەشق چیترە جگە لە توانەوە لە مەعشووقدا؟ ئێستا چرکە بە چرکە هەست بە توانەوەی خۆم دەکەم لە ڕۆحی تۆدا، هەست دەکەم پێویستە لە تۆدا بتوێمەوە و لە دڵتا چرۆ بکەم و سەر لەنوێ سەوز ببمەوە. ئیدی عەشق ئاوایە دەبێت خۆت لە مەعشووقدا ون بکەیت، هیچ پێناسەیەک بۆ خۆت نەهێڵیتەوە و جارێکی تر لە مەعشووقدا خۆت شوناس بکەیتەوە. عەشق وایە ئازارێکی شیرین و شیرینێکی پڕ ئازارە!!. عەشق قومارێکی سەختە، دەبێت خۆت بۆ دۆڕانی ژیانت ئامادە بکەیت، لێ دۆڕان و بردنەوە لە عەشقدا هەر یەک شتن، بەڵام دەبێت بزانیت لە عەشقدا ڕووبەڕووی شەپۆلە سەرشێتەکان دەبیتەوە کە ڕەنگە پەلوپۆت بشکێنن و بۆ هەمیشە نغرۆ بیت، عەشق پرۆسەیەکی سەختە و پاڵەوانی دەوێت. عەشق پێویستی بە پاڵەوانە! عەشق زۆرانبازییەکە هەزارەها پاڵەوانی بە شکستەوە هەڵداوەتەوە دەرەوەی گۆڕەپانەکە، بۆیە ئەگەر ڕۆحێکی سەرکەش و پاڵەوانانەت نییە هەرگیز بیر لە عەشق مەکەرەوە.!.

ستیڤان: ئای چەندە خۆشم دەوێی و لەوە دەچێت ڕەنگی تۆم گرتبێت،! ئێستا هیچ لە پێشووی خۆم ناچم و پێموایە ڕەنگی ئەوینی تۆم گرتووە!. من و تۆ حکایەتی

عەشقێک دەنووسینەوە لەوەتی دنیا هەیە بەخۆیەوە نەبینیوە، تۆ شانۆگەریی «رۆمیۆ و جولێت»ی شکسپیر بخوێنەوە لەوێدا بە روونی خۆمان دەبینیتەوە! من ئەمشەو کەوتمە ناو هەمان بارودۆخ کە «رۆمیۆ»ی تێدا بوو، ئەی «جولێت»ەکەم دڵنیام تۆش هەروا. بیر لەوە دەکەمەوە کاتێک دانتی «کۆمیدیای خواوەندی» نووسی «بیاتریس»ی خۆشەویستی خستە ناو دۆزەخەوە، بیرۆکەکەیم پێ سەیرە، هەرگیز ناتوانم کارێکی وەهات لەگەڵ بکەم، چوون هەموو شتێک لێرە پێچەوانەیە و ئەوی دەسووتێت لە دۆزەخی عەشقدا منم، ئای چەند خۆشم دەوێی دۆزەخی من!!. مەعشووقە شیرینەکەم ئەگەر بمەوێ ئەو عەشقەی خۆم بە وشە گوزارشت لێ بکەم لە گەورەییەکەی کەم دەکەمەوە، لەبەرئەوەی لە کەشێکی وەها عاشقانەدا دەژیم، هەرگیز وشە و زمان ناتوانن گوزارشتی لێ بکەن..ناتوانن هەرگیز.. ناتوانن هەرگیز.

-٨-

ستیڤان: ژیانم هەمووی پێچاوپێچ و تاریکە ڕێگایە، هەمووی کۆدی سەیر و سەمەرەیە. من خۆیشم نازانم چی دەکەم و چیم دەوێ لە ژیاندا، ئەوەی ئەمڕۆ داوای دەکەم و بڕوام پێیەتی سبەی لێی پاشگەز دەبمەوە!! ئەوەی خۆشی دەوێم لەسەر ئەم بزێویی و دەروونە پڕ کەفوکوڵەم دەبێتە سەرسەختترین نەیاری رۆ ژەکانی دواترم. ئەمە شتێکە هەمیشە و زۆرترین جار دووبارە بۆتەوە لە چیرۆکی ژیانی مندا.

لیزا: من لێت تێدەگەم، تۆ خۆت دەتەوێت وا ئاڵۆز بیت و خەڵک ماندوو بکەیت بە دیار تەڵیسمەکانتەوە!!.

ستیڤان: من هێشتا لە خۆم تێناگەم، کێ دەتوانێت لافی ئەوە لێبدات لێم تێدەگات؟!. باپیرە گەورەی ئیبلیسیش نازانێت چ جۆرە هەوڵێکم لەگەڵ بدات!! دەروونێکی هێندە مەحزوون و ئاڵۆزم جێگەی شۆکە بۆ هەموو زاناکانی دەروونناسی.

لیزا: پێویست ناکات خۆت ئاڵۆزتر بکەیت لەبەردەمم، من لەوە تێگەیشتووم کەسێکی لە خۆباییت!!.

ستیڤان: لێرە بەدحاڵیبوونێک هەیە، سەیرە بە کەسێکی لە خۆبایی ناوم دەبەیت!!، گومان لە ناسکیی هەست و ویژدانم دەکەیت!! منیش ناچارم ئۆباڵەکەی بخەمە پاڵ رۆحە بۆرجوازییەکەم!!، دەزانم تۆ پێدەکەنیت و هیچ ناڵێیت، ئەمە وێرانم دەکات و سەری شوشەم با دەدەم!!. سەیرە وەختێک دەبینم درۆکانم بە راستی و

راستییەکانیشم بە درۆ وەردەگریت!!. چارە رەشی لەوە زیاتر چی؟؟!!.

لیزا: تۆ کەسێکی ونیت، ئەمەش تاوانێک نییە بیدەمە پاڵت، خۆت نازانیت کێیت، دەبێت پێش هەموو شت خۆت بناسیت. ئەمە هەمان قسە کۆنەکەی سوکراتیشە!.

ستیڤان: پێشتر پێموابوو «زۆربا»ی یۆنانیم، دواتر خۆم وەک «دۆنکیشۆت» دەهاتە بەرچاو. هاوڕێیەکی کچم وتی: نا، تۆ «کازانۆڤا»یت!! برادەرە نزیکەکەشم دەیەویست خاڵە هاوبەشەکانی من و «ئاکلی شەقاوە»ی پاڵەوانی «سادق هیدایەت» بدۆزێتەوە!! کەچی ئەمشەو زانیم من «مۆرسۆ»ی کارەکتەری ناو رۆمانی «نامۆ»ی «ئەلبێرت کامۆ»م. هیوادارم لەمەش تێنەگەیت!.

لیزا: ئۆوو، باسی دۆنکیشۆتت کرد، دەزانیت هەر کاتێک دۆنکیشۆت دەخوێنمەوە بەدەست خۆم نییە ئەو نوخبە گاڵتەجاڕەم بیر دێتەوە ناویان رووناکبیران و سیاسەتمەدارانە؟ یان ئەو پاڵەوانە کارتۆنییانەی شمشێرەکانیان لە مقەبایە!!.

ستیڤان: هەر لە راستیشدا وایە، ناوەندیی رووناکبیریی وەک بازاڕی عوکازی لێهاتووە، تەنیا گوێت لە ژاوەژاو و هوتافکێشانە. ئەمەش پیشەی پیاوە بچووکەکانە، ئەوانەی قسەی گەورە و درۆی گەورە و ناپاکیی زۆر گەورە دەکەن.

لیزا: با بگەڕێمەوە سەر بابەتی سەرەکیی، تۆ کە مرۆڤێکی ون بیت دیارە هیچ ئامانجێکیشت نییە بۆی تێبکۆشیت. راستە وایە؟.

ستیڤان: هەموو مرۆڤەکان بە دوای شتێکی ونبوودا دەگەڕێن پێش ئەوەی بیدۆزنەوە دەمرن، جیاوازیی من ئەوەیە دەزانم بە دوای چیدا دەگەڕێم، بەڵام زۆرینەی خەڵک نایزانن من بە دوای گەوهەرێکی ونبوودا دەگەڕێم.

لیزا: کەواتە ئەو گەوهەرە ونبووە چییە؟.

ستیڤان: ئەوە ئەو کۆدەیە نابێت بکرێتەوە، ئەمە وەک ئەوەیە بتەوێت سەیری فیلمێک لە کۆتا گرتەیدا!!.

لیزا: ژیانت پڕ لوغزە، مەگەر ئەو کاتە بتوانین لێی تێبگەین بیۆگرافیای خۆت بنووسیتەوە و بڵاوی بکەیتەوە!.

ستیڤان: ئەگەر بیرەوەرییەکانم بنووسمەوە جەنگی جیهانی سێیەم بەرپا دەبێت، تەنیا ئەوەندە و بەس.

لیزا: من تێناگەم، تۆ بە زمانی هێما و کۆد قسەکانت دەدرکێنێت، وەک ئەوەیە داوام لێ بکەیت نووسراوێکت بۆ بخوێنمەوە بە خەتی هێرۆگلیفی پێش هەزاران ساڵ

نووسرابێت.

ستیڤان: دیارە گێلەکان زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە هۆشمەندەکان ناتوانن لێی تێبگەن!.

لیزا: ئێستا دەمەوێت ئەو پرسیارەت لێ بکەم، پرۆژەی داهاتووت چییە و دەتەوێ چی بکەیت؟.

ستیڤان: پرۆژەی داهاتووم بیرکردنەوەیە لە خودی خۆم. لە کاتێکدا پرۆژەی زۆرینە بریتییە لە گردکردنەوەی زۆرترین پارە، ئاخر سامان بۆ من زۆر گرنگ نییە، ببمە گەورەترین سەرمایەدار، نازانم چۆن بەکاریبهێنم و ڕێگای بەختەوەریی پێ نادۆزمەوە. سامان دەتوانێت ماوەیەک غافڵم بکات، بەڵام ناتوانێت باوەڕم پێ بکات خۆشبەختم. سامانم نییە و بێ سەروەتیی دەستی بۆ ئابڕووم نەبردووە، لە کاتێکدا زۆر کەس سەریان بە دەغیلە دەزانن و خستوویانەتە ژێر پێی جەلادێکەوە.

لیزا: ئەی پرۆژەت نییە بۆ باشترکردنی ژیانت؟. ڕاستە ژیان زۆر بەرز نییە، بەڵام تاکە سەرمایەشمانە!.

ستیڤان: تۆ خۆت ژیان هەڵنابژێریت، تەنانەت ڕەگەز و بنەماڵە و شوێن و کاتی خۆت و لە دایکبوونت هەڵنابژێریت. کەواتە ژیان چوارچێوەیە، تەنانەت لە چوارچێوەیەشدا بەربەست و تەلبەندی تر دێتە ڕێگەت و زۆرجاریش لە حەسرەتی گەمارۆکانی ناو ئەو چوارچێوەیە سەر دەنێیتەوە.

لیزا: ڕاستە ئێمە لە ناو خودی ژیانەوە بۆ ژیان دەڕوانین، ڕەنگە ئەگەر لە دەرەوەڕا سەیری بکەین، تێبگەین ژیان چەندە بێمانا و بێهودەیە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت عەقڵانیانە پلانێرەی ڕۆژانی تەمەنمان بکەین.

ستیڤان: مرۆڤ بوونەوەرێکی عەقڵانی ئەبستراکت نییە، لەگەڵیدا غەریزە کار دەکا. بەڵام هەمیشە عەقڵ بەلایەکی گەورە بووە و ڕێی لە ڕەمەک و هەستەکانت گرتووە و تەلبەندی کردوون.

لیزا: تۆ زۆر مەرگدۆستیت، ڕقت لە ژیانە و پڕیت لە کینە بەرامبەر بە ژیان؟ ئاخۆ مردن چیی هەیە بۆ بەخشین؟.

ستیڤان: مرۆڤی عەقڵانی هەمیشە وا هەست دەکات لە پێناوی کۆتاییدا دەژی کە مردنە. خەڵک مردن بە سەرەتای قۆناغێک دەزانن، لە کاتێکدا لای من کۆتایی هەموو قۆناغەکانە. تەنانەت هەر یەک قۆناغ دەبینم، مرۆڤ دەژی لە پێناوی مردندا.

لیزا: تۆ تەنهایی کاری زۆر کردۆتە سەر روانگەکانت، پێویستە ببیتەوە بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.

ستیڤان: من لە دەرەوەی کۆمەڵ دەژیم، ئەمە تەفسیرێکی جوگرافیی نییە، بەو مانایەش نییە ژیانم لە ناو ئەشکەوتدایە، بەڵکو لە نێو حەشاماتی خەڵکدا هەست بە تەنیایی خۆم دەکەم.

لیزا: کەواتە ژیان لای تۆ چییە؟.

ستیڤان: کەس نەیتوانیوە وەڵامی ئەو پرسیارە ناماقووڵە بداتەوە، ئایا ژیان خەونە، یان خەون ژیانە؟.

—٩—

ستیڤان: تۆ هەمیشە رەخنەی ئەوەم لێدەگریت، مرۆڤێکی رەشبینم، بەڵام تۆش زیاد لە پێویست غوربەت رۆحێکی گووشیویت.! من هێشتا نازانم تۆ باسی کام جۆرە لە غوربەت دەکەیت؟.

لیزا: غوربەت تەنها رەهەندێکی جوگرافیی نییە، بەڵکو کوشندەترین جۆری غوربەت نامۆبوونی رۆحییە!.

ستیڤان: پێتوانەبێ غوربەتی جوگرافیش شتێکی کەمە! بە»پاپلۆ نیرۆدا»یان وت: تۆ وشەی رەگ لەشیعرەکانتدا زۆر دووبارە دەکەیتەوە، ئەم رەگوریشە زۆرە لەبەرچی لە شیعرەکانتدا هەن؟ نیرۆدا لە وەڵامدا وتی (من ناتوانم بژیم ئەگەر لە خاکەکەی خۆمدا نەبێ، من ناتوانم بژیم بێ ئەوەی قاچ و دەست و گوێم لەسەر خاکی نیشتمانەکەم دابنێم، من ناتوانم هەناسەبدەم بێ ئەوەی هەست بە سوڕانەوەی ئاو و سێبەر بکەم، من ناتوانم نەشونما بکەم بێ ئەوەی هەست بە رەگەکانم بکەم کە لەناو قوڕی رەشدا لە خودی دایک لە کرۆکی بنەچەدا دەگەڕێن).

لیزا: کارەساتی من و تۆ ئەوەیە تاراوگە مۆرانەی رۆحە و نیشتمانیش کورەی مەرگ. کاتێک لە تاراوگە دەبیت بە ژمارەیەکی بێ ئەرزش، هەست بە ونبوونی خۆت دەکەیت. تاراوگە واتە دیوێکی تری تەنهایی، زۆر سەختە لە ناو حەشاماتی خەڵک و جەنجاڵی شارەکاندا هەست بە تەنهایی بکەیت. تەنهاییەک هیچ کەسێک نەبێ جوانی و خۆشی و ساتە شادەکانی لەگەڵ بەش بکەیت، ئاخر جوانی و خۆشی و شادییەکانیش پێویستیان بە بەشکردنە لەگەڵ کەسانی تردا.

ستیڤان: تاراوگە واتە تەنهاییەکی کوشندە، تەنهاییەک وەک مۆرانە بەردەبێتە

رۆحت، بەردەبێتە خەیاڵە ئیستاتیکی و خەونە تەژی فەنتازییەکانت. ئێستاش بە یادی ئەو نیشتمانەوە دەسووتێم کە دووجار لەلایەن دەسەڵاتی خۆماڵی و دەسەڵاتی بێگانەوە ئیغتساب کراوە، ئای نیشتمانە بێ نازەکەم، دووریت جۆرێکە لە سووتان و ژیانیش لەناوتا جۆرێکی ترە لە سووتان. ئێستا لەم دوالیزمەدا نازانم کامیان هەڵبژێرم، سووتان لە دووریت یان سووتان لە ناو کورەی پڕ تینی ئامێزی تۆدا؟ خۆشم نازانم. خۆشم نازانم.

لیزا: ئای من کێم جگە لە ونبوویەک لە وڵاتی سەهۆڵ.! غوربەت وەک ئەسپ ساڵەکانی تەمەنم بە دوای خۆیدا رادەکێشێت بەرەو هیچ. غوربەت وەک ئاگر خۆزگەکانم دەسووتێنێت. غوربەت وەک کابووس خەونە شیرینەکانم دەزڕێنێ. غوربەت وەک پوازێک منی لە ئامێزی نیشتمان جیا کردەوە. ئیلاهی چەند حەز دەکەم ئەم خەونە تاڵە خەونێک بێ و ئێوارە لە باخێکی شارەکەم ژوانێکم هەبێت.

ستیڤان: ئەوەی لە عەشقدا ون بێت دواجار لە ئەشکەوتی دێوانەبووندا خۆی دەدۆزێتەوە. ئەوەی لە غوربەتدا ون ببێت دواجار لە دۆزەخی تەنهاییدا خۆی دەدۆزێتەوە، ئەوەی لە زادگە و نیشتماندا ون ببێت هەرگیزا و هەرگیز ناگاتەوە بە خۆی.

لیزا: لەو شوێنەی هەست بە نامۆبوونی خۆت بکەیت، نازانیت دەژیت یان مردوویت؟. نازانیت بە چ ڕێگەیەک خۆت لەو ئەختەبووتەی نامۆیی رزگاری بکەیت تا خۆت لە دەستێکی رزگار دەکەیت سەدان دەستی تری دەتگرێت و ناهێڵێت بڕۆیت؟!.

ستیڤان: لە راستیدا من بێزارم لە خۆم، لە مرۆڤ، دەمەوێت تەنهایی لە ئامێز بگرم. هەر کەس بە نیازی پارەدیس بێت لەسەر دەستی مرۆڤ مەحکوومە بە دۆزەخ. هەتا ماوین دەبێ بەردەکەی سیزیف بێهودە سەربخەین بۆ سەرەوە و ئێوارەش خلۆر بێتەوە. ژیان خۆی پووچە لەوەش پووچتر گەڕانە بە دوای بەختەوەریی ژیاندا. مەرگ فریادڕەس و راستییەکی تاڵە، بەڵام ژیان درۆیەکی شیرینە.

لیزا: تۆ هەمیشە بە مەرگ دەمترسێنیت. ئاشقتم ئەی یار، تۆ بۆ دەمسپێریت بە غروب کە من یەکەم تیشکی گزنگم؟ تۆ بۆ دەمترسێنیت بە مەرگی خۆت لە کاتێکدا من خەندەیەکی شەرمنی ژیانم؟ تۆ بۆ دەمسپێریت بە پایز و خەزان کە من گوڵی گەشی ئەوینم؟!!.

ستیڤان: تۆ سەیری فەلسەفەی شوپنهاوەر بکە، چیرۆکی ئەو مەتعەمچییە

بهێنرێتەوە یادت وێنەی تابووتێکی گەورەی کێشابوو. دوای ئەوەش بیر لە وتەیەکی کیلەر بکەوە کە دەڵێ: مردن سامناک نییە، سامناکی ئەوەیە بمریت. ئەوەم پێچەوانەوە کردۆتەوە و دەڵێم ژیان سەخت نییە، بەڵکو سەختییەکە ئەوەیە بتوانیت ٦٠-٧٠ساڵێک بژیت. ئاخر لەم هەموو ساڵەدا چی دەکەیت؟ ئەم قەوانە سواوەی ژیان چی مانایەکی هەیە؟. بروام پێ بکە تەنیا عەشقت منی بە ژیانەوە بەستۆتەوە، هیچ هۆیەک نابینم بۆ ئەوەی درێژە بە ژیان بدەم، جگە لەو کاتانەی بۆ دڵخۆشی تۆ نەک خۆم بەسەری دەبەم، ئیدی ئەوە هەموو ژیانەکەیە. سەیری فیلمی تایتانیکیش بکە، هەست دەکەم هەموومان لە پاپۆڕێکی لەو شێوەیەداین و بەرەو چارەنووسی خۆمان دەڕۆین. قسەکەی داپیرەم لە هەموو فەلسەفەکانی دنیا راستترە: ئێمە هەموومان گیای مردنین.

لیزا: راستی وەک گۆران ئەڵێ «هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم، بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم» منیش لە ناخەوە حەزیایەک دەمخوات، گەرووم پڕە لە وشە، خەیاڵدانم مەشخەڵی ئاگرێکی بەتین تێیدا یەکەم جەخماخەی داوە، هەرچەند دەکەم ناتوانم گوزارشت لەم هەستە پەنگخواردووە بکەم، زمان لەوە دەست و پێ سپیترە بتوانێ ماف بدات بە شتێک کە لە ناخی مندایە و گەرووی تاساوە.

ستیڤان: بە هەرحاڵ، ئێستا من رۆژانە دەخۆمەوە زۆر زۆر دەخۆمەوە، کهول بووە بە پێکهاتەی سەرەکی جەستەم، رۆژێک دێ وێنەکەم دەخەنە سەر شوشەی خواردنەوەیەکی کهولی. هەست ناکەم کارێکی خراپ دەکەم چوونکە بێ هۆشی لەوەی لەم ولاتەدا روو دەدات زۆر لەوە باشترە بە ئاگا بیت. ئەوەندە ناسک بوومەتەوە بۆ دڵۆپە بارانێک دەگریم، بۆ هەڵمەتی رەشەبا بۆ سەر لقی سەوزی دارێک جەرگم ژان دەکات، بۆ ئەو پەروانەیەش دەگریم تینی رووناکی دەیسووتێنێت، چوونکە خۆمم بیر دەخاتەوە. لە ئێستادا هەست دەکەم چیتر نیم جگە لە کهولیسێکی پاسیڤ، ئەم ژیانە زۆر لەوە زبرترە جێگەی ئەو هەست ناسکییەی ئێمەی تیا ببێتەوە، مەرگ تاکە فریادڕەسە، بیر لەوە بکەرەوە کاتێک هەمەنگوای بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هینا و دوا پەیڤی خۆی بەم شێوەیە جێهێشت: کوێرەوەریی مرۆڤ هەرگیز لە بن نایەت.

—١٠—

لیزا: ئەوەی لە تۆدا وەک ئەڵماس دەدرەوشێتەوە، ئەوەیە هیچ کات لە بەرامبەر بە پارە و ساماندا لاواز نیت!.

ستیڤان: زۆرجار بیر دەکەمەوە، جیاوازیی حەوجۆش و پارەی کانزایی چییە؟ جیاوازیی کاغەزی گوڵەبەڕۆژە و دۆلار چییە؟ تەنیا ئەوە نەبێت وەهمەکانی مرۆڤ بەهای بەوەی دووەمیان داوە.

لیزا: ئەمە هەمان پێناسەی منە تەنانەت بۆ خودی جوانیش!. پێموانییە هیچ شتێک جوان بێت، بێ ئەو بەهایانەی لە ناویدا دەردەکەون، خۆشەویستی جوانە، چوونکە هەڵگری بەهای یەکترویستن و توانەوەی گیان و جەستەیە لە یەکتردا، بۆ نموونەی توانەی منە لە تۆدا!. ماچێک یان باوەشێک هێمایەکی فیزیکیی ئەو توانەوەیە، بەڵام توانەوەی هەست و سۆز بێ ئامادەگیی فیزیکیش لە ئارادایە!. کەواتە من دەمەوێ پرۆسەکە بگەیەنمە کەماڵ، زۆر دەمێکە شەپۆلەکانی هەستم تێکەڵی کەناراوەکانی سۆزت کردووە، دەبا ئیتر مەلی جەستەم لەناو جەستەی تۆدا هێلانەیەک چێ بکات.

ستیڤان: تۆ بابەتەکەت بەلایەکی تردا راکێشا، لە باسی پارەوە بازتدا بۆ سەر پرسی خۆشەویستی!.

لیزا: من دوور نەکەوتوومەتەوە لە ناوەڕۆکی قسە، تەنها روونکردنەوەم دا لەسەر بەهای شتەکانی ناو ژیانمان، پارە کاغەزێکی بێ بەهایە و لە بازاڕ و ئابووریدا بەهای پێدراوە، ئەگەرنا ئەو خودایە نییە وەک ئەوەی ئێستا دەپەرسترێت!.

ستیڤان: لە راستیدا پارەپەرستی بتپەرستییە، بیر بکەوە مرۆڤی پێشان لە بەرد و قسڵ خودایان دەئافراند و دەکەوتنە پەرستنی، مرۆڤیش خۆی پارەی ئافراندووە و کەوتۆتە پەرستنی. بە پێچەوانەی ئەو بتانەی لە دوورگەی عەرەبیدا لە خورما دادەتاشران و لە کاتی تەنگانەدا دەکەوتنە خواردنی.!

لیزا: کەواتە تۆش لەناو هەمان پێناسەکەی مندا نموونەت هێناوە، بەڵام زۆرینە خودایان پارەیە، عەشق و ژیان لە خوار پارەوە دەبینن. ئێمە چۆن دەکرێت ئەو پێناسانە راست بکەینەوە؟.

ستیڤان: کاری من و تۆ نییە پێناسەکان دابڕێژینەوە، گرنگ ئەوەیە نەکەوینە دوای ئەو زۆرینەیە ئاینیان دۆلارێکە و قیبلەشیان بازاڕی رەش!.

لیزا: دوژمنایەتیکردنی زۆرینە بە جۆرێک لە جۆرەکان، ترسناکە. لە کاتێکدا

زۆرینە بوونەتە مێگەلێک بۆ پارە شوانە دڵڕەقەکانیان ڕێی سەختترین کێوەکانیان پێ تەی دەکات.

ستیڤان: هەر لەبەرئەوەشە من کەسێکی خۆشەویست و قبوڵکراو نیم لای زۆرینە، چوونکە دەبینن لە مێگەلەکە یاخی بووم، بەڵام ئەوان چێژ لە مێگەلبوونی خۆیان وەردەگرن، وەک ئەو جۆرە بولبولەی پاش راهاتن لەگەڵ ژیانی ناو قەفەز، هەزار جاریش دەرگای قەفەزی بۆ بکەیتەوە، ئارەزووی فڕین ناکات!.

لیزا: کەواتە ئەمەش خاڵی ناوکۆیی من و تۆیە، لەبەرئەوەی هەوڵدەدەم دوای قوڵبوونەوە و خەملاندن و رامانێکی زۆر قەناعەتەکانم چەندیش ترسناک بن مانیفێست بکەم. لەوە نەترساوم لە پاشەوە گوللە لەسەرم دەدرێ یان بەشێوەی گەلە گورکێک شالاوم بۆ دێنن.

ستیڤان: جیاوازییەکەشمان ئەوەیە، من رەخنەی توند بە زمانێکی سۆفت و هێمن دەنووسم و حەزدەکەم بابەتی و عەقڵانیی بم لە شرۆڤەکردندا، نەک هەمان ئەو کەسەی لە شیعر و عەشقدا بوونم هەیە کە کەسێتییەکی عاتیفی و هەستەکیم، ئەم باڵانس راگرتنە کارەکەمی سەختتر کردووە.

لیزا: تەنیا ئەوەندە دەزانم مێشکم بورکانی وشەیە و دڵیشم کانگای عەشق، کاتێک تۆ دەبینم گڕکانی وشە بە زاخاوی دڵم دەبێتە شیعر!. کاتێکیش دەخوێنمەوە لە نێو هەموو رستەیەکدا بۆنی هەناسەت دەکەم!!.

ستیڤان: منیش دوو شت دەکەم لەگەڵ خوێندنەوەدا: بیردەکەمەوە و جڵەو شل دەکەم بۆ خەیاڵەکانم و بەربەستیان ناکەم، دەتوانم بڵێم زۆر کۆنتر و لە کۆڵانە دێرینەکانی خەیاڵدا تۆم لە زۆر بۆنە و جێگەدا دیوە!.

لیزا: من بێ هۆ خۆشم دەوێی، ناشزانم بۆچی خۆشم دەوێی! تەنها ئەوەندە دەزانم رۆحت هەزاران ساڵە لەگەڵ رۆحم ئاوێتە بووە و وەک دوو کۆتر بە ئاسمانی عەشقدا بە تەنیشت یەکەوە دەفڕن، لەوانەی ئەو دوو رۆحە جەستەمان لە یەکتر نزیک بکەنەوە، بەڵام هیچ کات جەستەمان لە یەکتر نزیک نابێتەوە رۆحمان لە یەکدی جیا ببنەوە و رێی ئاسمانەکانیان جودا بکەنەوە، رۆح لێرەدا ئەو مانا ئاینییەی نییە وەک هێزێکی نادیار پێناسەی دەکرێت، بەڵکو مەبەست لەو شەپۆلانەی هەست و سۆزە وەک تەزووی کارەبا پێماندەگەن.

ستیڤان: بیر لەوە دەکەمەوە دەبێت پێناسەکردنمان بۆ مەرگیش بگۆڕین، مەرگ

خاڵی کۆتایی عەشقم نییە بۆ تۆ، بەڵکو سەرەتایەکی ترە!، من ون دەبم و تۆش لەناو دڵی خۆتدا دووبارە دەمدۆزیتەوە، بڕوام بە دۆنادۆن هەیە و ئێواران سەیری ئاسمان بکە وەک باڵندەیەکی غەمگین بەسەر تۆدا دەفڕم، تەنێ ئەوەیە بە مردنم لە زەوییەوە بەرەو ئاسمان دەڕۆم، بەڵام خۆ هەر لە گەردوونی تۆدام!.

لیزا: تۆ نامریت کە من ئێستا داستانی عەشقمان بە شیعر دەنووسمەوە. دڵم دەگری و دەستم دەلەرزێ و ئارەقێکی بۆنخۆش دەکەمەوە ئەو ساتەی دەستدەکەم بە نووسینەوەی تۆ لە شیعرێکدا!. ساتەوەختی تەواوبوون دەڵێم وای لە من چی جوانیم بیر چووە و چی هەستم ماوە بیکەمە دێڕەکانەوە لە پەسنی خۆشەویستیدا. بەم جۆرە دووبارە لەناو هەمان تەقسدا شیعرێکی تر دەنووسم، شیعرەکان هێدی هێدی دەبنە دیوانێک و دوو دیوان و چەندان دیوان، هێشتاش دڵم تێرئاو نەبووە لەو شیعرانەی لە سرووتێکی دێوانانەدا بۆ تۆ دەیاننووسم و کاتێک ئاوڕ دەدەمەوە بوومەتە داپیرەیەکی پشت چەماوە و لە کونجی تەنهاییدا لەگەڵ ئەو شیعرانەدا دەژیم باسی تۆم بۆ دەکەن، من ئەم سوورە ناودەنێم سووری راستەقینەی ژیان!.

ستیڤان: ئای خودایە لەو هەموو هەستە جوانە. چەند بەختەوەرم کەسێک بەم شێوەیە هۆگری ژیانم بووە، لە کاتێکدا وەک پاشەڕۆکێک فڕێدرابوومە ناو زبڵدانی کۆمەڵگەوە!!.

لیزا: نەخێر تۆ ئەڵماسیت و دەگمەنیت. ئەگەر دیقەت بدەین خۆڵ و خاشاک لەهەموو شوێنێک دەبینین، لانیکەم لەسەر شەقامەکان دەبینین چەندان تەنەکەی گەورە گەورە بۆ پاشماوە و خاشاکە بێ ئەرزشەکان دانراون، بەڵام کێ دەتوانێت گەنجی ئاڵتون و گەوهەر لەسەر جادەکان بدۆزێتەوە؟ ئەمە پێناسەی تۆیە لە روئیای مندا. دەبێت قووڵایی دەریای شیعر و گەنجینە دوورە دەستەکانی خەیاڵت بۆ بگەڕێین، نەمدەویست بەم روونییە دانپێدانانی خۆمت بۆ بدرکێنم، بەڵام ناچارت کردم.

ستیڤان: من هەموو شەوێک دێمە خەونت، تۆ لە خەونی هەموو شەوەکانمدایت، بێ ئەوەی دووبارەی بکەمەوە دەڵێم دڵم زێیەکە لە شیعر و ئەوین، بە بەرچاوی هەموو سروشتەوە دەڕژێتە رووباری چارەنووستەوە.

لیزا: من بێ ماندووبوون هەموو رۆژێک نامەت بۆ دەنووسم، نامەکان هەموو دەگەنەوە بەیەک شت، دێڕەکان هەموو دەگەنەوە بە یەک شت، پیتەکان هەموو دەگەنەوە بە یەک شت، ئەو شتە من و تۆین! من و تۆ گوولدانێکی سوورین لەبەر

پەنجەرەی عەشقدا دانراوین. ئیدی وا نەزانی کانگای شیعرم لە هەڵقوڵان دەوەستێت، چوونکە پەیمانم بە شیعر داوە تاکو تۆ هەبیت پرچی تەڕترین هۆنراوەت بۆ دابهێنم.

ستیڤان: خۆشم دەوێی، بیرت بێت لە چ سەختییەکی ژیاندا عەشقی تۆم لە بیر نەکردووە، تۆ دەبێت نەهێڵیت بمرم، زۆر ئیشم ماوە و هیچ خەونێکم نەهاتۆتە دی!!. ئاخر هەمیشە لە شەودام و ڕۆژی من مەرگە بۆیە نامەوێ هەڵبێ!!، ئێستا وەرە تەنیشتم یەک ماچم بکە، تاکوو هەزاران ساڵ تامی بکەم.

لیزا: لەسەر هەموو شوێنێکی جەستەت سروودی ماچ دەنووسمەوە، لەناو تۆدا وەک پشکۆیەک بەهێمنی گەشاومەتەوە.

ستیڤان: بیرمە یەکەم سات نیگای گەرمت دڵی منی وەک تەنوور گەرم کرد، بیرمە یەکەم چرکە سیحری چاوەکانت تۆوی عەشقی لەناو ڕۆحمدا چاند.

لیزا: ژیانی هاوچەرخ عەشق تەنانەت سێکسیشی خاڵی کردۆتە لە بەها و مانا راستەقینەکەی خۆیان!.

ستیڤان: مرۆڤی هاوچەرخ چەند لە ڕووی تەکنۆلۆژییەوە گەشەی سەندووە هێندەش لە بەها بەرزەکان پاشەکشەی کردووە! عەشق بووەتە حکایەتێکی گوێ ئاگردان و زۆرترین پرۆسەکانی سێکسیش بریتین لە پرۆسەیەکی میکانیکی رووت کە لە بری چێژ بەخشین، مرۆڤ ماندوو دەکەن.

لیزا: چۆن دەکرێت عەشق سێکسی تیا نەبێت یان سێکس عەشقی تێدا نەبێت؟.

ستیڤان: سێکسی بێ عەشق تاوانە و عەشقی بێ سێکس پووچە. ئەمەش تازەترین پێناسەی منە بۆ عەشق.

لیزا: تازەترین پێناسە بۆ عەشق ئەوەیە، عەشق پێناسە ناکرێت!.

ستیڤان: پێناسەکردنێکی جوان بوو، خۆی لە خۆیدا ئەمەش پێناسەیەک بوو. بەڵام من عاشقی تۆم، ئەو گوڵە بەهارییەم لە پایزی دڵتدا دەڕوێم. ناهێڵم کریستاڵی دڵت درزی تێبکەوێت.

لیزا: لە شکاندنی شوشەی دڵمدا، تاکە زیانمەند هەر خۆتیت.

ستیڤان: وایە، دڵ وەک بلوری چرا وایە، وریای نەبیت نەک هەر دەشکێت بەڵکو خۆت ئامادە بکە بۆ تیغبوون بە پارچە شکاوەکانی ئەو بلورە ناسکە! دڵی منیش لەو بلورە ناسکترە، بەڵام زۆر سامناکانە تیغت دەکات و زامی قووڵ لە تۆدا دروست دەکات!!.

لیزا: گوومان لە عەشقت دەکەم، ئاخر چۆن دەتوانیت کەسێک تیغ بکەیت بەشێک بووە لە وجودی تۆ؟! .

ستیڤان: من وردوخـاش دەبم و تۆش یاریی بە پارچەکانم دەکەیت، ئەوە دەتبرێت!! شووشەی شکاو چ گوناهێکی هەیە لە کاتێکدا خۆت وردوخاشت کردبێت؟!.

لیزا: کەواتە کاتێک هەموو شتەکان دەدۆڕێنیت تەنیا عەشق دەتهێنێتەوە مایە، کاتێکیش لە عەشقدا دەدۆڕێیت هیچ سەرکەوتنێکی تر ناتهێنێتە مایە!.

ستیڤان: نیتچەی فەیلەسووفی ئەڵمانی هەمیشە ئەمەی دەگووتەوە «مرۆڤ بوونەوەرێکی ناتەواوە، هەر کاتێک خۆشم بووێت، خۆشەویستییەکەی دەمکوژێت!» ئەوەتا منیش ئەوەندە تۆم خۆشدەوێت و هێندە قووڵ ڕۆچووم لە ئەویندا بواری گەڕانەوەم نەماوە، هەروەک ئەوەی لە بەرزاییەکەوە فڕێدرابمە خەرەندێکەوە، بەدەم ئازاری ئەو عەشقەوە دەمرم. ئەمە قسەیەکی تۆقێنەرە، بەڵام چەندیش ترسناک بێت قسەی مێشکی خۆم دەکەم.

لیزا: منیش لەسەر چوار ڕێسا چینییەکە خۆشمدەوێی! ئەوانیش بریتین لە: مایتری واتە هونەری دڵخۆشکردنی خۆشەویستەکەت. کارۆنا واتە لابردنی لابردنی ناخۆشییەکانی سەر ڕێی خۆشەویستەکەت. مۆدێتا واتە هەستکردنی بەردەوام بە خۆشی خۆشەویستییەکەم. ئۆپیشکا، واتە هاوسەنگی لە نێوان خۆم و خۆت، بەو جۆرەی من هەر تۆم و تۆش هەر من. کەواتە هەرگیز مەڕۆ لە جوگرافیای دڵی من.

ستیڤان: بە من مەڵێ مەڕۆ، چوونکە نە قاچی ڕۆشتنم ماوە، نە باڵی فڕین. تۆ پێتوایە لەو گەردوونەی خۆم کە هەر تۆیت دەتوانم بۆ کوێی تر بڕۆم؟ گەردوونێکی تر لە کوێ بدۆزمەوە؟.

**-١١-**

لیزا: لە عەشقدا دوو مرۆڤ بوونی نییە، یەک مرۆڤ هەیە، یەک جەستە و هەست و نەست و ڕۆح هەیە. ئەگەر عاشق هەست بە ئازارەکانی مەعشوق نەکات و ئازاری پێوە نەکێشێت، ئەگەر غەمەکانی عاشق دڵی مەعشوق دانەخورپێنێ، ئەو پەیوەندییە هەرچییەک بێت عەشق نییە. کافکا وتەنی «سەری هەر سەدەیەک تەنیا یەک عاشق دەردەکەوێت». لەبەرئەوە عەشق کردەیەکی دەگمەن و شازە، بۆیە مەرج نییە هەموو پەیوەندییەک سەرەنجام بگاتە عەشق، ئەگەر پەیوەندیی لە دامێنی پرۆسەکەدا بێت، عەشق دوا پلە و خاڵی کۆتا و باڵایە.

ستیڤان: عەشق دەبێت بەرچوو «موعجیزە» بخوڵقێنێت، ئەگەر وا نەبوو لە شوێنێکی تر و لە ژێر ناونیشانێکی دیکەدا بۆ پەیوەندییەکەت بگەڕێ. عەشق دەبێتە تاڵاوت لا بکاتە شەربەتی ژیان، دەبێت مازۆخی بیت و ئازار بە خۆشیی لێکبدەیتەوە و وەک بادە بینۆشیت. عەشق بە حوزن و کارەسات کۆتایی دێت، ئەگەر هەموو لەحزەکانت هەر شادیی و ئاهەنگ و قاقا بێت، ئەوە بزانە عەشقت دۆڕاندووە، لە مەملەکەتی ئاهەنگ و کەیف و سەما مافی پەنابەرێتی هەمیشەییت وەرگرتووە. عەشق چاوبازیی و دەستبازیی نییە، وەلێ لە نیگایەکەوە دەستپێدەکات و بە ئازارێکی جاویدانی و فەوتانێکی پڕ لە سوێ کۆتایی پێدێت.

لیزا: عەشق چییە و چیش نییە؟ عەشق هەموو شتێکە و هیچ شتێکیش، عەشق بە دەست ناگیرێ، بە چاو نابینرێ و بۆن ناکرێت، کەچی باری قورسترین ئەرک لە ئەستۆمان دەنێ!!، بێ ئەوەی هەست بە لەرینەوە و بزاوتنی بکەین، پاڵمان پێوە دەنێت بۆ دروستکردنی ئەفسانە و خوڵقاندنی بەرچوو، بێ ئەوەی رەنگی دیار بێت، رەنگی خۆیمان پێدەبەخشێت، بێ ئەوەی تامی لە توانای وەسفکردندا بێت، هەموو ئازارێک دەکاتە باسوق، هەموو رێگەیەکی پڕ کۆسپ و کەندەڵان لە بەردەمماندا دەکاتە ساباتێکی دڵگیر و کەژێکی تژ لە گوڵ و دیمەنی دڵڕفێنی ژیان.

ستیڤان: عەشق دەمانکاتە کۆیلە و دیلی مەعشوق، وەلێ ئازایەتییەکی تەواومان پێدەبەخشێت. لە عەشقدا هێندە ئازا دەبین، سڵ لە هیچ ناهەمواربیەک ناکەینەوە، کەچی هێند سەیرە، ئەوەندەش ترسنۆک دەبین، وا دەزانین کۆتایی عەشق، کۆتایی هەموو شتێکە لە پێشیانەوە کۆتایی خۆمان، واتە کۆتایی فیزیکیی و رۆحی خۆمان وەک بوونەوەرێک.

لیزا: عەشق پێناسە لە خۆ ناگرێت و کورت ناکرێتەوە بۆ چوارچێوەی یەک پێناساندن، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ خووی ئەکادیمییە شارەزاکان کە فێربوون پێناسەیەکی دیاریکراو ببڕن بە باڵای هەموو شتێکدا. قەتیسکردنی عەشق لە بۆتەی یەک پێناسەدا، هەوڵێکە بۆ تیرۆرکردنی، تەقەلایە بۆ سنووربەندکردنی لە میانەی یەک چێوەدا، ئەوەش پەلوپۆکردن و رووتکردنەوەیەتی لەو مانا و تان و پۆ بەربڵاو و گشتگیرەی هەیەتی.

ستیڤان: ئایا هەمووان دەتوانن عاشق بن؟. ئایا هەمووان دەتوانن ئاڵای عەشق بە دەستەوە بگرن؟. ئاخر چۆن هەمووان ناتوانن ببنە پێغەمبەر، هەمووان ناتوانن

ببنە جادووگەر و ئەستێرەناس، ئاوهاش هەمووان ناتوانن ببنە عاشق!. بۆ ئەوەی تۆ ببیتە عاشق، پێویستە رەنج و زەحمەتێکی زۆر بکێشیت و لە پێش هەر شتدا، ئازایەتی رووبەڕووبوونەوەی مەرگ و شەپۆلە سەرشێتەکانی عەشقت هەبێت!!، زۆر گرنگە رۆحێکی سەرکەش و یاخی وەهات هەبێت، سڵ لە هیچ کۆسپ و تەگەرە و تێکشکانێک نەکاتەوە و چاونەترسانە لە بەرامبەر لۆمەی کولتوور و چەقۆی بەدحاڵیان و پیلانی مەرگەوەرەکان بوەستێتەوە.

لیزا: عەشق پێش هەر شتێک ئامادەبوونێکی رۆحییە بەرلەوەی ئامادەبوونێکی فیزیکیی بێت. رۆحی دیلکراو، رۆحی بەدگومان، رۆحی ئاخنراو بە رک و قین، ئەگەر هەزاران ساڵیش تەمەن بگوزەرێنێت، نەک هەر نابێتە عاشق، بەڵکو لەسەر رێگەیەش چانسی بینین و چاکوچۆنییەکی لەگەڵ عەشقدا نییە. عەشق هەزاران میل و فرسەخ، هەزاران دۆڵ و نشێو، لەم رۆحانەوە دوورە و هیچ کات لە وەخت و ناوەختدا لە قاپی ئەم جۆرە رۆحانە نادات.

ستیڤان: بەختیار عەلی وتەنی «عەشق جەنگە». ئازاترین سەرباز و بوێرترین ژەنەراڵ دەبنە قارەمانی جەنگ، نەک ئەو ترسنۆکانەی لە پەنا و پەساردا بە دوای جێگەیەکی دڵنیادا دەگەڕێن. ئەوەی سنگی دەنێت بە گوللەوە، هەر سنگی ئەو میدالیای پێدا دەکرێت، ئەوەی لە جەنگدا هەڵدێ لە دواوە دەپێکرێت. ئەوەشی عەشق دەباتەوە ئەو عاشقەیە بێ ترس و دڵەڕاوکێ رووبەڕووی دەبێتەوە، ئەوەی عەشق دەباتەوە ئەو کەسەیە بەرگەی ئازارەکانی رێگەی گرتووە و هەزارەها جار بە گوللەی عەشق پێکراوە و بە جەستەی خەڵتانی خوێنەوە نەبەردی تۆمار کردووە.

لیزا: بەڵێ ئەگەر عەشق جەنگ بێت، رایدەگەیەنم من گەورەترین سەروان و ژەنەراڵی ئەو ئیمپراتۆریایەم، لەبەرئەوەی نەک هەر جەنگی عەشقم کردووە و سڵم لە هیچ ئازارێک نەکردۆتەوە، بەڵکو هەمیشە ئەو پرۆسە سەختەم وەک سەیران سەیر کردووە، ئەوەش لەبەرئەوەنا عەشق پرۆسەیەکی سانا و بێزەحمەتە، بەڵکو لەبەرئەوەی بە تەواوی هێز و توانامەوە هاتوومەتە ناو جەرولحەبلەکەوە و مردنم لەو پێناوەندا سەد جار لە ژیانی بێ مەعشوق، لەلا پەسەند و خۆشەویستر بووە. ئیتر عەشق ئاوهایە، بە تاڵەموویەک بەربەستی لە نێوان ژیان و مەرگدا دروستکردووە. مردن شتێک نییە کۆتایی بە عەشق بهێنێت، مەرگ زۆرینەی جار عەشق دەپارێزێت و لە خۆی دەگرێ، چوونکە عاشق دەکاتە سونبول و پێغەمبەر بۆ عاشقانی پاشین.

ستیڤان: عەشق گەڕان و عەودالبوونە، گەڕانی شارە و شار، ولاتە و ولات، کیشوەرا و کیشوەر، بە مەبەستی دۆزینەوەی لەتەکەی تری خۆت. ئاخر خوداوەند هەموو مرۆڤێک بە ناتەواویی و نیوەیی دەئافرێنێت، فەلسەفەی ژیانیش بریتییە لە گەڕان بە دوای لەتەکەی تری خۆتدا، بۆئەوەی ببیتە کەسێکی تەواو و ساغلەم. سەرۆکی سیخەکان جارێک وتبووی «مرۆڤ بە ئازادیی لە دایک نابێت، بەڵکو لە دایک دەبێت بۆ ئەوەی ئازادیی خۆی وەدەستبێنێت»، بەلام بیری چووە و لەمەدا بە هەڵەدا چووە، چوونکە مرۆڤ بە ناتەوایی لە دایک دەبێت، دەژی بۆ ئەوەی خۆی تەواو بکات، لە ڕێگەی دۆزینەوەی لەتەکەی تری، کە ئەم گەڕانەش بە عەشق ناوزەد کراوە.

لیزا: هەر کاتێک نیوەکەی تری خۆتت دۆزییەوە، کاری تۆ لەم دونیایەدا تەواو دەبێت، چوونکە ئاسمان گرەوی لەسەر ئەوە کردووە کەس نییە بتوانێت، لەتەکەی تری بدۆزێتەوە. کە تۆ دۆزیتەوە، واتە کۆنکەنەکەت لە ئاسمان بردۆتەوە، بەمەش دەکەویتە بەر قەهر و نەفرەت، ئیتر تۆ کارت لە دونیا تەواو دەبێت، بۆیە پێویستە بمریت، بۆ ئەوەی جارێ سەرکەوتنت بەسەر ئاسماندا رانەگەیەنیت، هەر ئەمەش نهێنی هەموو عەشقێکە کە سەرەنجام و ئاکامەکەی تەنیا مەرگ و لێکدابڕانە.

ستیڤان: لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی زۆری مرۆڤەکان «جگە لە یەک کەس لە سەدەیەکدا» دەمرن، بێ ئەوەی لەتەکەی خۆیان دۆزیبێتەوە. ئای خودایە دەبێ لەتەکەی من لە کوێ بێت؟. ئاخۆ ئێستا خەریکی وازی کردنە یان لە سووچی ژوورێکی بچووکدا بیر لە من دەکاتەوە بێ ئەوەی بتوانێت وێنەی رووخساری من بکێشێت و ببینێت؟. تۆ بڵێی ئەویش بڕیاری دابێت بە دووی مندا بگەڕێت؟. نازانم ئاگادارییەک لە رۆژنامە و تەلەفزیۆنەکاندا بڵاو بکەمەوە بۆ دۆزینەوەی لەتەکەی خۆم، کە من لە ولاتی خوێن و گریان، لە شارێکی دڵشکاودا دەژیم، یان ئەو پێش من ئەو کارە دەکات؟. خواوەندی مەزن هەرکاتێک لەتەکەی خۆم دۆزییەوە و گرەوەکەم بردەوە، سزام مەدە، ئەوە مانای دۆڕانی تۆ نییە، بەڵکو هێمایە بۆ کۆڵنەدان و سەرکێشی و لاساریی من. ئەمە بێمنەتی نییە بەرامبەر بە زاتی پیرۆزت کە رووناکترین رووناکییت و ماڵی دڵە تاریکەکانمان ئاوەدان و رووناک دەکەیتەوە. تەنیا سەرکێشییەکە بۆ تەواوکردنی خودی خۆم.

لیزا: ئێستا بیرم لای ئەوە نییە، لەتەکەی من خوێندەوارە یان دکتۆرای

هەیە، خەیاڵ ناکەم رەنگی قژی چۆنە. لام گرنگ نییە لە رۆژهەڵاتی زەمین یان لە رۆژئاوایەتی. ناتوانم وێنەی باڵا و چاو و ئەبرۆی بکێشم. هزر ناکەمەوە چاوی چ رەنگێکە. بیر لەوە ناکەمەوە ئەسمەر یان گەنم رەنگە، گەدا یان شالیارزادەیە. ئەوەی بۆ من گرنگە ببمەوە بە بەشێک لە ئەو، ئەویش ببێتە بە بەشێک لە من. ئەمەش کۆتایی هەموو رێگەکەیە و ئاوسا دەتوانم بە ئاسودەیی بمرم.

ستیڤان: نازانم خودایە، هێشتا هیچ نازانم، بەڵام من دەستمکردووە بە گەمەیەکی سەخت، تکایە ئاگاداربە من ئێستا خەریکم وەرەقەکانی خۆم بەکاردەهێنم، جۆکەر و کوپی خۆم هەڵدەدەمە ناو حەوزی ئەم کۆنکەنەوە. من گزیی ناکەم و تۆش غافڵ ناکەم. گرنگ ئەوەیە من یاریی دەکەم. ئەگەر کۆنکەنەکەم بردەوە لەتەکەی خۆم و مەرگ پێکەوە لە باوەش دەگرم، جا بۆم گرنگ نییە لەتەکەی من چۆنە و چییە، گرنگ ئەوەیە بەشێکی تری خۆمە و دەمەوێ لە دەستی هەموو قەدەرێکی دەربهێنم. خۆ ئەگەر نەمدۆزییەوە، رەنج بەخەسار و سەرگەردان بەرگەی سزاکانم دەگرم، کە ئاسمان بە مەرگی من و سزای دۆزەخی هەتاهەتایی گرەوەکە دەباتەوە، بەڵام لە بیرتان نەچێت دۆزەخی عاشقان جیایە، چوونکە تام و رەنگی هەرچی شتە لەم گەردوونە لای عاشقان جیایە، وەک ئەوە نییە کەسانی ئاسایی بە چاوێکی ئاسایی بۆی دەڕوانن.

خودایە، ئەگەر گرەوەکەم دۆڕاند، وەک ملیارەها مرۆڤی تری سەرگەردان و خەڵافاو لە لەتەکەی خۆیان، منیش دەمرم، بەڵام رێگەم بدە لەوە دونیا ئەگەر لە شیوی وەیلی دۆزەخیشدایە، بە دووی لەتەکەی تری خۆمدا بگەڕێم تا لەوێ بیدۆزمەوە، ئەمە خولیایەکە بۆ ئەبەد لە کەللەی داوم. بەوەش بەهەشت حاسڵ دەکەم، ئەگەرچی لە ئەسفەل سافلیندا مەلە دەکەم و ئاگراوی داری زەقوم دەنۆشم.

**ـ١٢ـ**

لیزا: رێبواری رێگایەکم کەسی تر پێدا ناڕوات، من بە تەنها خۆم بە رێگایەکدا دەڕۆم و هەموو خەڵکی تر بە رێگایەکی تردا، رێگەکانمان ناچنەوە سەریەک و «رۆما»یەک نییە پێکیان بگەیەنێت. خەڵک لە دوورەوە دەمبینن بە تاقی تەنها ملی رێگایەکی جیاوازم گرتووە و منیش ئەو حەشیمەتە زەرد و سوورەی خەڵک دەبینم لەسەر یەک تاکە رێگا، رەنگبێ ئەوان پێیانوابێت قەرەباڵغی رێگاکەیان نیشانەی گەیشتن بە ئامانج بێت، لێ من بۆ هیچ ئامانجێک ئەم رێگایەم هەڵنەبژاردووە تەنیا

نامەوێ دوای مێگەل بکەوم. بۆی هەیە هەردوو ڕێگاکە بگاتە بنبەست، بەڵام بۆ من هیچ شۆکێک نییە، یان دەشێ ڕێگا ڕاستەکە لە نێوان ئەم دوو ڕێگایەدا بێت کە ئەویش ڕێگا نییە یان بزنەڕێیەکی ترسناکە.

ستیڤان: من بە نامۆیی هاتمە ژیانەوە، دڵنیام پێش ئەوەی تەڵیسمەکانم بشکێنن بە نامۆیش لێی دەردەچم. هیچ کەسێ نەیتوانی بەشێک لە پەناگە تاریکەکانی ناخم بخاتە ژێر ڕۆشنایی و کەشفی بکات. هیچ کەسێک نەیتوانی ئارکۆلۆژیستانە ڕەهەندەکانی جیهانبینی و دیدگای من بۆ وجود، بۆ عەشق، بۆ ژیان، بدۆزێتەوە. کەس نەبوو شان بداتە بەر توێکاریی شیعرەکانم وەک زمانی دڵ و هەستەکانم.! خۆ ئەمن پێموانییە شتێکی سەیر و گەورە بم، بەڵام هەست بە جیاوازبوونی خۆم دەکەم، ئەمن لافی ڕۆشنبیربوون لێنادەم بەڵام پێموایە پێچەوانەی شەپۆلە باوەکان مەلە دەکەم. بۆیەکا پێویستە لێم تێبگەن و بمخوێننەوە، ئەگەرچی تێگەیشتن لە خودی مرۆڤ کارێکی دژوارە، کەچی من ئەو مرۆڤانەم خۆش دەوێ خۆیان لە سەختترین شتەکان دەدەن و زۆرانبازیی ترسناک دەکەن بێ بیرکردنەوە لە ئەنجامەکەی. خوێنێکی سیزیفی لە منا قوڵپ دەدات و هەمیشە بەردە قورسەکەی ژیان بەرەو لوتکە سەر دەخەم و هەمیشەش لێم خلۆر دەبێتەوە، بەڵام کۆڵ نادەم. لەبەرئەوەشی ژیان ناماقووڵ و مایەپووچە شەڕی پێ دەفرۆشم، شەڕی مانەوەی تێدا دەکەم.

لیزا: ئەگەر دەخوازن من زەحمەت بکێشم و خۆمتان بۆ بخوێنمەوە زمانم تەتەڵە دەکات، بەو هۆیەی نازانم بڵێم چی!! لانیکەم لە هونەری خۆناساندن و نەرگسییەتدا کۆڵەوارم. ئەمن نازانم چۆن پێناسەی خۆم بکەم، زۆر سەختە مرۆڤ ئەوەندە ڕووقایم بێت پەسنی خۆی بکات، ئەمە کارێکە دەمانباتەوە بۆ خودسەرسامیی، چوون هەر ئادەمیزادێک خۆی بە چەقی هەموو شتێک دەزانێت، خۆی بە سەنتەری گەردوون و دنیا و مرۆڤایەتی دەزانێت. پرسیار ئەوەیە، کێیە ئاوێنەکە دەداتە دەستمان و دەڵێت ئەوە تۆیت خۆت ببینە؟. ئەی ئەو ئاوێنە بۆچی بۆ من نەبووە و نییە؟. بۆچی کەسێک نەهات لەبەردەم ئاوێنەیەکی روون رامبگرێ تا وێنای خۆم ببینم بەواقعی؟؟ بۆچی هەمیشە لە پەنجەرە تەڵخەکانی سیاسەتەوە حکومم لەسەر دەدەن؟. لە کاتێکدا وەک «شێخی خاڵ» هەمیشە وتوومە بە جوانیی لێم ورد ببنەوە، ئەوەی لەسەر زار و لە ڕوومایە، هەرئەوەش لە دڵ و ناخمدایە.

ستیڤان: مێژووی من مێژووی پەشیمانبوونەوەیە لە دوێنێ، لەبەرئەوەی نامەوێ

ئەمڕۆم لە دوێنێ و سبەینێم لە ئەمڕۆ بچێت. سروشتێکی بزۆز و جیوەییم هەیە، لەسەر هیچ دۆخێک چەق نابەستم، مەیین دژی ڕۆح و بورکانەکانی ناوەوەی منە. کۆلۆمبۆسانە سەرچڵی دۆزینەوەی نوێ دەکەم، دۆزینەوەیەک بێ هیچ تەماحێکی وەک ئەوەی کۆلۆمبۆس، تەماحم ئەوەیە ڕۆحم هێور بکەمەوە، هێوربوونەوەی ڕۆحیشم پێچەوانەی زۆرینەیە، بەو پێیەی زۆرینە جێگیریی و هێمنیی و مانگرتن لە هزرین ڕۆحیان هێور دەکاتەوە، هەرچی ڕۆحی منیشە لە شلۆقی و پەشێویی و بیرکردنەوە و یاخیبووندا هێور دەبێتەوە. ئێشم ئەوەیە لە بری وەڵام، تەنیا پرسیارە حەرامەکان بوروژێنم، لە بری یەقین، دنیا پڕ بکەم لە گوومان، لە بری دڵنیایی ژیان پڕ بکەم لە ڕاڕایی، ئاخر وەڵام و یەقین و دڵنیایی مرۆڤ دەکوژن و ئیستی پێ دەگرن لەسەر دۆخێک، ئەمەش دڵخوازیی پیاوانی سیاسەت و ئاینە، منیش «مینی لۆپ»ئاسا رسی پیاوانی ئاینیی و سیاسیی دەکەمەوە بە خوری.

- کۆتایی-

*ئەم گفتۆگۆ خەیاڵکردە بەشێوەی پچڕ پچڕ و ناتەواو لە سۆشیال میدیا «فەیسبوک» لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە. بەڵام لێرەدا جارێکی تر پێداچوونەوەی بۆ کراوە و ڕێک خراوەتەوە.